م. عەلی
(ماموّستا عەلی پەرلەمان)

دەستەواژەکانی شۆڕشی نوێ

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی میژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

م. عەلی
(مامۆستا عەلی پەرلەمان)



دەستەواژەکانی شۆڕشی نوێ

» دەستەواژەکانی شۆڕشی نوێ
» نووسین: م. عەلی (مامۆستا عەلی پەرلەمان)
» دیزاین: کەمال حامد
» تیراژ: 500 دانە
» ساڵی چاپ: 2026
» چاپ: چاپخانەی کاروٚ
» زنجیرە: (560 - 106)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (2463) ی ساڵی 2026 پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

پێشەکی

باسکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبە دانسقەیەی مامۆستا عەلی (ناسراو بە مامۆستا عەلی پەرلەمان یان گەرمیان)، بە ناونیشانی (دەستەواژەکانی شۆڕش) کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵکو ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە. لەوانەیە هەر خوێنەرێک بەجۆرێک بیخوێنێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات. هۆکاری سەرەکی ئەو نائاسانییە لەپلەی یەکەمدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستایلە تایبەتەی م.عەلی کە کتێبەکەی پێنووسیوەتەوە، چونکە هەرچەندە دەستەواژەکانی لەسەر بناغەی ئەلفوبێ ڕیزبەندی کردووە (کە ٢٤٢دەستەواژەیە)، بەڵام نە بەشێوەی فەرهەنگی ئاسایی زاراوەسازیی نووسراوە، نە بەشێوەی فەرهەنگی سیاسی نووسراوە بەشێوە کلاسیکی و باوەکان، نەبەشێوەی ئەنسکلۆپیدیای ئاسایی نووسراوەتەوە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەموو ئەوانەو زیاتریش .

تایبەتمەندییەکی تری ئەم کتێبە لەوەدایە کە مێژووی شۆڕش بە ستایلە ئەکادیمیەکە ناگێڕیتەوەو میتۆدە ئەکادیمییەکانی تیادا بەکارنەهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە دووتوێی هەر دەستەواژەیەکدا بەشێک لەو مێژووەی شۆڕش هۆشیارانە باسکراوە، و لە ڕاستیدا نووسەر مێژووی (وەک ڕووداو) زۆر جوان خستۆتە خزمەتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو دەستەواژە دیاریکراوانە، بەجۆرێک هەردوو میتۆدی لێکۆڵینەوەی وەسفی و مێژوویی تێکەڵ کردووەو بەرەنجامێکی نایابی خستۆتە بەردەستی خوێنەر، ئەویش لە ڕوانگەو بۆچوونی نووسەر خۆیەوە، کە دەشێ خوێنەر هاوڕای بێت، یان ڕای جیاوازی هەبێت، بێگومان ئەوەش لایەنێکی تری سەرکەوتووی نووسەر و چاکی کتێبەکەیە،

چونکە لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە و دەستەواژەکان ناچنە ژێر حوکمێکی ڕەهاوە و دەشێ لێکدانەوەی جیاواز هەڵگرن و خوێنەر ڕاکێشنە ناو ئەو ئاستانەی مشتومڕی زانستیانە و مێژوویی لەگەڵ بۆچوونەکانی مامۆستا عەلیدا .

بەدیوێکی تردا دەکرێ بڵێین نووسەر لەم فەرهەنگەدا و لەچوارچێوەی لێکدانەوەی هەر زاراوەیەکدا بەشێک لە مێژووی هزریی شۆڕشی نوێ دەگێڕێتەوە (بێگومان لەڕوانگەی هزریی خۆیەوە)، کە هەر بابەت و زاراوەیەکی ئەوە هەڵدەگرێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی مێژوویی-ئەکادیمی بۆ بکرێت. لەبەرئەوە ، ئەم کتێبە ئەچێتە خانەی لێکۆڵینەوە تایبەتەکان بە ئەرشیفی شاخ و مێژووی شۆڕشی نوێوە، هەر ئەوەش پاڵنەری سەرەکیی بەشی ئەرشیف و مێژووی بۆردی هۆشیاری بووە بۆ چاپکردنی، بەهیوای ئەوەی شوێنی شایستەی خۆی بگرێت لە کتێبخانەی کوردیدا .

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا

ئایاری ٢٠٢٦

ئاشتیی

کـه وتـرا ئاشـتیی واتـه پێچەوانـەی شـەڕ، واتـه دڵنیایـی و پێکـەوه ژیـان، برایەتـی و خۆشەویسـتی نێـوان نەتـەوەکان لـەوەوه سـەرچاوه وەردەگری.. ئـەوەی دەزانرێ ڕۆژی ٢١/ ئەیلـول بەپێی بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوه یەکگرتـووەکان کراوەتـه ڕۆژی ئاشـتیی جیهانـی، هەمـوو سـاڵێک لـەو ڕۆژەدا یاددەکرێتـەوه و گرنگیـی تایبەتـی پێدەدرێـت.

ئـەم یـاده لەکاتێکـدا دانـراوه، بۆئـەوەی مرۆڤایەتـی بـه مێـژووی جەنگـەکان و تووندوتیژییـەکان و قوربانییەکانـدا بچێتـەوه و ئیتـر مـرۆڤ چیتر بیر لـه تونـدڕەوی و کوشـتار و وێرانکاری نەکاتـەوه، چونکـه ئەگـەر سـەیری جەنگـه خوێناوییەکانـی سـەدەی رابـردوو بکەیـن ملیۆنـان مـرۆڤ بوونـه قوربانـی، گەورەتریـن سـووکایەتی بـه کەرامەتـی مـرۆڤ کـراوه و مرۆڤـەکان وەک دڕندەیـەک بەربوونەتـه گیانـی یەکتر و یەکتریان کوشـتووه و سـووتاندووه و لەناوبـردووه، بەدرێژایـی مێـژوو مرۆڤـه ئاشـتیخوازەکان و رێکخـراوه مرۆڤدۆسـتەکان، هەوڵیانـداوه مرۆڤایەتـی بگەڕێننـەوه بـۆ کەنـاری ئارامیـی و ئاشـتیی و بەیەکەوەژیـان و قبوڵکردنـی یەکتـر و قووڵترکـردن و گەشـەکردنی دیموکراسـییەت، لەمـڕووەوه بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازانی جیهـان ڕۆڵـی بەرچاویـان بینیـوه و هەوڵەکانیـان خزمەتـی زۆری بـه ئاشـتی جیهـان کـردووه.

هەتـا شـەڕنەبێ کـەس نازانـێ ئاشـتی خەڵکـی کوێیـه، چونکـه ئاشـتی قۆناغـی کۆتاییهاتنـی شـەڕ و هەنـگاوی یەکەمـی پێکهاتنـه، کـه مـرۆڤ دەرکـی بـه مەترسـییەکانی شـەڕ و کوێرەوەرییەکانـی کوشـتن و بڕیـن کـرد کـه بەرۆکـی خـۆی دەگـرن ئەوسـا تێـدەگات چـی تاوانێـک دەکات، ئەوکاتـه پێویسـتی بەوەیـه ئاگـری سـووری مەرگـی لەناوچـوون لـه خـۆی دوورخاتـەوه و پەنـا بـۆ ئاشـتیی و ئاشـتبوونەوه ببـات چـش لـەو زیانـەی لێیکەوتـووه.

مرۆڤ لەخۆڕسکەوە خوویەکی شەڕانیی تیایە کە ئەو خووە زاڵبوو ئیتر کەسێکی ناسروشتیی لێدەردەچێ و لە بازنەیەکی تاریکدا دەخولێتەوە و هەرچی پێبکرێ لەپێناوی مەبەستەکانی خۆیدا دەیکات، کە زۆرجار سەری خۆیشی تیادەچێت.

لە وڵاتە دیموکراتخوازەکاندا مرۆڤەکان ژیرانەتر هەڵسوکەوتدەکەن، کەمتر دەکەونە ناو تەڵەی خۆپەرستی و بگرەوبەردەی ملشکاندن، کەچی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا نەک مرۆڤەکان بەتەنیا بەڵکو حیزبەکانیش لە چوارچێوەیەکی تەسکدا خولدەخۆنەوە و کەس چارەی کەسی ناوێ و هەر لایە تەنیا خۆی لەناو ئاوێنەی بەرژەوەندییەکاندا دەبینێتەوە، هەربۆیەشە هەر حیزبە هەوڵدەدات تەنیا خۆی هەبێ و تەنیا خۆی فەرمانڕەوایەتی بکات و کێیتر هەبێ ئەفەرۆزبکرێت و رێگانادرێ ئەویش لە ئەتمۆسفیری بوونداهەناسەیەک هەڵبمژێ.

کۆمەڵگای عێراق و کوردستان نەهامەتییەکی زۆریان چەشتووە بەدەست ڕژێمە دکتاتۆرییە و ستەمکارەکان و سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانیی و بەشێوازێکی نامرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی دەسەڵات کراوە لە نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان.

کورد لەو نەتەوانەیە هەمیشە ئاشتیی دەخوازێ و دژی هەموو جۆرەکانی تووندڕەویی و ستەمی نەتەوایەتیی و تیرۆریستییە، مێژوو هەمیشە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە لەڕێگەی داواکردنی مافەکانیەوە بەڕێگای ئاشتیخوازانە کاروانی خەباتی بەڕێوەبووە.

شۆڕشەکانی کوردیش شەڕبووە لەپێناوی ئاشتیدا، نەک لەپێناوی کوشتنی بەرانبەردا، کە مافەکانی زەوتکردووە.. ئێمە لەسایەی ئاشتیی و ئازادیدا دەبێ نیشتمان بنیاتبنێن تا نموونەی زیندووی برایەتی نەتەوایەتی و رەگەزی و ئایینی بین، ئاشتیی خواستی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بەرپرسیارێتی سەرشانمانە کە بەهای پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەکان دابمەزرێنین و پتەوبیکەین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بڵاوبیکەینەوە.

هەرچەندە هەموو حیزبەکانی ناو شۆڕش هەریەکە لای خۆیەوە

لەبەرنامەیدا باسی ئاشتیی کردووە، بەڵام ئەوە تەنیا وەکو بانگەشە بووە و بە کردارەکیی پێڕەوینەکراوە، چونکە لەناوەوە هێشتا ئەم چەمکە نەیتوانیوە بچەسپێ و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و ڕاستگۆیی تیابێ، عەقڵییەتی دۆگمایی و خۆپەرستیی و خێڵەکێتیی زاڵتربووە تا ئاشتییەڕوەریی و ئامێز بۆ یەکتریی کردنەوە تا دوور لە شەڕ و شەرمەزاریی بمێننەوە و خۆیان و خەڵکیش بخەنە کەناری ئاسوودەییەوە و هەموو هەڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان یەکبخەن و ئەو ڕێگایەی گرتوویانەتەبەر لەشاخدا لە دڕکوداڵی ناکۆکیی لاوەکیی پاکبکەنەوە.

بەداخەوە چەند ساڵێک لەبری ئەوەی گوێمان لە ئاوازی ئاشتیی بێت خێوی شەڕ و تەقەی شەڕ و کوشتن ژیانی خەڵکیی تەنیبوو تەنانەت ژیانی شەڕکەرەکانیشی تاڵکردبوو، سەرکردایەتی حیزبەکان لە بەرژەوەندییان نەبوو ئاشتیی بچەسپێ و شەڕکەرەکانیش بە ئاگا و بێئاگا دەبوونە قوربانیی بەرنامەیەکی چەپەڵ، کە هەر حیزبە بەشی باشیان لەو شەڕکەرانە هەبوو کە خۆیان دەدایە کوشت.

دوای شەڕێکی درێژخایەن و کوشتارێکی زۆر و تەڕو وشک پێکەوە سووتاندن درەنگانێک بەرەی جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئاشتیی پێکهاتن و شەڕ و تەقەیان ڕاگرت و توانییان لە ناوچەکانی یەکتردا بسووڕێنەوە کە چەندین ساڵ هەر لایەنە و ناوچەیەکی بۆ خۆی قورخکردبوو.

زۆری نەخایاند ئەنفال هەموو حیزبەکانی ڕاپێچی ناو ئێران کرد و هیچ ناوچەیەکیان بەدەستەوە نەما، جگەلە پارتیزانەکان کە لە باریکی زۆر سەختدا درێژەیان بە کاروانی خەبات دەدا بۆئەوەی بە ڕژێمی ئەنفالی بسەلمێنن کورد و پێشمەرگە کۆڵنادەن و دوژمنیش هەتا سەر لەسەر بەرنامە کاولکارییەکان و سیاسەتە چەوتەکانی بەردەوامبێ.

تەنیا دوژمن بە ناکۆکی و ململانێکانی لایەنەکانی شۆڕش خەنیدەبوو، ئەوەی ئێشی پێدەگەیشت تەنیا خەڵکە کوردەکە بوو کە لەناو زەبری دیکتاتۆرییەتی بەعس و شەڕی ناوخۆیی هێزەکانی شۆڕشدا دەتلانەوە.

ئاشتبوونەوە

مەبەست لەئاشتبوونەوە پێکهاتنەوەی لایەنە ناگۆک و دژەکانی ناو شۆڕشە کە سەردەمێکی زۆر لەناو قڕەوبڕەی شەڕ و تەقەی تفەنگ و خوێنڕشتن و یەکتریی کوشتندابوون.

کورد لەناو خۆیدا چ لەکۆندا چ وەکو لایەنی خێڵەکی و لەتازەیشدا وەکو حیزب لەئەنجامی بەرژەوەندیەرستی و سەپاندنی دەسەڵات و دواجاریش تێنەگەیشتن شەڕ و ئاژاوە و کوشتار کراوە، خەڵکێکی زۆر تاوانبار و هەڵگیرسێنەری ئاشووب و بێتاوانی زۆریش بوونەتە قوربانیی ئەو بارودۆخە ناهەموارە.

قسەیەکی گشتیش هەیە دەڵێ: لەشەڕدا کەس براوەنییە، ئەم قسەیە نەک ناوبژیکەر دەیڵێ بەڵکو لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ ئاشتیی لایەنە شەڕکەرەکانیش دانیپێدادەنێن کە زۆرترین زیانیانکردووە.

ئەو هەموو خەڵکە لەنێواندا کوژراوە، ئەو هەموو خوێنە رژاوە، ئەو هەموو مالٌ و خێزانە وێرانبووە، کەچی درەنگێک کەوتنە ئەوەی بیر لە ئاشتی بکەنەوە، ئەویش دوای هەوڵێکی زۆری ناوبژیوان، وەکو ئاشتیی نێوان لایەنەکانی جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەڕێگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە کرا و ئێرانیشی لەپشتبوو.

کورد وتوپەتی کە شەڕتکرد بەشی ئاشتی تیابهێڵەوە، واتە بیرت لای رێککەوتن و پێکهاتن بێت ئەگینا لەشەڕدا هەردوو لا زیانۆمەندن، کەسیان براوەنین با یەکێکیان لەویتریان بەهێزتربێ و زیانی زۆرتری گەیاندبێ.

شەڕ چەندە دڕێژ بخایەنێ دەبێ ژیرانە چارەسەربکرێ کۆتایی بە مالٌوێرانییەکانی بهێنرێ، لایەنە ناکۆکەکان روو بکەنە ڕۆگەی ئاشتشتبوونەوە و دەستلەملانێ و برینە قەتماغەبەستووەکان بنەبڕبکرێ.

بەشێکی ململانێکانی حیزبایەتی بۆ خۆپەرستیی و بەرژەوەندخوازیی و خۆسەپاندن و زاڵبوون دەگەڕێتەوە ڕێگە بەکەسیتر نادرێ هەبێ، مەگەر

بە پاشکۆیەتی و لەژێر سێبەر و هەژموونی ئەویتردا بژی، ئەمەش کێشە و ئاریشەی لێدەکەوێتەوە کە پێ بەرەو شەڕ و خوێنڕشتن رادەکێشێ، گرێکوێرەکان ئالۆزتر دەبێ و ناکرێنەوە، هوشیارییەک پەیدادەبێ لەئاسۆوە تریفەی مانگی ئاشتبوونەوە دەردەکەوێ و رووبەری هەستکردن بە لێپرسراوێتی و بەرژەوەندیی گشتیی فراوانتردەبێ و پەنا بۆ ئاشتی و ئاشتبوونەوە دەبرێ.

لە شۆڕشی نوێدا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە حەوت کەسەوە دەستپێکرد، وردەوردە رووبەری خەبات پانوپۆڕتربوو، دواتر لایەنەکانیتریش پەیدابوون هەر لەسەرەتاوە بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی دانوویان بەیەکەوە نەدەکەوڵا و ناوچەی بوون و کاریان لە یەکتری قورخدەکرد تا کار گەیشتە میلهێنانەوەی تفەنگ و شەڕبەرپاکردن و خوێنێکی زۆر لە گۆڕەپانی ململانێکاندا رژا و خەڵکانێکی زۆر کوژران ئینجا لایەنە ناکۆکەکان ڕوویانکردە ئاشتبوونەوە، هەرچەندە ئەم ئاشتبوونەوەیە درەنگوەخت کرا و بەرەی کوردستانی لێڕسکا و شەڕ و تفەنگتەقاندن لە ڕووی یەکتردا نەما، بەڵام لەناوەوە ناکۆکییەکانی هێشتا بەتەواویی کۆتاییاننەهاتبوو، لەبنەوە بە درێژۆنگی دەیانڕوانییە یەکتریی هەمیشە چاوەڕوانیی ئەوەدەکرا لەهەر ساتێکدا وەرزێکی نوێی تەقینەوە رووبدات و شەڕ گیانی پێشمەرگەکان بدووڕێتەوە، ئەو لایەنانە نەیاندەویست هێزەکانیان تێکەڵبکەنەوە و هێزێکی پێشمەرگەی نیشتمانیی دوور لە حیزبایەتی دروستبکرێ و لەلایەن شارەزایانی بواری سەربازیی بەڕیوەببرێن و ستراتیژێکی نەتەوایەتی دابڕێژرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و ئاسوودەیی بەخشین بە خەڵکی ستەمدیدەی کورد کە هەمیشە لەناو شەڕی داگیرکەراندا ماندووبوون و لەناو دووکەڵی شەڕی براکوژیدا هەناسەساردبوون.

ئالاّی شۆڕش

لـه ئەنجامـی پەرەسـەندنی ململانـێ ناوخۆییەکانـی کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتان کـه زۆر کۆنبـوو، بـۆ سـەردەمی کۆمیتەی هەرێمـەکان دەگەڕایەوە، دوو هێڵ زەقبوونـەوە: هێڵێـک رەوانشـاد نەوشـیروان مسـتەفا و کۆمەڵەکـەی زینـدان بـوون، هێڵەکەیتـر ئەوانـه بـوون دواتـر بەنـاوی ئـاڵای شۆڕشـەوە خۆیـان ناسـاند.. نـاوی ئـاڵای شـۆڕش لـه بڵاوکـراوەی ئـاڵای شـۆڕش، کـه شـەهید ئـارام دەریکردبـوو وەرگیرابـوو، چونکـه ئـەوان خۆیـان بـه پێڕەوانـی شـەهید ئـارام دەزانـی.

ناکۆکییـەکان وایکـرد هێڵـی دووەم وەکـو رێکخراوێکـی سـەربەخۆ کـه سـەرکردەکانی: مـەلا بەختیـار، سـالار عەزیـز، شـێخ عەلـی، مامۆسـتا پشـکۆ، عیمـاد ئەحمـەد.. هتـد، خۆیـان وەکـو گرووپێکـی چەپـی مارکسـی رابگەیەنـن، باوەڕیـان بـه خەباتـی چینایەتـی بـوو، بەرنامەیـان ئەوەبـوو وەکـو رێکخراوێکـی سـەربەخۆ لەنـاو یەکێتیـدا بمێننـەوە، بـەڵام سـکرتێری کۆمەڵـه و هاوڕێکانـی دژی ئەمـه بـوون و هەڵوێسـتیان وەرگـرت.

ئالاّییـەکان رەخنەیـان لـه هاوڕێیانـی زینـدان دەگـرت کـه کوردسـتانیان بـەرەو دەرەوە جێهێشـتووە و رۆیشـتوون.. دوای ئـەوەی هاوڕێیانـی زینـدان ئازادکـران سـەرلەنوێ ناکۆکییـەکان دەمەزەردکرایـەوە هەتـا دەهـات بالّـی سـکرتێر و زیندانییـان بەهێزتـر دەبـوو، تەنانـەت زۆر خالّـی جیـاواز وەکـو تۆمـەت ئاراسـتەی یەکترییـان دەکـرد:

– ئالاّییـەکان دەیانـوت کۆمەڵـه لـه رێڕەوی خـۆی لادراوە و بووەتـه بالّێکـی راسـتڕەو نوێنەرایەتـی بـورژوازی نەتەوەیـی دەکات.

– لایەنەکەیتر ئەوانیان بە بانچەپی توندڕەو تۆمەتباردەکرد..

ئیتـر هەتـا دەهـات قسـەکان بـه ئاقـاری توند و گرژیـدا دەڕۆیشـت، کـه ئەمـەش لەخۆیـدا ئاماژەیـەک بـوو بـۆ دووکەرتبوونـی کۆمەڵـه، لەژێـر نـاوی: کوردسـتانیی و داشـعێراق ئینجـا بـه عێراقچـی ناویاندەرکـرد.

ئاڵای شۆڕش دوور لە سەرکردایەتی لە ناوچەی قەرەداغ بارەگایەکی سەرەکیی لە دێی تەکیە دانا، لە دێی سێوسێنان و دێهاتەکانیتریش کادیر و ئەندامەکانی نیشتەجێبوون، ئەوکاتە قەرەداغ جگە لە تیپی (٥٥) ی قەرەداغ هیچ بارەگایەکیتری تیانەبوو.. لەوێوە بۆ پێوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی شار و هەوادارەکانیان نزیکبوون، هەروەکو هەواداریان لەناو فەرماندەکانی پێشمەرگەدا هەبوو بگرە بەشێکی باشی فەرماندەکان لەبنەوە پێوەندییانکردبوو، کاتێ ڕەوانشاد مام جەلال بە کاریگەرێتیی سکرتێری کۆمەڵە هاتەناو مەسەلەکەوە ئیتر فەرماندەکان لە پشتیوانیکردن پاشەکشەیانکرد و پەشیمانبوونەوە.

سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتیی ئاگاداری جووڵەکانی سەرکردەکانی ئاڵا بوون، کە بەهۆی دەزگایەکی تایپەوە بڵاوکراوەکانیان چاپ و بڵاودەکردەوە بەسەر ئەندام و لایەنگرەکانیانا.. بۆ ڕێگریکردن لە گەشەکردنی ئاڵا و زۆربوونی ژمارەی پێوەندیکردنی پێشمەرگە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ بڕیاردرا هێزێک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک بچنە سەر بارەگاکانی لە دێی تەکیە، لەوێ بەبێ ئەوەی شەڕ ڕووبدات مەلا بەختیار و شێخ عەلی و مامۆستا پشکۆ گیران و بڕێکیتریان توانییان دەربازببن و لەناوچەکاندا خۆیان بشارنەوە، هەرچی کەلوپەلی بارەگاکانیان بوو دەستی بەسەرداگیرا و ئەو سێ گیرکراوەش ڕادەستی ئەو لیژنەیەی لەسەرەوە هاتبوون کران.. ماوەیەکی زۆر لەزیندانداا مانەوە، لە پلنیۆمێکی کۆمەڵەدا قسەی زۆریان لەسەرکرا تا ئەوڕادەیە بەتایبەتی مەلا بەختیار لەسێدارەبدرێ، بەڵام ئەو بەرنامەیە جێبەجێنەکرا و دواتر بە هەندێک مەرج ئازادکران و گەیشتنە لای هاوڕێکانیان کە چووبوونە زێوێ لە ئێران لەنزیکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاژان.

ئاڵای شۆڕش دوای خۆڕاگەیاندن سەردانی کۆمەڵەی ئێران دەکەن ئەوانیش بەڵێنی یارمەتییان پێدابوون لەڕووی چاپەمەنییەوە، ژێر بەژێریش پێوەندییان بە لایەنەکانی جوودەوە بەتایبەتی پارتییەوە کردبوو، پارتیش لەڕادیۆکەیانەوە بەرنامەیەکیان بۆ تەرخانکردبوون.

کاتێ سەرکردەکانیان گیران ئیتر ئەم ڕێکخراوە لە سنووری یەکێتیدا قاچاغبوو، بەڵام لە ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیاندا بە نهێنیی و پارتیزانیی دەسووڕانەوە و لە مااڵی دۆستەکانیاندا دەمانەوە و کاری خۆیان دەکرد، لە سنووری پارتی ئەگەرچی لەهەندێ شوێن بارەگایان هەبوو، بەڵام نەیاندەتوانیی بەئاشکرا کاربکەن.

ئاڵای شۆڕش باش خۆیان ڕێکنەخستبوو تەنیا سۆزێکیان بۆ دروستبووبوو لەڕووی پێوەندییەوە، لەڕووی فیکرییەوە بەریەککەوتن لەسەر زۆر بابەتی چەپ هەبوو، سەرکردایەتییان ناکۆکیان هەبوو، سەرکردەکان لەناو خۆیاندا یەک ئەویتری قبوڵنەبوو، بۆیە نەیانتوانیی پێگەیەکی بەهێز پێکبهێنن بتوانن خۆیان بگرن، دوای ئەوەی هیچ کاریگەرێتییەکیان دروستنەکرد هەندێکیان بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتن، بەڵام ڕێکخستنەکان لە شار و الدێکاندا وەکو خۆیان مانەوە.

ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفال کۆنفرانسێکیان بەست و سەرکردایەتییان هەڵبژارد و دواتر بەشێکیان چوونە ناو حیزبی زەحمەتکێشانەوە و دوای ئەو بەشەی ئاڵای شۆڕش کۆنفراسیان بەست و ناوی خۆیان گۆڕی بە کۆمەڵەی سۆسیالیستی و پاشان لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان یەکیان گرت و دواتر ڕاپەڕین گەڕانەوە ناو یەکێتیی.

لەبارەی گرتنی مەال بەختیارەوە کادیرانی کۆمەڵە بوونە دووبەشەوە، بەشێک گرتنەکەیان بە ناڕاست دەزانی و بەشەکەیتر بە ڕاستیان دەزانی، چونکە ئەوکارەی ئەو الدان لە پرەنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی بوو، تەنانەت هەندێک بە ناپاکییان دادەنا.

لەزیندانیدا گیراوەکان مامەڵەی تونديان لەگەڵا دەکرا، ئازاری دەروونیی دەدران، گە گرتن خۆی ئازاری دەروونیی و ڕووتکردنەوەیە لە ئازادیی، مەال بەختیار هەوڵێکی خۆدەربازکردنی دا، بەڵام لەدواییدا دەستگیرکرایەوە.. دوای سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە بارودۆخی زیندانیان ناخۆشتربوو، کە نەدەبوو بەو شێوەیە مامەڵەبکرێن، چونکە هیچ نەبێ کادیر و سەرکردە و تێکۆشەری دیاربوون بەتایبەتی مەال بەختیار و شێخ عەلی پێشمەرگەی

سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ بوون.

جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش زەبرێکی توندبوو لە کۆمەڵە و یەکێتیی، کە کۆمەڵێک سەرکردە و کادیر و پێشمەرگە رۆیشتن، کەلێنێکیان لە پەیکەری رێکخراوەیی و پێشمەرگەییدا دروستکرد، بووە هۆی تێکچوونی شیرازەی رێکخراوەکانی ناوشار و ڕێکخستنەکانی لادێیەکان و گومانخستنەسەر فەرماندە و پێشمەرگەکان کە جۆرە هاوسۆزییەکیان لەگەڵ کەسانی سەربە ئاڵای شۆڕشدا هەبوو.

هەندێک وایاندەبینی ئاڵای شۆڕش کێشەی فیکریی لەگەڵ کۆمەڵەدا نەبووە، ئەوەندەی پێوەندیی بە باڵباڵێن و ململانێی دەسەلاتەوە هەبوو، مەسەلە فیکرییەکان وەکو پاساو هێنراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هێڵی فیکریی خۆیان دیاریکردبوو، ڕێکخستنی خۆیان و کادیر و سەرکردەیان هەبوو.

گەورەترین هەڵە ئەوەبوو ئاڵا پەلەیانکرد و باڵی بەرانبەریش نەیانتوانی کۆنترۆڵیان بکەن و هۆشیارانە ئیدارەی ململانێکان بدرێ، بەڵکو رێگەی سەربازیی بەکارهێنرا، وەکو هەر لایەنێکیتری ناکۆک لەناو بزووتنەوەی مارکسییەتدا بەوجۆرە چارەسەرکراوە.

ئاشبەتاڵ

وشەکانی: ئاشبەتاڵ، نسکۆ، هەرەس.. لەڕووی واتاوە لەیەکەوە نزیکن لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا وشەی ئاشبەتاڵ واتە: دەست لەکارکێشانەوە، لە فەرهەنگی (رەش)دا ئاشبەتاڵ: «هەر ئاشێک باراشی لە دۆڵەدان ببڕابووایە ئاشەوانەکە ئەوسا پڕ بە دەنگی بانگی باراشهێڕی دەکرد ئاشبەتاڵ.. واتە ئەو باراشەی لە سەری بوو تەواوبوو، خێرا باراشی خۆتان بێنن..».

بەواتایەکیتر لەگەڵ تەواوبوونی کاتی باراشهاڕین ئاشەوانەکە هاواریدەکرد: ئاشبەتاڵ.. واتە کاری باراشهاڕین تەواو، بڵاوە دەکرێ،

ئەوەی فریانەکەوتایە دەبوا بۆ ڕۆژی دواتر بهاتایەتەوە.. ئەمە بۆ هەر گردبوونەوەیەک ئەنجامی نەبێ و بڵاوەی لێبکرێ دەخوازرێتەوە و بۆ کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئەیلولیش وترا: ئاشبەتاڵ.

دوای چوار ساڵ ئاگربەسی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی بەعس لەسەر هەندێ مەسەلەی هەستیاری وەکو: کەرکوک، سنووری ئۆتۆنۆمی، هێزی پێشمەرگە.. هتد، هەردوو لا ڕێککەکەوتن، دیاربوو ئێران لەپشتەوە نەیدەهێشت شۆڕش لەگەڵ ڕژێمدا پێکبێ، کە ئەوە لە بەرژەوەندی ئێران نەبوو، چونکە کورد کارتی گوشار بوو بەدەست ئێرانەوە بەکاریدەهێنا بۆ لاوازکردنی پێگەی عێراق، بۆیە لە مانگی ١٩٧٤/٣ شەڕ هەڵگیرسایەوە، خەڵکێکی زۆر تەنانەت زانکۆی سلێمانی و هەندێ دامودەزگای حکومی پێوەندییان بەشۆڕشەوە کرد، لەبەرانبەردا حکومەتی عێراقی لەهەموو لایەکەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەی دەدا بەتایبەتی لە ناوچەکانی نزیکی سەرکردایەتیی.

ئەو کاتە تۆپخانەی ئێران هاتبوونە بەرەکانی شەڕەکەوە، پاڵپشتییەکی باشبوو بۆ هێزی پێشمەرگە، ڕۆژانە زیانێکی زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق دەکەوت تا ئەو ڕادەیە جبەخانەکانی سوپا بەرەو بەتاڵبوون دەچوو، بەپێی هەندێ سەرچاوە زیانی عێراق لەماوەی پەک ساڵی شەڕدا (٦٠) هەزار کوژراو بوو.

حکومەتی عێراق درکی بەوەکرد خەریکە توانای بەرەنگاربوونەوەی سەربازیی نامێنێ، گەیشتە ئەوەی لەگەڵ ئێران ڕێکبکەوێ تا شۆڕشی کورد بدا بەگەرداودا و دابمرکێتەوە نەک ڕێکبکەوێ لەگەڵیدا، دەیزانی شۆڕش بە یەکجاریی باری لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئێراندا خستووە، ئەگەر دەستی ئێران لە شۆڕش بەربدرێ شۆڕش پەکیدەکەوێ.

لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئۆپیک لە وڵاتی جەزائیر هەلێک ڕەخسا سەدام و شا بە ناوبژیوانیی هەواری بۆمیدیەن سەرۆکی جەزائیر و هاوکاریی میسر و پەشیمانبوونەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل لە هاوکاریکردنی شۆڕش، پێکەوە دابنیشن، لەسەر کۆمەڵێک بابەت ڕێکبکەون کە بۆ ئێران

دەستکەوت بوو، کە دەمێک سااڵ ئێران ئەو یارییەی بۆ ئەو دەستکەوتانە دەکرد، عێراقیش لە لێواری رووخان ڕزگاریدەبوو!

بەمەش ئێران دەستی لە کۆمەک و یارمەتیدانی کورد هەڵگرت و عێراق لە کەوتن دەربازیبوو، توانراش لە خوڵگەی سۆڤیەت دووربخرێتەوە.. شا بە سەرکردایەتی کوردی راگەیاند چیتر هاوکاری شۆڕش ناکات و سێ ڕێگەیان لەبەردەمدایە:

– چوونەناو ئێران. – گەڕانەوە بۆ عێراق. – بەردەوامبوون لە شاخ.

بەمەش سەرکردایەتی کورد کە پێشوەخت قسەیان لەوەها بابەتێک نەکردبوو خراپ شڵەژان، بۆیە نەیانتوانی بڕیارێک لە بەرژەوەندی ئایندە بدەن، ناچار لابەلا پێوەندییەکیان بۆ ڕێککەوتن بەبەعسەوە کرد، داواکەیان ڕەتکرایەوە، هیچ چارەیەک نەبوو ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٩ بڕیاری ئاشبەتاڵ درا.

ئەو ڕۆژە زۆر تاڵبوو، لەچاونووقانێکدا پێشمەرگە و بەرگری میللی نەمان، خەڵک سەرگەردانبوو، هەرچی دامودەزگای شۆڕش بوو هەڵوەشایەوە، کەرەسە و کەلوپەلەکانی بەتاڵانبران، چەکوچۆڵە تەفروتوونابوو، هەروەکو بڵێی شۆڕشیش نەبووە..

جگەلە پیلانی دەرەکی و ڕێککەوتنی سەدام – شا، کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆییش هەبوو بۆ ڕوودانی ئاشبەتاڵ و خۆنەگرتنەوە:

– پشتبەستن بە دەرەوە بەتایبەتی ئێران بەبێ ئەوەی بزانن ئێران چی مەبەستێکی لەم پشتیوانییە هەیە.

– هەڵنەسەنگاندنی ڕۆڵی ئەمریکا و ئیسرائیل کە هەردووکیان هاوکاری ئێران بوون تا لەدواییدا کوردیان لەچۆڵەوانیدا بەجێهێشت.

– زاڵبوونی دەزگای پاراستن بەسەر هەموو جومگەکانی شۆڕشدا.

– گەندەڵیی دامودەزگاکانی شۆڕش.

– تاکڕەوی و دووڕکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی حیزب و پرەنسیپەکانی دیموکراسیی و ئازادیی.

– بایەخدان بە ڕۆڵی ئاغا و دەرەبەگ و سەرمایەدار و فەرامۆشکردنی

خەڵکی قوربانیدەر.
- نەبوونی پلان و بەرنامەی داڕێژراو بۆ هەر ئەگەرێکی کتوپڕیی.
- ئاگانەبوون لە پیلانەکانی پشتی پەردەی دوژمنان.

ئەنجامە خراپەکانی ئاشبەتاڵ:
- زاڵبوونی بەعس لەڕووی سەربازییەوە بەسەر هەموو کوردستاندا.
- سەپاندنی ڕێکخستنی حیزبی بەعس.
- کۆنترۆڵکردنی سنووورەکان و دانانی هێز لە شوێنە گرنگەکاندا.
- ڕاگوێزانی دێهاتە سنوورییەکان.
- سەپاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردن.
- زۆربوونی جاش و سیخوڕ لەهەموو شوێنێک.

لەئەنجامدا هیچ دەستکەوتێک بۆ کورد دەستەبەرنەبوو، کە شۆڕشیش نەما هەموو شتێک گەڕایەوە خاڵی سفر بۆیە ئاشبەتاڵ گورزێکی کوشندەبوو بەر پەیکەری کوردایەتیی کەوت.

* وشەی ئاشبەتاڵ وەکو بەکارهێنانی خەڵکیی ئەو سەردەمە بۆ ڕووداوی کۆتاییهاتنی شۆڕش بەکارهاتووە نەک بۆ مەبەستیتر.

ئازایەتیی

ئازایەتیی ناوبانگێکە دەدرێتەپاڵ پێشمەرگەیەک یان فەرماندەیەک وەکو پێوەرێک بۆ خۆڕاگریی و دڵقایمیی پێشمەرگە یان فەرماندەکان لەکاتی شەڕ و دەستەبەرکردنی سەرکەوتندا کە سنووری ئاساییان تێپەڕاندووە، ئەم پەسندانە هەم لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا بەوکەسانە دەوترا، هەم لەناوخەڵکیشدا دەوترایەوە وەکو گەواهییەک بۆ ڕۆڵی کەسێتیی ئەو کەسە ئازایانە، ئەمەش بەڵگەی توند بەسترانەوەی پێوەندیی خەڵکیی و پێشمەرگەیە بەیەکەوە.

بڵاوبوونەوەی ناوبانگی ئازایەتی سەرمایەیەکی گەورەبوو هەموو جارێک ئەو کەسە ئازایانە دەبوونە جێمتمانەی سەرەوە و بۆ هەر شەڕ و چالاکییەک ئامادەدەکران و بەو هۆیەشەوە زۆرجار ئەو کوڕە ئازایانە لە سەرکەشیی و پڕکێشیدا زیادەڕەوییاندەکرد و شەهیددەبوون و زیانی گەورە بە شۆڕش دەگەیشت و شوێنیان بەئاسانیی پڕنەدەبووەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئازایەتی سیفەتێکی هەمیشەیی نییە تا دواهەناسە بەکەسێکەوە بنووسێ و لێینەبێتەوە، لەوانەیە کەسێک لەچالاکییەکدا تا ئەوپەڕی دلێر و چاونەترسبێ، لەشەڕێکیتردا بترسێ و ئەو ڕۆڵەی نەبێ.

بۆیە لەشۆڕشدا کەسێک بەتەنیا ناتوانێ پاڵەوان و سۆپەرمان بێ، دەکرێ لەشەڕێکدا کەسێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا وەرەی بەرزتربێ یان لەئاستێکی باڵای ئازایەتی و قارەمانیدا دەربکەوێ، بۆیە ئازایەتی پێشمەرگە وەکو ئەفسانە باسدەکرێ کە دوژمن خۆی بە پاڵەوانێتی و خۆڕاگریی پێشمەرگە سەرسامبووە.

بە ڕاستیی پێشمەرگەی کوردستان نموونەی مرۆڤی قارەمان و بەهەڵمەت و دەستوبردبووە لە شەڕی بەرانبەر دوژمندا، وێنەیەکی بەرزی ئازایەتیی و خۆڕاگرییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەربازیی و میلیشیاکانی ڕژێمی ئاگر و ئاسندا نیشانداوە.

ئاخر ئەگەر پێشمەرگە ئازانەبێ چۆن دەتوانێ بە چەکێکی سووکەوە لە ڕووی ئەو هێزە زەبەلاحە پڕچەکەی دوژمندا بوەستێتەوە و بەرگریبکات؟

ئاگری نەورۆز

نەورۆز وەکو بۆنەیەک لای هەندێ نەتەوە و وڵاتانیتریش هەیە، بەلام لای کورد وەکو بۆنەیەکی نەتەوایەتیی ئامادەیی تەواوی لە بیرکردنەوەی مرۆڤی کورددا هەیە، ئەگەرچی مشتومڕی زۆر لەسەر پێوەندیی نەورۆز بەکوردەوە کراوە، بەڵام تازە ئەم جەژنە تایپی کوردانەی جیا لە میللەتانیتر پەیاکردووە و بۆنەیەکی ڕاگوزەر نییە، بەڵکو پەیوەستە بە خەباتی سیاسیی و ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و ژێردەستەیی.

چونکە ئەم مانگە سەرەتای وەرزگۆڕین و بەهارە، هەرکە سەردەردێنێ خوێنی نوێ دەجۆشێ، هەستی نەتەوەیی دەخرۆشێ، گیانی نوێبوونەوە بۆ ئازادیی دەکوڵێ، خەڵکی دەکەونە شادی و دڵئاسوودەیی.

بەهاری ساڵی ١٩٨٤ چەندە سەوزبوو ئەوەندەش لەڕووی سیاسییەوە دووریی وەرگرتبوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا کەوتبووە گفتوگۆوە، هەرچەندە گوماندەکرا بەعس و سەدام نیازپاکبن، بەڵام گفتوگۆ کارێکی گرنگە بۆ ئاگادارببوون لە گۆڕانکاریی لە هەڵویست و لەهەمانکاتدا پشوودانێکی هێزەکانیش بوو، کە هەردوویان پێویستیان پێیبوو!

مام جەلال ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ بینینی خەڵکیی، بۆ وتاردان لەبارەی سیاسەتی یەکێتیی، بۆ تێگەیاندنی قورسایی یەکێتیی لەڕووی پشتیوانیی خەڵکییەوە لەلای ڕژێم، ئەوە دەزانرا قەرەبالّغییەکی گەورە دروستدەبێ و خەڵکیی ئامادەبن.

بۆ ئەو مەبەستە ڕێوشوێنی بەڕێوەچوونی ئەو وتاردانە دانرا و لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە لە شوێن و کاتەکە ئاگادارکرانەوە،

لەهەموو شارەکانی کوردستانەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕوویانکردە تەختایی خواری سورداش، پێشوەختە چادریان هەڵدا، خۆشیی بەهار و خۆشیی خەڵکەکە بۆ گوێگرتن و بینینی مام جەلال و وتارەکەی وەکو تابلۆیەکی ڕەنگین نەخشێنرا.. ئەو ئاپۆرایەی خەڵکیی نیشانەیەکی گەورەبوو، ڕژێمی بەعس ناوەڕۆکەکەی بە مەترسیدار خوێندەوە!

وتەکانی مام جەلال سیاسییانە، نیشتمانیانە بوو، پەرۆشیی یەکدەنگیی و یەکڕیزیی لێدەچۆڕا، بانگەوازێک بوو بۆ عێراقێکی نوێی دیموکراسیی، کە پرسی کوردی تیاچارەسەربکرێ، چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بە ئاشتییانە، کەچی بەپێچەوانەوە لایەنەکانیتری شۆڕش دژایەتیی خۆیان بۆ ئەو هەڵوێستە دەربڕی، نەیانویست بە ڕژێمی بەعس بڵێن کورد بۆ ئازادیی و مافی چارەی خۆنووسین یەک هێزە، لایەنەکان نوێنەرایەتیی یەکگرتوویی و بەگژاچوونەوە دەکەن!.

کە ئەوە ئەجیندای ئەوان بووبێ ئیتر دوژمنیش خوێندنەوەیتر بۆ شۆڕش و هێزەکانی کورد دەکات، گەرچی ئەوان خۆیان بەکوشتدەدەن، ئازادییان تەنیا بۆ تاقمەکانی خۆیان دەوێ، شۆڕش بۆ دەسەڵاتداریيە نەک ئایینده‌ی گەلێک!

گەرچی نەورۆزی ئەو ساڵە تامێکی خۆشی هەبوو، ئاگرەکەی چراخانی ئومێدی دایساندبوو، بەڵام لە ژێڵەمڕی بنەوەدا بۆنی هەڕەشە و ترس دەهات، ڕژێمی بەعس بە دەستوەردانی دەوروبەر لە ناوەڕۆکی گفتوگۆ پەشیمانبووەوە و تەمی شەڕ پەردەیەکی بەسەر دڵی بارودۆخەکەدا هێنا، هێزی پێشمەرگە کشانەوە و لە شارەکان دوورکەوتنەوە.

سەوزیی ئەو بەهارە زەردەخەنەڵگەڕا، ئاگری ئەو نەورۆزە سیاسییەش خامۆشبوو، نیازە بۆگەنەکانی بەعس دەرکەوت کە دەستیدەستیی بە شۆڕش دەکات، دەیویست کات بقۆزێتەوە، بەرنامەی دوای گفتوگۆ تێبگات کە هەڵچوون و داچوونی تیابوو!

ئەمن

دەزگایەکی تیرۆریستیی ترسناکبوو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ چاودێریی جموجوولّ و هەڵسوکەوتی خەڵکی و زانیاریی کۆکردنەوە لەسەریان بەتایبەتی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی حکومەت..

ئەم دەزگایە بە زۆریی پەیوەستبووە بە وەزارەتی ناوخۆوە، بەو واتایە ئەم دەزگایە بۆ پارێزگاریی لە ئاسایشی ژیانی خەڵکیی ناوخۆی ولّات و بەرگریکردن لێیان لەهەر باریّکی نائاسایی دانراوە، لەڕاستیدا دیوەکەیتری ئەم دەزگایە پێچەوانەی دیوی یەکەمە، کە چاودێریی جموجوولّی هەر کەسێک کە گومانی ئەوەی لێبکرێ هەڵوێستێک یان بیرکردنەوەیەک یان هەڵسوکەوتێکی جیای لەگەڵ دەسەلّاتدا هەبێ ئیتر گیراوە و دوزەخی بۆ داخراوە و گورگی مەرگی پیشاندراوە!

ڕژێمی بەعس کۆمەڵێک دەزگای ئەمنیی دروستکردبوو وەکو: ئەمن، ئیستیخبارات، موخابەرات.. هتد، یەکێک لەو دەزگایانەی بە بڕبڕەی پشتی ڕژێم دادەنرا ئەمن بوو..

ئەم دەزگایە ناوەکەی خەڵکی دەتۆقاند، بە حیساب پەیوەستە بە کاروباری خەڵکی مەدەنییەوە، کەچی تەنیا خەڵکی مەدەنی قەڵخدەکرد، لەبری ئەوەی ئەو دەزگایە بۆ پاراستن و ئاسایش ژیانی خەڵکیی دابنرایە، بەپێچەوانەوە ببووە شوێنی کوشتن و لەناوبردنی ئەوانەی بەپێچەوانەی بەعس بیریاندەکردەوە.. بەعس ئەمنی تەنیا بۆ پارێزگاریی لە خۆی و سەدام و دارودەستەکەی دروستکردبوو.

لەدوای وەستاندنی شەڕی ئێران – عێراق دەزگای ئەمن بە دەسەلّاتی سەدامی سەرۆکی ڕژێمی بەعسەوە بەستراوەتەوە.

کاری سەرەکی دەزگای ئەمن چاودێریی خەڵکی و دامودەزگاکان و لێپێچینەوە و ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشتن و حوکمدانی گیراوان ئەوانەی

تۆزقاڵێ گومانیان بکردایە بۆنی ناڕەزایی یان پێوەندیی بەلایەنێکەوە هەبووە.

بۆ بتەوکردنی ئەم دەزگایە خەڵکێکی زۆری تێترنجابوو لە ئاست و پلەوپایەی جیاوازدا تا بتوانن لەهەموو شوێنێکدا چاویان بۆ چاودێریکردنی هەر جوواڵەیەکی گوماناویی هەبێ.

دەزگای ئەمن بە زۆریی سوودی لە شارەزایی و ئەزموونەکانی دەزگا جاسووسییەکانی دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیستیی بەتایبەت سۆڤیەت دەبینی، خەڵکیان لەهەموو ئاستەکاندا بۆ خولی شارەزایی و فێربوونی زانیاریی لەبارەی گرتن و دۆزینەوەی نەیاران و بەکارهێنانی ئەشکەنجە و پەیجۆری خەڵکیی.

ئەمن هەمیشە راوی خەڵکانی دژی بەعسیان دەکرد بەتایبەتی شیوعیەکان، سوننە بەرهەڵستکارەکان، شیعەکان، لەکوردستانیشدا بەدوای سێبەری هەر کەسێکەوە بوون کە بەجۆرێک لەجۆرەکان دژی دەسەڵاتی بەعس بووبن.

ڕژێم ڕێگەی بەم دەزگایە دابوو بە ئارەزووی خۆیان لێپێچینەوە بکەن، خەڵک بترسێنن، بیانگرن و فەلاقەیان بکەن و ماوەی زۆر لە زیندان بمێننەوە جاری وابووە گیراوەکە هیچ تاوانێکی دیاریکراوی نەبووە.

بڕیاری سەیروسەمەرە دەرکرابوو کێ قسەیەکی لە دەم دەربچوایە بەرانبەر سەدام و حیزبی بەعس هەڕەشەی کوشتن و سێدارەدانی لەسەربوو، ژیانی هاوواڵتیی مسۆگەرنەبوو، نەیدەوێرا لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە.

بە هەزاران کەس بە دەستی ئەم دەزگایە و جەللادەکانی تیاچوون، سامانیان چەپاوکرا، ناموسیان ئەتکدەکرا،

یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕژێمی سەدام دروستکردنی دەزگای ئەمنی لەناو دەزگا ئەمنییەکاندا بۆ ئەمەش هێزێکی زۆری لە خەڵکی سیخوڕ و وەکیل و هەواڵدەر کە بەشێکیشیان خۆبەخشانە کاریاندەکرد دروستکرد، زۆرجار ئەوانە ڕاپۆرتەکانیان بە زانیاریی سەرپێی و بڕێجاریش

ناڕاست پڕەکردەوە تا وەکو چالاکیی بۆیان بنووسرێ، کە ژیانی سەدان کەس دەکەوتە مەترسییەوە و لە سزای ئەمن دەربازنەدەبوون.

لەهەموو شارێک ئەم دەزگایە هەبوو، لە پارێزگاکان بەڕێوەبەرێتی هەبوو، لە قەزا و ناحیەکانیش شوعبە و فیرقە هەبوو، پارەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆ بەڕێوەبردنی تەنیا بۆئەوەی کەس نەتوانی بجوولێ یان بیر لە پیلان بکاتەوە، زۆرجار کودەتا دژی سەدام دەکرا و لە ناوقەدی کارەکەدا دەستە چێنراوەکانی سەدام شتەکانیان ئاشکرادەکرد.. ئەمە سروشتی ڕژێمی دیکتاتۆریی ترسنۆکییە، لەهەموو شتێک گوماندەکرێ، خەوی ئاسوودەیی ناچێتە چاوی، بۆیە پشت بە هێزی زۆر و دەزگای ئەمنیی تۆقێنەر دەبەستێ.

سەدام بڕوای بە دەوروبەرەکەی نەبوو، زۆر لە پیلانی پشتی پەردە دەترسا، هەر کەسێکی لە بەرپرسیارێتییەک دانابێ لە ڕێگەی دەزگا ئەمنییە تایبەتەکانەوە چاودێریکراوە.

دەزگای ئەمنی بەتایبەتی لەلایەن بنەماڵەی سەدامەوە سەرپەرشتیدەکرا، ئەوانیش تۆڕێکی فراوانیان لە کەسانی تایبەتی و وەکیل و سیخوڕیان لەناو خەڵک و دامودەزگاکاندا دروستکردبوو.. ئەو دەزگایە تەنیا پارێزگاریی لە سەدام نەدەکرد دەستی لەهەموو شتێکی جومگەکانی حکومەت وەردەدا لە دانان و لادان تەنانەت لە چاودێریی خێزانی فەرماندە سەربازییەکان و بەرپرسەکانیش.

کاتێ کە ڕژێمی سەدام کەوتە ناو کەوانەی لەناوچوونەوە ئەو دەزگا زەبەلاحە ئەمنییانە کون نەبوو خۆیانی تیابگرن وەکو بەفری بەهار تووانەوە، نەیانتوانی سەدام لەشوێنێکدا بشارنەوە دەست هێزەکانی هاوپەیمانان نەکەوێ.

قیژەقیژ و نەڕەنەڕەکانی سەدام کاتی شێنەیی هی ترسبوو لە ئایندە، کە ئەمە سروشتی دیکتاتۆرەکانە لەهەموو شتێک دەترسن، ئەو قسانەی لەبارەی خۆشەویستیی خەڵکەوە بڵاویدەکردەوە لەڕاستییەوە دووربوون، هەمووی لەئەنجامی گرێی کێماسی دەروونیی دەریدەبڕی، کە دیکتاتۆر

لـه خەڵـک بترسـێ بـەو جـۆرە پینەوپەڕۆیانـە دەیـەوێ چارەسـەری کێشـە دەروونییەکانـی خـۆی بـکات، سـەدام وایدەزانـی ئـەو هەمـوو خەڵکـە لـە بۆنەکانـی ئـەودا دەردەچـن لەبـەر خۆشەویسـتیی ئـەوە، نەیدەزانـی ئـەو هەمـوو خەڵکـە بـە زۆری شـەق لەسـەر شـەقامەکان کۆکراونەتـەوە!

سـەدام خـۆی خۆشدەویسـت، کەسـێکی گومانـاوی بـوو لـە سـێبەرەکەی خۆیشـی دەترسـا، بۆیـە دەسـتی لـە کـەس نەدەپاراسـت تەنانـەت لـە نزیکتریـن کەسـی خـۆی، بـڕوای بـە کـەس نەبـوو، چواردەورەکـەی پڕکردبـوو لـە هێـز، سـیخوڕی بەسـەر هەمووپانـەوە دانابـوو بـۆ گەیاندنـی زانیاریـی.

سـەدام هەرکـە بـوو بـە سـەرۆک گۆڕانکاریـی لـە دەزگا ئەمنییەکانـدا کـرد یەکسـەر دەزگای ئەمنـی تایبەتیـی دروسـتکرد، دواتـر دەزگای ئەمنـی سـەربازیی پێکهێنـا تەنانـەت هێـزی حیمایـەی بـۆ خـۆی دانـا راسـتەوخۆ پێوەندیـی بـە خـودی خۆیـەوە هەبـوو.

ئـەوەی سـەیربوو ئـەو هەمـوو هێـز و دەزگا و خەڵکـە سـیخوڕەی لـە چـواردەوری خـۆی دانابـوو لـە ڕۆژی ڕووخانـدا کـەس فریـای نەکـەوت، سـەدام بەتەنیـا وەکـو مشـک لەچاڵێکـدا دەرهێنـرا.

ئەمنی عاممە

ئەمنـی عاممـە دەزگایەکـی سـیخوڕیی عێـراق بـوو سـەر بـە وەزارەتـی ناوخـۆ بـوو وەکـو دەوتـرێ سـاڵی ١٩٢١ لەگـەڵ دامەزراندنـی حکومەتـی عێراقـدا دروسـتکرا.. بـە هـەزاران کـەس لەنـاو ئـەم دەزگایـەدا بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی عێـراق کاریاندەکـرد.

لـە سـەردەمی بەعسدا ئـەم دەزگایـە بـوو بـە سـەرچاوەی تیـرۆر و تۆقاندن و تێکدانی ئاسایشـی ژیانـی خەڵکیـی و ڕاوەدوونانـی ئـەو خەڵـک و لایەنانـەی لەگـەڵ ڕژێمـی بەعـس نەبـوون.. بەعـس بـۆ لەناوبردنـی ئەوانـە هـەزاران کەسـی کوشـت و هەزارانـی زیندانیکـرد، لەزیندانـدا زۆر بـە سـەختیی تـاڵاوی مـەرگ بەکونەلووتیانـدا دەکـرا.

ئەم دەزگایە دەیان بەرپرسی یەکەمی گۆڕیوە هەندێکیان بە دەستی هەمان دەزگا لەناوبراون و کوژراون، چونکە بەعس چاودێرییەکی تۆندی هەموو دامودەزگاکانی لە رێگەی پیاوە تایبەتەکانیەوە دەکرد، هەر گومانێکی بکردایە یەکسەر ئەو کەسە دەگیرا و قەڵخدەکرا، ئەوەی تروسکاییەکی بەدیبکردایە زیندانی هەتاهەتایی بوو..

ئەمنی عاممە دەزگایەکی ترسناکبوو چەندین بەشی جیاجیای تیابوو تەنانەت بەشی تایبەتی بە کوردی تیابوو کە سەر بە شوعبەی سێ بوو، هەروەکو چاودێریی جموجوولّی هەموو حیزب و لایەنە نەیارەکانی وەکو سوننە و شیعەی تیابوو.

سەدام بایەخی گەورەی بە ئەمن دەدا تا لەپشتەوە بیپارێزن و هیچ لایەنێکیتری دەوڵەت بەتایبەتی سوپا پێینەوێرن، بۆیە ئەم دەزگایە لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی سەدام خۆیدا بوو، ژووری تاکەکەسی زۆری تیابوو بۆ ئەو کەسانەی زۆر مەترسیداربوون و بەعس حیسابی بۆ دەکردن.

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا زیندانیی جۆرەها ئازار دەدرا وەکو: دارکاریی، فەلاقە، ئەشکەنجە تا دان بەکارەکەیدا بنێ، وەکو زیندانییە ئازادکراوەکان باسیدەکەن لێدانەکان ئەوەندە سەختبوو هاوار و زیڕەیان دیواری زیندانەکانی دەلەرانەوە.

نەک هەر کورد یان عەرەبی سوننە و شیعە، بەڵکو خودی بەعسییە گەورەکانی ناکۆک لەگەڵ دەسەڵاتی سەدامدا دەئاخنرانە ئەوێ و بێبەزەییانە تێیانبەردەبوون بەبێ ئەوەی گوێبدەنە ئەوە ئەوانە لەحیزبدا هاوڕێی خۆیان بوون.

بەعس ئەم دەزگایەی بە کەسانی شارەزا و زانیاریی لە بواری ئاسایش متوربەکردبوو لە رێگەی ناردنی ئەفسەرە باوەڕپێکراوەکانیەوە بۆ دەوڵەتانی دەرەوە بەتایبەتی دەوڵەتانی بەناو سۆسیالیستی تا سوود لە ئەزموونەکانی ئەوێ وەربگرن بۆ کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی دەسەڵات و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازیی، بۆ راییکردنی کاروبارەکانی ئەم

دەزگایە پەیمانگای ئاسایشیی نەتەوەیی دامەزرێنرا، کە ڕۆڵی خۆی هەبوو لە ئاراستەکردنی دەزگای ئەمنی عاممە.

دەزگای ئەمنی عاممە بە چەند قۆناغێدا تێپەڕیوە، لە سەردەمی سەدامدا بووە دەزگای بەرەنگاربوونەوەی چالاکیی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕاوەدوونان و گرتنیان بە تۆمەتی ناڕەوا بۆ پاکسازییان، بۆیە هیچ کەسێک نەیدەتوانی هەناسەبدات، سەدام عێراقی کردبووە زیندانێک دەیویست هەموو خەڵکیی بکاتە کونەوە و خۆی لەبەردەرگاکەیدا بوەستێ!

ئەمنە سوورەکە

ئەمنە سوورەکە باڵەخانەیەکە لە گەڕەکی عەقاری، بۆیە ناونراوە ئەمنە سوورەکە ڕەنگی باڵەخانەکە سوورە وەکو بڵێی هەر لەسەرەتاوە بڕیاردراوە بکرێتە شوێنی خوێنڕشتن.. وەکو دەوترێ دیزاینەکەی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە کراوە، ماوەیەک کۆلیژی کشتوکاڵی تیابووە، دواتر ساڵی ١٩٨٩ کراوەتە شوێنی دەزگایەکی ئەمنی و زیندانێکی بەدناو و ترسناک لە ناوەڕاستی شاری سلێمانی و گەڕەکێکی شارستانیی وەکو عەقاری.

هەرچی خەڵکی دژی ڕژێمی بەعس و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخستنە جیاجیاکان و پێشمەرگەی دیل و کەسوکاریان هەیە لەوێ بەندەکران، کە بە سەدان تێکۆشەر و بێتاوانی تیا ئازاردراوە و شەهیدکراوە، ژووری تاکەکەسییەکان و هۆڵەکان گەواهی تاوانگەلێکی بێژمارن دەرهەق بە مرۆڤی کورد کراون تەنیا داوای ژیان و مافی چارەنووسیان بۆ میللەتەکەیان کردووە.

بەعس وەکو حیزبێکی ناسیۆنالیستیی شۆفێنیی تەنیا باوەڕی بە عوروبە هەبوو هیچ نەتەوە و لایەنێکیتر بۆی نەبوو بوونی سەربەخۆیی هەبێ لە سایەی بەعسدا نەبێ، هەرکەسێ لاتراسکەی ببەستایە ژیانی نەدەبینی، بۆیە عێراق پڕکرابوو لە باڵەخانە و ژێرزەمینی ئەشکەنجە و

زیندان و لەسێدارەدان و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕ.

ئەمنە سوورەکە حیکایەتی سەردەمێکی تاریک و نالەبار لە مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە، کە عێراق لە ڕێگەی ڕژێمی بەعسەوە ژیانی کردبووە زیندان و لەزیندانیشدا لێدان و ئەشکەنجەی سەردەمییانە هەبوو کە لە قوتابخانەی نازییەکانەوە وەریانگرتبوو.

ئەم زیندانە تەنیا پیاوی تیابەندنەدەکرا ژنان و منالانیشی گرتبووەوە، ژوورەکانی تایبەتکرابوون بە لێدان و زەبروزەنگ تا بەندکراوەکە دان بە کارەکەیدا بنێ کە دەخرایە ئەستۆی.. ژوور و هۆڵی جۆراوجۆری تیابوو بۆ ئەشکەنجەی دەروونیی، هەڵواسین، فەلاقەکردن و جۆرەها ئازاردانیتر، زۆرجار دوای لێکۆڵینەوە بەندکراوەکان بۆ زیندانەکانیتری عێراق ڕەوانەدەکران.

ئێستا ئەو شوێنە کە ڕۆژگارێک دەزگایەکی تاوانی بەعس بوو کراوەتە مۆزەخانەیەکی گرنگ و بەناوبانگ چەندین بەشی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە مێژووی تاوانە ڕەشەکانی بەعس و سەردەمانێکی تاریک لە ژیانی خەڵکی کوردستان باسدەکات، مرۆڤ مووچڕکی پیادێت کە کورد چۆن بەرگەی ئەو هەموو ستەمەی بەعسی گرتووە!

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق

ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری عێراق هەموو ڕێگایەکی لەبەردەم هەر جووڵەیەکی شیعەکاندا گرتبوو، نەیدەهێشت چالاکی سیاسیی تەنانەت ئایینیش بکەن، گرتن و لەسێدارەدانی محەممەد باقر حەکیم، کە لەلای شیعەکان وەکو بیرمەند و مەرجەعێکی ئایینیی گەورە ناودەبرا، لەوێوە ئیتر بووە مایەی کارکردن و دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعس، بەهۆیەوە کەسانێکی زۆریان عێراقیان بەجێدەهێشت و دەچوونە ئێرانەوە.

لە تاران ڕۆژی ١٩٨٢/١١/١٧ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق وەکو قەوارەیەکی سیاسیی ئیسلامیی عێراقی لە کۆمەڵێک هێز و لایەنی ئۆپۆزیسیۆن و دژەکانی ڕژێمی بەعس و سەدام، خۆی ڕاگەیاند، وەکو: حیزبی دەعوە، کاری ئیسلامیی، لەشکری ئیسلامی کورد، حیزبوڵڵای کورد، کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی کورد.. هتد.

بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی چەکداریی بەناوی فەیلەقی بەدر لەو خەڵکە دیل و ئاوارانەی شیعە کە لە ئێران بوون وەکو بەشێک لە سوپای پاسداران دروستکرد و لە بەرەکانی شەڕی ئێران – عێراق لەپاڵ هێزەکانی سوپای پاسدارانداا دژی هێزەکانی سوپای عێراق دەجەنگا.

ئامانجی ئەم ئەنجومەنە کارکردن بوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدامی و دروستکردنی عێراقێکی ئیسلامیی شیعی لە وێنەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.. دەوڵەتی ئێرانیش پشتیوانیدەکردن و لەڕووی مادیی و چەکداریییەوە هاوکاریدەکردن.

دوای ئاشتبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ئێران نوێنەرایەتییەکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق هاتنە سەرکردایەتی یەکێتیی و پێوەندیی دووقۆڵییان بەست و هێزێکیشیان هاتە خوارەوە بۆ گەرمیان لەلایەن مەڵبەندی یەکەوە ڕێگەیان پێدرا لە دەربەند دەرەوار بارەگا دابنێن و کاروباری خۆیان ئەنجامبدەن.

لەکاتی ئەنفالەکاندا مەفرەزەیەکیان لە قۆڵی شاخی زەردەی گەرمیان بوون، لە گرتن و ڕزگارکردنی هەڵەبجەدا هێزێکیان بەشداربوو، هەر هێزی بەدر لە هێرشەکەی موجاهیدین بۆ ناوچەی کرماشان لە ملەی چوار زەوەر ڕێگەیان لێیانگرت و هێزەکە تەفروتووناکران، هەروەها لە کاتی دوای ئەنفال و سەردەمی پارتیزانیدا بە بڕیاری مام جەلال پێنج کەس لە بەدر لە ڕێگەی بەمۆوە نێردرانە لای پارتیزانەکانی گەرمیان تا بەرەو خواروی عێراق بڕۆن بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری تایبەتی خۆیان و دواتر گەڕانەوەیان بەرەو ئێران، کە بەبێ کێشە ڕەوانەکرانەوە و گەیشتنەوە لای هێزەکەیان.

ئەنجومەنی دێ

لە شۆڕشی ئەیلولدا ئەنجومەن نەبوو تەنیا مەسئولی دێ هەبوو بۆ دابەشکردنی پێشمەرگە لە ماڵەکانی دێدا و جێبەجێکردنی هەندێ کاروباری شۆڕش، لەکۆنیشەوە حکومەتی عێراقی بۆ دێیەک یان چەند دێیەک کەسێکی بەناوی موختارەوە دادەنا کە لە ڕێگەی ئەوەوە کاروباری خەڵکی دێ جێبەجێدەکرا، لە شۆڕشی نوێشدا کەسێک دیاریدەکرا بۆ دابەشکردنی پێشمەرگە لەماڵەکاندا، دواتر لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨١ بەسترا بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی دێهاتەکان درا بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵکی دێیەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لای دامودەزگاکانی شۆڕش.

ئەم بڕیارە لە ساڵی ١٩٨٢ جێبەجێکرا.. لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا لەدێهاتەکانا لەلایەن کادیرەکانی ڕێکخستنەوە کۆبوونەوەی جەماوەریی دەکرا و مەبەست لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکە ڕوونداکرایەوە و دواتر لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەدا دەنگ بەو کەسانە دەدرا کە خۆیان کاندیدکردبوو.

ئەمە داهێنانێکی شۆڕشی نوێ بوو بۆئەوەی خەڵکیی لە ڕێگەی

هەڵبژاردنەوە نوێنەرەکانی خۆیان بە شێوەیەکی دیموکراسییانە دەستنیشانبکەن و دەسەڵاتی فەرماندە و بەرپرس و کادیرەکانی شۆڕش لەئیجرائاتکردندا کەمبکرێتەوە، لەهەمانکاتدا بڕیارەکانی ئەنجومەنیش وەکو خۆی جێبەجێبکرێ.

لەڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دێ کارێکی ئازایانە بوو، دەرگایەکیش بوو بۆئەوەی خەڵکیی دێهاتەکان بتوانن ئەو مافەیان بە باشیی پێڕەوبکەن.

لەگەرمیاندا لەو دێهاتانەی کە قەرەباڵغ و دانیشتووانی زۆرتربوو ئەنجومەن هەڵدەبژێردرا و ئیتر ئەوان دەبوونە خاوەنی بڕیاری چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و قسە و بڕیارەکانیان وەکو خۆی پەسەندەدەکرا و ئەنجامەکانیش بە شۆڕش رادەگەیەنرا، مەگەر هەڵەیەک بکرایە کە بواری ئەوەی تیابوو جارێکیتر بەبڕیارەکەدا بچنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ ناوچەدا لەلایەن بەرپرسانەوە دەستتێوەردان دەکرا، بەڵام ئەمە لە بایەخی دامەزراندنی ئەنجومەنی کەمنەدەکردەوە.

ئەنفال

* ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە بە واتای دەستکەوتی شەڕ، ناوی سورەتێکی قورئانە، ئایەتی ژمارە (١)ی سورەتی (٨ المائدة) دەڵێ (ویسئلونک عن الانفال قل الانفال لله والرسول..)، لەم ئایەتەدا سەر و مااڵی کافرەکان وەکو دەستکەوت حەاڵاڵە.

* ڕژێمی بەعس ناوەڕۆکی ئەم ئایەتەی لەسەر کورد جێبەجێکرد، لە ساڵی (١٩٨٨) بە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی هەشت قۆناغیی پەلاماری کوردی دا بە دوو مەبەست:

١. لێدانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بە هەموو جۆرە چەکێک بەتایبەتیی چەکی کیمیاویی قەدەغەکراو.

٢. ڕووخان و سووتاندنی دێهاتەکانی کوردستان و بێسەروشوێنکردنی خەڵکە دانیشتووانەکەی.

بەم ئایەتە رەواییدرا بە کوشتار و بە تالانبردنی مالْ و سامانی ئەو خەلْکەی هیچ تاوانێکیان نەبوو جگەلە کوردبوون.

* سەرکردایەتیی شۆڕش هەواڵی ئەم ئۆپەراسیۆنەیان پێگەیشتبوو، وایانزانیبوو هەر ئۆپەراسیۆنێکی ئاساییە هێزەکەی دوژمن دوای چەند ڕۆژێک دەکشێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسایی نەبوو، پلانێکی پێشوەختە بوو هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

* هێزی پێشمەرگە لە هەر قۆناغێکدا بەوپەڕی قارەمانەتییەوە بەرگرییاندەکرد و تواناییان زیانێکی زۆر لە هێزە جۆراوجۆرەکانی دوژمن بدەن، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک شەهیدی قارەمانیش بدەن.

* بەگشتیی ڕۆڵی جاشە چەکدارەکان خراپبوو، لەبری ئەوەی ئەو هەموو جاش و موستەشارە هەڵوێستێک وەربگرن و دوژمن ناچاربکەن لەو پلان و بڕیارەی پەشیمانبێتەوە، کەچی ئەو جاشانە زۆر ناشیرین پەلاماریاندەدا و ماڵەکانیان ئاگردەدا و کەرەستە و کەلوپەلی خەڵکەکەیان چەپاوەدەکرد.

* ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالەکان:

- دوای گوشارێکی زۆری سەربازیی لە هەموو ناوچەکان هێزەکانی پێشمەرگە بەشێکیان بەرەو سنووورەکان کشانەوە و بەشێکیشیان بە ناچاریی خۆیان ڕادەستی ڕژێم کردەوە.

- هەموو دێهاتەکان خاپوورکران و کوردستان بوو بە چۆڵەوانیی.

- خەڵکی دێهاتەکان بەشێکیان بەرەو سنووورەکان ڕۆیشتن و لە چنگی بەعس قوتاربوون و بەشێکیشیان بەرەو ناوشارەکان و دواتر بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان و ئەوانیتریش خرکرانەوە و بەرەو زیندانە ئامادەکراوەکان و ئینجا بۆ بیابانەکانی خواروو عێراق و زیندەبەچاڵکردنیان.

* ئەمەش بە بەرچاوی دەوڵەتە زلهێزەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبییەوە کرا و هەموو لەبەر بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا متقیان نەکرد.

* ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەجیهاندا ورتەیان نەهات و بە ڕاگەیەندراوێکیش ناڕەزاییان دەرنەبڕی.

* لای خۆی کورد میللەتێکی موسڵمانە، هیچ ڕێکخراوێکی ئیسلامیی و هیچ زانایەکی ئایینیی موسڵمان دژی ڕژێمی بەعس رایەکیان دەرنەبڕی.

* دوای کۆتاییهاتنی ئەنفال لە پاریس کۆنگرەیەک بەسترا و ڕژێمی بەعس شاندێکی ناردبوو لەوێ لەلایەن شاندی کوردەوە ریسواکران بەتایبەتیی ڕەوانشاد مام جەلال ڕۆڵی بەرچاوی بینیبوو.

* ئەنفال هەر بەو کردەیەی بەعس کۆتایی نەهات، بەڵکو کاریگەرێتیی لەسەر لایەنی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی خەڵکی کوردستان دروستکرد و واقیعەکەی تا دوور مەودا بەجۆرێک گۆڕیی زۆر ئاساننییە بگەڕێتەوە باری ئاسایی.

ئیعدامی شۆڕشگێڕانە

ئیعدامی شۆڕشگێڕانە سزادان یان لەناوبردنی کەسێکی تاوانبار بە هاوکاریی ڕژێم و ئازاردانی خەڵکانێک کە گوناهێکیان نەبوو بەتایبەتی ئیخباریکردنی کەسوکاری پێشمەرگە یان بەگرتدانی خەڵکیی بە گومانی پێوەندیی بە ڕێکخستنی لایەنێکی شۆڕشەوە.. زۆرجار ئەم دەستەواژەیە لە ئیزگەی شۆڕشەوە بەکاردەهات بەرانبەر بەوانەی دەستگیردەکران و بە سزای شۆڕش دەگەیەنران.

ئەو کاتانەی کەسێکی تاوانبار لە پیاوەکانی ڕژێم لەچالاکییەکدا یان لەبۆسەیەکدا دەکەوتە دەست پێشمەرگە ئیتر دەبووە شایلۆغان و خۆشییەک بۆ تۆڵەلێکردنەوەی لەبەرانبەر ئەو کارە خراپانەی کردبووی چ بە کوشتن یان بەدەستەوەدانی خەڵکیی یان هەر کارێکیتری سیخوڕیی لە بەرژەوەندی دەزگا ئەمنییە مرۆڤکوژەکانی ڕژێم.

کابرا ڕەنگی مرۆڤ لەڕووخساریدا نەدەما، مات و بێدەنگ وەکو بەچکە کەرۆشکێک لەبەردەمی شێرێکدا، ئەو هەموو پاڵەوانێتیی و

پۆزەی لێیدا و ئەو گورەگورەی دەیکرد وەختێ کەسێکی داماوی لە کەسوکاری پێشمەرگە دەگرت یان بە گومانی پێوەندیی ڕێکخستن یەکێکی دەگرت و دەیدایە دەستی پیاوەکانی ئەمنەوە بە سەرکەوتنێکی گەورەی دەزانی، چونکە وەکو چالاکییەک بەخشیشێکی دەدرایە، بەزەیی بەوانەدا نەدەهاتەوە بەعس بێبەزەییانە بە لێدان و ئەشکەنجەدان پێستی دەگروین.

پێشمەرگە حەزیان بەوەنەدەکرد کەسێکی بێتاوان بکوژن، بەڵام ئەوانەی خراپەکاربوون و وازیان لە تاوانکردن نەدەهێنا و ناویان بە نابووتیی ڕۆیشتبوو، خەڵکیی لە دەستی بێزاربووبوون ئەوە دەکەوتە بازنەی سزادانەوە و دوای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و داننان بەتاوانەکانیدا ئینجا سزای مەرگیان بەسەردادەدا و دەیانوت ئیعدامی شۆڕشگێڕانە.

زۆرجار خەڵکیی دەیانوت دەستی ئەو کەسە سەوزبێت کە ئەو تاوانبارە ئیعدامی شۆڕشگێڕانە کرا وەکو کارێکی باش باسدەکرا ئەو کەسە بە سزای خۆی گەیشت.. لەوانەشە جاری وابووە کەسێک بە هەڵە کەوتووەتە بازنەی ئەو سزایە وەکو دەوترێ بێتاوانبووە!

ئیغتیالاتی شار/ غافڵکوژیی

ئیغتیال یان غافڵکوژیی ئەوەیە لایەنێک بڕیاربدات بەبێ ئاگاداریی کەسێک بکوژرێ کە بەلایەوە تاوانبارە بە ئەنجامدانی کارێک بۆ دوژمنی کردبێت یان کاری بۆ لایەنێکیتری شۆڕش کردبێت زیانی گەیاندبێت.

لەمەوە دەردەکەوێت ئیغتیال هۆکارێکە بۆ پاکسازیی نەیارەکان، کە مەبەستی سیاسیی لەپشتەوەیە، بە زۆریی دەسەڵاتی حوکمڕانیی ئەمەی بەکارهێناوە بۆ لەکۆڵکردنەوەی دژەکانی چ لە ناوەوەی وڵات یان لە دەرەوەی وڵات.

لەکۆنەوە لەهەموو وڵاتانی دنیا ئیغتیالات کراوە بەتایبەتی ئیغتیالاتی سیاسیی و فیکریی کە کارێکی دزێو و تاوانێکی گەورەیە مرۆڤ لەسەر بیروڕای جیاواز لەناوببرێ.

لـه ولاتانـی دنیـادا بـه زۆریـی پیـاوه گـەورەکان یـان سـەرۆکی ولاتـەکان کەوتوونەتـه نـاو کەوانـەی ئیغتیالاتـەوه و کـوژراون و بەدەگمەنیـش لێیاندەربازبـووه.. زۆرجـار بکـەری ئیغتیـال ونبـووه و نەدۆزراوەتـەوه وەکـو بکوژەکـەی ئۆلـف پالمـەی سـەرۆکوەزیرانی سـوید، ئەنـوەر سـاداتی سـەرۆکی میسـر، ئیسـحاق رابینـی سـەرۆکوەزیرانی ئیسـرائیل، غانـدی سـەرکردەی رۆحیـی هیندسـتان.. هتـد، هەندێجاریـش بکـوژ لـه ماوەیەکـی کەمـدا دۆزراوەتـەوه و رێکاری یاسـایی بەرانبـەر گیراوەتەبـەر.

شـۆڕش لـه رێگـەی هەنـدێ سـەرکردە و کادیرەکانیـەوه هەمـان کاریـان دژ بـه نەیارەکانـی شـۆڕش ئەنجامـداوه، جـا ئـەو کەسـه سیاسـیی بووبێـت یـان کەسـێکی کۆمەڵایەتـی لایەنگـری لایەنێـک یـان کەسـێکی سـەربازیی (پێشـمەرگە) بووبێـت.

لەهەمـوو سـەردەمەکاندا کاری سـیخوڕیی بـۆ دوژمـن کـراوه، خەڵکانێکـی دەروونـنـزم بەرانبـەر پارەیـەک دەبوونـه سـەرچاوەی گەیاندنـی زانیاریـی و چاوسـاغیی بـۆ دەزگا ئەمنییەکانـی ڕژێـم، ئەوجـۆرە کەسـانە هـەر خۆیـان ئەوەیـان نەدەکـرد، بەڵکـو خەڵکانیتریشـیان دەخسـتە بازنـەی سـیخوڕییەوه، لەبەرانبـەر ئەمـەدا شـۆڕش هەوڵیـدەدا لـه رێگـەی ڕێکخسـتنەکانیەوه یـان کەسـانی تایبەتیـی ئەوانـه تەمبێبکرێـن و لەناوببرێـن تـا لـەوه زۆرتـر زیـان بـه خەڵـک نەگەیەنـن.

لەعێراقـدا سـەدام زۆرتریـن ئیغتیالاتـی دژی نەیارەکانـی لـه ناوخـۆی عێـراق و دەرەوەی عێـراق لـه رێگـەی دەزگا سـیخوڕییەکانیەوه کـرد، ڕژێمـی بەعـس دەسـانێکی گـەورەی لەئیغتیالاتـدا هەبـوو نـەک هـەر پیـاوی بـۆ ئـەو مەبەسـته بەکاردەهێنـا، بەڵکـو دەزگا سـیخوڕییەکانی بـه چڕیـی کاریـان لەسـەر ڕامکردنـی ژنـان بـۆ ریزەکانـی دەزگا ئەمنییـەکان دەکـرد هـەم بـۆ سـیخوڕیکردن و هـەم بـۆ کاری لەشفرۆشـیی کـه مەبەسـتیان بڵاوکردنـەوەی بێرەوشـتی و خراپەکاریـی بـوو لەنـاو خەڵکیـی و خسـتنەداوی خەڵکـی دامـاوی تـرەوه.

لەکوردستانیشـدا لەڕابـردوودا چەندیـن حاڵەتـی ئیغتیـالات ڕوویـداوه وەکـو:

کوشتنی جەمال عیرفان، ئەحمەد موختار جاف، عەبدولخالیق مەعروف.. هتد، لەتازەشدا چەندین کەس بوونەتە قوربانیی ئەو عەقڵییەتەی دژی ئازادیی و قبوڵنەکردنی ئەویتر.

لیژنەی ئیغتیالات لەسەرەوە لە کەسانی بەتوانا و دەستوەشێن دادەنرا، لە هەندێ شوێنیش تاکەکەس بەو کارە هەڵدەستا و بە بڕیاری سەرەوە پلان و بەرنامەیان بۆ دادەنرا بۆ جێبەجێکردن، جگەلەوە پێشمەرگەش دادەبەزینە ناو شارەوە بۆ دەستوەشاندن لە پێگەکانی دوژمن و جارجارەش لێدانی ئەو خەڵکانەی زانیارییان لەسەریان هەبوو یان لەلایەن ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆیان دیاریدەکرا.

لەمەش تێپەڕی.. سەردەمێک ئیغتیالات هەندێ خەڵکی لایەنەکانی گرتەوە وەکو هەوڵێک بۆ لەناوبردنیان کە بە مەترسیی دادەنران، بۆیە خەڵکانێک کەوتنەناو بازنەی ڕەشەکوژی و لەناوشاردا لەهەر شوێنێکدا بوار بڕەخسایە کۆتاییان بە ژیانی ئەو کەسانە دەهێنا.

ئیغتیالات تەنیا پیاوی نەگرتووەتەوە بەڵکو ژنیشی بەرکەوتووە، ئەمەیان لەوانەیە زۆرتر بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە دەستیان لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکان تێکەڵکردبێت و بۆ شۆڕش ئاشکرابووبن.

ئەوەی لەشۆڕشدا کراوە مەرج نییە هەمووی بڕیاری سەرکردایەتی بووبێ هەندێجار لەسەرەوە سەرکردەیەک سەربەخۆ خەڵکی بۆ ئەو کارە دروستکردووە یان لە فەرماندەکان بەپێی ئەو زانیارییانەی پێیانگەیشتووە بڕیاری لەناوبردنی ئەو کەسانەیان داوە کە خراپەکارن یان شتیان لەسەرە، هەوڵنەدراوە ببینرێن و قسەیان لەگەڵابکرێ و هەوڵی گۆڕینیان بدرێ یان بۆ بەرژەوەندیی شۆڕش بەکاربهێنرێن.

لەمەشدا هەندێجار خەڵکێک بەرکەوتوون تاوانباری گەورەنەبوون یان زانیارییەکان بە باشیی تاوتوێنەکراوە و بڕیاری لەناوبردنی دراوە، زۆرجار ئەمە کاردانەوەی لێکەوتووەتەوە و بووەتە مایەی دڵساردی ئەو کەسانەی ڕاستیی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوونبووەتەوە.

ئۆتۆنۆمی/ حوکمی زاتی

ئۆتۆنۆمیی شێوازێکی حوکمڕانییە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی ناوچەیەک یان هەرێمێک لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا، کە پلەیەک لە سەروویناوەندیی کارگێڕییەوەیە، دەسەڵاتەکانی سنووردارە.. ئۆتۆنۆمی لەبنەڕەتدا بۆ ئەو وڵاتانە دەستدەدا کە پێکهاتەی زۆری نەتەوەیی و رەگەزیی و ئایینیی تێدایە.

سەردەمێکی دوورودرێژ حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق و ئێران بەرزکردبووەوە بە حیساب ئەگەر ئەو وڵاتانە دیموکراسی پێڕەوبکەن کورد لەسایەیدا دەتوانێ ئۆتۆنۆمی دەستەبەربکات.. سەیرەکە لەوەدایە حیزبی کوردی لەو دەوڵەتە دیموکراسییەدا ئاستی داخوازییەکانی زۆر لەخوارەوەیە!

ئەوەی دەزانرێ هەرگیز ئەو دوو دەوڵەتەی عێراق و ئێران وەکو دوو دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتیی ناتوانن ببن بە دەوڵەتی دیموکراسیی تا لەو ڕێگەیەوە دان بە مافی کوردا بنێن! ئینجا کوردیش ستراتیژێکی یەکگرتووی نییە، هەربۆیەشە دوژمنانی کورد لەبەر یەکنەگرتوویی کورد ترسیان لە داخوازییەکانی نییە.

ئەگەر لەو وڵاتانەی عێراق و ئێران جۆرێک لە دیموکراسیی، کە نییە، هەبێت ئەوا تەنیا بۆ خودی خەڵکی نەتەوەی سەردەست و دژی نەتەوەی کوردە.

ئۆتۆنۆمیی لە وڵاتانی نادیموکراسیدا چارەسەرێکی نیوەناچڵە، یارییەکە بۆ دەستخەڕۆکردنی ئەو گەلەی داوای مافە رەواکانی دەکات، ئەگینا مافی نەتەوایەتی دەستەبەرناکات، هەندێ مافی کەمی هەڵخەڵەتێنەر دابیندەکات، لەئۆتۆنۆمیدا تەنیا دان بە مافە رۆشنبیریی و شارستانییەکاندا دەنرێ.

ئۆتۆنۆمیی چەند ساڵەی کورد – بەعس لەباشووردا نموونەیەکی سەرنەکەوتوو بوو تەنیا کاتکوشتن بوو.. ئۆتۆنۆمیی لای بەعس خۆی هیچ نەبوو، کەچی حیزبی کوردی خۆی بە ئۆتۆنۆمی راستەقینەوە سەرقاڵکردبوو.. ئۆتۆنۆمیی ئۆتۆنۆمییە راستەقینە و ناڕاستەقینەی هەر یەکێکە، چونکە بەعس راستگۆنەبوو حیزبی کوردیش یارییان بە وشەکان دەکرد.

ئۆتۆنۆمی لەڕووی مافەوە هەموو مافەکانی گەلی کوردی دەستەبەرنەدەکرد، لەڕووی جوگرافیشەوە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانی نەدەگرتەوە، کە بەعەرەبکرابوون و خرابوونەسەر ناوچە عەرەبنشینەکان.

دوای سەرنەگرتنی بەیاننامەی ئازار حکومەتی بەعس لای خۆیەوە یاسای ئۆتۆنۆمیی دەرکرد و دەزگا کارتۆنییەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردنی لەلایەن پیاوەکانی خۆیەوە دامەزراندن و لەناوەڕۆکدا هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبوو.

ئۆتۆنۆمی لە زۆر وڵاتانی جیهاندا پێڕەودەکرێ، هەر وڵاتە بەپێی بەرنامەی خۆی، دەسەڵات لە سیستمی ئۆتۆنۆمیدا سنووردارە لە سنووری دەوڵەتێکی ناوەندیدا.. لەئۆتۆنۆمیدا دەسەڵات لە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی دەستهەڵدەگرێ و دەیداتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، دەبێ نوێنەرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن خەڵکەکەیەوە دیاریبکرێت نەک وەکو ڕژێمی بەعس نوێنەرەکانی لە پیاوەکانی خۆی دایدەنا، بۆیە دەوترا ئۆتۆنۆمی کارتۆنیی.

هەرچەندە بەیانی ئازار ئەگەر بۆ ئەوکات جێبەجێبکرایە دەستکەوتێکی باشبوو، ڕژێم بۆ یەکەمجار دانی بە مافی کورددا نا، لەدواییدا دەرکەوت مەبەستیتری تیابوو، بەعس دەیویست پێکهاتنێکی ئاشتییانە بێ بۆ ماوەی چوار ساڵ شەڕ بوەستێ، کە حکومەتی بەعس پێویستی بەوەبوو لەلایەک پشوو بە خۆی و هێزەکانی بدا، کە تازە هاتبووەسەر تەختی دەسەڵاتداریی، لەلایەکیشەوە چاودێریی هەڵسوکەوتی کورد لە کاری حوکمڕانیدا بەتایبەتی دەیزانی سەرکردایەتیی کورد پێوەندیی بە

حکومەتانی ناوچەکەوە هەیە بەتایبەتی ئەو حکومەتانە لەگەڵ ئەوەدا نین هیچ بۆ کورد بکرێ.

ئەگەر ڕژێمی بەعس نیازی پاکی هەبوایە دەیتوانیی لە ماوەی چەند مانگێکدا هەموو کارە یاسایی و دەستوورییەکان جێبەجێبکات و کۆڵک و مووی لێنەکردایەتەوە، چوار ساڵ ماوەیەکی زۆربوو دەرکەوت ڕژێمی بەعس لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و ئۆتۆنۆمیدا راستگۆ نەبوو.

سەرکردایەتی کورد نەیتوانی لەو ماوەیەدا هەوڵبدا بەعس قایلبکات خاڵەکانی ناکۆکیی و کێشەکانیی نێوانیان کەمبکاتەوە، چونکە لە دەرەوە ڕێگرییدەکرا و دەستوپێی سەرکردایەتی بەسترابووەوە.

حکومەتی عێراقی لەبری ئەوەی هەوڵی جیدی بدات و ئاگری شەڕ خامۆشکاتەوە کە جگەلە کوشتن و بریندارکردنی ئەو هەموو سەرباز و پیاوانەی ڕژێم زیانێکی یەکجار زۆری لە ئابووری عێراقیش دەدا.

یاسای ئۆتۆنۆمی عێراق ساڵی ١٩٧٤ لەڕووی ناوەڕۆکەوە جیابوو لەوەی بەیانی ئازار.. دیارە چەندین خاڵی ناکۆکی هەبوو فەرامۆشکرابوون، کە کورد بە خاڵی گەوهەریی دادەنان وەکو: مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و شنگال واتە ناوچە نەوتاوییەکان و سنوور و.. هتد.

کە ڕژێم و شۆڕش ڕێکنەکەوتن دوای چوار ساڵی پڕ لە ڕووداوی لابەلا و گفتوگۆی چڕوپڕ و شەڕی ڕاگەیاندنی توند جارێکیتر شەڕ دەستپێکردووە.. خەڵکێکی زۆر ڕایانکرد، تەنانەت زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە بۆ ناوچەی قەڵادزێ و حکومەت لە کارێکی نابەرپرسانەدا بۆردوومانیکرد و خەڵکێکی زۆر لە خوێندەوار و مامۆستا و هاوواڵتیی شەهیدکرد.

بەعس حیزبێکی پانەرەبیزمی کۆنەپەرست بوو، بە عەرەب نەبێ باوەڕی بە هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەییتر نەبوو، لەگەڵ کورددا لەکێبەرکێدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ساڵی ١٩٦٨ هاتەسەر حوکم، کە هێشتا بە باشیی خۆی نەگرتبوو، سوپای عێراق ٧ ساڵ بوو لە شەڕی کوردستاندا بوو، ماندووبوو، دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ شۆڕشدا کردەوە

لـه سـاڵی ١٩٧٠ بەیانـی ئـازاری دەرکـرد بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ رێککەوتـن لەسـەر ئۆتۆنۆمیـی کـرا، ئـەم رێککەوتنـە بـۆ هـەردوو سـوودی هەبـوو هـەم بەعـس هێزەکـەی پشـوویدەدا و خـۆی کۆدەکـردەوە هـەم شۆڕشـیش مانـدووی دەردەچـوو.

بـەڵام جگەلـە هەنـدێ مەسـەلەی ئیداریـی نەبـێ لـەڕووی سیاسـییەوە هیـچ خاڵێـک جێبەجێنەکـرا، لەمەشـدا هـەم بەعـس جیـددی نەبـوو بـۆ جێبەجێکردنـی مادەکانـی رێککەوتنەکـە و هـەم لایەنـی شۆڕشـیش بەهـۆی دەسـتی دەرەکییـەوە نەیدەویسـت رێکبکـەوێ، بۆیـە شـەڕ هەڵگیرسـایەوە و حکومەتـی عێراقیـش لای خۆیـەوە یاسـای ئۆتۆنۆمیـی دەرکـرد و دەزگا کارتۆنییەکانی دامەزراند و ئـەو هەوڵـەش کـە هەنگاوێکی باشبوو لەگۆڕنرا.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش لەسـەرەتادا دروشـمی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان و دیموکراسـیی بـۆ عێراق بەرزکردبـووەوە، بـەڵام کـە زانـی نـە ئۆتۆنۆمیی و نـە ئۆتۆنۆمیـی راسـتەقینە هیـچ بـۆ کورد ناکات ئیتر سـاڵی ١٩٨٣ ئاسـتی داخوازییەکانـی بـۆ بڕیاردانـی دروشـمی مافـی چـارەی خۆنووسـین بەرزکـردەوە.

ئۆردووگای زۆرەملێ

بەعس لـە شۆڕشـی نوێدا لـە دوو کاتی جیاوازدا ئۆردووگای زۆرەملێی بـۆ کۆکردنـەوەی خەڵکی دێهاتەکانـی کوردسـتان دروسـتکرد:

- دوای دەسـتپێکردنی شـۆڕش و دەرکەوتنـی پێشـمەرگە و ڕۆڵـی دێهاتـەکان لـە هاوکاریکردنـی پێشـمەرگە و خزمەتکردنـی شـۆڕش، بەعـس ویسـتی دەسـتی دێهـات لـە یارمەتیدانـی پێشـمەرگە ببـڕێ بـەوەی دێهاتـە سـنووریەکانی بـۆ ئۆردووگا زۆرەملییـەکان رابگوێزێ کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە دروسـتیکردبوون.

تێبینـی: دیـارە چۆڵکـردن و ڕاگواسـتنی دێهاتـە سـنووریەکان لـەدوای ئاشـتبەتاڵەوە دەسـتی بـە قوڵایـی ١٥-٣٠ کیلۆمەتـر وەک بەشـێک لـە

رێککەوتتنامەی جەزائیرو رێگرتن لەسەر سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکداری.

- دوای تێکچوونی گفتوگۆ و فراوانبوونی چالاکی پێشمەرگە و دەستوەشاندنەکان لە هێزەکانی بەعس و دروستکردنی پردی پێوەندیی لەگەڵ ئێران و ئاشتبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکانی کوردستان، بەعس مەترسی لەدەستچوونی زۆر شوێنی گرنگ و ستراتیژی دەکرد بەتایبەتی بەرەی شەڕەکانی نێوان هەردوو لای ئێران - عێراق بەربڵاوبوو، کە کوردستانیشی گرتەوە، کۆمەڵێک ئۆردووگا لە شوێنە جیاجیاکانی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و لە سنووری قەزاکان دروستکران بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی دێهاتەکان لە شوێنێکی کشتوکاڵیی تەختی بەربڵاودا کە زاڵبوون بەسەریدا ئاسانبێ.

لە هەر ئۆردووگایەکدا چەند هەزار ماڵێک لە دێهاتەکانیان رادەگوێزران و هەر خێزانێک پارچە زەوییەک و چەردەیەک پارەی دەدرایە بۆ دروستکردنی خانوو، لە بارودۆخێکی نالەباردا خزمەتگوزاریی کەمبوو، ژیانی کوللەمەرگیی بوو، کە دیاربوو سیاسەتی ڕژێمی بەعس بۆ کۆکردنەوەی ئەو خەڵکانە دوورخستنەوە بوو لە کورداییەتیی و ناچارکردنیان بوو بۆ چەکهەڵگرتن و بوونە پیاوی ڕژێم و دژایەتیکردنی شۆڕش و شەڕی پێشمەرگە.

دەمێکبوو بەعس بەرنامەی ئەوەی هەبوو، ساڵی ١٩٨٧ لە گەرمیان و شارەزوور و شارباژێر ئەمەی دەستپێکرد، کە ئەنفالی کرد ئەوەی دەربازبوو خرایە ئەو ئۆردووگایانەوە.

ئۆردووگا زیندانێکی ئاوەڵابوو، مرۆڤەکان بەبێ ویستی خۆیان تیاخڕکرابوونەوە، لە بارودۆخێکی دەروونیی ناجێگیر، ژیوارێکی ئاڵۆز، هەستێکی بریندار، جگەلە تیاچوونی سامان و کەلوپەل و ماڵاتیان ژیانیان دەگوزەراند، چواردەوری بە ڕەبایەی جاش و سەرباز و بارەگای بەعس و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان تەنرابوو، هەموو شوێنەکان پڕکرابوو لە پیاوە گرگنەکانی ڕژێم وەکو سیخوڕ هەموو جموجوولێکی خەڵکیی

چاودێرییەکرا.

ئەوەی دەزانرێ هەر کاتێ بەهۆی شۆڕشەوە کورد بۆ وڵاتانی دراوسێ ئاوارەبووە، لەو وڵاتانە خراونەتە ئۆردووگاوە، سەرەتا لەبری خانوو لەناو چادردا گوزەراندوویانە، دواتر کە مانەوەیان درێژەیکێشاوە خانوویان بۆ دروستکراوە و یارمەتییان دراوە مانگانە کەلوپەل و ئازووقەیان دراوەتێ.

ژیانی ئۆردووگا ناهەمواربوو، خزمەتگوزاریی وەکو پێویست نەبوو، ئاو، کارەبا، قیرتاو، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی، هەژاریی، کەمدەرامەتیی بڵاوبوو، کە راپەڕین کرا بەشێک لە ئۆردووگاکان چۆڵکران، خەڵکی دێهاتەکان بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە، بە توانای سادەی خۆیان و هاوکاریی رێکخراوە خێرخوازە جیهانییەکان خۆیان پێکەوەنا، کەچی بەهۆی گرانیی و کەمدەرامەتیی جارێکیتر خەڵکەکە گەڕانەوە و ئۆردووگاکانیش کرانە ناحیە.

قەدەری کورد وایە لە وڵاتەکەی خۆیدا هەر دەخرێتە ئۆردووگاوە و لەئاوارەییشدا هەر دەخرێتە ئۆردووگاوە..

ئیمپریالیزم

ئیمپریالیزم بەو دەسەڵاتە سیاسییە زلهێزانە دەوترێ لە رێگەی هێزی سەربازییەوە بۆ دەستکەوتی ئابووریی وڵاتانیتریان داگیردەکرد و دەیانخستنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، دواتر ئەم شێوازە راستەوخۆیەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی قورس بۆ فۆرمی هێزی نەرم گۆڕا.

دەوڵەتی زلهێزی ئیمپریالی هەموو بوارەکانی سیاسیی، ئابووریی، کلتوریی، کۆمەڵایەتیی وڵاتی داگیرکراوی دەخستەناو هەژموونیی خۆی و سەرچاوەکانی ژیانی داگیردەکرد.

هەمیشە لەلای کورد لە دوو ئاستدا وشەی ئیمپریالیزم بەکارهاتووە:

– ڕژێم و تاقمە جاشە پەیوەستەکانی لە حیزبە کارتونییەکان، شۆڕشیان بە تەقەلای ئیمپریالیزم دادەنا.

- لایەنەکانی ناو شۆڕش خۆیان لە بەرەی ڕزگاریخوازی گەلان دەبینییەوە، کە دژی ئیمپریالیزم بوون.. لایەنەکانی شۆڕش ڕژێمی بەعسیان لە خانەی ئیمپریالیزم دادەنا، کە حیزبی بەعس خۆی بە شەمەنەفەری ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هات و لەلایەن دەوڵەت زلهێزەکانی ئیمپریالیزمەوە پاڵپشتیدەکرا و بە چەک و پێداویستییە سەربازییەکان پۆشتەدەکرایەوە و شەڕی کوردی پێدەکرا.

ڕژێمی بەعس کە شۆڕشیان بە کریگرتەی ئیمپریالیزم دادەنا لە سۆنگەی ئەو پردی پێوەندییە بەئێرانەوە بوو، کە عێراق لەگەڵ ئێراندا لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی مێژوویی و سنووری جوگرافیی و ئایینزایی ناکۆکبوون!

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بەشێکی لەبەرچاوی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی ناو بەرەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان بوو یەکێک لە ئەرکەکانی دژایەتی ئیمپریالیزمی جیهانیی بوو، کە ڕژێمی بەعس نوێنەرایەتیدەکرد!

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باوەڕی بەوەبوو کورد چەند دۆستێکی هەیە: دەوڵەتە سۆسیالیستەکان، کرێکارانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، ئەمانە دژی ئیمپریالیزم بوون..

کوردیش وەکو نەتەوەیەکی داگیر و دابەشکراو خۆی لە ریزی دژی ئیمپریالیزم و هێزە سێبەرەکانی وەکو ڕژێمی بەعس دەبینییەوە، ئەمە لە ئەدەبییات و گوتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕەنگیدەدایەوە و لەلایەن کادیر و سەرکردەکانیەوە دەوترایەوە! ئەگەرچی هیچ یەکێک لەو دۆستانە لە تەنگانەکانی کورد تەنانەت لە ئەنفال و کیمیاباراندا نەهاتنەدەنگ تەنیا لە کۆڕەوی ملیۆنیدا لەژێر گوشاری خەڵکەکەیاندا، کە بووە هۆی جێبێکردنەوەی زلهێزەکانی ڕۆژاوا لە عێراق و ناوچەکەدا!

ئیستیخبارات

دەزگایەکی ئەمنیی تۆقێنەری بەعسی بوو پەیوەندیی بە کاروباری سەربازییەوە هەیە و پەیوەستکراوە بە وەزارەتی بەرگرییەوە.. کاری ئەم دەزگایە چاودێریی توانای سەربازیی دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق و بەدواداچوونی جموجووڵ و چالاکیی خەڵکانی سیاسیی دژی دەسەڵات بە وڵاتانی دەرەوە.

هەمیشە دەسەڵاتی بەعس ترساوە پیلانی لە دژ بکرێ و ئەفسەر و فەرماندەکانی سوپا کودەتای بەرانبەر بکەن، بۆیە دەسەڵات گرنگیی بە دەزگای ئیستیخبارات دەدا تا بتوانێ لەڕێگەیەوە کۆنترۆڵی کونوقوژبنەکانی هەر جووڵەیەک بکرێ کە مەترسی لووخان دروستدەکات.

ئەم دەزگایە وەکو دەزگا ئەمنییەکانیتر ترس و تۆقاندن و زەبروزەنگی بۆ سەپاندنی دەسەڵات و هەژموون و مانەوە لەسەر کورسی حوکمڕانیی بەکارهێناوە.

دواتر ئەم دەزگایە لەبەر گرنگیی و بایەخدان بە ژیانی سەدام خۆی، راستەوخۆ بە خودی سەدامەوە پەیوەستکرا بۆ ئاگادارببوون لە وردودرشتی ڕووداوەکان نەبادا لەپشتەوە پیلانی لێبکرێ و لەناوببرێ.

ئیستیخبارات پشتی بە هێزێکی زۆر لە سەرچاوەی جۆراوجۆر دەبەست و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخاندەکرا، گرنگ ئەوەبوو ئەو سەرچاوانە راوی زانیارییان بکردایە و شتیان لەسەر ئەو خەڵکانە پەیدا کردبێ کە بە جۆرێک لەجۆرەکان پێچەوانەی بەعس بیریاندەکردەوە.

سەرچاوەکان زانیارییەکانیان کۆدەکردەوە، دوای تاوتوێکردنی بۆ سەرەوەی خۆیان بەرزیاندەکردەوە تا دەگەیشتە سەدام و لەوێوە بەپێی پێویست بڕیاردەدرا چی بکرێ.

کاری ئیستیخبارات پەیداکردنی زانیارییە بوو لەسەر دوژمن هەروەکو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و زانیاری چەواشەکار لە ڕێگەی سیخوڕ و

بەکرێگیراوەکانیەوە.

ڕۆڵی ئیستیخبارات لەکاتی شەڕدا دەردەکەوێ، کە زانیارییەکان لەبارەی توانای سەربازیی و هێزی چەکداریی دەگاتە پلە بااڵکانی بڕیاربەدەست.

هەندێکەس لەئیستیخباراتدا بە ئاشکرا کاریاندەکرد و ناسرابوون، بەاڵم خەڵکانێکی زۆریش بە نهێنیی و لە پشتی پەردەوە کاریاندەکرد و بە زۆریش پشت بەو کەسە شاراوە و نهێنییانە دەبەستترا.

لەسەر دەستی ئەم دەزگایە و پیاوە جەللادەکانی هەزارەها مرۆڤ کرانە قوربانیی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی ئەو دەزگا بۆگەنە، هەرکەسێ لە دەرەوەی بازنەی کاری بەعسدا بوایە بەر تیری غەزەبی بەعسییانە دەکەوت و ژیانی بە چاو نەدەبینی!

ئێشکگریی (خەفەر)

بەپێی فەرهەنگە کوردییەکان وشەی ئێشک بە واتای ئاگاداریی و بەدیارەوەبوونی شتێک دێت، لای زەبیحی بە واتای پاسەوانیی شەو هاتووە و بنەڕەتی وشەی ئێشک بۆ تورکی عوسمانی دەگەڕێنێتەوە.

لەهەموو داموەدەزگاکانی حکومەتدا بەتایبەتیی نەخۆشخانەکان ئێشکگریی شەوانە هەیە یەکێک لە کارمەندەکان دەمێنێتەوە بۆ ئاگاداربوون لە نەخۆش و گەڕان بەسەریاندا یان پێشوازیی لەو نەخۆشانەی دەگەیەنرانە نەخۆشخانە، هەروەها لە بنکەکانی پۆلیسدا ئێشکگر هەیە بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان.

ئێشکگریی جیایە لە پاسەوانیی، لەسەربازگەکاندا یان لە بارەگای پێشمەرگەدا ئێشکگریی ڕۆژانە هەیە، لەهەمانکاتدا پاسەوانی ڕۆژ و شەویش هەیە.. ئەوەی ئێشکگر بووە ڕۆژی دواتر لە پاسەوانی دەبوێردرا و پشووی پێدەدرا!

لەبارەگادا دەبوو ڕۆژانە خواردن دروستبکرێ، پاکوخاوێنیی رابگیرێ، ئاو و چایی ئامادەبکرێ، دەبوو ئەرکەکان دابەشبکرێ و لە کاتی

خۆیدا شتەکان دابینبکرێ، بۆ ئەمە لیستی ئێشکگریی دادەنرا و هەر پێشمەرگەیەک لە ڕۆژی خۆیدا دەستبەکاردەبوو، بەیانی زوو ئێشکگر لە خەو رادەبوو نان و چایی ئامادەدەکرد و لە کاتی خۆیدا پێشمەرگەکانی لە خەو هەڵدەستان و بەرچاییان دەکرد، بۆ نیوەڕۆش دیسانەوە چێشتی دروستدەکرد و پێشمەرگە لەسەر خوان ئامادەدەبوون و نانیان دەخوارد، بەهەمان دەستوور ئێوارەش ناندەخورا، لە هەر سێ ژەمەکەدا قاپوقاچاغەکان دەشۆردرا، دوای نانی ئێوارە ئێتر ئێشکگر نۆرە ئێشکگرتنی تەواودەبوو و رادەستی ئێشکگری دواتری دەکرد.

لە هەندێ بارەگا پێشمەرگەیەک بۆ نانکردن، پێشمەرگەیەکیش بۆ چێشلێنان، یەکێکیش بۆ چایلێنان و پاکوخاوێنیی دادەنران، لە زۆر بارەگایش پێشمەرگەیەک هەر چێشتلێنەر بوو، کاریتری نەدەکرد لەپاڵ ئەودا پێشمەگەیەکیتر کارەکانی ئێشکگریی دەکرد.

ئێشکگریی کارێکی قورسبوو پێویستی بە کەسی شارەزای چێشتلێنان و خواردن بۆ ئەو ژمارە پێشمەرگەیەی بارەگا بوو.. لەهەموویان قورستر مەسەلەی چێشت ئامادەکردن بوو، کە بزانێ چەند عەیار برنج یان فاسۆلیا و نیسک و نۆک.. هتد، بەکاردەهێنێ یان بەپێی ئەو پێوەرەی بە گرام بۆ هەر پێشمەرگەیەک دیاریکراوە، دەبوا شارەزابێ لە دروستکردنی جۆرە جیاوازەکانی شلە و بڕی ئاو و خوێ و ڕۆن تێکردن تەنانەت پێوانەی چاییکردنیش.

یەکێک لە کێشەکانی ئێشکگریی ئەوەبوو زۆر پێشمەرگە شارەزایان لە چێشلێنان نەبوو، ناچار پێشمەرگەیەک کە شارەزایی باشیی لە ئامادەکردنی چێشتی جۆراوجۆر هەبوو بە دایمیی دادەنرا و ئێشکگریش بۆ چایلێنان و پاکوخاوێنی و ئاو دابینکردن بە نۆبەتی کارەکانی هەڵدەستا.

ئێشکگریی وەکو ئەرکێک تەنیا پێشمەرگەی دەگرتەوە و لێپرسراوەکان ئەو ئەرکەیان بەرنەدەکەوت و نەیاندەگرت.

بڕووسکەی جفرەدار

بڕووسکە پەیامێکی کورت یان درێژە لە ڕێگەی ئامێری بێسیمەوە دەنێردرێ لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بەپێچەوانەوە، بە شێوەیەکی پوخت دادەڕێژرێت تا بەئاسانیی مەبەستەکە بگەیەنێت، کە دەبێ نهێنیی تیاپارێزراوبێت.

لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا بڕووسکە بەکاردەهات بۆ گەیاندنی پەیام و زانیاریی و وەڵامدانەوە لەسەرەوە بۆ یەکەکانی خوارەوە یان لەخوارەوە بۆ دەزگا بااڵکان.. دوو جۆر بڕووسکە هەبوو: بڕووسکەی زارەکی، بڕووسکەی نووسراو، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە بڕووسکەی کراوە، بڕووسکەی شفرەدار، بڕووسکەی مۆرسیش هەبوو.

لە شۆڕشی ئەیلولیشدا دەزگای بێسیم دروستکرابوو لە ڕێگەی ئەو ئەفسەر و سەربازانەوە دەبوونە پێشمەرگە بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە پەیام و دەنگوباس و زانیارییەکان بە زووترین کات بگەیشتایەتە هێزەکان و کاروبارەکان جێبەجێبکرایە، لە شۆڕشی نوێشدا تۆڕێکی گەورەی دەزگای بێسیم لەو ئامێرانەی لەشەڕەکاندا دەستی بەسەردادەگیرا یان لە قاچاغچییەکان بە پارە دەکڕدرا دامەزرا.. بەمەش ڕۆژانە شتەکان دەگەیشتە شوێنی خۆی و هیچ شتێک دوانەدەکەوت.

لە شۆڕشی نوێدا جگەلەوەی کە بڕووسکە لە ڕێگەی بێسیمەوە دەکرا بۆ گەیاندنی پەیامەکان، جۆرێکیتر بڕووسکەی جفرەدار بوو لەڕێگەی ئیزگەوە بااڵودەکرایەوە، کە کلیلەکەی تەنیا لای بەرپرسی یەکەمی هێزەکان هەبوو.

بڕووسکەی جفرەکراو مەبەست لێی گەیاندنی پەیامە نهێنییەکان بوو کە دوژمن پەی بە ناوەڕۆکەکەی نەبات، دەبوا ئەو جفرانە زووزوو دەستکاری یان بگۆڕدرێن تا لەلایەن دەزگاکانی دوژمنەوە نەکرێنەوە.. بەڕاستییش دەزگای بێسیمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر کارامە

بـوو، هەرگیـز دوژمـن بـەو هەمـوو توانایـەی هەیبـوو نەیدەتوانـی جفرەکانـی بکاتـەوە.

ئـەوەی مایـەی سـەرنج بـوو هەرکـە ئـەو برووسـکە جفرەدارانـە لەئیزگـەوە پەخشـدەکرا یەکسـەر خەڵکیـی و تەنانـەت لایەنەکانـی ناکـۆک لەگـەڵ یەکێتیـی بـۆ ئـەوە دەچـوون کـە ڕووداوێـک یـان شـەڕێک بەڕێوەیـە، تەنانـەت پێشـمەرگەش لـەوە دەگەیشـتن کـە حەملـە هەیـە و دەبـێ خۆیـان بـۆ هەمـوو ئەگەرێـک ئامادەبکـەن.

بۆردوومانی فڕۆکە

هەرکـە شـۆڕش بەرپادەبـێ ڕژێمـی عێراقـی بەهەمـوو توانـا سـەربازییەکانی جگەلـە پەلامـاری سـەربازیی و تانـک و تـۆپ دەکەوتـە لێدانـی بنکـە و بارەگاکانـی هێـزی پێشـمەرگە و دێهاتـەکان بـە بۆردوومانـی فڕۆکـە جەنگییـەکان و هەلیکۆپتەریـش.

یەکێـک لـە گرفتەکانـی پێشـمەرگە بۆردومانـی فڕۆکـەی جەنگیـی و هەلیکۆپتـەرەکان بـوو، کـە چەکـی دژیـان بەردەسـتنەبوو، فڕۆکـەی جەنگیـی ئەوەنـدە تیـژ تێدەپـەڕێ بـە چەکـی سـووک ناپێکـرێ، هەلیکۆپتەریـش لـە بـەرزی و لـەدووڕەوە تەقەیدەکـرد و ئامانجەکانـی دەپێکـا کـە چەکەکانـی دەسـتی پێشـمەرگە نەیدەگەیشـتێ.

ڕۆژ نەبـوو فڕۆکـەکان لەفڕگەکانیانـەوە هەڵنەفـڕن و بـە ئاسـمانی کوردسـتاندا نەسـووڕێنەوە و نەچنەسـەر بارەگاکانـی سـەرکردایەتی و بـارەگای مەڵبەنـدەکان بۆمبەکانیـان بەرنەدەنـەوە، کـە زۆرجـار زیانیانـدەدا و پێشـمەرگە و هاوواڵاتییـان شـەهید و بریندارەدەکـرد، ئەمـە جگەلـە زیانـەکان هەمیشـە پێشـمەرگە و هاووڵاتیـی لـە دەنگـی فڕۆکـە و بۆمبەکانیـان هەراسـاندەبوون.

کـەم دێ و شـاخ و دۆڵ و دەڤـەر هەیـە فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەر بـە بۆمـب نەیانکێڵابـێ و زیانـی زۆریـان نەدابـێ.. گەورەتریـن زیانـێ کـە

فڕۆکە جەنگییەکان لە خەڵکی کوردستانی دابێت لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆردوومانی زانکۆی سلێمانی بوو لە قەڵادزێ لە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/٢٤و بۆدوومانی هەڵەبجە لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦.. لە شۆڕشی نوێشدا لە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩بۆردوومانی ئۆردووگای زێوێی بادینان کرا، کە دەوترێ زۆرتر لە (٢٠٠) شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

فڕۆکە جەنگییەکان و هەلیکۆپتەرەکان لەئاسمانەوە بە چەکە جۆراوجۆرەکانیان ئامانجەکانیان دەپێکا، ئاگری چەکەکانیان زۆر کاریگەربوون، لەبەرانبەردا هێزی پێشمەرگە چەکی قورس و دژی فڕۆکەیان نەبوو تا دواتر دۆشکا و بیکەیسی و ئارپیجییان پەیداکرد، کە هەلیکۆپتەر دەهات بە کلاشینکۆفیش تەقەیان لێدەکرا و ترسیان کەمتربووەوە و لەدواتردا توانرا چەند چەکێکی دژی فڕۆکە پەیدابکرێ و لە سنووری قەرەداغ کۆپتەریشی خستە خوارەوە!

ئەگەر لەهەموو شوێنەکان چەکی دژی فڕۆکە هەبوایە هەرگیز دوژمن نەیدەتوانی نزیکی بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگە و دێهاتەکان بێتەوە یان لەشەڕگەکاندا کاریگەریی هەبێ.

بەتالیۆن

بەتالیۆن یەکەیەکی سەربازییە لە زۆربەی سوپاکانی جیهاندا بەکاردەهێزێ.. لە شۆڕشی ئەیلولدا پارتیی یەکەی بەتالیۆنی لە پێکهاتەی پێشمەرگایەتیدا بەکاردەهێنا و چەندین بەتالیۆنی هەبوو، هەروەها حیزبی شیوعیش بەتالیۆنی بەکاریدەهێنا.

دوای کۆتاییهاتنی شالاوەکانی ئەنفال و چوونە ناو ئێرانەوە ساڵی ١٩٨٩ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پێکهاتەی پێشمەرگایەتیدا بەتالیۆنی بەکارهێنا و هێزەکانی ئەوەی مابوونەوە بە سیستمی سیانی کردە چەند بەتالیۆنێکەوە.

پێکهاتەی بەتاڵیۆن:

* دەستەی بەتالیۆن/ ٣ کەس: ١ فەرماندەی بەتالیۆن، ١ جیگر، ١ ل. ڕێکخستن.
* لیپرسراوی بارەگای بەتالیۆن/ ١ کەس
* دەستەکانی بەتالیۆن/ ١٩ کەس:

- بەڕێوەبەرێتیی/ ١ ل. بارەگا + ٢ نانەوا + ٢ شۆفێر= ٥ کەس
- ئیسناد/ ٢ کەس
- زانیاریی/ ٣ کەس
- بێسیم/ ٢ کەس
- پزیشکیی/ ٢ کەس
- دارایی/ ١ کەس
- کیمیایی/ ١ کەس
- ئەندازە/ ٢ کەس
- شۆفێر/ ١ کەس

* تیپەکان:

- بەتالیۆن/ ٣ تیپە
- تیپ/ ٣ کەرتە
- کەرت/ ٢ دەستە..
- هەر تیپێک/ ٢ فەرماندەی تیپی هەبوو
- هەر کەرتێک/ ٢ فەرماندەی کەرتی هەبوو..
- هەر دەستەیەک/ ٥ پێشمەرگە + ٢ فەرماندەی دەستە = ٧ پێشمەرگە..
- هەر کەرتێک: ١٤ پ.م + ١ ف. کەرت + ١ ج. کەرت = ١٦ پێشمەرگە..
- هەر تیپێک: ١٦×٣ = ٤٨ پ. م + ٢ ف. تیپ= ٥٠ پێشمەرگە..
- کەواتە بەتالیۆن: ٣× ٥٠ پ. م + ٣ دەستەی بەتالیۆن + ١ ل. بارەگا + ١٩ پ. م دەستەکانی بەتالیۆن = ١٧٣ پێشمەرگە.

* بەتالیۆن دەبێ ئەم شتانە لەخۆبگرێ:
- بەرپرسی ئێشکگری.
- لیستی ڕێگەپێدان.
- تۆمارەکان: بنەڕەتیی، تەقەمەنی، خول، شەهیدان، کەلوپەل.
- بەرنامەی ڕۆشنبیریی: کۆڕگرتن، کتێبخانە، ئینسات، پەخشنامە، شانۆ، قوتابخانە، سینەما.
- بەرنامەی وەرزشی: تۆپێن، تێنس، باڵە، کاراتی، گۆڵدەستیی.
- بەرنامەی هەرەوەزیی: تەلەفزیۆن، چاخانە، سۆپەرمارکێت.

پێشمەرگەی بەتالیۆنەکان لەو شوێنانەی بارەگایان هەبوو لە ئێران خولێکی مەشقکردنیان پێکرا، لە شوێنەکانیتری وەکو: کرماشان، تاران، گیلانغەرب، مازندەران چەندین خولیان بینیوە.

لەڕاپەڕیندا پێشمەرگەی بەتالیۆنەکان لەگەڵ هێزی پارتیزانەکان و سرکەکان و خەڵکیدا ڕۆڵی چالاکانەیان بینی لە پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی ڕژێمی بەعس و لە شەڕەکانی بەرگریکردن لە ناوچە ئازادکراوەکان.

بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان/ شۆڕشگێڕان

دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی ناو شۆڕش لە شاری ورمێی ئێران یەکیانگرت و کۆبوونەوەیەکیان کرد و بڕیاریاندا حیزبێکی سیاسیی دروستبکرێ و بۆ کارکردن بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، کە لەو بارودۆخەی ئێران بێئومێدبوون گەڕانەوە کوردستان، کەچی ڕژێمی بەعس هەریەکەیانی بۆ شوێنێک نارد کە یەکتربینینیان دژواربوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکۆشەرانە بە دزیی چاوەکانی دەزگا ئەمنییەکانەوە یەکیاندەبینی و بڕیاریاندا ڕێکخراوێک بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان دابمەزرێنن، لەو کەسایەتییانەش: شەهید عەلی عەسکەری،

ڕەسوڵ مامەند، سەعدی عەزیز (سەعدی گچکە)، عومەر مستەفا (عومەر دەبابە).. هتد، وەکو باسدەکرێ شەهید سەیدا سالح یوسفی لە پشت ئەم دامەزراندنەوە بوو.

ساڵی ١٩٧٦ دوای پەیوەندیکردنی ڕەوانشاد مام جەلال بە هەڤاڵانی بزووتنەوەوە بەتایبەتی شەهید عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەوە بڕیاریاندا وەکو باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاربکەن، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی نوێدا یەکەیەکە ئەو سەرکردانە گەیشتنە شاخ و بوونە پێشمەرگە و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ کەوت و لەڕووی ژمارەوە زۆربوون، چونکە ئەوان لەلای خەڵکیی ناسراوبوون.

بزووتنەوەی سۆسیالیستیی وەکو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ باوەڕی بە بەرنامەی سۆسیالیزم هەبوو، هەروەکو باوەڕی بە خەباتی چەکداریی دژی ڕژێمی بەعس و لەهەمانکاتدا باوەڕی بە گفتوگۆش لەگەڵ ڕژێمدا هەبوو ئەگەر ئامادەبێت دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێ.

بزووتنەوەی سۆسیالیستیی وەکو باڵێکی یەکێتیی لەگەڵ باڵەکانیتری ناو یەکێتییدا بەپێی ئەو ڕێژەیەی لەسەری ڕێککەوتبوون بەرپرس و کادیرەکانیان نوێنەرایەتییان دەکرد..

ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی ناکۆکییەوە بەشێک لە سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرشتیی ڕەسوڵ مامەند و هەڤاڵەکانیتری جیابوونەوە و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیان دروستکرد، تەنیا عومەر دەبابە لەناو یەکێتیدا وەکو سەرکردەی بزووتنەوە مایەوە، دوای ئەوە وردەوردە توانیی خۆی بگرێتەوە و سەرکردە و کادیریتر بەڕیزەکانیەوە پەیوەندییبکەن و سەرکردایەتییەکی نوێ دروستبکەن.

دواتر ساڵی ١٩٨٢ بزووتنەوە و هێڵی گشتیی لەکۆبوونەوەیەکدا یەکگرتنەوەی خۆیان لەژێر ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕاگەیاند، ئیتر هێڵی گشتیی وەکو باڵێک لەناو یەکێتیدا نەما.

بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان سێ جار زەبری بەرکەوت:

- لـه کارەسـاتی هەکاریـدا بەشـێکی زۆری پێشـمەرگە و کادیرەکانـی تیاچـوون.
- لـه جیابوونـەوەی رەسـوڵ مامەنـد و هەڤاڵەکانیـدا بەشـێکی باشـیان رۆیشـتن و یەکێتییـان بەجێهێشـت.
- لـه پەیوەندیکردنـی حەمـەی حاجـی مەحمـودی گوڵەخانـه بەحسـکەوە بەشـێکیتر لـه پێشـمەرگەکان لەنـاو یەکێتیـی رۆیشـتن.

دوای ئـەوەی کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتان لەبـەر رۆشـنایی بڵاوبوونـەوەی پریسـترۆیکا و گلاسنۆسـت لـه یەکێتیـی سـۆڤیەت خـۆی هەڵوەشـانەوە زەمینـەی ئـەوە سـازبوو کـه کۆمەڵـه و شۆڕشـگێڕان کـه ئەوکاتـه لـه ئێـران بـوون یەکبگرنـەوە و دوای گفتوگـۆ لەنێوانیانـا هـەردوولا خۆیـان هەڵوەشـاندەوە و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان وەکـو حیزبێـک راگەیەنـرا و هەمـوو دامودەزگاکانیـان یەکخسـت.

بزوتنەوەی ئیسلامی

لـه سـەروبەندی خۆپیشـاندانەکانی هەڵەبجـه مانگـی ١٩٨٧/٧ بزووتنـەوەی ئیسلامیـی وەکـو هێزێکـی چەکـدار خـۆی ناسـاند، کـه لەلایـەن مـەلا عوسـمان عەبدولعەزیـز و مـەلا عەلـی برایـەوە دروسـتکرا، ئـەم بنەماڵەیـه لـه سـنووری هەڵەبجـه و شـارەزوورردا ناوبانگیـان هەبـوو، لـه راپەڕینـی سـاڵی ١٩٨٧ی هەڵەبجـەدا ڕۆڵیـان هەبـوو..

بزووتنـەوەی ئیسلامیـی درێژکـراوەی رێکخـراوی ئیخـوان موسـلیمین بـوو، کـه لەعێراقـدا پەیدابووبـوو و لـه رێگـەی ئەمجـەد زەهاوییـەوە گەیشـته هەڵەبجـه و لەسـەر دەسـتی مـەلا عوسـمان و مەلاکانیتـر گەشـەیکرد، بـەڵام لەسـەرەتاوە خۆیـان وەکـو حیـزب رانەگەیانـد تـا لـه راپەڕینـی هەڵەبجـه بەشـداریانکرد و دەرچوونـه دەرەوە و رۆیشـتنه ئێرانـەوە.

بزووتنـەوەی ئیسلامیـی لـه کوردسـتان وەکـو پێناسـەدەکرێ رێکخراوێکـی ئیسلامیـی سـەلەفیی جیهادییـه، بـاوەڕی بـه فەرمانڕەوایـی ئیسـلام و حکومەتـی

ئیسلامیی کوردی هەیە لەسەر پێڕەوی ئەهلی سوننەت.. کار و بەرنامەیان بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامیی لەناو کوردستان و دژایەتیکردنی ڕژێمی سەدام بوو، کە بە توندی دژایەتیی بیری ئیخوانیی دەکرد.. لە سەردەمی ڕژێمی سەدامدا ئیخوانەکان چالاکییەکانیان هەڵپەسار‌دبوو.

بزووتنەوەی ئیسلامیی لە ئێران خۆی ڕاگەیاند و پێوەندیشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانی شیعەدا پتەو و بەهێزبوو، کۆمەک و هاوکارییان لەوێوە دابیندەکرا..

بزووتنەوەی ئیسلامیی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پەیدابوو، پێوەندییان بە یەکێتییەوە باشبوو، کاتێ وەکو کەوتنە کارکردن بە دێهاتەکانی شارەزوور دیوی زەڕایەن و قەرەداغ و بناری گەرمیاندا دەگەڕان و لەمزگەوتەکاندا یان دێوەخانەکاندا کۆبوونەوەیان بە خەڵکیی دەکرد، بەڵام چالاکیی چەکداریییان نەدەکرد، بارەگایەکیان لە سنووری شاخی گەورەقەڵای نزیک دەربەندیخان دانابوو.

لە هێرشەکانی ئەنفالی دووی قەرەداغدا بۆ سنووری دێهاتەکانی دیوی شارەزوور بەرەو دیوی گەرمیان کشانەوە و لەوێشەوە بۆ بناری قەندیل و ئینجا ناو ئێران کە مااڵومناڵیان پێشتر چووبوونە ئۆردووگاکانی ئێرانەوە.

بزووتنەوەی دیموکراتیی عێراقیی

ئەمە ڕێکخراوێکی عەرەبیی دژی ڕژێمی بەعسی سەدامیی بوو، هی ئەو خەڵکانە بوو کە لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بوون.. قاسم ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕبوو، دژی ڕژێمی پاشایەتیی بوو، توانی لەگەڵ ئەفسەرە ڕزگاریخوازەکاندا ڕژێمی پاشایەتیی لەناوببەن و عێراق بکەنە ڕژێمی کۆماریی.

قاسم سەرەتا وەکو ڕزگارکەرێک تەماشادەکرا، لە ساویلکەیی خەڵکەکە زۆر حیکایەتیان بۆ هەڵبەستبوو، هەموو خەڵک چەپڵەیان بۆ لێدەدا بەتایبەتی کورد چاوەڕێی ئەوەبوو لایلێبکرێتەوە و لەپاڵ ڕژێمی

تازەدا دان بەمافەکانیدا بنرێ، یەکێک لە هەنگاوەکانیش چەسپاندنی ناوی کورد لەدەستووردا بوو، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەبوو، بەڵام دواتر قاسم نەیتوانیی ئەوەی لێی چاوەڕواندەکرا جێبەجێببکات، لەگەڵ کورددا تێکچوو، کورد بۆ بەرگریی لە خۆی پەنای بۆ چەک برد و شۆڕشی هەڵگیرساند.

لە ماوەی حوکمڕانیدا قاسم تەنیا کورد دژی نەوەستایەوە، سەرەتا لەگەڵ شیوعییەکاندا نێوانی خۆشبوو، دواتر درزیان تێکەوت و دژی شیوعییەکانیش وەستایەوە، بەعسییەکانیش ململانێیاندەکرد و لەدواییدا بۆسەیان بۆ کوشتنی دانایەوە، لەو هەوڵەدا تەنیا بریندارکرا، دواجار کودەتایان بەسەرداکرد و کوشتیان.

خەڵکانێک دوای خۆی لەسەر بەرنامە و هەڵوێستەکانی مابوونەوە بەتایبەتیی دژی ڕژێمی بەعس، کە بۆیان هەڵکەوت قاسمیان لەناوبرد و ڕژێمێکی شۆفێنیی دیکتاتۆرییان دروستکرد جگەلە حیزبی بەعس کەس بۆی نەبوو هەناسەبدات، حیزب و ڕێکخراو قەدەغەبوو، تەنیا بەعس بۆی هەبوو حوکمبکات هەرکەسیتر بیەوێ هەبێ دەبێ نۆکەری بەعس بێ!

ئەم ڕێکخراوە لە بەعس قاچاغبوو، لەسوریاوە سەریهەڵدا و لەوێوە خۆی ناساند، کۆمەکی لە بەعسی سوریا وەردەگرت کە لەگەڵ بەعسی عێراق ناکۆکبوو.

ئەم ڕێکخراوە دۆستایەتیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەبوو، نوێنەری هاتە سەرکردایەتیی، ڕێککەوتن لەنێوانی هەردوولا مۆرکرا و دەستەیەک چەکداریان هاتنە گەرمیان و لەپاڵ بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان لە دێی بانیمۆرد بارەگایان دانا و دۆشکەیەکیان بۆ لێدانی کۆپتەر یان فڕۆکە دابەست.

دیارە بۆ پێوەندیکردن بەلایەنگرانیانەوە لە بەغداد و دەوروبەری لە دێی بانیمۆرد گیرسانەوە، بەڵام چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبوو، کاریشیان بە خەڵکی دێهاتەکانەوە نەبوو، خەڵکێکی بێدەنگوسەنگبوون.

لە سەروبەندی ئەنفالی سێی گەرمیاندا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣١ دوو فڕۆکەی جەنگیی گەورە بەسەر دێی بانیمۆرددا سووڕانەوە، چەند بۆمبێکی هێشوویی و ناپاڵمی چارەکە تەنییان فڕێدایە ناو دێیەکە و دەوروبەری، بە دۆشکەکەیان دەستیانکردەوە و تەقەیان لێکردن تا دوورکەوتنەوە و فڕۆکەکان چەند دێیەکیتریشیان بۆردوومانکرد.

کە گەرمیان لە خەڵکەکەی چۆڵکرا، هێزی پێشمەرگەش جگەلە پارتیزانەکان بەرەو سنوورەکانی سەرەوە هەڵکشان ئەوانیش خۆیان پێچایەوە و ڕۆیشتن.

بێسیم/ بێتەل

بێسیم ئامرازێکە لەناو هێزی چەکداردا چی ڕەسمی یان ناڕەسمیی بۆ پێوەندیکردن و گەیاندنی هەواڵ و وەرگرتنی زانیاری و دەنگوباس بەکاردێت.. لە کاری سەربازیدا دەزگایەکی سەربەخۆیە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ بەکارهێنان و فێربوونی ئامادەکرێت.

ئەم دەزگایە زۆر بایەخی دەدرێتێ و کارەکانی زۆر بە نهێنیی جێبەجێدەکرێ، چونکە پێوەندیی بە کاروباری ئاسایشەوە هەیە و دەبێ زۆر بەباشیی بپارێزرێت و شتەکانی نەدرکێنرێت.

نەک هەر دەوڵەت پێویستی بەم دەزگا گرنگە هەیە، بەڵکو شۆڕشیش زۆر پێویستی پێیەتی بۆ پێوەندیکردن بە یەکەکان و ئاگاداربوون لە جموجووڵەکان و گەیاندنی زانیاریی و بڕیارەکان و ڕێنوێنییەکان.. دیارە دەزگای بێسیمی شۆڕش زۆر جیاوازە لە هی دەوڵەت کە تۆڕێکی گەورە و بەرفراوان و کەرەسە و کەلوپەلێکی فرەی لەبەردەستدایە و هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە، بەڵام هی شۆڕش لەئاستێکی خوارتردایە و بەزۆریی ئەو دەزگایانە یان لە قاچاغچی دەکڕدرا یان لە شەڕ و چالاکییەکاندا وەکو دەستکەوت دەستی بەسەردا دەگیرا.

لە شۆڕشی ئەیلولدا دەزگای بێتەل بەشێوەیەکی سەرەتایی لە زۆر

ناوچە بۆ پێوەندیکردن بە سەرەوە دامەزرا کە خەڵکی شارەزا لە ریزەکانی سوپاوە پێوەندییان بەشۆڕشەوە دەکرد و ئەو دەزگایەیان بەڕێوەدەبرد.

لە شۆڕشی نوێشدا لەسەرەتادا هیچ جۆرە بێسیمێک نەبوو تا وردەوردە بەهۆی بەدەستهێنانی بێسیم لە شەڕ و چالاکییەکاندا دەزگایەکی تۆکمە دامەزرا کە لەسەرکردایەتییەوە پێوەندیی بەهەموو ناوچەکانی بوونی هێزەکانی پێشمەرگەوە دەکرا بۆ گەیاندنی هەواڵ و پەیام و دەنگوباس و زانیارییەکان لەبارەی دوژمن و تەنانەت کاروباری پێشمەرگە و شۆڕشیش..

لەسەرەتادا بێسیمی کۆڵەپشتیی سەربازی کە لەشەڕەکاندا دەست پێشمەرگە دەکەوتن، دواتر شۆڕش بێسیمی دەستیی پەیداکرد کە بەکارهێنانی زۆر ئاسانبوو راستەوڕاست دەڕۆیشت و لە شوێنی بەرزییەوە بە باشیی دەگەیشت.

سەرەتا ڕۆژی یەک جار بێسیمە گەورەکانی وەکو راکاڵ دەکەوتنەکار و دەکۆژێنرانەوە تا ڕۆژی دادێ، ئەوەش لەبەرئەوەی کارەبا نەبوو پاتری جیهازەکان چارچبکرێ (شحن)، کە پاتریەکەش دادەبەزێ پاتری یەدەک بەکاردەهێنرا و ئەویتر بۆ شار دەنێردرا تا پڕبکرێتەوە، هەروەها بێسیمی کۆڵەپشتیش هەبوو بەکاردەهێنرا بۆ مەودای نزیک تا لەدواییدا موەلیدەی کارەبایی بۆ چارچکردنی پاتریەکان بەکاردەهات و پەکنەدەکەوت.. دواتر بێسیمی دەستیی پەیدابوو کە بە پیلی قەڵەمی کاریدەکرد و زۆر کارا و بەکاربوو.

بێسمی سەرەکی لە سەرکردایەتی بوو، لەوێوە سەرپەرشتی هەموو بێسیمی هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچەکانیتر دەکرا و پێداویستییەکانیان دابیندەکرا و وایلێهات ڕۆژانە چەند جارێک پێوەندیدەکرا و دواتر کە شەڕ و چالاکیی و کاروباری شۆڕش بەرفراوان بوو هەموو سەرە سەعاتەکان یان بەردەوام پێوەندیی هەبوو.

بێسم کاری ڕۆژانەی شۆڕشی زۆر ئاساندەکرد کە پێشتر شتەکان بە ڕێگای تەتەرەوە دەگەیەنرایە سەرەوە یان نێوان هێزەکانی ناوچەکان

بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا لە رێگای بێسیمەوە ئاگاداریدەکرانەوە فریای یەکتر بکەون یان پێداویستییەکان لە نان و ئاو و تەقەمەنیی بگەیەنرێتە شوێنی شەڕەکە.

ئەوەی پێویستە بوترێ کادیرانی بێسیمی گەورە یان کۆڵەپشتەکان دەچوونەناو یان نزیکی ناوچەی شەڕەکانەوە تا هەواڵەکان بگەیەن، دواتر کە بێسیمی بچووک (هۆکی تۆکی یان تەلیفۆنکن.. هتد) زۆربوو بەرپرسەکان بۆ پێوەندیکردن و فەرمانکردن بەکاریاندەهێنا.

گەر لاپەڕەی دەزگای بێسیم هەڵبدرێتەوە چەندین پێشمەرگە و کادیری ئەو بواره شەهیدبوون و گیانیان بە نیشتمان بەخشیوە و سەروەرییان لە کتێبی مێژوودا نووسیوەتەوە.

بیروباوەڕ

هەر حیزب و رێکخراوێکی کوردی بگری لەهەر قۆناغێکی خەبات یان شۆڕشدا بانگەشەی بۆ بیروباوەڕی تایبەتی خۆی کردووە، بیروباوەری چەپی مارکسیزم- لینینیزم یان مارکسیزمی ماوی یان سۆسیالیستی یان بیروباوەڕی کوردایەتی.. هتد.

ئەمانە هەریەکەیان بگری هیچیان بە رووکەش نەبێت لەناوەڕۆکدا نەیانتوانیوە ئەو بیروباوەڕە پراکتیزەبکەن، چونکە نەیانتوانیوە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵی کوردەواریدا بیگونجێنن، جگەلەوەی بەقوولیی زانیاریی زۆریان لەسەر ئەو بیروباوەڕە نەبووە، بەزۆریی ئاگایان لە ناوەڕۆکەکەی نەبووە، سەرچاوەیان کەم لەبەردەستدا بووە، تەنیا لەملاولاوە هەندێ شتیان وەرگرتووە، ئێستاشی لەگەڵدابێت زۆر کەم کەس لەکورددا سەرمایەی مارکسی خۆێندووەتەوە، ئەگەر کادیرە باڵاکانی حیزب شارەزاییەکیان هەبووبێت بۆ خوارەوە بۆ ناو ئەندامان و خەڵکیی شۆڕنەبووەتەوە، ئیتر خەڵکی لە پەرۆشیی خۆی بەحیزبێکەوە کە هەندێ شتی لەبارەوە زانیوە پەیوەستبووە و خەباتیکردووە.

سەرکردە و تیۆریسینەکانی بیروباوەڕ لەسەرەتادا وا خۆیان نیشاندەدا شۆڕشگێڕن، بەڵام لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا گەوهەریان دەرکەوت کە لە خزمەتی چین و تویژە ڕەشوڕووت و چەوساوەکاندا نەبوون.

لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلولدا تەنیا حیزبی کوردی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە بیروباوەڕی نەتەوەیی بوو، کە وشەی دیموکراتییەتی بەخۆیەوە نابوو ئەوە بارودۆخی کورد و قۆناغەکە ئەوەی دەخواست ئەگینا هەرگیز لەکوردستاندا زەمینەی حیزبی دیموکراسیی نەڕەخساوە وەکو میتۆد، چونکە هەموو بڕیارەکان لەسەرەوە دەدرێ، تەنانەت دەزگا حیزبییەکانی خوارەوەش نەخشێکیان لە سیاسەتی حیزبدا نەبوو.

ئینجا حیزبی شیوعی عێراق وەکو باڵی کوردستان هەبوو کە بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی سەربە سۆڤیەتی هەبوو، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی چەپی دەکرد دژی ئاغا و دەرەبەگ و بەناو سیستمی سەرمایەداریی بوو لەلایەن تێکۆشەرەکانەوە بە شتێکی نوێ و باش و قۆناغەکەش ئەوەی دەخواست، بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە زۆر کەم کەس ئاگایان لە ناوەڕۆکی بیری مارکسیزم و ململانێ و ناکۆکییە فیکرییەکانی هەبوو، تەنیا دژایەتیکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوی زاڵ و دەرەبەگایەتی بەسبوو کە کابرا وەکو هەڵوێست ببێتە شیوعی، بەڵام وەکو فیکر نا، سەردەمانێک حیزبی شیوعی لەعێراقدا یەکەم حیزب بوو لەکوردستانیشدا لەدوای پارتییەوە دەهات.

هەر لەم قۆناغەدا باڵی مەکتەبی سیاسیی لە پارتی جیابوویەوە وەکو باڵی چەپی دژی باڵی دەسەڵات خۆی نمایشدەکرد، لەڕاستیشدا ئەوان لە کۆنگرەی سێیدا توانییان بیری مارکسیزم- لینینیزم لەپێڕەودا بچەسپێنن، کە ئەمە لە کۆنگرەی پێنجدا لابرا تەنانەت بارزانی و کۆمەڵەکەی کە چەند ساڵێک لە یەکێتیی سۆڤیەت بوون نەبوونە مارکسی، بۆیە ئەوەیان بۆ قووتنەدەدرا بیروباوەڕی مارکسی- لینینی لەپێڕەوەکەیدا دابنرێ.

لە شۆڕشی نوێشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە سێ باڵ پێکهاتبوو: باڵی کۆمەڵە کە بیروباوەڕی مارکسی- لینینیی کوردستان هەبوو، دواتر ئەم ناوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران گۆڕا و ئاو کرایەژێر

مارکسی- لینینی، کە ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵە بەکەمیی نەبێ لە ناوەڕۆکی فیکریی زۆر شارەزاییان نەبوو، کۆمەڵە وەکو ڕێکخستنێکی نوێ کۆمەڵێک خوێنەوار و تێکۆشەر و قارەمانی تیابوو کە لەشۆڕشدا توانییان جێگەی خۆیان بکەنەوە بەتایبەتی لەڕووی ئازایەتی و گورزلێدانی حیزبی بەعسی دیکتاتۆر و دژایەتیکردنی سیستمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێی دوور لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی.. ئەو گۆڕینی ناوە پاشەکشەیەک بوو لە ناوەڕۆکی مارکسیزم- لینینیزم و بیری چەپ.

باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کە ناوەکەی بەخۆیەوە بوو، پێڕەوی لە بیری سۆسیالیستی دەکرد، کە نە توانرا ئەم بیرە بەباشیی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بچەسپێ و نە زەمینەش سازبوو تا کۆمەڵێکی خاڵی لە چەوسانەوە و جیاوازیی دروستبکرێ.

باڵی گشتییش کە ژمارەیەکی کەمبوون بیروباوەڕی کوردایەتیی و نیشتمانپەروەرییان هەڵبژاردبوو، کە کوردایەتی هەرگیز بیر نەبووە، جگەلە رەوتێکی شۆڕشگێڕیی و هەڵوێستی تێکۆشەرەکانە لەخەباتکردندا لەبەرانبەر دوژمنی داگیرکەردا، دواییش ئەم باڵە نەما و دابەشبووەسەر هەردوو باڵەکەیتردا.

لەعێراقدا حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی هەبوو، کە حیزبێکی عروبەوی شۆفێنی دیکتاتۆری بوو تەنیا باوەڕی بە بوونی خۆی بوو عەرەب ڕزگاربکات، کەچی بیری سۆسیالیزمیشی هەڵبژاردبوو کە هی عەرەب نییە و دوای ئەوەی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا دەسەڵاتی گرتەدەستەوە هەرگیز نەیتوانی بچووکترین بنەمای سۆسیالیستی دابمەزرێنێ، کەچی لەهەردوو وڵاتدا کورد هەبوون بەبێ ئەوەی هەستبکەن دەبوونە جاش بەعسی کە ئەم حیزبە تایبەتمەندە تەنیا بە عەرەب و جێی هیچ غەیرە عەرەبێکی تیانابێتەوە.

ناکۆکیی نێوان حیزبەکان هیچی پێوەندیی بە بیروباوەڕ و فەلسەفەی کار و خەباتەوە نەبووە، بەڵکو ئەو ناوە بۆ یەکلاییکردنەوەی دەسەڵاتداریێتیی

و قورخکردن بەکارهێنراوە کە یەکتریان قبوڵنەبووە و بەزۆریش بە تووندوتیژیی و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانە مامەڵەیانکردووە.

کە شەڕی ناوخۆ دەکرا لەسەر ڕاستیی و ناڕاستیی بیروباوەڕ و بەرنامەی سیاسیی نەبوو، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندخوازی و خۆسەپاندن بوو، کە بەدووریش نازانرێ دەزگا سیخوڕییەکانی دەوروبەر لەژێرەوە ڕۆڵیان لەخۆشکردنی ئاگری ململانێکاندا هەبووبێت!

بە کوردییەکەی، لای خۆمان مەسەلەی بیروباوەڕ کارێکی ڕووکەشانەیە و بەزۆریش حیزبەکان وەکو مارکەیەکی بازرگانیی دەیانخستە بازاڕەوە بۆ نیازەکانی خۆیان نەک بۆ گۆڕانکاریی و دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێ و ژیانێکی ئازاد.

بەرەی ١٩ قۆڵیی (معارضة العتاوق)

ڕژێمی عێراقیی کە لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ ئێراندا و هەموو جۆرە ئازادییەکی لەعێراقدا تاساندبوو بەمەش لایەنگەلێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی لە دەرەوە بۆ دروستبووبوو، کە لەلایەن نەیارەکانی ڕژێمی عێراقەوە پاڵپشتیدەکران بەتایبەتی سوریا و لیبیا و ئێران، لەڕووی مادیی و سەربازییەوە کۆمەکدەکران بۆئەوەی ئەو لایەنانە کاری هاوبەش بکەن و گوشار بخەنەسەر ڕژێمی عێراق و لەو شەڕەیدا لەگەڵ ئێران لاوازبکرێ و بڕووخێنرێ.

سەرەتا لیبیا لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری تەرابلوس ئەو لایەنانەی کە ژمارەیان ١٩ لایەن لە عەرەب و کورد بوون کۆکردەوە، دوای گفتوگۆی زۆر ئەو لایەنانە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بەرەیەک دروستبکەن بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دروستکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراسیی کە تیایا ئۆتۆنۆمی بدرێتە کورد و مافی کەمینەکان دابینبکرێ.

بڕیاریشدرا کۆبوونەوەی دواتر لە دیمەشقی وڵاتی سوریا بکرێ، کە بە زۆریی ئەو لایەنانە لەوێ هەبوون، بەڵام وەکو دەوترێ حیزبی شیوعی

عێراق لەو رێککەوتنە ١٩ قۆڵییە پەشیمانبوویەوە و کاریگەرێتیی لەسەر کۆبوونەوەی دیمەشق دروستکرد، ئینجا ئەو شەڕ و ململانێیانەی لەنێوان یەکێتیی و جووددا دەکرا بووە مایەی ئەوەی ئەو هەوڵەی کۆبوونەوەی دیمەشق سەرنەگرێ و هەڵبوەشێتەوە.

لەڕاستیدا زۆربەی ئەو لایەنانە جگەلە لایەنە کوردییەکانی وەکو: یەکێتیی، پارتی، حیزبی سۆسیالیست، حیزبی شیوعی، لایەنە عەرەبییەکان سەنگێکی ئەوتۆیان لەڕووی سەربازییەوە لەکوردستاندا نەبوو هەر ناو بوون، ناوەڕۆکێکی ئەوتۆیان نەبوو بتوانن ترس بخەنەسەر عێراق، کە لەدواتردا بەوانە دەوترا ئۆپۆزیسیۆنی ئوتێل (معارضة الفنادق).

بەرەی کوردستانی

دوای ململانێیەکی توند و چەندین شەڕی خوێناویی لەنێوان لایەنە جیاجیاکانی شۆڕش کە دیارە لەسەر مەسەلەی هەژموونیی و دەسەڵاتداریێتیی و سەرکردایەتیکردنی شۆڕش بووە.. دواتر لایەنەکانی شۆڕش گەیشتنە قۆناغی ئاشتبوونەوە، سەرەتا حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دەرگاکەی کردەوە و بەدوایدا ئێران- یەکێتیی، ئینجا یەکێتیی- پاسۆک، پاشان یەکێتیی- حیزبی شیوعی، ئینجا یەکێتیی- پارتی دیموکراتی کوردستان شاندی گفتوگۆ و رێکەوتنیان بۆ لای یەکتریی نارد و پێکهاتن و ئاشتبوونەوە کرا.

ئەمە دوای ئەو هەموو شەڕە ماڵوێرانکەرە زەمینەی لەبارکرد کە هەنگاوی ئەرێنیتر بنرێ لە بارەی تەبایی و یەکهەڵوێستیی و یەکڕیزیی لە کاروبارەکانی شۆڕشدا.. سەرەتا رەوانشاد مام جەلال نامەی بۆ هەموو لایەنەکان نارد پێشنیاری لەمەڕ گرنگیی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعس کردبوو، لای خۆیانەوە هەموو لایەنەکان قایلبوونیان لەسەر ئەو پێشنیارە نیشاندابوو، لەدواساتەکاندا و لە سەروبەندی ئەنفالەکاندا نوێنەری

لایەنەکان کە پێکهاتبوون لە: یەکێتیی، پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی، پاسۆک، پارتی گەل.. دوای گفتوگۆی چڕوپڕ بڕیاری دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٧دا مۆربکەن و بڵاوییکەنەوە.

دواتر هەردوو حیزبی زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشووریش پێوەندییانکرد و بوونە ئەندامی بەرەی کوردستانیی.

بارەگای سەرەکی بەرەی کوردستانیی لە ڕاژانی ئێران بوو، هەر لەوێش ئۆرگانێک بەناوی بەرەی کوردستانیی دەرکرا کە نوێنەرانی لایەنەکان بەڕێوەیاندەبرد، چەندین نووسەر بابەتەکانیان تیادا بڵاودەکردەوە.

هەرچەندە بەرەی کوردستانیی نەیتوانی هێزێکی هاوبەشی یەکگرتوو بۆ ئەو قۆناغە دروستبکات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ پێکەوە دابەزین، هەروەها لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا دوای کۆڕەو یەکهەڵوێستبوون و شاندەکان دەچوونەوە بەغداد، دواتریش بەرەی کوردستانیی وەکو دەستکەوتێکی مێژوویی بڕیاری هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمانی کوردستانی دا، لەویشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بەمەش ئیتر ڕۆڵی بەرەی کوردستانیی کۆتاییهات و ئەرکەکەی تەواوبوو.

بەبەعسیکردن

بەعس حیزبێکی عروبەوی و ساختەچی بەناوی یەکێتیی و ئازادیی و سۆسیالیزمەوە لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە وەکو دەڵێن بە شەمەندەفەڕێکی ئەمریکی گەیشتە دەسەڵات لەعێراقدا.. هەرکە هاتەسەر تەختی حوکم وەکو حیزبێکی تاکڕەو دابێکی خراپی داهێنا کە دژی دیموکراسیی و ئازادیی بوو، ویستی خەڵکیی لەژێر ئاڵای حیزبی سەرکردەدا کۆببنەوە، وەکو بەعس بیربکەنەوە، ئەمەش ڕێگەگرتن بوو لە خەڵکیی تا کەس لەژێر ناوی هیچ حیزبێکیتردا جگەلە لە حیزبە کارتۆنییەکان کارنەکات و ڕێوشوێنی توندی گرتبووەبەر بۆ هەر ئەگەرێکی

لادان لـه بڕیارەکانـی.

بۆ ئەمـەش هەمـوو کووچـه و کۆڵان و شـەقام و ڕێوبانـەکان بـه دروشـمه سـاختەکانی بەعـس و وێنـەی سـەرکردەکانی وەکـو: میشـێل عەفلـەق و ئەحمـەد حەسـەن بەکـر و سـەدام پڕکرابـوون، تەلەفزیـۆن و رادیـۆ و ڕۆژنامـه بـەردەوام وتـار و دروشـمەکانی حیزبیـان بـه شـێوەیەکی بێزارکـەر دەوتـەوە، خەڵکێکـی هەڵپەرسـت و چەقۆکێـش و سـەرسـەرییان لـه دەزگا ئەمنییەکانـدا دانابـوون بـۆ تۆقانـدن و هەڕەشـەکردن و ناچارکردنیـان بـۆ پەیوەسـتبوون بـه حیزبـی بەعسـەوە، ئەوانـه لـه مێـژووی بەعسـدا ڕۆڵێکـی تاوانبارانەیـان بینـی و هەناسـەیان لـه خەڵکیـی دەچنـی تـا لەحەیبەتانـا وەکـو دەوتـرا حەپەکەیـان قووتـدەدا.. سـەیر لەوەدابـوو بەعـس ڕێکخسـتنێکی عەرەبییانـه بـوو، بەزۆرملـێ ملـی خەڵکـی غەیـرە عەرەبـی وەکـو: کـورد و تورکمـان و ئاشـووری.. هتـد، پێوەدەکـرد.

دامودەزگاکانـی بەعـس بەتایبەتـی دوای ئاشـبەتاڵ دەسـتیان بەتاڵبـوو، کەوتنـه وێـزەی خەڵکیی بـه چاوترسـاندن بیانکەنـه بەعسـی تـا بیر لـه هیچیتر نەکەنـەوە دژی بەعـس، ئـەوەی پەنجـەی بـۆ بەعـس بدایـه ئیتـر تـەواو لـەو بازنەیـەدا دەمایـەوە، هەرکەسـێ خەیاڵیتـری هەبوایـه سـزای تونـد دەدرا، چونکـه بڕیارێـک هەبـوو ئـەوەی بەعسـی بوایـه و لـه ڕێکخسـتنێکیتر بوایـه ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبـووەوە.

بەعسـی هەمـوو شـتێکی دەکـردە بەعسـی چ خەڵکـی مەدەنـی چ هێـزی سـوپا، تەنانـەت دامودەزگاکانـی حکومـەت، قوتابخانـه، زانکـۆ، پەیمانـگا، ڕۆژنامـه، تەلەفزیـۆن، شـەقام، بـازاڕ، مامۆسـتا، فەرمانبـەر، دارودیـوار.. ئەوەشـی نەبوایـه هەمـوو چـاوە ئەمنییـەکان چاودێرییاندەکـرد، کـه بگیرایـه شیشـی سـوورەوەکراوی بەقوڕگـدا دەکـرا.

عێـراق بووبـووە دەوڵەتێکـی پۆلیسـیی، بووبـووە مۆتەکـه بەسـەر دڵـی خەڵکـەوە، جگەلـه تـرس و هەڕەشـه هیـچ ئاوەدانییـەک لەعێراقـدا نەمـا، بەنـاوی بەعـس و دروشـمه قەبەکانـی کـه عەرەبیـش بڕوایـان پێنەدەکـرد و لـه دەسـەڵاتیشـی دەترسـان دۆزەخێکـی بـۆ عـەرەب و عێـراق دروسـتکرد،

ئەگەر لە ڕۆژانی سەرەتادا بەهۆی خۆمالێکردنی نەوت و هەندێ بووژانەوەی ئابووریيەوە جۆرە خۆشگوزەرانییەکی هێنا، بەڵام دواتر تاڵاوی لە کونەلووتی خەڵکیی هێنایەوە و بەناوی عروبە و ئوممەی عەرەبی و ئیسلامی بەعسییانەوە عێراقی تووشی شەڕی وێرانکەر کرد، کە لەدواڕۆژەکانیدا ئەو بەبەعسیکردن و دەسەڵات بەپۆلیسکردنە دادینەدا.

بەبەعسیکردن شیرازەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئازادیی بیری لەعێراقدا تێکوپێکدا و کەس بەدڵنیاییەوە سەرینەدەکردەسەر سەرین سەرخەوێکی ئاسوودەیی بشکێنێ، هەرکەسێ لە دەرەوەی بەعس هەرجۆرە بیروبۆچوونێکی هەبوایە یەکسەر بۆ زیندان و لەوێشەوە بۆ سێدارە.

خراپترین سەردەمی بەبەعسیکردن لە حوکمی سەدامدا بوو، سەدام نەک بەعسی تەنیا بۆ عێراق گەرەکبوو، بەعسی بۆ وڵاتە عەرەبییەکانیتریش دەنارد، خەڵکی بە پارە دەکڕی و دەینارد‌نەوە تا ڕێکخستنی بەعس دروستبکەن و هەلیان بۆ بڕەخسێ کودەتا بکەن و دەسەڵات وەربگرن و لەدواییشدا سەدام ببێ بە ئیمبراتۆری عەرەب.. سەدام خەڵکی لە ڕێگەی بیر و ئایدیۆلۆژیاوە نەدەکردە بەعسیی لە ڕێگەی پارە و دەمچەورکردنەوە.. بەشێک لە سەرکردە عەرەبەکان هەڵخەڵتانبوون و سەدامیان بە گەورە دەهاتە بەرچاو بەهۆی ئەو هەموو هاشوهووشەی بەناوی ئوممەی عەرەبییەوە دەیکرد، خۆی بە پاڵەوانێکی بەهێز نیشاندەدا کە هێزێکی سەربزیی تۆکمەی سەردەمییانە و پڕچەکی هەیە و کەس ناوێرێ خۆی لە قەرەی بدات.

بەبەعسیکردن نەک هەر کورد بڕوای پێنەبوو عەرەبەکانیش یان لەترسا یان بۆ دەستکەوتی کار و پلە و پۆست بە ناچاریی ملیان پێدادەکرد، زۆر بە کەمیی و بە ئارەزوو و لەتێگەیشتنەوە دەبوونە بەعسی، کە تەماشای زیندانەکان دەکرا ئەوسا دەزانرا چەندە پیاوی گەورە دژی بەبەعسیکردن و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بوون، سەدام ملی دەیان سەرکردە و فەرماندەی بەعسیشی هەڵگێشا کە وەکو ئەو بیریاننەدەکردەوە یان دەویانوت نا.

بەرهەڵستکارانی عێراقی/ ئۆپۆزیسیۆن

مەبەست لە بەرهەڵستکاربوون دژایەتیی ڕژێمی حوکمڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی، بەرهەڵستکاریی لە وڵاتانی دیموکراسیی کێبەرکێ و ململانێیە لەگەڵ حیزبی دەسەڵات لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانییەوە بۆ چاککردنی کاروباری حوکمڕانیی و باشتر خزمەتکردنی خەڵکیی و بەرقەرارکردنی دیموکراسییەت.

لەهەموو سەردەمەکانی ژیانی حیزبایەتی لەعێراقدا بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانیدا بوون بەتایبەتیی لە سەردەمی حیزبی بەعسدا، ئەوانەی دژی سیاسەت و بەرنامەی دەسەڵات بوون پێیاندەوترا حیزبی بەرهەڵستکار.

کە حیزبی بەعس هاتەسەر حوکم حیزب و لایەنی زۆر دژی وەستانەوە.. بەعس باوەڕی بە تاکحیزبیی بوو، دژی فرەیی و بوونی بەرهەڵستکار بوو، بەرهەڵستکاریی قەدەغەبوو ڕێگەینەدەدا هیچ حیزب و لایەن و کەسێک لەدەسەڵاتدا هەبن، ئەوانە بە دژی دەسەڵات و یاسای وڵات دادەنران، بەرهەڵستکاران لەناوەوە بە نهێنیی یان لە دەرەوەی وڵات کاریاندەکرد بارەگا و ڕادیۆیان بۆ بەربەرەکانێی ڕژێم بۆ دانرابوو، نەیدەویست کەس لەفەرمانڕەواییدا هاوبەشییبێت، هەر لایەنێکیش هەبووبێت ئەوا دەبوا لەژێر رکێفی بڕیارەکانی ئەودا بوایە.

حیزبە بەرهەڵستکارەکان نەیاندەتوانیی لەپاڵ بەعسدا هەڵبکەن و کاری سیاسیی بکەن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، مەگەر بە نهێنیی، دروشمی ڕووخانی ڕژێمیان بەرزدەکردەوە، ڕژێمیش بە دروشم نەدەڕووخا، بە زۆریی پرشوبڵاوی وڵاتان بوون چ لە وڵاتە عەرەبییەکانی سوریا، لیبیا، لبنان یان ئێران و ئەوروپا، لە ناوەوەی عێراق یان کوردستان هێزی چەکداری پێویستیان نەبوو، قووڵایی جەماوەرییان لەناوخۆدا نەبوو! پشتیان بە کودەتا دەبەست ئەویش هەر بە کۆرپەیی مردارەبووەوە،

بۆیە پێیاندەوترا بەرهەڵستکاری ناو هوتێلەکان.

ئەوانەی لە سوریا بوون بڕێکیان کەمەکێک هێزی چەکداریان پێکەوەنابوو، چالاکیی بەرچاویان نەبوو، ئەوانەشی لە ئێران بوون وەکو ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق ڕێکخراوێکی چەکداریان بەناوی لەشکری بەدرەوە دروستکردبوو وەکو بەشێک لە سوپای پاسداران بەشداریی بەرەکانی شەڕی عێراق – ئێرانیان دەکرد.

زۆرجار ئەو لایەنە بەرهەڵستکارانە خەڵکیان ئاشکرادەبوون، ئەوانەی دەستگیردەکران دەخرانە زیندانە تاریکەکانەوە و چاوەڕێی چارەنووسیی نادیاریان دەکرد، بەشێکیشیان دەربازدەبوون و رایاندەکرد یان دەچوونە دەوڵەتانی دەوروبەر یان خۆیان دەگەیاندە کوردستان.

لە وڵاتی لیبیا بەرەیەکی بەرهەڵستکاری ١٩ قۆڵیی پێکهات لەم لایەنانە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، حیزبی سۆسیالیستی، حیزبی بەعسی وڵاتی عێراق، سوپای ڕزگاریی گەلیی، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی دیموکراتییە سۆسیالیستییە یەکگرتووخوازەکان، یەکێتیی دیموکراتیی کوردستان، کۆنگرەی گەلی عێراق، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی پێشەنگی عێراقی، کۆنگرەی نەتەوەییە سۆسیالیستەکان، فەسائیلی شۆڕشی عێراق، سەربەخۆخوازە دیموکراتییەکان، بزووتنەوەی یەکێتیخوازە ئازادەکان، ڕێکخراوی نیشتمانپەروەرە دیموکراتییەکانی تورکمان، حیزبی کاری سۆسیالیستی عەرەبی، پارتی سۆسیالیستی کوردستان.

ئەم حیزبانە یەکگرتوونەبوون، زۆریان لەگەڵ یەکتردا لە بیر و بەرنامە و ئاراستەی سیاسیی ناکۆکبوون، بۆیە هیچ ڕۆڵ و قورساییەکی سیاسییان نەبوو، جگەلە ناوێکی بێناوەڕۆک.

لەناو بەرهەڵستکاراندا یەکهەڵوێستیی نەبوو، هەریەکە ئاوی لە ئاشێک دەکرد، لەنێوانیاندا ناڕێکی و بێمتمانەیی دەیخواردن، هەر ناویان هەبوو ناوەڕۆکیان نەبوو، نەیاندەتوانی خەڵکیی بۆ لەناوبردنی ڕژێم سازبدەن، بەرهەڵستکارییش تەنیا بە دروشمبازیی ناکرێ بە بەرنامەی کردەیی

دەبێ.

هەریەک لە لایەنەکانی بەرهەڵستکاران ئاراستە و تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ ئاییندەی دەسەڵاتداریێتیی لە عێراق هەبوو کە رێگەکەی پڕ دڕکوداڵ دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

یەکێک لە خەوشەکانی بەرهەڵستکاران درزتێکەوتنی ریزەکانیان بوو لەلایەن دەزگای موخابەراتی ڕژێمی عێراقەوە، زانیاریی کار و بەرنامەیان دەگەیشتە ڕژێم، بۆیە هیچ قورساییەکیان لەسەر ڕژێمی بەعس دروستنەدەکرد، هەر هەوڵێکیشیان لەناوەوە دابێ بۆ کودەتا دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس دەچوونەناویەوە و ئاشکرادەبوون، خەڵکێکی زۆریان دەگیران و لەقەسابخانەکاندا قەڵخدەکران و هەوڵەکانیان شکستیدە هێنا.

لە شۆڕشی نوێدا حیزبێکی زۆر وەکو بەرهەڵستکاری ڕژێم پەیابوون، ئەوانە زۆربەیان نەدەهاتنە کوردستان، هەندێکیان وەکو بزووتنەوەی دیموکراتخوازانی عێراقی سەربە عەبدولکەریم قاسم، بەعسی سەربە سوریا، سوپای ڕزگاریی عێراق دەهاتن و ماوەیەک دەمانەوە و دەڕۆیشتن، هیچ جموجوولێکی سەربازیی و چالاکییەکیان دژی ڕژێم نەبوو، لە سوریا و لیبیاشەوە پشتیوانیدەکران، چالاکییەکانیان تەنیا نووسینی بەیاننامە، دژایەتیی، ناڕەزایەتی دەربڕین، ئاراستەکردنی ڕێکخستنەکانی ناوەوەیان بوو، کە بە کەمیی هەیانبوو، بەڵام حیزبی شیوعی عێراق دوای تێکچوونی پێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی بەعس گەیشتەوە کوردستان و هێزی چەکداریشی هەبوو، لە زۆر شوێن بارەگای هەبوو، چالاکیی دەکرد.

لەدوای ئاشتبوونەوەی یەکێتیی لەگەڵ ئێران زەمینە سازبوو بۆ هاتنی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، کە هێزی چەکداری هەبوو، بارەگایان لە گەرمیان دانا، زۆرتر کاری حیزبییان دەکرد، چالاکیی سەربازییان نەبوو.

ئەوەی لە لایەنە بەرهەڵستکارەکان ڕەچاودەکرا وەکو چۆن ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عێراق ئامادەنەبوون دان بە مەسەلەی کورددا بنێن،

حیزبە بەرهەڵستکارەکانیش بەرانبەر مەسەلەی کورد یەکڕانەبوون، هەر بەرەیەک لەگەڵ ئەواندا هەر ئەوەندە سوودی هەبوو کە دژایەتی ڕژێمی بەعس دەکرا.

بۆسەدانانەوە

بۆسەدانانەوە تاکتیکی شەڕی پارتیزانییە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەرانبەر بە هێزەکانی دوژمن بەکاردەهێنرێ لەو شوێنانەی لەبارە بۆ دەستوەشاندنی کوتوپڕ و زیانگەیاندن بە دوژمن لەچاوتروکانێکدا بەجۆرێک نەتوانێ بە ئاسانیی دەستبکاتەوە.

پێشمەرگە خۆڕسکانە فێری بۆسەدانانەوە بوون، لە هیچ ئەکادیمیایەکی سەربازیی بە وانە نەیانخوێندووە، بە زۆریش کاری سەرکەوتووانەیان کردووە و کەمترینجار بەهۆی هەڵەوە تووشی زیان هاتوون.

هەروەکو چۆن پێشمەرگە بۆسە بۆ دوژمن دادەنێن ئاواش دوژمن بۆسە بۆ پێشمەرگە دادەنێت بەتایبەتی لەلایەن جاشەکانەوە کە زۆرجار ئیستیخباراتیشیان لەگەڵا بووە و زیانیان بە پێشمەرگە گەیاندووە.

لەبۆسەدانانەوەدا دەبێ کوتوپڕ و بە کەمترین کات و بە کەمترین زیان دەستبوەشێنرێ و خۆشیان دەربازبکەن، هەر هەڵە یان دواکەوتن یان کەمتەرخەمییەک بە زیان دەگەڕێتەوە.

گرنگیی بۆسەدانانەوە لەوەدایە کە ترس و بیمێکی زۆر دەخاتە دڵی دوژمنەوە و هەمیشە لە چاوەڕێی ئەوەدایە پێشمەرگە دەستبوەشێنێ، هەروەها دەستکەوتی چەک و کەلوپەلی سەربازیتر دەبێ.

دەبێ بۆسە بچووکبێ و بە دەستەیەکی چەند کەسیی بکرێ تا زیانی خۆیی کەمتر و هی دوژمن زۆرتر و دەستکەوتیش هەبێ.

دەبێ ئەو پێشمەرگانەی بۆسە دادەنێن پێشوەختە زانیاریی راست و دروست و تەواویان لە هاتنی هێزەکەی دوژمن هەبێ و پلانی تایبەتی دابنێن و بە باشیی شارەزای شوێنی بۆسە و کاتی گونجاوی بۆسەدانانەوە

بـه شـەو یـان بـه ڕۆژ بزانـن و تەنانـەت ڕادەی سـەرکەوتن و ڕێگـەی کشـانەوەش مسـۆگەربکەن.

دەبێ بۆسـەکە لەشـوێنێکدا بـێ دوژمـن هەسـتی پێنـەکات، کـە لێیـدەدرێ سـەری لێبشـوێنرێ و نەتوانـێ دەسـتبکاتەوە.. لەباریکـدا ئەگـەر هێزەکـەی دوژمـن زۆرتربـوو لـە توانـای هێـزی بۆسـەکەدا نەبـوو ئـەو کارە ئەنجامبـدا دەبـێ دەسـتبەجێ و وریایانـە بکشـێنەوە تـا تووشـی شـەڕی لابـەلا نەبـن و تیابچـن.

بۆرژوازی

بەپێـی تیـۆری مارکسـی کۆمەڵـگا کراوەتـە چەنـد چینێکـەوە یەکێـک لـەو چینانـە بۆرژوازییـە، ئـەم چینـە دەکەوێتـە نێـوان چینـی پرۆلیتاریـا و چینـی سـەرمایەدارەدا، بۆیـە پێشـیدەوترێت چینـی ناوەندی، چینێکـی بەرهەمهێـن نییـە، بـەڵام زاڵـە بەسـەر هۆیەکانـی بەرهەمهێنانـدا، خاوەنـی هەمـوو هۆیەکانـی بەرهەمهێنانـە، لەسـەر زێدەبایـی کرێـکاران دەژی، بـۆ خۆدەوڵەمەندکـردن کرێـکاران لەبەردەسـتیاندا کاردەکـەن و بەکاردەهێنرێـن و لەسـەر ڕەنجـی ئـەوان دەژیـن، بەرانبـەر پارەیەکـی کـەم کـە دەیاندرێتـێ!

واتـە بۆرژوازیـی بـەو خەڵکانـە دەوتـرێ کـە خاوەنـی دەسـەڵاتی دارایـی و سیاسـییە، پـارە و سـەرمایە و کۆمپانیایـان لەدەسـتدایە، وەکـو چینێـک توانیویەتـی دەسـەڵاتی خـۆی لەحوکمڕانیـدا بسـەپێنێ، بـە خۆشـگوزەرانی بـژی، داهاتـی لەسـەر لاشـەی ماندووی کرێکارانـە و هەمـوو ڕەنجەکەیـان دەبـا.

بۆرژوازییـەکان ڕۆڵـی بنچینەییـان لـە لەناوبردنـی ڕژێمـی دەرەبەگایەتیـدا بینیـوە، دوای گەشـەکردنی کۆمەڵـگای سـەرمایەداریی وەکـو چینێکـی کۆنەپەرسـت دەرکـەوت و لەگـەڵ چینـی کرێکارانـدا کەوتـە ناکۆکییـەوە!

شۆڕشـی پیشەسـازیی ئەوروپـا هـۆکاری گەشەسـەندنی بۆرژوازییـەت بـوو.. مارکـس هەڵسـەنگاندنی پێوەندیـی لەنێـوان کرێـکاران و بۆرژوازیـدا

کردووە، ڕەخنەی لە ڕەفتاری بۆرژوازییەت بەرانبەر کرێکار گرتووە.

لینین وەکو مارکسییەک باوەڕی بەوەبوو شۆڕشی سۆسیالیستیی پێویستە بۆ لەناوبردنی بۆرژوازییەت و چەسپاندنی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا.

هەندێک بۆرژوازی بە سێ بەشەوە پۆلێندەکەن:

- بۆرژوازیی گەورە/ ناوەندیی: خاوەن بانکەکان، پیشەسازان، بازرگان، خاوەن سەرمایەی بچووک.

- بۆرژوازیی ڕەسەن: ئورستوکراتی و سەرمایەدارە گەورەکان.

- بۆرژوازیی بچووک/ وردەبۆرژوا: پیشەوەر، مامۆستا، پارێزەر، پزیشک، ئەندازیار، خوێندکار، موچەخۆر، خاوەن کاری بچووک.

هەندێکیش دەیکەنە: بۆرژوازیی پیشەسازی، بۆرژوازیی بازرگانیی، بۆرژوازیی کشتوکاڵیی، بۆرژوازیی خاوەن بانکەکان یان دەکرێتە بۆرژوازیی ناوەند و گەورە و وردە بۆرژوازی.

بۆرژوازیی گەورە گەرچی لەکۆمەڵگادا بە ژمارە کەمن، بەڵام توانا ئابووریەکانیان لەدەستدایە، بۆرژوازیی ناوەند و وردەبۆرژوا لەڕووی ژمارەوە لەکۆمەڵگادا زۆرینەن.. بۆرژوازی بچووک لە خواست و هەڵوێستی کرێکارانەوە نزیکە و هەستی نیشتمانیی بەهێزترە، کە ئەم تویژانە دەگرێتەوە: مامۆستا، پزیشک، پارێزەر، ئەندازیار.. هتد.

لەنێوان بۆرژوازی و کرێکاردا هەمیشە ململانێی سەخت و بەردەوام هەیە، بۆرژوازی ڕەنجی کرێکاران دەبەن لەبەرانبەردا کرێکاران خەبات بۆ ئازادیی و ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی بۆرژوازییەت دەکەن.

هەمیشە ڕژێمی بۆرژوازی شۆڤێنیی کۆنەپەرستی عێراق، کە نوێنەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرانە، دژایەتی بۆرژوازی کورد و هەر جوواڵەیەکی خەباتی ڕزگاریخوازیی کردووە، لەبەرنامەیاندا پلانی لەناوبردنی کوردیان داڕشتووە و هەنگاو بەهەنگاو بە کەرەستەی جەنگیی لە لێدان و تێکدان دڕێغییاننەکردووە!

بۆرژوازییەتی عەرەبی عێراقی و حیزبە نەتەوەییەکانی نەیانتوانیوە

یان نەیانویستووە کار بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بکەن! بۆیە بۆرژوازیی کورد بەتایبەتیی وردەبۆرژوا لە وەڵامی ئەو هەڵوێستەدا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی ململانێی نەتەوایەتیدا بووە و رێژەی بەشداریان لە شۆڕش و کاری سیاسیدا زۆرتربووە و ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و لە خەباتی سیاسیی و چەکداریدا بەشداریانکردووە.

لە شۆڕشی کوردستاندا بە پلەی یەکەم بۆرژوازی بچووک ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان لە کاروباری سیاسیی و ڕێکخستن و شۆڕشگێڕیی و پێشمەرگایەتیدا بینیوە، چونکە ئەمانە ڕۆژانە بەرخوردیان لەگەڵ ستەم و نادادییەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا هەبووە و لە مەسەلەی هەستی نەتەوایەتیدا بە چینێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێست دادنرێ، وەکو چینێک ئامادە نییە سەر بۆ دوژمنی چەوسێنەر دانەوێنێ و ئازایانە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکان بەناوی کرێکار و بیربارەڕی کرێکارییەوە یان لەژێر کاریگەریتیی ئەواندا خۆیان رادەگەیەنن، بەڵام بە ناوەڕۆک لە کەسانی وردەبۆرژوا پێکدێن! سەرکردەی کرێکاریی لە حیزبە چەپەکانیشدا وەکو کرێکار بەدەگمەن هەیە!

بێتەل

یەکێک لە دەزگا گرنگەکان کە شۆڕش پێویستی پێیبوو دەزگای بێتەل بوو بۆ پێوەندیکردنی نێوان سەرکردایەتی و هێزەکانی خوارەوە و نێوان هێزەکانیش.. سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش هەژارانە بوو هیچیان نەبوو تەنانەت چەکیش دواتر شتیان پەیادەکرد، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە شۆڕش هێشتا بە باشیی هەموو ڕێوشوێنەکانی خۆسازدان و ئامادەکاریی نەکردبوو، بەڵکو ناچاریی پاڵی پێوەنابوو بچنە دەرەوە و چەکی خەبات هەڵبگرن.

دەزگای بێتەلیش یەکێک لەو کەرەستە پێویستانە بوو دەستەبەربکرایە

تـا سـەرەوە و خـوارەوە ئاگایـان لـە یەکتریـی بوایـە بـۆ بڕیـاردان و ئاگادارکردنـەوە و ڕاپەڕاندنـی کاروبـارەکان، بـەڵام لەسـەرەتاوە ئـەم دەزگا گرنگـە نەبـوو تـا وردەوردە لەچالاکییەکانـدا هەندێکیـان دەسـتدەکەوت و سـوودیان لێدەبینـی.

دەزگای بێتـەل جۆری زۆرە، ئەوەی بە دەستی سـوپای عێراقەوە لە جۆرە کۆنـەکان بـوو، لەدواییـدا سـوپای عێـراق جـۆرە تـازە و پێشـکەوتووەکانی بەکاردەهێنـا و دەسـت پێشـمەرگەش دەکەوتـن.

دەزگای بێتـەل جۆری گـەورەکان وەکو بێڵ، ڕاکاڵ ٩٣٢، ڕاکاڵ موحەسـەن، کنـۆت یابانـی، یاسـوو یابانـی، تۆمسـۆن و جـۆری بچووکەکانیـش وەکـو سـەلاحەدین، ١٠٥ی ڕووسـی، ناشـنالّ، هۆکـی تۆکـی، پیئارسـی، تەلەفۆنکـن.. هتـد.

ئـەم دوو جۆرە هەردووکیـان بـە زۆریـی پەیدابـوون و جـۆری بچووکـەکان لەلایـەن قاچاخچییەکانیشـەوە دەسـتدەکەوت و شـۆڕش دەیکـڕی و بەپێـی پێویسـت دابەشـیدەکرد.

سـاڵی ١٩٨١ پـەرە بـە دەزگای بێتـەل درا و تۆڕێکـی فـراوان دروسـتکرا کـە هەمـوو ناوچەکانـی دەسـەڵاتی شۆڕشـی بەیەکـەوە دەبەسـت بەجۆرێـک جگەلـە سـەرکردایەتی هەمـوو مەڵبەنـدەکان و تیپەکانیـش دەزگای گـەورەی ناوەندییـان هەبـوو.

سـەرەتا ڕۆژی یـەک جـار پێوەندییەکـرا بەهـۆی نەبوونـی کارەبـا بـۆ چارچکردنـی پاتـری دواتـر بـووە ڕۆژی چەندجارێـک و ئینجـا بووبـە بیسـتوچوار کاتژمێریـی.

ئـەم دەزگایـە پەیوەسـتبوو بـە مەکتەبـی سیاسـییەوە و بەختیـار مسـتەفا سەرپەرشـتیدەکرد و دواتـر فراوانکـرا و کادیریتـری بـۆ دانـرا و تەنانـەت وەرشـەیەکیش بـۆ چاککردنـەوەی ئامێـرە خراپبـووەکان دانـرا.

بـەو کەسـەی بەسـەر دەزگاکـەوە کاریدەکـرد دەوتـرا بێتـەل، کـە کەسـێکی متمانـەدار و جێبـاوەڕ و نهێنیپارێـز و ڕاستگۆ بوایـە، چونکـە هەمـوو شـتەکانی سـەرکردایەتی کـە بـۆ خـوارەوە دەنێـردرا و تەنانـەت جفرەکانیـش لای

بێتەلەکەکان بوو.

پاشان کە شەڕی بەرەیی دەستێپێکرد و هێزەکان لە دەوروبەری سەرکردایەتی بوون لای هەر هێزێک دەزگایەکی بێتەلی بچووک دادەنرا بۆ پێوەندیی و گەیاندنی هەواڵ و باسەکانی جموجوولّی هێزەکانی دوژمن.. ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەبوو لەڕووی پێوەندیی ڕۆژانەی سەرکردایەتی بە مەڵبەند و تیپەکان و دامودەزگاکانی شۆڕشەوە.

زۆرجار لەکاتی چالاکییە گەورەکاندا دەزگای بێتەلی گەورە «راکاڵ» دەبرایە نزیک شەڕگە بۆ راستەوخۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسی شەڕەکان و وەرگرتنی ڕێنوێنیی پێویست و چارەسەرکردنی گرفتەکان.

بوونی دەزگای بێتەل بەڵگەیەکی ڕوونە کە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە قۆناغێکی باش چووبوونە پێشەوە و کاروبارەکان لەئاستێکی باشتردا دەردەکەوتن.

پارتی گەلی

دوای ئاشبەتاڵ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی ڕاگەیاند، پارتی دیموکراتی کوردستان چەند لایەنێکی لێبووەوە وەکو: قیادە موومەقەت (ق. م)و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.

وەکو باسدەکرێ ناکۆکیی سەرانی قیادە موومەقەتە لەگەڵ ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆریان دووربکەونەوە و دواتر پارتی گەلی دیموکرات دروستبکەن.

ئەم پارتە لە تەممووزی ساڵی ١٩٨١ لە وڵاتی سوریا لەسەر دەستی محەممەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی شنگالی)و چەند کەسایەتییەکیتر دامەزرا، ئەو کەسایەتییانە لە سەرکردایەتییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان رازینەبوون وەکو لە کۆنفرانسی یەکەمی پارتی گەلدا سامی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە.

پارتی گەل لەڕووی بیروباوەڕەوە وەکو پارتێکی چەپی نەتەوەیی

خۆی ناساند، کە ئەو ڕۆژگارە هەر حیزبێک دروستدەبوو وشەی چەپی دەخستەناو پێڕەو و پرۆگرامەکەیەوە هەروەها نەتەوەش، تا سۆزی خەڵکیی یان دەرەوە بۆ خۆی رابکێشێ.

پارتی گەل بە قەبارە حیزبێکی بچووک بوو، هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە لە ناردنەوەی دەستەی پێشمەرگەکانیدا هەندێکیان دەگەنە ناوچەی زاخۆ و هەندێکیشیان لەلایەن پارتییەوە دەگیرێن و چەکدەکرێن و پێشمەرگەکان پەرتەوازە دەبن.

سامی لە سوریا دەمێنێتەوە بۆ خۆ بەهێزکردن پێوەندیی لەگەڵ ئێران و سوریا و لیبیا دەکات بۆ وەرگرتنی کۆمەکی دارایی و چەک و پێویستیی، وەکو باسدەکرێ یەک ملیۆن دۆلار لە وڵاتی لیبیا وەردەگرێ، سەرکردەکان لەناوخۆیاندا لەسەر ئەو پارەیە ناکۆکیی دەکەوێتە نێوانیانەوە و هەندێک لەو سەرکردانە جیادەبنەوە و وازدەهێنن.

دوای ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی جود لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی گەلیش لەگەڵ یەکێتیدا ڕێککەوت و هەندێ پێشمەرگەیان هاتنە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیی و بەدێهاتەکاندا دەسووڕانەوە.

لە کاتی دروستکردنی بەرەی کوردستانیدا پارتی گەلیش وەکو ئەندامێک بەشداربوو، ئەگەرچی کاتەکەی درەنگ بوو، بەڵام گرنگیی خۆی هەبوو، کە هەموو حیزبەکان یەک دەنگ و یەک هەڵوێستیان بۆ کارکردن هەبوو، کە لەدوای ڕاپەڕین ڕۆڵی لە بڕیاردانی هەڵبژاردن و دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو. باسی کتێبەکەی سامی عەبدولڕەحمان بکرێ (جولة فی الارض المحروقة)

پارتی پێشڕەو

پارتی پێشڕەو لەبنەڕەتدا دروشمێکی کۆمۆنیستانەیە، کاتی خۆی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە ئەدەبییاتی خۆیاندا دەیانوروژاند، دەبێ حیزبی کۆمۆنیستی و کریکاریی، پێشڕەویی هەموو حیزب و لایەنەکانیتر بکەن.. لە باشووری کوردستاندا پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی خۆی کە پێڕەویی لە بیری مارکسیزم – لینینیزم دەکرد بانگەشەی بۆ پارتی پێشڕەو دەکرد، دروشمی: پێشڕەوی کورد پارتییە.. ئەمەش لەناوەڕۆکدا دیکتاتۆرییەتی حیزب نیشاندەدات، کە دەبێ تەنیا هەر خۆی هەبێ و بڕیار بەدەستبێ!

پارتی پێشڕەو زۆرتر لە ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراوە و کاریگەرێتییەکەی گەیشتووەتە شوێنانیتر.. بەپێی تیۆری مارکسییانە پارتی پێشڕەو زاڵبوونە بەسەر بورژوازییەت و سەرکەوتنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و گەیشتن بە سۆسیالیزم، واتە دەسەڵات بکەوێتە دەستی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بچەسپێ، هەرچەندە لەناو پارتە کۆمۆنیستەکاندا ناکۆکیی لەسەر پارتی پێشڕەو هەیە، ترۆتسکی داوای پارتی سیاسیی نێودەوڵەتیی دەکرد.

وەکو دەوترێ یەکەم کەس ئەم چەمکەی دارشت لینین بوو، بۆئەوەی پرۆلیتاریا بەرەو جێبەجێکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی ببات، بەڵام ئەم چەمکە لەئایدیۆلۆژیایتریشدا هەیە.. لینین باوەڕی بە بوونی ڕێکخستنێک بوو بۆ پێشەنگایەتیی پرۆلیتاریا، پارتی پێشڕەویشی بە کلیلی بەدیهێنانی شۆڕشی سۆسیالیستی دەزانی، هەروەکو باوەڕی وابوو چینی کرێکار پێویستی بە پارتی پێشڕەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی خەبات لەپێناوی سۆسیالیزمدا، باوەڕیشی وابوو کە خاوەنانی هۆشیاریی چینایەتیی لە ڕۆشنبیرەکان دەتوانن ئامادەکاریی بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بکەن!

لـه ئەنجامـی شکسـتی شۆڕشـی ئەیلـول و قۆرخبوونـی دەسـەڵات لەلایـەن پارتییـەوە و ناونانـی خـۆی بـە پارتـی پێشـڕەو، یەکێتیـی ویسـتی تازەگەریـی بـکات و شـێوازیتر بێنێتەکایـەوە، ئەدەبییاتـی سـەرەتای دامەزراندنـی یەکێتیـی ئامـاژەی زۆری بـۆ پێویسـتیی بوونـی پارتـی پێشـڕەو تیایـە، کـە یەکێتیـی لـە چەندیـن پـارت دروسـتبێت و دواتـر پارتێـک جڵـەوی پێشـڕەوایەتیی بگرێتەدەسـت.

یەکێتیـی سـەرەتای دەسـتپێکردنی دژی ئەوەبـوو یـەک پـارت خـۆی بکاتـە کوێخـای خەبـات، لـە بەیاننامـەی دامەزراندنیـدا ئامـاژەی بەوەکـردووە لـە رەوتـی خەباتدا پارتی پێشـڕەو دروسـتدەبێ و کرێکاران چینێکی شۆڕشـگێڕە و خـاوەن تیۆرییەکـی شۆڕشـگێڕانەیە دەتوانـێ پێشـڕەوایەتی بزووتنـەوەی کوردایەتیـی بـکات!

لـە ئەدەبییاتـی کۆمەڵـەی مارکسـی – لینینـی کوردسـتان/ کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتانیش قسـەی زۆر لەبـارەی پارتـی پێشـڕەوە دەکـرا، هەروەکـو حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانیش پڕوپاگەندەیـان بـۆ پارتـی پێشـڕەو دەکـرد!

یەکەمجـار مەسـەلەی پارتـی پێشـڕەو لەلایـەن شـەهید ئارامـەوە وروژێنـرا، دواتـر نەوشـیروان مسـتەفا بابەتێکـی گرنگـی بەنـاوی (بـەرەو پێکهێنانـی حیزبـی پێشـڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانـی کوردسـتان) نووسـی، بەدوایـدا فەرەیـدوون عەبدولقـادر بابەتێکـی بـە ناونیشـانی (پارتـی پێشـڕەوی چینـی کرێکاری کوردسـتان) بڵاوکـردەوە، سـالار عەزیـز بـە بابەتـی (چەنـد سـەرنجێکی رەخنەگرانـە دەربـارەی پارتـی پێشـڕەوی چینـی کرێکاری کوردسـتان)ی وەڵامیدایـەوە، فەرەیـدوون عەبدولقـادر بـاوەڕی بەوەبـوو کرێکارانـی هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان پێویسـتی بـە یـەک حیزبـی سەرتاسـەری کوردسـتان هەیـە، کەچـی سـالار عەزیـز بەپێچەوانـەی ئـەو بـاوەڕە بـوو! لەهەمانکاتـدا هەڤـاڵ کوێسـتانی نووسـینێکی بەنـاوی (لەبـارەی حیزبـی سـەربەخۆی چینـی کرێکارانـی کوردسـتان) پەخشـکرد.

یەکێتیـی بـەو نیمچـە بەرەیـە وا دانرابـوو ببـێ بـە چەتـری گردبوونـەوەی

حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان تا خەباتی خۆیان بکەن، بەڵام نەیتوانی وەکو شەهید ئاراميش ئاماژەی پێداوە پارتی پێشڕەو دروستبکات، ئاراستەی فیکریی جیاجیا هەبوو، ئەگەرچی لەڕووی سیاسییەوە یەک بەرنامەیان هەبوو.

شەهید ئارام باوەڕی بەوەبوو بەرەیەکی یەکگرتوو بە سەرکردایەتیی چینی کرێکاران و حیزبە پێشڕەوەکەی پێکبێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قۆناغی شۆڕشی دیموکراسیی گەل، مام جەلالیش هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری سیاسیی و فیکرییەوە کەوتەژێر کاریگەریتیی مارکسیزم – لینینیزم ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ و لەژێر ناوی (پیرۆت)دا لەبارەی پارتی پێشڕەوی بزووتنەوەی کورد‌ایەتیی شتی نووسییوە.

هەرچەندە ئەو هەموو بانگەشەیە بۆ پارتی پێشڕەو کرا، قسە و باسی زۆری لەبارەوە وترا، بەڵام ئەمە هەر لە چوارچێوەی بانگەشدا مایەوە و هەرگیز نەتوانرا ئەو پارتی پێشڕەوە بە سەرکردایەتی پارتی کرێکاران دروستببێ، بگرە تا دەهات ئەم بابەتە لە ئەدەبییاتی رێکخراوە مارکسییەکاندا بەرەو کزیی دەچوو و زۆر بایەخی نەدەدرایە و تەنیا لەنووسیندا باسیدەکرا. پێش شەهید ئارام مام جەلال لە نامیلکەی (ی.ن.ک) بۆچی باسی پارتی پێشڕەو دەکات.. هەروەها لە شەستەکانیشدا بە زنجیرەیەک نوسین کە پێشتر محازەرەی حزبی بووە باسی پارتی پێشڕەوی کردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ لە حیزبی ڕزگاری و کۆمەڵەی شۆڕش و هەندێ کەسایەتیی حیزبی هیوا و خەڵکانی ڕۆشنبیر دروستبوو، کە مەلا مستەفای بارزانی کرایە سەرۆکی، بۆیە دەبینین پارتی سێ ڕەوتی لەخۆی گرتبوو: نەتەوەیی، مارکسی، خەڵکیتر.

پارتی حیزبێکی نەتەوەییە، ماوەیەک ئایدیۆلۆژیای مارکسی هەڵگرتبوو،

دواتر ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە پێڕەو و پرۆگرامدا هەڵگیرا، وەکو زۆر حیزبێتری ڕۆژهەڵات زاراوەی دیموکراسیی بەناوەکەیەوە لکاندووە.

یەکێک لە شانازییەکانی پارتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، کە ١٤ ساڵی خایاند، کە خەڵکیی پەرۆشی شۆڕش بوون، هێزی پێشمەرگە گیانفیدایانە خەباتیاندەکرد و دەستیان لە دوژمن دەوەشاند، شەڕ و چالاکی زۆریان دەکرد، ناوچەیەکی زۆر کەوتە بندەستیان و ئازادانە دەسووڕانەوە.

چەندینجار لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق گفتوگۆی کردووە گرنگترینیان ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بوو، کە چوار ساڵی خایاند.. ئەمە دەستکەوتێکی گەورەبوو، کە کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی دەسەڵاتداریێتیی خۆی بکات، کارێکی گرنگبوو هەردوو باڵی مەکتەبی سیاسیی و باڵی پارتییەکیانگرتەوە.. پشتوویەکی باشبوو بۆ هێزی پێشمەرگە بەخۆیدا بچێتەوە و باشتر خۆی ئامادەبکات، هەڵێکی گرنگبوو سەرکردایەتی هۆشیارانە سیاسەتی بکردایە، بارودۆخەکەی هەڵبسەنگاندایە و بەرژەوەندیی کوردی لەناو هاوکێشەکاندا بدۆزیایەتەوە، بەڵام دروستکردنی پردی پێوەندیی لەگەڵ ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل لەهەموو جۆرە پێکهاتنێک لەگەڵ عێراقدا ڕێگربوو، کە لەدوا ساڵدا دوای چەندین هاتوچۆ و گفتوگۆی گەرم و شەڕە ڕۆژنامە لەسەر هەندێ مەسەلە ڕێکنەکەوتن، مانگی ١٩٧٤/٣ شەڕ هەڵگیرسایەوە..

لەئەنجامی گوشاری حکومەتی عێراقی بۆ سەر کوردستان هێزی بەرگریی لە خەڵکی دێهاتەکان و سەربازە ڕاکردووەکان لە ریزەکانی سوپای عێراقیی وەکو هێزێکی یەدەک بۆ پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە دروستکرا، بەڵام ئەمانە چالاکیی کەمتریان هەبوو.

سوپای عێراقی هەمیشە لە شەڕی کوردستاندا بووە، بە هێزی سەربازیی و تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگیی پەلاماریدەدا، دەستی لە زیاندان و کوشتن و تێکدانی ژیانی خەڵکی کورد نەدەپاراست، بەتایبەتی خەڵکی دێهات، سەرەڕای ئابڵۆقەی ئابووری و قەدەغەکردنی هاتوچۆ، بە

سەدان هاوولاتیی شەهید و بریندارکران، زۆر فەرماندەی تۆندڕەویان هەبوو بەبێ هیچ تاوانێک خەڵکی مەدەنییان دەکوشت لەوانە: زەعیم سدیق و تەها شەکەرچی و دیانیتر.

جاشی کورد بەناوی فورسان سەلاحەدین بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش و چاوساغیکردن بۆ دوژمن دروستبوو، ئەمانە زیانێکی زۆریان لە شۆڕش و خەڵکی کوردستان دا، ئەوەی جاش دەیکرد هێزە ئەمنییەکانی دەسەلات بۆیاننەدەکرا.

لەهەمانکاتدا حکومەت فورسانی خالیدی کوڕی وەلیدی لە عەرەبەکان دروستکرد بۆ پەلاماری دێهاتە کوردەکان و تالانکردنیان، جگەلەمانە هێزی جەیششەعبی دروستکردبوو مێژوویەکی رەشی لە ئازاردانی خەڵکی دێهاتدا تۆمارکرد.

خراپترین کارێ لە ژیانی پارتیدا ڕوویدابێ دووبەرەکی و لێکترازانی باڵی مەکتەبی سیاسیی سالّی ١٩٦٤ بوو، بەهۆی ناکۆکیی لەسەر کۆمەڵێک خاڵ، هێز چووەسەریان، ناچار چوونە هەمەدانی ئێران، لەوێش تەنگیان پێهەڵچنرا و گەڕانەوە کوردستان، لەئەنجامی نەبوونی متمانە و هەڕەشە لێکردنیان باڵی مەکتەبی سیاسیی رێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقیی، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەبوو، یان دەبوا بکوژرانایە یان دەبوا ئەوەیان بکردایە.. ئەمە گەورەترین زەبربوو بەر پارتی کەوت، چەندین سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی هەر دوولا تیاچوون ئەمەش سوودی دوژمنی تیابوو، ئەمە لە مێژووی سیاسی و شۆڕشدا بەناوی جەلالی و مەلایی رۆیشتووە.

چەندین ڕووداوی گەورە لە ژیانی پارتیدا ڕوویداوە:

– لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، کە بۆ یەکەمجار کچە کوردێک لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لەسێدارەبدرێن.

– یەکێک لە تاوانەکانی بەعس بۆردوومانی شاری قەڵادزێ بوو بەتایبەتی زانکۆی سلێمانی بە فڕۆکەی جەنگیی کۆمەڵێک مامۆستا و خوێندکار و کارمەند و خەڵکی بێتاوان شەهیدکران، لەهەمانکاتدا شاری

هەڵەبجەش بە ناپاڵم بۆردوومانکرا و زیانی زۆری پێگەیشت.

- تێکچوونی رێککەوتنی ١١ی ئازار ئینجا ئاشبەتاڵی شۆڕش.

- بە خراپ ناوبردن و کوشتنی زیندانەکانی شۆڕش: رایات، خەلان، گەڵاڵە.

- ئەدای دەزگای پاراستن باشنەبوو.

لەدوای نەمانی شۆڕش و چوونە ئێرانەوە و لەگەڵ دەنگوباسی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، قیادە موەقەتە لە هەناوی پارتییەوە دروستبوە، کە شۆڕشی نوێ هەڵگیرسایەوە ئەوانیش بەناوی شۆڕشی گوڵانەوە هێزیان بۆ کوردستان ناردەوە و لەگەڵ یەکێتیدا کەوتنە ململانێوە، ئەگەرچی چەندینجار گفتوگۆیانکردووە، بەڵام هەمیشە بەگومانەوە لەیەکترییان روانیوە.. شەڕ لەنێوانیانا بەرپابووە، یەکەم شەڕیش لەناوبردنی دەستە یەکەمەکانی یەکێتیی بوو لە بادینان هەروەها شەڕی هەکاری.

لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتیی، پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی، پاسۆک بەرەی جەوقەدیان دروستکرد، زۆری نەبرد بەدوایدا پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی، پاسۆک، جگەلە یەکێتیی بەرەی جودیان دروستکرد، ململانێیەکان توندتر و گرژتربوون، بووە هۆکاری چەندین شەڕی خوێناویی، بەمەش دوو دەسەڵاتی جیاواز و دوو سنووری جیا و دوو هێزی ناکۆک پەیدابوویەوە وەکو سەردەمی جەلالی و مەلاییەکە، کە ئەم دوو ناوە لە شەڕی راگەیاندندا دەهێنرایەوە یاد.

ناکۆکییەکان بەردەوامبوون تاکو ساڵی ١٩٨٦ کە لایەنەکان گەیشتنە ئەوە کە پێویستە خۆیان رێکبخەنەوە، پێکبێنەوە، ئاشتببنەوە، سەرەتا سۆسیالیست دەسپێشکەربوو ئینجا پارتی، دواتر حشع، پاسۆک، پارتی گەل، هێزیان ناردە ناوچەکانی یەکتریی و لەدواساتەکانی ئەنفالیشدا لەسەر دروستکردنی بەرەی کوردستانیی پێکهاتن.

دوای کۆچیدوایی مەلا مستەفای بارزانی، ئیدریس بارزانی جێگرتەوە و دوای ئەویش مەسعود بارزانی بووە سەرۆک.

پاسۆك/ پارتی سۆسیالیستی کورد

پاسۆک لە هەناوی کاژیکەوە سەریدەرهێناوە، کە کاژیک لە ساڵی ١٩٤٢ دامەزرا و لە سلێمانیی لقی هەبوو.. پاسۆک ساڵی ١٩٧٥ دوای چەند مانگێک لە ئاشبەتاڵ لە شاری کەرکوک لەلایەن ئازاد مستەفاوە وەکو حیزبێکی نەتەوەیی کوردستانیی گشتگیر دامەزرا، کە باوەڕی بە کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

پاسۆک، هەرچەندە ناوەکەی پارتی سۆسیالیستی کورد بوو، سۆسیالیستیش بیرێکی چەپە، زۆر دژی بیری چەپ و شیوعییەت بوو، بانگەشەی بۆ ئایینی زەڕدەشتیی دەکرد و باوەڕی بەوەبوو زەڕدەشتیی ئایینی کوردە.

ئەم حیزبە هەمیشە حیزبێکی ناوچەیی بچووک و بە ژمارە کەمبووە، لە سنووریکی قەتیسی وەکو سلێمانیدا دەرکەوت و ئەوێی تێنەپەڕاند و نەگەیشتە ناوچەکانیتر مەگەر بەدەگمەن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە نوێنەری نەتەوایەتیی کورد دەزانی و دروشمەکەی: کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد.

ساڵی ١٩٧٦ دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ پاسۆک چەند دەستەیەک پێشمەرگەی لە سنووری دەسەلاتی یەکێتیدا پێکەوەنا و کاریکرد.. سەرەتا لەگەڵ یەکێتیدا دۆستایەتی هەبوو، بەڵام جارجارە پێشمەرگەی هەردوولا لەسەر هەندێ شتی لاوەکیی گرژییان دروستدەکرد، لەکۆتاییدا بووە مایەی دەستکردنەوە و میلی چەک هێنانەوە، ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٢ چەند پێشمەرگەیەکی پاسۆک و هەرێمی سێی یەکێتیی لە دێی مامەخەلان دەبێتە قڕەیان، و دوو پێشمەرگەی پاسۆک و یەک پێشمەرگەی یەکێتیی شەهیددەبن.. ڕۆژی دواتر هەندێ پێشمەرگەی یەکێتیی لەناو شاری سلێمانی دەگەڕێنەوە و بە ئۆتۆمبیل دەچنە دێی گەڕەدێ، ئاگایان لە هیچ نابێ، پێشمەرگەکانی پاسۆکیش لە گەڕەدێ دەبن، پێشمەرگەکانی

یەکێتیی دەکەونە بۆسەی پاسۆکەکانەوە و دەستیان لێدەکەنەوە و چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیی شەهید و بریندارەدەکەن..

ئیتر پاسۆک دوای ئەو ڕووداوە شارباژێڕی بەجێهێشت و دوورکەوتەوە بەرەو سنوورەکانی ئێران و پەنا هێزەکانی پارتی، لەوێ لەگەڵ پارتی، شیوعی، حیزبی سۆسیالیست بەرەی جودیان دروستکرد و کەوتەناو ململانێ و ناکۆکییەکانی بەرەی جود لەگەڵ یەکێتیی.

لە چوارچێوەی بەرنامەی ئاشتبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکانی جود لەگەڵ یەکێتیی ساڵی ١٩٨٧ پاسۆک لەگەڵ یەکێتیدا ئاشتبوویەوە، دواتر ساڵی ١٩٨٨ پاسۆک یەکێک لەو لایەنانە بوو بەرەی کوردستانییان پێکهێنا.

پرۆلیتاریا

پرۆلیتاریا دەستەواژەیەکی تایبەتە بە مارکسییەت، کە مەبەستی چینی کرێکارانە.. چینی کرێکارانیش ئەوانەن خاوەنی هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنان نین ناچارن لای سەرمایەداران بۆ پەیداکردنی بژێویی بەرانبەر کرێیەکی کەم کاربکەن.. واتە پرۆلیتاریا ئەوانەن هێزی کارەکەیان بە خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان یان سەرمادارەکان دەفرۆشن.

هەرکە باسی پرۆلیتاریا دەکرێت مارکسمان بیردەکەوێتەوە کاتێ کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا ئاماژە بەوەدەکات پرۆلیتاریا ئەو چینەیە خاوەنی هیچ ئامێرێکی بەرهەمهێنان نییە، وزە و هێزی خۆی بۆ بژێوی بە نرخێکی هەرزان بە سەرمایەدار دەفرۆشێت.

لە بەرنامەی مارکسیدا سەرەتا شۆڕشی کرێکاریی دەستپێدەکات و دەسەڵات دەگرێتەدەست، دیکتاتۆرییەتیی پرۆلیتاریا دەسەپێنرێت و بەپێی قۆناغبەندیی چینایەتیی دەوڵەت لەناو دەچێت..

پرۆلیتاریا وەکو زاراوە لەمارکسییەتدا بەو چینە دەوترێ لەکارگەکاندا کاردەکەن و خاوەنی هیچ سامان و سەرمایەیەک نین، تەنیا هێز و بازوویان هەیە، بە رەنجەشانی خۆیان کرێیەکی کەمیان دەدرێتێ بە کوللەمەرگیی

پێیبژێن، هەموو بەرهەمی داهێنانەکانیان لەلایەن سەرمایەدرانەوە دەبڕێ! ئەگەرچی ئێستا پرۆلیتاریا لە باری گوزەرانەوە لەچاو رابردوودا گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

پرۆلیتاریا سەرەکیترین چینی شۆڕشگێڕە لەچاو چینی بورژوازیدا کە هەمیشە لەگەڵیدا لەململانێدایە، لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەسەڵاتی سیاسیی دەگرێتەدەست و دەوڵەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بنیاتدەنێت!

پرۆلیتاریا لە وڵاتانی سەرمایەداریدا لەژێر رکێفی بوژوازیدایە، هەتا بەسەر مولکییەتی تایبەتیدا زاڵنەبن پرۆلیتاریاش ڕزگاری نابێ.. مولکداریێتیی تایبەتی بە شۆڕش نەبێ لانابرێ، چینی کرێکاریش بەو ئەرکە هەڵدەسێ، بە یەک جاریش مولکداریێتی تایبەتی لەناونابرێ بە قۆناغبەندی دەکرێ!

پرۆلیتاریای هەر وڵاتێک دژی سەرمایەدار و بورژوای وڵاتەکەی تێدەکۆشێ و هاوسۆزی پرۆلیتاریای وڵاتانیتریشە! چینێکی هۆشیارە بە خەبات بەسەر مولکییەتی تایبەت و هەموو جۆرە داگیرکردنێکدا سەردەکەوهێ.

مارکس و ئینگلز لەمانیفێستدا دروشمی: کرێکارانی جیهان یەککگرن بەرزکردەوە دواتر ئەم دروشمە لەلایەن مارکسییەکانی گەلانی ڕزگاریخوازەوە گۆڕاوە بۆ: کرێکاران و گەلانی ڕزگاریخوازی جیهان یەککگرن.

چەکی دەستی کرێکاران بۆ گوشارخستنەسەر دەسەڵاتی سەرمایەداریی ناڕەزایی و مانگرتنە لە کارکردن کە بەهۆیەوە دەتوانن دەسەڵاتی سەرمایەداریی و کارگەکان پەکبخەن.. کرێکاران لەپێناوی بەدیهێنانی ئاشتی و سۆسیالیستی خەبات دژی سەرمایەداران دەکەن، هەربۆیەشە لەهەموو توێژەکانیتری کۆمەڵگا شۆڕشگێڕترن و

ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی چینایەتییان هەیە.

شۆڕشی ئۆکتوبەر بە شۆڕشی پرۆلیتاریا ناسراوە، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی سەردەم بوو دنیای دابەشی دوو کەمپی گەورەی سۆسیالیستیی

و سەرمایەداریی کرد، لەهەمانکاتدا بووە سەرچاوەیەک بۆ پشتیوانی گەلانی ستەمدیدە، ئەگەرچی بۆ پشتیوانیی کورد زۆر مکوڕ نەبوون!

تەمەنێکی دوورودرێژە بیری چەپ لەکوردستاندا رەنگیگرتووە، حیزب و رێکخراوی خۆی دروستکردووە و جەماوەریشی هەبووە، بەڵام ئەو حیزب و رێکخراوانە بە کردەیی بەناوی پرۆلیتاریاوە نەیانتوانیوە جێپێی خۆیان بکەنەوە و بگەنە دەسەڵات چ بە رێگای شارستانی و خەباتی سیاسیی و چ بە رێگای خەباتی شۆڕشگێڕیی!

یەکێک لە حیزبە چەپە مارکسییەکان لە عێراق و کوردستان سەریهەڵدا حیزبی شیوعی عێراقە، کە پێگەیەکی گەورە و جەماوەرێکی بەرینی هەبوو، سەردەمێک زۆر بەهێزبوو، کەچی نەیتوانی جێ بە حیزبە بورژوازییەکان لێژبکات، بگرە خۆی کەوتە ناو بگرەوبەردەی دژایەتی و راوەدوونان، جگەلە حیزبی شیوعی رێکخراو و حیزبیتری چەپ و مارکسی بەناوی پرۆلیتاریاوە پەیدابوون وەکو کۆمەڵەی مارکسی – لینینی و زۆریتریش، ئەگەرچی کۆمەڵە سەرەتا وەکو باڵێکی چەپی پرۆلیتاریی لەناو یەکێتیدا کاریدەکرد، بەڵام نەیتوانی بەپێی ئەو بەرنامەیەی هەیبوو یان دەیویست هەیبێ بگاتە مەرامەکانی و لەدواییشدا لەبەر رۆشنایی هەلومەرجی پیرۆسترۆیکادا هەڵوەشێنرایەوە!

کوردستان وڵاتێکی داگیر و دابەشکراوە، خاوەنی کارگە و کەرەستەی پیشەسازیی نەبووە، لەو بەشانە کرێکاری کورد لە کارگە و کۆمپانیای دەوڵەتی داگیرکەردا رووبەڕووی زەبر و هەڕەشەی دەرکردن و چەوسانەوە دەبوون، کرێکاری کورد رووبەڕووی دوو جۆر چەوسانەوە بووە: چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی، بۆیە ئەرکی کرێکاری کورد لە کرێکاری دەوڵەتی داگیرکەری عێراق جیاوازبووە، خەباتی کرێکاری کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە خەباتی کرێکاری دەوڵەتی عێرق جیایە، خەباتی کرێکاری کورد بە پلەی یەکەم نەتەوایەتییە ئینجا چینایەتییە، خەباتی کرێکاری عێراقی چینایەتییە، بۆیەشە کرێکارانی کورد هەرگیز نەبوونەتە بەشێک لە کرێکارانی هیچ یەکێک لەو دەوڵەتانەی

داگیرکەری کوردستان!

کورد گەلێکی سەربەخۆیە و کرێکارانی خۆی هەیە، دەبێ حیزبی چینایەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان! کرێکارانی کوردستان بەبێ حیزبی سەربەخۆی خۆیان ناتوانن بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەڕێوەبەرن و ناشتوانن بیپارێزن، هەروەکو کرێکارانی دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن کرێکارانی کوردستان ڕزگاربکەن.

کرێکاران ئەوەندە ڕۆڵی گرنگیان هەیە ڕۆژی ١/٥ی هەموو ساڵێک وەکو جەژنی تایبەتی لەهەموو جیهاندا دیاریکراوە.. لە زمانی کوردیشدا بایەخ بە ئەدەبی کرێکاریی دراوە، چەندین بابەتی چیرۆک و ڕۆمان و شیعری کرێکاریی بەرهەمهێنراوە..

پزیشکی شۆڕش یان دکتۆری شۆڕش

یەکێک لە پێویستییە گرنگەکانی شۆڕش نەخۆشخانە بوو، نەخۆشخانەش پێویستیی بە دەرمان و پزیشک هەبوو.. سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش نەخۆشخانە بۆ پێشوازیکردن لە نەخۆش و بریندارانی شەڕ نەبوو تەنانەت پزیشک و پزیشکیار و برینپێچیش بە کەمیی پێوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو.

ڕژێمیش لە زۆربەی دێهاتەکان کە بنکەی تەندروستی تیاکرابووەوە بۆ گوشار خستنەسەر شۆڕش بنکەکانی دادەخست تا پێشمەرگە سوود لە دەرمان و چارەسەرکردنەکان وەرنەگرن، بۆیە چارەسەرکردنی پێشمەرگەی بریندار کارێکی قورسبوو زۆرجار لەبەر نەبوونی پزیشک و دەرمان بریندار مردووە.

لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕش پزیشک و پزیشکیار و برینپێچ بوونە پێشمەرگە و بارودۆخەکە گۆڕا، لەگەڵ کەرت و مەفرەزەکاندا برینپێچ یان پزیشکیار هەبوون بۆ ئاگاداربوون لە باری لەشساغی و چارەسەرکردنی

پێشمەرگەوە.

ئینجا بە هەوڵی ئازایانەی پزیشکەکان نەخۆشخانە و کەرەستە پزیشکییە پێویستەکان لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکان و هەندێ لە تیپەکان دروستکران و کادیری پزیشکییان بۆ چارەسەرکردن تەنانەت نەشتەرگەریش کە کارێکی زۆر زەحمەتبوو بۆ دابینکرا، پزیشکەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە چارەسەرکردنی تووشبووانی چەکی کیمیاوی و دەرکردنی ڕێنماییە جۆراوجۆرەکان بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی دێهاتەکانیش.

پزیشکەکان دوو ئەرکیان دەبینی پێشمەرگە بوون و پزیشکی چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارانی شەڕەکانیش بوون، لەخۆبوردووانە و چاونەترسانە شەو و ڕۆژ کاریاندەکرد، پێشمەرگە و خەڵکیان لە مردن ڕزگاردەکرد، ماندووبوونیان نەدەزانی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزگای تەندروستیی کوردستانی دامەزراند، بەپێی هەندێ زانیاریی ئەوانەی لە بواری پزیشکیدا لە نەخۆشخانەکانی یەکیتیدا کاریاندەکرد نزیکەی ١٥٠ کەس دەبوون لە پزیشک، پزیشکیار، برینپێچ، کارمەند، جگەلەوە پزیشکانی لایەنەکانیتریش هەبوون.

ئەمانە و هیتریش نموونەی بەرز و ناوی گەشن لە تابلۆی نەمریدا: د. شوان، د. زریان، د. هەڵۆ، د. هەژار، د. هێمن، د. شالاو، د. حەسان، د. جەبار، د. فایەق، د. حسێن.. هتد..

پزیشکانی شۆڕشیش بەشێکیان گەیشتنە کاروانی سەروەریی و شانازییان بۆ میللەتەکەیان نووسییەوە. بۆردی هۆشیاری لەسەر دکتۆرەکانی شۆڕش و نەخۆشخانەکانی شۆڕش سێ بەرگی بڵاوکردۆتەوە بەناوی ڕەهەندی تەندروستی.

پێشمەرگە

هەرکە دەسەڵات دروستبووە هێزی چەکداریش پەیدابووە بۆ پاراستنی پایەکانی ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش تەنیا خۆی ویستووە و هەموو شتەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا داناو و رێگەی بە کەسیتر نەداوە سەبەرزبکاتەوە..

کورد نەتەوەیەکە لەلایەن زلهێزەکانەوە پەرتکراوە و لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا داگیرکراوە، ئیتر کورد هەمیشە لەهەوڵدابووە ناسنامەی خۆی وەربگرێتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێ، پەنای بۆ خەبات بردووە، ئەمەش پێویستی بە هێز و چەک هەبووە.

ئەو هێزە لەهەرسەردەمێکدا ناوێکی هەبووە، لای کورد زۆر ناو لە چەکداری رەسمی و نارەسمی نراوە: چەتە، یاخی، چریک، سەرباز، ئەسکەر، یاساوڵ، جەندرمە، جاش.. هتد، لە سەردەمی شێخ مەحموددا بە هێزەکەی وتراوە چەتە، لە سەردەمی کۆماری مهابادداوشەی پێشمەرگە جێگەی گرتەوە، کە ئەم ناوە پڕ بە پێستی کار و ئەرکی ئەو چەکدارەیە کە پێش مەرگ دەکەوێ.. ئەمە جوانترین و ناوازەترین ناوێکە تائێستا لە چەکداری شۆڕشگێڕی کورد نرابێ.

لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێشدا هەر وشەی پێشمەرگە بەکارهاتووە وەکو هێمای کوردایەتی و هێزێکی نیشتمانیی خاوەن بیروباوەڕ لەبەرانبەر هێزی دوژمنی داگیرکەردا بەوپەڕی پاڵەوانێتیی لەشەڕەکاندا گورزی کەمەرشکێنی وەشاندووە، ئەگەرچی دوژمن بۆ شکاندنی شکۆی ئەم هێزە هەندێ وشەی وەکو: یاخی، لەیاسادەرچوو، خۆفرۆش.. هتد، بەکارهێناوە، بەڵام ئەم ناوە لای مرۆڤی کورد چەسپاوە و جوانییەکیشی بەخشیوەتە ئەو مرۆڤانەی لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمان و ئازادیی کورددا چەکەهڵدەگرن و دەجەنگن.

پێشمەرگە بوونەورێکی واقیعییە، پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕیی گیانبازیی

چەکداریی ئەنجامدەدات کە جێگەی سەرسوڕمانە و هیچ هێزێکی چەکداریتر ئەو نموونەی خۆبەختکردنە بەئەندازەی پێشمەرگە تیا نییە بۆیە زۆرجار بەپیاوی ئەفسانەیی ناودێرکراوە.. ئەمەش لەوە هاتووە کە دوژمنەکانی کورد بەوپەڕی توانای سەربازی و تەکنۆلۆژیای شەڕەوە بۆ لەناوبردنی کورد وەستاوەتەوە، ئەمەش پێویستی بە گیانبازیی و نواندنی قارەمانێتیی هەیە.

ئەرکی پێشمەرگە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و هێزەکانی بووە کە هەمیشە تەییاربوون بۆ شەڕی کورد و پێشمەرگە و ئەنجامدانی تاوانی وێرانکردنی کوردستان بەتایبەتی دێهاتەکان و ئابڵۆقە خستنەسەریان.

ئەوەی پێشمەرگە لە هێزی دوژمن جیادەکاتەوە بیروباوەڕی نیشتمانی و سۆزی نەتەوایەتییە بە چەکێکی سادەوە ڕووبەڕووی ئەو هەموو هێز و چەکوچۆڵەیەی دوژمن بێتەوە.. هێزی حکومەت و سوپاکەی خاوەن تەشکیلاتی جۆراوجۆر و بودجەی زەبەلاح و خەرجیی زۆر و پڕچەک و مەشقپێکراو و خاوەن کەرەستە و پێداویستیی سەربازیی بووە لەڕووی ئالیات و تۆپخانە و فڕۆکەی جەنگیی و هەلیکۆپتەر و تەقەمەنی زۆرەوە.. هتد، بەپێچەوانەوە هێزی پێشمەرگە تەنیا خاوەنی چەکێکی سووک و بیروباوەڕێک بووە، کە بەشی هەرە زۆریشیان لەڕووی سیاسییەوە کەمتر تێگەیشتنیان هەبووە تەنیا گیانێکی کوردپەروەری پاڵی پێوەناوە بۆ دژایەتیکردنی داگیرکەر و لەڕووداوەستانی سوپاکەی، بگرە هەندێ بەرنامەی سەرەتایی بۆ پەروەردەکردنی نەبێ هیچیتری نەبووە وەکو مەشق و فێرکردنی چەک و شارەزابوون لە هونەری شەڕ.. هتد.

پێشمەرگە لەژێر هەژموونی حیزبدا بوو چۆن ئاراستە بکرایە ئاوا دەجوولایەوە، کە پێویستی بکردایە چالاکی و شەڕی دەکرد و پێویستی بکردایە لە جموجوولی پێشمەرگانە دەوەستا تا رادەی ئاشبەتاڵ و چەک فڕێدان.

هێزی چەکدار بەپێی قۆناغەکانی خەبات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.. لە سەردەمی شێخ مەحمودا هێزەکانی لەئاستێکی سەرەتایی و بگرە

دواکەوتوویی سەربازیدا بوو، لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینی لەڕووی چەک و ڕێکخستن و توانای ماددییەوە، لە شۆڕشی نوێدا پێشمەرگە باشتر دەرکەوتن لەڕووی بیر و هوشیاری و جۆری چالاکیی و تەکتیکی شەڕ و داهێنان لە شەڕکردن و تەنانەت لە جۆری چەکیشدا کە بەزۆریی لە شەڕەکاندا دەستدەکەوت و هەندێکیشی پەیادەکرا.

لە شۆڕشی ئەیلولدا پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین ژمارەی پێشمەرگەی هەبوو، حیزبی شیوعی کەمتری هەبوو، لە شۆڕشی نوێشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەچاو لایەنەکانیتری وەکو پارتی و سۆسیالیست و شیوعی و پاسۆک پێشمەرگەی زۆرتری هەبوو.

لەشۆڕشدا هەر حیزب و لایەنێک پێشمەرگەی خۆی هەبوو، ناوچەی قورخکراوی خۆی هەبوو، بەجیا شەڕ و چالاکیی خۆی دەکرد.. ئەگەرچی لە شاخ بەرەی جەوقەد و جود هەبوون، بەڵام هێزی یەکگرتوو نەبوو، کە لە سەروبەندی ئەنفالەکەشدا بەرەی کوردستانی دروستبوو دیسانەوە نەتوانرا هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانیی پێکبهێنرێ و پێشمەرگەی لایەن نەمێنێ، بۆیە هێزی پێشمەرگە لەپاڵ ئەرکە نیشتمانییەکەی کە لێدانی دوژمن بوو ئامرازێکیش بوو بۆ شەڕی ناوخۆی لایەنە ناکۆکەکان کە تۆمەتیش دەخرێتە پاڵیان لە مەسەلەی شەڕەخۆری و لادان لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەتی دیلکوشتن، بەڵام ئەم کارە نابەجێیانە گشتگیر نەبوو، نەبووبووە دیاردە، بەڵکو کاری کەسیی بوو کە سزاشی بەدواوە بوو.

بەگشتیی پێشمەرگە ئەو تێکۆشەرە شەڕکەرە خاوەن بیروباوەڕە بوو بۆ نیشتمان و کورد خۆی بەختدەکرد و گیانی دەبەخشی و داستانی گەورەی تۆماردەکرد کە لەشەڕدا نموونەی کەموێنەی شکستی بەسەر دوژمندا دەسەپاند و سەرکەوتنەکانی لەبەرچاوی خەڵکیدا بوون، بۆیە لەناو خەڵکیدا پێگەیەکی گەورەی هەبوو، خۆشەویستبوو، دوژمنیش هەزار و یەک حیسابی لەسەر دەکرد.

پێشمەرگەی پارتیزان

پارتیزان بەو پێشمەرگانە دەوترا کە دوایی قۆناغی سێی ئەنفالی گەرمیاندا بڕیاری مانەوەیان لە دێهاتە چۆڵەکاندا دا، کە خەڵکەکەی بەشێکیان گیران و بۆ شوێنەکانی بێسەروشوێنکردن رەوانەکران و بەشێکیشیان بە هەزار حاڵ لە مەرگی بەعسییان دەربازبوون و چوونە ناو ئۆردوگا زۆرەملییەکان و شارەکانەوە.

ئەو پێشمەرگانە هەر لای خۆیانەوە بڕیاریاندا نە بچنەوە لای ڕژێم و نە بەرەو سنووری هەڵبکشێن، ئەمە هەڵوێستێکی مێرخاسانە بوو نەیانهێشت ئاشبەتاڵ بکرێ و گۆڕەپانی شۆڕش چۆڵبکرێ، بەڵکو لەو هەلومەرجە زۆر دژوارەدا بەردەوامییان بە هەنگاوەکانی خەبات دا لەکاتێکدا ڕژێم لەهەموو قۆڵەکانی شەڕەوە دوای بەرگرییەکی کەموێنەی هێزەکانی پێشمەرگە زاڵدەبوو، ڕەشەبای نائومێدیی ناخی کوردی دەسمی، سەرکردایەتی دووركەوتبوونەوە.

پارتیزانیی ئەم قۆناغە لە پارتیزانیی قۆناغی دەستپێکردنی شۆڕش جیاوازبوو.. لە قۆناغی یەکەمدا جگەلە لە دێهاتە سنوورییەکان کە ڕاگوێزران دێهاتەکانیتر ئاوەدان و لە شوێنی خۆیاندا بوون و پێشمەرگەکان بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە و ئێواران دەچوونە دێهاتەکان و ناو خەڵکەوە، بەڵام پارتیزانیی قۆناغی ئەنفال تەنیا خۆیان بوون، دێهات و خەڵکەکەی نەمابوون، ژیان شێوابوو، هیچ شتێک وەکو خۆی نەمابوو.

مرۆڤ زۆر زەحمەتە لەو چۆڵەوانییەدا بژی کە تا دوێنێ لەناو خۆشەویستیی خەڵک و خێزان و کەسوکاریاندادا خۆیان دەبینییەوە، بەڵام لەو قۆناغەدا دەبوو هەم ئەرکی پێشمەرگایەتیی و هەم ئەرکی مالداریی ببینن، دەبێ بەردەوام مشووری خواردن و خۆراک و پێداویستییەکان بخۆن، لەسەرەتادا سوودیان لەو خۆراک و کەلوپەلە بەجێماوانەی خەڵکیی لە کەنوکۆریان و قەڵبەزەکاندا شاردبوویابووەوە وەرگرت و قایمەیاندەکرد،

دواتر پێوەندییان بە رێکخراوی ناوشارەوە کرد کە ڕۆڵی فرە گەورەیان لە یارمەتیدانی بەردەوامیی پارتیزانەکاندا هەبوو، بەردەوام ئەرکیاندەکێشا و بە رێگاوە بوون و پێداویستییەکانیان دابیندەکرد، لەهەمانکاتدا پارتیزانەکان لای خۆیانەوە سەرچاوەیان لە رێگەی دۆست و خزم و کەسوکارەوە پەیدادەکرد.

بارودۆخی پارتیزانەکان زۆر سەختبوو، کەمیی خۆراک و کێومااڵی هێزەکانی ڕژێم و چاودێریی بەردەوامی جاش و سیخوڕەکان بۆ شوێنی پێشمەرگە ئەوەندەیتر دۆخەکەی ئاڵۆزکردبوو، هەر پێشمەرگە دلێرانە دەیانتوانیی بەرگەی ئەو هەلومەرجە ناهەمواڕە بگرن.

پێشمەرگە و کادیر و فەرماندە پارتیزانەکان لەپاڵ ئەرکی پێشمەرگایەتی و خۆبژێودا پێوەندییان بە خەڵکییەوە دەکرد بۆ ڕاکێشانی سۆز و پشتیوانییان بۆ شۆڕش و یارمەتیدانی خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، ئەگەرچی لەگەرمیاندا هەڵەیەک کرا لە پێوەندیی بەکەسانێکەوە بووە مایەی زیان لە شۆڕش.

دوای چەند مانگێک ئینجا سەرکردایەتیی کەوتە هەوڵی دروستکردنی دەستەیتر و ڕەوانەکردنیان بۆ ناوچە جیاجیاکان تا ئەو هێزانەی خوارەوە بگەڕێنەوە سەرەوەوە پشووبدەن، لەدواتردا هێزی تایبەتی پارتیزانەکان دروستکرا.

لەڕاستیدا هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە ئێران بوون هەموویان ئامادەبوون بۆ دابەزینە خوارەوە و مانەوە لە دۆخە نائاساییە کە کەم کەس دەیتوانیی لەوێ ژیان بگوزەرێنێ.

دیارە لەسەرەتاوە لەگەرمیاندا دوای تەواوبوونی قۆناغی سێی ئەنفال پێشمەرگەیەکی زۆر مابوونەوە، بەشێکیان بەرگەیان نەگرت و بەشێکیان بەهۆی نەخۆشییەوە بە ناچاریی خۆیان ڕادەستکرد، ئەوانەی گەڕابوونەوە هیچ هەڵەیەکیان نەکردبوو، ئەگەرچی هەرکەسێ دەگەڕایەوە لای ڕژێم پارتیزانەکان شوێنیان دەگۆڕیی، ئەگەر دوژمن زۆری خستبێتە سەریان ئەوان تەنیا شوێنی ئازووقە شاردنەوەیان پیشاندەدا و ڕاستییان لە

دوژمن دەشارده‌وە.

پێشمەرگە پارتیزانەکان ئەزموونێکی نوێیان خستەسەر خەرمانی ئەزموونی پارتیزانیی گەلانیتر و لەهەمانکاتدا ڕژێمیشیان هەراسانکردبوو کە هەموو ڕۆژێ بۆ کێماڵکردن بە دوای پارتیزانەکاندا دەگەڕان و لە ماوەی سێ ساڵدا تەنیا دووجار زەفەریان بە پێشمەرگەی پارتیزان هێنا، جارێکیان کۆپتەر دای لەو دەستەیەی لەگەڵ کاک ئازادی سەگرمەدا دابەزیبوون سێ پێشمەرگە شەهیدبوون و کاک ئازادیش بە سەختیی بریندار بوو.

پێشمەرگەی ناوشار

پێشمەرگە تەنیا لە شاخ نەبوون لەشاریشدا هەبوون، پێشمەرگەی شاخ بە ئاشکرا لە یەکەی ڕێکخراودا بەچەکەوە دەسووڕانەوە، لە پێگەکانی دوژمنیان دەدا، چالاکیی جۆراوجۆر دەکرد و ڕۆژانە زرمەی دەستیان دەهات، پێشمەرگەی ناوشار جۆرێکیتر بوون، ئەوان بە شێوەی نهێنیی ڕێکخرابوون و بە جیا لە ڕێکخستنەکانی ناوشار کاریانەکرد.

یەکەم دەستەی پێشمەرگەی ناوشار لە سلێمانی دروستبوو لەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ، بەڵام ئەو دەستەیە لە ئەنجامی چالاکییەکدا ئاشکرابوون و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و لە قەسابخانەکەی موسڵ لەسێدارەدران.

لە هەوڵێریش دیسانەوە دەستەیەک دروستبوو و چەندین چالاکیی کرد، لە کەرکوکیش بەهەمانشێوە چەند دەستەیەک پێشمەرگەی ناوشار دروستبوون.. گرفتی گەورەی ئەو دەستە پێشمەرگانەی ناوشارەکان ئەوەبوو زوو ئاشکرادەبوون، دەگیران و ڕووبەڕووی سزای زیندان و لەسێدارەدان دەبوونەوە بەهۆی ئەوەی یان پەلەیاندەکرد لە ئەنجامدانی چالاکییەکە یان هەڵە لە دەستنیشانکردنی چالاکییەکە یان درکاندنی قسەیەک یان بە ئاشکرا هەڵسوکەوتکردن دەبووە مایەی ئەوەی زانیاریی

بکەوێتە دەست دەزگا ئەمنییەکانی دوژمن.

مەبەست لە دروستکردنی پێشمەرگەی ناوشار گوشار دروستکردن بوو لەسەر هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم و هەراسانکردنیان لەلایەکیتریشەوە شەڕی پێشمەرگانە ببرێتە ناوشارەکانەوە، ئەگەرچی ئەمە کارێکی قورسبوو پێویستی بە پلانی تۆکمە و بەرنامەی پتەو و دابینکردنی پێداویستیی جۆراوجۆربوو، دەبوو لە خولی تایبەتدا فێربکرانایە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزگا ئەمنییە جۆراوجۆرەکان هەموو شوێنێکیان تەنیبوو، شۆفاری (جاسوس) کورد زۆربوون بچووکترین جووڵەی هەڵە دەبوونە تەڵەی دوژمنەوە.

پلنیۆم

پلنیۆم کۆبوونەوەیەکی فراوانی سنووردارە، لەڕووی دەسەڵاتەوە لە خوارەوەی کۆنفرانس یان کۆنگرەوە دێت.. پێڕەوی ناوخۆ بڕیاری چۆنیەتی کاتی بەستن و ڕۆژان و جۆری بەشداریی ئەندامان و ژمارەیان دیاریدەکات، کە کادیرە باڵاکانی حیزب بەشداریی تێدادەکەن.

لەپلنیۆمدا قسە لەسەر خاڵێک یان چەند خاڵێکی دیاریکراو دەکرێ وەکو گفتوگۆ لەبابەت مەسەلەیەکی دیاریکراو یان گۆڕینی مادەیەک یان چەند بڕگەیەک لە پێڕەو کە وا پێویستدەکات پلنیۆمی بۆ بکرێ.

زۆربەی کات پلنیۆم ماوەی یەک ڕۆژی خایاندووە لەو ڕۆژەشدا چەند کاتژمێرێکی خایاندووە و دوای گفتوگۆ چڕ و زۆرجاریش توند بڕیار لەسەر مادەکان دراوە و کۆتایی بە پلنیۆمەکە هێنراوە، هەر بڕیارێکی پلنیۆم وەکو بڕیاری کۆنفرانسەکان یاسایین وەکو خۆیان جێبەجێدەکرێن.

بەپێی سەرچاوەکان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە کاتوساتی جیاوازدا چەند پلنیۆمێکی کردووە و بڕیاری پێویست دراوە:

- پلنیۆمی یەکەم: لە مانگی ١٩٧٨/٤ بەسترا.
- پلنیۆمی دووەم: لە مانگی ١٩٧٨/١١ بەسترا.

- پلنیۆمی سێیەم: لە ١٩٨٥/١٠/١٠ بەسترا.
هەروەها یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش دوو پلنیۆمی بەستووە:
- پلنیۆمی یەکەم: لە ساڵی ١٩٨٥ بەسترا.
- پلنیۆمی دووەم: لە ساڵی ١٩٨٩ بەسترا.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخ یەک پلنیۆمی بەستووە ئەویش کاتی گەڕانەوەی مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بۆ کوردستان لە ناوچەی برادۆست بووە.

پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست

یەکەم کێشەی لەسەر پیرۆسترۆیکا بە کوردی گەیشتە دەستمان کێشەکەی مامۆستا حیلمی عەلی شەریف بوو.
ڕۆژانە لە ڕێگەی ئیزگەکانەوە هەمیشە بەدوای ڕووداوەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی کەمپی سۆسیالیستەوە بووین تا تازەترین زانیاریی ببیستین و ئاگامان لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بێت.
ڕۆژنامەکانی ئێرانیش شتیان لەو بارەیەوە دەنووسی و ئەوەی دەگەیشتە دەستمان دەمانخوێندەوە.
ئەوەی تێگەیشتین کەمپی بەناو سۆسیالیستی و دەوڵەتەکانی بەهەشتیان دروستنەکردبوو وەکو وێنادەکران، ئەوان زیاتر بایەخیان بە بەسەربازیکردنی وڵاتەکانیان دەدا تا بتوانن بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگەی سەرمایەداریی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا تەفروتوونابکەن، کە نەیانتوانیی.
ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتانە لەڕووی گوزەران و ئابووریییەوە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژاوا ناخۆشتربوو، ئازادیی سیاسیی و فیکریی نەبوو، دەسەڵاتی تاکحیزبیی زاڵبوو.
هەموو ئەو هەڵانەی دەسەڵاتدارێتیی دەسەڵاتدارانی کەمپی سۆسیالیستیی بەتایبەتی سۆڤیەتیی و ئەو گوشارانەی بەرانبەر بە

خەڵکەکەی خۆیان بەکاریاندەهێنا، ئەو هەموو زیادەڕەوییە خەرجییەی لەبواری پیشەسازیی سەربازیی و ئەتۆمیی و ئاسمانگەڕان، کە بەشێکیان پێویستی شارستانین کاری لە گرانیی باری ژیانی خەڵکیی دەکرد.

نەیانتوانیی سۆسیالیزم لە بیابانی تیوریی رووتەوە بۆ دەشتێکی سەوزەڵانیی ڕاستینە نەک خەیاڵی بپەڕێننەوە و ئەوەی بانگەشەیان بۆ دەکرد لە چوارچێوەی هاشوهووشی راگەیاندن و تیۆریی دەریانبهێنایە.

جگەلەوە وڵاتە زلهێزە سەرمایەدارییەکانیش هەمیشە لەبۆسەدا بوون بۆ پووچەڵکردنەوە و لاوازکردنی توانای دەوڵەتانی کەمپی سۆسیالیستیی بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت تا لەدواجاردا لە سەردەمی گورباچۆفدا ئەوەی نەخشەیان بۆ کێشابوو هاتەدی! کەمپێک ٧٥ ساڵ لە حوکمڕانیی لەبەرانبەر جیهانی سەرمایەداریی خۆی بەپێوەنەگرت و گڵۆڵەی کەوتە لێژیی و هەرەسیهێنا.

پیرۆسترۆیکا بەرنامەی چاکسازیی ئابووری بوو، گڵاسنۆستیش بەرنامەی کرانەوە و رووبنیی لەهەموو دامودەزگاکانی حکومەتی سۆڤیەت بوو، کە گورباچۆڤ بۆ بیناکردنەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت هێنانیەکایەوە، کەچی لەدواییدا ئەو دوو بەرنامەیە بوونە هۆکاری هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانیتری کەمپی سۆسیالیستی سەربە سۆڤیەت!

یەکێتیی سۆڤیەت وەکو وڵاتێکی فیدراڵیی هەڵوەشایەوە و ١٥ دەوڵەتی سەربەخۆی لێبووەوە! دەوڵەتەکانیتریش بەهەمانشێوە لێکترازانیان تووشبوو، تەنیا دوو دەوڵەت وەکو خۆی لەسەر بەرنامەی کۆمونیستی و سۆسیالیستیی مانەوە چین و کوبای بندەستی ئەمەریکا.

گورباچۆف ئەو هەنگاوانەی بە گڵاسنۆست و پیرۆیسترۆیکا ناوبرد و بەپەلە چووەناو فەرهەنگیی سیاسییەوە، سیاسەتێکی نوێی بۆ گۆڕانکاریی خستەکار، کەشێکی ئازاد هاتەئاراوە، خەڵکیی بەبێ ترس قسەیاندەکرد، دژی سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بیروڕایان دەردەبڕی.. گورباچۆڤ بە ڕووی گەندەڵیی و خەوشەکانی حوکمڕانیی و سیاسەتدا هەڵشاخا،

نەیارەکانی لە زیندانەکان ئازادکرد، دژەکانی لە دەرەوە گەڕاندەوە، ئەمە گەورەترین تەقینەوەی سیاسیی سەردەم بوو، دەوڵەتی زلهێزی سیاسیی و سەربازیی هەڵبوەشێتەوە، دەوڵەتی فیدراڵیی داغانببێ.

دەوترێ دەوڵەتە زلهێزە سەرمایەدارییەکان لە ڕۆژی دروستبوونی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی کاریان لەسەر دافەرتاندنی ئەو لاشەیە کردووە، کە دەیانویست ڕووی سەرزەوی بگۆڕن، سیستمی کۆمۆنیزمیی و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بگۆڕن، هەرچەندە ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستییانە لەنێوخۆیاندا ناکۆک و ناتەبابوون چەندین نموونەی حوکمڕانیی سۆسیالیستییان بنیاتنا، ئەمەش باری کاری دەسەڵاتدارە سەرمایەدارییەکانی بۆ خستنی ئەوان سووکترکرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆسەی ٧٥ ساڵی خایاند تا بەرهەمەیەکەیان چنییەوە، ئیتر وڵاتانی کەمپی سۆسیالیستیی ئەو هێزە بەهێزە مەترسیدارە نەما! وەکو بڵێی دەبێ کۆتایی سەدەی بیست دواڕۆژەکانی ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستییانە بژمێرێ!

پیرۆسترۆیکا و گڵاسنۆست هەر لە وڵاتانی کەمپی سۆسیالیستی گۆڕانکاریی نەهێنا، بەڵکو کاریگەرێتی لەسەر حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانیتریش هەبوو بۆ پیاچوونەوە بە بەرنامەی کاری سیاسیی و ئابووریی خۆیاندا بچنەوە.

لە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتدا یەکەم ڕێکخراوێکی مارکسیی دوای پیرۆیسترۆیکا خۆی هەڵوەشاندەوە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو! بۆ ئەمەش هۆکار هەبوو!

تاکتیك و ستراتیژ

ستراتیژ و تاکتیک دوو ئامرازن لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا بەکاردەهێنرێ و هەردووکیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

وەکو دەوترێ ستراتیژ داڕشتنی پلانێکی درێژخایەنە بۆ ئامانجێکی دوورتر، تاکتیک ئەو هەنگاوە کاتییانەیە بۆ گەیشتن بە پلانە درێژخایەنەکە دەنرێ.

سەرەتا ستراتیژ لە بواری سەربازیدا بەکاردەهات دواتر چووەناو هەموو کایە سیاسیی، ئابووریی و بوارەکانیتریش.

ستراتیژ بەپێی قۆناغ دەگۆڕێ، هەر قۆناغە ستراتیژی خۆی هەیە، هەروەها لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێ، ستراتیژی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکیتر جیاوازە، دەبێ لە داڕشتنی ستراتیژدا کۆمەڵێک شت رەچاوبکرێ: توانای نەتەوە، وزە، هێز.

نەک هەر دەوڵەت دەبێ ستراتیژی هەبێ، بەڵکو دەبێ هەموو حیزب و رێکخراوێک ستراتیژی خۆیان هەبێ، ئەوەی گرنگە لەستراتیژدا دەبێ خاڵەکان دیاریبکرێ: ئامانج، توانا، هێزی سەرەکی شۆڕش، بەرنامەی دوورمەودا، دۆست و دوژمن دیاریبکرێ، دەبێ هەمیشە رەچاوی ئەوەبکرێ ستراتیژی بچووک لە خزمەتی ستراتیژی هەمیشەییدا بێت.

مەرج نییە هەموو جارێ ئەو ستراتیژەی دادەنرێ سەرکەوتووە، چونکە باش دانەڕێژراوە، تاکتیکەکانی وەکو پێویست نەبووە.

تاکتیکیش ئامرازێکی خەباتە، کە دەبێ هەمیشە لە چوارچێوەی ستراتیژدا دابنرێ، تاکتیک هەمیشە شتێکی جووڵاو و راوەستاونییە، ستراتیژ نەگۆڕە و تاکتێک لەگۆڕاندایە، تاکتیک رێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ستراتیژ، چەند تاکتیک زیرەکانە دابڕێژرێ ئەوەندەش ستراتیژ سەرکەوتووەبێ.

ستراتیژی کورد ڕزگارکردنی کورد و کوردستانە لە داگیرکاریی و دروستکردنی قەوارەی نەتەوایەتیی، تاکتیکەکانی شۆڕشی چەکداریی و

خەباتی مەدەنیی و سیاسیی و دیبلۆماسییە.

ستراتیژ ڕوونە، بەڵام تاکتیکی حیزبەکان کەموکوڕیی تیابووە کە نەتوانراوە ریزەکانیان یەکبخەن و تواناکانی خەبات و شۆڕشکردن پێکەوە ئاراستەی دوژمن بکەن نەک هەمیشە خەریکی ناکۆکییە لاوەکییەکان بن و خوێنی کوڕی خەڵکیی بکەنە چرای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە.. دەرکەوت ئەو شۆڕش و خەباتە چەکداریییە بە ویست و پێویست سەرکەوتوونەبووە، هەموو جارێ لەناو پیلانەکانی دەوڵەتانی دەوروبەردا ڕەنج بەباچووین.

کەواتە گرفت لە ویست و داخوازییەکانماندا نییە، گرفت لە ستراتیژ و تاکتیکەکانماندا هەیە، باش دۆست و دۆژمن هەڵناسەنگێنین، شۆڕش بە سۆز و ڕۆمانسییەت ناکرێ، ئەوەی بە دۆستی دادەنێین دواتر دەستبەردارمان دەبێت، کە لێمانقەوما نازانین چیبکەین! ستراتیژی ئێمە لە دیاریکردنی دۆست و دوژمن جیاوازە لە هی خەڵکیتر، ئێمەی ئابڵۆقەدراو دەبێ بە جۆریتر بەرنامە داڕێژین، شێوازی کارمان بگۆڕین.

تاکحیزبیی

تاکحیزبیی پەتایەکی سیاسییە لەلایەن ئەو حیزبانەوە پێڕەودەکرێ کە بڕوایان بە دیموکراسیی و فرەیی نییە و پاشگری دیموکراسیشیان پێوەیە، ئەوانە دەسەڵات بەتەنیا لەخۆیاندا قورخدەکەن ئەو حیزبانە چ سۆسیالیست یان سەرمایەداریی بن!

عێراق هەرگیز دیموکراسییەتیی بەخۆیەوە نەبینیوە، لەهەموو قۆناغەکانی حوکمڕانیدا تاکدەسەڵات فەرمانڕەوا بووە، حیزبی بەعس کە هاتەسەر حوکم نموونەیەکی قەڵپی دەسەڵاتی تاکحیزبیی بوو هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسیی و حوکمڕانیی لەخۆیدا کۆکردبووەوە و ئەگەر ڕێگەیدابێ حیزبێک یان لایەنێک بەشداربێ ئەوا بە چاوی هاوبەش

تەماشاینەکردووە لەپەراوێزدا داینـاوە لەبڕیاردانـدا نەبـووە قسـەی نەیخـواردووە.

ئـەم نموونـە خراپـەی قورخکردنـی دەسـەڵات و بەربەسـت لەبـەردەم ئازادیـدا لـە کوردسـتانیش پێڕەوکـرا، لـە شۆڕشـی ئەیلولـدا تەنیـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەگۆڕەپانـدا بـوو، تەنیـا ئـەو دەسـەڵاتی سیاسـیی و حیزبایەتیـی هەبـوو، حیزبـی شـیوعیی عێراق کاری سیاسـیی و هێزیشـی لـە کوردسـتان هەبـوو وەکـو خـاوەن بڕیـار رێگەنـەدەدرا رەفتاربـکات.. بوونـی ئـەم دوو حیزبـە بـەو شـێوەیە بـە واتـای فرەحیزبیـی نەبـووە.

ئەگەرچـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان وەکـو حیزبێکـی نـوێ خـۆی راگەیانـد، وەکـو تاکەحیـزب خـۆی نەناسـاند، خۆیشـی بـە جێگـرەوەی هیـچ حیـزب و لایەنێکیتـر نەدەزانـی، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات یەکێتیـی گوتـاری سیاسـیی و مۆدێلـی نوێـی حیزبایەتـی هێنایـە ناوانـەوە.

لەمـەوە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـاوەڕی بـە فرەیـی دژی تاکحیزبیـی بـوو، بارودۆخیـش سـەلماندی بەرنامـەی تاکحیزبیـی خزمەتـی چارەنووسـیی سیاسـیی نـاکات.

تاکحیزبیـی وەنەبـێ بەڵگـەی بتەویـی ریزەکانـی حیـزب بـێ و درزی تیانەبـێ بەپێچەوانـەوە هەمیشـە ناوخـۆی حیـزب ململانێـی تیاڕوویـداوە بەهـۆی سـەپاندنی دەسـەڵاتەوە ناکۆکیـی کەوتووەتـەوە زۆرجاریـش بووەتـە هـۆی جیابوونـەوە و لێکتـرازان!

تاکحیزبـی ڕێ لـە ئازادیـی دەگـرێ، گۆڕەپانـی کارکـردن تەنیـا بـۆ یەکحیـزب تەختـدەکات ئەمـەش خنکاندنـی بیـروڕا و بیرکردنـەوە و هەوڵـدان بـۆ گەشـەکردن و گەیشـتن بـە مەبەسـت و ئامانجەکانـە بـە رێگای جیـاواز، بەپێچەوانـەی فرەیـی کـە ئاسـۆ والاّدەکات بۆئـەوەی هەمـوو لایـەک بێنەنـاو کایـەی کارکـردن و خەباتکـردن لـە چوارچێـوەی یەکێتیـی نیشـتمانیی و بەرژەوەندیـی نەتەوایەتیـی.

فرەحیزبیـی بـۆ یەکخسـتنی بەرنامـەی کار و هەڵبژاردنـی سـەنگەری خەبـات دژی داگیرکەرانـی کوردسـتان نـەک بـۆ ململانێـی نـاڕەوای ناوخۆیـی،

فرەییەک هەموو هێزەکان لەژێر ساباتێکدا کۆبکاتەوە نەک هەر لایەنە مالّێک بکاتەوە و ناکۆک و دوور لە یەکتریی، کە ئەمجۆرە لە فرەیی بوونی حیزب هەمیشە سەنگەریان لە یەکتریی گرتووە و دواجاریش شەڕی خوێناوی ڕوویداوە.

دوای ئاشبەتاڵ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروستبوو بانگەشەی بۆ فرەحیزبی دەکرد خۆیشی وەکو پێکهاتەیەکی سێ باڵ لە نیمچە بەرەیەکدا، کە هەریەکە جیهانبینی تایبەتیی خۆیان هەبوو، ئەگەرچی لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جیابوون لەڕووی سیاسیی و بەرنامەی ڕزگاریی نیشتمانی یەک ئاراستەیان هەبوو، هەریەکە لەڕووی کاری ڕێکخراوەیی ناوخۆوە سەربەخۆبوون، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرتبوو کۆمەڵی کوردەواریی لە چەندین چینی جیا پێکهاتبوو، پێویستی بەوەبوو هەر چینە نوێنەری خۆی هەبێ بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی ڕزگاریی نیشتمانیدا، تاکحیزبیی ناتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو چینەکان بکات.

لە شۆڕشی نوێشدا کە چەندین حیزبی جیا پەیدابوون وەکو: پارتیی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعیی، پاسۆک، کە لە بەرەیەکی سیاسیی و پێشمەرگایەتیشدا بوون، یەکێتیش کە نیمچە بەرەیەک بوو، بە واتای فرەحیزبیی لەدەسەڵاتدا نەبوو، چونکە یەکێتیی و پارتی هەریەکە زۆنی قورخکراوی خۆیان هەبوو، حیزبەکانیتر لەدەسەڵاتدا بەشدارنەبوون و خاوەن را و بڕیار نەبوون بگرە لە خولگەی حیزبی گەورە و دەسەڵاتداردا دەجووڵانەوە.

لەشۆڕشدا فرەحیزبیی، فرە دیدگای سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی پێویستە، لەهەمانکاتدا یەکخستنی ریزەکان و بەرنامەڕێژیی بۆ ڕزگاریی نیشتمانیی زۆر گرنگە و هیچ جێگرەوەیەکیتری نییە! واتە فرەحیزبیی هەبێ، نەک فرەدەسەڵاتیی، دەبێ بەرەیەک لەهەموو لایەنەکان دروستبکرێ کە یەک دەسەڵات سەرپەرشتی کاروباری خەبات و سیاسەت بکات.

دوای ئاشتبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکانی شۆڕشی نوێ و چوونە ناوچەکانی یەکتریی دەسەڵات هەر لای دوو هێزە سەرەکییەکەی یەکێتیی

و پارتی بوو، تەنانەت کە بەرەی کوردستانیش دروستکرا لە سەروبەندی ئەنفالەکاندا هەر بەناو بەرە بوو هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو یەکنەخرا، فەرماندەییەکی یەکگرتووی بۆ دانەنرا تەنانەت بۆ راپەڕینیش هەر لایەنە بە هێزی تایبەتیی خۆیەوە دابەزین و یەک بەرنامەشیان نەبوو، ئەوەندەی یەکێتیی بانگەشەی بۆ راپەڕین دەکرد لە رێگەی ئیزگە و رایەڵەکانی ڕێکخستن و ناردنەخوارەوەی هێزەکانی و پێوەندیی بە خەڵکیی و هێزە چەکدارەکانی ڕژێمەوە ئەوەندە لایەنەکانیتر دەنگ و رەنگیان نەبوو.

تالاّنوبڕۆ

لە دوو حاڵەتدا تالاّنوبڕۆ دەکرێ:

– لە کێشەی خێڵەکیدا کە پەلاماری یەکتری دەدەن

– هێزی دوژمن کە پەلاماری خەڵکی دێهات دەدا و سوپا و جاش و پیاوانی ڕژێم سامان و مالّ و کەلوپەلی خەڵکییان تالاّندەکرد.. ئێستاش هەر هێزێک پەلاماری هەر شوێنێک بدات یەکێک لە کارەکانی تالاّنوبڕۆیە.

وەنەبێ تالاّنوبڕۆ و دزی و راوڕووت کارێکی تازەبێت، بەڵکو هەر کەس و لایەک دەسەڵاتی گرتبێتە دەست و حوکمڕانی کردبێت هەرچییان لەدەستهاتبێ بۆ قایمکردن و پۆشتەوپەرداختی خۆیان درێغییاننەکردووە بۆ سەرکوتکردن و کەپەزەکردنی ئەو خەڵکانەی دەکەونە ژێر دەستیان.

هەرلەکۆنەوە سەرکردە و فەرماندەکان لەڕێگەی تالاّنوبڕۆوە خۆیان دەوڵەمەند و پارەدار کردووە، ئەگەر شتێکیان بۆ سەرووی خۆیان ناردبێ ئەوا پشکی شێریان بۆ خۆیان بردووە.

لە کتێبی (السیاده العربیه والشیعه والاسرائیلیات فی عهد بنبی امیه) لاپەڕە ٤٦ باسی ئەوەدەکات نەک هەر سەرۆکەکان لەسەر حیسابی بەیتولمال دەوڵەمەندەبوون، بەڵکو بڕێکیتر لە کارمەندە بچووکەکان هیچ کارێکیان نەبوو خۆدەوڵەمەندکردن نەبێ بە دزینی سامانی دەوڵەت و تالاّنکردنی ئەوەی دەستیان پێیدەگات..

دەوترێ لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لێکۆڵینەوەی ورد لەگەڵ جاببییەکان و کارمەندانی خەراجدا دەکرا لەکاتی وازهێنانیان لە کارە کارگێڕییەکانیان تەنانەت ئازاردەدران تا ناوی ئەو کەسانە بڵێن کە مالیان لاداناون تا بدرێتەوە بە بەیتولمال، ئەمە دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامی لە سەرەتای دروستبوونی وابووە.

ئەمە لە ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا وابووبێ، ئێستا خراپترە، دەیان شێواز بۆ تاڵانوبڕۆ لەسەر حیسابی دەوڵەت و خەڵکیی دۆزراوەتەوە، کە چەردەیەک دەبنە خاوەن سامان و بەهەزارانیتر بێدەرەتان.

وەنەبێ هەر هێزی سوپای دوژمن ژمارەیەکی کەم نەبێت، کە دەستی گەیشتبێتە مال و موڵکی خەڵکیی تاڵانیانکردووە، ڕوویداوە لەناو هێزی پێشمەرگەشدا کەسانێک لەڕووی نەزانییەوە بووبێ یان چڵێسی دەستیان بۆ دەستکەوتەکان بردووە و بۆ خۆیانیان بردووە بەبێ گەڕاندنەوەی بۆ سەرەوەی خۆیان، ئەمەش کارێکی دزێوی ناشۆڕشگێڕانە بووە، پێوەندی بە جۆری پەروەردەوەی پێشینەوە هەبووە، دوایش لەلایەن سەرەوە سزادراوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە دیاردە و لە ئاستێکی بچووک و کەمدا بووە، وەکو هەندێک دەیانەوێ ناوونانۆرە بدەنەپاڵ هەموو پێشمەرگە و هەڵەی یەکێک بەسەر هەموویاندا بسەپێنن، بەپێچەوانەوە بەزۆریی پێشمەرگە پارێزیان لەو کارە کردووە و لێی نزیکنەبوونەتەوە.

تەعریب/ بەعەرەبکردن

تەعریب واتە هەڵکەندنی خەڵکی کورد لەسەر خاکەکەی خۆی و دوورخستنەوەی بۆ شوێنیتر بەتایبەتی ئۆردووگا زۆرەملییەکان و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنەکانیان گوایە ئەمە بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتە، لەڕاستیدا ئەمە بۆ توانەوەی کورد و دابڕانی بوو لە شوێن و کلتوری خۆی و زاڵبوونی زمان و کلتوری عەرەبی.

وشەی تەعریب یان بەعەرەبکردن لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیی

عەرەبییەوە دەستپێکردووە بۆ ئەو ناوچانەی غەیرە عەرەبی بوون، کە هەموو شتێکی ئەو ناوچانە خراوەتەژێر رکێفی زمان و کلتوری عەرەبییەوە.

عەرەب بەناوی ئیسلامەوە ئیمپراتۆرییەتێکیان دروستکرد بە چوونە دەرەوەی حیجاز، دواتر پێیوترا نیمچە دوورگەی عەرەب، کە ناوچەیەکی بچووکە لەچاو ئەو شوێنانەی داگیریانکردووە بەمەش توانییان زۆر شوێنی ئەو ناوچە و وڵاتانەی وەکو میسر و شام و عێراق و ژووروووی ئەفریقیا داگیربکەن و خەلافەتی ئیسلامیی دابمەزرێنن، زمان و کلتوری عەرەبی کە کلتورێکی خێڵەکییە بسەپێنن، عەرەب بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە جۆرە خۆهەڵکێشانێکی هەیە و ئیسلام چووەتە هەر شوێنێک زمانی عەرەبی کراوەتە پیویستییەکی فێرکردن، بەڵام کە ئێران و ئەفغانستان و هەندێ شوێنیتریان داگیرکرد زمانی عەرەبی نەبووە جێگرەوەی زمانی خەڵکی ئەو وڵاتانە.

کە لەشکری عەرەبی – ئیسلامی هاتە کوردستانەوە تەعریبیش دەستپێکرد، قۆناغ بەقۆناغ بەردەوامبوو تا دەهات عەرەب دەهاتنە ناوچە کوردنشینەکانەوە و نیشتەجێدەبوون و تەنگیان بە کورد هەڵدەچنی.

لە سەردەمی نوێشدا کە دەوڵەتی عێراق دروستکرا لەدەستوردا باسی مافی کورد نەکرابوو، لە کاتی عەبدولکەریم قاسم باسی ئەوە کرا کورد و عەرەب هاوبەشن.. بەیانی ١١ی ئازار بۆ ماوەی چوار ساڵ ئۆتۆنۆمییەک بڕیاردرا، بەڵام هەمیشە لەگفتوگۆکاندا کۆسپ دروستدەکرا بەتایبەتی لەبارەی سنوور و کەرکوک و خانەقین و شنگال و هێزی پێشمەرگە.. هتد، لەدواییدا حکومەتی عێراق لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا نەبوو، هەرچەندە کوردیش ڕۆڵی لە شکستی بەیانی ١١ ئازاردا هەبوو، هەروەها دەوڵەتانی ناوچەکەش یاری خۆیان کرد.. ئیتر بەعس بەئاشکرا سیاسەتی تەعریبی دەستپێکرد و ئەو ناوچانەی گرنگبوو لە سنووری پارێزگای موسڵ و کەرکوک و دیالە لە خەڵکەکەی چۆڵدەکرا، عەرەبی دەبرایە شوێنیان و کوردیش دەبرانە ئۆردووگاکانەوە.

تەعریب لەلایەن دەوڵەتەوە بە بەرنامە دەکرا، دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق هەموو دەسەڵاتەکان کاریان لەسەر تەعریب کردووە تا لە سەردەمی بەعس گەیشتە چڵەپۆپە، ئەوەی لە سەردەمی بەعسدا کرا لە هیچ کاتێکیتردا نەکراوە، بەعس تەعریبی جوگرافی دەستپێکرد تا دواتر تەعریبی کلتوریی تەواوبکات.. هەم دەرپەڕاندنی کورد لە ناوچە سنووریيەکان و هەم لە ناوچە نزیکەکانی چاڵە نەوتەکان.. ئەمەش زیانێکی زۆری لەڕووی ئابووریی و گوزەران و تەنانەت کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بە کورد گەیاند.

شاڵاوی بەعەرەبکردن تەنیا دەرکردن و کۆچپێکردنی خەڵکیی لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان نەبوو، بەڵکو لایەنی رۆشنبیریی و کلتوریشی گرتبووەوە بەپێی ئەو بەرنامەیەی بەعس دایڕشتبوو بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافیی و زاڵبوونی رەگەزی عەرەب، ئەمەش لەناوەڕۆکدا بەشێکبوو لە سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی بەعس بۆ توانەوەی کورد بەکاریدەهێنا.

یەکەم هەنگاوەکانی تەعریب لەکەرکوکەوە دەستیپێکرد تا دەگاتە ناوچەکانی موسڵ و دیالە و تکریت، کە گۆڕانکارییان تێداکراوە، هەموو خەڵکەکەی دەگواستەوە بۆ شوێنێتر، دێهاتەکانی دەڕووخاند و دواتر عەرەبی دەهێنایە ئەو دێهاتانە و نیشتەجێیدەکردن و زەویوزارەکانیان دەکێڵا و لەوەڕەکانیان دەخوارد بەبێ ئەوەی هەستبکەن ئەو شوێنە هی خۆیان نییە و داگیرکردنە.

بەعس هەربەوەوە نەوەستا بەڵکو یەکێک لە سیاسەتە چەپەڵەکانیتری ناچارکردنی خەڵکی تیرە و هۆزەکانی کورد بوو رەگەزی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن بیکەنە عەرەب، بەمەش هەندێ خەڵکی هەندێ هۆز کەوتبوونە ژێر کاریگەریێتیی ئەو ترس و تۆقاندنەی بەعسەوە و رەگەزنامەی خۆیان گۆڕیوە.

لەبەرانبەر شاڵاوی تەعریبدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بیدەنگ نەبوو، هەر لەگەڵ پەیدابوونی هێزی پێشمەرگە دژی سیاسەتی تەعریب وەستایەوە و پێشمەرگەکانی لە ناوچە جیاجیاکان هەڕەشەیان دەکرد کە

بـه بڕیـاری بەعـس هاتبوونـه دێهاتـه چۆڵکـراوەکان و نیشـتەجێدەبوون و زەویـوزاری خەڵکەکەیـان داگیردەکـرد، ئەمـه ترسـولەرزی خسـتبووه دڵـی ئـەو عەرەبـه تەعریبانـەوە و لەترسـدا دێهاتەکانیـان بەجێدەهێشـت.

تۆپباران

دوژمـن لەهـەر شـوێنێکدا پێشـمەرگە هەبووبـێ بـارەگای هەبووبـێ یـان نەیبووبـێ تۆپبارانـی ئـەو شـوێنەی دەکـرد، لـەدوای شـەڕی ئێـران – عێـراق کاتـێ پێشـمەرگە لەدێهاتەکانـدا بارەگایـان دانـا ئیتـر ئـەو بارەگایانـه بوونـه ئامانجـی تۆپەکانـی ڕژێـم بـۆ هەراسـانکردن و زیانگەیانـدن بـه پێشـمەرگە و خەڵکیـش.

بەتایبەتـی ڕۆژانـه بارەگاکانـی سـەرکردایەتی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و بارەگاکانـی ڕاگەیانـدن و ئیزگـه و نەخۆشـخانه و بـارەگای مەڵبەنـدەکان دەدرانەبـەر تـۆپ، تۆپبارانکردنیـش کاتـی بـۆ نەبـوو، جـاری وابـوو بەیانـی زوو یـان نیـوەڕوان یـان کاتـی نانخواردنـی ئێـواران یـان درەنگانـی شـەو بـوو.

زۆرجـار زیـان بـه بـارەگاکان دەگەیشـت، پێشـمەرگە شـەهید و بریندارەبـوون یـان خەڵکـی دێهاتەکانـی دەوروبـەری سـەرکردایەتی و بارەگاکانیتـر بەردەکەوتـن.

عێـراق خاوەنـی تۆپخانەیەکـی گـەورە و جبەخانەیەکـی زەبـەلاح بـوو، هەزارەهـا جـۆری جیاجیـای تۆپـی دوورهاوێـژ و مامناوەنـد و کورتهاوێـژی هەبـوو، ئـەوەی لـه بەرەکانـی شـەڕی ئێـران – عێـراق بەکاریدەهێنـا لـه شـەڕی پێشمەرگەشـدا بەکاریدەهێنـا.. بـەو جـۆرە تۆپانـه لـه سـەربازگە و تۆپخانەکانـەوە گوولەتۆپەکانـی دەتەقانـد، دەربایـس نەدەهـات چەنـد دەتەقێنـێ و چەنـد دەپێکـێ.

شـوێن نییـه لـه دێهـات و شـاخ و دەشـتودەر هـاژەی تۆپـی بەسـەرا تێنەپەڕیبـێ و گوللەتۆپـی بەرنەکەوتبـێ، پـرش و پڵاشـەی گوللەتۆپـەکان

نەچەقیبێتە ناخی خاکا، هەندێجاریش گوللەتۆپەکان نەدەتەقینەوە یان دواتر زیانیاندەدا، ئەوەی مایەی سەرنجە پێشمەرگە و خەڵکیش سەرەڕای زیانەکان بە دەنگی تۆپ و تۆپباران راهاتبوون و زۆر گوێیان نەدەدایە.

ئەگەر دوژمن نیازی هێرشی سەربازیی بووایە بۆ شوێنێک سەرەتا بە تۆندیی ئەو ناوچەیەی بە خەستیی بە تۆپە قورسەکانی تۆپباراندەکرد ئینجا هێزەکانی پەلاماری سەنگەرەکانیان دەدا، کە زۆرجار لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تێکدەشکێنران.

تۆپخانەی شۆڕش

زۆر پێشمەرگە نازناوی وشەی تۆپخانەی پێوەنووساوە وەکو: شەهید حاجی یونسی تۆپخانە، ڕەوانشاد حەبیبی تۆپخانە.. هتد.

شۆڕشی نوێ سەرەتا هیچ جۆرە تۆپێکی نەبوو، لەدوای شەڕی ئێران – عێراق و زۆربوونی چالاکییەکان و گرتنی سەربازگەکان تۆپی جۆراوجۆر دەکەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە یان لەلایەن دۆستەکانەوە پێیدەدرا.. ئیتر بەپێویستزانرا یەکەی تۆپخانە دروستبکرێ بەتایبەتی کە شێوازی شەڕی جوولاو بۆ شەڕی بەرەیی گۆڕا.

یەکەمجار یەکەی تۆپخانە لە ساڵی ١٩٨٤ لە دێی هەڵەدنی دۆڵی جافەتی دروستکرا، بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی تیپێکی پێشمەرگەی بۆ پێکهێنرا، کە سەرتیپەکەی شەهید یونس ڕەحیم ئابڵاخی ناسراو بە حاجی یونس بوو.

یەکەم کاری تۆپخانەکان تۆپبارانکردنی پێگە سەربازی و ڕەبیە و شوێنەکانی هێزەکانی دوژمن یان لەکاتی هێرشکردنەسەر ڕەبیە و سەربازگەکاندا بوو.. لەڕاستیشدا تۆپخانە کە ئەرکەکەشیان قورسبوو ڕۆڵی دیاریان بینی لە زیانپێگەیاندنی دوژمن.

تۆپخانە چەکە قورسەکانی لەخۆدەگرت لە بابەتی: جۆرەکانی تۆپ، کاتیۆشا، هاوەن و دۆشکا.. هتد.

یەکێک لە کارە گرنگەکانی تۆپخانە کردنەوەی خۆلی مەشق و فێربوون و شارەزایی پەیداکردن لەسەر بەکارهێنانی ئەو چەکانە، هەروەها رووپێوی سەربازیی و دانانی چەکە بەرگرییەکان لە شوێنە تایبەتەکان بۆ پارێزگاری بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمن.

نەک هەر لە سنووری سەرکردایەتی، بەڵکو لە زۆر لە مەڵبەند و تیپەکانیش یەکەی تۆپخانە دامەزرا و لە شەڕ و چالاکییەکاندا بەشداریپێکرد..

تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە

تۆڵەکردنەوە کردەیەکی توندوتیژانەیە لەلایەن کەسێکەوە یان کەسانێکەوە بەرانبەر کەسێک یان کەسانێکیتر دەکرێ کە کێشە لەنێوانیاندا هەیە و لە ڕێگەی دەستوەشاندنەوە مافی خۆیان وەردەگرنەوە.

تۆڵەسەندنەوە دیاردەیەکی خێڵەکییە لەکۆنەوە لەناو خێڵ و هۆزەکاندا هەبووە بۆ پارێزگاریی لە پێگەی بنەماڵە و ئاغا و دەرەبەگەکان، کە خەڵکانێکی زۆر بوونەتە قوربانیی، کاتێک کەسێک بەهەر هۆکارێک دەکوژرێ لایەنی بەرانبەر پەنادەبەنەبەر تۆڵەسەندنەوە، بکوژەکە یان کەسێکی نزیکی دەکوژرێتەوە بەمەش دوژمنایەتیی بەردەوامدەبێ.. ئەمەش لە دەمارگیریی خێڵەکییەوە سەرچاوەدەگرێ، چونکە لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا نەریتی خێڵ لەبری یاسا پێڕەودەکرێ.

لەکۆندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کەمتر ڕووکراوەتە دادگاکانی حکومەت بەتایبەتی بارودۆخی کوردستان لەبارنەبووە بەهۆی باری ئاسایشیی و سەربازیی دوژمنەوە کە زۆربەی کات هاتوچۆ لەدێهاتەکانەوە قەدەغەبووە.. تەنانەت زۆرجار کە بکوژ حوکمی خۆی وەرگرتووە دوای ڕزگاربوونیی لەلایەن دوژمنەکانیەوە کوژراوەتەوە، بەمەش کێشە کۆمەڵایەتییەکان قوواڵتربوونەتەوە.

لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەپێی دەقەکانی قورئان تۆڵەسەندنەوە ڕەوایە، کە بکوژی کەسێک بکوژرێتەوە، ئەمە لە کۆمەڵگای سەردەمدا کە یاسا حوکمدەکات بکوژ ڕووبەڕووی دادگا و یاسا دەکرێتەوە و حوکمی خۆی وەردەگرێت نەک بەشێوەی قەرەقوشیی.

لە باری شۆڕشدا کە شەڕ و ململانێی چەکدارانە لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتداری نادیموکراسیدا هەبووە، هەموو ڕۆژێک دوژمن بەجۆرەها چەک و توانای سەربازیی پەلاماریی خەڵکیی و پێشمەرگەی داوە.. تۆڵەسەندنەوە دووریيەکی سەربازیی وەرگرتووە بەتایبەتیی لە شۆڕشی نوێدا دەستەواژەی: تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە، کە هەموو شەڕێک تۆڵەسەندنەوەیە لە هێزەکانی دوژمن، کە ئەو هێزانە بە بڕیاری فەرماندەیی سەرەوەیان پەلاماری خەڵکی کوردستانیان دەدا و شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد و سامانی دێهاتنشینەکانیان بەتاڵاندەبرد، بۆیە شەڕی پێشمەرگە شەڕی تۆڵەکردنەوە بووە لە دوژمن چ لە شەڕی بەرانبەری یەکتریدا یان دەستوەشاندن لە کەسە خراپەکانی لەناوشاردا.

بۆیە لە شۆڕشی نوێدا دەستەواژەی تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە زۆر باوبوو، کاتێ دوژمن زیانێکی دەگەیاند، لە تۆڵەی ئەوەدا هێزی پێشمەرگە دەستیان لە دوژمن دەوەشاند و چەندین قات زیانیان لە هێزەکانی دەدا.

تەتەر

تەتەر واتە نامەبەر، کەسێک ئەرکی بردنی نامە و گەیاندنی بۆ شوێنی مەبەست، لە زمانی کوردیدا پەیکیشی پێدەوترێت.. نالی شاعیری گەورەی کورد وشەی پەیکی لە شیعرە بەناوبانگەکەی بۆ سلێمانی بەکارهێناوە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمروور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور

نالی «با» دەکا بە تەتەر و پەیک و نامەبەر و دوغڵی دەبێ هەواڵی شارەزووری بۆ بێنێتەوە کە بەهۆی ستەمی ڕۆژگار لێیدابڕاوە.

تەتەر هەر لەدێر زەمانەوە هەبووە بەتایبەتی لەو سەردەمانەی کە خوێنەواریی لەهەموو شوێنێک نەبووە و کاغەز و قەڵەم دەستنەکەوتووە تەتەری زارەکی کارەکانی گەیاندنی راپەڕاندووە، دواتر کە دەزگای پێوەندیی سیمدار پەیدابوو تەتەر نامە و پۆستە نێردراوەکانی بۆ دامودەزگاکانی میری و خەڵکیش دەگەیاند.

تەتەر لەبواری پێشمەرگایەتیشدا بەکارهاتووە چ لە سەردەمی شێخ مەحمود یان شۆڕشی ئەیلولدا، کە بۆ پۆست و نامە و زانیاری لەنێوان هێزەکاندا لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بەپێچەوانەوە بە پێشمەرگەیەک یان کەسێکی شارەزای رێگاوبان و شوێنەکان و لەڕووی لەشولارەوە گورجوگۆڵ و لەڕێکردندا خێرا و جێمتمانە و باوەڕ و دڵنیایی بوایە و نهێنی نەدرکاندایە و پارێزگاریی لە ئەرکەکەی بکردایە و بەزوویی شتەکانی بگەیاندایە، ئەگەر دۆخێکی نەخوازراو بهاتایەتە پێش وریایانە چارەسەریبکردایە.

نامەی ناو شۆڕش ئەگەر ئاسایی بوایە وەکو نامەی ئاسایی دەنووسرا و دەنێردرا، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی نامەکە نهێنی بوایە ئەوا بچووکدەکرایەوە و بە زەمق یان سریش دەپێچرایەوە تا دەگەیشتە شوێنی خۆی تەنانەت تەتەر یان نامەبەریش ناوەڕۆکەکەی نەدەزانی.

لە شۆڕشی نوێدا ئەمجۆرە نامانە پێیدەوترا نامەی چکلێتی کە هەم زۆر بە وردیی دەنووسرایەوە و هەم بە بچووکیی دەپێچرایەوە، ئەگەر بهاتایە و دۆخێکی ناکاو و نەخوازراو بهاتایەتە پێش بۆئەوەی نامەبەر تووشی کێشە نەبێ بتوانێ نامەگەی قووتبدا و دەست دوژمن نەکەوێ.

دیارە نامەی چکلێتی تەنیا لەنێوان سەرکردایەتی و خوارەوەدا نەبوو یان لە رێکخراوی شارەوە بۆ سەرەوە نەبوو، بەڵکو لە دەرەوەی زیندانیش بۆ زیندانییەکان دەنێردرا لەناو خواردندا دەشاردرایەوە یان دەدرایە ژنان یان لە کەلوپەلی منالانا زۆر بەوریاییەوە هەڵدەگیرا تا بگاتە شوێنی مەبەست.

هەتا کە دەزگای بێسیمیش پەیدابوو هێشتا تەتەر و نامەی چکلێتی هەر

هەبوو و کاری خۆی دەکرد، کە بەڕاستیی تەتەرەکان وەکو شۆڕشگێڕێک کار و ئەرکی قورسی حیزبییان ئەنجامدەدا و خۆیان دەخستە مەترسییەوە و زۆرجاریش تووشدەبوون و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی دوژمنەوە دەگیران و سزادەدران.

لەهەموو ناوچەکانی پێشمەرگایەتیدا تەتەر هەبوو، لەگەرمیانیشدا تەتەر هەبوو کە دوورترین ناوچە بۆ سەرکردایەتی کە لە ناوزەنگ بوو، سەلام عەول دوانزەی ئیمامی کەسێکی گورجوگۆڵ و خێرابوو لەڕۆیشتندا و زۆر شارەزای ڕێگاوبانیش بوو، بەئاسانییش هیلاکنەدەبوو، هەر جارێ کە دەڕۆیشت بە ماوەیەکی زۆر کەم دەگەیشتە جێ و دەگەڕایەوە.

ترسنۆکی

ترسنۆکی تایبەتمەندیی کەسێکی بێورەیە، هەروەکو سیفەتێکی مرۆڤە چۆن ئازایەتیش سیفەتێکیەتی.. ترسنۆکیی پێچەوانەی ئازایەتییە، بە کەسێک دەوترێ زات و پڕکێشی نەبێت، لە هێزی بەرانبەر بسڵەوێتەوە و هەڵبێ یان نەتوانێ بچێتەناو ڕووداوەکانەوە یان بەرگەی حاڵەتێک نەگرێ چ دەرەکی یان ناوخۆیی بێت.

هەندێجار دەسەڵات دەبنە هۆکاریی ترسنۆکیی خەڵکیی، کە لەبەرانبەر هێزی دەرەکی ناوێرن هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێ.. هەر حیزب و لایەنێک سەرکردە و فەرماندەکانی لەپێشەوە نەبن هێزەکەیان ترسنۆک دەبێ، ئەوجۆرە سەرکردانە دواڕۆژی میللەت لەبەردەم دوژمندا بەرەو سەرشۆڕیی دەبەن.

زۆرجار دایک و باوک و ماڵەوە دەبنە مایەی ترساندنی منداڵەکانیان بە جۆرەها شتی نامۆی وەکو ترساندنیان بە تاریکیی، جنۆکە، ئاژەڵی درندە، مردن.. هتد، ئەوەی بە منداڵیی لێیبترسی بە گەورەییش لەکۆڵتنابێتەوە.

هەمیشە مرۆڤی ترسنۆک هەست بە کێماسیی و خەوشێک دەکات کاتێ

دەکەوێتە ناو باڕێکی شڵەژاوەوە زوو پێیدەزانرێ.

تەنانەت مرۆڤی ئازاش دەترسێ، بەڵام ئەم ترسە لەبەرانبەر ئەو شتانەیە دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێ وەکو ترس لە مردن، کەچی ترسنۆک لەهەموو شتێکی ناوەوە و دەرەوەی خۆیشی زیرەدەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ترس باڕێکی هەتاهەتایی نییە، جاری وابووە کەسێک زۆر ترساوە، دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ترسی شکاوە و بووەتە یەکێک لە چاونەترسەکان و کۆی لە گوللەی دوژمن نەکردووەتەوە، لەوانەیە ئەو کەسە بەخۆیدا چووبێتەوە و بەسەر ئەو بارە لاوازییەدا زاڵبووبێ، زۆرجار پێشمەرگەیەک حەزی بە مردن نەکردووە، نەیویستووە بچێتە شەڕەوە وای نیشانداوە نەخۆشە و ناتوانێ، برادەرەکانی تانەیان لێداوە، ئیتر شەرمگرتوویەتی و وەک شێر لە بێشە هاتووەتەدەر و بووەتە قارەمانێک ناویدەرکردووە، هەشبووە هەرگیز تاولەرزی ترسنۆکیی بەرینەداوە بۆ هیچ چالاکی و هەڵمەتێکی نەبراوە و کاریتری پێکراوە.

بە زۆریی ترس لەماڵەوە یان لەدەوروبەرەوە لەگەڵ مرۆڤدا دێت و کار لەسەر هەڵسوکەوتی دەکات و بۆ دواڕۆژ دەبێتە نموونەیەکی خراپ و شکستخواردوو.

ترس هەر لەمرۆڤدا نییە، بەڵکو لەئاژەڵ و پەلەوەریشدا دەبینرێ، کاتێ ئاژەڵێکی درندە پەلامارى ئاژەڵێکیتری بێهێز دەدات و ناتوانێ بەرگریبکات و کەپەزەدەکرێ.

هەندێجار فەرماندە و سەرکردە ڕۆڵ لە بنیاتی کەسێتیی هێزەکەیان دەبینن، هەر ڕۆژ دەژمێرن و خۆدەنوێنن و جموجوڵیان لە گۆڕەپانی شەڕدا زۆر کەمە یان کاریگەرێتیی لەسەر دوژمن دانانێن، بۆیە ئاشبەتاڵ، گوریزکردن لەشەڕدا، خۆپاریزیی، ئامادەنەبوون بۆ خۆبەختکردن لە نیشانەکانی ترسنۆکییە.

ئەوەی دەزانرێ هەندێ کەس بەهەر هۆکارێک دەبوونە پێشمەرگە، ئازانەبوون زوو خۆیان رادەستەکردەوە یان هەر دەمانەوە، هاوڕێ و دەوروبەر تەنانەت خەڵکیش بەوەیان دەزانی، شەڕێک دەبوو رەنگیان

دەپەڕی، زەردەخەڵدەگەڕان، ئەژنۆیان دەشکا، خۆیان دەخڵافاند تا نەبڕێن بۆ شەڕ، ئەم حاڵەتە هەبوو، بەڵام زۆر کەمبوو.

لەڕووی دەروونییەوە زۆر ناخۆشە پێشمەرگە بە ئازا و ترسنۆک پۆلێنبکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییە و نکۆڵیی ناکرێ، کێشە لەوەدایە بۆ شەڕی گەورە هەندێ فەرماندە پێشمەرگەی ئازا و ترسنۆکیان خستووەتە شەڕەوە و کێشە دروستبووە و لەچالاکییەکەدا سەرکەوتوونەبوون! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باش پەروەردەنەکردنی پێشمەرگە یان نەناسینی کەسێتییەکەی و نەخوێندنەوەی ناخی.

سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی سڵۆک زوو پەکیاندەکەوێ، بڕستیان نامێنێ، خوێنی بوێرییان زوو دەمەێی و لە پەلوپۆ دەکەون!

لەهەموو سوپاکانی جیهاندا ترسنۆکیی دەبینرێ، کە ئەوان هەموو جۆرە چەک و کەرەستەیەکی شەڕیشیان هەیە، زۆرجار هێزە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە سەرباز و جاش و جەیش شەعبی و هێزە ئەمنییەکان لەبەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا خۆیان پێنەگیراوە و بە خراپیی شکاون و رایانکردووە.

تڕۆتەرفیع

تڕۆتەرفیع وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی تڕۆی کوردی و تەرفیعی عەرەبیی دروستکراوە، وشەی تڕۆ لە زمانی کوردیدا واتە: سووک، ئایەخ، بە واتای تووڕەش هاتووە، وشەی تەرفیعیش بە واتای بەرزکردنەوە، لە کاروباری کارگێڕیی یان حیزبیی بە واتای پلەبەرزکردنەوە هاتووە.

لەپێشمەرگایەتیدا زۆرجار هەندێ وشە یان دەستەواژە داهێنراوە بۆ مەبەستێک و ئیتر بڵاوبووەتەوە و بەکارهێنراوە تەنانەت لەناو خەڵکیشدا بڵاوبووەتەوە و وەکو پلار بەرانبەر کەسێک وتراوە بۆ سووک تەماشاکردنی.

کاتێ کادیرێک یان فەرماندەیەک لەهەرئاستێکدا بووبێت کارێکی

کردبێت یان کەمتەرخەمبووبێت یان لاساربووبێت یان هەر هۆکارێکیتر پلەیەکی دراوەتێ و بۆ شوێنێکیتر گواستراوەتەوە کە ئەو کادیرە یان فەرماندەیە خۆی ئەو پلەبەرزکردنەوە و گواستنەوەیەی پێخۆشنەبووە، بگرە بە سزاشی داناوە، چونکە ئەو شوێنەی بە شایانی خۆی نەزانیوە، وەکو دوورخستنەوە وابووە و هەستی بە ستەم کردووە.

کە لێپانپرسیوە وتوویەتی تڕۆتەرفیع کراوە، بە ئارەزووی خۆی نەبووە و حەزیدەکرد لە شوێنەکەی خۆی بمایەتەوە نەک ئەو پلەبەرزکردنەوەیەی بۆ بکرایە.

زۆرجار ئەم تڕۆتەرفیعە بووەتە هۆکاری کەمتەرخەمی و سستی لە کارکردن و بێزاریی و ڕووخانیش، گیانی کارکردنی تیانەماوە و لەوانەشە بەهۆی خوتەوبۆڵەی زۆرەوە کاری لە هاوڕێکانی کردبێت بۆ خاوبوونەوە.

تەسلیمبوونەوە/ خۆڕادەستکردنەوە

یەکێک لە دیاردە ناسازەکانی شۆڕش تەسلیمبوونەوە و خۆڕادەستکردنی پێشمەرگە و گەڕانەوە بوو بۆ لای دوژمن، ئەمە هەم بۆ هێزی پێشمەگە ناخۆشبوو، هەم دڵساردکردنەوەی خەڵکییش بوو بەتایبەتی خەڵکی دێهاتەکان کە خزمەتی ئەو کەسانەیان کردووە و یارمەتیاندەون، هەمیشە دەترسان ئەوانە لەبارەیانەوە زانیاریی بە دوژمن بدەن، دیارە هەموو ئەوانە بەوجۆرە نەبوون.

هۆکاری جیاجیا بۆ خۆڕادەستکردنەوە هەبووە: هەبوو وایاندەزانی چەند ڕۆژێکیتر شۆڕش سەردەکەوێ و دەبێ ئەوان بەشداربن، هەبوو بەدڵگەرمییەوە دەچووە دەرەوە، بەڵام دەیبینی پێشمەرگایەتی زەحمەتە نەیدەتوانیی بەردەوامبێ، هەبوو کێشەی دروستدەکرد و نەدەگونجا یان لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکاندا کێشەی دەنایەوە یان شتی خراپی لێدەردەکەوت ناچاردەبوو بۆ لای ڕژێم بگەڕێتەوە، هەشبوو ڕژێم بەدزییەوە دەینارد، گومانی لێدەکرا لەژێر چاودێریدا بوو، بەپەلەپڕووزێ خۆی دەگەیاندەوە

لای ڕژێم بۆئەوەی نەگیرێ و نەکوژرێ.

جاری وابوو یەک کەس تەسلیمدەبووەوە کاریگەرێتیی لەسەر شۆڕش دروستدەکرد، جاری واشبووە بەکۆمەڵ هوتەرەیان دەبەست و دەگەڕانەوە، بەڵام نەدەبوونە هۆی ڕووخان و تێکشکانی پێشمەرگە.

تەسلیمبوونەوەی پێشمەرگە لەهەموو قۆناغەکاندا ڕوویداوە، بەڵام لەهەموو جارێکدا نەبووەتە مایەی ڕووخان و بێبڕوایی خەڵکیی بە شۆڕش، بەپێچەوانەوە هەمیشە تێکۆشەرەکان بەرێگاوە بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو سەنگەرەی کەسە بێزاتەکان بەجێیاندەهێڵا.

چەندینجار یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تووشی ئەو بارودۆخە بووە و نەکەوتووە و هەڵساوەتەوە.. خراپترین بارێک لە ژیانی کورددا چەندجارێک ڕوویداوە خۆڕادەستکردنەوەی بەکۆمەڵی هێزی پێشمەرگە بووە بەتایبەتی لە ئاشبەتاڵی ١٩٧٥و ناچاربوونی پێشمەرگەکان بۆ خۆڕادەستکردنەوە بە ڕژێم لە شەڕی هەکاریدا، هەروەها لەکاتی ئەنفالدا بەشی زۆری هێزی پێشمەرگەی لایەنەکان وەکو سەرلێشێوانێک خۆیان رادەستکردەوە، تەنانەت دوای چوونە ئێرانەوە بە بیانووی ئیدارەنەدان و بەخێونەکردن پێشمەرگەیەکی زۆر ئیزندران بۆ لای ڕژێم بگەڕێنەوە.

لەمەش ناخۆشتر دیاردەی چوونەدەرەوەی پێشمەرگە و کادیر و فەرماندەیەکی زۆر بۆ ئەوروپا لەژێر گوشاری ژن و منداڵ و هۆکاریتریش و بەجێهێشتنی سەنگەری پێشمەرگایەتیی لەکاتێکدا هاوڕێکانیان بە مەفرەزە بۆ پارتیزانیی دەچوونە خوارەوە، ڕۆیشتنی ئەمانە جیایە لەخۆڕادەستکردن بە دوژمن، ئەمەیان بە ناچاریی و بێئومێدیی بووە تا دووربکەونەوە و ژیانێکی ئاسوودەتر لەو ژیانی نەهامەتییەی ناو شۆڕش بەسەربەرن وەکو پشوودانێکیش.

بەڵای دوژمنەوە خۆڕادەستکردنی پێشمەرگە گرنگبوو بەتایبەتی وایدەزانی ئیتر شۆڕش بەرەو لاوازیی دەچێ، کەس تاقەتی نامێنێ، کەچی شۆڕش هەر بەردەوامبوو، بەتەسلیمبوونەوە نەکەوت.

تراکتۆر

کۆن جووتیاران بە ولاخ جووتیان دەکرد، دواتر تراکتۆر هاتەناوانەوە، کە ئامێرێکە چوار تایەی گەورەی لەژێردایە و مەکینەیەکی بەهێزی هەیە، بە گاز کاردەکات، بۆ جووتکردن و خەرماشە یان سێگاسنەی لێدەبەستریت، لە زەوی تەخت و سەختیشدا جووتی پێدەکرێت.

جووتکردن بە ولاخ کاتی زۆری دەوێ، مرۆڤ زۆر ماندووەکات، بەڵام تراکتۆر خێراترە و کاتی کەمتری دەوێ و مرۆڤیش ئەوەندە هیلاکنابێ، تا دەڕاسە دانەهاتبوو جووتیارەکان تراکتۆریان بۆ گێرەکردن و خەرمان کوتان بەکاردەهێنا، کە پێشتر بە چەندین ولاخ یان بە چان یان بە جەنجەڕ گێرەدەکرا.

تراکتۆر جۆری زۆری هەیە ئەوانەی بە زۆریی لەلایەن جووتیارەکانەوە بەکاردەهات وەکو: عەنتەر (عەنتەرناش)، فیات، ڤالڤۆ، فۆرگاسن (فێرگسۆن، فۆردسۆن)، دواتریش جۆریتریشی داهات.

تراکتۆر لەدواوە عارەبانەی لێدەبەستریێ بەتایبەتیی لەو دێهاتانەی ئۆتۆمبیلی تیانەبوو بۆ گواستنەوەی بار و کەلوپەل، هەروەها بۆ گواستنەوەی خەڵکیش لەدێیەکەوە بۆ دێیەکیتر یان بۆ شار، کە پێشمەرگە پەیابوو ئەوانیش تراکتۆریان بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنا بەتایبەتی بۆ رێگای دوور، کە بە زۆریی پێشمەرگە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بە پێ رێیاندەکرد، زۆریش ماندووەبوون تا دەگەیشتنە جێ، ئەگەر کەلوپەل (چەک و تەقەمەنی)یان پێبوایە ئەوا لەو دێهاتانەی تراکتۆریان هەبوو، داوایان لە خاوەنەکەی دەکرد بیانگوێزنەوە.

زۆرجار کابرا کاروانێکی دەکرد، کە دەگەڕایەوە کۆمەڵێکیتر دەهاتن ئەوانیش داوایاندەکرد بگوازرێنەوە، ئەمە دەبووە مایەی بێزاریی و دەمەبۆڵەی خاوەن تراکتۆر، کە هەم هیلاک و ماندووەبوو هەم تێچووی گاز و رۆن و تایەی تراکتۆر لەسەر خۆی بوو، هەندێجاریش دەمەقاڵە

دەکەوتە نێوان پێشمەرگە و خاوەن تراکتۆر.

تراکتۆر مێژوویەکی جوانی لە خزمەتکردنی شۆڕش و پێشمەرگەدا هەبووە، ڕۆڵی دیاری لە هاوکاریکردنی هێزەکاندا بینیوە، خاوەنەکانیان عەزیەتی زۆریان دیوە.. شۆڕش و هێزی پێشمەرگە قەرزاری تراکتۆر و خاوەن تراکتۆرەکانیشن.

لە مۆزەخانەی شۆڕش پەیکەرێکی ناوازە بۆ تراکتۆر دروستبکرایە وەکو سیمبولێک بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی تراکتۆر کردوویەتی.

تیپ

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئێران- عێراق، ڕژێمی بەعس ناچاربوو بەشێکی هێزەکانی سوپاکەی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ناوەڕاست و خواروی عێراق بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران.. ناوچەیەکی بەرفراوان ئازادبوو، ئەمە هەلێکی باشی بۆ پەلهاویشتنی هێزی پێشمەرگە و زۆربوونی ژمارەی پێوەندیکردن بە ریزەکانی شۆڕشەوە ڕەخساند.

تا ئەو کاتە پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە هەرێم و قووەتەکان بوو، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی١٩٨٢ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی هەرێمەکان و قووەتەکانی دا و لەجێگەیاندا پێکهاتەی تیپەکان دامەزرێنرا، کە لەڕووی سەربازییەوە بەمەڵبەندەکانەوە پەیوەستبوون.

هەر تیپە سنووورێکی جوگرافی بۆ دیاریکرابوو بۆ سەرپەشتیی کاروباری سەربازیی و سیاسیی و ڕێکخستن و ڕاییکردنی کاروباری خەڵکیی.. تیپەکان لەڕووی پێوەندییەوە سەربە مەڵبەندەکان بوون کە هەر مەڵبەندە بەپێی شوێنەکەی چەند تیپێکی لەخۆگرتبوو، هەر تیپە سنووورێکی بۆ دیاریکرابوو جموجووڵ و چالاکیی خۆیان ئەنجامبدەن، هەندێجاریش تیپە دراوسێکان پێکەوە چالاکیی هاوبەشیان دەکرد، جگەلەوەی کە بۆ چالاکییە گەورەکان زۆربەی تیپەکان بانگەکران بۆ بەشداریکردن، هەروەها هەموو تیپەکان

بـه نـۆره دەچوونـه سـەرکردایەتیی بـۆ پارێزگاریـی و بەرپەرچـی هێرشـکردندا.

هـەر تیپێک ناوێک و ژمارەیەکی هەبوو، وەکو: تیپی ٥١ گەرمیان، تیپی ٩١ی سـەفین.. هتد، هـەر تیپـه بـه پێی فراوانیـی ناوچەکـه لـه چەنـد کەرتێک پێکهاتبـوو، ژمـارەی پێشـمەرگەش لەتیپێکـەوە بـۆ تیپێکیتـر جیاوازبـوو، تیـپ هەبـوو ژمـارەی پێشـمەرگەکانی دەگەیشـتە ٥٠٠ پێشـمەرگە و تیپـی واش هەبـوو ژمـارەی پێشـمەرگەکانی ١٥٠ پێشـمەرگە بـوو.

چەکـی دەسـتی پێشـمەرگەکانی جۆراوجۆربـوو جگەلـه چەکـی سـووکی وەک کلاشـینکۆف و ئارپیجـی و بیکەیسـی، هاوەنـی ٦٠و ٨٠ملـم و ١٢٠ملـم دۆشـکای یەکلوولـه و دوولەیـان هەبـوو، زۆرجاریـش مینـی کەسـیی و مینـی تانکیشـیان هەبـوو.. هەمـوو تیپێک ئامێرێکی گـەورەی بێسـیم کـه بـه زۆریـی لـه جـۆری راکاڵ جگەلـه بێسـیمه بچووکەکانـی هەبـوو بـۆ پێوەندیکـردن بـه مەڵبەنـد و سـەرکردایەتی و تیپەکانیتـر.

لێپرسـراوی یەکەمـی تیـپ پێیدەوتـرا سـەرتیپ و جێگرێکیشـی هەبـوو، لـەدوای ئەنفـال بـوو بـه دوو جێگـر، هەروەهـا بەپێـی ژمـارەی کەرتەکانیـش فەرمانـده کەرتیـان هەبـوو، لـەدوای ئەنفـال بـووە دوو فەرمانـده کـەرت، هەروەهـا هـەر تیپـه لێپرسـراوی دارایـی، رابـەر سیاسـیی، لێپرسـراوی کۆمەڵایەتیـی، کادیـری گومـرگ، لێپرسـراوی کۆمەڵـه، لێپرسـراوی شۆڕشـگێڕان، لـه هەنـدێ تیپیشـدا حاکـم و زیندانیـش هەبـوو.

دروسـتکردنی تیپەکان بـووە هـۆی ئەنجامدانی چالاکیی زۆر و هەڵکوتانـه سـەر هێزەکانـی دوژمـن و زیانـی فـره گەیانـدن بـه پیاوەکانـی ڕژێـم چ لـه ریزەکانـی سـوپا و چ لـه ریزەکانـی جاشـدا بەجۆرێـک حکومـەت لـەو هەمـوو چالاکییـه شـپرزه و هەراسـان بووبـوو.

لـه سـنووری هـەر تیپێکدا دەیـان شـەهید و بریندار هەبـووە کـه بەڵگـەی زۆریـی دەستوەشـاندن و شـەڕەکانه چ لـه سـنووری چالاکیـی خۆیانـدا یـان لـه دەرەوەی سـنووری خۆیانـدا لـه ناوچەکانیتـر.

جاسوس

بە کوردی سیخوڕ، شۆفار، خەفیەیشی پێدەوترێ، بەو کەسە دەوترێ بە دزی و بە پەنهانی پێوەندیی بەدوژمنەوە یان لایەنێکیترەوە بکات و چاوساغیی و زانیاریی نهێنیی بە دەزگا سیخوڕییەکان بدات.. واتە دەزگا سیخوڕییەکانی دوژمن یان لایەنێک لە پشتی پەردەوە بە شاراوەیی کەسانێک ئامادەدەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێیاندەسپێردرێ لە بواری دەستخستنی زانیاریی لەسەر شۆڕش و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر هاتوچۆ و ژمارەی پێشمەرگە و جۆری چەکوچۆڵە و تەقەمەنی و سەرچاوەی پەیداکردنیان و پارە و داهات و ڕێکخستنەکانی ناوشار.. هتد.

سیخوڕیی کە کارکردنە بۆ دوژمن، تاوانە، لەبەرانبەریدا ڕێوشوێنی تایبەتی گیراوەتەبەر و بەپێی بڕگە یاساییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.. سیخوڕ هەبوو لەناو خەڵکیدا دەرنەدەکەوت و بە پەنهانیی کاریدەکرد، هەشبوو ئاشکرادەبوو، خەڵکیی پێیادەزانی و لەدەرکەوتنیدا خۆیانیان لێدەپاراست تا نەکەونە ناو داوی پیلانگێڕییەوە.

کاری سیخوڕیی جۆراوجۆربوو، هەیانبوو تەنیا زانیاریی کۆدەکردەوە و دەیاگەیاندە دەزگا سیخوڕییەکان، هەشبوو بانگەشەی بۆ بەرژەوەندیی دوژمن دەکرد و دڵی خەڵکیی لەبەرانبەر شۆڕش ساردەدەکردەوە و بێهیوایی دەچاند لە ڕێگەی درۆودەلەسە و چەواشەکارییەوە.

هەموو ئەو کارانەی سیخوڕ بۆ دەزگایەکی سیخوڕیی دوژمن دەیکرد لەبەرانبەر چەردەیەک پارە وێژدان و ئاکاری خۆی دەفرۆشێت، کە زۆرجار ئەو سیخوڕانە زانیاریی ناڕاستیان دەدایە دوژمن یان لە ڕێگەی تۆڵەکردنەوە کەسێکیان دەدایە دەستەوە، دەزگا سیخوڕییەکانیش گرنگ نەبوو بەلایانەوە ئەو زانیارییانە چەند ڕاستن یان نا هەر کورد بگیرێ و سزابدرێ.

لـه سـەرەتای دەسـتپێکردنی شۆڕشـی نوێـدا دادگا دانەمەزرابـوو، دادوەر نەبـوو کادیـر و بەرپرسـەکانی ناوچەکـە بەپێـی تێگەیشـتن و توانـای خۆیـان بڕیاریـان لەسـەر کەسـی جاسـوس دەدا و سـزادەدرا، کـە شـۆڕش پەرەیسـەند دادگا دامـەزرا و بەپێـی یاسـا مامەڵـە لەگـەڵ کەیسـی جاسوسـدا دەکـرا دوای لێکوڵینـەوە تاوانبـار سـزادەدرا.

ئـەو خەڵکانـەی تاوانـی جاسوسـییان لەسـەر دەسـەلمێنرا و خۆشـیان دانیـان بـەو کارەدا دەنـا بـە حوکمـی قـورس یـان لەسـێدارەدان سـزادەدران.

جـاری واشـبووە شـۆڕش بـە تۆمەتـی جاسوسـیی خەڵکـی گرتـووە یـان پێشـمەرگە و فەرماندەی گرتـووە و سـزایداوە، کەچـی ئـەو کەسـە بێتـاوان بـووە، یـان خەڵـک هەبـووە لەژێـرەوە پێوەندیـی بەدوژمنـەوە کـردووە و پێینەزانـراوە تـا دواتـر ئاشـکرابووە.

جاسوسـیی کارێکـی قێزەونـە و هـەر لەکۆنـەوە ئەنجامـدراوە نـەک بـە تەنیـا لەئاسـتی خـوارەوە، بەڵکـو لەئاسـتی بـاڵاش خەڵـک هەبـووە لـە ریـزی دەزگا سـیخوڕییەکانی دوژمنـدا کاریکـردووە و درەنگتـر پێیزانـراوە.

سـیخوڕ هەبـووە تەنیـا زانیاریـی بـە دوژمـن دەدا، هەشـبوو زانیاریـی دەدا و چاوساغیشـی بـۆ دەزگا سـیخوڕییەکان دەکرد و دەسـتی دەچـووە تاوانـی لەناوبردنـی خەڵکـەوە.

لەهەمانکاتـدا جاسوسـی دووسـەرەش هەبـووە هـەم کاری بـۆ شـۆڕش و هـەم کاری بـۆ دوژمنیش دەکرد، ئەمجـۆرە خەڵکانـە زۆر جێمتمانـە نەبـوون، چونکـە لایـەک دەتوانـێ بەتایبەتـی دوژمـن بەهـۆی پـارەوە یـان شـتیترەوە کابـرا بەپێـی پـیلان و بەرنامەڕێژیـی دوژمـن لەکارەکەیـدا رۆبچێـت و زیانیـش بگەیەنـێ.

جاش

لەکوردەواریدا بەوجۆرە خەڵکانە وتراوە جاش کە بووەنەتە نۆکەر و کرێگرتە و چڵکاوخۆر و پیاوی دوژمن و چەکیان بۆ هەڵگرتووە و شەڕیان لە دژی پێشمەرگە و شۆڕش و خەڵکی کوردستان کردووە، بە کارەکەش وتراوە جاشێتیی، کە بووەتە دیاردەش، ئەم کارە بەرانبەر چەردەیەک پارە و ئیمتیازاتێکی کەم کراوە و ئەرکی گەورەیان پێسپێردراوە کە دەچێتە خانەی ناپاکیی نیشتمانییەوە، هەرچەندە جاشێتیی تاوانێکی قێزەونە و لەلایەن خەڵکی نیشتمانپەروەرەوە بەچاوێکی سووک تەماشاکراوە.

هەرلەکۆنەوە دیاردەی کڕینی مرۆڤی سووک بۆ خزمەتی دوژمن هەبووە، بەڵام بەڕەسمیی وەکو هێزیی رێکخراو لە یەکەی چەکداریدا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە لە خەڵکی خێڵەکان سوارەی حەمیدی دروستکرد بۆ لێدانی ئەرمەنەکان، ئەوەی دەبێ بوترێ سوارەی حەمیدی هەر بەتەنیا کورد نەبوون، بەڵکو خەڵکی میللەتانیتریشی تیابووە تەنانەت ئەرمەنیش.. ئینجا لە سەردەمی ئینگلیزەکان لەعێراقدا جاش پۆلیس دروستکرا، دواتر حکومەتەکانی عێراقیش لە سەردەمە جیاوازەکاندا ناکۆکی ناو خێڵ و هۆزەکانیان دەقۆستەوە بۆ بەگژیەکداکردنیان و بەکارهێنانیان بۆ دژایەتی شۆڕش کە لەسەرەتاوە بەناوی فورسان سەلاحەدین لەپاڵ فورسان خالیدی کوڕی وەلید کە لە عەرەبەکان دروستیانکردبوون.

لە بەشەکانیتری کوردستانیش بەهەمانشێوە چەکداری جاش دروستبوون، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چریک و جاش و پێشمەرگەی موسڵمان پەیدابوون و لە باکووری کوردستانیش جاشی دێهات بەناوی قووچی ناودەبرێن.

بۆیە جاشێتیی کارێکی تازە نییە و لەوڕۆژەوە ناپاکیی سەریهەڵداوە جاشێتیش پەیدابووە.. دیارە هۆکاریش هەیە کە خەڵکانێک ئەو سەنگەرە دژی گەلییە هەڵدەبژێرن و چاوساقی بۆ دوژمن و هێزەکانی دەکەن

پەلامـاری پێشـمەرگە بـدەن و خەڵکـی بێتاوانـی دێهـات بگـرن و بکـوژن و ماڵاتیـان تاڵانبکـەن و خانووەکانیـان خاپـوور و وێرانبکـەن، کـە لەناوجەرگەیاندا جێگـەی پێشـمەرگە و شۆڕشـیان کردووەتـەوە.

ئـەو کەسـانەی دەبنـە جـاش بیانـوو بـۆ ئـەو کارە قێزەونەیـان دێننـەوە، بـەڵام بیانـووی ئـەو کەسـانە هـەرچییـەک بێت هـەر ناپاکیی و تاوانـە، چونکـە زۆر زەحمەتـە مـرۆڤ لـە نەتەوەکـەی خـۆی هەڵبگەڕێتـەوە و تفەنـگ بـە هاوزمانانـی خۆیـەوە بنـێ و زیـان بـە هاونیشـتمانییانی خـۆی بگەیەنـێ.

جاشـێتیی نـەک تەنیـا لەئاسـتی تاکەکەسـەکاندا بـووە بگـرە دواتـر بـووە کاری بەکۆمـەڵ لەلایـەن خێڵەکانـەوە چەکهەڵدەگیـرا، نـەک هەرئـەوە بگـرە لەئاسـتی حیزبیشـدا لاتراسکەبەسـتن هەبـووە چ وەکـو چـەک بـۆ دوژمـن هەڵگرتـن و چ لەژێـرەوە پێوەندیـی بـە دەزگا ئەمنییەکانـی وڵاتانـی دەوروپشـتەوە.

لەسـەرەتاوە جاشـێتیی بـە ژمـارە کەمبـوو، بـەڵام لەهەشـتاکاندا زۆر زۆربـوو، بەشـێکی پێوەندیـی بـە شـەڕی ئێـران- عێراقـەوە هەبـوو، کـە سـەربازی کـورد بەرەکانـی شـەڕیان بەجێدەهێشـت و رایاندەکـرد، بەمـەش زیـان بـە حکومـەت دەگەیشـت، ئەوکاتـەش حکومـەت ناچاربـوو بەشـێکی شـوێنە سـەربازییەکانی لەکوردسـتاندا چۆڵبـکات کـە لەسـەرەتادا شـەڕ لـە ناوەڕاسـت و خـواروویِ عێراقـەوە بەرپابـوو، حکومـەت بۆئـەوەی چالاکـی پێشـمەرگە زۆرنەبـێ و شـوێنەکانی نەگیـرێ فەوجـی جاشـی سـووکی دروسـتکرد، هەرکـە دەسـتیپێکرد بـوو بـە چاولێکـەری و ژمارەیـەک زۆر فەوجـی جـاش دروسـتکرا بەبـێ ئـەوەی شـۆڕش هیـچ زیانێکـی بـە کەسـێتیی ئـەو خەڵکانـە گەیاندبێـت یـان لـە بەرژەوەندییانـی دابێـت.

ئەوانـە هـەم لـە مەترسـییەکانی شـەڕی بەرەیـی ئێـران- عێـراق ڕزگاریانـدەبوو هـەم دەسـتکەوتێکی باشـتریان لـەڕووی ماددییـەوە چنگدەکـەوت بەتایبـەتی بەشـێک لـە سـەرۆکجاشـەکان قاچاغچێتییشـیان دەکـرد و سـوودیان لـە جاشـەکانیشـیان وەردەگـرت کـە تەنیـا ناویـان تۆماردەکـرد و پسـوولەی جاشـێتییان بـۆ دەکـردن کـە دەوامیـان بەکەمیـی دەکـرد یـان نەیاندەکـرد و

لەگـەڵ سـەرۆکجاشـەکەدا مووچەکەیـان بـەر بەنیوەیـی بـوو.

بەپێـی قسـەی سـوڵتان هاشـمی وەزیـری بەرگـری ڕژێمـی عێـراق ٥١٠ هـەزار چەکـدار جاشـی کـورد هەبـووە و لـە ٣٧٥ فەوجـدا ڕێکخرابـوون، ئەمـە جگەلـە مەفرەزەکانـی تایبەتـی و تـەواری و خەڵکانـی سـەربە دەزگاری ئیسـتیخبارات و موخابـەرات و ئەمنـی عێـراق.

ئـەوەی مایـەی تێبینییـە هەرکاتـێ شـۆڕش و ڕژێـم گفتوگۆیـان دەکـرد، شـۆڕش پێی لەسـەر نەمانی جـاش دادەگرت، ڕژێمیش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی چـەک و جل و جامانـەی دەکردن.. ئیتر شـۆڕش داواینەدەکرد لەسـەر تاوانەکانیـان لێپێچینەوەیـان لەگەڵدابکـرێ.. بەمـەش جـاش سـوودیان لـە شـۆڕش بینیـوە کـە ماونەتـەوە بـا لـە حکومەتیـش بەهـۆی تڕۆکردنیانـەوە لـە دەسـتکەوتەکانیان زیانیانکردبێـت، تەنانـەت کەسـوکاری شـەهید و قوربانیانیـش لەئاسـتیاندا بێدەنگبـوون و داوای مافـە یاسـاییەکانی خۆیـان نەکـردووە لـە سـۆنگەی ئـەوەوە شـۆڕش لێبوردنـی هەبـووە!

جـاش زیانێکـی زۆری لـە چارەنووسـی کـورد داوە کـە ئەمـە لەلایـەن دوژمـن زیرەکانـە قۆسـتراوەتەوە بـۆ تێکـدان و پشـێوینانەوە لـە ریزەکانـی خەڵکـی کـورددا تـا یەکگرتوونەبـن لـە هەسـت و هەڵوێسـتدا بۆئـەوەی نەتوانـن بەئاسـانیی گوشـارەکان بـۆ سـەر دوژمـن چڕبکرێتـەوە، بۆیـە لەهەمـوو قۆناغەکانـی خەباتدا خەڵکانێک هەبـوون سـەنگەری دژی کوردیـان هەڵبژاردووە و یارمەتیدەرێکی باشـی دوژمـن بـوون و ریسـی کوردایەتییان کردووەتـەوە بـە خـوری.

هەرئەوەنەبـووە جـاش چەکـی هەڵگرتـووە بەرانبـەر بـە پارەیـەک یـان ئیمتیازێکـی ماددیـی، هەرئـەوەش نەبـووە بەتەنیـا شـەڕی پێشـمەرگەیان کردبـێ، بەڵکو لەناوشـارەکاندا ئـازاری خەڵکیـان داوە و چاوسـاقیی پیاوەکانـی ڕژێـم بـوون بـۆ گرتـن و ڕاوەدوونانـی خەڵکیـی و ڕێکخسـتنەکان و لەکاتـی شـەڕ و پەلاماردانـی پێشمەرگەشـدا لەدێهاتەکانـدا ماڵەکانیـان سـووتاندووە و تاڵانییانکـردووە.

گەورەتریـن تاوانـێ کـە جـاش دەرهـەق بـە کـورد کردبێتـی بەشـداریکردنی

بەرفراوانبوو لە تاوانی ئەنفالدا کە پێشوەختە ئاگادارکرابوونەوە کارێکی وەها دەکرێ و کەسێک لەو هەموو سەرۆکجاشانە هەڵوێستێکیان نەبوو کە نابێ خەڵکی میللەتەکەیان کۆمەڵکوژی بکرێ، وەکو قسەیەکیان نەکرد خۆشیان بوونە باشترین هێزی جێبەجێکەری ئەو تاوانە گەورەیەی سەردەم کە لەوانەیە هێزەکانی سوپای بەعس ئەوەیان بۆ ئەنجامنەدرایە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە راپەڕینی خەڵکی کوردستان کرا لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بڕیاری لێبوردنیان بۆ جاشەکان دەرکرد وەکو شۆڕش هیچ هەڵوێستێکیان بەرانبەر ناکرێ، نەک هەرئەوە بەڵکو خەڵکیش کە بەدەستی جاش کەسوکاریان تیاچووە نەیانتوانیی لەڕێگەی دادگاوە بەردەرگایان پێبگرن و ئەوانەی لەتاوانەکاندا بەشداربوون و شتیان بەسەردا دەچەسپێ سزابدرێن.. ئیتر ئەو جاشانە بەسەر حیزبەکاندا دابەشبوون، هەریەکە بەپێی بەرژەوەندییان جێگەی خۆیان کردەوە تا لەپاڵ ئەو حیزبانەدا بحەسێنەوە و کەس دەستیان بۆ نەبات، ئەمە رێک پێچەوانەی بڕیاری جەزائیرییەکان بوو ئەوانەی بووبوونە دەسکەلا و جاشی فەرەنسییەکان لە وڵات دەرکران و هەرگیز رێگەیان نادرێ بگڕێنەوە جەزائیر.

جاشی سووك

جاش ئەو کەسەیە دەبێتە پیاوی دوژمن، دژی میللەتەکەی خۆی چەک هەڵدەگرێ، شەڕ شۆڕش و هێزی پێشمەرگە دەکات، لەبەرانبەر ئەو تاوانانە مووچەیەکی پێدەدرێ، بەو کارەش دەوترێ جاشایەتیی..

هۆکاری جیاجیا بۆ بوونە جاش هەیە، هەندێک لەبەر هەژاری و نەداریی دەیەوێ لەو رێگەیەوە پارەیەک بۆ بژێویی پەیدابکات، هەیە لەبەر کێشە و ناکۆکیی رووەکاتە چەکداریی، هەندێکیش خەڵکانی رەوشتخراپن و خۆیان لەناو خۆفرۆشیدا دەبیننەوە..

حکومەتی عێراقی چەندین جۆر چەکداری جاشی کورد دروستکردبوو: جاشی رەسمی، مەفرەزەی تایبەتی ئەمن، مەفرەزەی تایبەتی ئیستیخبارات،

مەفرەزەی تایبەتی موخابەرات، مەفرەزەی تەواری، جەیششەعبی، ئینجا فەوجی سووک.

بە سەردەمی شەڕی نێوان ئێران عێراق سەربازێکی زۆری کورد بەرەکانی شەڕی قادسییەیان بەجێدەهێشت و ڕوویاندەکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و لەدێهاتەکاندا دەمانەوە یان بە کەمیی دەبوونە پێشمەرگە.

حکومەتی عێراق بۆئەوەی ئەو خەڵکانە هەر لەبەر دەستی خۆیدا بن، فەوجە سووکەکانی دروستکرد بۆ کۆکردنەوەی ئەو سەربازە هەڵاتووانە، هەم جاشانەیان دەدرایە و هەم دوورشیدەخستنەوە لە بوون بە پێشمەرگە.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەت لە ڕێگەی دەزگا ئەمنییەکانیەوە پێوەندیی بە سەرۆکهۆز و کۆنە فەرماندەی مەفرەزەکانەوە دەکرد تا چەکهەڵبگرن و ناشیاننێرن بۆ بەرەکانی شەڕ بۆیە خەڵکێکی زۆر خۆیان بۆ فەوجەکان ناونووسکرد، بەمەش حکومەت توانی سیستەمی خێڵەکایەتی زیندووبکاتەوە بۆ دژایەتی پێشمەرگە.

وەکو دەزانرێ جاش لەکۆنەوە پەیدابووە، هەرجارەی بەجۆرێک و لەژێر ناوێکدا، سەردەمێک سوارەی حەمیدیی، کە عوسمانییەکان دروستیانکرد، وەکو دەوترێ ئەوان دژی ڕووس و ئەرمەنەکان بوون، دژی کورد نەبوون، دوای سوارەی حەمیدیی لەژێر ناوی فەوجی خەفیفەدا خەڵکیان بۆ دژایەتی کورد چەکدارکرد، لەوەدەچێ ناوی فەوجی سووکی سەردەمی بەعس لەوەوەهاتبێ، لەناو خەڵکی و لەلای شۆڕش بە چەکداری فەوجە سووکەکان دەوترا جاشی سووک.

جاشەکان لەفەوجدا ڕێکخرابوون، کە هەر فەوجێک چەند سریەیەک بوو، هەر سریەیەکیش چەند مەفرەزەیەک بوو، بە لێپرسراوی فەوج دەوترا موستەشار کە دەسەڵاتی یەکەمی لەفەوجەکەدا هەبوو و لای بەعسیش کەسی متمانپێکراو بوو.

لەکوردستاندا نزیکەی ٣٥٠ فەوجی جاشی سووک هەبوو، بەپێی قسەیەکی سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری عێراق ٥١٠ هەزار جاشی

سووکی کورد هەبوو، هەر فەوجەش ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوو، ژمارەی چەکداری فەوجە سووکەکانی فەوجێک لەفەوجێکیتر جیاوازبوو، فەوج هەبوو دوو هەزار و هەشبوو هەزار و هی واش هەبوو کەمتر و زۆرتربوون

ئەم جاشە سووکانە کە ناویان تۆمارکرابوو مووچەیان هەبوو، جگەلەوە بندیواریشیان هەبوو، کە جاشە مێنگە «مێچکە«شیان پێدەوت، ئەمانە کەمتر ئەرکیان دەبینی و مووچەکەیان موستەشار یان فەرماندەی سریەکە دەیبرد.

ئەوانەی دەبوونە جاشی سووک بە زۆریی لە ترسی چوونە بەرەکانی شەڕی قادسیە دەبوونە چەکدار یان بۆ خۆپاراستن لە دەوروبەری خۆیان، بەشێکیان تیابوو دژی شۆڕش بوون، دەچوونەسەر کەسوکاری پێشمەرگە، سەرانەیان لە خەڵکیی وەردەگرت، خەڵکیان دەگرت و دەیاندایە دەستی حکومەتەوە، بەشێکی زۆریان لە شەڕەکانی ئەنفالدا بەشداریانکرد و مااڵ و سامانی خەڵکەکەیان تااڵندەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەیانبوو لەژێرەوە پێوەندییان بەحیزبەکانەوە هەبوو، لەبنەوە کاری خۆیان دەکرد و خراپە و هەڵەیان بەرانبەر شۆڕش و خەڵکیی نەدەکرد.

ئەوەی تێبینیدەکرێ جاش بەهەموو جۆرەکانیەوە هەر تایبەتبووە بە پیاو، ژن لە کاری جاشێتیدا تێوەنەگلاون و بەشداریی تاوانە قیزەونەکانی دوژمنیان بەرانبەر میللەتەکەیان نەکردووە، تەنیا ئەویش بەدەگمەن ژن هەبووبێ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ کاری سیخوڕیی تەییارکرابن.

جفرە

جفرە نامەیەکە یان نووسراوێکە بە هێما دەنووسرێت بۆ لایەنی پێوەندیدار دەنێردرێت و دوژمن ناوەڕۆکەکەی نەدۆزێتەوە کە بە کلیلی تایبەتی دەکرێتەوە.. بریتییەلە گۆڕینی قسە بۆ ئاماژە چ بە دانانی پیت یان ژمارە یان هەردووکیان پێکەوە لە ڕێگەی دەزگای بێتەلەوە بۆ لایەنی پێوەندیدار دەگوازێتەوە تا لایەنی بەرانبەر لە زانیارییەکان تێنەگات.

لایەنی یەکەم بابەتەکە بە جفرە دەنووسێ و کۆدەکەی لەلای لایەنی دووەمیش بۆ کردنەوەی جفرەکە هەیە، هەمان کۆد لای لایەنی یەکەمیش هەیە گەر لایەنی دووەم وەڵامیدایەوە.

کۆن جفرەناردن بە مۆرس واتە بە شێوەی کۆن و کلاسیکی بووە، دواتر لەگەڵ داهێنانی تەکنیکی تازەی بواری پێوەندیی جفرەش گۆڕانیی بەسەرداهاتووە.

شێوازی جۆراوجۆر بۆ دانانی جفرە هەیە، کە شارەزایی و لێهاتوویی زۆری دەوێ، لەجفرەدا ئەم شتانە هەیە: هێماکان (پیت، ژمارە)، کلیل (جفرەشکێن)، ئامێری بێتەل..

جفرە لە شۆڕشی ئەیلولیشدا بەکارهاتووە و زۆریش بایەخی پێدەدرا، لە شۆڕشی نوێشدا دەزگای بێتەل دامەزرا و ناردنی بروسکە یان شتی نهێنیی بە جفرە دەنێردرا، کە کلیلی تایبەتی بۆ کردنەوەی هەبوو، ئەو کلیلە تەنیا لای بەرپرسە یەکەمەکان وەکو سەرتیپەکان و مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی عەسکەری هەبوو.

ئەوەی باوبوو هەرکاتێ لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە جفرەیەک دەخوێنرایەوە خەڵکی وایاندەزانی شەڕە، لایەنەکانی جودیش دەکەوتنە خۆیان بە حیساب یەکێتیی بەرنامەی هەیە و هێرشیان بۆ دەکرێت.

لەجفرەکردندا نهێنیی زۆر پێویستە، کە جفرە و کلیلەکەی نەکەوێتە دەست ڕژێم و لایەنەکانیتر.. کلیل ڕۆحی جفرەیە ئەگەر کلیل نەبێ دەقی

بابەتەکە ناکرێتەوە یان ناخوێنرێتەوە، کە کەوتە دەست دوژمنیش ریسکە دەبێتەوە بە خوری و لەوانەشە شێوازی دانانی جفرە و دانانی کۆدەکانی بدۆزرێتەوە.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو هەموو ساڵە جفرە هەبوو هەرگیز دوژمن نەیتوانی پەییێببات و بیدۆزێتەوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە فەرماندە و بەرپرسەکان زۆر باوەڕپێکراوبوون و دوژمن نەیتوانیبوو سنووری نهێنییەکان ببەزێنێ.

جەیش شەعبی

لە زۆر وڵاتاندا دەسەڵات لەپاڵ هێزی سوپای رەسمیدا هێزی نیمچە سەربازیی دروستکردووە وەکو: جەندرمەی تورکی، بەسیجی ئێرانی، جەیششەعبی عێراقی.. هتد، گوایە خەڵکیی ئارەزوومەندانە خۆیان لە ریزەکانی ئەو هێزانەدا بۆ خزمەتکردن و پاڵپشتیی سوپا تەرخانەدەکەن.

کە ڕژێمی کۆماری عێراق دامەزرا میلیشیای موقاوەمەی شەعبی دروستکرا، کە ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕا لەکوشتوکوشتاردا و ناوبانگێکی نابووتیان هەبوو.. یەکەمجار کە بەعس هاتە سەر حوکم لە خەڵکانی مەدەنیی هێزی حەرەس قەومی دروستکرد، کە ڕۆڵێکی نامرۆڤانەیان لە ئازاردان و کوشتن و راوەدوونانی خەڵکی نەیاری ڕژێم بینی و تۆماریێکی رەشیان لە مێژووی عێراقدا نووسییەوە بەتایبەتی لەکوردستاندا پەلاماری کەسوکاری پێشمەرگە و ڕێکخستنی سەربە حیزبە کوردییەکانیان دەدا و دەچوونە سەر دێهاتەکان و دەستیان لە جووتیارەکان نەدەپاراست و ماڵەکانیان دەسووتاند و کەلوپەل و ئاژەڵ و دانەوێڵەکانیان تاڵانوبڕۆ دەکرد.

لەدووەمجاردا کە بەعس هاتەوە سەر حوکم، ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن سەدام حسێنەوە هێزی جەیششەعبی لە بەعسییەکان دروستکرا، دواتر لەلایەن تەها سەرپەرشتیدەکرا تا ساڵی ١٩٩١.

لـه سـەروبەندی شـەڕی ئێـران- عێراقـدا هەمـوو کارمەندانـی دەزگا حکومییـەکان بەعسـی و نابەعسـی، کـوردی بەعسـی و نابەعسـیش ناچـار بـه چەکهەڵگرتـن لـه ریزەکانـی جەیشـشـەعبیدا دەکـران، ئـەوەی نەیکردایـه خـۆی تووشـی سـزادەکرد و تۆمەتـی دژایەتیکردنـی بەعسـی دەدرایەپـاڵ.

لەدوای کشـانەوەی بەشـێکی هێزەکانی سـوپا لە کوردسـتان و ناردنیان بۆ بەرەکانـی ناوەڕاسـت و خـواروووی عێـراق لـه هەنـدێ شـوێن جەیشـشـەعبی شـوێنی گرتنـەوە، هەروەکـو لـه شـەڕی قادسییەشـدا بەشـداریپێکراوە.

ئـەم هێزە ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەیـان زۆرترەبـوو تـا گەیشـتە ٦٥٠ هـەزار کـەس، یاسـای تایبەتیشـی بـۆ دەرکـرا، لـەڕووی سـەربازییەوە مەشـقپێدەکرا و چەکـی هەبـوو، بـە بـەراورد بـە هێـزی سـوپا جەیشـشـەعبی هێزێکـی شلوشـێواوبوو، چونکـە لـە هەمـوو تەمەنەکانـی تێدابـوو، ئەگەرچـی لـە شـەڕی هێـزی پێشـمەرگەدا بەشـداریپێانکردووە، لەپـاڵ ئـەو نـاوە و ئـەو بایەخـە زۆرەی دەیدرایـە هێزێکـی ئازانەبـوو.

وەکـو باسـدەکرێ جەیـش شـەعبی تەنیـا لـه ناوخـۆی عێراقـدا ڕۆڵـی نەبینیـوە، بەڵکـو چووەتـە دەرەوەی عێـراق و لـه شـەڕی ناوخـۆی لوبنانـدا بەشـداریکردووە.

جەوقد

جەوقـەد (جوقـد) کورتکـراوەی وشـە عەرەبییەکانـی (الجبهـة الوطنیـة القومیـة الدیمقراطیـة).. ئەمـە بەرەیـەک بـوو لەنێـوان حیـزب و لایەنـە کوردییـەکان (یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، حیزبـی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان)و عێراقییـەکان (حیزبـی شـیوعی عێـراق، حیزبـی بەعسـی سۆسیالیسـتی عـەرەب- لایەنـی سـوریا، سـوپای ڕزگاریـی عێـراق، بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەب، دیموکراتـە سـەربەخۆکان).

ئـەم حیـزب و لایەنانـە هەموویـان دژی ڕژێمـی بەعسـی سـەدامیی بـوون و لـه وڵاتـی بەعسـی سـوریای ناکـۆک لەگـەڵ بەعسـی عێـراق پەناهەندەبـوون،

کە بەعسی سوریا لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراقیی پشتیوانیدەکردن، بۆیە ئەم لایەنانە هەریەکە بیر و ئایدیای جیاوازیان هەبوو، بەڵام لەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقیی و لەجێیدا عێراقێکی فرەیی دابمەزرێ ڕێککەوتبوون، کە مافی ئۆتۆنۆمیی کورد بسەلمێنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرەیە وەکو پێویست ڕۆڵی کارای نەبوو چ لەڕووی سیاسیی و چ لەڕووی سەربازییەوە، نەیتوانیی هێزێک پێکەوەبنێ، ڕۆڵێک لەناو خەڵکیدا بەرجەستەبکات، کە هەر لەسەرەتاوە ناکۆکیی لەناویاندا سەریهەڵدا بەتایبەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدارنەبوو تیایدا و هەردوو حیزبی شیوعی و سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتیدا لە سیاسەت و بەرنامەدی فیکریدا ناکۆکبوون و زۆرتر لەژێر کاریگەریێتیی پارتیدا بوون، بۆیە لەدواییدا هەردوو لایان لەم بەرەیە کشانەوە، ئەمەش بووە هۆی لاوازیی و بێپێزیی بەرەی جەوقەد بەتایبەتی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا کەوتە گفتوگۆوە و ئەوانەی لە بەرەی جەوقەد مابوونەوە و دژی گفتوگۆ بون ئەندامێتیی یەکێتییان سڕکرد.. ئیتر وردەوردە ناوەڕۆکی ئەم بەرەیە پووکایەوە و بووە مێژووە، بەڵام مێژوویەکی بێبەرهەم.

جود

جود کورتکراوەی وشە عەرەبییەکانی (الجبهة الوطنية الديمقراطية)یە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئێران لەنێوان لایەنەکانی شۆڕش (پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق) پێکهات.

ئەم بەرەیە دوای ئەوەی حیزبی سۆسیالیست و حیزبی شیوعی لە بەرەی جەوقەد کشانەوە دروستبوو، دیارە ئەم دوو لایەنە پاساوی خۆیان هەبوو بۆ ئەو هەڵوێستەیان، کە بووە مایەی توندبوونەوەی گرژییەکانی نێوان جود و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.. دواتر هەردوو

لایەنی پارتی گەل و پاسۆکیش چوونە ناو بەرەی جودەوە و ئەوانەی لەناو بەرەی جەوقەددا مابوونەوە، کە هەر بەناو هەبوون، ئەندامێتیی حیزبی سۆسیالیست و حیزبی شیوعییان هەڵپەسارد.

ئەم بەرەیە بۆ دژایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروستبوو، بووە سەرچاوەی کێشە و شەڕ چ لەنێوان یەکێک یان دووان یان هەموو لایەنەکانی جود لەگەڵ یەکێتیدا، لەمەشدا چەندین شەڕی گەورە و بچووک ڕوویدا، بەتایبەتی شەڕی یەکەم و شەڕی دووەم لە قەندیل کە دوو شەڕی بەرفراوان و بە هێزی گەورە کران، هەردوو جارەکە هێزەکانی جود دەشکان و ڕووەو ناو ئێران ئاوادەبوون.

جگەلەوەی ناکۆکییەکان لەسەر هەژموونیی و دەسەڵاتارێتیی و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان یان قەبوڵنەکردنی یەکتریی بوو، زۆرجاریش لەسەر هەندێ گرفتی ڕۆژانەی وەکو سەنگەرگواستنەوە و چەک فڕاندن بۆ لای یەکتریی و سزادانی ئەندامان و لایەنگرانیی یەکتری لە دێهاتەکان و چەککردنی پێشمەرگە، بووە.

لەم شەڕانەدا دەیان فەرماندە و پێشمەرگەی هەردوولا دەبوونە قوربانیی، لەباتیی ئەوەی ئەم بەرەیە بە پلەی یەکەم هەموو هەوڵەکانیان دژی داگیرکەر بووایە، کەچی بە زۆریی لوولەی تفەنگەکانیان دەکردە یەکتریی، تا شەڕی ناوخۆی لایەنەکان هەبوو چالاکیی دژی دوژمن کەمبووبووەوە.

هەرچەندە هەوڵدراوە بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنە شەڕەکان بەتایبەتی لە سەروبەندی گفتوگۆی نێوان یەکێتیی و ڕژێمدا، بەڵام جود ئەو هەوڵانەیان ڕەتدەکردەوە و ئامادەنەبوون ئاو بە ئاگری ناکۆکییە بێبنەماکاندا بکەن.

ئەم بەرەیە بەپێچەوانەی بەرەی جەوقەد لایەنی عەرەبیتری تیانەبوو، تەنانەت دوای پرۆسەی ئاشتیی نێوان لایەنەکانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٦ ئەم بەرەیە هەر مایەوە تا دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨ ئینجا هەڵوەشایەوە.

جووتیار

جووتیار ئەو کەسەیە زەوی جووتدەکات یان دەکێڵێت، کۆن بە ولاخ دەکرا، گاسن و قورەمەیان لێدەبەسترا، ئێستا تەکنۆلۆژیا جێگای ئەو کەرەستانەی گرتووەتەوە، واتە جووتیار کەسێکە پەیوەستە بەزەوییەوە و گرنگیی پێدەدات، جووتیار بەبێ زەوی ناتوانێ بژی.

لەبەرانبەر جووتیاردا ئاغا و دەرەبەگ هەبوون کە خاوەن زەوی بوون و جووتیار لەسەر زەوی ئەوان کاریاندەکرد! دوو جۆر جووتیار هەیە:

- جووتیاری خاوەن زەوی.
- جووتیاری رەنجبەر، لای خاوەن زەوی کاردەکات.

جیاوازیی لەنێوان هەر دوو چینی دەرەبەگ و جووتیاردا زۆربوو، ناهاوسەنگیی لەڕووی گوزەران و بژێوییەوە هەبوو.. دەرەبەگ و ئاغاکان خاوەن دەسەڵات و ئابووریی بوون و جووتیارانیش بێبەشبوون لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان! دەرەبەگ هەمیشە ژیانێکی بەختەوەر و گوزەرانێکی خۆشی هەبوو، دەرەبەگەکان پاوەنخوازبوون، تەنانەت کەسانی ئایینیی دەبوونە ئامرازێک بۆ پێگە بەهێزکردنی دەرەبەگەکان کە خاوەنی زەوی و بڕیاربەدەست بوون، جووتیارانیش لە ژیانێکی سەخت و کوللەمەرگیدا بوون.

جووتیاران لەلایەن دەرەبەگ و ئاغاکانەوە دەچەوسێنرانەوە، شەڕیان پێدەفرۆشرا، بێگاریان پێدەکرا، سەرانەیان لێدەسەنرا و دەربەدەردەکران.. ئەو ململانێیەی نێوان جووتیاران و دەرەبەگ و ئاغاکان دەگەیشتە چڵەپۆپە، کە جووتیاران ناچاردەبوون بۆ داخوازییەکانیان راپەڕن و بەگژ دەرەبەگەکاندا بچنەوە، لە سەردەمی عوسمانیدا جووتیاران لە دەست ستەمی دەسەڵاتداران لە ناوچەی بارزان راپەڕیون، لە سەردەمی پاشایەتیشدا لە ساڵی ١٩٥٣ جووتیاران چەندین راپەڕینیان بەرپاکرد و

دروشمی جیاجیان بەرزدەکردەوە وەکو راپەڕینی: جووتیارانی هۆرێن و شێخان، جووتیارانی دزەیی، جووتیارانی وارماوا، لە هەندێ شوێن ئەو ململانێیە دەگەیشتە بەکارهێنانی چەک و شەڕکردن.. سەرەڕای ئەوە جووتیاران نەیانتوانی جوولانەوەیەکی چینایەتیی دژی سیستمی دەرەبەگایەتیی دروستبکەن!

جووتیاری کورد دوو حۆر چەوسانەوەی لەسەربووە: چەوسانەوەی نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر، چەوسانەوەی دەرەبەگ و ئاغاکان، تەنانەت بەدەست مامەڵەی نابەرپرسانەی هەندێ کاربەدەستی شۆڕشیشەوە نالاندوویەتی.

هەمیشە جۆرە ناهاوسەنگییەک لەنێوان دەرەبەگ و جووتیاردا هەبووە، گرژیی لەنێوانیاندا هەبووە، دەرەبەگ جووتیاری لەسەر زەوییەکانی دەردەکرد، جووتیار ناچاردەبوو بە ڕووی دەرەبەگدا بتەقێتەوە تا رادەی چەکهەڵگرتن و دروشمی ڕووخاندنی دەرەبەگ بەرزدەکرایەوە!

کاتێ کە ڕژێمی پاشایەتی رووخا و کۆماریی هات، ڕۆژێکی نوێ لەبەردەم ژیانی جووتیاراندا هەڵهات.. جووتیار بە چەپڵە دەرەبەگ و ئاغای خستە لەرزە و زۆر دەرەبەگ و ئاغا کەنەفت کەوتن..

پێشتریش لەکوردستاندا جووتیاران دژی دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگەکان راپەڕیون، ئەو هەست بە چەوسانەوە و ستەمی دەرەبەگ و ئاغایە جووتیاری هۆشیارکردەوە، لەهەمانکاتدا حیزبایەتیی کاریگەرێتیی هەبوو جووتیاران لەسەر مافەکانیان بێنەدەنگ..

لە سەردەمی کۆماریدا یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵیی دەرکرا، بەڵام جۆرە پاشەکشەیەک لە پشتگیریی جووتیاران دەبینرا، لە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆریشدا بە رووکەش هەڵڵای لەسەر جووتیار دەکرد، کەچی بە یاسای ٣٥ی ساڵی ١٩٨٣ و بڕیاری ٣٦٤ی ساڵی ١٩٩٠ی پاشکۆی یاسای ٣٥، زەمینەی خۆشکرد دەرەبەگەکان زیندووببنەوە و دەست بەسەر زەوییەکاندا بگرن!!

بەڵام جووتیاری کورد لە هیچ یەکێک لە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی

عێراق سوودی نەبینیوە، بگرە کەوتووەتەناو ئاگری ناکۆکییەکانەوە و هەمیشە لەلایەن هێزە سەربازییەکانەوە پەلاماردراوە و ئازاریان چەشتووە، سەرەڕای ستەمی دەرەبەگ و ئاغاکانی کورد کە هەندێکیان دەبوونە دەسکەلای دوژمن و چەکیان هەڵدەگرت.

ستەمی دەرەبەگ و ئاغاکان لە جووتیاران بووە مایەی ئەوەی جووتیاران پێشوازی لە شۆڕش بکەن و تێکەڵ بەو خەباتە ببن بەو هیوایەی بتوانرێ مافەکانیان دەستەبەربکرێ، بۆیە جووتیاران هەمیشە سووتەمەنی و بڕبڕەی پشتی شۆڕش و سەرچاوەیەکی گرنگی پشتیوانیی و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بوون.

پێشمەرگە ماڵە جووتیارەکانی لادێیەکانیان کردە سەنگەری بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دوژمن، کە دواتر بە شەڕی ناودێ ناسرا، بە هەزاران خانوو بە تۆپی تانک و بۆردوومانی هەلیکۆپتەر وێرانبوون، ناوماڵەیان سووتا و سەدان خاوەنماڵ شەهید و بریندار بوون، جگەلەوە کورە جووتیاری زۆر بوونە پێشمەرگە و پشتگیریی، لەپێناوی شۆڕشدا ماڵ و دێهات و سامان و باخاتیان تیاچوو!

بەرنامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گرنگیی بە ژیانی دانیشتووانی دێهاتەکان لەهەموو ڕوویەکەوە داوە، لە بابەتی دروستکردنی ئاوایی نوێ کە هەموو پێداویستییەکانی دابینبکرێ، پیاچوونەوە بە خاوەندارێتیی زەویوزار و ماکینەدارکردنی کشتوکاڵ و دامەزراندنی پێشەسازیی کشتوکاڵیی و دروستکردنی کۆمەڵگە هەرەوەزییەکانی جووتیاران.

یەکێتیی یەکەم ئەزموونی دیموکراسییانەی حوکمڕانیی و بڕیاردانی گەلیی لەدێهاتەکاندا پێڕەوکرد بەناوی ئەنجوومەنی دێ، جووتیاران کاروباری خۆیان ڕاییدەکرد و ئەنجامەکانیان ڕووبەڕووی دادگا دەکردەوە بەبێ دەستوەردانی کاربەدەستانی هێزی پێشمەرگە.

سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و فراوانبوونی دەسەڵاتی شۆڕش و پێوەندیی بە وڵاتانی دەوروبەرەوە بووە مایەی درێژنگی ڕژێمی دیکتاتۆریی

سەدام و بیرکردنەوە لە تۆڵەکردنەوە لە جووتیاران و خەڵکی لادێیەکان، کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشیش دێهاتە سنووریيەکانی راگواست، ژیانی قەدەغەکرد، خەڵکەکەی خستە ئۆردووگا زۆرەملییەکانەوە تا گەیشتە گەورەترین تاوانی سەردەم کە ئەنفال بوو!

ئەنفال توندترین زەبری بە جووتیاران گەیاند، زەوی و دێهاتەکانیان وێرانکران، بە چەکی کیمیاویی لێیاندرا، بە هێزی سەربازیی و جاش و تانک و تۆپ و فڕۆکە پەلاماردران، ئینجا ئەنفالکران و ڕاپێچی تووني مەرگ کران و چارەنووسی هەزارانیان دیارنەما! بەمەش ڕژێم ژێرخایەنی ئابووریی جووتیارانی خاپوورکرد و کوردستان بووبە خاکی سووتماک.

چالاکی ناوشار

کاری پێشمەرگە شەڕکردن بووە لەگەڵ دوژمندا، زۆربەی کات شەڕەکان بەرگری بووە، ئینجا هێرشکردن.. دوژمن کە مافی کوردی نەداوە دەرگایەکی کردووەتەوە کورد پەنا بۆ شاخ ببا و هێزی پێشمەرگە دروستبکات، ئەگینا بچووکترین پرەنسیپی دیموکراسی هەبووایە کورد لەڕێگەی دیبلۆماسی و گفتوگۆ یان لەڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەوە داوای مافەکانی دەکرد نەک پەنا بباتەبەر شاخ و چەکهەڵگرتن و شەڕکردن.

بۆیە کورد بۆ مانەوە یان گەیشتن بە مافەکانی پەنای بۆ چەک و شاخ بردووە و ڕوو لە دێهات کراوە کە مالێکی پڕ لە ئۆقرەیی بووە بۆ پشوودان و هەڵسووڕاندنی کاروباری پێشمەرگانە، هەربۆیەشە دوژمن زۆربەی کات لەدوای چالاکییەکان هەڵیکوتاوەتەسەر پێشمەرگە چ لەناو دێدا یان لە دەرەوەی دێدا.

لە سەرەتای شۆڕشی نوێدا کاری پێشمەرگانە پارتیزانانە بووە، پێشمەرگە بە شەو دەهاتنە دێهاتەکان و ئاوەدانییان دەبینی، کە پێشمەرگە زۆربوون بە ڕۆژیش دەردەکەوتن بەتایبەتی هەڵگیرساندنی

شەڕی ئێران- عێراق ڕۆڵی بینی لەوەی هەم پێشمەرگە زۆرتربن هەم ئازادانە هەڵسووڕێن و لە خاڵەکانی دوژمن بدەن بەتایبەتی ڕەبایەکان و بۆسەدانان لەسەر جادەکان، لەهەمانکاتدا جارجار پێشمەرگە بە شەو یان درەنگانێکی ئێوارە بەناو ئەو هەموو تەلە دڕکاوی و چاوی ئەمنەدا سنووری دوژمنیان دەبەزاند و دادەبەزینە ناوشارەکانەوە بۆ دەستوەشاندن لە دامودەزگاکان یان پیاوخراپانی سەربە ڕژێم کە بەمە دەوترا چالاکی ناوشار.

ئەم شەڕە بە چەکی سووک و بە دەستەی بچووک دەکرێ و دەتوانرێ لە چەند شوێنی جیاجیا بکرێ.. ئەم شەڕە تەواوکەری شەڕی شاخ بوو کە لەناوەوە لە پێگە سەربازییەکانی ڕژێم دەدرا بۆ شڵەژاندن و شەڵەقاندنی باری دەروونیی و زیانگەیاندن بە هێزەکانی و دەستەبەرکردنی پشتیوانیی جەماوەر.

چالاکی ناوشار لە شەڕی شاخ یان دەرەوەی شار قورستر و مەترسیدارتربوو، کە دەبوایە پێشمەرگەکان ڕێگای دووریان ببڕایە، بەوریاییەوە بچوونایەتە ناوشارەوە بەناو بۆسە یان بە پەنا ڕەبایەی دەوروبەری شاردا تێپەڕینایە، پێویستی بە زانیاریی تەواو هەبوو لەبارەی ئەو چالاکییەی هەڵدەبژێردرا، دەبوا پشت بە خۆیان ببەستن لەڕووی پەیداکردنی سەرچاوەی زانیاریی و خۆڕێکخستن و پلانی تۆکمە و ژیرانە و دەستنیشانکردنی شوێن و کات و جۆری دەستوەشاندنەکە و خۆبەدوورگرتن لە پێوەندیکردن بە پیاوەکانی ڕژێم وەکو سەرچاوەی کارکردن کە زۆرجار ئەمە بووەتەمایەی زیانی گەورە لە هێزی پێشمەرگە مەگەر ئەو سەرچاوەیە زۆر جێبباوەڕ بێ.. دەبێ نهێنیی ڕۆیشتن و گەڕانەوە دابنرێ بۆ کاتی لەیەکدابڕان، ئەگەر شەهید یان بریندار هەبوو چارەسەربکرێ، هەرکەس لەو دەستەیە کاری خۆی بۆ دانرابێ و دوای تەواوبوونی کارەکەش دەبێ لە شوێنی گەڕانەوە و گەیشتنە ناوچەی ئازاد یەکبگرنەوە یان دەبووا کەسی چاوساغ بۆ ڕێنماییکردن پەیدابکرایە، گەرچی زۆرجار پێشمەرگەکان خۆیان شارەزای ڕێگاوبان و شوێنی

دەستنیشانکراوبوون، ئەمە جگەلە چاوە سیخوڕییەکان کە بە زۆریی کوردبوون زانیارییان دەگەیاند یان دەبوونە هۆی تەقەکردن لە پێشمەرگە، لەتەقەشدا شەهید و بریندار دەدرا، بریندارێش بە زەحمەت دەربازدەکرا یان لەماڵێکدا حەشاردەدرا تا دواتر چارەسەردەکرا.. زۆرجار پێشمەرگە کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بەماڵ دەگەڕان و لەناو تەقوتۆقدا نێچیری خۆیان دەهێنایە دەرەوە یان دەستی خۆیان دەوەشاند و دەگەڕانەوە.

بە زۆریی چالاکیی پێشمەرگە لەناوشاردا لەسەر بناغەی زانستی سەربازیی نەبوو، پێشمەرگە فێری چالاکیی ناوشار نەدەکرا، ئەوەی دەیانکرد تەنیا لە پەرۆشیی و دڵسۆزیی خۆیانەوە بوو کە خۆیان دەخستەناو ئاگری مەرگەوە.. دەبوایە شۆڕش مشووری ئەوەی بخواردایە هێزی تایبەتیی بۆ ئەو مەبەستە رێکبخستایە بۆ کاتی پێویست.

چالاکیی ناوشار پێویستیی بە هێزی زۆروبۆر نەبوو، پێویستیی بە دەستەی بچووکی توانادارێ مەشقپێکراوی شارەزا و دیسپلیندارێ دڵسۆز هەبوو کە بزانن چۆن شەڕدەکەن و دەستدەوەشێنن و سەر لە دوژمن بشێوێنن نەتوانێ کاردانەوەی هەبێ.

وەنەبێ چالاکی ناوشار کارێکی ئاسان بێ لەناو جەرگەی دوژمندا شەڕبکرێ و بە کەمترین زیان لەوسەرەوە بە سەرکەوتوویی بگەڕێنەوە، بەڵکو زیانێشیان لێدەکەوت کە بۆ شۆڕش کارێکی ناهەمواربوو.

لە چالاکیی ناوشاردا دەستی باش لە دوژمن دەوەشێنرا، پێشمەرگە چاونەترسانە بەناو ئەو هەموو تەلبەندە و بنکە سەربازی و جاشخانە و چاوە سیخوڕییەکاندا تێدەپەڕین و ترس و بیمێکی زۆریان بۆ پیاوەکانی ڕژێم دروستدەکرد کە خەو لە چاویان بتارێ و ئاسوودەنەبن.. تەنانەت هەندێجار پێشمەرگە دەچوونەناو گەڕەکانی شارەوە و بە ڕۆژ بە بەرچاوی خەڵکییەوە دەستیان لە هێزەکانی دوژمن دەوەشاند و چواردەوریان دەگیرا و ئابڵۆقەدەدران تا دوا فیشەک بەرگرییاندەکرد و شەهیددەبوون.

هەندێجار مەفرەزەی جاشە خۆفرۆشەکان و ئیستیخبارات لە قەراغی شار لەو شوێنانەی کە پێشمەرگە پیایادەهاتنە ناوشارەوە بۆسەیان دادەنا

و شەڕ بەرپادەبوو، کە زۆرجار جاشەکانیان راودەنا و زیانیان لێدەدان و جاریش بووە پێشمەرگەکان لەگەڕانەوەدا بۆ بنکەکانیان کەوتوونەتە بۆسەوە و زیانیان لێکەوتووە و شەهید و بریندارییان داوە، کە بەشێکی بۆ کەمتەرخەمی دەگەڕێتەوە کە وایاندەزانی دوژمن ئەو فێڵە ناکا لەگەڕانەوەدا بۆسەیان بۆ دابنێت، وەکو ئەوەی لە قڕگەی نزیکی سلێمانی ڕوویدا.

چالاکیی پێشمەرگانەی ناوشار ئەوەی دەسەلماند دوژمن چەندە بەهێزبێ و خۆی قایمکردبێت پێشمەرگە دەتوانێت بەناودڵێدا بگوزەرێت و ئاستەنگەکان بشکێنێ و گورزی خۆی بوەشێنێت و نائارامیی و دڵەڕاوکێ لە دەروونی پیاوەکانی دوژمندا بچێنێت.

پێشمەرگە جوامێرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەسانێکی گەورەیان لە چوونە ناوشارەوە هەبوو، دەستیاندەوەشاند و دوژمنیان سەخڵەتدەکرد و دەگەڕانەوە، جاری وا هەبوو بە سەلامەتیی دەگەڕانەوە و زیان نەبوو، جاری واش هەبووە دەکەوتنە بۆسەی دوژمنەوە و زیانیان دەبوو کە هەندێجار نەدەتوانرا بریندار یان شەهیدەکە دەربازبکەن.

چەپ و بانچەپ

چەپ و ڕاست هەر لەکۆنەوە لەبواری سیاسەت و حوکمڕانیدا دیاریکراوە، وشەی چەپ بەرانبەر وشەی ڕاستە، وشەی چەپ لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا زۆرتر بڵاوبووەوە، کە چەپەکان لای چەپی سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەنیشتن و ڕاستەکانیش لای ڕاستی سەرۆکی پەرلەمانەوە بوون.. چەپ بەو تاقم و لایەنانە دەوترا کە بیری گۆڕانکاریی و شۆڕشگێڕییان هەبووە بەتایبەتی حیزبە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستەکان و ئەوانەی دژی فاشیزم بوون، کەواتە ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا پێوەندیی بە جیاوازیی چینایەتییەوە هەیە، چینی کرێکار و زەحمەتکێش نوێنەری بیری پێشکەوتووخواز بووە، هەمیشە چەپڕەوەکان ئۆپۆزیسیۆن بوون

و بەرهەڵستیی حکومەتیان کردووە.. چەپەکان باوەڕیان بە گۆڕانکاریی، ئازادیی تاکەکەسیی، یەکسانیی هەبوو، هەمیشە نوێنەرایەتی ئۆپۆزیسیۆن و پشتیوانیی بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانیان دەکرد.

کاتی خۆی بەوانەی باوەڕیان بە بەرهەڵستکاریی و گۆڕانکاریی و ئازادیی و پێشکەوتووخوازیی هەبووە، ئەوانەی کە حیزب و لایەنی شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخوازبوون وتراوە چەپ یان چەپڕەو، بەپێچەوانەوە بە پیاوەکانی حکومەت و حیزبە پارێزگار و دەسەڵاتدارەکان وتراوە راستڕەو.

تەنانەت لەناو حیزبە چەپەکانیشدا مەسەلەی چەپ و راست ڕێڕەوی خۆی وەرگرتووە و بەکارهاتووە لایەک دژی ئەویتر تۆمەتی راست و چەپ یان ڕاستی راست و چەپی راست و چەپی چەپیان داوەتەپاڵ یەکتریی بۆ شکاندنەوە و سووککردن و تۆمەتبارکردن.

لەناو چەپەکانیش ناکۆکیی دروستدەبێ بەتایبەتی ڕەوتی تووندڕەو پەیدادەبێ ئەوانەی پێیاندەوترا بانچەپ، کە بە بەرنامەی چەپەکانیش قایلنەدەبوون، هەربۆیەشە چەپەیان ڕووبەڕوویاندەبوونەوە، لەڕاستیشدا بیری تووندڕەوی هەمیشە ناواقیعبینانە تەماشای ڕووداوەکانیان کردووە هەڵسەنگاندنیان ژیرانە نەبووە.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکخراوێکی چەپ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی تێدابوو تووندڕەوبوون، ئەم تووندڕەوییە وەکو پەتایەک کەوتەناو ریزەکانی ڕێکخستن و هەندێ لەکادیرەکانەوە، کە زۆرتر لەژێر کاریگەرێتیی تەوژمی چەپگەرایی حیزب و ڕێکخراوە مارکسییەکانی ئێرانەوە هاتبوو نەک لە واقیعی کۆمەڵگای کوردییەوە..

لەکاتێکدا ململانێ لەنێوان سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا و بەشێک لە سەرکردە و کادیرەکانی کۆمەڵە تا دەهات پەرەیدەسەند، باڵی ئۆپۆزیسیۆن تۆمەتی ڕاستڕەویی و پارێزگارییان دەدایەپاڵ سکرتێر و باڵەکەی و بە لادەریان دادەنا، باڵی سکرتێریش ئەوانی بە لادەر لە کوردستانیبوونی کۆمەڵە و عێراقچی ناوزەددەکرد، ئەو مەسەلەیە لە

قسە و دەمەتەقێی نێوان کادیرەکان پەڕییەوەناو گۆڤاری کۆمەڵە و لە دوو ژمارەدا گفتوگۆی تۆندکرا، دواتر باڵی سکرتێری کۆمەڵە توانی مەسەلەکە بۆ بەرژەوەندی باڵەکەی خۆی یەکلابکاتەوە

بەمەش کۆمەڵە بووە دووکەرتەوە، باڵی بەرهەڵستکار بەناوی ئاڵای شۆڕشەوە جیابوویەوە، هەڵەکە لەوەدابوو لە شاخ و رێکخراوێکی چەپ کە ڕۆڵی گەورەی دەبینی لە بزاڤی شۆڕشگێڕیدا نەیانتوانی بەرهەڵستیی لە جیابوونەوە بکەن و پێکەوە کاربکەن و هەموو توانا و گوڕیان دژی دوژمنی سەرەکی کە ڕژێمی داگیرکەری بەعس بوو بخستایەتە کار.

بانچەپەکانی ناو کۆمەڵە کار و کردەوەکانی سکرتێریان ڕەخنە و سەرزەنشتەکرد، باڵی سکرتێریش لەجیاتی هێورکردنەوەیان و پێکهاتن لەسەر هەندێ خاڵ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکان ئەوەندەیتر ڕەقییان دەنواند و نێوانیان کرژتردەبوو، چەندە پاساو بۆ مەسەلە فیکرییەکان و ئیدارەدانەکان دەهێنرایەوە ئەوەندەش لەبنەوە مەسەلەی دەسەڵاتداریێتیی خۆی زەقدەکردەوە.

ئەمجۆرە بۆچوونە جگە لەوەی ریزەکانی کۆمەڵەی بەرەو لاڕێ دەبرد هیچ خزمەتێکی بە بیری گۆمەڵە و گۆڕانکاریی لە هەڵوێستە فیکریی و سیاسییەکاندا نەدەکرد.. هەردوو باڵەکە هەریەکە لە کەلی شەیتانی خۆی نەدەهاتە خوارەوە و بگرە زیانی قورسیان لە پەیکەرەی رێکخراوەیی کۆمەڵە و یەکێتیش دا.

هەر رەوتێک پێگەی بەهێزی لەڕووی ئایدیۆلۆژی و جەماوەرییەوە نەبێ ناتوانێ بەرگەی ڕووداوەکان بگرێ و زوو روو لە پووکانەوە دەکات و گۆڕەپانیش چۆڵدەکات و لەولاشەوە دەبێتە مایەی دڵساردی و باوەڕنەبوونیش لای لایەنگرەکانی.

چەك

چەک ئامرازی شەڕکردنە، کە دەبێتە هۆکاری کوشتن یان بریندارببوون یان کەمئەندامبوونی بوونەوەرێک.. چەک کاری دوولایەنە دەکات، هۆکارێکە: هەم بۆ لەناوبردن، هەم بۆ بەرگریکردن.

لایەنی باڵادەست و بەهێز بۆ سەرکوتکردنی لایەنی بێهێز بەکاریدەهێنێ، لایەنی بێهێزیش بۆ بەرگریکردن لە بوونی خۆی بەکاریدەهێنێ.

چەک جۆری زۆری هەیە: چەکی سووک، چەکی مامناوەندیی، چەکی قورس، چەکی ستراتیژیی، چەکی قڕکردن، چەکی ئەتۆمیی، چەکی قەدەغەکراو.. هتد.

بۆ بەرهەمهێنانی چەک کارخانە دامەزراوە، ئێستا کۆمپانیای زەبەلاح سەرۆکاری بەرهەمهێنان و فرۆشتن و ساغکردنەوە دەکەن.

مرۆڤ بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی شەڕی کردووە، لەشەڕیشدا چەک بەکارهاتووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش شەڕەکان گەرمبوون و جۆری چەکەکانیش گۆڕاون..

شەڕەکان لەنێوان دوو کەسەوە بۆ دوو بنەماڵە و دوو هۆز و ئینجا دوو نەتەوە و دوو دەوڵەت و زۆرتر پەرەیسەندووە و گیانی خەڵکیی تیاچووە.

چەک هەر لەکۆنەوە بە شێوە سەرەتاییەکەی بەکارهاتووە، سەرەتا بە بەردو دار و ئینجا چەکی ئاگر پەیدابووە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا چەکیش گەشەیکردووە لە چەکی ئاساییەوە تا دەگاتە ئەتۆمیی و کیمیاویی و بایۆلۆژیی.. هتد.

دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ هەژموونیی خۆیان لە بەرهەمهێنانی چەکدا گەورەترین داهێنانیان کردووە و یەکێکە لە پیشەسازییە پڕ داهاتەکان کە کێبەرکێی تۆندی لەسەرە و دەفرۆشێتە ئەو وڵاتانەی کێشە و ئاژاوەی تیایە

چەک هەر زیانی بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو زیانی بۆ سروشتیش هەیە، لە تۆپباران و بۆردوومانەکاندا دارستانەکان و ئاژەڵەکان و زەویوزاریش زیانیان پێگەیشتووە کە دەکاتە زیانی ئابووریی.

نەک هەر شەڕکەرەکان زیانیان لێکەوتووە، خەڵکی دووڕەشەڕ و بێچەکیش تووشبوون و لەناوچوون.

سوپای هەموو دەوڵەتان هەموو جۆرە چەکێکیان لەبەردەستدایە و لەشەڕەکاندا بەکاریدەهێنن.. عێراق یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە هەمیشە لەشەڕدا بووە چ لەناوخۆدا لەگەڵ کوردا چ لەگەڵ دەرودراوسێدا.

سوپای عێراق بەردەوام پڕچەک کراوە، تازەترین جۆرەکانی چەک و کەرەستەی جەنگیی بۆ دەکڕدرا، پارەیەکی زۆری لە بوودجەی وڵات بۆ تەرخاندەکرا، کاتێ سوپا دەکەوتە شەڕەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا توانای چەکی ئەو دوو هێزە بەراوردنەدەکرا..

سوپاس عێراق هەر لە چەکی سووکەوە تا دەگاتە چەکی قورس و قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیی بەکاردەهێا، پێشمەرگەش بە چەکی سووکەوە، کە بە زۆریی لەشەڕەکاندا دەستیدەکەوت یان لە رێگەی قاچاغەوە پەیایدەکرد رووبەڕووی دوژمن دەبووە، وەی هێزی پێشمەرگە و قارەمانەتییان ئەژنۆی هێزەکانی دوژمنی دەشکاند و تووشی شکستی دەکردن.

ئەو چەکانەی بە دەستی سوپای عێراقەوە بووە: جۆرەها کلاشینکۆف، رەشاش، ئارپیجی، بیکەیسی، جۆرەها تۆپ، رۆکێت، بۆمبا، جۆرەها تانک و زرێپۆش، گازی کیمیاویی، بایۆلۆژیی، ئەتۆمیی، جۆرەها مین، جۆرەها فڕۆکە و هەلیکۆپتەر.

لەبەرانبەردا چەکەکانی پێشمەرگە ئەمانە بوون: برنەو، سەلیب، کلاشینکۆف، ژ.٣، ئارپیجی، بیکەیسی، بریێن و عەفارۆف (لەکارکەوتبوون)، هاوەنی ٦٠، ٨٠، ٨١، نارنجۆک ئەنداز، نارنجۆکی دەستیی، دۆشکای یەکلوولە و دوولوولە، دیمیترۆف.. هتد.

چەک بەتایبەتی چەکە کوشندە و کۆکوژەکان هەمیشە مەترسییان

بـۆ سـەر مرۆڤایەتیـی و شارسـتانییەت دروسـتکردووە، بۆیـە رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان داوای چەکداماڵینـی کـردووە، بـەو بۆنەیـەوە هەفتـەی چەکداماڵیـن سـازکراوە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی خەڵکیـی لـە مەترسـییەکان چـەک.

چەك وەکو نازناوی پێشمەرگە

هـەر لەکۆنـەوە بـە شـێوازی سـەرەتایی چـەک کـە شـیر و تیـر .. هتـد بـووە بـۆ بەرگریـی لـە بەرانبـەر دوژمـن و نەیـاردا بەکارهاتـووە، لەگـەڵ بەرەوپێشـەوەچوونی شارسـتانییەت پیشەسـازیی چەکیـش گۆڕانـی بەسـەردا هـات و شـێوەی نوێـی گرتـە خـۆی تـا گەیشـتە جـۆری کوشـندە و سـتراتیژییەکان.

چـەک هەمیشـە ئامرازێکـی کوشـندە بـووە چ ئـەوەی لـە سـەردەمە سـەرەتاییەکان و چ ئەوانـەی لـە سـەردەمی ئێسـتادا هەیـە، کـە هەمـوویـان بـۆ قڕکـردن و لەناوبردنـە..

چـەک ئەرکێکـی دووسـەرەی هەیـە: لـە لایـەک ئامرازێکـە بەدەسـتی دەوڵەتێکـەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی دەوڵەتێکیتـر یـان بەرانبـەر هێزێکـی شۆڕشـگێڕ، یـان ئامرازێکـە بەدەسـتی شۆڕشـگێڕانەوە بەرانبـەر بـە ڕژێمـەکان.

چـەک هـەر بـۆ شـەڕی نێـوان دەوڵەتـان بەکارناهێنـرێ، بەڵکـو خەڵکیـش بـۆ پارێزگاریـی لـە خۆیـان لـە دژی ئەوانـەی دەچنەسـەریان لـە شـەڕی خێڵەکـی و بنەماڵەییـدا بەکارهاتـووە، هـەر لەکۆنـەوە چـەک بـە شـێوەی سـەرەکی بەدەسـتی سـوپای دەسـەڵاتدارەوەیە هـەم بـۆ پارێزگاریـی لـە خـودی دەسـەڵات و هـەم بـۆ سـەرکوتکردنی لایەنـی بەرانبـەر.

چـەک هەمیشـە لـە ژیانـی کـوردا ئامادەیـی هەیـە بەتایبەتـی لای پێشـمەرگە سـیمبولێکی تایبەتـە و لێیجیانابێتـەوە، چونکـە بـۆ کارێکـی ڕەوا و ئەرکێکـی گـەورە هەڵیدەگرێ کـە شـەڕی ڕزگاریـی نیشـتمانە، لەنـاو شۆڕشـدا زۆر سـەرکردە و فەرمانـدە و کادیـر و پێشـمەرگە نازناویـان دراوەتەپـاڵ و

بەوە ناسراونەتەوە، بۆیە چەک بەهەموو جۆرەکانیەوە بووەتە نازناوی پێشمەرگە و هەتا دوای پێشمەرگایەتیش ئەو نازناوەی لێنابێتەوە.. ئیتر ئەوە لەناو پێشمەرگە و خەڵکیدا وەکو نازناو بڵاوبووەتەوە بۆ نموونە:

مەحمود بیکەیسی، مەجید برێەو، حسێن ژ.٣، حەمە رەشاش، ئەحمەد ئارپیجی، حەبیبی تۆپخانە، شەماڵ ئۆمێک، مەجید ت.ق، عەلی وەسەت، سەلاح مزەللی، حەمە دەمانچە، عومەر دەبابە، قادر دۆشکە، عەلی کلاشینکۆف، حەمە سەمینۆف، رەشە کۆپتەر..

ئەم نازناوە هەر لە یەک ناوچە باونەبووە، لەهەموو ئەو دەڤەرانەی پێشمەرگەی تیابووە هەبووە، تەنانەت لای پێشمەرگەی هەموو حیزب و لایەنەکان هەبووە.

حەملەکردن

حەملە واتە هەڵمەت، هێز کۆکردنەوە بۆ پەلاماردانی هێزێک یان شوێنێکی دوژمن بۆ گرتنی و پاککردنەوە و زیانگەیاندن بە دوژمن یان دوورخستنەوەیان.

لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حەملە زۆر دەکرا چ بۆ لێدان و پەلاماردانی ڕژێم یان هێزەکانی لایەنەکانی جود کە ماوەی چەند ساڵێک لە سەنگەری ناکۆکیی و ململانێدا بوون و زۆر شەڕ و پێکادانیان تووشبووە و خوێنی زۆر لەنێوانیاندا ڕژاوە، کە هەمووی بە زیانی کورد تەواوبووە.

کاتێک باڕێکی نائاسایی دەهاتە پێشەوە یان زانیاریی لەبارەی مەبەستێکەوە دەگەیشت ئیدی دەبوا مشوری ئەوە بخورێ هێز کۆبکرێتەوە بۆ ڕێگەگرتن لەهەر ئەگەرێکی ناکاو یان خراپ بۆ پەلاماردان و شەڕکردن و گوشار.

بۆ ئەمەش بە وردیی تاوتوێی ئەو مەسەلەیە لەهەموو ڕووەکانی سەربازیی و جوگرافییەوە دەکرا، دوای ئەوە فەرماندە یەکەمەکان بانگدەکران بۆ ئاگادارکردنەوە و گفتوگۆی چڕوپڕی پلانەکە و دابەشکردنی

ئەرکەکان، دوای ئەوە هێزەکانی خوارەوە بانگدەکران بۆ سەرەوە لە نزیکی شوێنی شەڕ یان چالاکییەکە گردببنەوە، هەر فەرماندەیەک و هێزەکەی بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەستنیشانکرابوو دەڕۆیشتن.

هەر هێزێک بە چەک و پێداویستییەکانیانەوە ئامادەدەبوون، کۆبوونەوەیەکیان پێدەکرا بۆ ڕوونکردنەوەی چالاکییەکە و هاندانیان و ورەبەرزکردنەوەیان و ئامادەکردنی دەستەی هێرشبەر و پشتیوان و بەشێکیش وەکو یەدەک بۆ کات و کاری پێویست، لەگەڵ ئەو هێزەدا ڕێنیشاندەرێک/ چاوساغێک کە خەڵکی ئەو شوێنە یان شارەزای تەواوی لە شوێنەکە هەبێ دەکەوتە پێشیانەوە تا دەگەیشتنە نزیکی شوێنمەبەست، ئیتر دەستەی هێرشبەر بەوریاییەوە دەچوونە پێشەوە، هەناسەیان لە خۆیان دەچنی و لە کاتژمێری سیفردا ئاگربارانی دوژمنیان دەکرد، بە ئازایەتیی دەستیان دەگەیشتە شوێنەکە و دەیانگرت.

دوای گرتنی شوێنەکە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد هێزیتر بیانگۆڕێ و ئەوان بگەڕێنە دواوە بۆ پشوودان، زۆرجار هێزی ئەوتۆ نەبوو بۆ گۆڕین ئیتر پێشمەرگە دەموچاویان بەیەکادەدا و ئاڵۆزدەبوون، بۆیە پێشمەرگەی یەکێتی هەمیشە لەحەملەدا بۆ هێرشبردن و گرتنی شوێنە سەختەکان دەسانێکیان هەبوو، بۆ مانەوە بێزاردەبوون.

پێشمەرگەی گەرمیانی هەم بە حەملە بێتاقەت و هەم بە مانەوەی سەنگەر، کە بۆ حەملە دەڕۆیشتن حەزیاندەکرد بەپەلە کارەکە بکرێ و بگەڕێنەوە ناوچەکەیان، بە زۆریی ئەو ناوچەیەی بۆی دەچوون ناشارەزابوون تا شارەزا دەبوون ماوەیەکی دەویست ئەمە جگەلەوەی لە سنوورەکەیان دادەبڕان.

ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە لەحەملەدا ناخۆشبوو کە پێشمەرگە شەهیددەبوو، لەو شوێنە دوورەوە تەرمەکەی بە سەختیی دەگەڕێنرایەوە، هەم پێشمەرگەکان خەمباردەبوون هەم کەسوکارەکەی!

راستە لەحەملەدا شەڕی گەورە دەکرا و دەستکەوتی زۆر دەبوو، بەڵام لە ناوچەکان هێز کەمدەبووەوە یان هەر کەس نەدەما، ئەمەش زیانی

هەبوو، لەو شوێنانەی هێزی پشتگیریی دروستبووبوو بەتایبەتی ناوچەی داودەی گەرمیان هێزی پشتگیریی لەبری پێشمەرگە چالاکییاندەکرد یان لە هێزی دوژمنیان دەدا و هەراسانیاندەکرد.

حوکمی قەرەقوشی

زۆرجار تانە لە حوکمی دادگاکان دەدرێ دەوترێ ئەمە حوکمێکی قەرەقوشییە، بەتایبەتی کورد ئەم وشەیە زۆر بەکاردێنێ بەهۆی ئەو بڕیارە ناداپەروەرییانەی بەسەر کەسی گیراودا دەدرا کە دووربوو لە بەزەیی و وێژدان.

قەرەقوش وشەیەکی تورکییە بە واتای هەڵۆی رەش، وەکو لەسەرچاوەکاندا هاتووە ناوی بەهادین بووە، هەنێک دەڵێن یەکێک لە پیاوەکانی سوڵتان سەڵاحەدین دەبێ و هەنێکیش دەڵێن کۆیلەی بووە، تورکیش بووە، دواتر دەبێتە کاربەدەستێکی گەورە..

بە دوو جۆر باسی قەرەقوش دەکرێ: کەسێکی گێل و گەمژە نەزانانە حوکمیکردووە، حاکمێکی ستەمکار و زۆردار.. بەڵای هەندێکەوە وادەزانرێ قەرەقوش کەسایەتییەکی ئەفسانەییە، کەچی لەڕاستیدا کەسایەتییەکی راستەقینە بووە، بەردەوام لەگەڵ سەڵاحەدیندا بووە، دوای مردنی سەڵاحەدین ماوەیەک جێگەی دەگرێتەوە تا لادەبرێ.

دەیان ناتۆرەی دراوەتە پاڵی گوایە حوکمەکانی شتی سەیرو سەمەرەی تیابووە، بەڵام ئەم نابووتکردنەی کەسێتیی قەرەقوش بۆ ئیبن مەماتی نووسەر دەگەڕێتەوە، کە کەسێکی خاوەن قەڵەم بووە، لەگەڵ قەرەقوشدا ناکۆکبووە و دانوویان پێکەوە نەکولاوە.

دیارە حوکم و بڕیارەکانی شتی سەیروسەمەرەی تیابووە و ئەمە چووەتە زەینی خەڵکییەوە و بە گێل لە قەڵەم دراوە، وەکو کەسایەتییەکی گاڵتەجارِ لە رێگەی هەندێ نوکتە و گاڵتەکردنەوە کە دراوەتە پاڵی وەکو کەسێکی گەمژە ناوی چووەتە میژووەوە، بەڵام نووسەرانێکیتر دەڵێن

ستەم لە کەسایەتی قەرەقوش کراوە، ئەو کەسێکی ڕێکوپێک بووە، حوکمڕانییەکی باشی کردووە، قەڵای دروستکردووە، دیواری قاهیرەی بنیاتناوە، کەسێکی سەربازیی سەرکەوتوو بووە، سەڵاحەدین پشتی پێبەستووە.

قەرەقوش بەو گاڵتەجاڕییانەی دراوەتە پاڵی چووەتەناو خانەکانی مێژووەوە و تا ئەمڕۆش باسدەکرێ، ئیتر هەر کەسێک حوکمی گێلانەی ناڕەوای دابێ بە قەرەقوش چوێنراوە بەتایبەتی دەسەڵاتی ستەمکار کە بەردەبێتە وێزەی خەڵکیی و بە چەپ و ڕاستدا هەڵیانیدەبڕی، واتە حاکمێک بێویژدانانە بڕیاربدات و بە هەوەسی خۆی بیپێوێ و پشت بە هیچ دەستوور و یاسایەک نەبەستێ وەکو ئەوەی لە دادگاکانی بەعسدا بەرانبەر خەڵکی تێکۆشەر و بێتاوان دەکرا.

کە حوکمێکی ستەمکارانە لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە درابێ وتراوە ئەمە حوکمی قەرەقوشییە، بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی بەعسدا دادگای بەدناوی بەناو سەورە حوکمەکانی ستەمکارانە و نادادپەروەرانە بوو، زیندانی و گیراوەکان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا ڕووبەڕووی دادەوەرە بێبەزەییەکان دەکرانەوە دوور لە چاودێریی دەزگا نێودەوڵەتییەکان بە نهێنیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا و حوکمەکان ناڕەوا بوون، خەڵکیی دەیانوت ئەمە حوکمی قەرەقوشییە!

ئەم حوکمی قەرەقوشییە لەهەموو سەردەمەکاندا باوی هەبووە، گرنگ ئەوەیە کەسی گیراو حوکمبدرێ بەبێ ئەوەی تاوانێکی سەلمێنراوی کردبێ، کە زۆرجار مەسەلەکە ڕقی سیاسیی و پاکتاوکردنە!

حیزبایەتی و حیزبەکانی ناو شۆڕش

حیزب وا پێناسەکراوە کە ڕێکخستنێکی سیاسییە بەپێی بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەوڵ بۆ دەسەڵاتی سیاسیی دەدات.. بوونی حیزب بۆ ڕێکخستنی ژیان و کاروباری خەڵکیی و ئاراستەکردن و هوشیارکردنەوە پێویستە.

چەند جۆرێک حیزب هەیە: تاکحیزبی، دوو حیزبی، فرەحیزبی کە هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە تێڕوانین و جیهانبینی و هەڵسوکەوتدا.. لەعێراقدا کە هەمیشە گۆڕانکارییە سیاسییەکان بە کودەتای سەربازیی کراوە، سیستمی حوکمڕانیی تاکحیزبی بووە بەتایبەتی دوای هاتنی کۆماری ساڵی ١٩٥٨.

سیستمی تاکحیزبی هەر تەنیا خۆی دەبینێتەوە و ڕێگە بە لایەنیتر نادات بەئازادیی کاربکات چ وەکو بەشدار لەدەسەڵاتدا یان وەکو ئۆپۆزیسیۆن.. عەبدولکەریم سەرۆکی یەکەمین و عەبدولسلام و عەبدولڕەحمان عارف و دواتر ئەحمەد حەسەن بەکر و ئینجا سەدام هەموویان دیکتاتۆربوون و هەناسەیان لە گیانی حیزبەکانیتر بڕیبوو تەنیا لەقۆناغێکدا بەعس لەگەڵ شیوعیدا بەرەیەکی کارتۆنییان کردەوە، دواتر تێکچوون دوای ئەوەی گورزی کوشندە لە حیزبی شیوعی درا و ناچار جارێکیتر بەرەو شاخ هەڵکشا.

هەر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم پارتی دیموکراتی کوردستان دایە شاخ و بووە حیزبێکی قاچاخ و دواتریش حیزبی شیوعی لەسەردەمەکانیتر پێوەندیی بەشاخەوە کرد، زۆریش لەگەڵ پارتیدا دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا و کێشە و بەربەرەکانییان هەبوو، ئیتر ڕێکخستنی ئاشکرای کوردی بوونی نەبوو. لەشاخیشدا یەک حیزبی کوردستانیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمیی هەبوو، کە دواتر حیزبی شیوعی باڵی کوردستان پێوەندییانکرد و دواتر پارتی باڵی مەکتەبی سیاسیی لێترازا و

جیابووەوە، ململانێیەکانیان ئەوەندە توندبوو پێکەوە نەیاندەکرا وەکو دوو لایەن کاری شۆڕش بکەن دژی دوژمن.. ناچار باڵی مەکتەبی سیاسیی ڕوویکردە ئێران و لەوێش پارتی گوشاری خستەسەر ئێران کە لە ئێران دەریانپەڕێنن بەناچاریی گەڕانەوە کوردستان و نەیانتوانی هەڵبکەن یان دەکوژران یان دەبوا بچنەپاڵ حکومەت، ڕێگای دووەمیان هەڵبژارد.

هەرچەندە ناکۆکییەکان تاوی سەندبوو، بەڵام لێکترازانەکە هەڵەیەکی مێژوویی بوو، لەوەش هەڵەتر خۆڕادەستکردنە لای دوژمن کە ناچارییشبوو تائێستا شوێنەواری نێگەتیڤی ئەو ترازانە بە لاشەی کوردە ماوە و لەکۆڵنابێتەوە.. ئەمەش ئەنجامی تاکڕەویی حیزبی و دەسەڵاتی قورخکردن بوو.

لەدوای گفتوگۆی بەیانی ئازار کە چوار ساڵی خایاند پارتی دیموکراتی کوردستان حیزبی ئاشکرابوو، باڵی مەکتەبی سیاسیی خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونەوەناو پارتی، دوای بەعس دەستی دەستیی بە کورد کرد و دەستێوەردانی دەرەکیش نەیهێشت جارێکیتر شەڕ هەڵگیرسایەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان دایەوە شاخ و بەعسیش دەزگای تەشریعی و تەنفیزیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی دروستکرد و دوو حیزبی کارتۆنیی پارتی شۆڕشگێڕ و پارتی دیموکراتی پێکەوەنا ئەوانیش پیاوی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم بوون و جەماوەریان نەبوو.

لە شۆڕشی نوێشدا سەرەتا تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شۆڕشی هەڵگیرسانەوە و دواتر قیادە موەقەتە وەکو پەرچدانەوە دروستبوو و دژی یەکتریبوون و ناوچەکانیان لە یەکتری قورخکرد پارتی لە بادینان و یەکێتیی لە سۆران، دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیستیی لە یەکێتیی ترازا، پاسۆکیش هەبوون، حیزبی شیوعیش کە لەگەڵ بەعسدا بەرەیەکیان پێکەوەنابوو، بەعس کەوتە وێزەیان و بەرەی لای بەعسیان بەجێهێشت و گەیشتنە شاخ، سەرەتا لە سنووری یەکێتیی بوون و دوای ماوەیەکی گەیشتنە لای پارتی و ئینجا پارتی و پاسۆک و شیوعی دژی یەکێتیی بەرەی جودیان دروستکرد، هەرچەندە پێشتر جوقدیش هەبوو،

هەروەها بەرەی ١٦ لایەنیش هەبوو، تەنیا جود وەکو بەرە مایەوە، درەنگانێکیش پارتی گەلیی دروستبوو.

ئەم حیزبانە هەریەکەیان لە ناوچەی دەسەڵاتیاندا رێگەیان بەویتر نەدەدا کاربکەن مەگەر بەنهێنیی و زۆرجاریش ئەندامانیان راوەدوودەنان یان دەگیران.. هەموو ئەمە بۆ تاکڕەویی حیزبی دەگەڕێتەوە کە دواجار بەهۆی ئاشتبوونەوەی ساڵی ١٩٨٦ توانرا حیزبەکان بچنە سنووری یەکتریی و کاری حیزبیی و چالاکی پێشمەرگانە بکەن و قۆناغی قاچاغبوون تێپەڕێنن.

ئەوەی تێبینیدەکرێت هیچ حیزبێک نەیتوانیوە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بکات، گەرچی هەموو حیزبەکان لە پێڕەو و پرۆگامیاندا خۆیان بە خاوەنی هەموو چین و توێژەکان دادەنا، بەمەرجێ هیچ حیزبێکی چینایەتی پێوانە تەواو نەبوو با لە پێڕەو و بەرنامەکەیدا مادە و برگەی لەوبارەیەوە دانابێ و باسی چینی کرێکار و جووتیاریشی کردبێ.

هەروەها شتێک نییە بەناوی دیموکراسییەتەوە کە دەبێ گۆڕەپانی کارکردن و هەڵسووڕاندن بۆ هەموان بێ و ئازادی هەبێ و رێگری لە هیچ لایەک نەکرێ چالاکییەکانی لەهەرشوێنێدا بکات، دیموکراسییەت تەنیا بۆ ئەو حیزبەیە ئازادانە لەناوچەکەیدا هەڵسوکەوتبکات و ئەوانیتر لەژێر هەژموونی ئەوی باڵادەستدا هەناسەبدات، بۆیە هەرگیز ناتوانرێ ئەو ژینگە پاکە دروستببێت بۆ هەموان تیایابجوولێنەوە و سیاسەت و بیر و بەرنامەی خۆی دوور لە سانسۆر پێڕەوبکات.

گەورەترین ناشیرینیی ئەو حیزبانە لە شاخ شەڕ و ململانێی ناڕەوای نێوانیان بوو لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیان و لەمەشدا دەستی دەرەکی لە پشتی پەردەوە یاریدەکرد بۆئەوەی نەتوانن ئەرکە نەتەوایەتییەکەیان بگەیەننە هەوار.

ئەمە باری حیزبی کوردی بووە لە کەشوبای شاخدا، دەبێ کە دێتە شارەوە چۆن بیربکاتەوە؟ چۆن نموونەیەکی شارستانیی بێ؟ چۆن

بەرنامەڕێژیی بۆ سیاسەتێکی جەماوەریی ڕەوا بکات کە ئایینده‌ی بۆ فەراهەمبکات و ڕێگای خۆبنیاتنان و گەشەکردن بدۆزێتەوە تا خزمەت بە کەسێتی مرۆڤی کورد بکرێت و کۆمەڵگایەکی ساغ بنیاتبنرێت؟ هەرگیز ئەوسەری تونێلەکەمان لێوەدیارنییە و ئەوەی دەوترێ لەسەر زەوی واقیع چنگماناکەوێ.

دەردی کوشنده‌ی حیزبەکانی کوردستان ئەوەیە بەرنامە و پێڕەوی زلیان دادەنا و بڕگەکانی جێبەجێنەدەکرا، سەرکردەی ناتوانا دادەنرا کە لەسیاسەتدا کۆڵەوار و ئاگای لە مەحمودی بێزەواڵ نەبوو تەنیا پێگە و دەسەلاتی خۆی دەپاراست، کە نە حیزب پێشدەخات و نە دەستکەوتێکی نەتەوایەتی هەبوو.

حیزبی شیوعی عێراق/ حشع

یەکێک لە کۆنترین حیزبەکانی عێراقە، هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی – لینینی بوو، ساڵی ١٩٣٣ بەناوی لیژنەی بەرەنگاریی ئیستیعمار دامەزرا و دواتر ساڵی ١٩٣٤ بوو بە حیزبی شیوعی عێراق.. یەکەم سکرتێرەکەی فەهد بوو، دوا سکرتێریشی عەزیز محەممەد بوو.

حیزبی شیوعی حیزبێکی سەرتاسەریی عێراقیی بوو، باوەڕی بەوەبوو کرێکاری کورد لەڕووی چینایەتییەوە بەشێکی کرێکارانی عێراقە، بۆیە دەبێ یەک حیزبی شیوعی هەبێ، لەکوردستانیشدا لیژنەی هەرێمی کوردستانی هەبوو.

لە سەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا ڕۆڵی هەبوو، دواتر قاسم هەڵگەڕایەوە و کەوتە دژایەتی و ڕاوەدوونانی، لەناوخۆشیدا حیزبی شیوعی وەکو زۆربەی حیزبەکانیتر بەهۆی ناکۆکی و ململانێوە تووشی لێکترازان بووە و پوازی لێبووەتەوە.

ساڵی ١٩٦٣ لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریی خەباتی کردووە، هێزی پێشمەرگە و بنکە و بارەگای خۆی هەبووە، پێشمەرگەکانی هەر خەڵکانی

کورد نەبوون، بەڵو بەشێک سەرکردە و کادیر و پێشمەرگەکانی خەڵکی عەرەب و تورکمان و مەسیحی بوون، لە چەندین شەڕدا بەشداریانکردووە بەتایبەتی شەڕی هەندرێن کە گورزێکی توند لە سوپای عێراق درا، کە ساڵی ١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەعسدا رێککەوتنی ئازاری مۆرکرد حیزبی شیوعیش سوودی لەوەبینی، کە ساڵی ١٩٧٣ بەعس لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هاوپەیمانییەکی دۆستایەتی و هاوکاریی بەست، حیزبی شیوعیش لەگەڵ بەعسدا بەرەیەکی پێکهێنا، ئەگەرچی چەند وەزیرێک و کاربەدەستێکی شیوعی لە دامودەزگاکانی حکومەت دامەزران و لەشارەکاندا بارەگایان دانا و چەکیشیان درایە، وەکو دەوترێ سۆڤیەت هەوڵیدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی ئەو بەرەیە بکات، پارتی رازی نەبوو بچێتە ئەو بەرەیەوە، ئیتر حیزبی شیوعی کەوتە بازنەی شەڕی چەکداریی لەگەڵ پارتیدا و لە چەندین شوێنیش خەڵکی شەهیدکراوە و گیراوە تەنانەت چەند کادیرێکی شیوعی لە وڵاتی سۆڤیەت گەڕابوونەوە، کە ١١ کەس بوون لە زاخۆ شەهیدکران، ئەمەش هەر بەرنامەی بەعس بوو بۆ دابڕینی حیزبی شیوعی لە شۆڕشی کوردستان.

لە دەستپێکردنەوەی شەڕی ١٩٧٤دا دژی شۆڕش وەستایەوە، لەشەڕیشدا بەشداریکردووە، بەڵام دوای ئاشبەتاڵ بەعس وەکو کەڵەگاییکردن کەوتە دژایەتی حیزبی شیوعی و گوێینەدایە ئەو پەیمانی هاوپەیمانی و هاوکارییەی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەنجامی ئەم بەرەیە بۆ حیزبی شیوعی بە خراپ شکایەوە، زۆر لە کادیر و ئەندامە دیارەکانی حیزبی شیوعی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە راوەدوودەنران و دەستگیردەکران و دەکوژران.

هەڵەی حیزبی شیوعی ئەوەبوو بڕوای بە هاوپەیمانیی بەعس بوو، لەهەمانکاتدا کەوتە شەڕەوە لەگەڵ شۆڕش، کە حیزبی بەعس ئەوەی دەویست تا حیزبی شیوعی هیچ دەرەتانێکی نەمێنێ و هەر لە بازنەی ئەو هاوپەیمانێتییەدا بمێنێتەوە.

هیچ رێگایەک لەبەردەم سەرکردایەتی حیزبی شیوعیدا نەما جگەلەوەی

بیر لەوەبکاتەوە خۆی کۆبکاتەوە و ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو مامەڵەیەی بەعس بدۆزێتەوە و خۆی لەو دۆخە ناهەموارە قوتاربکات.

پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە هەندێ لە کادیر و ئەندامەکانی لە ریزەکانی یەکێتیدا بوونە پێشمەرگە، کە حیزب چووە دەرەوە ئەوانەی مابوون گەڕانەوە ناو حیزب.

ساڵی ١٩٧٨ خۆی گەیاندە ناوچەکانی شۆڕشی نوێ.. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پارە و چەک و چادر و بارەگا هاوکارییکرد و لە نۆکان بارەگای دانا، دوای ماوەیەک بەبێ ئەوەی هۆکارێکی دیاریکراوی هەبێ سنووری یەکێتیی بەجێدەهێڵێ و دەچێتە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٨١ حشع، یەکێتیی، حسک، بەعسی سوری، بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس بەرەی جەوقەدیان دروستکرد، بەبێ ئەوەی هیچ جوواڵە و چالاکییەکی سیاسیی یان سەربازییان هەبێ.. زۆری نەخایاند و لەهەمانساڵدا حشع، پارتی، حسک، پاسۆک بەرەی جودیان پێکهێنا، ئەمەش وەکو بەرنامەیەک بۆ هەڵوەشانەوەی بەرەی جەوقەد، کە تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو خاوەنی هێز مایەوە، بەمەش حیزبی شیوعی کەوتە ناو ئاڵۆزییەکانی شەڕی ناوخۆ و لەشەڕەکاندا بەتایبەتی لە شەڕی قەندیلدا زەبریان بەرکەوت و بەرەو ناو ئێران هەڵکشان.

لەمەشدا حیزبی شیوعی دەیتوانیی خۆی بپارێزێ لە ململانێی نێوان یەکێتیی و پارتی و نەکەوێتە شەڕێکی بێهوودەوە، دەیتوانێ ڕۆڵی ریشسپی سیاسیی و ناوبژیوانیی ببینێ و ئاوبکاتە ئاگری ناکۆکییەکاندا.

لەو کاتانەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشتبوون، هەندێ چالاکییان لەناوچەکاندا دەکرد و لە هەندێ شەڕیش لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا لە چەند ناوچەیەک وەکو بەکربایەف و سپیسەر و.. هتد، شەهیدی زۆریان داوە، لەو وردەشەڕانەش لەگەڵ یەکێتیدا چەندین پێشمەگەی هەردوولا شەهید و بریندار بوون.

لە ساڵی ١٩٨٦ ڕەوانشاد مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی ڕێککەوتنێکی

لەگەڵ یەکێتیی کرد، بەڵام سەرکردایەتی حیزب دژی ئەو ڕێککەوتنە وەستایەوە و بەمەش ئاڵۆزیی ڕاگەیاندن کەوتە نێوانی یەکێتیی و حیزبی شیوعی.. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ یەکێتیدا پێکدێنەوە تا هێرشەکانی ئەنفال، کە لەشەڕەکاندا پێشمەرگەی هەردوولا پێکەوە لەسەنگەرەکاندا ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و ڕۆڵی قارەمانانەیان بینی لە ناوچەی داودە و دێی تازەشار، کە دوژمن ناچاربوو کیمیاوی بەکاربهێنێ، ٢٣ پێشمەرگەی یەکێتیی و حیزبی شیوعی تا دوا فیشەک بەرەنگاربیانکرد و گیانیانبەخشی.

لەدوای کشانەوەی هێزەکان لە گەرمیان و ناوچەکانیتر لە هەندێ شوێن چەند دەستەیەکی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی وەکو پارتیزان مانەوە و دوای ماوەیەک بەرەو ناو ئێران سەرکەوتن.

لە دەمەدەمی تەواوبوونی شەڕەکانی ئەنفالدا، حیزبی شیوعی لەگەڵ یەکێتیی، پارتی، حسک، پاسۆک، پارتی گەل.. هتد، بەرەی کوردستانییان پێکهێنا کە گەورەترین دەستکەوت دوای ڕاپەڕین بڕیاری هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بوو.

حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ حسك

ساڵی ١٩٧٩ بەشێکی باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردایەتی ڕەسوڵ مامەند و هەڤاڵەکانی ریزەکانی یەکێتییان بە هۆکاری جیاواز بەجێهێشت، دواتر لەگەڵ لایەنەکەی د. مەحمود عوسمان (کۆمیتەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان) لەحیزبێکدا یەکیانگرت و ناویاننا حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، پاشان باڵەکەی محەممەدی حاجی مەحمودی گوڵەخانەش یەکێتییان بەجێهێشت و چوونەناو (حسیک)ەوە؟

حسیک لەو شوێنانەی باڵادەست بوون گێچەڵیان بە هێزەکانی یەکێتیی دەگێڕا و چەندین شەڕیان کرد و لە یەکترییان دەکوشت.. حسیک لەگەڵ دروستبوونیدا هەنگاوێکینا بۆ دانوستاندن لەگەڵ ڕژێمی

بەعسدا و نوێنەریان بۆ گفتوگۆ چووبووە بەغداد، بەڵام گفتوگۆکان هیچ دەستکەوتێکی نەبوو و شکستیهێنابوو.

حسیک وەکو هێزێکی فرەباڵ و لایەنی نەگونجاو دروستبووبوو، بۆیە هەموو کاتێک لەبەردەم ئەوەدا بوو کێشەکان بتەقێتەوە و هەریەکە بەلایەکدا بڕۆن، ئەوەبوو باڵەکەی د. مەحمودی لێجیابوویەوە، دواتریش ساڵی ١٩٨٥ باڵەکەی قادر عەزیزیش جیابوویەوە و حیزبی زەحمەتکێشانی دروستکرد، دواتر ناوی ئەم حیزبە بۆ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) گۆڕا.

لە ساڵی ١٩٨٠حسک و حشع و پدک و پاسۆک بەرەی جودیان پێکهێنا، دیارە ئەم بەرەیە بە پلەی یەکەم بۆ دژایەتیکردنی یەکێتیی و شەڕفرۆشتن و تەنگپێهەڵچنینی هێزەکانی بوو بەتایبەتی کە یەکێتیی جگەلە جیابوونەوەی ئەو بەشەی سۆسیالیست هێزێکی زۆری لە شەڕی هەکاریدا تیاچوو، بۆیە لەڕووی ژمارەوە پێشمەرگەی کەمبووبووەوە تا وردەوردە خۆی بنیاتنایەوە.

لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٨١ سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا و دوای تیرۆرکردنی سەیدا ساڵح یوسفی رەسوڵ مامەند بە سکرتێری حسک هەڵبژێردرا..

بە دروستبوونی بەرەی جود ناکۆکییەکان لەگەڵ یەکێتیدا ئاڵۆزتردەبوو، لە زۆر شوێن شەڕ و پێکادان لەنێوانی پێشمەرگەکانی هەردوو لادا بەرپادەبوو، تەنانەت گوشار دەخرایەسەر ڕێکخستنەکانیش.

جگەلە هێزەکانی جود، هێزەکانی حسک شەڕیان بە هێزەکانی یەکێتیی دەفرۆشت بەتایبەتی لە سنووری هەولێر و دۆڵی جافەتی و شارەزوور تەنگیان بە هێزەکانی یەکێتیی هەڵدەچنی و پێشمەرگەیان شەهیدەکرد، بەتایبەتی ساڵی ١٩٨١ شەڕی شارباژێڕ و هەندێ وردە شەڕیتر لە ناوچە جیاجیاکان و ساڵی ١٩٨٣ شەڕی قڕناقە و پشتئاشان، کە لەگەڵ لایەنەکانیتری جوددا ناچاری پاشەکشە بەرەو ناو خاکی ئێران کران و لە ناوچەکانی قەندیل و دۆڵی جافەتی و هەولێر نەمان، لە شارەزووریش

کەوتنە سنووری سووڕێن.

دوای ئەو ململانێ و کوشتارەی لەگەڵ یەکێتیدا کرا ساڵی ١٩٨٥ حسک دەستپێشکەرییەکی ئازایانەیان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتیدا کرد، نوێنەری هەردوو لا چەندینجار یەکترییان بینی و ڕێکەوتنیان کرد، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆئەوەی دواتر پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێتە پێشەوە و لەسەر ئاشتبوونەوە ڕێکبکەون، دواتریش لایەنەکانیتری جود هەمان هەنگاویاننا و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان هێزیان بۆ ناوچەکانی یەکتری دەنارد و بگرە پێکیشەوە چالاکییان دەکرد.

ئەم هەنگاوەی ئاشتبوونەوە جێگەی ئاسوودەیی خەڵکیی

لە سەروبەندی شەڕی ئەنفالەکاندا هەموو لایەنەکانی: یەکێتیی، پارتی، حسک، حشع، پاسۆک، دواتریش پارتی گەل بەرەی کوردستانییان پێکهێنا، هەرچەندە کاتەکەی درەنگبوو، بەڵام هەر باشبوو، لایەنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی دەبێ بەرژەوەندیی باڵای کورد لەبەرچاوبگیرێ و هەوڵەکان یەکبخرێ، بەوجۆرە بەرەی جود هەڵوەشایەوە و شەڕی لایەنەکان نەما و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدرایەوە، ئەگەرچی ئەوکاتە ئیتر هێزەکانی لایەنەکان لەگەڵ کۆتاییهاتنی شاڵاوەکانی ئەنفال وردەوردە بەرەو ناوەوەی سنووڕەکانی ئێران دەچوون.

حیزبی بەعس

بەعس حیزبێکی سیاسیی عوروبی بوو لەسەر دەستی میشێل عەفلەق و چەند کەسایەتییەکیتر لە ١٩٤٧/٤/٧ دامەزرا.. حیزبێکی نەتەوەیی شۆفێنی بوو دروشمی: یەک نەتەوەی عەرەبی، خاوەن پەیامێکی نەمریی.. باوەڕی بە نەتەوەی عەرەبی، یەکێتیی عەرەبی، سۆسیالیزمی عەرەبی، خەونی بە یەکخستنی هەموو نیشتمانی عەرەبی لە یەک دەوڵەتدا دەدی.. بەعس دوو سەرکردایەتی هەبوو: سەرکردایەتی نەتەوەیی، سەرکردایەتی

هەرێمیی (قوتری)..

لە ساڵی ١٩٦٣ بەعس لە سوریا دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦ ناکۆکیی لەنێوان باڵی سەربازیی و مەدەنییدا ڕوویدا و بووە هۆی دابەشبوونی بەعس: بەعسی سوریا و بەعسی عێراق.. بەعس تەنیا لەم دوو وڵاتە گەیشتە دەسەڵات و حوکمڕانیی، بەڵام ڕێکخستنی لە زۆر وڵاتیتردا ڕاگەیاند: لبنان، یەمەن، لیبیا، کوێت، سعودییە، تونس..

بەعس هەمیشە لەناو گۆبەندی ململانێ و ناکۆکیدا ژیاوە، کودەتای زۆری تیاکراوە تا لە سوریا لەسەر دەستی حافیز ئەسەد و لەعێراقیشدا سەدام و دارودەستەکەی گیرسایەوە، لە هەردوو وڵاتدا بەعس ڕژێمێکی دیکتاتۆری بوو بچووکترین بڕوای بە ئازادی و دیموکراسی و ماقی میللەتان نەبوو.

سەرەتا لە یەکگرتنی بزووتنەوەی بەعسی عەرەبیی میشێل عەفلەق و بەعسی عەرەبی دروستبوو بەناوی حیزبی بەعسی عەرەبی، دواتر لەگەڵ حیزبی عەرەبی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٩٥٢ یەکیانگرت و بوون بە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی.

بەعس لە دروستکردنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لەنێوان میسر و سوریا ڕۆڵی بینی، خەریکبوو عێراقیش بخەنەناو ئەو بازنەیەوە، بەڵام سەرینەگرت و ئەو کۆمارەش لە ساڵی ١٩٦١ هەڵوەشایەوە..

بەعس لەعێراقدا وردەورده گەشەدەکات تا لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ کودەتا بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد، عەبدولسەلام عارف کرایە سەرۆککۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرۆکوەزیران، لە ١٩٦٣/١١/١٨ عەبدولسەلام عارف بەعسی لە دەسەڵات دوورخستەوە، کە عەبدولسەلام عارف سووتا عەبدولڕەحمانی بڕای بە سەرۆککۆمار دانرا، لە ١٩٦٨/٧/١٧ بەعس کودەتای بەسەر عەبدولڕەحمان عارف دا کرد، لە ١٩٦٨/٧/٣٠ ئەحمەد حەسەن بەکر بە سەرۆککۆمار و سەدام حسێن بە جێگری سەرۆک کۆمار دانران، ئەنجومەنێکیان بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزراند، کە هەموو دەسەڵات و بڕیارێکی لەلابوو.

دواتر سەدام بە خشکەیی ئەحمەد حەسەن بەکری بۆ ماڵەوە ناردەوە، خۆی بووە سەرۆککۆمار و ئیتر لەو ڕۆژەوە بووە دێکتاتۆری یەکەم و سیستمێکی عەسکەرتاریی دامەزراند.

بەعس حیزبێکی نەتەوەیی شۆفێنی ڕەگەزپەرستی شەڕەنگێزی خوێناوی دەسەڵاتخوازی خۆسەپێنی پاوانخوازی فراوانخوازی مەرگدۆست بوو، جگەلە عەرەب هیچ نەتەوەیەکیتری نەدەخوێندەوە تەنانەت شتێک بەناوی کوردستانەوە نەبوو، بە خاکی عەرەبی دادەنا، کە مامەڵەشی لەگەڵ کورد دەکرد مەسەلەیەکی سیاسیی ناچاری بوو دوای بە ئەنفال وبستی بیسڕێتەوە.. ئایینی ئیسلامی وەکو کارتێک بەکاردەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەزاران شیعە و سوننەی لەناوبرد.

بەعس وەکو حیزبێکی بیرچەوت لەدایکبوو، سەدامیش ئەوەندەیتر شیرازەی تێکدا و بە لاڕێدا بردی، بەعس وەکو سەرۆکەکەی بووە حیزبێکی ساختەچی، شەلاتی، سیاسەت و دنیابینیی لە تێگەیشتنی ئەو زەلامە چەقۆکێشە دادەڕشت کە لەدواییدا هیچ شانازییەکی بۆ عەرەب جگەلە بەدناویی و مایەپووچیی سەوزنەکرد.

بەعس لە ماوەی حوکمڕانیدا هەندێ شتی کرد:

- خۆماڵیکردنی نەوت.
- پشتیوانیی ئابووریی بۆ بژێویی خەڵکیی.
- ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە ٤ ساڵی خایاند، سەرینەگرت و جارێکیتر شەڕ هەڵگیرسایەوە..
- نەهێشتنی نەخوێندەواریی.
- ساڵێک گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرنەگرتنی بە دەستێوەردانی دەرودراوسێ.

ئەو کارە هەڵە و خراپانەی بەعس کردی و بووە مایەی وێرانەیی عێراق:

- شەڕی کوردستان و چارەسەرنەکردنی ریشەیی مەسەلەی کورد.
- شەڕفرۆشتن بە سوریا.

- شەڕی عێراق ئێران ساڵی ١٩٨٠، کە ٨ ساڵی خایاند، ٣٠ دەوڵەت هاوکاری بەعس بوون.
- داگیرکردنی کوێت لە ١٩٩٠/٨/٢.
- شەڕی هاوپەیمانان.
- دەرکردن و کوشتنی فەیلییەکان.
- کوشتنی بارزانییەکان.
- ئەنفالی کورد، کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەورەترین تاوانی سەردەم بوو.
- دروستکردنی حیزبی کوردیی کارتۆنیی.
- دروستکردنی هەزاران سیخوڕی کورد و عەرەب و هێنانەوە بۆ تووشکردنی تێکۆشەران.
- دروستکردنی حەرەسقەومیی بەدناو.
- گرتن و راوەدوونانی خەڵکی ئۆپۆزیسیۆن و پاکسازییان.
- لەناوبردنی تاک و بەکۆمەڵی نەیارەکانی لە خودی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرە ناڕازییەکانی حیزب.
- دروستکردنی ئۆردووگای زۆرەملێ و راگواستنی دێهاتەکانی سەرسنوور.
- هەرکەسێ بۆنی قسەیەک یان هەڵوێستێکی لێبهاتایە یەکسەر لەناودەبرا.
- بە هەزاران کەس خرانە زیندانەکانەوە لە کورد و شیوعی و شیعە و ڕێکخستنە جیاوازەکانیتر.
- دروستکردنی دامودەزگا زۆرەکانی سەربازیی و ئەمنیی بەعسییانە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو جومگەکانی حوکمڕانیی و دەسەڵات.

بە کوردییەکەی بەعس واتە:

کودەتا، شەڕ، تیرۆر، سەربازگە، ئۆردووگای زۆرەملێ، گەمارۆ، بازگە، ئەمن، ئیستیخبارات، موخابەرات، جەیششەعبی، تانک، تۆپ، فڕۆکە، کۆپتەر، بۆردوومان، بۆمبابارانی، ئیڤا، زیل، بەبەعسیکردن، بەعەرەبکردن،

راگواستن، ئەنفال، زیندان، ڕەبایە، مین.. هتد.

حیزبی کارتۆنیی

حیزبی کارتۆنیی واتە حیزبێک وەکو مقەبا، مقەبا گیانی تیانییە، هیچ کاریگەرێتییەکی نییە، بەو حیزبانە وتراوە لەلایەن ڕژێمی بەعسی حوکمڕانەوە لە خەڵکانی لاواز و ناپاک دروستکراوە بۆ سیخوڕیکردن و گەیاندنی زانیاریی لەبارەی تێکۆشەرانی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە و دروستکردنی خەفیە بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش، ئەو حیزبە کارتۆنییانە هەوڵیشیاندەدا لەدێهاتەکاندا خەڵک دروستبکەن بۆ هەمان مەبەست.

حیزبی کارتۆنیی نە بەرنامە و نە ئایینده‌بینی و نە قورسایی لای خەڵکیی هەبووە، بەڵکو وەکو خۆفرۆش بە دەزگا ئەمنییەکانەوە پەیوەستبووە، ڕۆژانە زانیاریی ڕۆژانەی لەسەر جوواڵەی خەڵکیی و کڕینی سیخوڕ و هەواڵی شۆڕش و پێشمەرگە گەیاندووە، حیزبی کارتۆنیی کە سیفەتجاشە کاتێ ڕژێم ڕووی لێوەرچەرخاندن یان بارودۆخەکە گۆڕا ئەوانیش وەکو بەفر دەتوێنەوە.

حیزبی بەعس گەر دانی بە مافی کوردیشدا نابێ و بەیانی ١١ی ئازاریشی دەرکردبێ، لەناوەڕۆکدا نە باوەڕی بە مافی کورد بووە و نە دەوڵەتانی دەوروپشتیش ڕێگەیانداوە ئەو بەرنامەیەی بەعس جێبەجێبکرێت، نە خودی سەرکردایەتی کوردیش بە حوکمی پێوەندیی دەرەکی توانیویەتی لە بازنەی گوشاری دەرەکی دووربکەوێتەوە و لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا پێکبێ!

حیزبی بەعس بە عەقڵییەتی پۆلیسی کاریدەکرد و ڕێزی لە بیر و دیدی خەڵکی کورد و چارەنووسی نەدەگرت، بەڵکو دەیویست مرۆڤی کورد هەمیشە لە تەلبەندی بیری بەعسی عەرەبیدا قەتیسبێ، ئەمەش چەندە ستەمی بەعس زۆربووە خەڵکە تێکۆشەر و ژێرەکەی کورد خۆی ڕادەستنەکردووە و ڕێگەی خۆی هەڵبژاردووە بۆ بەرەنگاربوونەوە.

بەعس بۆ گوشارخستنەسەر کورد و تێکدانی ریزەکانی خەڵکی بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕ پەنای بردەبەر دروستکردنی حیزبی کوردی جاش مەشرەب کە بە حیزبی کارتۆنی ناودەبرا، ئەمجۆرە حیزبە نە پێگەی سیاسیی و نە بەرنامەی ستراتیژی و نە قوواڵیی جەماوەریی و نە قورسایی لای خەڵکیی هەبووە، ئەمە وەکو پێویستییەکی نەتەوایەتیی بۆ بەرگری لە کورد دروستنەبوون، بەڵکو وابەستەی ڕژێم و سەربە دەزگا ئەمنییەکان بوون بۆ چاودێریکردنی جموجووڵی تێکۆشەرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دژی ڕژێم و ڕاپۆرتنووسین لەبارەی دەنگوباسی هێزی پێشمەرگە و شۆڕش بەرانبەر پارەیەک کە هەقی خۆفرۆشیی و ناپاکییان بوو.

کۆڕەکانی بارزانی: عوبەیدوڵڵا، لوقمان، سابیر

بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازی کورد/ عەبدوڵڵا ئیسماعیل/ مەلا عەوڵای حاجی سمایل (مەلا ماتۆڕ)

حیزبی شیوعی عێراق/ ماوەی چەند ساڵێک لە بەرەی حیزبی بەعسدا بو و

بەشێکیان سەربە دامودەزگا ئەمنییەکانی بەعس بوون، لە حوکمدا وەزیری بێدەسەڵاتیان هەبوو، بۆیە هیچ سوودێکیان بۆ کورد نەبوو.

لەکوردستاندا چەندین حیزبی کارتۆنی سەربە حیزبی بەعس هەبووە: پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان/ شێخ ستار، پارتی دیموکراتی کوردستان/ هاشم عەقراوی، بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازی کوردی عەبدوڵڵا ئیسماعیل/ مەلا ماتۆڕ، هەروەها کۆڕەکانی بارزانیش..

تا ڕاپەڕینەکە بەردەوامبوون، هەرکە بەعس لەکوردستاندا نەما ئەوانیش وەکو بەفری بەهار توانەوە.

ئەم حیزبانە حیزبی ڕەسەنی کوردی نەبوون، بۆیە لای کورد بە حیزبی کارتۆنی ناودەبران واتە ئەو حیزبانەی وەکو مقەبا وابوون، بە کردەیی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو جگەلە سیخوڕیی و کار بۆ دەزگا ئەمنییەکان، کە مرۆڤی کوردیان لەسەر ئەو زانیارییانەی ئەوان دەگرت و

لە توپەتدەکرد.

خەباتی چەکداریی

هەر میللەتێک داگیر و دابەشکرابێت مافی رەوای خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات بە هەر رێگایەک بۆی بکرێت.. میللەتان بۆ ئەوە دروستنەبوون خەڵکانیتری دەرەوەی خۆیان داگیریانبکەن و خاک و نیشتمانیان زەوتبکەن.. بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ گەلی داگیرکراو مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی هەبێ.

زلهێزەکانی دنیا هەمیشە تەماحی فراوانبوونیان هەبووە، پەلاماری نەتەوە و میللەتانی لە خۆیان بچووکتریات داوە و قرمیان لە دەوڵەمەندیی نیشتمانەکەیان خۆشکردووە..

کوردستان کە خاکێکی بەپیتە بە کانزا و سامانە سروشتییەکان بووەتە شوێنی ململانێ و ناکۆکی لەنێوان کورد و ڕژێمە داگیرکەرەکاندا، ئەو ڕژێمانە هەر پارچەیەکی کوردستان بە هی خۆیان دەزانن و ڕێگەنادەن دانیشتووانەکانی مافیان هەبێ و خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن.

هیچ میللەتێک نییە کە داگیربکرێ بێدەنگ دانیشێ و کاردانەوەی نەبێ، بەڵکو هەمیشە لە ناخی خەڵکەکەیدا پڵماندن و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن وەکو پەرچدانەوەیەک بەرانبەر سیاسەتە چەپەڵەکانی داگیرکەر بەهەر ڕێگایەکی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوە.

کاتێ کە داگیرکەر ئامادەنەبێ بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مافی کورد بسەلمێنێ ئیتر هیچ بژاردەیەک جگە لە ڕووبەڕووبوونەوە نامێنێ، کە ڕژێمە داگیرکەرەکان دیکتاتۆریی و ستەمکار بن ڕێگای خەباتی مەدەنی و دیموکراسی دادێکنادات، بۆیە بژاردەیتر دێتە پێشەوە ئەویش خەباتی چەکداریییە.

ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراق هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان خەباتی چەکداریی و کاری تیرۆریستیدا نەدەکرد، بڕوایان بەوەنەدەکرد کورد

مافی ئەوەی هەیە خەبات لەپێناوی ئایینده‌ی خۆیدا بکات کەچی خەباتی چەکداریی ناوەڕۆکێکی رەوایی میللیی هەیە، چەک هۆکارێکە بۆ بەرگریی نەک کۆیرانە بەکارهێنانی بۆ مەرامی تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕیی، کە ئەمە لە کاری تیرۆریستیی جیایدەکاتەوە، ئەگەرچی توندوتیژیی تێدەکەوێ.

ئەو تفەنگەی بەرەو ڕووی دوژمن لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەتەقێنرێ کارێکی شۆڕشگێڕانەیە، تەنیا مەبەستی لێدانی هێزە سەربازیی و ئەمنییەکان و تێکشکاندنی کەرەسە جەنگییەکانە، کە دەیانەوێ کوردستان وێرانبکەن و دەنگی ئازادی خەفەبکەن، بەپێچەوانەوە ئەو جموجوولانەی دوژمن دەیکات بۆ شەڕی پێشمەرگە و کوشتنی خەڵکیی و دێهات خاپوورکردن ئەوە کاری تیرۆریستییە.

شۆڕش وا هێزی پێشمەرگەی گۆش و ئاراستەکردووە دوژمن تەنیا ڕژێمی دەسەڵاتدار و دارودەستەکانیەتی، ڕێگەی نەداوە دەست لە خەڵکیی بکرێتەوە تەنیا ئەوانەی چەکدارن و لە شەڕی کوردستاندا بەشداریدەکەن.

کورد تەنیا کێشەی لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕاندا هەیە کە ئامادەنییە لەسەر مێزی گفتوگۆ دۆزی کورد وەکو نەتەوەیەک چارەسەربکرێ، ئەمەش وادەکات کورد بە مافی خۆی بزانی بداتە شاخ و چەکهەڵبگرێ و شۆڕش بەرپابکات تا دوژمن ناچاربکات بگاتە ئەنجام، ئەگەرچی دۆزی کورد ئاڵۆزە بەهۆی گەلەکۆمەکی هەرێمایەتی و بەرژەوەندیی زلهێزەکان ڕێگریی لە چارەسەری جیددی دەکرێت.

هەرچەندە لە زۆر قۆناغەکاندا ئەم خەباتی چەکداریە هێشتا نەیتوانیوە کورد بگەیەنێتە جێگا بەتایبەتی زۆرجار پەلەی تیاکراوە، بە وردیی خوێندنەوەی بۆ نەکراوە و بە ناچاریی و بەهۆی گوشاری ڕژێمەوە پەنابراوەتەبەر شۆڕش و خەباتی چەکداریی، کە تووشی تێکشکان و هەڵدێرایش بووە.

هەرگیز بەراورد لەنێوان هێزی شۆڕش و هێزی ڕژێمدا ناکرێ، ڕژێم دەوڵەتی بەدەستە، هەموو جۆرە توانایەکی سەربازیی و دارایی و سیاسیی و تەکنیکی هەیە، شۆڕش تەنیا وزەی تێکۆشەرەکانی و ئەو

چەکە سووکانەی دەستی پێشمەرگەکانی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بە قارەمانێتیی پێشمەرگەکانی لە زۆر شەڕدا هێزەکانی حکومەت شکاون و گۆڕەپانی شەڕیان بەجێهێشتووە.

لەم سەردەمەدا باشترین ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان خەباتی مەدەنییە، ئەمەش پێویستی بە ژینگەیەکی دیموکراسییە، کە دەسەڵات باوەڕی بە چارەسەر هەبێ، بەڵام لە ژینگەیەکی دیکتاتۆریی وەکو عێراقدا نەک دەسەڵات، بەڵکو زۆربەی حیزبەکانیش هەڵوێستی شۆڤێنییان دژی کورد هەیە، هەرگیز دان بە مافی کورددا نانێن، بۆیە تا ئێستا زەمینەیەکی وا سازنەبووە لەگەڵ کورددا هەنگاو بۆ ئەوە بنرێ یوونی خۆی بسەلمێنێ.

پەنابردنی کورد بۆ خەباتی چەکداریی بە ئارەزووی خۆی نەبووە، هەمیشە دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست ئەوەیان سەپاندووە و ناچاریانکردووە بداتە شاخ و شەڕ هەڵبژێرێ، ئەگەرچی دوژمنانی کورد ئەو خەباتەیان بە یاخیبوون لەقەڵەمداوە بە جیاوازخواز ناوزەدکراوە.

هەتا کورد بە مافی چارەی خۆنووسین نەگا هەرگیز ناتوانێ دەستبەرداری چەک و خەباتی چەکداریی ببێ.. دەبێ خەباتی چەکداریش بە شێواز و بەرنامەی نوێوە بەڕێوەبچێ کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ.

خەباتی چینایەتی

کۆمەڵەی مارکسی – لینینی وەکو ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی – لینینی – ماویزم سەریهەڵدا، کە ئەوجۆرە ڕەوتە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای کورددا تاڕادەیەک دەگونجا، بەڵام دواتر بەرنامەی فیکریی کۆمەڵە گۆڕانی بەسەرداهات و تێزی ماویزمی لێکرایەوە تەنانەت لەقۆناغێکیتریشدا ناوەکەی بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گۆڕا.

هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی مارکسی باوەڕی بە دابەشبوون و بوونی

چینەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە، چونکە ناکۆکیی سەرەکیی لەنێوان چینی کرێکاران و چەوساوەکان و چینی سەرمایەدارانداا هەیە، ئەمەش بە خەباتی چینایەتیی نەپساوەی کۆتاییدی، کە لە قۆناغی سەرمایەداریی لەنێوان چینی کرێکاران و چینی سەرمایەداریی، لە قۆناغی دەرەبەگایەتیی لەنێوان چینی جووتیاران و دەرەبەگەکاندا دەبێ.

مارکسییەکان باوەڕی تەواویان بە سەرکەوتنی خەباتی چینی کرێکاران وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ هەیە و ئەرکی ئەو گۆڕانکارییە لەئەستۆدەگرن، سەرمایەداران کە دەستیان بەسەر هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێناندا گرتووە و لە رێگەی زەبروزەنگەوە کرێکارانیان چەوساندووەتەوە و بەرهەمی رەنجیان بردووە، لەبەرانبەردا کرێکاران بە مافی خۆیانی دەزانن خەباتبکەن و بەردەوامبن تا ڕژێمی سەرمایەداریی سەرنگومبکرێ و سیستمێکی نوێ دێتەناوانەوە کە چینە زۆرلێکراوەکان مافی خۆیان وەردەگرن.

بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیی دابەش و داگیرکراودا ململانێ لەنێوان کورد وەکو نەتەوەی داگیر و دابەشکراو و نەتەوەی داگیرکەردا بووە، کە ئەرکی هەموو چین و توێژەکانە خەبات لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمانیی و مافی چارەیی خۆنووسیندا بکەن، کە چینە چەوساوەکان داینەمۆی ئەو خەباتەن.

لێرەدا خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی پێش خەباتی چینایەتی دەکەوێ، ئەمەش تایبەتمەندیی بارودۆخی کوردە، کە کەوتووەتە بندەستی چوار دەوڵەتی نادیموکراتیی، هیچیان باوەڕیان بە مافی سەربەخۆیی کورد نییە وەکو نەتەوەیەک، بە هەموو شێوەیەکی سەربازیی بە چەکی مۆدێرن لێیدەدەن و هەوڵی ئاسیمیلاسیۆنی دەدەن.

بۆیە کێشەی کورد بە پلەی یەکەم کێشەی چینایەتیی نییە، شەڕی نێوان کرێکار و سەرمایەدار نییە، بەڵکو کێشەی شوناسی نەتەوایەتیی و مافی چارەنووسە، نەتەوەی سەردەست تەنیا بۆ خۆی باوەڕی بە دیموکراسیی هەبێ، بە رەوای نازانێ کوردیش هەبێ و چین و توێژەکانی

ژێردەستە نەبن.. ئیتر بە ناچاریی کورد پەنادەباتەبەر چەک و خەباتی پێشمەرگایەتی تا بوونی خۆی بسەلمێنێ.

ئەمەش بە واتای ئەوەنییە خەباتی چینایەتی نادیدەبگیرێ، کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی شۆڕشدەکەن لە چین و تونژە چەوساوە و هەژارەکانن.. تا چینی چەوسێنەر بالادەست و لەچەوسانەوەدا بەردەوامبێ خەباتی چینە چەوساوەکەش لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیدا بەردەوامدەبێ، بەپێی قۆناغ و هەلومەرجی ڕۆژگار ئەرکەکان گۆڕانی بەسەردادێ.

شۆڕشی کوردستان بە گشتیی پشتی بە جووتیار و وردە بۆژوا لە مامۆستا و ئەندازیار و پزیشک و خوێندکار و کاسبکار بەستبوو بەناوی ڕێکخستنی چینی کرێکارانەوە خۆیان بەختدەکرد، کەچی کرێکار بە چەمکە کۆمۆنیزمییەکەی لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا بە باشیی نەخەملێوە، بەڵام هەستکردن بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی وایکردبوو لەبەر ڕۆشنایی تیۆری مارکسیزم کە بەرگریی لە مافی کرێکاران و چەوساوەکان دەکا خەباتبکەن بۆ دەستەبەرکردنی دواڕۆژێکی دیموکراسیی و ئازادی گەشاوەی دوور لە ستەم و ناگوزوورییەکان.

ئەگەرچی کورد دەیویست لەڕووی سیاسییەوە سۆزی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان رابکێشن، کە دوای جەنگی جیهانی دووەم بزاڤی سۆسیالیستیی بەرەوی هەبوو، ڕۆڵ یەکێتیی سۆڤیەت و چین و دەوڵەتەکانیتری سەربە کەمپی سۆسیالیستیی لەبەرچاو دەگیران، بەڵام بە کردەیی لایان بە لای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا نەدەکردەوە و لە ئەجیندای سیاسییاندا نەبوو.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لایەنە شیوعییەکان دوو ئاراستەی جیاوازبوون، هەردووکیان باوەڕیان بە خەباتی چینایەتیی بوو، حیزبە شیوعییەکان باوەڕیان بە عێراقیبوونی چینی کرێکاران بوو، کە ئەوە مافی خۆیان بوو ئەوان قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییان تێپەڕاندبوو، دەیانویست کرێکاری کوردیش لەژێر هەژموونیی ڕێکخستنێکی سەرتاسەریی عێراقیدا

بێ، ئەمەش خوێندنەوەیەکی ناڕاستبوو بۆ تایبەتمەندیی کرێکارانی کورد کە هێشتا لە دۆخی سەرەتایدایە، بۆیە کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە لەناو دەستەی دامەزرێنەردا مشتومڕی کوردستانیی و عێراقیبوون سەریهەڵدا، بەشێک لەو هاوڕێیانەی باوەڕیان بە عێراقیبوونی ڕێکخستنەکە هەبوو جیابوونەوە و کۆمەڵەیان جێهێشت و ئیتر باڵی کوردستانیبوونی کۆمەڵە زاڵبوو.

لەڕاستیشدا مەسەلەی خەباتی چینایەتیی تەنیا لەناو کادیرە چەپەکاندا رەنگڕێژیی بۆ کرابوو لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکسیی ئەگینا ڕێکخستنی کۆمەڵە زۆرتر لەناو توێژی ڕۆشنبیران و خوێندەواراندا جێی خۆی کردبووەوە، کە شۆڕشی نوێش بەرپابوو زۆرتر گرنگیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی شۆڤێنیی بەعس دەدرا، کە بەرنامەی مەترسیداری لەناوبردنی کوردی داڕشتبوو وەکو کردەڕەهاتی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨.

لەگەڵ هاتنی پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆستی گورباچۆڤدا و دەستبەردارببوونی دەوڵەتەکانی کەمپی سۆسیالیستی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانیش بە بڕیارێکی سەختی سەرکردە و کادیرەکانی لاپەڕە خوێناوییەکانی خەباتی فیکریی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیشی پێچرایەوە و خرایە پێچی کەنووی مێژوویەکی پڕ لەئازارەوە.

خۆپیشاندانی خوێندکاران

خوێندکارانی کوردستان وەکو توێژێکی هەڵچوو لە دژی کارە دزێوەکانی حیزبی بەعس چەندینجار خۆپیشاندانی گەورەیان لە شارە جیاجیاکاندا کردووە تا بیسەلمێنن ئەو ستەمەی لە کورد دەکرێ قبوڵناکرێ پێشمەرگە لە شاخ و ئەمانیش لەناو جەرگەی شار.

ساڵی ١٩٨٠ خوێندکارانی پێنجوێن خۆپیشاندانیانکرد، دروشمی دژی ڕژێمیان وتەوە، ئەمنەکان بەر دەرگای قوتابخانەکانیان گرت تا ڕێگریی لە

فرانبوونی خۆپیشاندانەکان بکەن، شەڕ لەنێوان خوێندکاران و ئەمنەکاندا ڕوویدا، هەندێ خوێندکار بریندار و هەندێکیش دەستگیرکران.

ساڵ ١٩٨٢ لە سلێمانی بە ڕێنوێنیی ڕێکخراوی ناوشار خۆپیشاندانێک بەڕپاکرا، ناوکی ئەم خۆپیشاندانانە خوێندکارانی زانکۆ و ئامادەیی و ناوەندییەکان بوون، نەک هەر کوڕان بەڵکو کچانیش بەشداریی بەرچاویان هەبوو.

دەزگا ئەمنییەکان دڕندانە دەکەوتنە گیانی خۆپیشاندەران و کۆمەڵێکیان لێدەستگیرکرا.. ئەم خۆپیشاندانانەی خوێندکارانی سلێمانی بەرەو شار و شارۆچکەکانیتریش ڕۆیشت و گەیشتە سەییدسادق و شانەدەری و هەڵەبجە و کەرکوک و قەڵادزە و ماوەت تەنانەت خۆپیشاندان زانکۆی سەلاحەدینی گرتەوە.

ئەم خۆپیشاندانانە بە سەرپەرشتیی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەدەچوو، گوشارێکی زۆریان خستەسەر دامودەزگا ئەمنییەکان و مەترسیی زۆریان کەوتبووەسەر.

لەئەنجامی ئەو خۆپیشاندانانەدا خوێندکار و خەڵکێکی زۆر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیران، زۆر دڕندانە و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن و لێشیان گوللەبارانکردن.. دواتر بە لێبووردنێکی گشتیی ئازادکران.

ڕژێمی بەعس دەیویست زانکۆی سەلاحەدین کۆنترۆڵبکات و لە جموجوولێی شۆڕشگێڕانەی بخات، کە ناوەندێکی گرنگی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس بوو، ساڵی ١٩٨٤ ڕژێمی بەعس گوشاری خستەسەر خوێندکارانی زانکۆ بۆ چەکەهەڵگرتن لە ریزەکانی جەیششەعبیدا ئەمە خوێندکارانی تووڕەکرد و لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و ڕەواندز دەستیاندایە خۆپیشاندان، ئەنجامی ئەمە گرتن و شەهیدکردنی چەندین خوێندکاری لێکەوتەوە، هەندێکیشیان پێوەندییان بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەوە کرد.

لە ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥یش ڕژێم هەمان بڕیاری چەکدارکردنی

خوێندکارانیان دا، خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بەو بڕیارە قایلنەبوون و مانگرتن و خۆپیشاندانیان کرد، ئەم خۆپیشاندانە سنووری زانکۆی سەلاحەدینی تێپەڕاند و گەیشتە زانکۆی موسڵ و کەرکوک و دەستیان بەسەر هەندێ شوێنی ئەمنیدا گرت.

ڕژێم مەترسی ئەوەی هەبوو خوێندکاران ڕۆڵی پێشمەرگە لەناوشارەکاندا ببینن و کێشەی ئەسایشیی بۆ دروسبکەن و بارودۆخەکەی لەدەستدەربچێ و بۆی کۆنترۆڵنەکرێتەوە، بۆیە هەرچی لەتوانایدابوو بەکاریهێنا بۆ خامۆشکردنی ئەو ئاتگرەی هەڵگیرسابوو.

خوێندکارانی ئەو کاتە وەکو توێژێکی هۆشیار و چاوکراوە و ڕێنوێنی خەباتی شۆڕشگێڕانە ڕۆڵیان دەبینی و بەعسیش زۆر بە تووندیی چاودێریدەکردن تا هەر جوولەیەکیان خەفەبکات، بەڵام ئەوان لەناو ئەو هەموو گوشارەی دەزگا ئەمنییەکاندا ئازایانە بەرەنگاردەبوونەوە و دەیان خوێندکار تابلۆی خۆبەختکردنیان رازاندووەتەوە.

خۆپیشاندانی شارەکان

لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا خەڵکیی ناڕەزایی دەردەبڕن و بە خۆپیشاندان گوشار دەخەنەسەر دەسەڵات تا داواکارییەکانیان جێبەجێبکرێ، لەوێ چونکە مرۆڤ نرخی هەیە، داواکاریی و ناڕەزایەتییەکانیشیان حیسابیان بۆ دەکرێ، بەڵام لەڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەتیی لە وڵاتێکی نادیموکراسیی وەکو عێراقدا هەرگیز دەسەڵات گوێ لە مرۆڤ ناکرێ، ئەوەی بەرنامەی خۆیەتی هەر ئەوە پێڕەودەکات، کەس مافی نییە دەنگ هەڵبڕێ.

خۆپیشاندان کارێکی زۆر کۆنە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر هەڵوێستێک یان هەنگاوێکی دەسەڵات کە دەیانوروژێنێ و لە دژی دەوەستنەوە و دێنەسەر شەقام وەکو بەشێک لە گوشار لەسەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵک کە بە زۆریی دەستی سیاسەتی لەپشتەوەیە.. بەم پێیە خۆپێشاندان دەبێ لەلایەن دەستەیەکەوە ڕێکبخرێ،

ئامادەبکرێ، دروشمی دیاریبکرێ، رێگەشبدرێ.

لەبنەڕەتدا خۆپیشاندان دەبێ بە شێوەی ئاشتییانە بکرێ، ژیرانە بتوانرێ داخوازییەکان بگەیەنرێ، کەچی زۆرجار پیاوانی دەسەڵات مامەڵەیان خراپەبێ و هەڵچوون رووەدات، جاریش هەیە کەسانێک لە خۆپیشاندەران ڕێڕەوەکە دەگۆڕن و توندوتیژیی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش زۆرجار لەبنەوە دەستی پیاوەکانی دەسەڵاتی یان لایەنێکی تێدایە.

خۆپیشاندان بە چەند جۆرێک دەکرێ:

- ڕێپێوان، کە لەخاڵێکەوە بۆ شوێنی دیاریکراوە دەستپێدەکات.
- مانگرتن لەشوێنێکدا دانیشتن و دەمبەستن لە خواردن.
- خڕبوونەوە و وەستان لەشوێنێکدا بۆ گەیاندنی پەیامەکان.

جاری وا هەیە خۆپیشاندان ماوەیەکی کەم دەخایەنی مەبەست ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە و بڵاوەدەکرێ، جاریش هەیە ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێ تا داواکارییەکان جێبەجێنەکرێ دەستهەڵناگیرێ.

لەو وڵاتانەی دیموکراسییەت پیادەدەکرێ و باوەڕیان بە ئازادی دەربڕین و مافی مرۆڤ هەیە خۆپیشاندان بە یاسا ڕێکخراوە و ڕێگەدراوە، لەو وڵاتانەی ئازادیی نییە خۆپیشاندان ڕێگە پێنەدراوە.

جاری وابووە خۆپیشاندان لەلایەن خەڵکانێکەوە ڕێکخراوە و بەرنامەی بۆ دانراوە و سەرپەرشتیکراوە و دروشم و کات و شوێنی بۆ دیاریکراوە، جاری واشبووە هەڵچوونێکی سەرپێی بووە و بەرنامە و سەرپەرشتیی نەبووە.

ڕژێمی بەعس باوەڕی بە دیموکراسیی و ئازادیی و مافی مرۆڤ نەبوو، بە لوولەی چەک ڕووبەڕووی ئەو خەڵکانە دەبووەوە کە دەهاتنەسەر جادە و هەر جوولەیەکی دژی خۆی سەرکوتدەکرد.

لەکوردستاندا لە سەردەمی بەعس و سەدامی خوێنڕێژدا چەندین خۆپیشاندانی جەماوەریی کراوە کە ڕژێمیان هێناوەتە لەرزە و ترسی لێنیشتووە وەکو:

- خۆپیشاندانی خەڵکی ناحیەی قەسرێ دژی ڕاگواستنی دێهاتەکان لە

ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٩.

- ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٣ دەرویشەکانی پێنجوێن دژی خوێندنی کوڕ و کچ پێکەوە خۆپیشاندانیانکرد، پیاوەکانی ڕژێم بەریان پێگرتن، تەقەیان لێکردن و چەند کەسێک کوژران و بریندارکردن و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

- ڕۆژی ١٩/٧/ ١٩٨٠ بەهۆی شەهیکردنی دەرویش مەجید لەلایەن ڕژێمەوە خەڵکی پێنجوێن بە خۆپیشاندان تەرمەکەیان بەناو بازاڕدا بەرەو گۆڕستان برد، بە دەنگی بەرز هاواریاندەکرد بڕووخێ ڕژێم، هەموو دوکانەکان داخران، پیاوانی ڕژێم ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە.. خەڵکە تووڕەکە یاداشتێکیان دایە حکومەت و چەند داواکارییەکیان کردبوو لەوانە لەسێدارەدانی بکوژانی دێوانە مەجید، گەڕاندنەوەی خەڵکی دێهاتەکان بۆ دێیەکانیان.

لەم خۆپیشاندانانەدا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و چەپەکان و هەروەها ژنانی پێنجوێن لە جۆشدانی خەڵکدا ڕۆڵی باڵایان هەبوو لەخۆپیشاندانەکەدا.

بۆ بەهاناوەچوونی خۆپیشاندەران هێزێکی تۆکمەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیان گەیاندە ناو پێنجوێن و ئازایانە دەستیان لە هێزەکانی قواتخاسەی ڕژێم کردەوە و زۆریان لێکوشتن و بریندارکردن.. دوای تەواوکردنی کارەکەیان شاریان بەجێهێشت و گەڕانەوەی سنووری خۆیان، دواتر ڕژێم بە هەلیکۆپتەر هێزی هێنا و کوژراو و بریندار و ئۆتۆمبیلە سووتاوەکانی گواستەوە، وەکو باسدەکرێ زۆرتر لە سەد قواتخاسە کوژران.

ئەم خۆپیشاندانە شەش ڕۆژی خایاند و ڕژێم هیچی پێنەکرا تەنیا پەلاماری کەسوکاری پێشمەرگە و خەڵکییان دا و زۆریان لێگرتن و ڕەوانەی زیندانەکان کران.

گەورەترین و کاریگەرترین خۆپیشاندانی شار ئەوەی قەڵادزێ بوو کە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە بڕیاری سەرەوە لە یادی بۆردوومانی قەڵادزێدا ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ بە وتنەوەی دروشمی

دژی بەعس و لافیتەی جۆراوجۆر لە گۆڕستانی شەهیدانەوە ڕوویانکردە ناوشار.. هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لێکردن، مامۆستا سنۆبەر و دایە ئامینە شەهیدکران، دەیان کچ و کوڕیان دەستگیرکرد، لە دژی ئەمە خەڵکی شار مانیانگرت و دوکانەکانیان داخست.

لە چلەی مامۆستا سنۆبەر و دایە ئامینەدا جارێکیتر خەڵکی قەڵادزێ خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە، بۆ پشتیوانیی خەڵکی فەڵادزێ ئۆردووگاکانی دەوروبەر و شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک هەروەها شارۆچکەکانی شارباژێر (ماوەت، سووڕەقەڵات، قەڵاچوالان، کارێزە، کەناروو) خۆپیشاندانیان دەستپێکرد، هەتادەهات خەڵکەکە تاویدەسەند، رادیۆ دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵی دیاری لە وروژاندن و هاندانی ڕێکخستنەکان و خەڵکیدا بینی.

خۆپێشاندەران چەندین دروشمیان دژی ڕژێم بەرزکردەوە، ئەمە هاوواڵاتییانی جۆشدەدا بەردەوامبن بەبێ ئەوەی بترسن، دیارە ڕژێم بە تووندیی دەستیدەکردەوە و زۆر کەس شەهید و بریندارکران و زۆریش دەستگیرکران.

خۆپیشاندەران هەندێ داواکارییان لە بابەت ئازادکردنی گیراوەکان و دەستهەڵگرتن لە کوشتنی خەڵکیی و گەڕانەوەی جووتیارەکانی لادێیەکان.. بەعس کە زانی ناتوانێ کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات هەندێ نەرمیی نواند و بەشێک لە داواکارییەکانی جێبەجێکرد، ئیتر وردەوردە خۆپیشاندانەکە ئارامبووەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمەی داڕشتبوو بۆ شۆککردنی ڕژێم و ناچارکردنی بە پیری داخوازییەکانی خەڵکەوە بێت و ئەو گوشارەی خرابووەسەریان کەمبکرێتەوە، لە ڕێگەی خوێندکارانی زانکۆ و ڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە یادی ڕۆژی ٤/٢٤ی بۆردوومانی شاری قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٧٤ خۆپیشاندان بکرێ.

ئەو ڕۆژە کرایە بیانوویەک بۆ ناڕەزایی دەربڕین بە دەیان خوێندکار

و خەڵکی شاری قەڵادزێ و ڕێکخستنەکان چوونە گۆڕستانی شەهیدان، دوای تەواوکردنی ڕێوڕەسمی یادەکە خەڵکەکە لەگۆڕستانەوە بە خۆپیشاندان بەرەو ناوشار گەڕانەوە، لە پێشی هەموویانەوە دوو ژنی قارەمان دایە ئامینە و مامۆستا سنۆبەر بە هاوار و دروشمی شۆڕشگێڕانە بوونە داینەمۆی جۆشدان و وروژاندن، لەناو شار ئەوەندەیتر خەڵکیان پێوەنووسا.. ئەمە ڕژێمی تووشی سەرسوورمانکرد، بە تەقە دەستی لە خەڵکەکە کردەوە، گوللە ناقۆڵاکانی بەعس سینگی ئەو دوو ژنە چاونەترسەیان پێکا و گیانیان گەیشتە کاروانی سەروەریی، جگەلەوە خەڵکێکی زۆریش دەستگیرکرا، ئەمە دۆخەکەی ئاڵۆسکان و پریشکی ئاگری خۆپیشاندانەکە گەیشتە ئۆردووگاکانی دەوروبەری قلادزێ و شاری رانیە، ئەم دۆخە ماوەی یەک حەفتەی خایاند.

گرژییەکان بەردەوامبوو، جۆشوخرۆشی ناڕەزایەتیی شارەکانیتری سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکوک و هەولێری تەندەوە، تەنانەت ئەو خۆپیشاندانانە زانکۆی بەغدادیشی گرتەوە و خوێندکارە کوردەکان ئازایانە بە ڕووی دوژمندا تەقینەوە.

ئەمە یەکەمین خۆپیشاندانی ڕێکخراوبوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانی خەڵک دژی ڕژێم بجوولێنی، ئەمە بە تەواویی ڕژێمی بەعسی شۆککرد، مەترسی ئەوەی دەکرد هەموو شار و شارۆچکەکان بگرێتەوە و کۆنترۆڵی لەدەستدا نەمێنێ.

ئەم جموجوولەی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان قوولایی جەماوەریی یەکێتیی نیشاندا، ڕژێم نەیتوانی ئەوە بشارێتەوە، بۆیە بە تووندیی کەوتە بەکارهێنانی هێز تا کەفوکوڵی خۆپیشاندەران دابمرکێتەوە.

ئەمە پەیامی یەکێتیی بوو بۆ ڕژێمی بەعس کە ئیرادەی خەڵکیی لەگەڵدایە، هەروەها پەیامی خەڵکیش بوو بۆ ڕژێمی کە ستەم ڕەتدەکەنەوە و ئامادەی قوربانیدانی زیاترن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

ئیتر ساڵی ١٩٨٢ بوو بە ساڵی خۆپیشاندان، داینەمۆی خۆپیشاندانەکانیش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو،

ڕۆژ نەبوو خوێندکاران جموجوولێیان نەبێ و ڕژێم سەرقاڵنەکەن و هێزەکانی لە باری نائاساییدا نەژین!

ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٦ لە یادی بۆردوومانکردنی شارەکەدا لە ساڵی ١٩٨٢ دوو ڕۆژ دوای بۆردوومانی قەڵادزێ خۆپیشاندان لە شاری هەڵەبجەش دەستپێکرد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٧ لە شاری کەرکوک خۆپیشاندانکرا.

ڕۆژی ١٩٨٢/٥/١٦ لە زانکۆی سەلاحەدین خۆپیشاندانکرا.

لەخۆپیشاندانەکاندا پۆستەر هەڵدەواسرا، کە پێشتر ئامادەکرابوو، دروشمەکان دیاریکرابوون بۆ وتنەوەیان، ئەوەی بە باشیی جۆشوخرۆشی بە خۆپیشاندانەکان دەدا ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بوو، بەردەوام هەواڵ و زانیارییەکانی لەبارەی ڕووداوەکانەوە بڵاودەکردەوە، کە بووبووە مایەی هاندانی ڕێکخستنەکان و خەڵکەکە بۆ گوشارخستنەسەر دوژمن.

دروشمە ئاساییەکانیان خۆپیشاندان: بەردانی زیندانییە سیاسییەکان، گەڕانەوەی جووتیاران بۆ دێهات و سەر زەوییەکانیان بوو.. هەندیجاریش خۆپیشاندەران هاواری ڕووخاندنی ڕژێمیان دەکرد.

خەڵکیی بەپێی بەرنامەڕێژیی دەتوانن دوژمن ناچاری جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان بکەن، ئەگەر ژیرانە بەرنامەکان دارێژرابێ و هۆشیارانە ئەرکەکان ئەنجامبدەن و سەرەڕۆیی نەکرێ و لەلابەلاوە دەستوەردان نەکرێ.

لە ترسی ئەوەی دۆخەکە لەوە زیاتر پەرەنەسێنێ ڕژێم ناچاربوو ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١٤ لێبوردنێکی گشتیی بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان دەرکرد، کە دەستکەوتێکی گەورە و بەرهەمی ئەو خۆپیشاندان و قوربانیدانانەی خۆپیشاندەران بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەو خۆپیشاندانانە نەوروژاندنی دەقەری بادینان بوو، کە لایەنەکانی جود تیایا بااڵدەست بوون، ئەوان لەگەڵ ئەوە نەبوون ئەو خۆپیشاندانانە سەرکەوتووبێت کە ڕێکخراوەکانی ناوشاری سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپشتیەوە

بوون.

لەو خۆپیشاندانانە ئەوە دەرکەوت کە ڕۆڵی خوێندکاران لە ئاستێکی بااڵدا بوو، هەروەها ڕێکخراوەکانی ناوشاریش بە باشیی توانییان ڕێکخستنەکان بخەنەگەڕ و هەڵیانسووڕێنن، ئینجا دوژمن ملی بۆ هەندێ داخوازییەکانی خۆپیشاندەران دا، ئەمەش خاڵێکی گرنگی دەستکەوتەکان بوو.

چونکە ڕژێم لەسەرەتاوە توندوتیژیی و چەکی بەکارهێنا نەک زمانی گفتوگۆ خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندارکران، هەروەها سەدان کەسیش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیران، بەپێی زانیارییەکان لەهەموو خۆپیشاندانەکانی شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک:) (٢٤) شەهید، (١٣٨) بریندار، (٧٥١) گیراو هەبوو.

خیشکردن

لەناو شۆڕشدا باوبوو لێپرسراوێک یان کادیر و فەرماندەیەک لەسەر مەسەلەیەک لەگەڵ سەرەوەی خۆیان کەوتوونەتە گەنگەشەوە و لەئەنجامدا تووڕەبوون و لە کار و ئەرک و هێزەکەیان دوورکەوتوونەوە، بەم بارە وتراوە خیشکردن.

خیش بەپێی ناوچەکان چەند واتایەکی جیاجیای هەیە، لەپێشمەرگایەتیدا بە واتای قینکردن، تۆریان، زیزبوون، مانگرتن و لالووت بوون بەکارهاتووە، کە کادیرێک یان بەرپرس و فەرماندەیەک بە هۆیەک تووڕەبووە و لە ئەرک و فرمانەکانی پێشمەرگایەتیی دوورکەوتووەتەوە، کە پرسیاریانکردووە وتوویانە بە بۆنەی ئەو مەبەستە خیشیکردووە واتە قینی هەڵساوە و تووڕەبووە تا ئەو مەبەستەی جێبەجێنەکراوە ئاشتنەبووەتەوە!

خیشکردن لە شۆڕشی نوێدا چووە فەرهەنگی پێشمەرگایەتییەوە، زۆریش بەکاردەهێنرا، جاری وابووە خیشکردنەکە ڕەوابووە و ستەمی لێکراوە، مافی خۆی نەدراوەتێ لە پلە و بەرپرسیارێتیی لەداخانا

دوورکەوتووەتەوە تا دواتر برادەرەکانی لەبەر توانایی و پێویستیی بۆی تێکەوتوون و بەڵێنی چارەسەرکردنی کارەکەیان داوە و گەڕاوەتەوە.

جاری واش هەبووە خیشکردنەکە شەڕفرۆشتنبووە و مافی ئەوەی نەبووە کە داوایکردووە، ئەگەر بانگیشکرابێ هیچی بۆ نەکراوە و پێیانسەلماندووە هەڵەیە و خیشکردنەکەی ناڕەوا و پەڵپگرتنە.

خیشکردنی هەر کادیر یان فەرماندە یان پێشمەرگەیەک لەلایەن لایەنەکانیترەوە قۆستراوەتەوە و پێوەندیی بە خیشکەرەوە کراوە، هەوڵی لەگەڵدا دراوە بچێتە ئەو لایەنەی بەڵێنی کار و پلەی دڵخوازی پێدراوە، سەنگەری خەباتی گواستووەتەوە و دەستی لە رابردووی خۆی لەناو یەکێتیدا هەڵگرتووە.

هەندێکجار نەتوانراوە دڵنەوایی ئەو کەسە بکرێ قایلبکرێ و ئاشتبکرێتەوە، شتێکی بۆ بکرێ تا نەڕوات!

داستانی قەیوان – ماوەت

یەکێک لە شەڕە گەورەکانە لەدوای شەڕی دابان – هەلاج، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبەزیی و قارەمانێتیی کەموێنەیان نواند لە زەبرلێدانی هێزەکانی دوژمن و تۆمارکردنی سەرکەوتن.

دوای تێکچوونی گفتوگۆی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس، یەکێتیی بنکە و بارەگاکانی لە سێڕوان و ئاوەژێ بۆ دۆڵی جافەتیی گواستەوە، شوێن و خانوویان بۆ خۆیان دروستکرد.. ئەم شوێنە کەوتووەتە ناوچەیەکی شاخاویی سەخت لەسلێمانییەوە چل کیلۆمەترێک دوورە، دەوروبەری بە رەبایە چێنرابوو بۆ چاودێرێکردنی جموجوولێی هێزی پێشمەرگە، بۆیە بەردەوام ڕژێم بە تۆپ لێیدەدا، بە فڕۆکە بۆردوومانیدەکرد، چاوە سیخوڕییەکانیشی زانیارییان لەسەر ناوچەکە دەدایە دەزگا ئەمنییە پێوەندیدارەکان.

ڕۆژانەش زانیاریی لە ڕێکخستنەکان و ڕێکخراوی ناوشارەوە

دەگەیشتە سەرکردایەتی کە ڕژێم بە تەمای پەلاماردانی سەرکردایەتییە، سەرکردایەتیش بە وردیی ئاگای لە نیازەکانی ڕژێم بوو، داوای لە مەڵبەندەکان کرد هێز لەتیپەکانەوە ڕەوانەی سەرەوە بکەن بۆ بەرگرتن لە پەلامارەکانی دوژمن.

جوگرافیای ئەم شەڕە لە کەڵکی قەیوانەوە تا ماوەتی دەگرتەوە، ئەمە سنووری چالاکیی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروونی سەربە مەڵبەندی دوو بوو، ناوچەیەکی شاخاوی و سەختبوو..

دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێنی گرنگ بۆ ڕژێم بۆ بەرتەسکبوونەوەی جوولّەی هێزی پێشمەرگە، کاتژمێری سفری ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ هێزەکانی ڕژێم بە تۆپبارانی چڕ پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دا، یەکەم تەقە لە شاخی دۆڵبێشکەوە دەستپێکرد و یەکەم شەهیدیش شێخ جەمال داربەڕوویی گەرمیان بوو، ئیتر بەرەو شوێنەکانیتر تەشەنەیسەند تا گەیشتە شاخی دووبرا و کەڵکی قەیوان.

لە یەکەم ڕۆژدا شازدە تیپ لەمەڵبەندەکاندەوە هاتبوون بۆ بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپا و جاشە قۆنتەراتچییەکانی کورد کە لەدووڕەوە هاتبوون بۆ شەڕی پێشمەرگە و گرتنی بارەگاکانیان بەرانبەر بە پارەیەک بۆ سەرۆکجاشەکە، هەروەها هەندێ هێزی لایەنەکانی پارتی و سۆسیالیستیش ڕۆڵی خۆیان بینی کە تازە پرۆسەی ئاشتبوونەوە کرابوو.

هێزی پێشمەرگە کە هێنرانە ئەو سنووڕە بۆ شەڕی سەنگەر و بەرەیی کە یەکەمجاربوو لە گۆڕەپانی شەڕی بەرەییدا خۆی ببینێتەوە هیچ ئەزموونێکی نەبوو، خۆیان بە خۆڕسک ڕاهاتن، پێویستی بکردایە سەنگەر یان کەڵەکیان بۆ خۆپاراستن لە تۆپباران دروستەکرد، فێربووبوون چاودێریی دوژمنیان دەکرد کەی تۆپبارانی خەستی کرد و هێزی کۆکردبووەوە ئەوە واتە پەلاماردەدات، لەوە گەیشتن نابێ تەقەبکەن تا دوژمن لە سەنگەرەکان نزیکدەبنەوە و لە قەمچی تفەنگەکانیاندایە ئینجا

لێیانڕاپەڕن تا بتوانن دەستی باش بوەشێنن و چەکەکانیان دەستکەوتبێ.. تەنیا مام جەلال مەسەلەی سەنگەرلێدانی دووپاتدەکردەوە، کە زۆرجار پێشمەرگەکان کەمەتەرخەمییان دەکرد.

پێشمەرگەی یەکێتیی لە هێرشکردن و شوێنگرتن وێنەیان نەبوو، تاقەتی سەنگەرلێدان و مانەوەی ناوسەنگەر و شاخ نەبوون! بەهۆی ئەم شەڕانەوە لەخوارەوە چالاکیی پێشمەرگانە کەمبووبووەوە، لە هەندێ شوێن پشتگیرییەکانی چالاکییاندەکرد و دەستیان لە هێزەکانی دوژمن دەوەشاند.

لەو بەرەیە شەو و ڕۆژ یان هێرشبوو یان تۆپبارانبوو، ئەو ناوە دەکولا، ڕژێم دەربایسنەدەهات، خەڵکی ناوچەکە وەرسبووبوون، کە زۆرجار گوللەتۆپ بەر ئاوەدانیی دەکەوت و زیانی گیانیی و مادیی لێدەکەوتەوە.

لەم شەڕانەدا کە سێ مانگی خایاند زیانی زۆر بە هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە کوژراو و بریندارى ئەفسەر و سەرباز و جاش گەیشت، بە جۆرێک هەواڵەکانی ئەم شەڕە ڕۆژانە لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاودەکرایەوە، خەڵکیی چاوەڕوانی گورزوەشاندنەکانی هێزی پێشمەرگە بوون بەتایبەتیی خەڵکیی زۆر بەو ئاشتبوونەوەی لایەنە ناکۆکەکانی شۆڕش ئاسوودە و دڵخۆشبوون ئەگەرچی درەنگانێک ئەمە کرا هەر باشبوو لوولەی تفەنگی کورد ئیتر ڕوویدەکرایە دوژمن و شەڕی کورد بەکورد وەستا.

شەڕەکان ئەوەندە سەختبوون هێزی پێشمەرگە نزیکەی سەد پێشمەرگە و فەرماندەی چابووک و دلێر گیانیان بەخشی و گەیشتنە کاروانی سەروەریی، هەروەها دەیان بریندارىش، ئەمە ئەوپەڕی خۆڕاگریی پێشمەرگە بوو لەبەرانبەر هێزێکی پڕچەکی مۆدێرن کە ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی وەکو ئێران شەڕیدەکرد.

داماڵەخاس/ چەککردن

داماڵەخاس دەربڕینێکی پێشمەرگانە بوو، بەو پێشمەرگەیە دەوترا کارێکی لابەلای دەکرد دەبووە هۆی سزادانی، کە بەلای کەمەوە چەککردن بوو! لەپێشمەرگایەتیدا چەککردن سزایەکی ناخۆشبوو نەک هەر لەناو پێشمەرگەدا تەنانەت لەناو خەڵکیشدا دەبووە مایەی پرسیار!

لەپێشمەرگایەتیدا چەک بایەخێکی زۆر گەورەی هەبوو، دەبوا پێشمەرگە زۆر بە باشیی پارێزگاریی لە چەکەکەی بکردایە، خزمەتیبکردایە، ڕۆژانە پاکیبکردایەتەوە، ماوەماوە چەوریبکردایە تا ژەنگ نەگرێ یان گوللەخۆر نەبێ، هەمیشە چەکەکەی لەنزیکیەوە بوایە تا لە باری تێکەوتندا دەستبکاتەوە.

ئەگەر پێشمەرگەیەک کارێکی ناحیزبییانەی کردبێ ڕووبەڕووی سزادەبووەوە، یەکێک لەو جۆرە سزایانە چەککردن بوو، کە بۆ قۆشمەیی و شۆخیکردن دەوترا داماڵەخاس.. لەناو خەڵکیدا ئەوە باوبوو کە دەوترا چەک شەرەفە، بۆیە چەککردن یان داماڵەخاسکردن قورسبوو، بە خەوشێکی گەورە دادەنرا، بە چاوی سووک تەماشای ئەو چەککراوە دەکرا، زۆرجاریش گوللە ئارپیجیی دەدرایە کۆڵیدا وەکو باجی سزادانەکەی، کە لێیاندەپرسیی ئەوە خێرە لە ڕووی نەدەهات بڵێ لەسەر فیسارە شت سزادراوە دەیوت داماڵەخاسیانکردووە یان چەک و جل و جامانە کراوە واتە لەهەموو کار و ئەرکێکی پێشمەرگانە خراوە.

ڕوویداوە داماڵەخاس یان چەککردن بووەتە هۆی ڕووخانی ئەو پێشمەرگە چەککراوە و خۆی رادەستی دوژمن یان پێوەندیی بەلایەنێکیترەوە کردووە یان وازیهێناوە و چووە لەدێیەکدا دانیشتووە.. ڕوویشیداوە داوای چەک لە یەکێک کراوە ئامادەنەبووە چەکەکە رادەستبکات بەزۆر لێیسەنراوە و سزاکەی تووندتر بووە.

دەستەی دامەزرێنەر

دەستەی دامەزرێنەر ئەو کەسانەن لەئەنجامی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر لەسەر دامەزراندنی حیزبێک یان رێکخراوێک پێکدێن و ناویدەنێن و بە راگەیەندراوێک بڵاویدەکەنەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو دەستەی دامەزرێنەری هەبوو: دەستەی دەرەوەی وڵات و دەستەی ناوەوەی وڵات.. قۆناغی یەکەم لە دەرەوەی وڵات: مام جەلال، د. فوئاد مەعسوم، عادیل موراد، عەبدولڕەزاق عەزیز لە چایخانەی تولەیتلەی دیمەشق دانیشتن و هێڵە گشتییەکانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان داڕێژا، قۆناغی دووەم نەوشیروان مستەفا، د. عومەر شێخ موس، د. کەمال فوئاد هاتنە ناو ئەو دەستەیەوە، لە ١٩٧٥/٦/١ یەکەم راگەیاندراویان لەبارەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکردەوە.. لەناوەوەی وڵاتیش نوێنەری باڵەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی: خالە شیهاب، جەعفەر عەبدولواحید، ئارام، عومەر مستەفا لەگەڵ ئەو دەستەیەی دەرەوەی وڵات هەماهەنگییان هەبوو، نوێنەری ئەوانەی ناوەوە هاتوچۆی دەرەوەیان دەکرد، پرس و راوێژ بە یەکتری دەکرا، دواتر باڵێکی بێلایەن لە هەندێ کەسایەتیی دیار بەناوی هێڵی گشتیی پێوەندییان بەیەکێتییەوە کرد، ئەگەرچی بەشێک لەوانە لەژێرەوە کۆمەڵە یان سۆسیالیست بوون.

لەگەڵ بڕیاردانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری و شۆڕشی نوێدا ئیتر دەستەی دامەزراندنی دەرەوە گەڕانەوە ناو وڵات و دواتر سەرکردایەتی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا بەپێی پرەنسیپێک کە لەسەری رێککەوتبوون بۆ ڕێژەی بەشداریکردنی هەر باڵێک لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی و ئۆرگانەکانیتردا.

ئەوەی پێویستە بوترێ مام جەلال هەوێنی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، ئەو لەگەڵ هەموو کەسەکاندا دادەنیشت و

پێوەندییەکرد و بارودۆخەکەیان هەڵدەسەنگاند و تاوتوێدەکرا، دوای قسەیەکی زۆر گەیشتنە ئەو فۆرمەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو نیمچە بەرەیەک دروستببێ کە هەموو هێزێکی نیشتمانپەروەری تیاکۆببێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر و کۆتاییهاتن بە تاکحیزبیی لە ژیانی سیاسیی کورددا.

داستانی دابان - هەلاج

لە ساڵی ١٩٨٤دا بەعس نەیتوانی ئەو گفتوگۆیەی نێوان خۆی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئاقاری ڕێککەوتن ببات، جگەلەوەش دەستێوەردانی دەوڵەتانی دەوروبەر بۆ سەرنەگرتنی ئەو گفتوگۆیە هەبوو.

ڕژێمی بەعس خۆیشی چەندین هەنگاوی دەنا گومان لە راستگۆیی دەکرا:

- وردەشەڕفرۆشتن بە پێشمەرگە و شەهیدکردنی هەندێ فەرماندە و پێشمەرگە لە شوێنە جیاجیاکان.
- دروستکردنی فەوجە سووکەکان.
- بەرنامەی بەعەرەبکردن لە شار و شارۆچکەکانی کەرکوک، موسڵ، خانەقین، خورماتوو هەر بەردەوامبوو.

ئەم خاڵانە و خاڵە بنەڕەتییەکانی جێی ناکۆکیی کورد و عێراق بوونە هۆکاری ئەوەی چیتر دەستی دەستی قبوڵنەکرێ و کۆتایی بە ماوەی گفتوگۆی بێبەرهەم بهێنرێ، کە نزیکەی ساڵێکی خایاند.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بارەگاکانی بردبووە سنووری دۆڵی جافایەتیی، شاخەکانی بە رەبایەی دوژمن تەنرابوو بۆ دوورخستنەوەی ئەو هێزانە و تۆڵەی شەهیدان سەیید کەریم و مامەڕیشە و سەرنەگرتنی گفتوگۆ ویستی بە چالاکییەک زەبرێکی توندی سەربازیی لە ڕژێم بدات.. ئەو چالاکییە ناونرا تۆڵەی مامەڕیشە و هاوڕێکانی.

لەهەموو مەڵبەندەکانەوە هێز کۆکرایەوە و بەپێی پلانێکی ورد هەموو شوێنەکانی دوژمن بۆ هێزەکان دیاریکرا.. شەوی ١٤-١٩٨٥/٢/١٥ لەهەموو قۆڵەکانەوە هێرشی کتوپڕ کرایەسەر مۆڵگەکانی ڕژێم.

لە ماوەی چوار کاتژمێردا زنجیرە شاخی دابان – هەلاج و دەوروبەری دۆڵی شەدەڵە پاککرایەوە، شەڕی گەورە لەسەر جادەی دوکان – سلێمانی کرا، هێزێکی زۆر لە دوژمن کوژرا، چەندین پێشمەرگەش شەهیدبوون، لەلای باداوان و باقلانیش شەڕی دەستەویەخە کرا و دوژمن زیانی زۆری هەبوو، شپرزەبووبوو.

زیانەکانی دوژمن لەم شەڕانەدا زۆربوون، بەپێی هەندێ زانیاریی ٥٥٢ کوژراوی سەرباز و جاش، ٩٨ دیل، سووتانی چوار تانک و ٢ زرێپۆش و ٢٧ ئۆتۆمبیل، گرتنی (٢٠٠) چەکی جۆراوجۆر بوو، تەقەمەنی و دەزگای بێتەل و کەلوپەلی سەربازیی زۆر دەست پێشمەرگەکان کەوت.. زیانی پێشمەرگەکانیش ١٨ شەهید و کۆمەڵێک بریندار.

گرنگیی ئەم چالاکییە لەوەدابوو ئەو شاخ و لووتکە بەرزانەی بە دەست دوژمنەوە بوون ستراتیژیی بوون و بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون بەتایبەتی دۆڵی سورداش و دوکان، جادەی دوکان – سلێمانی، بە گرتنی ئەو شوێنانە مەترسیی تۆپبارانە ڕۆژانەکان و پەلاماری ناوچەکە و بارەگاکان کەمدەبوویەوە.

ئەمە حکومەتی تووشی سەرسوڕمان کرد پێشمەرگەکان تەنیا بە تفەنگەکانی دەستیان ئەو هەموو توانا گەورەیەیان هەبێ شەڕ لەهەموو شوێنە دەشت و سەخت و تەخت و سەرجادەدا بکەن و بەرگەی ئەو هەموو تۆپباران و بۆردوومان و هێزە شەڕکەرەی سوپا و جاش بگرن!

وەکو پیشەی هەمیشەیی حکومەتی فاشیستی کە لەلاوازییەوە ئەو کارەی دەکرد ڕۆژی دواتر لە تۆڵەی ئەو شەڕ و زیانانەی لە هێزەکانی کەوتبوو و ئەو شوێنە سەربازییە گرنگانەی لەدەستدابوو دێهاتەکانی ئەو سەرجادەیەی تەختکرد و خەڵکەکەی ئاوارەکرد.

داستانی ڕزگاریی

داستانی ڕزگاریی یەکێکە لە چالاکییە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دژی هێزەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس.. ئەم داستانە واتە ڕزگارکردنی دۆڵی جافەتی، کە بنکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی و داموەدەزگاکانی شۆڕش و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە و باڵەکانی یەکێتیی لەوێبوون.. دەوروبەری ئەم دۆڵە بە هێزی دوژمن تەنرابوو، بە سەربازگەی سەربازیی و ڕەبایەی جاش دەورەدرابوو، بەردەوام بە فڕۆکە بۆردوومانەدەکرا، لە تۆپخانە نزیکەکانەوە تۆپبارانەدەکرا.

بۆئەوەی دوژمن لەو ناوچەیە دوورببخرێتەوە بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک سەرکردایەتی بڕیاریدا چالاکییەکی گەورە بکات و ئەو دۆڵە پاکبکرێتەوە.. بۆ ئەم مەبەستە پلانێکی تۆکمە داڕێژرا، نەخشەیەکی ورد کێشرا و هێزەکانی هەر سێ مەڵبەندەکانی یەک و دوو و سێ کە ٢٧ تیپ بوون و خۆیان لە چوار هەزار پێشمەرگە دەدا ئامادەکران بۆ گرتنەوەی ئەم شوێنانە: گۆجارِ، کەڵکی قەیوان، حەسەنبەگ، خەجەلەرزۆک، باڵخ، کۆڕەنگ، دووبرا، وڵاخلوو، گوێژە، دۆڵی سەفرە و زەروون، ئەزمەڕ، گەڵاڵە، زینۆی سپی، گمۆ.. هتد.

هەر هێزێک بۆ شوێنی دیاریکراو نێردرا و لە کاتژمێری سفردا کە یازدە و چارەکی شەوی١٣/١٤-٤-١٩٨٧ دانرابوو لەهەموو لایەکەوە ئاگری غەزەبی تفەنگەکان جەستەی پیاوەکانی دوژمنی هەڵدەقرچان، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەموو شوێنەکان ڕزگارکران و کەوتنە دەست پێشمەرگە.

لەبنەڕەتدا داستانی ڕزگاریی بەرنامەیەکی هاوبەشی یەکێتیی – ئێران بوو بۆ پاککردنەوەی ماوەت، کاریزە، شاخی ئەزمڕ و هەموو ئەو ڕەبایانەی بەسەر شاخەکانەوە بوون، بەڵام تەنیا هەندێ پسپۆڕی پاسداران هاتن و هێزەکەی لە قۆڵی ماوەتەوە نەجوولان و لەوێوە تەماشای هێرشەکانی

هێزی پێشمەرگەیان دەکرد کە سەرکەوتنەکانیان تۆماردەکرد.. لەم چالاکییەدا دەستەیەک پێشمەرگەی پارتیش بەشداربوون.

ئەو پلانە گەر سەربگرتایە کاریگەرێتیی لەسەر سلێمانی تا کەرکوک دەکرد و حکومەتی عێراقی تووشی شکستێکی سەربازیی دەبوو، دیاربوو ئێران نەیدەویست ئەوەبکات کە هێزی پێشمەرگە ئەو ڕۆڵەیان هەبێت.

ئەنجامی ئەم چالاکییە:

- گرتنی: ١١٧، ٥ بارەگای سریە، ٨ بارەگای فەوج، ١ سەربازگەی گەورە.
- کوژرانی ٧٩٧ سەرباز و جاش.. بەپێی هەندێ زانیاریش کوژرانی: ١٧٦٢ و بریندارباوونی: ٢٨٥٦ سەرباز و جاش.
- بەدیلکردنی ١٨٦ ئەفسەر و سەرباز و جاش.
- دەستکەوت: ٣٠٠ کلاشینکۆف، ٦ بیکەیسی، ٤ قەناس، ٤ ئارپیکەی، ٣ دۆشکا، ١٥ دیکتاریۆف، ٣٠ ئارپیجی، ٧ هاوەنی ٦٠ ملم، ٢٤ جیهاز و تەقەمەنییەکی زۆر.
- ژمارەی شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە لەم چالاکییەدا ٢٤ شەهید و ١٨ بریندار.

ڕژێمی بەعس ترسی لێنیشتبوو، کە لە ڕێگەی سیخوڕەکانیەوە هەواڵی وەرگرتبوو ئەم چالاکییە دەکرێ، هێزێکی زۆری هێنابووە سلێمانی و دەوروبەری، فەرماندە سەربازییەکان تاوتوێی ئەو جموجوولەی هێزی پێشمەرگەی دەکرد و پلانیان بۆ بەرگری و وەڵامدانەوە دادەنا.

کە ڕژێم زانی ئێران پێشڕەوییەکردووە، خۆی بۆ پەلاماردان پێچەوانە و گرتنەوەی شوێنە گیراوەکانی ئامادەکرد بە هێزێکی زۆری سەرباز و جاش و کۆپتەری پیلاتۆس و سەمتی و تۆپخانەی قورس.. دوای چەندینجار شکان، ئینجا دوژمن توانی شوێنەکانی پێشوو بگرێتەوە.

لەم شەڕانەشدا هێزی پێشمەرگە ٨٢ شەهیدی گیان لەسەردەستی شەهیدبوو، بەهەموو چالاکییەکە و بەرگرییەکان ژمارەی شەهیدەکان گەیشتە ١٠٦ شەهید، چەندین بریندارییش.. ئەمە بەڵگەیە کە شەڕەکان

زۆر سەختبوون، پێشمەرگە گیانفیدایانە رووبەڕووبوونەتەوە.

داستانی پێشمەرگانە

داستان واتە چیرۆک یان بەسەرهات و سەرگوزەشتەیەک شتی سەیر و سەرسوورهێنەری تیاباسدەکرێ.. پاڵەوانی داستان هەمیشە کاری ناوازەی دەگمەن دەخوڵقێنێ.

لەو روانگەیەوە تەماشای ئازایەتی پێشمەرگە لەشەڕەکاندا کراوە لەدەستوەشاندندا نموونەی گیابەخشین و قوربانیدان بوون، لەبەرانبەر هێزێکی زەبەلاحی وەکو بەعس دەوەستانەوە و ترس لەزاتیاندا نەبوو.

لەڕستیدا بەراورد لەنێوان توانا سادەکانی هێزی پێشمەرگە و توانا سەربازییەکانی ڕژێمێکی وەکو بەعس لەڕووی ژمارە و ئامادەسازیی سەربازیی و چەک و کەرەستە جەنگییەکانەوە نەدەکرا، پێشمەرگە بڕوا و جەرگقایمی و چاونەترسیی هەبوو، ڕژێمی بەعسیش یەکێک لە دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەکە بوو.

لەگەڵ گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ چالاکییەکان و زەبرەکانی پێشمەرگە فراوانتربوون، لە شێوازی شەڕیشدا داهێنانەدکرا، لەهەر شەڕێک ئەزموونێکی نوێ وەردەگیرا و لەئاقارێکدا نەدەوەستان هەر لە مەفرەزەکردن، بۆسەدانان، مینانەوە، گرتنی ڕەبایە و زنجیرە ڕەبایە، دەستبەسەراگرتنی سەربازگە و زنجیرە سەربازگە، چالاکیی ناوشار، ڕفاندنی پیاوانی ڕژێم لە ڕێگاوبانەکان و ناوشار.. هتد، ئەمە بەرهەمی داهێنانەکانی پێشمەرگە و فەرماندەکان بوو.

پێشمەرگە رووبەڕووی چەندین شەڕی گەورە بووبووەوە، کە هەریەکەیان بۆ خۆیان داستانێک بوون مەگەر هەر پێشمەرگە بتوانێ ئەو قارەمانەتییانە تۆماربکەن، ئەوەی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردی مەگەر لەئەفسانەکاندا باسبکرێ.

هێزی پێشمەرگە چەندین داستانیان تۆمارکردووە وەکو: داستانی

قەیوان- ماوەت، داستانی دابان- هەلاج، داستانی ڕزگاریی، داستانی زینانە، داستانی ١١ ڕۆژەی سماقولی. هتد.

دادگای سەورە

بەعس دادگایەکی بەناوی دادگای سەورە (دادگای شۆڕش)ی بەدناو دروستکردبوو بۆ تۆقاندنی خەڵکیی و جێگیرکردنی پێگەی حوکمڕانیی خۆی، کاری ئەم دادگایە دوور لەهەموو بەهاکانی مرۆڤایەتیی مل هەڵکێشان و گوللەبارانکردنی بەرهەڵستکارەکانی بوو لە هەر لایەنێک لە دەرەوەی بەعس تەنانەت ملپەڕاندنی نەیارەکانی لەناو حیزبی بەعسیشدا.

ئەم دادگایە لە زۆر بابەتی دەڕوانی ئەوانەی گوایە مەترسی بۆ سەر بەناو دەسەڵاتی شۆڕش دروستدەکرد.

کۆمەڵێک دادوەری بێویژدان دانرابوون تەنیا حوکمی کوشتن و لەسێدارەدانیان دەزانی، قەرەقوشییانە لە روانگەی بەعسێتییەوە حوکمی گیراوەکانیان دەدا، ئەو دادوەرانە بە زۆریی بە یاسای سەربازیی نەک شارستانیی سزای زیندانیی یان مەرگیان بەسەر گیراوەکاندا دەسەپاند، هوڤییانە بڕیاریان دەردەکرد، ئەو خەڵکە بێتاوانانەیان قەڵخدەکرد تەنیا گوناهیان ئەوەبوو لەگەڵ هێڵی بیر و سیاسەت و حوکمڕانیی بەعسدا نەبوون.

مرۆڤ بۆ ئەوە هاتووەتە ژیانەوە بژی، بەڵام دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان چوارچێوەیان بۆ هەموو جوولەیەک دروستکردووە، ناهێڵن کەس لە دەرەوەی بازنەی بیری خۆیان هەناسەبدەن، بەپێچەوانەوە دەکوژرێن، بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی کوشتن کە ڕوویەکی یاسایی ساختەی بدرێتێ دادگا دانراوە.

حیزبی بەعس بە ڕێگەی ڕەوا نەهاتەسەر حوکم، بە کودەتا هات، هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو کودەتای لێبکرێ بۆیە هەمیشە لەبۆسەدا بوو بۆ چاودێریی هەر جوولەیەکی گوماناویی.

لە ساڵ ١٩٧٩ بەندەر عەواد کرایە سەرۆکی ئەم دادگایە، کە بڕیاری لەناوبردنی خەڵکێکی زۆری دابوو، لە نووکی قەڵەمەکەیەوە خۆی بێتاوانان دەچۆڕا، کە بەندەر عەواد خۆی دادوەر نەبوو، جەللادێکی خوێنڕێژ بوو، دادوەرەکانیتریش بەهەمانشێوە کەسانی دڵڕەقبوون لە دیدی بەعسییانەوە بڕیاری مردنیان دەردەکرد، بە هەزاران بێتاوانیان کردە خۆراکی مردنێکی تاڵ دەکرێ ناوبنرێ مردنی بەعسییانە!

دادگای سەورە هەر بڕیاری کوشتنی تاکەکەسیی دەرنەدەکرد، بەڵکو بڕیاری کوشتنی بەکۆمەڵیشی دەدا، ئەمەش ستەمێک بوو لە دەرەوەی هەموو یاسا و رێساکانی نێودەوڵەتیی، کەچی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لەهەمبەر ئەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس و سەدام ورتەیاننەدەکرد.

ئەم دادگایە بۆ ئەوە نەهاتبوو ژیانی خەڵکیی رێکبکات و لە تاوان دووریانبخاتەوە، بەڵکو بۆ چوارچێوەگرتنی ژیانیان و قەتیسکردنیان لە بازنەیەکی داخراوی بیری عوروبەوی و بەعسییانەدا کە هیچ رێزێک بۆ هەست و هەڵوێستی مرۆڤ دانانرێ دەبووا هەموو وەکو بەعس بیربکەنەوە با بەعسیش نەبووبن.

بە دەستی ئەم دادگا و دادوەرە بێویژدانەکانی هەزاران کورد حوکمی ناڕاست و نادادپەروەرانە دران تەنیا تاوانیان ئەوەبوو لەپێناوی چارەنووسی نەتەوەکەیان خەباتیاندەکرد بۆ ئازادیی و سەرفرازیی تێدەکۆشان.. ئەم دادگایە لە بنەمای شتەکانی نەدەکۆڵییەوە کە ئەو تێکۆشەرانە لەسەری گیرابوون، چونکە کوردبوون ئیتر دەبێ بکوژرێن، چونکە لە بیری بەعسدا جگەلە بەعس و عوروبە هیچیتر لەعێراقدا جێینابێتەوە.

دادگای سەورە ناوێکی بەدناوە لە یادەوەریی خەڵکی کورددا، ئەم دادگایە وشەی ئازادیی بەرگوێ نەکەوتبوو، مافی مرۆڤی نەبیستبوو، نەیدەویست چوارچێوەی غەیری بەعسی عەرەبی بسەلمێنێ، بۆیە بەلایەوە ئاسایی بوو چەقۆی بڕیارە چەپەڵەکانی لە ملی ئەو خەڵکە بێتاوانانە بنێ.

دادگای شۆڕش

هەموو شۆڕشەکان دادگایان بۆ سزادانی تاوانباران و بەرهەڵستکاران و دژەشۆڕش داناوە، لە شۆڕشی نوێشدا دادگا یەکێک لە دەزگا دامەزراوەکانی گرنگەکان بوو، لە ساڵی ١٩٨٠ بەناوی دادگای باڵای شۆڕش لە چەند دادوەرێک بە سەرپەرشتی ڕەوانشاد عومەر دەبابە دامەزرا، دواتر پێکهاتەکەی بەسەرپەرشتیی جەمال ئاغا گۆڕدرا.

دامەزراندنی دادگای شۆڕش پێویستبوو، چونکە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و پێشمەرگە فراوانبوو، کێشە و گیروگرفتی خەڵکیش زۆربوو، کە سەرەتا فەرماندە و کادیرەکان لە ناوچەکانی دەسەڵاتی کارکردنیاندا لێکۆڵینەوەیان لە کێشەکان دەکرد، کە زۆریان لە مەسەلە یاساییەکان شارەزانەبوون.

کە دادگا دروستبوو ئیتر کاروبارەکان ڕووبەڕووی دادوەرەکان و کادیرەکانی کۆمەڵایەتیی کرانەوە لە ڕێگەی مادە و بڕگە یاساییەکانیەوە بڕیار لەسەر کێشەکان دەدرا و کەس لە هیچ ئاستێکی بەرپرسیاریدا دەستوەردانی نەدەکرد، کە ئەنجومەنی دێش دروستبوو کارئاسانییەک باشبوو بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دادگاکان کە لە هەندێ شوێن دادگا نەبوو یان دوورەدەست بوو.

چەندین جار پێکهاتەی دەزگای دادگا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کە هەندێ دادوەر وازی لە دادگا دەهێنا و خەڵکانیتر دەهاتنە دەرەوە و دادەنران..

بۆ ڕاگەیشتن بەکاروبارەکاندا لە سنووری مەڵبەندەکانیشدا دادگای شۆڕش دانرابوو، دوای ئەوەی کۆمەڵێک دادوەر و پارێزەر و دەرچووی کۆلیژی یاسا پێوەندییان بەشۆڕشەوە کرد.

ئەوانەی لەلایەن دادگاوە سزادەدران خەڵکانی خۆفرۆش و سیخوڕ و تاوانبار بە کوشتن و کاری نایاسایی و کێشەی کۆمەڵایەتیی، کە هەیانبوو حوکمدەدرا بە ماوەیەک زیندانیی، هەشیانبوو بە گوللەباران سزادەدرا

دوای ڕەزامەندیی دەسەڵاتی بااڵ جێبەجێدەکرا.

لەدوای شااڵوەکانی ئەنفال دادگاکانی شۆڕش ئەو کارەیان نەما و تەنیا کێشەی پێشمەرگەیان دەبینی، کە ڕاپەڕین کرا ئیتر ئەم دەزگایەی شۆڕش هەڵوەشێنرایەوە.

ئەو حاکمانەی لە دادگاکانی شۆڕشدا بوون:

عومەر دەبابە، حاکم برایم حسێن، حاکم عومەر، حاکم سەردار، حاکم پێشڕەو، حاکم ئیحسان وەاڵشی، حاکم دڵشاد خورشید، حاکم یوسف حەوێز، حاکم قادر حەمەجان، حاکم ئەکرەمی گەرمیان و حاکم غازی سااڵر و کۆمەڵێکیتر پارێزەر و دەرچووی شەریعەت و سیاسەت.

داشعێراق

سەردەمانێک لەدوای بڕانەوی مەسەلەی عێراقیبوون لەناو کۆمەڵەدا مەسەلەی داشعێراق هاتەناوانەوە، ئەگەر خەڵکانێک هەبووبن باوەڕیان بەوەبووبێ داشعێراقێک بە ناوی کۆمەڵەوە بێ، هەرگیز داشعێراق بە پاشکۆی ناوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە نەلکاوە، ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە بە بیری هەندێ لە کادیر و سەرکردەکاندا تێپەڕیوە و لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئێستا هەندێک لەوانە کە باسی داشعێراق دەکرێ نکۆڵیی دەکەن!

کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان بە چەند وێستگەیەکی لێکترازان و جیابوونەوەدا تێپەڕیوە لە ئەنجامی مشتومڕ لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیی کە لەنێوان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بەرپابوو ئایا ڕێکخستنی کۆمەڵە لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی یان چینایەتی بێت.

هەندێک لەو ئەندامانە باوەڕیان وابوو ڕێکخستنی کۆمەڵە دەبێ سەرتاسەریی و عێراقیی بێت لەسەر بنچینەی چینایەتی لەژێر دروشمی ئەی کرێکارانی جیهان یەکبگرن، نابێ کرێکارانی کورد لە کرێکارانی عێراق

دابڕێن ئەمەش هەمان دەستوری حیزبی شیوعی و رەوتە مارکسییەکانیتر بوو.

بەپێچەوانەوە ئەندامەکانیتری دەستەی دامەزرێنەر رەچاوی واقیعی کوردستانیان دەکرد و باوەڕیان بەوەبوو کۆمەڵە دەبێ کوردستانی بێت، مەسەلەی کورد نەتەوایەتییە نەک چینایەتیی، کرێکارانی کوردیش دەبێ حیزبی مارکسیی خۆیان هەبێ و مەسەلەی نەتەوایەتیی و چینایەتیی بەیەکەوە ببەستڕێتەوە، کێشەی کورد کێشە نەتەوەیەکی داگیرکراوە لەگەڵ داگیرکەردا نەک کێشەی کار و سەرمایە، کرێکارانی عێراق قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییان بڕیوە، کرێکاری کورد بە تەواویی لە قۆزاخە سەری دەرنەهێناوە و کارگە لەکوردستاندا وەکو پێویست نییە!

هیچ لایەک لەو دوو لایەنە دەستبەرداری بیرۆکەی خۆیان نەدەبوون، ئەمە بووە هۆی دوورکەوتنەوە و یەکەم لێکترازان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا.

دواتر رەوتێکیتر بەناوی رەنجدەران سەریهەڵدا، کە خەڵکانێکی چەپڕەوی توندڕەوبوون، بەڵام زوو لەناوچوون و کۆتاییان پێهات.. ململانێکانی ناو کۆمەڵە بەردەوامبوو بەتایبەتی ناکۆکی نێوان نوێنەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان و گرووپی زیندان و سکرتێر لەسەر کەموکوڕییەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە و بەجێهێشتنی وڵات و دانەنانی ڕێوشوێنی کار و ڕێکخستن، لەلایەکیترەوە قسەی ئەوەیان دەدرایەپاڵ کە لەژێر کاریگەرێتیی کۆمەڵەی ئێران بوون، کە ئەوان داشئێرانێک بەناوەکەیانەوە بوو، لەمەوە هەندێک وای بۆ دەچوون کە ئەمانیش باوەڕیان بە داشعێراق بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هەیە، ئەمان رایانوابوو شۆڕشی کوردستان و ڕزگاریی کورد بەشێکی مەسەلەی دیموکراسییە لە عێراق و بڕوایان بە خەباتی ناوکۆیی گەلان هەبوو!

ناکۆکییەکان سنووری خۆی تێپەڕاند و لایەنی بالادەست تەنگی پێهەڵدەچنین و بە توندییش دژایەتی و چاودێرییدەکران.

راستە کۆمەڵە ڕێکخستنێکی مارکسیی بوو، دەیویست بە بەرنامەیەکی نوێوە خەبات لەپێناوی کورد و یەکسانیی و دادپەروەری و دوور لە

چەوسانەوەی نەتەوایەتیی و چینایەتیی بکات، بەڵام سەرکردایەتییەکەی کە بە زۆریی وردەبورژوا بوون ڕێگەینەدەدا هیچ لایەن و ڕێکخراوێکیتر لەناویدا سەرهەڵبدا ئەمەش سروشتی هەموو حیزب و ڕەوتە مارکسییەکان بوو، بۆیە هەمیشە لێکترازان و لەتبوون ڕوویدەدا.

هەندێک ئاماژە بە نامیلکەی (چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کورد)ی سالار عەزیز دەکەن کە لەدووتوێیدا بیری عێراقیبوون ڕەنگدەداتەوە لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان تۆمەتی عێراقیچتیی و داشعێراق لە خۆیان دوورەخەنەوە!

کە یەکێتیی دامەزرا کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان باڵی سەرەکی و گرنگیی یەکێتیی بوو، سەرکردە و کادیر و ئەندامەکانی ئەوانەی خوێنەواریان هەبوو بە بیری مارکسیزم – لینینیزم خۆیان پەروەردەدەکرد، نەخوێنەوارەکانیش لە ڕێگەی گوێگرتن لەکۆبوونەوەکاندا عەشقێکییان بۆ کۆمەڵە هەبوو، هەرئەوەندەیان دەزانی کە کۆمەڵە بەرگریی لە کرێکار و جووتیار و چەوساوەکان دەکات، بەڵام دواتر مەسەلەی مارکسیزم – لینینیزم کاڵبووەوە و زۆرتر بایەخ بە کاری چەکداریی و چالاکیی پێشمەرگانە دەدرا، لەگەڵ ئەوەشدا ورتەورتێک لەناو کۆمەڵەدا لەسەر کۆمەڵێک کێشەی ڕێکخراوەیی و دەسەڵاتداریی هەبوو، کە لایەنی بەرانبەریان بە داشعێراق ناویاندەبردن، ناکۆکییەکان پەرەیسەند تا لەناو کۆمەڵەدا ڕەوتێک بەناوی ئاڵای شۆڕشەوە سەریهەڵدا، پێیاندەوتن پێڕەوانی بیری شەهید ئارام، هەندێک دەیانوت شەهید ئارام بیری عێراقچی هەبووە ئەمەش دووڕە لەڕاستییەوە، هیچ نووسینێکی بۆنی عێراقیتیی لێنایە تەنیا ئەو باوەڕی بە ڕزگاریی گەلان هەبوو.

دەستەگەریی

یەکێک لە خاڵە پرشنگدارەکانی کۆمەڵگای دیموکراتی بوونی فرە بۆچوون و دیدی جیاوازە کە هەر چین وتوێژێک بۆ خۆی دەتوانێ بە پێوەری ئازادیی لە ڕێگەی حیزب یان ڕێکخراو یان دەزگایەکیترەوە مامەڵە و هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئێمە بە پێوەری شارستانییەت دواکەوتووین، کەم شت داهێنراوی ئێمەیە، ئەوەش وەریدەگرین بە سەقەتی و زۆرجار بێلێکدانەوە بەکاریدەهێنین، ئەمە حیزب و حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیاش دەگرێتەوە، کە لای ئێمە کلتورێکی زۆر کۆنی نییە و لە ئەنجامی سیاسەتی شۆفێنییانەی داگیرکەرانی کوردستانەوە تێکەڵ بەو جیهانە بووین و کەمتر توانیومانە لەو بوارەدا داهێنانبکەین.

کاری حیزبایەتیش پێوەندیی بە ئاستی هوشیارییەوە هەیە، گەر ژیرانە لەگەڵ دیاردە جیاوازەکانی حیزبایەتیدا مامەڵەمانبکرێ ڕێبازی فیکری – سیاسی گەشەدەکات، بەپێچەوانەوە گەر خراپ هەڵسوکەوتکرا حیزب بەرەو پووکانەوە دەچێ، یەکێک لەو دیاردانەی لای ئێمە ناهوشیارانە و ناشارستانییانە کاری لەسەرکراوە و دەکرێ دەستەگەرییە، کە یەکگرتنی کۆمەڵێک ئەندام یان کادیری حیزبی بۆ پشتیوانیکردنی سەرکردەیەک کە ڕایەکی جیاوازی هەیە.

لەباریکدا دەستەگەریی بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و هەڵلا فیکریی و سیاسییەکان بەرپادەبێ، بەڵام لای ئێمە چونکە کێشەی لەو بابەتەمان نییە دەستەگەریی زۆرتر پێوەندیی بە دەستەبەرکردنی پلەوپایە و دەسەڵات و بگرەوبەردەی توانای کەسەکانەوە هەیە، چون هەموو شتەکان بۆ خۆیان قورخدەکەن، شەڕ لەسەر ڕەواییپێدان و مانەوەی دەکەن، دیارە ئەمەش بە ڕێگا پێچاوپێچەکانی گەندەڵیدا تێدەپەڕێ کە هەرچی سیمای جوانیی نیشتمانپەروەریی و دڵسۆزیی هەیە نامێنێ.

گەرچی دیاردەی دەستەگەریی لەناو حیزبدا هەمیشە هەبووە و هیچ

حیزبێک نییە بـا زۆر بچووکیش بێت دەستەگەریی تێنەکەوتبی..

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە بـە هـەردوو باڵـە سـەرەکییەکەیەوە تووشـی چەندیـن شـۆک بـووە و زیانـی ترسـناکی پێگەییشـتووە، ئەگەرچـی بوونـی دیـد و بۆچوونـی جیـاواز و دەربڕینـی هەمەجـۆر بـۆ ڕێکخسـتنێکی وەکـو یەکێتیـی بەڵگـەی زیندوویەتـی بـووە، ناکۆکییـەکان کەمتر خۆیـان لـە قـەرەی فیکر داوە، بەڵکو ململانێیـەکان لەسـەر پلـە و پۆسـت و مەبەسـتیی کەسـیی بـووە، لەژێـر پـەردەی فیکـردا بەڕێوەبـراوە، کـە لێـرە شـتێک نییـە نـاوی فیکـر بێـت، کـورد خـۆی فیکـری نییـە، کـە خەباتیشـی کـردووە ئـەوە مەسـەلەیەکی سیاسـی بـووە، لایەنـە فیکرییەکـەی لـە دەرەوەی خـۆی وەرگرتـووە.

دەسـتەگەریی وایکـردووە لەجیاتـی ئـەوەی گفتوگـۆ بـۆ گەشـەکردنی ڕێکخسـتن بکـرێ، یەکێتیـی ریـزەکان بپارێـزرێ، کادیـرەکان لەسـەرەوە و لەخـوارەوە دابەشدەبوونەسـەر خانـەی جیاجیـا و ئەندامـە داماوەکانیـش بەهەمانشـێوە هەریەکـە لـە دۆڵێـک.

زۆرجار دەستەگەریی بەناوی چاکسازی و چارەسـەرکردنی ئاریشـەکانی نـاو حیزبـەوە دەکـرا، بـەڵام لەپشـتەوە مەبەسـتێکی شـاراوە هەیـە، ئەگینـا چارەسـەرکردنی کێشـەکان کۆکردنـەوەی خەڵکیـی نـاوێ، بەڵکـو ڕاشـکاویی و نیازپاکیـی دەوێ، بـە زمانـی دیالـۆگ پەنجـە بخرێتەسـەر کەموکوڕییـەکان و دەرمانکردنـی دەردەکان نـەک خوێکردنـە برینەکانـەوە.

هەرکەسـێک خـۆی دەکاتـە ڕەمـز و خەڵـک لـە دەوری خـۆی کۆدەکاتـەوە نـەک بـۆ تاوتوێکردنـی مەسـەلە فیکریـی و سیاسـییەکان، بەڵکـو لەپێنـاوی دەسـەڵات و پلەوپایـە ملـی هاوڕێکانـی دەشـکێنێ و جۆرەهـا تۆمـەت و ناشـیرینیی دەداتـە پـاڵ هاوسـەنگەرەکانی تـا ئـەوان بکـەون و خـۆی و هاوئاوازەکانـی جێیانبگرنـەوە.

ئەنجامـی دەسـتەگەریی هەمیشـە جیابوونـەوە بـووە، چونکـە هیـچ لایـەک ئامادەیـی نەبـووە لەپێنـاوی بەرژەوەندییەکانیـدا دەسـت لـە ناکۆکییەکانـی هەڵبگرێ، بگـرە لـە هەندێ باردا وەکـو نەیـار تەماشـای یەکترییـان کـردووە.

لەناو یەکێتیدا دەستەگەری هەبووە، لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ناکۆکی و دەستەگەرییەکان بوونە مایەی لێکترازان، لەناو کۆمەڵەشدا ناکۆکییەکان کۆمەڵەی کردە دوو دەستەوە و لەئەنجامدا بووە هۆی لێکترازان.

دووبەرەکیی/ لێکترازان

دووبەرەکی/ لێکترازان/ جیابوونەوە، دیاردەیەکە لە زۆربەی حیزبەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویداوە بەتایبەتیی لە عێراقیش، تەنیا حیزبی کوردی نەگرتووەتەوە حیزبە عەرەبییەکانیشی گرتووەتەوە بەتایبەتی حیزبی شیوعی.

ئەو خەڵکانەی حیزب دروستدەکەن لەسەرەتاوە دید و بۆچوون و هەڵوێستیان یەکە دواتر بە هۆکاری پلە و پۆست و مامەڵە و ڕەفتارەوە و هەندێجاریش هەڵوێستی فیکری و سیاسیی ناکۆکیی پەیدادەبێ، کە هەندێجاریش دەستێوەردانی دەرەکی لەبنەوە ڕۆڵدەبینێ.

سروشتی ئەم خۆرهەڵاتە وایە هیچ ناکۆکییەک بە هێمنیی تێناپەڕێ، جیابوونەوەی لە پەیکەری حیزب بەدوادادێ و ئینجا شەڕ و پاکسازیی!

لەکوردستاندا ناکۆکییەکانی ناو پارتی لەکۆنەوە هەبووە، هەندێ لە شارەزایان بۆ ساڵی ١٩٦١ی دەگەڕێننەوە کە قسەوباس لەسەر عەبدولکەریم قاسم و هەڵوێستەکانی بەرانبەر کورد هەبوو، بەڵام دەستپێکردنی ناکۆکیی نێوان حکومەتی قاسم و پارتی و هەڵگیرسانی شۆڕشی شەیلولی ١٩٦١ دووبەرەکی و لێکترازانی دواخست بە جۆرێک هەتا دەهات نیشانەکان ئاماژەیان بەوەدەدا ڕۆژێک هەر دەتەقێتەوە، تا لە ساڵی ١٩٦٤ وێنەی باڵەکانی هەردوو لا بە ئاشکرا دەرکەوتن.. باڵی پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسیی یان وەکو لەناو خەڵکیدا باوە باڵی مەلایی و باڵی جەلالیی. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ دواجار لە ساڵی ١٩٦٤ لە کۆنفرانسی ماوەت جیابوونەوە بوو بە ڕەسمی.

بارزانی نوێنەری باڵی راست و مەکتەبی سیاسیی باڵی چەپ کە مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال نوێنەرایەتییان دەکرد.. بارزانی بەوە قایلنەدەبوو هیچ لایەن و کەسێک رکابەریبن، ئەمە وایکرد بارزانی بە توندیی دژی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوەستێتەوە تا دواجار بە هێز و پەلاماردان و شەڕ گەیشت.

ململانێیەکان تا دەهات پەرەیدەسەند بەتایبەتی کە بارزانی تاکلایەنە لەگەڵ عەبدولسەلام عارف لە ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١ لەسەر پێدانی مافی نەتەوەی کورد و گەڕانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکان ڕێککەوتن، ئەگەرچی لە قسەکانی حکومەتی عێراقیی لەبری وشەی کوردستان وشەی باکوور بەکارهاتبوو، باسی ئۆتۆنۆمیی نەکرابوو، ئەمە وەکو ئاگربەستێک وابوو.

باڵی مەکتەبی سیاسیی دژی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە بوون، بە خیانەتیش باسدەکرا، تەنانەت بە هەوڵێک بۆ لێدانی خۆیانیان دەزانی.. ئیتر ئەمە سەرەتای تەقینەوەی ناکۆکییەکان بوو، لەوانەشە ئەم ڕێککەوتنە کرابێتە بیانوویەک بۆ خۆ ئاشکراکردن وەکو باڵێک.

کاتێک باڵی جەلالی لە ماوەت کۆنفرانسیان بەست و بارزانییان بانگهێشتنەکرد، بارزانی بە توندی دژی باڵی جەلالی وەستایەوە و خۆی بۆ لێدانیان کۆکردەوە.. ئیتر شەڕ لەنێوانیاندا بەرپابوو، کوژراو و بریندار کەوتە نێوانەوە، لەدواییدا باڵی مەلایی سەرکەوت و باڵی جەلالی بەرەو ئێران ڕۆیشتن و لە شاری هەمەدان گیرسانەوە.

باڵی مەلاییش کۆنگرەی شەشەمی بەبێ بوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بەست، لەولاشەوە پێوەندیی نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف ساردی تێکەوت، ڕێککەوتنەکە سەرینەگرت و شەڕ دەستیپێکردەوە، دەرکەوت ئەو ڕێککەوتنە بۆ لێدانی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو.

پارتی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران گەرمکرد و گوشاری خستەسەر ئێران بۆ دەرپەڕاندنی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە هەمەدان و ئاودیوکردنیان، ئێرانیش ئەوەیکرد و باڵی مەکتەبی سیاسیی گەڕانەوە کوردستان، لە کوردستایش نەیانتوانی بمێننەوە، لەگەڵ حکومەتی عێراقیی ڕێکەوتنیان

کرد.

ئەم لێکترازانە گەورەترین گورزبوو لە جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد درا و ریزەکانی لەبەریەک هەڵوشانەوە، حیزبەکە بوو بە دوولەتەوە هەم لەڕووی ڕێکخراوەیی و هەم لەڕووی هێزی چەکدارییەوە.

لەم بارودۆخەدا حیزبی شیوعی هەرچەندە پارتی کادرەکانی حزبی شیوعی تیرۆر ئەکرد بەتایبەتی لە کارەساتی (کانی ماسی) کاژیکیش پشتیوانیی باڵی بارزانییان دەکرد لە دژی باڵی مەکتەبی سیاسیی، کە دەبوا ئەو لایەنانە هەوڵی ئاشتی و تەبایی و پێکهاتنی نێوانیان بدایە نەک ببنە لایەنگیری لایەک دژی ئەویتر.

باڵی مەکتەبی سیاسیی لەم دووبەرەکی و لێکترازانەدا هەندێ هەڵەیان هەبوو:

- پەلەیانکرد لە تەقاندنەوەی بارودۆخەکە.. بە باشیی خۆیان سازنەدابوو، ئەوان لە سەرەتای ڕێگادا بوون.

- خۆیان بە باشیی ڕێکنەخستبوو، سۆزی پێوەندیی و لایەنگیریی بەهێزبوو.

- هێشتا بە تەواویی لە دەسەڵات و پێگەی بارزانی نەگەیشتبوون، کە لایەنگرێکی زۆری لەناو هۆزەکان و لایەنەکانی وەکو حیزبی شیوعی و کاژیک هەبوو.

- لە ناوەندی دەوڵەتانی ئیقلیمیی و نێودەوڵەتیدا بارزانی ناوێکی ناسراوبوو، پێوەندیی پێوەدەکرا، ئەمان بەوشێوەیە وەکو باڵ نەناسراوبوون.

- پێگەی جەماوەریی بارزانی بەهێزتربوو، ئەگەرچی لە ناوەندی خوێندەوارانیدا باڵی مەکتەبی سیاسیی دیارتربوو.

- باڵی بارزانی لەڕووی هێزەوە زۆرتربوو جگەلەوەی ئێرانیشی لەپشتەوە بوو.

- چوونەپاڵ حکومەتی عێراقیی گەرچی ناچاریش بوو زیانی لە باڵی مەکتەبی سیاسیی دا و کارەکەیانی کۆڕپەکردنەوە.

لەماوەی دووبەرەکیدا شەڕ و ئاژاوە و کاری ناڕەوا بەرانبەر یەکتریی دەکرا، چوونەسەر مالّی یەکتریی، دزیی، تالّانکردن، کوشتن و سووکایەتیکردن.. هتد.

کە بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ راگەیەندرا زەمینە لەباربوو بۆئەوەی ئاشتیی لەنێوان هەردوو بالّدا بکرێ، بەستەڵەکی ناکۆکییەکان بتوێتەوە، بالّی مەکتەبی سیاسیی دەستپێشکەریی هەڵوەشانەوەی خۆی کرد، ئەمە هەنگاوێکی گرنگبوو سەرەڕای ئەو هەموو کوشتار و راوەدوونانەی نێوان هەردوو لا چیتر خوێنی کورد بەخۆڕایی نەڕژێ.. ئیتر هەردوو لا بەپێی بەرنامەیەک هێز و ڕێکخستن و کادیر و فەرماندەکان تێکەڵبوونەوە.

لە شۆڕشی نوێشدا ئەم دیاردەیە لەناو یەکێتیدا دووبارەبوویەوە، ناکۆکیی لەسەر دەسەڵات لەنێوان بالّی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و سەرکردایەتیی یەکێتیدا ڕوویدا و لەئەنجامدا بالّێکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرکردایەتی رەسوڵ مامەند و هەڤاڵەکانی جیابوونەوە، خۆیان وەکو حیزبێکی سەربەخۆ راگەیاند، دواتر لەگەڵ پارتی دیموکرانی کوردستان، حیزبی شیوعی، پاسۆک بەرەی جودیان پێکهێنا، چەندین ساڵ لوولەی تفەنگیان کردە یەکتری و خوێنێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕژا تا ئاشتبوونەوەی ساڵی١٩٨٦.

یەکێتیی نەک هەر ئەو دووبەرەکی و لێکترازانەی تووشبوو، بەڵکو لە بالّی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئالّای شۆڕش بە سەرکردایەتیی مەلا بەختیار داوای ئەوەیان کرد وەکو بالّێک لەناو یەکێتیدا کاربکەن، بەڵام سکرتێری کۆمەڵە بەوە قایلنەبوو، بەڵکو هێز نێردرایەسەر ئالّای شۆڕش و مەلا بەختیار و هەندێ هاوڕێیتری گیران و زیندانیکران، کۆمەڵێک لە برادەرەکانیتری تواناییان دەربازببن و بگەنە سنووری ڕاژانی ئێران نزیک بارەگاکانی پارتی، بەمەش ئالّای شۆڕش لە یەکێتیی جیابوویەوە.

ئەم جیابوونەوەیە زیانێکی گەورەی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، کە کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگە و ڕێکخستن لە یەکێتیی دوورکەوتنەوە..

لەسەر چارەنووسی مەلا بەختیار قسەوباسی زۆر لەناو کادیرانی یەکێتیدا کرا تا لەپلینۆمدا بڕیاری ئەوە درا مەلا بەختیار ئازادبکرێ و بگاتە لای هاوڕێکانی.

گەر بە وردیی تەماشای ئەو جیابوونەوانە بکرێ هەموو پەلەپەلی پێوەدیارە، هەموو بە هۆکاری قڕەوبڕەی پۆست و سەرکردایەتیکردن بووە زۆر بەدەگمەن مەسەلەی فیکر و ئایدیۆلۆژیا بەرجەستەبووە، هەموو جیابوونەوکان بە تۆندوتیژیی مامەڵەکراوە بچووکترین پرەنسیپی حیزبییانە بۆ لێکتێگەیشتن پێڕەونەکراوە، هیچ لایەک لێبوردنی نەبووە و بە گیانیی کوردایەتی کێشە و گرفتەکان چارەنەکراوە.

ئەوکاتە لەبەرانبەر یەکێتیدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو هەر لایەنێک لە یەکێتیی جیابووبێتەوە یەکسەر خۆی دەگەیاندە سنووری پارتی و لەوێ جێیکرا و هاوپەیمانییان پێکدەهێنا لە دژی یەکێتیی.

دۆڵی ئەحزاب

دوای بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران و نەمانی ڕژێمی شاهنشاهی لایەن و حیزبی زۆری ئێرانی و کوردی لەگۆڕەپانەکەدا پەیدابوون هەریەکە لە ئاوازێکی دەخوێند، هەرکە دەسەڵات لەلایەن ئاخوندەکانەوە یەکلاکرایەوە ئیتر ئەو بازارە قەرەباڵغە نەما و زۆری ئەو حیزب و لایەنانە ڕوویانکردە سنووردکان و ئاودیوی باشووری کوردستان بوون.

لەهەمانکاتدا کە زەمینە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش ڕەخسا بنکە و بارەگاکانی لە سنووری شێنێ، زەڵێ، تووژەڵە، نۆکان.. هتد، کە هەندێکیان دەکەونە سنووری ئێرانەوە، ئەم ناوچەیە لەڕووی سەربازییەوە سەختبوو بە ئاسانیی کۆنترۆڵنەدەکرا، شوێنگەلێکی لەباربوون بۆ سەقامگیربوونی پێشمەرگە و سەرکردایەتیی.

دوای ئەوە حیزبەکانیتری عێراق وەکو پاسۆک و حیزبی شیوعی و بەعسی سووریی و حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانیش لەو ناوەدا چ بە دیوی

ئێران چ بە دیوی عێراقدا شۆڕنیانگرت، لەو قەرەباڵغییەی ئەو حیزبانە ئەو دۆڵەیان ناونا دۆڵی ئەحزاب.

لەو دۆڵەدا گرموهۆڕی دەمەتەقێ و دیالۆگ بوو، هەڵڵای ئایدیۆلۆژیا و بگرەوبەردەی سیاسەت تاوتوێکردنی بارودۆخەکان بوو، هەریەکە بە ربەی خۆی دەپێوا، زۆریی موناقەشەی بیزەنتە بوو، کەس عەقڵی ئەویتری بەگەننەدەکرد، هەندێک خەونی زلزلیان دەدی، باوەشیان بەئایندەیەکدا کردبوو هەرگیز نەدەهاتەدی، بەشێک لەو رێکخراو و حیزبانە هەر ئەوەندەبوون لەبارەگاکاندا هەبوون، قوواڵایی جەماوەرییان نەبوو، زووزووش تێکدەچوون و لێکدەترازان..

نزیکبوونەوەی شەڕی ئێران – عێراق لەو سنووورانە و گواستنەوەی بارەگاکانی یەکێتیی بۆ دۆڵی جافەتی ئیتر لەوێش زۆر لە حیزبەکانی عێراقی و کوردستانی و ئێرانیی و ئەملاولا هەریەکە لەدێیەکدا بارەگایان دانابوو، کە زۆر لەو حیزبانە لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکبوون، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک رووبدات.. ئەو حیزبانە تا شاڵاوەکانی ئەنفال دوای شەڕێکی سەخت و قارەمانانە و کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیوی ئێران مابوونەوە، ئیتر ئەوانیش چارەی خۆیان کرد و هەریەکە ڕوویانکردە لایەک.

دیلکوشتن

دیل بەو کەسە چەکدارە یان مەدەنییە دەوترێ لەکاتی شەڕ و پێکداداندا لەلایەن یەکێک لە لایەنە شەڕکەرە سەربازییەکانەوە دەستگیربکرێ و بەدیلبگیرێ.

لەهەموو شەڕێکدا لەنێوان دوو دەوڵەت یان هێزدا زۆرجار جگەلە کوژراو و بریندار بە هۆکاری جیاجیا دیلیش هەیە.. لە شەڕە گەورەکانی جیهاندا بە هەزاران دیل لە بەرەکانی شەڕدا گیراون و گواستراونەتەوە بۆ پشتی بەرەکانی جەنگ تا دواتر لەگەڵ دەوڵەتی بەرانبەردا ئاڵوگۆڕی

پێبکەن.

بەپێی یاسا و ئایینەکانیش دیلکوشتن ناڕەوایە.. دەبێ نەکوژرێ، ئازارنەدرێ، بەپێی یاسا مامەڵەبکرێ، دیل کە کەوتەدەست هیچ دەسەڵاتێکی نییە، نەیتوانیوە هیچ بکات، بەرگریبکات، یان بڕوای بە شەڕەکە نەبووە خۆی بەدەستەوەداوە یان دەستگیرکراوە.

بەپێی پەیماننامەی جنیف دەبێ مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ دیلی شەڕدا بکرێ و بپارێزرێ لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و هەڕەشەکردن و تۆڵەلێکردنەوە.

زۆرجار دیلدەهێڵرێتەوە تاوەکو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ دواتر بەپێی زانیارییەکان یان دەهێڵرێتەوە یان سزادەدرێ یان ئازاددەکرێ.

بوترێت دیل ناکوژرێ راستنییە، مانەوە یان کوشتنی یان ئازادکردنی لە شوێنی شەڕدا دەکەوێتەسەر ئەو فەرماندەیە یان بەرپرسەی دیلیکردووە، ڕوویداوە هەر لە شوێنی شەڕەکەدا دیل کوژراوە، هەشبووە خراوەتە پشتی بەرەکانی شەڕەوە.. بەگشتیی دیلکوشتن دڵڕەقییە ئەو کەسانەی دیل دەکوژن لە هەشتی مرۆڤایەتیی شۆراونەتەوە!

لەوڵاتاندا سەربازگە و شوێنی تایبەت بۆ دیل دروستکراوە تا بپارێزرێن، ئازارنەدرێن، چاودێرییبکرێن، چارەسەربکرێن.

بە زۆریی دیل دوای شەڕ و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بە ناوبژیوانیی لایەنی سێیەم دەگۆڕدرێنەوە و دەگەڕێنەوە لای دەوڵەت و لایەنی خۆیان.

هەندێ وڵات دوور لە یاسا و ڕێساکان مامەڵەی توندیان لەگەڵ دیلدا کردووە، ئەشکەنجە و ئازاریان داون، لە چاوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ شاردراونەتەوە، زۆر وڵاتیش بە باشیی لەگەڵ دیلدا ڕەفتاریانکردووە.

دیل کە گەڕاوەتەوە لەلایەن وڵاتەکەیەوە پێشوازیکراوە و ڕێزیی گیراوە، وڵاتیش هەیە بە چاوی سووک ڕوانیویەتییە دیلەکەی و بە ترسنۆک لەقەڵەمیداوە.

لە شەڕی هێزی پێشمەرگە و دوژمندا دیل لە هەردوولا هەبووە، دیلی پێشمەرگە کەمتربووە، زۆرتر دوژمن دیلی دەست پێشمەرگە کەوتووە،

سەرەتا چەند ڕۆژێک دەهێڵرایەوە دواتر ئازاددەکرا، دوای ئەوەی بارەگا دانرا و زیندان دروستکرا دیلەکران دەهێڵرانەوە بەتایبەتی پلەدارەکان بۆ ئاڵۆگۆڕکردن یان هەر مەبەستێکیتر.

پێش ئازادکردنی دیل قسەی لەبارەی شۆڕش و پێشمەرگە و مەسەلەی کورد و خەبات بۆ ڕزگاریی بۆ دەکرا، کە کورد دۆزێکی ڕەوای هەیە، شۆڕش بۆ یاخیبوون نییە، پێشمەرگە هێزی نایاسایی نییە، کورد نیشتمانەکەی داگیرکراوە، تێکۆشەرەکانی دەخرێنە زیندانەوە و لەسێدارەدەدرێن.. ئەمە بۆئەوە بوو وێنایەکی جوانتر بە دیل بدرێ لەبارەی کوردەوە، کە لەلایەن ڕژێمەوە بە هەڵە تێگەیەنراوە.

دیل دوای گەڕانەوەی ئەوەی دیبووی بۆ کەسوکار و دۆستەکانی دەگێڕایەوە، جۆری دیلکردن و گرتنی و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و زیندانیکردنی و دابینکردنی خواردن و خۆراک و خەو.. هتد، مامەڵەی جوانی پێشمەرگە کاردانەوەی لای کەسوکارەکەی بەجێدەهێشت.

هەموو حیزبەکان لەپێڕەوەکانیاندا دژی دیلکوشتنن، کەچی لەشەڕیشدا دیلیان کوشتووە تەنانەت لە شەڕی ناوخۆشدا دیل کوژراوە، زۆرجار ئەم ڕەفتارە لەئاستی سەرکردە، کادیر، فەرماندە، پێشمەرگەشەوە ڕەتکراوەتەوە و ئامادەنەبوون دیل بکوژن!

ڕاستە هەندێجار هەڵسوکەوتی هەندێ پێشمەرگە بەرانبەر دیل توندبوو، ئەوە کاری کەسیی بوو، بڕیاری سەرەوە و گشتیی نەبوو، بەپێچەوانەوە هەمیشە لەکۆبوونەوەکاندا ڕێنوێنیی دەکران بە بەزەییانە بن، ئازارییان نەدەن، ئەوانە خاوەنی بڕیاری شەڕ نین، بڕیاریان بەسەردا دەسەپێنرێ و جێبەجێکەری فەرمانی سەربازین.

پێشمەرگە هەمیشە بەرانبەر بە سەرباز نەرمبوون، بەڵام بەرانبەر پیاوانی دەزگا ئەمنییەکان جۆرە تۆندڕەوییەکیان هەبوو، ئەویش وەکو کاردانەوەیەک کە ئەو پیاوانەی دەزگا ئەمنییەکان بە بەرنامە ئازاری خەڵکیی و کەسوکاری پێشمەرگە و زیندانیان و گیراوانیی کوردیان دەدا.

دیلگۆڕینەوە

ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە شەڕەوە و سەرباز و پلەدارەکانیان لەلایەنی بەرانبەرەوە بەدیلدەگیرێن لە کاتی شەڕ یان لە دوای وەستانی شەڕ بەپێی ئەو بڕیارانەی لە سەری ڕێکدەکەون ئازاددەکرێن.

دیلگۆڕینەوە زۆرجار بە ناوبژیوانیی لایەنی سێیەم کە دەوڵەتێکی دۆستی هەردوو لای شەڕکەرە یان بەهۆی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە دەکرێ.. هەر لایەنێکی شەڕکەر چەند دیل ئازادبکات لایەنی بەرانبەریش ئەوەندە دیل ئازاددەکات بە پلەدار و بێپلەوە.

دیلگۆڕینەوە لەهەموو دنیادا هەبووە و هەیە، بەتایبەتی لەدوای تەواوبوونی شەڕ هەردوو لای شەڕکەر بەپێی پەیماننامە جیهانییەکان هەوڵی ئازادکردنی دیلەکانیان داوە، کە جاری وابووە دیل لە سەرەتای شەڕەوە دیلکراوە و لەزیندانداماوەتەوە تا شەڕ تەواوبووە ئینجا ئازاددکراوە.

دیلی وا هەبووە کەسوکارەکەی تەنانەت لایەنەکەی خۆیشی نەیزانیوە ماوە یان کوژراوە، لەوانەیە بە هەندێکیان زانیبێ ئەوە بە دیل تۆمارکراوە، ئەگەر نەزانرابێ کوژراوە یان دیلە بە ونبوو یان دیارنەماو لەقەڵەمدراوە تا کاتی دیلگۆڕینەوە زانراوە ئەو سەربازە یان پلەدارە چی بەسەرهاتووە.

دیلگۆڕینەوە کارێکی مرۆڤانەیە، کە ئەو دیلە هەمیشە بە تەمای دیتنی کەسوکارەکەی یان ژن و منداڵەکانیەتی، هەموو ساتێ لە داڵغەی ئەوانداید، خەویان پێوەدەبینێ، هەروەکو کەسوکار و ژن و منداڵیش چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسە دیلەکەن.

هەزاران کەس لە شەڕە گەورەکاندا بوونەتە خۆراکی ونبوون و دیارنەمان هەیە تەنیا ئێسقانەکانی دۆزراوەتەوە بەو نیشانەی لە ملیایەتی ئەگینا هەشبووە نەماوە و نیشانەکەشی پێوەنەبووە.

لە شەڕی دەوڵەتی عێراق و کوردا لەهەردوو لا دیلی شەڕ هەبووە،

جاری وابووە شۆڕش بەبێ بەرانبەر دیلەکانی بەرەڵاکردووە، ئەمەش کاریگەرێتیی خۆی هەبووە لای کەسوکارەکانیان، کە شۆڕش بەزەیی هەیە و دیلناکوژێ.

ڕژێم مەبەستیی بووە دیلی بۆ بەربدرێ، لە رێگەی کەسایەتییەکی ناوچەکەوە ئەو کارە کراوە، هاتوچۆی زۆر کراوە تا گەیشتوونەتە خاڵی رێککەوتن و دیلەکان ئازادکراون.

جاری وا هەبوو ئەفسەرێکی پلەدار یان حیزبییەکی دیار یان کەسێکی ئەمنیی بەرانبەر چەند کەسێک لە پێشمەرگە یان ڕێکخستن ئازادکراون.

ئازادکردنی دیل بەڵگەی ئەوەیە شۆڕش ڕێزی لە دیل گرتووە و نەیکوشتووە لە هەندێ باری تایبەتدا نەبێ، لەوانەیە دیلەکە وەکو سەربازێکی فەرمانڕەوا لەشەڕدا بەشداریکردبێ لەلایەن سەرکردایەتی دەسەڵاتەوە ئەو بڕیارە دراوە، ئازادکردنی ئەو دیلە دەبێتە خاڵێکی پرشنگدار لای کەسوکارەکەی کە تێڕوانینێکی نوێیان لا دروستببێ بەرانبەر بە کورد.

دیوارنووسین

لەو دەمەیدا ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس فەرمانڕەوا بوو هەموو دەر و دەروازەیەکی بە ڕووی ئازادیدا هەڵچنیبوو، خەڵکە ئازا و چاوقایمەکەی سەربە ڕێکخستنە نهێنییەکانی لایەنە یاساغەکان بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و دروستکردنی دڵەڕاوکە لای ڕژێم دیواری ترس و تۆقاندنیان دەشکاند و لە تاریکایی شەودا بڵاوکراوەیان بەدیوارەکاندا هەڵدەواسیی یان دیوارەکانیان بە بۆیاغ یان بە پەمپ دەنووسی.

نووسینیی سەر دیوارەکان بە زۆریی دروشمی سیاسیی یان هەڕەشە لە پیاوانی ڕژێم و خۆفرۆشان بوو، هەرکە شەو دیوارێک دەنووسرا بەیانی زوو دەزگا ئەمنییەکان بەپەلە دەگەیشتنە شوێنەکە و ڕەشیاندەکردەوە تا

خەڵک لە ناوەڕۆکەکەی ئاگادارنەبێ.

دیوارنووسین کارێکی مەترسیداربوو، تەنیا کوڕە نەترس و بەجەرگەکان دەیانکرد بەمەش

دوژمنیان رادەچڵەکاند و هەراسانەکرد و هێزە ئەمنییەکانی شپرزەدەبوون و پەلاماری خەڵکییان دەدا بەتایبەتی ئەوانەی گومانیان لەسەربوو پێوەندییان بە لایەنێکی قەدەغەکراوەوە هەبووبێ، کە زۆرجار بکەری سەرەکیی نەدەگیرا و بێتاوانان گرفتاردەبوون و دەکەوتنەناو تۆڕی مەرگی بەعسەوە.

هەندێجاریش ڕوویداوە کەسێکی ڕێکخستن لە کاتی دیوارنووسیندا لەلایەن جەندرمەکانی ئەمنەوە دەستگیردەکرا، وەکو ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٠/٩/١٥ کۆمەڵێک لاوی ڕێکخستنەکانس ناوشاری سلێمانیی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیاندا پیاوەکانی ڕژێم دایان بەسەریاندا و دەستگیرکران.

دیوارنووسین چەندە بۆ شڵەژاندنی ڕژێم و دەزگا ئەمنییەکانی بوو ئەوەندەش بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکیی و گەیاندنی پەیامی شۆڕش و پێشمەرگە وەکو ئاگادارییەک کە لەناوشاریشدا هێڵی ڕێکخستن و خەڵکی شۆڕشگێڕ هەن.. ئەمەش کاریگەرێتیی خۆی هەبوو، لەلایەک خەڵکانی ڕێکخستن دڵقایمتر و سوورتر دەبوون لەسەر خەبات و کاری نهێنیی خۆیان و لەلایەکیتریشەوە دوژمن هەمیشە دەترسا و هەوڵیدەدا دامودەزگاکانی توندتر بپارێزێ لە ترسی جموجووڵی ڕێکخستنەکان و هاوکاریکردنی پێشمەرگە بۆ دابەزینە ناوشار و لێدانی بنکە و مۆڵگە ئەمنییەکان و جاشە خۆفرۆشەکان.

دزیکردن

دزیکردن کردەیەکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتییە کە کەسێکی بێئاکار دەیکات بۆ بردن و زەوتکردنی کەرەسە و کەلوپەلی کەسێکیتر کە خۆی نییەتی .. دزیکردن لەڕووی ئایینیشەوە کارێکی دزێوە، ئەگەرچی لەکوردەواریدا لەهەندی تیرە و خێڵدا هەر پیاوێک دزینەکردایە ژنی نەدەدرایە، بەڵکو هەندێکەس لە دیوەخان و دەمەتەقێدا باسی ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان لەشەودزیدا دەگێڕایەوە.

دزیکردن نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە، هۆکاری جیاجیای هەیە، هەژاری و چەوسانەوەی دەسەڵات و چەوسانەوەی چینایەتیی، بەشێک لەو دزیکردنانە بەهۆی نەداری و نەبوونی، بەشێکی بۆ ئەتکردن و تۆڵەسەندنەوە، جاریش بووە بۆ خۆهەڵکێشان بووە، زۆربەی کات دز هەژار و کەمدەرامەت بووە، هەشبووە دز دەوڵەمەندبووە وەکو ئارەزوو و خوویەک دەستیداوەتە ئەو کارە قێزەوەنە.

سەرەڕای ئەوەی کە دز کەسێکی شارەزا و وردەکار و فێڵباز بووە کارەکەی بەباشیی کردووە، جاریش هەبووە دز سەرکەوتوونەبووە و لەقافدا گیراوە و سەگ بەحەساریان پێکردووە، کار گەیشتووەتە ئەوەی یان کوژراوە یان کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە.

دزیی لادێ لە هی شار جیاوازە، دزیی لەشاردا چوارچێوەیەکیتری هەبووە کە زۆرجار خەڵکانێک بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانیان باندیان دروستکردووە و دزیی لە کاری تاکەکەسیی تێپەڕاندووە و بووەتە کاری بەکۆمەڵ، ئەو کەسانە لەو رێگەیەوە خۆیان دەوڵەمەندکردووە یان چێژیان لەو جۆرە کارە وەرگرتووە.

بەگشتیی دز و دزیکردن هیچ ئایینزەیەکی مسۆگەری نەبووە، بەڵکو هەمیشە مایەپووچیی لەدوابووە، جگەلە ریسوایی کۆمەڵایەتی، لە داوی یاساش دەبازنەبووە، بۆ رێگریکردن لە دزیی دەسەڵات رێگەی تایبەتیی

دەگرێتەبەر بۆ گرتن و سزادان.

دزیکردن هەر لەناو خەڵکی ئاساییدا نەکراوە، بەڵکو لەناوشۆڕشیشدا جاروبار پێشمەرگەیەک هەڵەیکردووە و دەستی بۆ بردنی شتێک بردووە با بچووکیش بووبێت، کە پێیزانراوە سزادراوە و زۆرجار لە ریزەکانی پێشمەرگایەتی دەرکراوە، هەرچەندە ئەمە رێکارێکی توندبووە، بەڵام وەکو سزا بۆ تەشەنەنەکردنی ئەو کارە دزێوە پێویستبووە.

لەدزیکردندا چەند لایەنێک هەیە: کەسی دز، بابەتی دزراو، کەسی لێدزراو، دایکە دزانە.. ئەوەی باوە دزیی لەشەودا دەکرێ بەتایبەتی لەلادێدا، لەشاریشدا دزی لەشەودا کراوە و جاریش بووە بە ڕۆژ کراوە..

لەشۆڕشدا دەزگای کۆمەڵایەتی دامەزرابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکیی کە یەکێکیان مەسەلەی دزی بوو، کە کێشەکان ئاڵۆزدەبوو ڕووبەڕووی دادگای شۆڕش دەکرایەوە کە بڕیاری یاسایی لەسەردەدرا.

سزادان و رێکارەکان تەنیا هاوواڵاتیی لادێیەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو هاوواڵاتییانی شاریشی دەگرتەوە کە نامەی دەکرایەسەر بۆ ئامادەبوون بۆ لێکۆڵینەوە، هەروەها سزادانەکان پێشمەرگەشی دەگرتەوە.

دیکتاتۆرییەت

دیکتاتۆرییەت شێوەیەکە لە شێوەکانی حوکمڕانیی، مەبەست لێی دەسەڵات بەدەست تاکەکەسێکە یان دەستەیەکی نزیک لەوبێت حوکمی وڵات دەکەن و یاسا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەسەپێنن، خەڵکیی بۆ ویست و بڕیارەکانیان ملکەچدەکەن.

دێکتاتۆر کە دێتەسەر تەختی حوکم خۆی بە شەق و زۆر دەسەپێنێ، خۆی لە سەروو یاسا و دەستوورەوە دادەنێ، نابێ کەس قسە لەبڕیارەکانیدا بکات، پیاوانی دەسەڵات هەموو کۆیلە و ملکەچ، خەڵکیی هیچ ڕۆڵێکیان نییە.

هـەر لەکۆنـەوە ئـەم سیسـتەمی دیکتاتۆرییـە هەبـووە، زۆریـان مالّوێرانـی و کاولکارییانکـردووە و ئاسـوودەییان لـە ژیانـی میللەتەکانیانـدا نەهێشـتووە جگەلـە شـەڕ و ئـاژاوە چ لـە ناوخـۆی ولّاتـدا کـە ئازادیـی قورخکـردووە چ لەگـەڵ دەرەوەدا کێشـەیان ناوەتـەوە.

دیکتاتۆریـی ڕۆژهەلّاتیـی لەگـەڵ دیکتاتۆریـی ڕۆژاوایـی جـۆرە جیاوازییەکیـان هەیـە، کـە دیکتاتـۆرە ڕۆژهەلّاتییـەکان ناوخۆیـان وێرانکـردووە و هیـچ خۆشـییەکیان بـۆ خەلّکـی نەهێشـتووەتەوە، ئـەوەی ڕۆژاوایـەکان ئەگـەر لەناوخـۆدا قورسـاییەکیان دروسـتکردبێ زۆرتـر بـۆ دەرەوە پەلیانهاوێشـتووە.. بـە زۆریـی دیکتاتۆرەکانـی ڕۆژهـەلّات لـە رێگـەی کودەتـاوە دێـن نـەک بـە شـەرعییەتی میللیـی.

لەڕۆژهەلّاتـدا چەندیـن دیکتاتـۆر هەلّکەوتـن و دواتـر بـە ریسـوایی ڕۆیشـتن، ئـەو هەمـوو زەبروزەنگەیـان نوانـد دوایـی بـە فیکـەی خەلّکیـی کـە دەسـتی دەرەکیشـی لەپشـتەوە بـوو رایانکـرد.. شـای ئێـران خـۆی و ئێرانـی بـە یەکێـک لـە زلهێـزەکان دادەنـا کەچـی وەکـو شـێرەبەفرینە توایـەوە و سـوپاکەی بەرگرییاننەکـرد، لەعێراقـدا سـەدام خـۆی بـە گـەورەی عـەرەب و ئیسـلام دادەنـا، هەمـوو شـتێک لەعێراقدا بـووە سـەدام، کـەس نەبـوو جگەلـەو، تەنانـەت عەرەبەکانیـش زۆریـان لێیدەترسـان، تەنیـا کـورد بەرەنگاریبوونـەوە و شـەڕیانکرد.. ئەمـەش ئەوپەڕیـی زیندوویەتـی کـورد دەسـەلمێنێ کـە لـە دیکتاتـۆرە داگیرکـەرەکان ناترسـن و بـە هـەر جۆرێـک بەرگریدەکـەن.

بۆیـە ڕۆژانـە زاراوەی دیکتاتـۆر بەسـەر زمانـی خەلّکیـی و سیاسـەتمەدار و داموەدزگاکانـی راگەیاندنـی شۆڕشـەوە بـوو بـۆ ریسـواکردنی سـەدام و دەسـتودایەرەکەی و حیزبـی بەعـس.

تەنانـەت لەلایـەن هەندێـک کەسـەوە دیکتاتـۆر بەرانبـەر بـە سـەرکردەی یەکەمـی حیـزب و لایەنەکانـی نـاو شۆڕشـیش بەکاردەهـات، تـا رادەیەکیـش لـە مامەلّـە و هەلّسـوکەوت و ڕەفتـاری ئـەو سـەرکردانەدا دەردەکـەوت، کـە گوێیـان لـە کـەس نەدەگـرت، بڕیـاری تاکلایەنـە ئەگـەر هەلّـەش بوایـە دەسـەپێنرا، بەهـۆی ئـەوەوە ناکۆکـی و تەقینـەوە و زوێربـوون ڕوویـدەدا تـا

دەگەیشتە رادەی لێکترازان و جیابوونەوە.

دیکتاتۆرییەت دەردێکی گەورەیە قورگی دەسەڵاتی گرتووە و بەرینادات، تەنانەت ئەو حیزبانەش بەناوی دیموکراسییەوە خۆیان هەڵدەکێشن، سروشتی حیزب و سەرکردەی ڕۆژهەڵاتیی وایە، چونکە لە ژینگەیەکی ساقی پەروەردەییەوە نەهاتوون، هەرکە بوونە خاوەن دەست و دەسەڵات لە پێستەکەی خۆی دەردەچێ لەهەر پێگەیەکی کۆنەڵایەتییەوە هاتبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا دیکتاتۆرییەت چەندە تەمەنی درێژبێت بەر نەشتەری تیژی رقی خەڵکیی دەکەوێ و چەندە بەهێزبێت لە بەرزیی تەختەکەیەوە گلۆردەکرێتەوە بەرەو تووڕەیی بابا، جاری واهەیە مەنجەڵی ئەو رق و تووڕەییە درەنگ هەڵدەچێ.

ئەگەر لەناو کورددا باسی دیکتاتۆر بکرێ ئەوا بەراورد بە دیکتاتۆرەکانی عەرەب و تورک و فارس ئەمان لە جۆرە بچووکەکانن.

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا

زاراوەیەکی بواری ئەدەبیاتی مارکسییە پێوەندیی بە دەسەڵاتی چینی کرێکارەوە هەیە، دیکتاتۆرییەتیی پرۆلیتاریا قۆناغی کۆتایی شۆڕشی سۆسیالیستییە کاتێ ڕژێمی سەرمایەداریی لەناودەچێ و چینی کرێکاران سەردەکەوێ.

کە باسی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەکرێ وادەزانرێ مارکسییەت دیموکراتییەتی تیانییە، مارکسییەت بڕوایەکی تەواوی هەمەگیری بە دیموکراتییەت هەیە، دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بە ڕاگوزەر دەزانێ کاتێ لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستیی دەگوازێتەوە و چینەکان نامێنێ دیکتاتۆرییەت دەسڕێتەوە.

وەکو دەوترێ دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دیکتاتۆرییەتە بۆ سەرمایەداران و بورژواکان و دیموکراسییەتیشە بۆ چینی کرێکاران، ئامانجی مارکسییەت نەهێشتنی دەوڵەت یان هەر جۆرە توندوتیژییەکە بەرانبەر خەڵکیی..

مارکسییەت باوەڕی وایە گواستنەوە لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیستیی لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەکرێ، کە سیستمی کۆن هەڵتەکێنێ و سیستمێکی نوێ بنیاتبنێ، هەرچەندە ئەمەش کارێکی دژوارە و سیستمی سەرمایەداریی بێدەنگنابێ وەکو ئەوەی بینرا دوای (٧٥) ساڵ دەوڵەتانی کەمپی بەناو سۆسیالیستیی لە سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەرەسیانهێنا.

ئیتر مەسەلەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا تەنیا وەکو لایەنە تیۆرییەکەی مایەوە و لەپراتیکدا نەما.. هەرچەندە کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسی لینینی ماوی بوو، دواتر بووە مارکسیزم لینینیزم و باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم هەبوو، کە چینی کرێکارانی کوردستان دەسەڵات بگرنەدەست و ڕژێمی سەرمایەداریی سەرنگومبکرێ و مرۆڤایەتی بچێتە قۆناغێکی نوێی دوور لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتیی و لەدواییشدا دەوڵەت وەکو ئامرازێکی سەرکوتکەر نەمێنێ، بەڵام چونکە چینی کرێکار بە واتا ڕاستینەکەی نەخەملێبوو، لەکوردستاندا مەسەلەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا هەر لەناو دێرەکانی کتێبدا هەبوو، نە پرۆلیتاریا هەبوو، نە دەسەڵاتیان گرتەدەست!

کۆمەڵە بۆ ئەو سەردەمە وەکو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ پێویستبوو، کە دەسەڵاتی بورژوازیی لەهەموو بوارەکانی سیاسیی و خەباتدا، شکستیهێنا، دەبوا ئومێدێک بە تێکۆشەران ببەخشرێ و ڕێکخراوێک بتوانێ جڵەوی سەرکردایەتیکردنی تێکۆشان بەپێی تیۆرییەک بگرێتەدەست کورد لەو دۆخە شکستخواردووە دەربازبکرێ، کە جیهانی سۆسیالیستیی قورسایی خۆی هەبوو لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و بگرەوبەردانەی ناوخۆ و دەرەوەی ڕووبەڕووی دەبووەوە، ئەگەرچی بەرژەوەندییە سیاسییەکان ڕێگربوو لەوەی بە باشیی دەستباری کورد بدەن.

راجیمە

ڕژێمی بەعس هەموو جۆرە چەکێکی قورسی لە وڵاتە زلهێزە چەکفرۆشەکان دەکڕی بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ئێران عێراق، زۆر لە وڵاتانی دنیاش لەبەر بەرژەوەندییەکانیان پشتیوانییان لە عێراق دەکرد بەرانبەر بە ئێران و ئەوەی پێویستبوایە لە جۆرەکانی چەک و تەقەمەنی پێیاندەفرۆشت.

ئەو چەکە قورسانەی دەیکڕی هەر لە شەڕی ئێران – عێراقدا بەکارینەدەهێنا، لە شەڕی کورد و هێزی پێشمەرگەشدا بە چڕیی بەکاریدەهێنا بۆ زۆرترین زیانگەیاندن و تۆقاندنی خەڵکیی.

یەکێک لەو چەکانە کە کاریگەرێتیی بۆ سەر گردبوونەوەی پێشمەرگە و دێهاتەکانیش هەبوو، بکەوتایەتە ناو هەر قەرەبالغییەکەوە زیانیدەدا چەکی راجیمە یان کاتیۆشایە، کە لە چەکە دوورهاوێژەکانە، جۆری گەورە و بچووکیشی هەیە، دوانزدە و چلیشی هەیە.

زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان چەکی راجیمە بەرهەمدەهێنن وەکو: ئەمەریکا، روسیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، چین، نەمسا، تورکیا، میسر.. هتد.

راجیمە لەدوای تۆپی رۆکێتیی داهێنرا، لەبەرئەوەی چەکێکی گەورەیە بەسەر پشتی بارهەڵگر یان لەزەویدا دادەنرێ بۆ تەقاندن، بەر هەر شوێنێک بکەوێ بڕێکی زۆری تەقینەوە لەو نیشانەی دیارکراوە دەدا.. نابێت راجیمە لە شوێنێکی دیارێکراوبێ، دەبێ هەرکە تۆپبارانەکەی کرد یەکسەر جێگۆڕکی بکات تا دوژمن شوێنەکەی نەدۆزێتەوە و بەئامانجی بگرێ.

بەپێی هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان هەموو چەکێکی کوشندە و مرۆڤکوژ قەدەغەیە وەکو چەکی: کیمیاوی، ڤایرۆسی، ناپاڵم.. هتد، لەناو ئەوانەشدا چەکی راجیمە، کەچی دەوڵەتەکان ئەو چەکە قەدەغەکراوانە هەر بەکاردەهێنن.

ئەم چەکە هەر لە شەڕی پێشمەگەدا بەکارنەهاتووە، لە شەڕی لێدانی خەڵکی دێهاتەکانیشدا بەکارهێنراوە وەکو دێهاتەکانی دۆڵی قەرەداغ، دۆڵی بالیسان، دۆڵی جافەایەتی، دۆڵی سماقولی یان هەر شوێنێ کە شەڕی تیابووبێ.. شوێنێک لەکوردستاندا نییە بەتایبەتی دێهاتەکان گوللە راجیمەی بەرنەکەوتبێ و زیانی نەگەیاندبێ بە خەڵکیی و ئاوەدانی و باخ و ئاژەڵ، بەهۆی ئەمەوە بە هەزاران کەس شەهید و بریندار و کەمئەندامبوون.

راجیمە تاقمی تایبەتی بۆ بەکارهێنان و چاککردن و پاککردنەوە و تەقاندن و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر هەیە.

لەگەڵ ئەوەی راجیمە/ کاتیۆشا کاریگەرێتیی زۆری هەبوو، هێزی پێشمەرگە گوێیانەدەدایە و لەگەڵ هاتنیدا خۆیان پەنادەدا لە سەنگەرەکانیاندا تا پرژەی پارچەکانی لێیانەدا و بریندار نەبن.

رابەر سیاسیی

رابەری سیاسیی کادیرێکی پێشمەرگایەتیی بوو، بەرپرسبوو لە رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی پێشەرگەکانی ئەو یەکەیەی تیابوو کەرت یان تیپ یان بەتالیۆن بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیی و دیسپلینی حیزبیی و عەسکەریی و رەفتار و هەڵسوکەوتی ریکوپێکی خاوەن پرەنسیپ پەروەردەببن.

رابەر سیاسیی هەم پێشمەرگە و هەم کادیر بوو، جگەلەوەی ئەرکەکەی تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی پێشمەرگەکان بوو، خۆیشی وەکو شەڕکەرێک لە شەڕ و چالاکییەکاندا ئامادەیی و ڕۆڵی هەبوو.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بایەخی باشی بە رابەر سیاسیی دەدا، لەهەر یەکەیەکی پێشمەرگایەتیدا هەرێم، کەرت، تیپ، بەتالیۆن کادیرێکی بەتوانا وەکو رابەر سیاسیی دادەنرا.

بوونی رابەر سیاسیی پێویستبوو بۆ پەروەردەکردن و تێگەیاندن

و ئاراستەکردنی پێشمەرگەکان بە بیری شۆڕشگێڕانە و ئامانجەکانی شۆڕش و خەبات بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژی کورد و دەربازبوون لە داگیرکردن و زەبروزەنگی دوژمن، پێشمەرگە وەکو هێزێکی چەکداری سیاسیی پەروەردەبکرێ، وەکو تێکۆشەرێک بۆ نیشتمان و ڕزگاریی خەڵک خەباتبکات نەک وەکو چەتەیەک.

هەر لەکۆنەوە لە زۆربەی سوپاکانی وڵاتاندا رابەری سیاسیی هەبووە، هیچ هێزێکی شۆڕشگێڕ یان سەربازیی بێ بوونی رابەر سیاسیی نەبووە، تەنانەت لەناو سوپای زلهێزەکانی وەکو ئەمەریکا، چین، دەوڵەتانی سۆسیالیستیی.

رابەر سیاسیی کەسێکی کارامە و بەتوانا لەڕووی بیر و تێگەیشتن لە بواری سیاسیی و کاری ڕێکخستن و کەسێتییەکی کاریگەری هەبێ بۆ کارکردنەسەر دڵ و دەروونی پێشمەرگەکان، بەهرەی کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی هەبێ، وەڵامی پرسیاری پێشمەرگەکانی بدایەتەوە، جگەلەوە لەناوهاوڕێکانیدا پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بوایە.

یەکێک لە ئەرکەکانی رابەر سیاسیی دروستکردنی رایەڵەی پێوەندیی لەگەڵ خەڵکیدا بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر جموجوولەکانی هێزەکانی ڕژێم و پیاوەکانی لە ئەمن و ئیستیخبارات و سیخوڕ و جاشەکان تا لەنزیکەوە ئاگاداری پلانە ڕەشەکانی ڕژێم بین، لەهەمانکاتدا ناسینی ناوەڕۆکی ڕژێم و بەرنامە چەپەڵەکانی بۆ کوردکوشتن و وێرانکاریی کوردستان.

رابەر سیاسیی هەمیشە لەناو هێزەکەیدا بوو، کۆبووەنەوەی لەسەر بابەتە گرنگە شۆڕشگێڕییەکان پێدەکردن و بە گیانی خەباتگێڕیی و خۆشەویستیی نیشتمان و بەگژاچوونەوەی دوژمنی داگیرکەر ئاراستە یدەکردن.

رابەر سیاسیی لەناو پێشمەرگەکاندا ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەبوو، زۆرجار وەکو کەسی دوومی ناو یەکە پێشمەرگەییەکان حیسابی بۆکراوە و گوێلێگیراوە..

لەشەڕەکاندا چەندین رابەر سیاسیی کارامە وەکو نموونەی پێشمەرگە و کادیری خۆبەختکەر شەهیدکراون.

ناوی هەموو تێکۆشەر و پێشمەرگە و کادیر و فەرماندە و رابەر سیاسییەکان هەریەکە بەجیا لە تۆماری تایبەتیدا ناوەکانیان بنووسرایە بۆ مێژوو بمایەتەوە، هەتا ئێستا شتێکی گشتیی لەوبارەیەوە نەکراوە پچڕپچڕ شت کراوە، لە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی ناوی بڕێک هاتووە و ئەواندی کە زۆرن فەرامۆشکراون.

ڕاپۆرتی شوبات

زۆربەی کادیرانی کۆمەڵە و یەکێتیی نە ڕاپۆرتی شوباتیان بینیوە نە خوێندوویانەتەوە! ئەوەندە دەزانرێ بەناوەکەیدا لە مانگی شوبات وەکو دەوترێ لە ١٩٧٦/٢/١٥ نووسراوە.

ئەم ڕاپۆرتە دوای دەستگیرکردنی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی لە ئێران، نووسراوە، ئەوان لە ڕێگەی ئێرانەوە ویستیان بە قاچاخ بچنە دەرەوە و خۆیان بگەیەننە لای مام جەلال و سەرکردایەتی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام لە ئێران لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە گیران و دوای لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنیان رادەستی عێراق کرانەوە.

لەو ساتە ناسکانەدا بەجێهێشتنی وڵات و فەرامۆشکردنی ڕێکخستنێکی وەکو کۆمەڵە کارێکی سەختبوو بەبێ ئەوەی هیچ ڕێوشوێنێکی تایبەتیی بگیرێتەبەر، کاروبارەکان بخرێتە ئەستۆی خەڵکانێکیتر.

ڕاپۆرتی شوبات ڕەخنە بوو لەو سەرکردانەی لەو قۆناغە ناسکەدا گۆڕەپانی خەباتیان بەجێهێشت و نەشگەیشتنە ئەو ئامانجەی نەخشەیان بۆ کێشابوو، هەروەها ڕەخنە بوو لە هەڵە و کەموکوڕییە فیکری و سیاسییەکانی کۆمەڵە بەتایبەتی بیری ماویزم و تێزی سێجیهان و هەندێ بیروبۆچوونی ماویزم، جگەلەو بۆشاییانەی ڕۆیشتنی ئەو سەرکردانەی لەڕووی کاری ڕێکخراوەیی و دابڕانی هێڵەکان و ئەرکە شۆڕشگێڕییەکان

بەجێیانهێشت!

ڕۆیشتنی ئەو کۆمەڵە سەرکردەی کۆمەڵە بۆ ئێران هەڵبژاردنێکی هەڵە و سەرپێیانە بوو، کە مەترسی گرتنیان لەسەربوو دەیانتوانی بچنە دێهاتەکان و خۆیان بشارنەوە تا سەروبنی کاروباری ڕێکخستنەکانیان دەنایەیەک ئەوجا دوای ڕاوێژ و هەڵسەنگاندن هەر هەڵوێستێکیان وەربگرتایە ئاساییبوو، تەنانەت ئەو کارەی ئەوان وایکرد پەلە لە دەرچوونی دەستە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بکرێ.

لەوەدەچێ وەکو هاوڕێیانی زیندان باسیدەکەن ئەو نووسینە بە پەلە نووسرابێ پێش ئەوەی ئەوان بزانن ماجەرای دادگاییکردنی ئەوان دەگاتە کوێ، بەرگەدەگرن یان ڕێکخستن ئاشکرادەکەن و کارەسات بۆ کۆمەڵە دەخوڵقێنن!

ئەو ڕاپۆرتە نەگەیشتە دەست دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێمی بەعس ئەگینا بکەوتایەتە دەستیان هەموو ئەو کادیر و سەرکردانەی گیرابوون لەسێدارەدەدران، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە لەناو کادیرەکاندا ئەوانەی ئاگایان لێبووە دەنگدانەوەی نەرێنی دروستکردبوو، لەلایەن سەردانیکەرانی زیندانەوە دەنگوباسەکانی ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە گەیشتبووە ئەو سەرکردانەی زیندان و ئەوانی زۆر نیگەرانکردبوو، بووە گرێیەکی دەروونیی لەدوای ئازادبوونیان لە باریٚکی تووڕەبوون و گرژیدابوون و دوو بەرەی ناکۆک دروستبوو، کە دواتر بەناوی داشعێراق و پاشتر عێراقچی و کوردستانی هێلکێشیی کرابوون.

هاوڕێیانی زیندان لە دەوری ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوە و ناڕازییەکانیش دژ وەستانەوە و ئەنجامەکەشی بوونە ڕێکخراوێکی جیا و لە کۆمەڵە و یەکێتیش لێکترازان، چونکە ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا نەیتوانی یان نەیویست لە ڕێگەی گفتوگۆوە قایلیانبکات تا نەڕۆن، ئەمەش زیانی بە کۆمەڵە لە شاخ و شار گەیاند، هەروەها کاریگەرێتیی لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دانا.

ئەم ڕاپۆرتە بەناوی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە نووسرابوو، قسە لەسەر

نووسەرەکەی هەیە، هەندێک دەڵێن خودی شەهید ئارام نووسیبووی، بە لای هەندیکیشەوە نووسەر و ئامادەکەری ئەو ڕاپۆرتە مەلا بەختیارە وەکو فەرەیدوون عەبدولقادر لە کتێبی (هەڵۆ سوورەکانی قەندیل) وەکو ئاماژە دەڵێ: خۆ دەبوو لانیکەم هاوڕێ بەختیار – مەلا بەختیار بیزانیایە..

ڕاگواستن

ڕاگواستن واتە گواستنەوەی خەڵکیی لە شوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکیتر بە مەبەستی سیاسیی یان سەربازیی و گۆڕینی دیمۆگرافیا و شێواندنی جوگرافیا و لەناوبردنی خەڵکیی و ئاوارەکردنیان لە زیدی باوباپیرانیان و تێکشکاندنی دەروونیی و ملکەچبوونیان بۆ بڕیارەکانی دەسەڵات، کە ئەم کارە لەڕاستیدا نایاساییە و پێوەندیی بە تاوانی شەڕەوە هەیە، ڕەگوڕیشەی کۆنی هەیە، زۆر یاسای نێودەوڵەتیی بۆ ڕێگریکردنی دانراوە.

بەعس هەرکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی ڕاگەیاند کەوتە خۆی و ترسی ئەوەی لێنیشت کە خەباتی چەکداریی دروستبێتەوە.. ئیتر پلانە نگریسەکانی دارشت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەرێک ڕووی تێبکات بەتایبەتی دەیزانی ئەمجارە کورد گەرمتر تێهەڵدەچێتەوە.

کە شۆڕش ڕاگەیەنرا زانی کە دێهاتەکان بنکە و جێحەسانەوەی پێشمەرگە و یارمەتیدەری شۆڕشن، کەوتە ئەوەی پێشمەرگە لە دێهاتەکانی سەر سنوورەکان دابڕێ، ئینجا لە پرۆسەیەکی دواتردا بە بەرنامە ڕاگواستنی جێبەجێکرد.

ڕاگواستن دوو ناوچەی گرنگی گرتەوە:

– دێهاتی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی بۆ خواروی سی کیلۆمەتر ڕاگوێزا و خەڵکەکەی خرانە ژێردووگای زۆرەملییەوە.

– دێهاتی ناوچە نەوتییەکانیش بۆ پاراستنیان چۆڵکران و خەڵکەکەی بۆ ژێردووگاکان ڕاگوێزران.

دوژمن زۆرجار ئەو ناوچانەی چۆڵدەکرد و لەبری خەڵکەکەی عەرەبی

لـه خـواروو و ناوەڕاسـتەوە دەهێنـا و چەکداریدەکـردن بـۆ داگیرکردنـی زەویـوزاری کـورد و ژیانکـردن لـەو شـوێنانەی خەویـان پێـوەدەدی، کـە ئەمـەش رەنگدانـەوەی نێگەتیڤـی هەبـوو دەبـووە هـۆکاری رق و کینـە و ناکۆکیـی لەنێـوان کـورد و عـەرەب

راگواسـتن زیانـی زۆری لـە ئابووریـی کوردسـتان و خەڵکەکـەش دا کـە سـامانی ئاژەڵیـی و بەروبوومـی کشـتوکاڵیی و رەز و باخیـان نەمـا، بەمـەدا ویسـتیان ئیرادەی مرۆڤـی کـورد بکـوژن، لـە خەڵکـی بەرهەمـدارەوە بکرێنـە خەڵکـی بێبەرهـەم و چـاو لـە دەسـتی حکومـەت بـەوەی لـە دامـودەزگاکان بـە کرێـکار و مووچـەی بـڕاوە کـە بڕەکـەی زۆر کەمبـوو دابنرێـن.

سـەرەڕای ئـەو بەرنامـە تونـد و زۆرەملێیانـە بـۆ رامکردنـی مرۆڤـی کـورد، بەعـس هەر نەیتوانـی کـورد بـە راگواسـتن و خسـتنە ئۆردووگـاوە کۆنترۆڵبکات، بەمـە خەڵکیـی هاوسـۆزیی بـۆ شـۆڕش و کوردایەتیـی زۆرتردەبـوو، رقیـان لـە کارەکانـی دوژمـن و دەزگا ئەمنییەکانـی زۆرتـر دەبـووەوە.

گوزەرانـی خەڵکیـی لـە ئـۆردووگاکان ناخۆشـبوو، دەسـتبەتاڵی و بێکاریـی شـپرزەیدەکردن، هەمیشـە لەژێـر چاودێریـی زەلامەکانـی ڕژێمـدا بـوون، نەیاندەتوانیـی سـەردەربکەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەژێـر ئـەو بـاری گوشـارە تونـدەدا کەسـانی تێکۆشـەر هـەر دەجـوواڵن و کاریـان لەڕێکخسـتنەکاندا دەکـرد وەکـو بەرەنگاربوونەوەیـەک دژی دەسـەڵات، راگواسـتن نەیتوانـی گیانـی کوردپەروەریـی و خەباتـی کوردانەیـان بپسـێنێ.

ڕۆژێك بۆ ناپاكیی!

* کەسـێک لـە میللەتەکـەی خـۆی هەڵبگەڕێتـەوە و ببێتـە پیـاوی دوژمـن و هاوکاریبـکات و لەپێنـاوی پـارە یـان پلەوپایەیـەک بـە چـەک و کەرەسـتەی دوژمـن پەلامـاری خاکەکـەی خـۆی بـدات و دەسـتی بچێتـە خوێنـی خەڵکەکـەی ئـەوە کەسـێکی ناپـاک یـان خۆفرۆشـە و دەچێتـە خانـەی ناپاکیـی مەزنـەوە کـە وەکـو تاوانـی تایبەتـی تەماشـادەکرێ و لـە تاوانـە ئاساییەکان جیـاوازە کـە

لـه زۆربـەی ولاتـان سـزای لەسـێدارەدان یـان زیندانـی هەتاهەتایـی هەبـووە.

ناپاکیـی بەشـێوەی جیاجیـا دەکرێـت بەنهێنـی و بـە ئاشـکرا، لەئاسـتی تـاک و کۆمـەڵ، تەنانـەت لەئاسـتی حیزبیشـدا.. بەهـۆی داگیرکارییـەوە هەمیشـە دوژمـن هەوڵیـداوە لەناوخـۆی کـورددا داردەسـت پەیدابـکات لەڕێگـەی کڕیـن و چەکدارکردنـەوە بـۆ جێبەجێکردنـی پلانەکانـی لەناوبـردن و کپکردنـەوەی هـەر جوولّـە و سـەرهەڵدانێک.. لەهەنـدێ ولاتـان ناپاکیدانەپـاڵ کەسـێک یـان کەسـانێک وەکـو هۆکارێـک بـۆ پاکسـازی و دوورخسـتنەوە و لەناوبـردن بەکاردەهـات، بـەڵام ئێسـتا پێـوەرەکان گـۆڕاوە و زۆرجـار کەسـێک یـان لایەنێـک تەنانـەت دەوڵەتێـک لـە ڕێـڕەوی خـۆی لادەدات و دەسـتێکەڵدەکات بـۆ بەرژەوەندی تایبەتـی و گوێشـناداتە ئـەوەی کـە ناپاکیـی مەزنـی کردووە.

لەکوردەواریـدا بەوجـۆرە خەڵکانـە وتـراوە جـاش و بـە کارەکـەش وتـراوە جاشـێتیی کـە بووەتـە دیـاردەش، هەرچەنـدە جاشـێتیی تاوانێکـی قێزەونـە و لەلایـەن خەڵکـی نیشـتمانپەروەرەوە بەچاوێکـی سـووک تەماشـاکراوە.. هەرکاتێ شـۆڕش و ڕژێـم گفتوگـۆدەکەن، شـۆڕش پێـی لەسـەر نەمانـی جـاش داگرتـووە، ڕژێمیـش بـۆ بەرژەوەندییەکانـی خـۆی چـەک و جـل و جامانـەی کردوون و ئیتـر شـۆڕش داواینەکردووە لەسـەر تاوانەکانیـان لێپێچینەوەیـان لەگەڵـدا بکرێ.. بەمـەش جـاش سـوودیان لـە شـۆڕش بینیـوە کـە ماونەتـەوە و لـە حکومەتیـش بەهـۆی تڕۆکردنیانـەوە لـە دەسـتکەوتەکانیان زیانیانکردووە، تەنانـەت کەسـوکاری شـەهید و قوربانیانیـش لەئاسـتیاندا بێدەنگبـوون و داوای مافـە یاسـاییەکانی خۆیـان نەکـردووە لـە سـۆنگەی ئـەوەوە شـۆڕش لێبوردنـی هەبـووە!

لـە مێژووی کورددا ناپاکیـی زۆر کـراوە، لەهەمـوو شۆڕشـەکاندا بەرامبـەر پێشـمەرگە و تێکۆشـەران جـاش وەکـو هێـزی دژە شـۆڕش قوتبوونەتـەوە و چەکـی ناپاکییـان هەڵگرتـووە و لـە دوژمـن تونـدتر جووڵاونەتـەوە و لەهەمـوو خراپەیـەک دەسـتیان نەپاراسـتووە، نزیکتریـن نمونـە بەشـداریکردنی ئـەو سـەدان هـەزار جاشـە کـورده لـە پرۆسـەی ئەنفالکردنـدا کـە لـە هێزەکانـی سـوپای عەرەبیـی بەعـس دڵگەرمانەتـر پەلامـاری پێشـمەرگەیان دەدا و

دێهاتەکانیان دەسووتاند و مااڵتیان تااڵنوبڕۆ دەکرد، لەمەش خراپتر لە شەڕی ناوخۆدا تانک و فڕۆکەی داگیرکەر بهێنرێ بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەاڵت و مانەوە!

* بۆ زۆر بۆنە (ڕۆژ) دیاریکراوە کە لەهەندێکیاندا ئاهەنگی خۆشیی دەکرێ، وەکو ڕۆژی یادی شۆڕش، راپەڕین، نەورۆز، ئەنفال کە هەرگیز باسی ناپاکییەکانی جاشی تێداناکرێ، تەنانەت ڕۆژی جیهانی بۆ سەربەخۆیی، دایک، ژن، مامۆستا، باوک.. هتد، هەیە، بەاڵم هەرگیز بیر لەوەنەکراوەتەوە «ڕۆژ»ێک بۆ ناپاکیی/ خۆفرۆشیی دابنرێ کە زۆرن ئەوانەی لەئاستی تاک و کۆمەڵ و حیزبیشدا لەو کردەوە نگریسەدا بەشانازییەوە بەشداریانکردووە و الپەڕەکانی میژوویان بە ڕووڕەشیی پیسکردووە.

چونکە یادەوەری کورد الوازە، هەزاران تاوانی بەرامبەر بکرێ هەرکە لە تەنگانە قوتاربوو هیچی لەبیرنامێنێ، بەڵکو ئەو حیزبانەی شەووڕۆژ پێشمەرگەیان لەبەرامبەر جاشدا بەکوشتەدا، لەدواتردا بەبێ ئەوەی داوای سزادانیان لەڕێگای یاساوە بکەن، دااڵدەیاندەدەن، پێگەیان پێدەبەخشن، بەمەبەستی پێگەی جەماوەری و بنکەی هێزی دەنگدان و السەنگکردنی تای تەرازووی بەرامبەرەکەی، ئیتر خوێنی ئەو پێشمەرگە و خەڵک و سووتان و کاولکردنی دێهات و چەپاوکردنی سامانی کوردستان چش!

ڕەتڵ

ڕەتڵ وشەیەکی عەرەبییە، بە کوردیی واتا کاروانی سەربازیی.. لەسەرچاوە سەربازییەکاندا وەکو زاراوەیەک بە کۆمەڵێک سەرباز کە پێکەوەبن، هەروەکو بە کۆمەڵە ئۆتۆمبیل یان تانک کە پێکەوەبن، دەوترێت.

لەدوای شالاوەکانی ئەنفال کە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چوونە ناو شارەکانی ئێرانەوە و دەستە پارتیزانەکانی خوارەوە پێویستییان بە گۆڕین و پشوودان هەبوو، بەرنامەی پێکهێنانی دەستەکان لەناو تیپەکاندا گۆڕا و پێکهاتەی ڕەتڵی پارتیزانەکان دروستکرا، کە بارەگاکەیان لە سنووری قاسمەڕەش بوو.

ئیتر لە ڕێگەی ڕەتڵەکانەوە دەستەی پێشمەرگەی پارتیزانەکان دەنێردرانە خوارەوە بۆ گۆڕینی ئەو دەستە پێشمەرگانەی خوارەوە لە ناوچە جیاجیاکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پارتیزانیی.

ئەم ڕەتڵی پارتیزانانە لەکاروبارەکانیاندا بەردەوامبوون تاکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە پارتیزانەکان لەگەڵ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوشار و خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکان ڕۆڵی بەرچاویان تیاگێڕا، کە چەپەڵترین دەسەڵاتی دیکتاتۆریی و خوێنڕێژی ئەم سەردەمەی تا هەتایە تیانگومکرا.

ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن

تازەگەرێتیی لە عەقڵییەتی حیزبی پێویستە بۆ پیاچوونەوە و خۆگۆڕین و قەتیسنەبوون، ئەمەش بە قسەکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵە و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان بە ڕەخنە وەکو چەکێکی دروست و ژیانەوە و بووژانەوە نەک کوژانەوە.. ڕەخنە واتە یەکێک لە یەکێکیتر لەسەر کەموکوڕیی و خەوشەکانی لەکارکردندا یەخەبگرێ، ڕەخنەلەخۆگرتنیش کەسەکە دەبێ

لە کۆبوونەوەی حیزبیدا ڕەخنە لە خۆی بگرێ لەسەر هەڵەیەک کە زیانی بۆ حیزب هەیە.

لە پێڕەوی هەموو حیزبێکدا پرەنسیپی ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن داڕێژراوە وەکو چوارچێوەیەکی گرنگی کاری حیزبیی و ڕێکخراوەیی.

ڕەخنە لەحیزبدا هۆیەکە بۆ گەشەسەندنی حیزب و تێگەیشتنی ئەندام لە مومارەسەی کاری ڕۆژانەدا نەک بۆ شێواندنی ڕێبازی حیزب و لەکەدارکردنی هەستی ئەندامەکانی کە دەبێتە هۆکاری ڕووخاندن و دوورکەوتنەوە.

لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پرەنسیپی ڕەخنە بە ڕێکوپێکی پێڕەودەکرا تا هەڵە کەمتر ڕووبدات تا بەرنامەکان جوانتر لەناو ئەندامان و خەڵکیشدا ڕەنگبداتەوە.

ئەرکی هەر ئەندامێک بوو هەر شتێکی نامۆ، ناکۆک لەگەڵ بەرنامە و ڕەوتی سیاسەتی یەکێتیی لەهەر ئاستێکدا بێ ڕەخنە لەناو کۆبوونەوەدا بگرن نەک لە دەرەوە و لەناو خەڵکیدا، کە لە دەرەوەی حیزب ڕەخنەگیرا مەبەستی شکاندنە و ئاژاوە و پشێویی لەپشتەوەیە، بەڵام لەناوەوە پابەندبوونی ئەندامەکە دەردەخات بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنەوە و بەرەوپێشەوەچوونی کاروبارە حیزبییەکانە.

دەبێ ئەندام بزانێ چۆن ڕەخنە دەگرێ بۆچی دەیگرێ لە کێ دەیگرێ دوور لە خودییەت و تۆڵەسەندنەوە.. ڕەخنە دەبێ بابەتییانە بێ، بە دڵێکی فراوان وەربگیرێ، نەبێتە مایە کینە و ئەغز، زۆرجار ڕەخنە بووەتە هۆکاری ناکۆکیی و ململانێی توند و دوورکەوتنەوە و هەندێجاریش لەپەناوە تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دوو جۆر ڕەخنە هەیە: ڕەخنەی بنیاتنەر بۆ ڕێکوپێککردن و چارەسەرکردنی چەوتییەکان، ڕەخنەی ڕووخێنەر بۆ تێکشکاندن و لەکەدارکردن، دەبێ ئەوەی ڕەخنەی ڕووخینەر دەگرێ دوای لێکۆڵینەوە بەپێی پێڕەو سزای حیزبیی بدرێ.

زۆرجار ڕەخنە رق بەرهەمدێنێ، ئەمەش لە تەسکبینیی و بچووکی عەقڵەوە دێ کە ئەندامێک یان کادیر و سەرکردەیەک خۆیان لەوە

بەگەورەتر بزانن رەخنەیان ئاراستەبکرێ، رەخنە بونیادنانەوەی کەسەکەیە نەک ڕووخاندنی، ئەوەشی بە مەبەستیی شکاندن رەخنەیگرت دەبێ سزابدرێ و تێنەپەڕێ.

زۆر لە پێشمەرگە و تەنانەت بەرپرسەکان بە تەواوەتیی لە ناوەڕۆکی رەخنە نەدەگەیشتن ئەمەش پێوندیی بە ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییەوە هەبوو، هەندێک لە فەرماندە و پێشمەرگەکان بە رەخنە قەڵسدەبوون و هەیانبوو دەیوت بیخەسەر پۆپەکەی!

سەرکردایەتیی کورد هەر خۆی دەجوێتەوە لەو لاساییە کۆنانە دوورناکەوێتەوە، جۆرێک لە تەنگەتیلەیی و تونڕەویی لەناو کادیران و ئەندامانداا هەبوو کە زوو بە رەخنەلێگرتن زویردەبوون و بەرگەیاننەدەگرت.. لەکۆبوونەوەکاندا باسی پرەنسیپی رەخنە و پێویستیی رەخنەگرتن بۆ زیندوێتیی مانەوەی حیزب دەکەن، کە خۆیان هەڵەیان هەبوو رەخنەیان لێبگیرایە بەرچاویان رەشدەبوو و هەزار لۆچ دەکەوتە ناوچاویان!

تائێستا رەخنەگرتن هەیە، رەخنەلەخۆگرتن بە واتا ڕاستییەکەی نییە، رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن دوو شتی جیان.. هەڵەکار ئامادەنییە بە ئاسانیی دان بە هەڵەکەیدا بنێ و خۆی ئاشکرابکات.

رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن بە زۆریی لەناو حیزب و رێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕەکاندا باوبووە یان پێڕەودەکرا کە پێویستیان بە تازەگەرێتیی و بەخۆداچوونەوە بوو بۆ هەڵسانەوە و بەردەوام بەرەو پێشەوەچوون.

ئێمە هەر فێربووین رەخنە لە کەسی هەڵەکار دەگرین و ئەویش بە داوای لێبوردنێک تاوانێک لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە گوایە جارێکیتر ئەوە ناکرێت یان رۆوونادات‌ەوە.

ئەوەی لەناو شۆڕشدا باوبوو هەمیشە رەخنەدەگیرا، کەمتر رەخنەلەخۆگرتن بە واتا ڕاستییەکەی هەبوو.. لەکۆبوونەوەدا کەسێک تاوانێکی کەسێکی ئاشکرادەکرد بەرانبەرەکە رەخنەیەکی لە خۆی دەگرت و تەواو ئەمە بۆئەوە سزانەدرێ، کەچی ناوەڕۆکی رەخنەلەخۆگرتن

ئەوەیە کەسەکە تاوان یان هەڵەکی کردوو و تەنیا خۆی دەیزانێ دەبێ یەکسەر حیزبی لێئاگاداربکاتەوە و ئامادەشبێت بۆ سزادانی تەواو، کەچ نەبیسترا کەسێک سیخوڕی بۆ دوژمن کردبێ یان لە کەسێک پارەی وەرگرتبێ یان چەکێکی شۆڕشی دزیبێ بڵێ ئەوەمکردووە و ئامادەم سزای ئەو هەڵەیە وەربگرم.

دەبێ رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن لە چوارچێوەی ڕێکخستندا ئەنجامبدرێ بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەی دوور لە رق و ژاوەژاو بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخستن بێت.

رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن پرکێشیی گەرەکە، هەموو کەس دەتوانێ رەخنە لە دیاردە دزێوەکان بگرێ، بەڵام رەخنەلەخۆگرتن ئازایەتیی دەوێ، دەستبخاتەسەر کەموکوڕییەکان، دان بە هەڵەکەیدا بنێ.

شۆڕش مرۆڤ دەیکات، مرۆڤیش هەڵە دەکات نەک شۆڕش، گرنگە زوو فریای ئەوە بکەون چارەسەری هەڵە بکرێ، زۆرجار هەڵە بەهەڵە چارەسەردەکرا، کەسی بەرانبەر ناچاردەکرا بڕووخێ و لەدواییدا سەنگەرەکەی بەجێبهێڵێ.

دەبێ ئەو بڕگەی رەخنە و رەخنەلەخۆگرتنەی لەپێڕەودا دانراوە بە باشیی پیادەبکرێ، ئەندام و کادیر و سەرکردە راستگۆیانە خۆیان پەروەردەبکەن و بڕوایان بە پرەنسیپی رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن بێ و هیچ شتێکی نەشیاو و ناحیزبی نەشاردرێتەوە.

رەخنە پرۆسەیەکی شارستانییە و پێوەرێکە بۆ گۆڕان و بەخۆداچوونەوە.. هەر حیزبێک خۆی لە رەخنە بدزێتەوە، سەرکردە و کادیر و ئەندامەکانی کاری ناحیزبییانە بکەن و بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی حیزبایەتی کە لەپێڕەدا داڕێژراوە بجوولێنەوە و گوێ لە قسەی خەڵکیی و خوارەوەی خۆیان نەگرن ئەوا زۆرتر بەرەو گەندەڵیی فیکری و سیاسیی دەچن.. هیچ حیزبێک نییە لەسیاسەتدا هەڵەنەکات، هیچ سەرکردە و سەرکردایەتییەک نییە نەکەوێتە هەڵەوە کە حیزب بەرەو هەڵدێر دەبرێ.

کە سەرکردایەتی حیزب هەڵەیکرد قسەیەک ناکات بۆ پاساویش بێ،

ئاشبەتاڵدەکرێ سەرکردایەتیی حیزب خۆی تێناگەیەنێ، ئەنفالدەکرێ ئەوەی وترا کرچوکاڵ بوو، کۆڕەو رووەدات کەس نەیبردەسەر خۆی، لەهەموو ئەمانەدا هەر لایە کەموکوڕیی دەخاتە ملی ئەویتر، لەهەموو بارەکاندا ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە.. دەبوا هۆکارەکانی شکست و تێکشکان و چارەنووسی هێز و سامان و دارایی و چەکوچۆڵە بە داتا و زانیاریی تەواوەوە بخرایەتەڕوو، کە حیزب پڕکێشی ئەوەی نەبێت دان بە هەڵە و خەوشەکانیدا ئەوە ناپاکیی و راکردنە، دەبێ ڕوون مەبەستەکان شیبکرێتەوە و ئەنجامەکان بوترێتەوە تا شێوازێکیتر بیر لە داڕشتنی سیاسەتی کارکردن بکرێتەوە.

ڕێکخستن لەناو ڕێکخستن

هەمیشە لەسەر مەسەلەی بیروبۆچوونی جیاواز لەناو ڕێکخراوێک یان حیزبێک ناکۆکیی کەوتووەتەوە، کە چارەسەری ئەو ناکۆکییە نەکرابێ پەرەیسەندووە تا گەیشتووەتە ئەوەی هێڵێک دروستبێ بووەتە مایەی ئەوەی کەسەکانی ئەو هێڵە چاودێرییبکرێن و لە کاتی پێویستدا لەقافا بگیرێن، لەڕاستیدا ئەمە ڕێکخستنە لەناو ڕێکخستندا.

هەندێجار ئەوانە تەنیا بە ڕەخنەگرتن و مقۆمقۆ و سکاڵا نەوەستاون، خەڵکیشیان دڵساردکردووەتەوە، لەوەش ناحیزبیتر دەرکردنی بڵاوکردنەوەی نهێنیی دژی ڕێکخراو یان حیزب، ئەمە دەبووە بەڵگەی ئەوەی کارەکە لە گومان دەربچێ و ئەوانە بەهۆشیاربییەوە خۆیان ڕێکخستووە و وەکو بۆمبێک خۆیان بۆ تەقینەوە لە کاتی پێویستدا ناوەتەوە.

هەر لەکۆنەوە ئەم دیاردەی ڕێکخستن لەناو ڕێکخستندا هەبووە، لەکوردستاندا لەناو زۆر حیزب و ڕێکخراودا ئەم دیاردەیە پەیدابووە وەکو ئەوەی: باڵی مەکتەبی سیاسیی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالی)، قیادەی مەرکەزی لەناو حیزبی شیوعی عێراق، ڕێکخراوی ڕەنجدەران لەناو کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان، ئاڵای شۆڕش

لەناو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەمە لەڕووی پرەنسیپی حیزبییەوە کارێکی نەشیاو و ڕێگە پێنەدراوبووە و هیچ حیزب و ڕێکخراوێک بەپێی پێڕەوی نووسراویان ڕێگەیان نەداوە ئەندامێکیان لەژێرەوە پێوەندیی بەلایەنێکیترەوە هەبێ چ جای ئەوەی خەڵکانێک لەناو ڕێکخستنێکدا خۆیان بە بەرنامەیەکیتر گۆشبکەن و ڕێکبخەن.

ئەنجامی ئەو ڕێکخستنە کێشەی بەدوادا هاتووە و گەیشتە ئاڵۆزیی، لایەنی باڵادەست بێدەنگنەبوونە، بۆ بەلاداخستنیان پەنایان بۆ هێز بردووە و لێیاندراوە و شکستیانهێناوە، چونکە ئەو لایەنانە بە دوردیی خۆیان کۆنەکردووەتەوە و هەموو لایەکی هاوکێشەکانیان تەماشانەکردووە، بگرە نەیانتوانیوە تەرازووی هێز لەناو ڕێکخستنە بنەڕەتییەکە بگۆڕن با لەلایەن کادیر و فەرماندە و پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانەوە بەڵێنیشیان پێدرابێ کە لەدواییدا بە هۆکاری جیا پەشیمانبوونەتەوە، ناچار ڕێگەی جیابوونەوەیان گرتووەتەبەر، دوای ئەوەش هەر وەکو هێزی بەرچاو دەرنەکەوتوون ئەگەر نەبووبنە پاشکۆی حیزبە گەورەکانیتر.

ڕێکخراوی ڕەنجدەران

لەناو هەموو حیزب و ڕێکخراوێکدا ململانێ لەسەر خاڵە ناکۆکە سەرهەڵدەدا، جیاوازیی بیروبۆچوون ئەو کەشە دروستدەکات، کۆمەڵەی مارکسی – لینینی/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ساڵی ١٩٧٠ بەر ئەوجۆرە ململانێیانە کەوت، کە لەنێوان کادیرەکانیدا لەسەر هەندێ خاڵ ڕوویدەدا و نەیاندەتوانی بگەنە خاڵە هاوبەشەکان بەهۆی جیاوازیی دید و بۆچوونەکان لەمەڕ شێوازی بەرنامەی فیکری ڕێکخراوەکە کە دوو ئاراستەی جیا خۆیان نواند ئەویش کوردستانی و عێراقیبوون بوو ڕووبەڕووی لێکترازان بوونەوە، کۆمەڵێک لە دەستەی دامەزرێنەر هێڵی فیکری خۆیان لەسەر عێراقیبوون دیاریکرد

و بە هێمنیی جیابوونەوە، هێڵی کوردستانیی زەمینەی لەبەردەمدا تەختبوو بەردەوامبوو.

دوای گیرانی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی و دەستبەکاربوونی کاک ئارام بۆ گرتنەوەی کۆمەڵە و ڕێکخستنەوەی لە ڕێگەی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە و گۆڕانکاریی لە ئاراستەی کۆمەڵە بە لابردنی ڕەوتی ماویزم و ڕەتکردنەوەی چەمکی سێجیهان و پێڕەویکردنی لە مارکسیزم لینینیزم، لە ساڵی ١٩٧٦ بڕێکیتر بەناوی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانەوە لە جەستەی کۆمەڵە بوونەوە.

برایم جەلال لە کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە) لەبارەی ڕەنجدەرانەوە دەڵێ باڵێک بوون ڕێبازی عێراقچییان لەناو کۆمەڵەدا هەبوو، کەچی مەلا بەختیار لە کتێبی (لەبری بیرەوەری)دا ئەمانە بە عێراقچی نازانێ.. سالار ڕەشیدیش لە کتێبی (مێژوویەک لەیادەوەریدا) ئاماژە بەوەدەکات کە ڕەنجدەران پێیان لەسەر تیۆری سێ جیهان دەکرد و پشتیان بە ڕێبازی سیاسیی ماوتسیتۆنگ دەبەست، هەروەها دژایەتیی خۆیان بۆ بوونی کەسایەتیی مام جەلال لەناو ڕێکخراوێکی کرێکاریی وەکو کۆمەڵەدا دەردەبڕی.

ئەم کۆمەڵە کەسە گەنجە تازە لە بواری ڕێکخراوەییدا هەڵدەچوون و شارەزاییەکی باشیان لە خەباتی سیاسیدا نەبوو، پەلەیانبوو دەربکەون، کە هێمنانە خۆیان چ لەڕووی فیکریی و سیاسیی و چ لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە پەروەردەبکردایە، زۆر باش لە شێوازی کاری دوژمن و کردەکانی بۆ پاکسازیی نەیارەکانی ئاگادارببوونایە تا گەر کەوتنە داوی ڕاوەدوونان و گرتنەوە بزانن چۆن قوتاردەبن و لەبەرانبەر ئازار و ئەشکەنجەی دوژمن خۆڕاگربن.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ کە لێپرسراوی دووەمیان دەگیرێ بەرگەناگرێ و دەڕووخێ، نەیتوانی پارێزگاریی لە ژیانی هاوڕێیەکانی بکات و ئەو هەموو تێکۆشەرەی ئەو ڕێکخراوە نوێیەی دابەدەستەوە، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمیش بێبەزەییانە بەشێکیان لەسێدارەدەدەن و هەندێکیشیان حوکمدەدرێن.

ڕێکخراوی ڕەنجدەران هەوڵێکیاندا لەناو یەکێتیدا وەکو باڵێک جێگەی خۆیان بکەنەوە و چەندینجار بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبووبوونەوە، دواجار وەکو باسدەکرێ لێپرسراوی یەکەمیان و چەند پێشمەرگەیەک بۆ بینینی لایەنی یەکێتیی وادیارە ئیخباریکرابوون کۆپتەر هاتبووەسەریان لەشەڕێکدا شەهیدکران.

ئەم ڕێکخراوە ئەگەرچی لە زۆر شوێن و گەرمیانیش خەڵکیان دروستکردبوو، هێشتا لە سەرەتای خۆکۆکردنەوەدا بوون و بە تەواویی بنجیان دانەکوتابوو، لە سەرەتای کاروانی کارکردندا بوون، خوێنگەرمانە دەجووڵانەوە، گەنجانە هەڵسوکەوتیاندەکرد.

بە گیرانی بەرپرسەکان و شەهیدکردنی ئەوانیتریش کۆتایی بە ڕێکخراوی ڕەنجدەران هات و هیچیان نامێنن، ئەویشی لەشارەکاندا مابوونەوە هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتن و ئەوانەی زیندانیش دوای بەر لێبوردنکەوتن و ئازادبوونیان هەریەکەیان چوونەناو لایەنێکەوە.

ڕەنجدەران وەکو ڕێکخراوێکی چەپ کە تازەش بوون توانیبوویان بڵاوکراوەیەک بەناوی ڕەنجدەران دەربکەن، یەکێک دەڵێ تەنیا یەک ژمارە و یەکێکیش دەڵێ دوو ژمارەی دەرچووبوو، بە دەست دەنووسرا و بۆ خوێندنەوە دەساودەستدەکرا.

ڕێکخراوی ناوشار

بەپێی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کە لە یەکەمین کۆنفرانسدا ڕێکخراو وەکو پێکهاتەیەکی پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵە بڕیاری لەسەردرا، کە پێکدەهات لە سەرجەم ڕێکخستنی کۆمەڵە و کەرت و پۆلەکانی لە شارێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو، کە دەسەڵاتی تایبەتیی ڕێکخراوەیی لە سنووری کاری خۆیدا پێدرابوو.

ڕێکخراوی ناوشار یەکێک لە ئۆرگانە گرنگەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە، کە لەهەموو قۆناغە سەختەکانی کارکردندا

ڕۆڵی بەرزی هەبووە لە پێوەندیی بە خەڵکانی دڵسۆز و پەرۆشی دواڕۆژی کورد و ئامادەبوون بۆ تێکۆشان و خۆبەختکردن.

ڕێکخراوی ناوشار لە ڕێگەی کۆمەڵێک کادیری کارامە و بەتوانا و شارەزای بواری کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستن لە ژیانی ژێرزەمینیدا پێکهاتبوو، کە دەیانتوانی بەوریاییەوە کاربکەن و پێوەندیی بە کەسە تێکۆشەر و هۆشیارەکانەوە بکەن بۆ خەبات لە ڕێکخراوێکی ئاراستە نوێی وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

هاوڕێیانی ڕێکخراوی ناوشار ئەرکەکەیان زۆر دژواربوو، لە زەمینەیەکی سەختدا لەناو دڵی دوژمندا سەرکێشییان دەکرد.. دوژمن هەموو بستێکی ژیانی بە سیخوڕ و دەزگا ئاساییشییەکانی بەتایبەتیش جاش و سیخوڕە کوردەکان مینڕێژکردبوو بۆ پێوەبوونی ئەو خەڵکانەی بێگوێدانە هەڕەشە و مەترسییەکانی ڕژێم دەجووڵان وەکو پێشمەرگە هەمیشە لە کنە و کاروباردا بوون.

هەمیشە هاوڕێیانی ڕێکخراوی ناوشار مەترسییان لەسەربووە، چونکە جموجووڵیان جێگەی سەرنجی دەزگا ئاساییشییەکانی ڕژێم بوو.. زۆرجار ئەوانە ئاشکرادەبوون ناچاردەبوون شار بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە شاخ و ببنە پێشمەرگە و هاوڕێیانیتر لە ڕێکخراو جێیانبگرنەوە، جاریشبووە دوژمن لەناکاوێکدا دەیدایەسەر ئەو هاوڕێیانەدا دەستگیریدەکردن و دەخرانە زیندانەوە دوای لێکۆڵنەوە و ئەشکەنجەی زۆر بۆ درکاندنی شتەکان و ئاشکراکردنی نهێنییەکان، کە هێچیان نەدەوت یان لەسێدارەدەدران یان حوکمدەدەدران، حوکمدراوەکان یان بەر لێبوردن دەکەوتن یان حوکمەکەیان تەواودەکرد.

ئەرکی ڕێکخراوی ناوشار هەر کاری ڕێکخستن نەبووە بەتەنیا هەر کاری ڕێکخستن و پێوەندیی بەخەڵکەوە نەبوو بۆ بانگهێشتنیان بۆ ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەڵکو ئەرکێکی گرنگیتری لەئەستۆبوو، کە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بوو بەتایبەتی لە سەردەمی پارتیزانیدا بە دابینکردن پێداویستییەکان لە خۆراک و

کەلوپەل و گەیاندنی زانیاریی و دەنگگەیاندنیان بە سەرکردایەتی، ئەمە جگەلە ئەنجامدانی چالاکیی پێویست و سەرقاڵبوون بە دەرکردنی بەیاننامە و نووسیی بابەتی فیکریی و رێنمایی شانەکانی خوارەوە.. ئەگەر کۆششی ئەوان نەبوایە ژیانی پارتیزانەکانی لەڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانیانەوە زەحمەتبوو.

کارەکانی رێکخراوی ناوشار بەپێی ناوچەکان لەنێوان ئەندامانی رێکخراودا دابەشدەکرا، هەر ناوچەیەک ئەندامێکی رێکخراو سەرپەرشتیی دەکرد و بەرپەرس بوو لە جموجوڵ و کاروباری رێکخستەنەکان و چاودێریکردنی دوژمن.

نەبیستراوە هیچ ژنێک بووبێتە ئەندامی رێکخراوی ناوشار، بەڵام ژنان لەڕێکخستنەکاندا لە هاوکاریی هاوسەرەکانیان ڕۆڵی کارایان بینیوە، هەوڵەکانیان کە زۆرجار پڕ مەترسییبووە لەبەرچاون.

یەکێک لە ئەرکەکانی رێکخراو بۆ خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی دوای ئەنفال دروستکردنی شانە چەکدارەکان بوو لەو خەڵکانەی ئامادەییان تیابوو بۆ سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم و دەزگا سیخوڕییەکانی لە کاتی پێویستدا، ئەو شانانە لەڕاپەڕیندا مەردانە ڕۆڵیانبینی ئازایانە ئەرکەکانیان لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکە راپەڕیوەکەدا بەجێگەیاند.

رێکخراوی ناوشار مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدانی تۆمارکردووە، لێپرسراو و ئەندامانی بەر شاڵاوی گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی زۆر کەوتوون ئینجا لەسێدارەدراون بەخۆڕاگرییەوە بەرانبەر نەسەقچییەکانی ڕژێمی بەعس وەستاونەتەوە و یەک نهێنییان نەدرکاندووە دەزگا ئاسایشییەکانی بەعس سوودی لێببینن بۆ دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگران و رایەڵەکانی رێکخستن، ئەمەش پێوەندیی بەو هەڵوێستە بەهێزەوە هەبوو کە لەسەری پەروەردەکرابوون بۆ پاراستنی ریزەکانی رێکخستن.

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان

شۆڕش کە بەرپادەبێ ئەگەر دەنگی لە ڕێگەی ڕادیۆیەکەوە بە خەڵکی نەگات کەموکوڕییەکی گەورەیە، وەکو ڕێکخستن نییە کارەکانی بە نهێنی بڕوات، بۆیە هەمیشە بیر لەوە کراوەتەوە دەبێ ڕادیۆ هەبێ وەکو زمانحاڵی شۆڕش.

سەرەتا ساڵی ١٩٧٧ ئامێرێکی ئیزگە پەیداکرا نەخرایە کار تا ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢١ بە ناوی دەنگی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەستپێکرد، دوو مانگ دوای ئەوە ناوەکەی بۆ دەنگی شۆڕشی عێراق گۆڕا، ساڵی ١٩٨٤ دوای گۆڕینی دروشمی یەکێتیی لەئۆتۆنۆمییەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین ناوی ڕادیۆش بۆ دەنگی گەلی کوردستان گۆڕا.

سەرەتا لە تووژەڵە لەچادرێکدا دانرابوو، پێویستییەکانی زۆر سادەبوو، ستۆدیۆ و نووسەر و بێژەری هەبوو، دواتر خانووی بۆ دروستکرا

ڕادیۆ بە زۆریی گەڕۆکبوو، لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا دەبرایە شوێنێک، سەرەتا لە گوندی نۆکان دانرا و دەستی بە پەخشکرد، دواتر گوندەکانیتریش دانراوە: تووژەڵە، باوزێ، بەرگەڵوو، بەفری میریی، سەقز.. هتد.

لە هەموو قۆناغەکاندا سەرکردە و کادیری بەتوانا چ وەکو سەرپەرشتیار یان نووسەر یان بێژەر یان میکانیکی کاریان تێداکردووە، جگەلەوەی کەرتێکی پێشمەرگە بۆ پاراستنی دانرابوو، جارجاریش بۆ چالاکی بۆ سنووری شارباژێر دادەبەزین.

لەم ئیزگەیەوە سەدان وتاری سیاسیی و بابەتی هەمەجۆری فیکریی و شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی و پێشمەرگایەتیی و هەوڵەکانی دوژمنان بۆ لەناوبردنی کورد بڵاودەکرایەوە، چالاکی و نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگە چالاکییەکانی ڕێکخستنەکان دەخوێنرایەوە.

ڕۆژێمی بەعس هەمیشە پارازێتی دەخستەسەر ئیزگەکە ئەوەی پێیدەوترا

هانیهانـی، نەیدەهێشـت لـەو فریکانسـەی پەخشـی لێوەدەکـرا خەڵکیـی گـوێ لـە بەرنامەکانـی بگـرن بەتایبەتـی ناوچـە دوورەکان.

ئێواران دەکەوتـە کار، سـەرەتا یـەک کاتژمێر و دواتر بوو بـە دوو کاتژمێر بەرنامەکانـی بـە هـەردوو زمانـی کـوردی کرمانجـی سـەروو و خـواروو و عەرەبـی پەخشـدەکرد، ڕۆژی دواتـر بەیانییەکـەی دووبارەدەکرایـەوە.

ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ سـتافەکەی گەورەتردبـوو لـە نووسـەر و وەرگێڕ و بێـژەر و کارمەنـد چ پیـاو و چ ژن..

ئیزگـە دوژمنـی زۆر وەڕسـکردبوو زۆربـەی کات دوژمـن تۆپبارانیدەکرد، یـان بـە فڕۆکـە بۆردووومانیدەکرد و زیانـی دەگەیانـد لـە شـەهید و بریندار..

ئیزگـەی دەنگی گەلـی کوردسـتان ڕۆڵـی گرنگـی هەبـوو، خەڵکی بەتاسـەوە گوییـان لێدەگـرت ئەگەرچـی ژاوەژاوی زۆری لەسـەربوو.. چەنـدە لای خەڵکیـی کاریگەربـوو ئەونـدەش کاری لـە هێـزی پێشـمەرگەش دەکـرد بـۆ چالاکیکـردن و دەستوەشـاندن لـە دوژمـن.

ڕاپۆرتنووسین

یەکێـک لـە ئەرکـە گرنـگ و سـەرەکییەکانی ئۆرگانەکانـی ڕێکخسـتن نووسـینی ڕاپۆرتـی بـوو بـۆ سـەرەوە، کـە باسـی بارودۆخـی ڕێکخراوەیـی و کاروبارەکانـی ڕێکخسـتن و گەشـە و پێوەندیـی بـە خەڵکیـی و دەنگوبـاس و زانیاریـی لەسـەر دوژمـن بـوو.. هتد.

لەهەمانکاتـدا جۆرێکیتـر لـە ڕاپۆرتنووسـین باوبـوو بەتایبەتـی بـۆ بەرپرسـەکان دەنووسـرا بـە مەبەسـتیی زمانلێدان و هەڵبەسـتنی درۆودەلەسـە بـۆ شکاندنی کەسـێک چ خەڵکیی بێت یـان کادیر یـان فەرماندە یـان پێشـمەرگەیەکی دیـار.

کەسـی ڕاپۆرتنـووس بـە جۆرێـک لەجـۆرەکان جێگـەی متمانـە بـووە، بۆیـە زۆرجـار چـی نووسـیوە جێی خـۆی کردووەتـەوە و ڕاپـۆرت لەسـەر نووسـراو بیانکـەی پێگیـراوە و سـزادراوە، لەوانەشـە زانیارییەکانـی ئـەو ڕاپۆرتـە زۆر

ڕاستیی تیانەبووبێ و هی ئەوەبووبێ بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد سزایەکی سووک بدرایە یان هیچی لەسەر نەسەلمێنرایە.

ڕاپۆرتنووسیی دیاردەیەکی دزێوە بە زۆریی بۆ نابووتکردن و ملشکاندن بەرزکراوەتەوە، بەشێکی ئەو ڕاپۆرتنووسانە لەلایەن دوژمنەوە ڕاسپێردرابوون، بەشێکیان لەلایەن لێپرسراوێکەوە، هەندێکیشیان خۆبەخش بۆ خۆبردنە پێشەوە ئەو کارەیان دەکرد.

زۆر کەس بەهۆی ڕاپۆرتنووسینەوە گیرۆدەی سزا دەبوون و لەئەنجامی بەرگەنەگرتنی سزادا خۆیان دەربازکردووە و ڕادەستی ڕژێم یان لایەنێکیتری شۆڕش بوون، ئەوانە هەموویان لە یەک ئاستدا نەبوون، جاری وا هەیە کەسەکە بۆ پرسیارێک یان لێپێچینەوەیەکی سەرپێیی بانگکراوە ئەو کەسە سڵێکردووەتەوە و ڕۆیشتووە و تووشی هەڵە بووە.

جاری وابووە بانگکردن و لێپێچینەوە لەلایەن کەسانی تووندڕەوەوە کراوە بووەتە هۆکاری دڵشکاندن و پشتکردنە شۆڕش یان بابەتەکە لە خۆی زۆرتر گەورەکراوە و ناوی کەسەکە زڕاوە و لەناو خەڵکیدا بە خراپیی بڵاوبووەتەوە و نەتوانراوە بە ئاسانیی چارەسەربکرێ.

زۆرتر ڕاپۆرت لەسەر بابەتی سیخوڕیی و پێوەندیی بەدوژمنەوە یان پێوەندیی سێکسیی یان دزیی یان هەر بابەتێکیتر بەرزکراوەتەوە، کە لە دوو ئاستدا بینراوە: ڕاپۆرتی ڕاست و ڕاپۆرتی درۆ، کە بۆ مەراییکردن و خۆبردنەپێشەوە بووە.

ڕاپۆرتنووسیی هەندێجار دەچێتە خانەی سیخوریییەوە، دوژمن کەسێک لەبەرانبەر چەردەیەک پارەدا دەکڕی و بەکاریدەهێنیا بۆ کرکردنەوەی زانیاریی و ئاشکراکردنی نهێنیی شۆڕش و جموجوڵی هێزی پێشمەرگە.

جاری واهەبووە کەسی ڕاپۆرتنووس زانیارییەکانی بە وردیی و شارەزایی و بەڵگەوە نووسیوە ئینکارکردنی بێسوودبووە و کەسی ڕاپۆرت لەسەر نووسراو ناچار دانی بەهەڵەکەیدا ناوە.

زۆرجار چەندە ڕاپۆرتیش لەسەر کەسێکی بەرپرس یان فەرماندە نووسرابێ و ڕاستیشبووبێ بە کەمیی لێپێچینەوە کراوە و بگرە

پشتگوێخراوە، ئەوەی ناخۆشبوو ئەو دەنگوباسانە دەگەیشتە خەڵکیی و هیچ جۆرە ئیجرائاتێک نەدەکرا.

ڕزگارکردنی شارۆچکە

چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشەیدەکرد نەک لەڕووی ژمارەوە، لەڕووی شێوەشەوە، تەنیا بە ڕێگەگرتن لە هێز یان ڕووبەڕبوونەوە یان ڕەبایەگرتن یان چوونە ناوشارەوە نەوەستا، بڵکو پەرەیسەند بۆ گرتنی سەربازگە و بارەگا گەورەکانی هێزە سەربازییەکان و لەهەموویشی گرنگتر گرتنی شارۆچکەکان بوو.

ئەمە ڕژێمی تووشی کێشەی سەربازیی و ئەمنیی کرد کە ناتوانێ پارێزگاریی لە دەسەتداریێتیی خۆی بکات، بۆیە ئەو شوێنانە لەبەردەم هێرشەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەکەوت و لە دەستی دەردەچوو، ئەمە خۆی لەخۆیدا گۆڕانێگی کاری پێشمەرگانە بوو ڕژێم لێیدەترسا.

ڕاستە ڕژێم بە شەڕی ئێرانەوە خجڵبوو، بەڵام ئەوەندە هێزیشی لە سوپا و جەیشەعبی و جاشی زۆروزەوەندی کورد هەبوو، ئەوەندە چەکوچۆڵەی قورسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە بەو ئازایەتیی و چاونەترسییەیان هێرشیان بۆ هەر کوێیەک بکردایە دەستیان بەسەردادەگرت و دوژمن دەکەوت.

هەر شارۆچکەیەک لەو شارۆچکانە هێزی ئەمنی و سەربازیی و جەیشەعبی و جاشی تیابووە و بە ڕەبایە تەنرابوو، سیخوڕی زۆر کاریاندەکرد، کەچی پێشمەرگە بە هاوکاریی ڕێکخستنەکانی ناوشار دەیاتوانیی ئەو هەموو تەلبەندانە ببڕن و بگەنە قوواڵایی و هەموو شوێنەکان بگرن و زیانی فراوان لە ڕژێم بدەن و دەستکەوتی زۆر خڕبکەنەوە.

هێزی پێشمەرگە ئەمەیان بە قارەمانێتیی خۆیان دەکرد، شارەزاییان لەشەڕکردنەکانەوە پەیادەکرد، بە هیچ شێوەیەک شێوەی شەڕی

ناوشاریان فڕنەکرابوو، لە هیچ شوێنێک خولیان نەبینیبوو، بگرە بە زۆریی ئەفسەریی سەربازیش لەشۆڕشدا کەمبوون تا فڕیانبکەن، ئەمە بە سەلیقەی خۆیان و گیانی لەخۆبوردوویی و چاوقایمی لە هەڵکوتانسەر پێگە قایمەکانی ڕژێم دەکرا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهێزیی و پڕکێشیی و جەربەزەیی لە گرتنی شوێنە سەختە و قایمەکاندا بوو، زۆر لە مانەوە و سەنگەرگرتن بێزاربوون، هەمیشە حەزیان لەوەبوو لە سنوورەکانی خۆیاندا چالاکیی بکەن، کەچی حەملە بۆ شوێنەکانیتر بەرۆکیدەگرتن.

بۆ گرتنی شارۆچکە دەبوا کۆمەڵێک خاڵ ڕەچاوبکرێ وەکو: تۆپخانە بۆ پاڵشتیی هێرشی پێشمەرگەکان، دابینکردنی تەقەمەنی پێویست، کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە تا لەهەموو کەلینەکان ئاگاداربن، بوونی هێزی یەدەک بۆ کاتی ڕووداندی کێشە لەبەرنامەکەدا، سزادانی هەرکەسێ کەمتەرخەمیی بنوێنێ.. هتد.

لاپەڕەکانی مێژووی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پڕیەتی لەو داستانە گەورانەی ڕزگارکردنی شارۆچکەکان بە خوێن و دلێریی پێشمەرگە تۆمارکراون وەکو:

*بۆ یەکەمجار تیپی ٥١ی گەرمیان سالّی ١٩٨٢ هەوڵی گرتنی شارۆچکەی نەوجوولی دا، بەهۆی کەموکورتی لە نەخشەی گرتنەکەدا نەتوانرا سەرکەوتن بەدەستبهێنرێ.

*ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٠ شارۆچکەی بێتواتە بە سەرپەرشتیی مام جەلال ئازادکرا.

*ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٩ بەشی زۆری شارۆچکەی سەنگاو لەلایەن هێزەکانی مەڵبەندی یەکەوە گیرا، بەهۆی هەندێ کەموکوڕی لە بەرنامە و پلانی گرتنەکەدا نەتوانرا بە تەواویی پاکبکرێتەوە.

*ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢ شارۆچکەی کارێزە لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە ڕزگارکرا

*شەوی ٢٠- ١٩٨٦/١٢/٢١ جارێکیتر پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک هێرشیانکردەوە بۆ شارۆچکەی سەنگاو، ئەمجارەیان شارۆچکەکە پاککرایەوە، بەڵام نەتوانرا سەربازگە و مەرکەزەکەی کۆنترۆڵبکرێن.

*هەر لە ساڵی ١٩٨٦ بەرنامەی گرتنی شارۆچکەی ماوەت داڕێژرا، کەچی پەلاماری دوژمن بۆ ناوچەکە ئەو بەرنامەیەی پەکخست.

*شەوی ١٩-١٩٨٧/٤/٢٠ هێزەکانی مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هاوبەشیی لایەنەکانی حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی هێرشیانکردەسەر شارۆچکەی قەرەداغ، لە ماوەی سێ کاتژمێردا شارۆچکەکە و رەبایەکانی دەوروبەری گیران و ناوچەکە لە دوژمن پاککرایەوە.

*ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٩ هێزەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتیی شارۆچکەی تەقتەقیان لە دوژمن پاککردەوە.

*ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١ لەلایەن هێزەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتیی شارۆچکەی دێگەڵە ڕزگارکرا.

لەهەموو ئەم شەڕ و چالاکییانەدا زۆر لە چەک تەقەمەنی و کەرەستە و کەلوپەلی سەربازی و دامودەزگا حکومیی و سەربازیی و ئەمنییەکان دەستکەوتی پێشمەرگە بوون، جگەلە کوشتن و دیلکردنی ژمارەیەک لە پیاوەکانی ڕژێم ئەویش بە خوێنی کۆمەڵێک پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمان.

*لە مانگی ١٩٨٧/٩ شارۆچکەی هیران لەلایەن هێزەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتیی ڕزگارکرا.

*لەلایەن هێزەکانی گەرمیانی حیزبی شیوعیی عێراقەوە شارۆچکەی نەوجوول ڕزگارکرا.

گرتنی شارۆچکە لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەرنامەسازیی شەڕی پێشمەرگانە بوو، کە لەهەموو شوێنێکدا دوژمن وەری دەڕووخا و پێشمەرگە سەردەکەوتن..

ساڵی ١٩٨٧ ساڵێکی نموونەیی سەرکەوتنی چالاکییە گەورەکان بوو، کە بە دەست و پەنجەی رەنگینی فەرماندە و پێشمەرگەکان تابلۆی سەرکەوتنەکان بە خوێنی قارەمانەکان دەنەخشێنرا.

ڕزگاریی نیشتمانیی

مارکس دەڵێ: گەلێک گەلانیتر بچەوسێنێتەوە ناتوانێ خۆی ئازادبێ!

ڕزگاریی نیشتمانیی واتە ڕزگارکردنی خاک لە چنگی دوژمنی داگیرکەر، ئەو دوژمنەی تەنیا لۆژێکی پەلاماردان و ژێردەستەکردنی میللەتانیتر و خەڵکیتر لە ریگەی هێزەوە دەزانێ، دوژمنێک دیالۆگی ڕێککەوتن ناسەلمێنێ!

مەسەلەی ڕزگاریی نیشتمانیی لای مارکسییەکان مەسەلەی ڕزگاربوونە لە ئیمپریالیزم، ئەمەش لە دیدێکی سۆسیالیستییەوە هاتووە نەک لە دیدێکی ناسیۆنالیستیی! شۆڕشی ئوکتۆبەر ڕووداوێکی گرنگبوو لەسەر ئاستی هەموو جیهان بۆ سەرخستنی دەنگی گەلە چەوساوەکان و ڕزگاربوون لە داگیرکاریی و بێدادیی و ستەمکاریی، گیانی شۆڕشگێڕیی و ڕزگاریی نیشتمانیی لای گەلانی ژێردەستە بووژانەوە و بۆ ئازادیی هانیدان.

دروستبوونی دەوڵەتی سۆڤیەتیی هیوایەکی بە دەوڵەتانی داگیرکراو و گەلانی ژێردەستە دا، کە بە دەست داگیرکەرە ئیمپریالییەکانەوە دەیانالاند! تەنانەت لینین کۆماری سووری بۆ کورد دامەزراند، زۆری نەبرد دوای ئەو ستالین دەستی نایە بینی ئەو کۆمارە و خنکاندی وەکو زۆر شتیتری لینینی لەناوبرد!

شۆڕشی ئوکتۆبەر تەنیا لە سنووری یەکێتیی سۆڤیەت قەتیس نەبوو، کاریگەرێتیی لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و عێراق و کوردستانیش هەبوو، کە هەواڵەکانی شۆڕشەکە بەتایبەتیی لەلایەن ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕانەوە دەگەیشت، تەنانەت سۆنی حاکمی بەریتانیی ناڕەزایی لە کاریگەرێتیی سەرکەوتنی بەڵشەفیکەکان لەسەر خەڵکی بەغداد و

سلێمانیی دەربڕیوە.

بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکەر ڕێگای جۆراوجۆر هەیە:

- ڕێگای خەباتی دیبلۆماسیی
- ڕێگای خەباتی چەکداریی..

لە خەباتی دیبلۆماسیدا چەندین شێواز هەیە: خۆپیشاندان، مانگرتن، دەرکردنی بەیاننامە، هەڵواسینی دروشم و داکوتانی پۆستەر، دروستکردنی ڕێکخراوی شارستانیی و جەماوەریی، ئەمانە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ڕۆڵی خۆیان دەبێ، کەچی لە عێراقێکی دیکتاتۆریی نادیموکراتیی ئەوەندە مرۆڤدۆست نەبووە بەو ڕێگایانە گوێ لە خەڵکیی و داخوازییەکانیان بگرێ، بەڵکو هەموو هۆیەکانی سەرکوتکردنی بەکارهێناوە بۆ دامرکانەوەی کەفوکوڵی داخوازییەکان، هەرکاتێکیش لەگەڵ شۆڕش گفتوگۆکرابێ وەکو یارییەک بۆ کاتکوشتن و خەریککردنی هێزی پێشمەرگە و فریودانی شۆڕش بووە، ئامادەنەبووە هیچ شتێک بۆ کورد بسەلمێنێ! کوردیش دوای داخستنی هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بە مافی ڕەوای زانیوە پەنا بۆ خەباتی چەکداریی بۆ بەرگریی لەمانەوە و شناسی نەتەوایەتیی خۆی ببات!

کورد لەکۆنەوە ڕێگەی بەرگریکردنی لە مانەوەی خۆی گرتووەتەبەر و پەنای بۆ هێزە ڕزگاریخوازەکان بردووە بەهانایەوە بێن بۆ ڕزگاربوون و دەربازبوون لە کۆت و کەلەپچەی ژێردەستەیی هاوکارییکەن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییان بە ڕەوا داناوە و پشتیوانیی گەلانی ئازادیخوازیان کردووە، بەڵام لە عاستی کورد و دۆزەکەیدا نەیانتوانیوە داگیرکەرەکانی کورد ناچاری یاسا نێودەوڵەتییەکان بکەن! یاسای نێودەوڵەتیی ڕەوایی بە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی داوە نەک هەر بە شێوەی ئاشتییانە، بەڵکو بە شێوەی چەکداریش..

شێخ مەحمودی حەفید لە ڕێگەی قونسوڵخانەی ئازەربایجان نامەی بۆ سۆڤیەت ناردووە، کە هەموو کوردێک ڕووس بە ڕزگارکەری ڕۆژهەڵات

دەزانـن، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی سـۆقیەتی لەپێنـاوی بەرژەوەندیـی تایبەتیـی خۆیـان لایـان بـە لای ئـەو داوایـەی شـێخ مەحمودەوە نەکردووە و وەڵامیشـیان نەداوەتـەوە!

لـە شۆڕشـی ئەیلولدا دەنگی شـۆڕش و کـورد دەگەیەنرایـە گوێی وڵاتانی ئاشـتیخواز و دەوڵەتانـی بێلایـەن و تەنانـەت زلهێزەکان خۆشـیان لـە رێگای دەزگا هەواڵگری و سـیخوڕییەکانیانەوە ئاگایـان لـە ڕووداوەکانـی کوردسـتان و سـەرکوتکارییەکانی ڕژێمـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی عێـراق بـوو، لەپێنـاوی بەرژەوەندییەکانیـان چاوپۆشـییان لەهەمـوو تاوانەکانـی جەنـگ دەرهـەق بـە کـورد دەکـرد.. ئیتـر خەباتی چەکداریـی بژاردەی یەکـەم و لەپێشـینەی کـورد بـووە، لەهەمـوو قۆناغەکانـدا حیزبەکانـی کوردسـتان چەکیـان بـۆ مانـەوەی کـورد هەڵگرتـووە بەتایبەتیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، دوای ڕۆژگاری تاریکیـی ئاشـبەتاڵ دروشـمی ڕزگاریـی نیشـتمانیی دیموکراتیـی دریژخایەنـی بەرزکردەوە و خـۆی بـۆ خەبـات و ڕزگارکردنـی کوردسـتان راگەیاند، دوای ئـەوەش دروشـمی مافـی چارەی خۆنووسـینی کـردە بەردەبـازی گەیشـتن بـە ئاواتەکانـی.

ئـەوەی مایـەی سـەرنجە هەمیشـە دوژمنـە داگیرکـەر و چەوسـێنەرەکانی کـورد مەسـەلەی ڕزگاریـی نیشـتمانیی و خەبـات لەپێنـاوی ئازادیـی و مافـی چـارەی خۆنووسـینیان بـە کاری تیرۆریسـتیی و نـاڕەوا دانـاوە، سـەرکوتکردن و کوشـتارەکانی خۆیـان بـە ئەرکی پاراسـتنی دەوڵـەت زانیـوە! ئەمـەش پێوەندیـی بـە بەرنامـەی ڕەگەزپەرسـتیی دەسـەڵاتی فەرمانـڕەوا و نەخوێندنـەوەی پێکهاتەکانیتـری عێـراق بـووە.

ئـەوەی سـەلمێنراوە میللەتانـی مـاف پێشـێلکراو لەلایـەن داگیرکەرانـەوە هەرگیـز بێدەنـگ دانانیشـن، خەڵکـە هۆشـیارەکان و حیزبـە شۆڕشـگێڕەکان ئەرکەکانـی خۆیـان لەهـەر ڕێگەیەکـی گونجـاوەوە بێـت دیبلۆماسـیی یـان چەکداریـی جێبەجێدەکـەن، مێـژووش سـەلماندوویەتی کـورد ناتوانـێ لەبەرانبـەر پلانەکانـی ئەتککردنـی دوژمنـان نەیەتـە وەڵام، ئەگەرچـی هەلومەرجـەکان زۆربـەی جارەکانـی تووشـی تەگـەرە و نوشووسـتیی

کـردووه، بـەڵام هەڵسـاوەتەوە و کاروانـی بـەرەو هـەوراز هـەر بەڕێوەیـە!

زیندان

زینـدان بینایەکـی قایموقۆڵـە، دیوارەکانـی بتـەون، چەندیـن ژوور و هۆڵـی تیایـە بـۆ بەندکردنـی تاوانبـاران، لەیاسـادەرچووان، خراپـەکاران، خەڵکانـی سیاسـیی و بەرهەڵسـتکاری دەسـەڵات.. هتـد.

زینـدان ئـەو شـوێنەیە ئازادیـی مـرۆڤ کەلەپچەدەکـرێ و لـە مافەکانـی رووتدەکرێتـەوە و هەڵسـوکەوتی لەنێـوان چواردیواریکـدا قەتیسـدەکرێ.. نـەک بێتـاوان تەنانـەت تاوانباریـش زیندانـی پێخۆشـنییە.

هـۆکاری دروسـتکردنی زینـدان بـۆ چاککردنـی کەسـی خراپـەکار، ئەنجامدەرانـی تـاوان، لـە یاسـالادەرانە.. زیندانـە ئاسـاییەکان کـە بـۆ سـزادانی تاوانبارانـی ئاسـایی کـەس قسـەی نییـە، ئـەوە حوکمـی یاسـایە بەرانبـەر هەڵـە و تاوانەکانـی مرۆڤـەکان دەگیرێتەبـەر، بـەڵام زیندانـە نائاسـاییەکان کـە بـۆ سـزادانی خەڵکانـی سیاسـیی یـان خـاوەن بیروبـاوەڕی جیـاواز ئـەوە مایـەی تێڕامـان و هەڵوێسـتەکردنە، ئەمجـۆرە زیندانیکردنـە قورخکردنـی ئـازادی و بیروبۆچوونـی مرۆڤـە کـە مافـی خۆیەتـی چـی و چـۆن دەکات، بـەڵام دەسـەڵاتە دیکتاتۆرییـەکان ئـەو مافـە لـە خەڵکیـی وەردەگرنـەوە.

هەندێـک کـەس زینـدان بـە قوتابخانـە دەزانـن، ئەمـە بـۆ کەسـانی حوکمـدراوی ئاسـایی وایـە، کـە دوای بەربوونـی لـە رەفتارەکانـی پێشـووی پەشـیماندەبێتەوە و هەڵسـوکەوتی ئاسـاییدەبێتەوە، بـەڵام بـۆ زیندانـی سیاسـیی وانەیەکـی گـەورەی خۆڕاگرییـە بـۆ تێکۆشـەرەکان کـە لەبـەردەم دوژمنـدا چۆکدانـەدەن و لـە کاروانـی خەباتـدا نەوەسـتن.

لەعێراقدا زۆر زیندان هەبووە، لـە بەغدای پایتەخت و هەمـوو پارێزگاکان و قەزاکانـدا، خەڵکیـی دەگیـران و ئەشـکەنجەدەدران، لـە سـەردەمی بەعسـدا جگەلـە زیندانـی ئاسـایی دوو جـۆر زیندانیتـر هەبـوو: زیندانێکـی ئاشـکرا کەسـەکان دوای دادگاییکـردن مـاوەی حوکمەکەیـان بەسـەردەبرد، زیندانێکـی

نهێنیی خەڵکی تێکۆشەر و ئۆپۆزیسیۆنی دژە بەعسی تیادەگیرا و دواتر سەرنگومدەکرا.

ئەمجۆرە زیندانەی دووەم بۆ گرتن و بەندکردنی خەڵکانی سیاسیی و خاوەن بیروباوەڕی جیاوازی دژی دەسەڵات دروستدەکرا بە مەبەستی لەناوبردنیان و کوشتنی دەنگی ئازاد و هەڵوێستی ئازا.

دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان چونکە بە پیلان هاتوونەتە حوکم هەمیشە لە خۆیان دەترسن، لەهەموو شتێک سڵدەکەنەوە، بۆیە پەنا بۆ هێز دەبەن بۆ مانەوە، بە هەزاران جەللادی پیاوکوژ دروستدەکەن بۆ پاراستنی پێگەی حوکمڕانییان، هەرکەسێ لە پێستی خۆیشیدا بجوولێتەوە قەڵخیدەکەن تەنانەت سانسۆریان لەسەر سەرکردە و کادیر و ئەندامانی خۆیشیان دادەنا، بە هەزاران سیخوڕیان بۆ ناوە و دەرەوەی حیزب دروستکردبوو، بۆیە بە سەدانیان لە سەرکردە و پیاوەکانی خۆشیان سەربڕی و ونکرد.

گیراوەکان لە دادگایەکی سەربازیی قەرەقوشیانە سزادەدران، بەبێ ئەوەی تاوانێکی بەرچاویان کردبێ جگە لە نەیارێتی دەسەڵات، دادوەرەکان بێویژدانانە بڕیاریاندەدا، گرنگ ئەوەبوو کێ بەعسی نەبوو ئیتر مردنێکی ڕەش چاوەڕوانیدەکرد..

لەزیندانـدا چەندین ژووری جیاجیا بۆ بەندکردنی گیراوەکان هەبوو: ژووری تاکەکەسی کە بۆ خۆی گۆڕێکی ناخۆشبوو، ژووری چەند کەسیی کە دیسانەوە تەنگەبەربوو، ژووری بەکۆمەڵ.

لەزیندانـدا دەیەها جۆری ئەشکەنجە بەکاردەهات، کە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤایەتی لەبەرچاو نەدەگیرا، دڵی جەللادەکان بەردێکی ڕەقبوو، هەست و سۆزی تیانەبوو، وا ڕاهێنرابوون بەزەییان نەبێ! لەوانەش: هەڵواسین، کارەبالێدان، بۆتڵ تێبڕین، ئاوکردنە ژێر، تینووکرد، برسیکردن، مێرووڵەتێبەردان، خوێکردنە برین، سووتاندنی لەش، زنجیرکردن، نینۆکدەرهێنان، بەسەر بزماردا ڕاکێشان، دەیانیتر..

بەعس کۆمەڵێک زیندانی بەدناوی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا دروستکردبوو بۆ کوشتن و گوللەبارانکردن و لەسێدارەدان و حوکمدانی

قـورس لەوانـە: هەیئـەی کەرکـوک، هەیئـەی موسـڵ، ئەمنـی عامـە، قەسـری نیهایـە، جگەلـە زیندانەکانـی ئەمنـی پارێـزگا و قـەزاکان، لەهەموویـان بەدناوتـر زیندانـی ئەبوغرێـب، بـەڵام هەمیشـە زیندانەکانـی تۆپـزاوا و تکریـت و نوگـرە سـەلمان گۆڕسـتانی بێسـەروشـوێنکردنی هـەزاران کـوردی بـێ تاوانـی ئەنفالکراوانـن بـە دەسـتی نەسـەقچییەکانی سـەدامی خوێنمـژ.

حوکمەکانـی زیندانیکـردن لەکەسـێکەوە بـۆ یەکێکیتـر جیابـوو، حوکمـی هەتاهەتایـی، ١٥ سـاڵ، ١٠ سـاڵ، ٥ سـاڵ و بـەرەو خـوار، نـەک هـەر پیـاو بەڵکـو ژن و لەهەنـدێ باریشـدا منـاڵ حوکمـدەدرا، هەروەکـو چەنـد جـۆری حوکمـدان هەبـوو: حوکمـی سـووک، حوکمـی قـورس، حوکمـی تایبـەت، حوکمـی هەتاهەتایـی.. هتـد.

دادگاییـەکان نارەوایانـە دەکـرا، هەبـوو هیـچ جـۆرە دانپیانانێکـی نەبـوو لەسـێدارە یـان حوکمـدەدرا، هەبـوو دانپیانانیشـی هەبـوو هـەر لـە سـێدارە یـان حوکمـدەدرا، هەشـبوو بـەر لێبـوردن دەکـەوت یـان بـە واسـیتە ڕزگاردەبـوو، هەشـبوو لەژێـر ئەشـکەنجەدا دەمـرد یـان لـە مـاوەی حوکمەکەیـدا لەزیندانـدا دەمـرد.

لەزیندانـدا هـەر لێـدان و هەڵواسـین و ئەشـکەنجەی جۆراوجـۆر نـەدەدرا، بەڵکـو لـەڕووی خـواردن و خواردنـەوە و شـوێنی مانـەوە و کەلوپـەل و پێداویسـتی سـەرما و گەرمـا بێبەشـبوون وەکـو مـرۆڤ مامەڵەنەدەکـران.

زیندانەکانـی ڕژێمەکانـی عێـراق هەمیشـە سـیخناخبوون لـە کەسـایەتیی کـورد کـە داوای مافـی کوردیـان کـردووە یـان ئـەو کەسـانەی کـە جیـاواز لـە دەسـەڵاتی حوکمڕانیـی بیریانکردووەتـەوە.

لەزیندانـدا هەبـوو بـە ئەشـکەنجەی زۆریـش نهێنییەکانـی نەدەدرکانـد تـا شـەهیدەکرا یـان دواتـر لەسـێدارەدەدرا، هەشـبوو بەرگـەی ئەشـکەنجەی نەدەگـرت و نهێنییەکانـی ئاشـکرادەکرد و خەڵکیتـری تووشـدەکرد، دواییـش هـەر لەسـێدارەدەدرا، هەشـبوو دوای هەمـوو هەوڵێـک هیچـی نـەدەوت و ئازاددەکرا، هەشـبوو دوای دانپیانـان و پاکانەکردن ئەمنـی زینـدان دەیانکـردە هەواڵـدەر و چاودێـر بەسـەر زیندانییەکانیتـرەوە.

هەندێجار زیندانییە حوکمدراوەکان هەوڵی راکردنیان دەدا بە شکاندنی زیندان یان دیواربڕین یان کونکردن لەژێرزەویدا، کە دوای راکردن دەستگیردەکرانەوە و لەسێدارەدەدران. بۆ نمونە چەند جارێک لە زیندانی موسڵ ئەو هەوڵانە دراوە.

زیندان دوو دیوی هەیە: دیوێکی تاریک کە ڕژێمێکی پیاوکوژ سەروکاریی دەکرد، مرۆڤ لە ئازادی و ئیرادەی خۆی ڕووتدەکرایەوە، ئازاری دڕندانە دەدرا تا هیلاکبوون و مردن، دیوێکی گەش کە مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان دیرۆکی شانازییان دەنووسییەوە، بە خوێن و ئارەقە و ئازار بەرەنگاریی دیکتاتۆرییەت دەبوونەوە و ملکەچی بڕیار و حومکەکانی نەدەبوون بە مەرگیان ژیانیان بۆ گەلەکەیان دەڕازانەوە.

هەندێک کەس دوای دەرچوون لە زیندان کە دەستەبەریان لێوەردەگیرا وازیان لە کاری نهێنیی دەهێنا، بەڵام تێکۆشەرە پەرۆشەکانی خەبات تێهەڵدەچوونەوە، لە هەڕەشەوگوڕەشەی دوژمن باکیان نەبوو، هەبوو بۆ جاری دووەمیش دەگیرایەوە.

زیندان لە سەرەتای گرتندا بەتەنیا شوێنی ئەشکەنجەدان و لێدانی جەستەیی نەبوو، بەڵکو لەڕووی دەروونیشەوە عەزیەتدەدران: شوێنی نووستن تەنگەبەربوو، خواردن و خواردنەوە خراپبوو، خۆشووشتن دەگمەنبوو، سەراوکردن ناڕەحەتبوو، سەردانیکردن نەبوو، هیچ هەواڵێکی دەرەوە نەدەزانرا.

لەدوای دەرچوونی حوکم بۆ ئەوانەی دەمانەوە زیندانییەکان دەکەوتنە باریکی ئارامییەوە، ئەشکەنجە نەدەدران، شوێنیان خۆشتر و فراوانتربوو، جموجووڵیان لەناو هۆڵ و حەوشەدا هەبوو، دەیانخوێندەوە، وانەی نەخوێندەواریی دەوترایەوە، وەرزش و یارییاندەکرد، فێری هەندێ پیشەی رستن و چنین و کاری دەستڕەنگینی دەبوون، لەگەڵ لایەنەکانیتردا دەکەوتنە گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسییەوە، هەندێجاریش گەر کێشە ڕوویدابا بۆ عەمەلشەعبی وەکو سزا دەبران.

هەروەها ئەو تێکۆشەرە حوکمدراوانە شانەی حیزبیی خۆیان

دروستەکرد، بابەتی فیکریی، سیاسیی باسەکرا، بیروڕای خۆیانیان دەردەبڕی، لە ڕێگەی سەردانیکردنەوە هەواڵەکانی دەرەوەیان پێدەگەیشت.

زیندانی ڕژێم

یەکێک لە شتە ترسناکەکانی ڕژێمی تۆتالیتاریی بەعس زیندان بوو، مەبەست زیندانیی سیاسییە، کە خەڵکی بێتاوان و خاوەن بیروباوەڕی جیا دەخزێنرانە ناویەوە، لەوێ بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕین لە پرسیارکردن و لێپێچینەوە و ئەشکەنجەدانی جۆراوجۆر لە کێبڵ و کارەبا و سۆندە و هەڵواسین و.. هتد، تا دەگاتە لەسێدارەدان یان حوکمدانی جیاجیا، ئەمە جگەلە نەبوونی خواردن و ئاو و جگەرە و پێداویستییەکانیتر وەکو پێویست.

بۆیە زیندانەکانی ڕژێمەکانی عێراق لەهەموو سەردەمەکاندا بەتایبەتیش سەردەمی بەعس ناوبانگی خراپیان هەبووە، چونکە جێگەی لێدان و ترس و تۆقاندنی لەئەندازەبەدەر بوون، هەرکەسێ چووبێتە زیندانەوە یادەوەریی تاڵی هەبووە لەبارەی مامەڵەی نامرۆڤانەی دەسەڵاتی زیندانەوە تا رادەی مردن، تەنانەت زۆرجار سەردانیکردنی کەسوکاریش لە زیندانییەکە قەدەغەکراوە و خاوەنەکەی بەدەم ئازاری دیارنەمانی زیندانییەکەیەوە نالاندوویەتی یان دوای کوشتنی تەرمەکەی نەدراوەتەوە ئەگەر درابێتیشەوە ئەوا پارەی کفن و ئەو فیشەکانەشی پێیانکوشتووە لە خاوەنەکەی وەرگیراوە و ئاگادارکراونەتەوە نابێ پرسەی بۆ دابنرێ.

ئەو زیندانییانە هیچ هەڵە و تاوانێکیان نەکردبوو تەنیا پابەندی دەسەڵاتی بەعس نەبوون و کار و چالاکیی سیاسیی خۆیان کردووە و باوەڕیان بە چارەنووسی کورد هەبوو، بۆ دواڕۆژی کورد خەباتیاندەکرد و ملیان لە چەقۆ دەسوو و لە زیندان و سێدارەدان و مردنی بەعسییانە کۆیاننەدەردەوە.

کە بەعس باوەڕی بە دیموکراسیی نەبێ، دەیویست هەموو دەسەڵاتێک

هـی خـۆی بـێ و کـەس لـە دەرەوەی کۆزەکەیـدا نەبـێ بۆیـە هەرکەسـێ پێچەوانـەی دەسـەڵات و بڕیـارە قەرەقوشـییەکانی ببوایەتـەوە لەلایـەن جەلادەکانیـەوە راوەدوودەنـران، ڕێگەیـان لێدەگیـرا، هەناسـەی هەڵوێسـتیان دەبـڕا و خێـوی گرتـن و زیندانیکـردن دەیتاسـاندن.

ڕژێـم چەندیـن جـۆری زیندانـی هەبـوو وەکـو: زیندانـی تاکەکەسـیی، زیندانـی چەنـد کەسـیی، زیندانـی بەکۆمـەڵ کـە شـوێنی حوکمـدراوەکان بـوو.. ژووری زیندانـی تاکەکەسـیی یـان چەندکەسـیی پێـش حوکمـدان بچـووک و تاریـک و شـێدار تەنیـا دەلاقەیەکـی بچـووک لەدەرگاکەیـدا هەبـوو، زیندانیـی لـەم شـوێنەدا ژیانـی لەبەرچاودەکـەوت، ئەگـەر وەرە و بیرباوەڕەکـەی نەبوایـە هەرگیـز بەرگـەی ئـەو شـوێنە خنکێنـەرەی نەدەگرت، یەکێـک لـە کارە نابووتەکانـی بەعـس شـکاندنی شـکۆی ئـەو مرۆڤانـە بـووە تـا خۆیـان رادەسـتی دوژمـن بکـەن و بـە زۆر دان بـە کارەکانیانـدا بنێـن کـە هاوکاریکردنـی شـۆڕش و بەشـداریکردن لەڕێکخسـتنەکاندا بـوو، بـەڵام ئـەو قارەمانانـە ئامادەنەبـوون خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن و ڕێکخسـتن و ڕێکخـراو و حیزبەکەیـان بخەنـە مەترسـییەوە، کەمتریـن کـەس لەچـاو ڕێژەی زیندانییـاندا دانپیانانیـان هەبـووە کـە نەیانتوانیـوە خۆڕابگـرن.

هـەزاران مرۆڤـی کـورد لـە ڕێکخسـتنە جیاجیـاکان بەتایبەتیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان تێکۆشـەرانێکی زۆر و پێشـمەرگەیەکی فـرەی بـەر دەسـتی ڕژێـم کەوتـوون و بـە زیندانـە بەدناوەکانـی بەعسـدا تێپەڕیـون و هەمـوو جۆرەکانـی سـزا و ئازارەکانـی دەسـتی نەسـەقچییەکانیان بینیـوە، هەیانـە لەئەشـکەنجەداندا دەرنەچـووە و گیانـی سـپاردووە، هەشـیانە بەرگـەی هەمـوو چەرمەسـەرییەکانی گرتـووە و دواتـر یـان حوکمـدراوە یـان لەسـێدارەدراوە تەنانـەت هەنـدێ لـەو شـەهیدانە تەرمەکانیـان بـە خاوەنەکانیـان نەدراوەتـەوە و ئێستاشـی لەگەڵدابـێ گۆڕیـان ونـە.

دیوارەکانـی زیندانـەکان گەواهیـی هەمـوو تاوانەکانـی ڕژێـم بـووە، کـە زۆر زیندانیـی شـتیان نووسـیوەتەوە کـە حیکایەتـی ئـەو خەڵکانەیـە بەگـژ دەسـەڵاتی تۆقێنـەردا چوونەتـەوە و نەترسـانە هەمـوو داپڵۆسـینێکیان

رەتکردووەتـەوە.

زیندانەکانـی بەعـس داسـتانی بەرگریـی هەزارەهـا کەسـیان تۆمارکـردووە و لەوانەیـە لـە زیندانـی وڵاتانیتـر بەدناوتربـێ، ڕێوشـوێنی توندوتیژیـی نەمـاوە پیاوەکانـی بەعـس نەیانگرتبێتەبـەر بـۆ تەفروتووناکردنـی وزەی مرۆڤـە تێکۆشـەرەکان کـە کاریـان بـۆ ڕزگاریـی مـرۆڤ و نیشـتمان کـردووە لـە دەسـت دیکتاتۆرییـەت و حوکمـی ئاگـر و ئاسـن.

ڕژێمـی بەعـس هـەر پیاوانـی نەخسـتووەتە زیندانـەوە، بەڵکـو ژنـە تێکۆشـەرەکانی حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان یـان ژن و دایـک و کـچ و خوشـکی پێشـمەرگەش کەوتوونەتەبـەر پەلامـاری دڕندانـەی دەزگا ئەمنییـە داپڵۆسـێنەرەکان و لەنێـوان چواردیـواری ئـازاردا ڕۆژگاریـکی تفتوتاڵیـان بـە ئازایەتیـی و خۆڕاگریـی بەسـەربردووە وەکـو پێشـمەرگە بەرگەیـان گرتـووە و لـە دوژمـن نەپاڕاونەتـەوە.

زیندانی شۆڕش

زینـدان بەپێـی یاسـا بـۆ تەمبێکردنـی خەڵکانـی لاسـار و کەتنکـەر و لەیاسـادەرچوو کـە زیـان بـە بەرژەوەندیـی گشـتیی بگەیەنـن دروسـتدەکرێ.. هەرکـە نـاوی زینـدان دێـت وا هەسـتدەکرێت مـرۆڤ مافـی پێشـێلدەکرێت و ڕێگـە لـە ئازادیـی دەگیـرێ.

زینـدان لەهەمـوو وڵاتـە دیکتاتـۆری و دیموکراسییەکانیشـدا هەیـە، ئەوەنـدە هەیـە لـە وڵاتـە دیکتاتۆرییـەکان ئازادیـی قورخدەکـرێ و ئـازار و ئەشـکەنجە و بێڕێزیـی بەرانبـەر بـە زیندانیـی دەکـرێ بەتایبەتـی ئەوانـەی لەسـەر سیاسـەت و بیـروڕای جیـاواز دەگیرێـن کـە لـە ژووری تاکەکەسـیی دادەنرێـن و شـەڕی دەروونییـان لەگەڵـا دەکـرێ و خواردنیـان وەکـو پێویسـت نییـە و جۆرەهـا ئامـرازی تۆقێنـەر بەکاردەهێنـرێ تـا دان بـەو تۆمەتانـەی دەدرێتـە پاڵیـان بنێـن، زۆرجاریـش لـە ئەشـکەنجەی تونـددا زیندانیـی گیـان لەدەسـتدەدا، بـەڵام لـە وڵاتـە دیموکراسـییەکان ئەگـەر تونـدوتیژیـش هەبـێ وا

هەستناکرێ ڕێزی زیندانیی وەکو مرۆڤێک دەشکێنرێ، بەڵکو هەوڵیشی لەگەڵا دەدرێ پەروەردە و ئاراستەی باش بکرێ.

هەر حکومەت زیندانی بۆ سزادان دانەناوە، شۆڕشیش لەگەڵ پەیدابوون و گەشەکردن و دروستکردنی بارەگادا بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی خۆی و خەڵکیش بەشی کۆمەڵایەتیی لە سنووری هەموو مەڵبەندێکدا دروستکردووە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان پێویستبوو پشت بە دادگا ببەسترێ، کە خەڵکانی دادوەر و یاساناس پێوەندییان بەشۆڕشەوە کردووە و سوودیان لێوەرگیراوە.. کاتێک دادگا هەبێ بۆ سزادانی تاوانباران زیندانیش پێویستە.

زیندان پێویستی بە کۆمەڵێک شت هەیە: شوێنی زیندان، لێپرسراوی زیندان، شارەزایانی بواری یاسایی، پێشمەرگەی پاسەوان، بەشی ئیدارە و دارایی.. هتد، دیارە زیندان بۆ سزادانی ئەو دیلە چەکدارانەی حکومەت بوو، کە دەست پێشمەرگە دەکەوتن یان ئەو خەڵکانەی پێوەندییان لەگەڵ دوژمندا هەبوو یان ئەو پێشمەرگانەی کارێکیان دەکرد پێویستیدەکرد سزابدرێن و بخرێنە زیندانەوە، هەروەها هەر هاوولاتییەکیش سکاڵای لەسەر هەبووبێ و حوکمدرابێ.. هەر کێشەیەک دادگا بڕیاری سزای تاوانبارێکی بدایە ڕەوانەی زیندان دەکرا، دەمایەوە تا ماوەی سزادانەکەی تەواودەکرد.

لە زیندانی شۆڕشدا بەگشتیی ئەشکەنجەی زیندانییەکان نەدەکرا مەگەر کەسێک لەسەر شتێک بگیرایە و زانیاریی تەواوی لەسەر بوایە و دانی بەتاوانەکەیدا نەنایە ئەوکاتە تەمبێدەکرا تا بە دەمی خۆی تاوانەکەی لەسەر خۆی ساغدەکردەوە.

دوای حوکمدانی زیندانیی ڕێگە بە کەسوکارەکەی دەدرا سەردانییبکرێ و پێویستیی و خواردنی بۆ بهێنرێ، هەندێجار زیندانییەکە کێشەکەی بە سزادانی پارە یان بە کەفالەت چارەسەرکراوە و ئازادکراوە، بەڵام تاوانە قورسەکان حوکمەکەیان جێبەجێدەکرا.

لەشۆڕشدا زیندانی تایبەتیی بە ژن نەبوو، گەر ژن و پیاو لەگەڵ یەکتری کێشەیان هەبوایە ئەوا هەوڵی چارەسەر و یەکلاییکردنەوەی دەدرا، وەکتر ژنەکە دەدرایە دەستی ماڵی ئەنجوومەنی دێ تا کێشەکەی کۆتاییدەهات.

زیندانی ئەبوغرێب

عێراق لەهەموو سەردەمەکاندا و بەتایبەتی سەردەمی سەدام حسێنی دیکتاتۆر وڵاتی فرە زیندان بووە، بەعس ئەوەندە دژی ئازادی و دیموکراسی و بیری جیاوازبووە هەرکەسێ لە دەرەوەی حیزبی بەعس بوایە هەڵیدەکوتایەسەری و دەیگرت و رەوانەی زیندانی دەکرد وەکو شوێنی ئەشکەنجەدان تا بە بەرنامەی بەعس ملکەچ دەبوو ئەویش بوونە پیاوی دەزگا سیخوڕییەکان بوو ئەگەرنا یان لەسێدارەدەدرا یان حوکمدەدرا.

ئەبوغرێب یەکێک لە زیندانە نەگریس و بەدناوەکان بوو، ٣٢ کم لە ڕۆژاوای بەغدایە، وەکو باسدەکرێ ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە دروستکراوە، بۆئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە زیندانییان بگرێ، ئەم زیندانە لەژێر دەسەڵاتی دەزگای ئەمنی عاممەدا بوو.. هەم زیندانی حوکمی قورس و زیندانی حوکمی سووک و ئینجا زیندانی حوکمی تایبەتی تیابوو.. لەم زیندانەدا خەڵکیی لەسێداردەدرا، هەموو کەسوکاری گیراوەکان ئاشنای ناو و شوێنەکەی بووبوون کاتێ دەچوونە سەردانیان، بۆیە لای خەڵکی کورد زیندانی ئەبوغرێب ناوێکی ناسراوبوو.

هەزاران کەس لە عەرەب و کورد و تورکمان و مەسیحی لەئەبوغرێبدا ڕۆژگارێکی تاڵیان بەسەربردووە و بەشێکیان هەر لەناو چواردیواری ئەو زیندانەدا ژیانیان لە دووریی کەسوکاریان بەجێهێشتووە.. بەعس تەنیا رقی لە نەتەوەی کورد نەبوو، بەڵکو رقی لەهەموو بیرێکی پێشکەوتوو بوو، بەعس وەکو حیزبێکی فاشیی تەنیا هەر خۆیی دەبینی، تەنیا سەدامی

لە بیلبیلەی چاویدا هەڵگرتبوو، تەنیا شەڕ و شەڕەنگێزیی دەزانی، ئایین و نەتەوەپەرستیی عەرەبیی بۆ مەرامە گڵاوەکانی بەکاردەهێنا کە لەدواییدا دەرکەوت نە نەتەوەیی بوو نە ئایینداربوو.

بە هەزاران کەسی کورد لە خەڵکی سەربە حیزبە کوردییەکان لەو زیندانە بەدناوەدا سااڵەها ژیانی ناهەمواری بەندکردنیان بردووەتەسەر بەبێ ئەوەی تاوانێکی دیاریکراویان کردبێ جگەلە کورداییەتی کە مافێکی رەوای هەموو کوردێکە بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەی تێبکۆشێ.

زیندانەکانی بەعس بەڵگەی ئەوەبوون کورد دۆزێکی هەیە، بەعس نەیدەویست بە چاوێکی دووربینانەی ژیرانە و بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەرییکات، بەڵکو بە بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگ و زیندانیکردنی تێکۆشەرەکانی کوردستان کۆنترۆڵبکات.

ئەم دەزگایە شوێنی ئەشکەنجەدانی زیندانییان و شوێنی لەسێدارەدانی کەسانی تاوانبارکراو بە سیاسەت و دژایەتیکردنی ڕژێم بوو بۆیە ئەبوغرێب ناوبانگێکی نابووتی هەبوو، پاسەوان و ئینزیباتەکانی زیندان زۆر دڕندە و ستەمکاربوون، جەللادەکان زۆر بەدڵڕەقییەوە لەگەڵ گیراوەکاندا ڕەفتاریاندەکرد، بە جۆرەها زەبروزەنگ و فەلاقەکردن و هەڵواسین و کارەبالێدان سزادەدران دوای دەرچوونیان لە زیندان شوێنەواری ئەو سزادانە بە لاشە و دەروونیانەوە دەردەکەوت، دوای حوکمدانی زیندانیی ڕێگە بە کەسوکاری دەدرا سەردانییکەن و کەرەستە و پێداویستیی بۆ ببەن.

یەکێک لە خراپییەکانی زیندانەکانی عێراق ژوورەکانی ئەشکەنجەدان تەنگەبەر و تاریک و پیس و پڕ لە دەرد و نەخۆشیی بوو،

گیراوەکان فڕێدەدرانە ژووری تەنگەبەری ١م× ١م یان ئاخنینی چەندین کەس لە ژووری ٣م× ٣م.. هتد، بەجۆرێ توانای دانیشتن و خەوتنیان زۆر ئاستەنگبووە.

لای خەڵکی کورد زیندانی ئەبوغرێب ناوێکی ناسراوبوو بەتایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان لەوی زیندانبوون یان لەسێدارەدرابوون، کە بە

هەزاران مرۆڤی کورد لەهەموو حیزب و ڕێکخراوەکان لەوێ ڕۆژگارێکی تاڵیان لەناو چواردیواری ئەوێدا بردووەتەسەر و بە بڕیاری قەرەقوشی بەعسییانە لەسێدارەدراون یان حوکمدراون.

ئەبوغرێب زیندانێکە دیوارەکانی بە خوێنی گیراوەکان سواخدراوە، هەزاران بێتاوان بە جیهانی مردن سپێردراون، وەکو دەوترێ ئەوەش بڕیاری دروستکردنی دابوو چارەنووسی خۆی لەوێ بینییەوە.

وەکو باسدەکرێ بە بڕیاری قوسەی کوڕی سەدام لە یەک ڕۆژدا لە زیندانی ئەبوغرێبدا دوو هەزار کەس لەسێدارەدراون، ئەمەش ئەوپەڕی هۆڤییەتی ئەم جەللادە نامرۆڤە نیشاندەدا کە چۆن مرۆڤی گیراوی زیندانیکراوی بێدەسەلاتی بە کوشتن حوکمداوە و لە ژیان بیبەریکردوون، کە مەرج نییە ئەوانەی گیرابن تاوانیان کردبێ، بەڵکو ڕێککەوتووە لەڕووداوێکدا زۆر کەس تووشبوون لە دەستی جەللادەکانی ئەمن دەربازنەبوون و کوژراون.

سەدام جەللادەکانی لە دەزگا ئەمنییەکاندا وا پەروەردە و ڕاهێنابوو کە دڵڕەق و بێبەزییبن، ئەوەی دەکەوێتە بەردەستیان کە مەترسیی بۆ سەر دەسەلاتی سەدام هەیە دوای ئازار و ئەشکەنجەدان سەریان لە لاشەیان بکەنەوە، ئەمەش ڕادەی ئاژەڵێتیی سەدام و داروەستە و ڕژێمەکەی بوو، کە ئازادیی لەهەموو کەس دەسەندەوە و دەبوا بەپێی بەرنامە و سیاسەتی ئەوان بیربکەنەوە، گرنگ ئەوەبوو سەدام بمێنێ چش لە هەزاران!

زیندانی سیاسیی

زیندانی سیاسیی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەو کەسەی ڕێی لێدەگیرێ و مافی ئەوەی نادرێتێ قسەبکات و هەڵوێستی هەبێ، ناڕەزایی لە دژی مومارەسەی کاربەدەستان و دەسەڵاتداران نیشانبدات، دەگیرێ و زیندانیدەکرێ.

لەعێراقدا زیندانی سیاسیی بەو کەسانە دەوترێت دژی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس وەستابنەوە و لەسەر بیروباوەڕی جیاواز، ڕادەربڕین، ئینتیمای سیاسیی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە گیرابێ و تووندی ژووڕە تاریکەکانی زیندان کرابێ.

لەوڵاتێکدا ڕژێمێکی دیکتاتۆریی فەرمانڕەواییبکات، هەموو کونوکەلەبەرێکی بە هێزی سەربازیی و ئەمنیی بئاخنرێ و ڕێگەنەدرێت جگەلە حیزبە کارتۆنییەکانی خۆی هیچ کەس و لایەنێک هەناسەی ئازادیی بدات، ڕایەکیان لەسەر سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات هەبێ، هەرکەسێ فززەبکات و ناڕەزایی دەربببڕێ دژی بەرنامەکانی دەسەڵات قسەیەک لەسەر کەموکوڕییەکان بکات ئەوە بە لەیاسادەرچوو لەقەڵەدەدرا و ئامرازەکانی سزا و مردنی بەعسییانە چاوەڕوانیدەکرد.

لەکوردستاندا خەڵکێکی زۆر لەسەر سیاسەت و پەیوەستبوون بە لایەنێک لە لایەنەکانی شۆڕش یان هەر حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی دژی ڕژێم دەگیران و لە ڕێگەی دادگاییکردنێکی بێبنەماوە حوکمدەدرا کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بوو.

ڕژێم هەرگیز باوەڕی بە مافی مرۆڤ و ئازادیی نەبوو، نەیهێشتووە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەر بە ژووڕە شاراوەکانی زیندانەکاندا بکەن و ئەو تارماییانە ببینن کە تەنیا هەناسەیاندەدا و لەهەموو شتێک بێبەشبوون تەنیا یەک مافیان هەبوو ئەشکەنجە و ئازاربدرێن!

لەعێراقدا دەیان گرتووخانە بۆ زیندانیکردنی خەڵکانی تێکۆشەر

و شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزیسیۆن دروستکرابوو، کە هەندێکیان لەخراپیدا بەناوبانگبوون، بە هەزاران کەس لەسێدارە یان حوکمی درێژخایەن درابوون ئەوانەی نەیانویستووە لە سێبەری دیکتاتۆرییەتدا بژین.

هەر پیاو لەسەر سیاسەت زیندانیی نەدەکران ژنانیش پشکیان لە گرتن و راوەدوونان هەبووە، چ بەهۆی بەشداریکردنی خۆیانەوە لە خەباتی سیاسیی و ڕێکخراوەییدا چ بەهۆی کەسوکاریانەوە کە پێشمەرگەبوون، دەزگا مرۆڤکوژەکانی بەعس هەمیشە بەدوای ئەوانیشدا گەڕاون و زیندانییکراون.

مامەڵەی ڕژێم لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکاندا زۆر توند و نامرۆڤانە بوو، زیندانیی هەبووە بۆئەوەی دان بەتاوانەکەیدا بنێ بەبەرچاویەوە دەستدرێژییکراوەتەسەر خێزانەکەی، هی وا هەبووە نەیانهێشتووە کەسێک لە مااڵ و منااڵەکەی سەردانیبکەن، زیندانیی هەبووە هەر لەژوورەکەیدا مردووە و نەیانداوەتەوە خاوەنەکەی.. هتد.

زیندانی سیاسیی لە دوو دیوەوە تەماشادەکرێ: دێوێکی تیرۆرانینی دەسەاڵتە کە بە لەیاسادەرچوو و تاوانباری داناوە، دیوەکەیتری تێڕوانینی خەڵکە کە وەکو نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ دەیبینن.

ڕۆاڵی دادگاکانی بەعس زۆر بێویژدانانە بووە، کە بە پێوەری یاسا و دادپەروەریی و بیاڵیەنیی نەیانڕوانیوەتە بابەتەکان، بەڵکو بە بڕیار و پێوەری دەزگا ئەمنییەکان و بڕیارەکانی سەرەوە ڕەفتاریانکردووە کە ئاسانەکەی کوشتن و لەکۆاڵکردنەوە بووە.

لەهەموو الیەنەکانی کوردستان خەڵک گیرابوو، گیراوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەموویان زۆرتربووە، لەسێدارەدراو و لەژێر ئەشکەنجەدا دەرنەچوو و حوکمدراوان بە زۆریی یەکێتییەکان بوون.

زیندانیکردنی سەرکردە

دوای پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو سەرکردایەتیی و کادیرەکانی کۆمەڵە لەسەر کۆمەڵێک کێشە و جیاوازیی بۆچوون لەسەر کاری رێکخراوەیی و کەموکوڕییەکان دوو ئاراستە سەریهەڵدا: ئاراستەی هاوڕێیانی زیندان بە پشتیوانیی سکرتێری کۆمەڵە، ئاراستەی نوێنەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان.. لەدواییدا ئاراستەی دووەم لەژێر ناوی ئاڵای شۆڕش خۆیان وەکو باڵێک راگەیاند.

لە گفتوگۆکەی ماڵی مام جەلال سەرکردەکان و سکرتێری کۆمەڵە و سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش پێکهاتن کەوا ئاڵای شۆڕش وەکو باڵی چوارەمی ناو یەکێتیی کاربکەن! کەس بۆ ئەوە نەچوو ئەمە داوێک بێ تا بەباشیی لە نیازی سەرانی ئاڵای شۆڕش تێبگەن، بۆیە لە سەروبەندی خۆسازدان و خۆڕێکخستنەوەدا لە ساڵی ١٩٨٥ بە هێز چوونە سەریان لە دوو شوێن لە تەکیەی قەرەداغ و مالوومەی دۆڵی جافەتی و دەستگیرکران و رەوانەی زیندان کران و ئەوانیتریان دەربازبوون و بەرەو راژانی ئێران رۆیشتن، پێدەچێ جۆرێک ئاسانکارییان لەگەڵدا کرابێ، کە هێزیان بەدوادا نەناردبوو، دیارە مەبەستەکە تەنیا سەرکردەکان بووە بەتایبەتی مەلا بەختیار.

دوای دەستگیرکردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی کەفوکوڵی پشتیوانیی کادیر و فەرماندەکان بۆ ئاڵای شۆڕش نیشتەوە تەنیا لە کاتی خۆشاردنەوەیاندا لە ناوچەکان هەندێ لە رێکخستنەکان کۆمەکیاندەکردن.

سروشتی حیزب و رێکخراوە چەپەکان بەتایبەتیی مارکسییەکان وابوو رێگەیان بە رێکخستن لەناو رێکخستندا نەدەدا و بە کارێکی ناپاکیش دادەنرا، کۆمەڵەش هەروابوو، بۆیە کاتێ بە ئاڵای شۆڕشیان زانی بەوە قایلنەبوون، کە ویستیان وەکو باڵێک لەناو یەکێتیدا بمێننەوە بەوەی یەکێتیی باوەڕی بە ئازادیی بیروڕا و فرەیی هەیە، کەچی لەدواییدا بە

هێز مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.

هەندێ دەڵێن ئەوەی ئاگری ئەو جیابوونەوەیەی گەرمترکردەوە بەیاننامەکەی م. جەعفەر و سالار عەزیز بەناوی: چیتر بێدەنگیی رێی تێناچێ بوو..(لم یعد الصمت ممکنا).

هەمیشە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە بیری ئازاد ترساون، لە کەسی هۆشیار سڵەمیونەتەوە، زیندانیان داناوە تا کەس نەوێرێ لەڕوویاندا بوەستن یان رایەک دەربڕن ئازاریانبدات، ژووری تاریکەکانیان سیخناخبوون لە دەنگە یاخییەکان، پڕبوون لە دەنگە تاساوەکان..

ئەمە ئەوەی دەرخست قسە لەسەر ئازادیی و دیموکراسیی و مافی مرۆڤ هەر دەربڕینە و هەر لە ناوەڕۆکی کتێبانداا جێیانبووەتەوە و لەڕاستیدا وەکو شمەکێکی بازرگانیی بۆ نیازی تایبەتی بەکاردەهێنرێ.. دەرکەوت کۆمەڵەش کە رێکخراوێکی چەپگەرا بوو دژی جیابوونەوە بوو لەسەر بیروڕای جیاواز..

سەرکردایەتی کۆمەڵە دووجار بڕیاری توندیان دژی مەلا بەختیار دەرکرد: جارێک هێزی نێردرایەسەر و جارێکیش بڕیاری کوشتنی درا.

زیندان گۆڕێکە مرۆڤە زیندووەکانی تیادەنێژرێ تا دەنگیان بتاسێنن، هەستیان بە بەردی وشکەکەڵەک هەڵچنن.. ڕژێمە دیکتاتۆرەکان کە مرۆڤی کوردیان رەوانەی زیندان کردووە تا هاوار بۆ ئازادیی نەکەن، تا بیر لە پاشەڕۆژی ڕوونناک نەکەنەوە، تا خەڵک بۆ خەبات و رووبەڕبوونەوە جۆشنەدەن، ئەوە جێی شانازیی بوو بە هەزاران لە کونجی زیندانەکاندا لە تاساوترین ساتەکاندا لەناو ئازاردانی جەللادەکاندا بە پێکەنین و سەری بەرزەوە رادەوەستان، بەڵام چی بەوە دەوترێ شۆڕش زیندانی بۆ دەمکوتکردنی سەرکردە و کادیرەکانی دانابێ!

لای ڕژێمی قەسابخانە دوای دادگاییکردن گیراوەکان دەخرانە هۆڵ و ژووری گشتییەکانەوە، دەیان کەس پێکەوە کاتیان بەسەردەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژووری تاکەکەسییەکان رۆحی سەدان کەسیتریان لەتەنیاییدا دەکرۆشت، ئەوە دوژمنە تۆڵە لە ئازادیخوازان دەکاتەوە، بەڵام شۆڕش

ژووری تاکەکەسیی بۆ ئەشکەنجەدانی سەرکردە و کادیر بۆچی بوو؟

ئەوە یەکەمجاربوو لەناو یەکێتیی و کۆمەڵەدا سەرکردە و کادیر لەسەر مەسەلەی جیاوازیی بیروڕا و ڕەخنەی ڕێکخراوەیی زیندانیبکرێن.. لە زۆر کۆنەوە خەڵکانێک لەلایەن دەسەڵاتی حوکمڕانەوە لەسەر بیروڕای جیاواز دەستگیرکرابوون و خرابوونە زیندانەوە و زۆرجاریش کوژرابوون.. ئاساییە کەسانێک پێوەندیی بەدوژمنەوە بکەن بەپێی تاوانەکەیان سزابدرێن، بەڵام کەسانێک لەهەمان حیزب یان ڕێکخراو بیەوێ وەکو باڵێک داوای کارکردن بکات هەڵەیە بەو جۆرە سەوا و مامەڵەیان لەگەڵابکرێ!

بەپێی هەندێ زانیاریی لەزیندانداا ئەو دەستگیرکراوانە ئازاردراون، هەر هیچ نەبێ وەکو سەرکردە و کادیری بنەڕەتیی شۆڕش مامەڵەیان لەگەڵا نەکراوە.. ئەوانە نیازی خۆڕادەستکردنیان بۆ لای دوژمن نەبووە تا وەکو خۆفرۆش و ناپاک ڕەفتاریان لەگەڵابکرێ!

وەکو خۆشیان باسیدەکەن لەزیندانداا مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجە و شەڕی دەروونییان لەگەڵا کراوە! د. فوئاد مەعسوم باسی ئەوەدەکات مەلا بەختیار لێیدراوە!

ئەمە کارکردن بوو بەپێی ئەو قسەیەی ترۆتسکی کە دەڵێ: بێبەزەییانە دوژمنانی شۆڕش لەناوبەرن، ئەو کەسایەتییانەی گومانیان لەسەرە بە ڕێی کەمپەکانی بێگارییان بکەن، ئەوانەی خۆدەدزنەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی خەبات و خزمەتی رابوردوویان گوللەبارانیان بکەن!

لەم مەسەلەیەدا هەردوو لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەلایەک و ئالای شۆڕش لەلایەک هەڵەیان هەبوو:

هەڵەی یەکێتیی:

– ڕێزنەگرتن لە خەبات و ماندوونەبوونی ئەو سەرکردە و کادیرانەی لە یەکەم دەستەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی و هێزی شۆڕشی نوێ بوون.

– مامەڵەکردنی توند و ناشایستە و لێکۆڵینەوەی پۆلیسیی لەگەڵ ئەو سەرکردە زیندانییانەدا.

– ئەوان کودەتایان نەکرد، داوای ئازادیی کارکردنیان لە چوارچێوەی یەکێتیدا دەکرد، بە هیچ مامەڵەیانکرا.

– بەزۆر گفتوەرگرتن و دانپیانان و شەڕی دەروونیی.

هەڵەی ئاڵای شۆڕش:

– باش هەڵنەسەنگاندنی هەوڵەکەیان.

– حیسابنەکردن بۆ کەسێتیی مام جەلال، کە کاریگەرێتیی بەسەر کادیر و ڕێکخستن و پێشمەرگەکانەوە بۆ بڕیاردان هەبوو.

– بڕواکردن بە بەڵێنی کادیران و فەرماندەکان و پشتێکردن و بێهەڵوێستییان لە کاتی چوونەسەریان.

– ڕاکردنی مەلا بەختیار لە زیندان و گرتنەوەی و درێژکردنەوەی ماوەی سزادانەکەی و لەپلنیۆمیشدا داوای کوشتنی کرابوو!

– ئەوەی دۆخی زیندانیکراوەکانی توندکرد چوونی دەربازبووەکان بوو بۆ نزیکی پارتی لە ڕاژان و بارەگا دانان و بەرنامە بڵاوکردنەوە لەڕادیۆنەکەیانەوە، وەکو باسدەکرێ سوپای پاسداران چەک و تەقەمەنی و پسوولەی هاتوچۆیان بۆ کردبوون وەکو چۆن بۆ هەموو لایەنەکانیتریش کرابوو.

زەوی قەدەغەکراو (الارض المحرمة)

ڕژێمی بەعس بۆ وێرانکردنی کوردستان و ڕێگریکردن لە بوونی خەڵک لەدێهاتەکاندا کە بڕبڕەی پشتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بوون، پەنای بۆ سیاسەتی ڕاگواستنی دێهاتەکان دەبرد تا وەکو ناوچەی قەدەغەکراو مامەڵەی لەگەڵدابکات، تەنانەت ئەو ناوچە و دێهاتانەی دەستی پێنەدەگەیشت بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنا واتە لەڕووی سەربازییەوە وەکو ناوچەیەکی چۆڵ تەماشادەکرا با خەڵکەکەشی تیابن، هەرکاتێ

بیویستایە دەیتوانێ وەکو ناوچەی سەربازیی رەفتاربکات، پەلاماریبدات یان تۆپباران و بۆمبباران‌ییبکات.

ڕژێمی بەعس وەکو پشتێنەی ئەمنیی دێهاتە سنوورییەکانی لە دانیشتووانەکەی چۆڵدەکرد و بەناوی زەوی قەدەغەکراو ناویدەبرد، خەڵکەکەی بەزۆر رادەگوێزرانە ئۆردووگا زۆرەملییەکانەوە، کە لەلایەن ڕژێمەوە بە کۆمەڵگای سەردەم ناودەبران، کەچی هیچ زەمینەیەکی شارستانیی تیانەبوو، جگەلە خانووی ناشیرین و گەمارۆدانی بە هێزیی سەربازیی و ئەمنیی.. خەڵکەکەی لە گوزەرانێکی نالەبار دەژیان، خزمەتگوزاریی تیانەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە خەڵکی ئەو دێهاتانەی زەوییەکانی قەدەغەکرابوو بە نهێنیی دەگەڕانەوە و ئاوەدانیاندەکردنەوە و زەویوزارەکانیان بەکاردەهێنایەوە.

سەدامی دیکتاتۆر حوکمێکی قەرەقوشی بە عەلی حەسەن مەجید سپاردبوو، بڕیاری ناوچەی قەدەغەکراو بدات و دەستی والاکردبوو بۆ سزادان و کوشتنی لەیاسابەدەرەکان.. بەمەش هەرکەسێ لەو ناوچە قەدەغەکراوانە بگیرایە حوکمی گوللەبارانکردنی بەسەردادەدرا، ئەوانە بە لەیاسادەرچوو دەناسران بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاربەدەستانی سەرەوە دەکوژران و کەسیش لێپێچینەوەی لەبارەیەوە نەدەکرد و بکوژ بە تاوانبار دانەدەنرا، واتە ئەوەی دەکوژرا حیسابی قوربانیی بۆ نەدەکرا و ئەوەشی دەیکوشت حیسابی تاوانباری بۆ نەدەکرا.

لە ناوچە قەدەغەکراوەکان هێزی سەربازیی مۆڵدەدرا و ڕەبایە لەسەر شاخەکان دادەنرا، ئەو هێزە سەربازییانە بۆ چاودێریی ئەو ناوچانە دانرابوو هەرکەسێک بەدیبکرایە بە مەبەستی کوشتن تەقەیلێدەکرا.

لەڕووی یاساییەوە ڕاگواستنی خەڵکیی لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و چۆڵکردنی دێهاتەکانیان و دابڕانیان لە زەویوزار و کشتوکاڵیان تاوانی جینۆسایدە و دەسەڵاتی دیموکراسی هەرگیز ئەو جۆرە کارە ناکات کە کاولکارییە و زیان بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێ.. چارەسەرکردنەکانی بەعس بۆ مەسەلەی کورد ڕەفتارێکی فاشییانەی نامرۆڤانە بوو.

لەئەنجامی ئەم سیاسەتە چەپەڵە خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانیی ئەو بڕیارەی ڕژێمی بەعس لەو ناوچانەی قەدەغەکرابوون، ئەمەش دەچووە خانەی تاوانی جەنگەوە، چونکە بەعس دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی بوو هیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ نەیدەتوانیی خۆی لە قەرەی ئەو مەسەلەیە بدات و قسەی لەسەربکات و رایگەشتیی جیهانی ئاگاداربکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا راگەیاندنی شۆڕش بەردەوام زانیاریی وردیی لەو بارەیەوە بڵاودەکردەوە و ئەو مەسەلەیەی دەوروژاند تا کار گەیشتە قەدەغەکردنی هەموو دێهاتەکان و هەڕەشە لە دانیشتووانەکانی کە ئەوە قۆناغی راگەیاندنی پێش دەستپێکردنی بەرنامەی سەربازیی ئەنفالکردنی هەموو خەڵکیی و وێران و خاپوورکردنی هەموو دێهاتەکان بە هەشت قۆناغی پڕ لە تراجیدیا.

ژنی شاخ

دەوترێ ژن نیوەی کۆمەڵە کە نیوەکەیتری پیاوە، بەهەردووکیانەوە ژیان پێکدێنن و تەواوکەری یەکترین.. ئەوەی پیاو دەتوانێ بیکات ژنیش دەتوانێ، بەڵام کۆتوبەندەکانی کۆمەڵ زۆرجار ڕێگرن لەبەردەم ژندا، بەتایبەتی لە کۆمەڵی پیاوسالاریدا هەندێک ڕێوشوێن وەکو تەڵە بۆ جوولەی ژن دادەنرێ و نایەڵێ ڕۆڵی خۆی ببینێ.

لە کایەی سیاسیدا پیاو هەمیشە بە پلەی یەکەم حیزبی دامەزراندووە و دواتر ژن بەشداریپێکردووە، شۆڕشیش هەر لەسەرەتاوە بە نێرینەیی لەدایکبووە، پیاو ڕۆڵی سەرەکی لەهەموو کاروبارەکاندا گێڕاوە، سەرکردە و فەرماندەکان بڕیاربەدەستبوون، ژن کارەکتەرێکی لاوازبووە وەکو پێشمەرگەی چەکدار تەنیا لە بارەگاکانی سەرکردایەتیدا هەبوون نەک وەکو شەڕکەر، ئەمەش بە هۆکاری تایبەتیی کە پێوەندیی بە کەتواری کۆمەڵگاوە هەبووە.. حیزبی شیوعی ژنی چەکداریان لەگەڵ مەفرەزەکانیاندا دەگەڕاند، بەڵام نەدەچوونە شەڕەوە.

کەچی ژن لە ڕێکخستنی ناوشاردا کارابوون، دەستی باڵایان هەبوو، کاری گەورەیان دەکرد، دلێرانە ئەرکی ڕێکخستنیان جێبەجێدەکرد، کە ڕژێمی ئاگر و ئاسن گوشاری دەخستەسەر کەسوکاری پێشمەرگە و دەگیران پشکی زۆر بەر ژنان دەکەوت، هەربۆیە

ژن و دایک و خوشک و کچی پێشمەرگە بەهۆی ڕاوەدوونانی بەعسەوە دەگیران و زیندانییەکران ئازاری زۆریان دەچەشت یان نەیاندەتوانی لەشاردا بژین و دەچوونە شاخ، هەر ڕۆژەی لەدێیەکدا خۆیان دەشاردەوە، لە ترسی شۆفار و چاوە سیخوڕییەکانی دوژمن ناوی خۆیان دەگۆڕی و نەیاندەوێرا دەرکەون، کە لە شار بوون تەنیا خەمی پێشمەرگەیان بوو، بەڵام لە شاخ خەمی خۆیان و خەمی پێشمەرگەشیان دەخوارد.. ئەمەش لەخۆیدا خەباتێکی سەختە کە ئەو ژنانە لەبەرانبەر دوژمندا کردوویانە و ئامادەنەبوون لەبەردەم دوژمندا سەرنەوییکەن و بەوپەڕی چاونەترسییەوە بەرگەی هەموو سەختییەکیان دەگرت و سەربەرزییەکیان بۆ کورد و بۆ خۆشیان تۆماردەکرد.

ژەهرخواردکردن

هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس هەموو ڕێگا نامرۆڤایەتییەکانی بۆ دژایەتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردەکانی بەکاردەهێنا بەتایبەتی ژەهرخواردکردن، لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕییەکانیەوە ئامادەکاریی بۆ گەیاندنی دەکرا.

دەزگا ئەمنییەکان لە پشتی دەرگاوە خەڵکانی نۆکەر و خۆفرۆشیان ئامادەدەکرد و ڕاهێنانیان پێدەکردن و ئامانجەکەیان دەستنیشاندەکرد و بەو کەرەسانەوە بۆ جێبەجێکردن ڕەوانەدەکران.

جاری وابووە ئەو کەسەی بەژەهرەکەوە نێردراوە لەلایەن ڕێکخستنەکانەوە ئاگاداری سەرەوە کراوەتەوە، دەستبەجێ لەلایەن شۆڕشەوە گیراوە و سزادراوە، جاری واشبووە لەکاتی جێبەجێکردن

یان دەرکوتنی شۆینەواری ژەهراوییبوونەکەدا زانراوە کە ئەوە ژەهرە و لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە بەکەسەکەدا نێردراوە بەتایبەتی بەکارهێنانی ژن کە کەمتر جێگەی گومان بوون.

لەناو شۆڕشدا چەندین ڕووداوی جیاجیای ژەهرخواردکردن ڕوویداوە، بەو هۆیەوە زۆر کەس مردوون یان بە سەختیی بریندار بوون و بۆ چارەسەر ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران یان دەرەوە کراون.

یەکێک لە تاوانەکانی ژەهرخواردکردن ئەوەی دژی مستەفا چاوڕەش و میوانەکانی کرا لە سێڕوانی مەرگە، کە ڕژێم ژنی پێشمەرگەیەکی بۆ ئەو کارە ڕاسپاردبوو، ژەهر بکاتەناو خواردنەوەوە، هەرکە خواردبوویانەوە دوای ماوەیەکی کەم نیشانەکانی ژەهرەکە دەرکەوتبوو.

لە چەندین شۆینیتر و بۆنەیتردا دوژمن شتی ژەهراوی ناردووە و کاری خۆی کردووە و قوربانیی لێکەوتووەتەوە و دوای لێکۆڵینەوە و بەدواگەڕان کەسانی جێبەجێکەر دۆزراونەتەوە و هەریەکە بەپێی پێویست سزادراون.

دیارە ژەهرخواردکردن بە مەبەستیی پاکسازیی کەسە بەدەسەڵاتەکان و لەناوبردنی بووە، بۆیە کاری زۆری لەسەرکراوە و خەڵکی تایبەتیی بۆ دانراوە کە بتوانێ ئەرکەکە بە باشیی بکا و نەترسێ.. دواتر بەرانبەر بەوە کابرای خۆفرۆشی جێبەجێکەر پاداشتی خۆی وەرگرتووە.

ستالینیزم

ستالین کەسێکی گەورەی مێژووی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بوو بە کارە باش و خراپەکانیشیەوە، بە لێهاتوویی خۆی بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیی، هاوڕێیەکی نزیکی لینین بوو، گەرچی لینین بەهۆی سەرچڵییەکانیەوە دژی دەوەستایەوە تا ئەو ڕادەیە ڕایسپاردبوو وەکو سەرۆکی حیزب هەڵنەبژێردرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ستالین دوای مردنی لینین توانی جێپێی خۆی بکاتەوە و لە شۆینەکەی ئەو دابنیشێ،

کـه خـۆی بـه پەرەپێـدەری بیـری مارکسـیزم – لینینیـزم دەزانـی، بەڵکـو بـه ڕێبازێـک بەهەنگاوێـک لـەوڵای لینینـەوە خـۆی دادەنـا!

ئەگەرچـی لەنـاو حیزبـدا کەسـانێک چ لەنـاو سـۆڤیەت و چ لـەدەرەوە لـەو بەتواناتـر بـوون وەکـو تڕۆتسـکی، بـەڵام سـتالین خـۆی سـەپاند و کودەتـای بەسـەر تڕۆتسـکی و خەڵکانیتریشـدا کـرد، لەهەمانکاتـدا بایەخێکـی زۆری بـه لینینیـزم دا و کتێبیشـی لەبارەیـەوە نووسـی، هەمـوو ئەمـه بـۆ جێقایمکردنـی خـۆی و دەرخسـتنی بیروباوەڕەکانـی بـوو کـه لەدواییـدا بـه سـتالینیزم ناویدەرکرد.. لـه کاتی خۆیدا هەوادارەکانی زۆریـان پیاهەڵدەدا کەچی دوای نەمانـی خـۆی دژی وەسـتانەوە.

سـتالین کەسـێکی ئاسـایی یەکێتیی سـۆڤیەت و حیزبـی کۆمۆنیسـت نەبـوو، بەڵکـو یەکێـک لـه سـەرکردە گەورەکانـی جیهانیـش بـوو، لەڕووداوەکانـدا بەتایبەتیـی شـەڕی دووەمـی جیهانیـی ڕۆڵـی دیـاری هەبـوو.

سیاسـەتی سـتالین بریتییەلـەو ڕێچکەیـەی سـتالین گرتبوویەبـەر بـۆ گۆڕانکاریی پیشەسـازیی و تیۆریی سۆسیالیسـتی لـەدوای لینین پێڕەویدەکرد، کـه هەنـدێ گۆڕانکاریـی کـرد: بـەرەو پیشەسـازییوونی سـۆڤیەت، کشـتوکاڵی بەکۆمـەڵ و لێدانـی جووتیـاران، جێبەجێکردنـی سیسـتمی سۆسیالیسـتیی لـه یـەک وڵاتـدا، هەروەهـا ملکەچکردنـی حیزبـه کۆمۆنیسـتەکانی دەرەوەی سـۆڤیەت بـۆ بەرنامـه و سیاسـەتەکانی.. بـەم کارانەشـی سـتالین سـۆڤیەتی کـردە وڵاتێکـی سـەربازیی و زیندان و کوشـتنی ئازادیـی و دیموکراسـیی و دواجاریـش پەرسـتنی کەسـێتیی خـۆی!

سـتالین سـۆڤیەتی لـه وڵاتێکـی کشـتوکاڵییەوە بـۆ وڵاتێکـی پیشەسـازیی گواسـتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو جووتیارانەی دژی بڕیارەکانی بوون کوشـت یـان بـۆ سـیبیریا گواسـتەوە، ئەمـەش ئەوپـەڕی دڵڕەقیـی و دیکتاتۆرییەتیـی ئـەو بـوو هیـچ جـۆرە بەزەییەکیـی نەبـووە!

لـه مـاوەی حوکمڕانیـدا نـاخ و نـاوەوەی سـتالین دەرکـەوت، کەسـێکی تونـدڕەو، تاکـڕەو، خوێنڕێـژ، دەسـتی لـه کـەس نەدەپاراسـت، دڕندانـه هەڵیدەکەتایەسـەر بەرهەڵسـتکارەکانی، کوشـتاری زۆری بەتایبەتـی لـه

جووتیارانی ناڕازیی کرد، یەکێک لە کارە خراپەکانی بەزۆر سەپاندنی سۆسیالیزمی ستالینیی بوو.

زۆرجار لەپاڵ مارکس و لینین باسی ستالینیش دەکرا وەکو تیۆریسینێک کە کتێبی لەبارەی لینینییەتەوە نووسیوە، کەچی ستالین پیاوی سیاسەت و عەسکەرتاریيەت بووە، بە زۆری هێز و داپڵۆسین ئەو ڕێچکەیەی خۆی دەسەپاند.

ستالین لەناوەوەدا ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە بەتایبەتی لەلایەن ترۆتسکییەوە لە کتێبی شۆڕشی غەدرلێکراودا هێرشیکردووەتەسەری، هۆکاری ناکۆکییەکانی ستالین و ترۆتسکی بەشێکی پێوەندیی بە لایەنی کەسییەوە هەبووە، کە ترۆتسکی خۆی بەتواناتر زانیوە، بەشێکیشی جیاوازیی بیروبۆچوونە کە ستالین باوەڕی بە جێبەجێکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیی لە یەک وڵاتدا هەبوو، بەپێچەوانەوە ترۆتسکی باوەڕی بە شۆڕشی بەردەوام و جیهانی هەبوو، ئەمەش بەلای ستالینەوە کێشەی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت لەلایەن وڵاتانی سەرمایەداریيەوە دروستدەکرد.. لەدواییشدا ستالین توانی بەسەر ترۆتسکیدا سەرکەوێ و ئاوارەی دوورەوڵاتی بکات تا تیرۆریکرد.

ستالینیزم سنووری سۆڤیەتی بڕی و حیزب و لایەنگری لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتینی پەیداکرد.. ستالین لەبری ئەوەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بسەپێنێ دیکتاتۆرییەتی خۆی سەپاند، یەکێک لە شێوازەکانی کارکردنی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و جێگیرکردنی پایەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بوو وەکو باسدەکرێ شاڵاوێکی تۆندی کردەسەر نەیارانی و پاکتاویکردنیان بە کوشتن یان دوورخستنەوەیان بۆ سیبیریا بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ بەرنامەکانی ئەودا جۆرنەبوون، کە کاتی خۆی دەسەڵاتی تزاریی ئەویان بۆ ئەوێ دوورەدەخستەوە یان زیندانیدەکرد، جگەلەوە هەوڵێکی تۆکمەی دا بەرنامەکانی لە بواری گۆڕینی دەسەڵاتدارێتیی و جێبەجێکردنی پلان و نەخشەکانی خۆی وڵاتی بەرەو دەسەلاتی ناوەندێتیی برد، هیچ شتێک

لـه دەرەوەی بەرنامـەی سـتالین رێگەنـەدەدرا تەنانـەت بەرنامـەی خوێندن و دامـودەزگا ئایینییەکانیش چ هـی گاورەکان و چ هـی موسڵمانان قەدەغەکران، هەمـوو شـتێک خرایـە خزمەتـی ئایدیۆلۆژیـی حیزبـی کۆمۆنیسـت و سـتالینیزمەوە! سیاسـەتی پاکسـازییەکەی خەڵکـی کوردیشـی بەرکـەوت و کارێکـی خراپـی پێکـردن!

سـتالین جگەلـەوەی کێشـەی ناوخۆیـی هەبـوو لـە شـەڕی دووەمـی جیهانیشـدا تێـوەگلا و تاوانـی جەنگـی زۆری ئەنجامـدا و چەنـد وڵاتێکیشـی داگیرکـرد.. ئـەم شـێوازی کارکردنـەی سـتالین چەنـدە دۆسـتی پەیداکـرد ئەوەنـدەش دژی هەبـوو، کـە کەوتبوونەبـەر هەڵمەتەکانـی پاکسـازی و زەبروزەنـگ..

سـتالینیزم رێبازێکـی زیانبەخشـبوو بـۆ جێبەجێکردنـی سۆسـیالیزم و کۆمۆنیـزم، کاریگەرێتیـی لەسـەر خەباتـی چینایەتـی کرێـکاران دانابـوو.. هەمـوو ئـەو کارانـەی سـتالین لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو کەسـێکی نەرگسـی بـووە، خـۆی خۆشویسـتووە بـۆ ملکەچکردنـی خەڵکیـی هەمـوو رێگەیەکـی توندوتیژیـی گرتووەتەبـەر تـا هێڵـە ئایدیۆلۆژییەکـەی سـەربگرێ، هەربۆیـە لەسـای سـتالینیزمدا ئازادیـی رادەربڕیـن نەبـوو، رێگـە بـە ئۆپۆزیسـیۆن نـەدەدرا، بـە جۆرێـک لەجۆرەکان بـووە هـۆکاری شـێواندنی حیزبـی کۆمۆنیـزم و ناشـیرینکردنی لینینیـزم، بگـرە لەنـاوەوە بزاڤـی کریکاریـی کوشـت! هەروەکـو یەکـەم سـەرکردەیەکـی کۆمۆنیسـتیی بـوو شـێوازی پەرسـتنی کەسـێتیی خـۆی سـەپاند، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـتالین گەشـەیەکی کشـتوکاڵیی و پیشەسـازیی و زانسـتیی بەرپاکـرد، یەکێتیـی سـۆڤیەتی کـردە دەوڵەتێکـی گـەورە لەبەرانبـەر دەوڵەتانـی سـەرمایەداریی، یەکێتیـی سـۆڤیەت پێگەیەکـی گـەورەی بـۆ خـۆی دروسـتکرد و بـووە پشـتیوانی بزاڤـە ڕزگاریخوازەکانـی دنیـا، تەنیـا نەبـووە پشـتیوانی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد!

دیکتاتۆرییەتـی سـتالینی نـەک هـەر نەیارەکانـی نـاو حیزبـی گرتـەوە، زەبروزەنگەکانـی نەتـەوە بچووکەکانیشـی گرتـەوە بەتایبەتـیی کوردەکانـی وڵاتـی سـۆڤیەت.. لینیـن سـاڵی ١٩٢٣ لـە ناگۆڕنـی کەراباخ کۆمـاری سـووری

بۆ کورد دامەزراند، ستالین بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەتاتورک و بە دەمچەورکردنی ستالین ئەو کۆمارە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پشتوانییەک بوو بۆ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، خەڵکەکەی ئەو کۆمارە بۆ وڵاتانی تورکمەنستان، قیرغیزستان، کازاغستان، ئۆزبەکستان دەربەدەرکرد.. هەرواشبوو هەردوو کۆماری سوور و شۆڕشی شێخ سەعیدیش لەناوبران.. ئەوەی ستالین بە کوردی کرد مەگەر تورک بە کوردی کردبێ!

ستالین و حکومەتی سۆڤیەتی پشتیوانیی تورکیایان دەکرد و نەیاندەویست زیانێک بەر ئەو دۆستایەتییەیان بکەوێ، کاتی خۆیشی لینین هەمان هەڵوێستی هەبوو کاتێ شێخ مەحمود نامەی بۆ دەنووسێ وەڵامیناداتەوە، چونکە بەرژەوەندیی لەوەدابووە لای لە کورد و شێخ مەحمود نەکردووەتەوە!

حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان لە عێراق و کوردستان لەژێر کاریگەرێتیی بیری ستالینیزمدا بوون بەتایبەتی لەڕووی دیسپلینی ڕێکخستن و ناوەندێتییەوە! حیزبی شیوعی عیراق لەژێر کاریگەریی بیری ستالینیزمدا بوو بەتایبەتی لەڕووی دیسپلین و ناوەندێتی ڕێکخستن و سەربازگەرێتیی و کۆنترۆڵگەرێتییەوە، کە ئەمە بە جۆرێک لەجۆرەکان بۆ کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەران گواستراپەوە و پەکەکەش لەژێر هەمان کارتێکردنی بیری ستالینیزمدا بوو!

کۆمەڵەی مارکسی – لینینی/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان سەرەتا باوەڕی بە ڕەوتی ماویزم بوو، دواتر باوەڕی بە سۆسیالیزمی زانستیی هەبوو، لەسەر ڕێچکە و بەرنامەی ستالین نەبووە، بەڵام نووسینەکانی ستالین دەخوێنرایەوە و هەندێک لە کادیرەکان پێیسەرسامبوون، بەڵکو زۆرجار قسە لەسەر ئەوەدەکرا کە ڕێکخستن ئەو توندوتۆڵی و زەبرەی ستالینی پێویستە.

ستالین ئەوەندە تاوانی کردبوو دوای مردنی دەرفەت بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتداریپەکەی ڕەخسا بەتایبەتی خرۆشۆف پەردەی لەسەر کارە تاوانکارییەکانی پۆلیسی نهێنیی هەڵماڵی! وازی لە سیاسەتەکانی

حیزبی کۆمۆنیست هێنا، بە خوادانان و پەرستن یان پیرۆزکردنی ستالینی رەتکردەوە، زۆربەی ئەو حیزبانەی پێڕەوییان لە ستالینییەت دەکرد هەڵگەڕانەوە و دەستیان لەو ڕێبازە هەڵگرت، هێشتاش حیزب و ڕێکخراو هەرماون بڕوایان بە ستالینیزم هەبێ!

سۆشیالیزم

سۆسیالیزم زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، سۆسیالیزم سیستمێکی ئابووریی و سیاسییە پشت بە کۆمەڵ دەبەستێ بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی مرۆڤ بەپێچەوانەی سیستمی سەرمایەداریی خاوەنکارەکان دەست بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنانداا دەگرن.

لەئیستادا چەند دەوڵەتێک هەن لە سیستمی سۆسیالیستییەوە نزیکن روسیا و دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش بەناو سۆسیالیستی بوون، کە لەگەڵ هاتنی پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆستدا هەڵوەرین.

سۆسیالیزم باوەڕی بە خاوەنداریی گشتیی و جیهانگیریی و یەکسانییە، هەموو خەڵگ پێکەوە حکومەت بەڕێوەببەن، خۆشگوزەرانیی گشتیی دابینبکرێ، چەوسانەوە نەمێنێ! بەگشتیی سۆسیالیزم واتا و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێ، بەڵام کرۆکی سۆسیالیزم کۆمەڵگایەکی بێچینایەتیە لە ڕێگەی خەباتی بەکۆمەڵ و دیموکراسیی چینی کرێکارەوە بەدیدێت.. هتد.

سۆسیالیزم قوتابخانەیەکی چەپی بیری ئابووریی دژی سەرمایەداریییە، داخوازیی خاوەندارێتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە.. لەسۆسیالیزمدا هەوڵ بۆ گۆڕان و چاکسازیی دەدرێ بەبێ پەنابردن بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، بۆیە سۆسیالیزم سیستمێکی ئاشتیخوازە دەتوانێ لەگەڵ سەرمایەداریدا هەڵبکات پێچەوانەی کۆمۆنیزم کە سیستمێکی شۆڕشگێڕییە و ئامانجی لەناوبردنی سەرمایەداریییە!

لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ لەنێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا هەیە، لەسۆسیالیزمدا دەبێ ئابووریی وڵات لە دەستی حکومەتدا بێ بەپێچەوانەی سەرمایەداریی کە لە دەستی سەرمایەدارەکاندایە، ئامانجی سۆسیالیزم لەناوبردنی سەرمایەداریە، چونکە سەرمایەداریی نادادپەروەرییە، هەمیشە هەڵپەی کێبەرکێی قازانج و پشکی بازاڕیەتی.

سۆسیالیزم چینە چەوسێنەرەکان لەناودەبات، لەسەرمایەداریدا دەوڵەت دیکتاتۆریی سەرمایەدارەکانە، لەسۆسیالیزمدا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایە!

سۆسیالیزم بە واتای ئەوەنییە خاوەندارێتیی تایبەت نییە، کەسەکان خاوەندارێتی خۆیان هەیە.. سۆسیالیستەکان دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەن، باوەڕیانوایە سۆسیالیزم یەکسانیی دابینەدەکات.

بە بۆچوونی لێکۆڵەران چەندینجۆر سۆسیالیزم هەیە: زانستیی، سەندیکایی، ماركسیی، لیبرالیی، پەرلەمانیی، کریستیانیی، شۆڕشگێڕ، خەیاڵیی.. هتد، تەنانەت سۆسیالیزمی بەعسییانە و ئیسلامییش هەیە، هەروەها سۆسیالیزم چەند قوتابخانەیەکە: سۆسیالیزمی نەتەوەیی: نازییەکان، سۆسیال دیموکرات: تێکەڵکردنی هەردووکیان.. واتە دەستەواژەی سۆسیالیزم خراوەتە هەموو ڕەوتە فیکری و سیاسییەکانی تر.

لە وڵاتانی سەرمایەداریدا دەکرێ هەندێ لایەنی سۆسیالیستیی هەبێ تەنانەت دەوڵەتێکی وەکو ئەمەریکا جۆرێک هەنگاوی سۆسیالیستیی تیایە!

یەکێک لە بیرمەندە گەورەکانی سۆسیالیزم کارڵ ماركس بوو، سۆسیالیزمی لەخەیاڵەوە بۆ زانستیی گۆڕی.. لینینیش بیری سۆسیالیستەکانی ڕاڤەکرد و سەرکردایەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرد توانی سۆسیالیزمی مۆدێل لینینی لەسۆڤیەتدا بچەسپێنێ، بەڵام دوای حەفتا ساڵ ئەو سیستمە وەکو پراکتیک لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا خۆی نەگرت و بەهۆی لادان و گەندەڵیی و بیرۆکراتییەت و دیکتاتوورییەتی تاکحیزبییەوە لەو وڵاتانەی پێڕەویاندەکرد هەڵوەشایەوە و شوێنەواری

لەدەسەڵاتدا نەما! کەچی سۆسیالیزم هێشتا لە زۆر وڵات بەرقەرارە!

جگەلەمە لە زۆر وڵاتی جیهان حیزبی سۆسیالیستی دامەزراوە.. لە چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبیدا حیزبی بەناوی سۆسیالیستیی دروستبووە، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە حیزب و ڕێکخراوی سۆسیالیستیی پەیابوون!

لەکوردستاندا پێڕەویکردن لە سیستم و ڕێبازی سۆسیالیستیی چاولێکەریی بووە نەک لە لێکۆڵینەوەی قووڵ و تێگەیشتنی فەلسەفیی و جیهانبینی سۆسیالیزم، چونکە زۆربەی سەرکردە و کادیرەکان جگەلە زمانی کوردی بە زمانیتر وەکو ئێستا سەرچاوەیان لەبەردەستدا نەبووە!

ڕاستە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی لینینی بوو، ڕێکخراوی مارکسی لینینی دەبێ باوەڕی بە خەباتی چینایەتیی بێ، کەچی کۆمەڵە ئاراستەی بیرکردنەوەی نەتەوایەتیی ئینجا چینایەتیی بوو، ئەو سەردەمە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلان لە ئاستێکی دیاردا بوو، کورد دەیویست سوود لە پشتیوانیی ئەو هێز و دەوڵەتە سۆسیالستییانە وەربگرێ، بەڵام ئەو دەوڵەتانە زۆر بەکەمیی دەنگی شۆڕشگێڕە کوردەکانیان دەبیست، نەبووە مایەی ئەوە گوشارێکی کەمیش بخەنەسەر ڕژێمی عێراقی لە مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستان کەمبکەنەوە! ئەوان بەدوای بەرژەوەندییەکانیانەوە بوون و مەسەلەی پشتیوانیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان تەنیا دروشمبازیی بوو!

بەپێی بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەباتەکەمان بە پلەی یەکەم خەباتی دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتییە، خەباتی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازە، کە هەموو چین و توێژەکان لە هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی فراواندا بەشداربن، ئەرکی سەرەکیی لەسەر شانی کرێکاران و جووتیارانە بە بەشداریی بۆرژوازی بچووک و بۆرژوازیی نیشتمانیی.

هەر ئەو بناغە فیکرییە بووە دوورنمایەک یەکێتیی نیشتمانیی دوای هەڵوەشانەوەی سیستمی حوکمڕانیی دەوڵەتانی سۆسیالیستی و

خۆهەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان رووبکاتە ئاستانەی فیکری سۆسیال دیموکرات و رەوانشاد مام جەلالیش ببێتە جێگری ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالی جیهانیی کە پێگەیەکی گرنگبوو بۆ کورد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!

شۆسیال ئیمپریالیزم

دەوڵەتە سۆسیالیستەکانیش لەنێوان خۆیاندا لەسەر ڕێباز و پێڕەوی بیر و تێگەیشتنیان بۆ مەسەلەکان ناکۆکبوون و چەندین سەنگەری جیاواز پەیدابوون کە لەوێوە تیر و توانجیان لەیەکتریی دەگرت، یەکێک لەو توانجانە دەربڕینی سۆسیال ئیمپریالیزم بوو، کە لەناو کادیرانی ڕێکخستنەکاندا باسدەکرا ئەمەش لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی چەپەکان و مارکسییە- لینینییەکان کە کەوتبوونەناو قڕەوبڕەی ناکۆکیی نێوان سۆڤیەت و چینی میلیلییەوە.

ئەم دوو دەوڵەتە گەرچی هەردووکیان خۆیان بە دەوڵەتی سۆسیالیستیی و پێڕەوی مارکسیزم لینینیزم دادەنا، بەڵام لەتێڕوانیندا بۆ هەندێ مەسەلە ناسازبوون ئەم ئەویتری بە هەندێک دەستەواژە تاوانبارەدکرد، کە لەڕاستیدا تانە بوو لە ناوەڕۆکی بیر و ئایدیا یان سۆسیال ئیمپریالیزم.

چینییەکان زاراوەی سۆسیال ئیمپریالیزمیان دژی سۆڤیەتییەکان بەکاردەهێنا، بەو واتایە کە سۆڤیەتییەکان لە سۆسیالیزمی ڕاستەقینە لایانداوە با سۆسیالیزمیش بن بوونەتە بەشێک لە ئیمپریالیزم، ئەمەش بەو واتایە دێت کە سۆڤیەت دەیەوێ وڵاتی چینی سۆسیالیستی بخاتەژێر رکێفی خۆیەوە و سوود لە سەرچاوە زیندووەکانی وەربگرێ، چینییەکان یەکێتیی سۆڤیەتیان لە ئیمپریالیزمی ڕۆژاوایی بە خراپتر دەزانی بۆ سەر دنیای سۆسیالیستیی!

ئیتر ئەم زاراوەیە لەنێوان ماوییەکان و مارکسییە سۆڤیەتییەکاندا بۆ

تاوانبارکردنی یەکتریی ئاڵوگۆڕدەکرا.. ئەم شەڕە بەردەوامبوو تا کەمپی سۆسیالیستیی بە یەکجاریی کەوت و فایلی ئەو قڕە و هەرایەش بۆ یەکجاریی پێچرایەوە.

لەناو کادیرانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا لە هەندێ ئاستدا و لە هەندێ کاتدا ئەم چەلەحانییە هەبوو ئایا چین یان سۆقیەت کامیان سۆسیالیزمی راستەقینەیە و کامیان سۆسیال ئیمپریالیزمە؟

پێداگریکردنی پشتیوانیی لەهەر لایەک هیچ سوودێکی بۆ دۆزی کورد و تەنانەت کۆمەڵەش نەبوو، هەڵەیەکی گەورەبوو جگەلەوەی ئەوان ئاگایان لەوەنەبوو ئێمە خۆمان خستووەتەناو ئاگرێکی وەهاوە!

ئایا کێشەی کۆمەڵە ئەوەبوو خۆی بئاڵکێنێتە ئەو بەزمەوە؟! ئەوە کێشەی ئەوانە، کە دووریی سیاسیی و ئابووریی و سەرکردایەتیکردنی کەمپی سۆسیالیستییان هەبوو نەک ئێمە.. ئێمە تەنیا سوود لە پشتیوانیی ئەوان بۆ دۆزی کورد وەردەگرین ئەگەر بەجۆرێک لەجۆرەکان پشتیوانییان بۆ کورد هەبووبێ، کە بە رەسمیی و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەو قۆناغەدا نەیانبوو.

ئەم وشەی سۆسیال ئیمپریالیزمە لەنێوان مارکسییەکانی سۆقیەتەوە بەکارهات کە لینین دژی کاوتسکی بەکاریهێنا، دواتر لەلایەن ماوتسیتۆنگەوە دژی سۆقیەت بەکارهێنرا، کە سۆقیەت بە ئیمپریالیزمێکی نوێ دانرا، کە بە گوتار سۆسیالیزمە و بە کردار ئیمپریالیزمە!

ئەم تێزە بۆ ئەوە هێنرایە ناوانەوە تا یەکێتیی سۆقیەت وەکو لادەر لە بیری مارکسیزم بناسرێ، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند هەموو حیزب و رێکخراوەکانی سەر بە سۆقیەت مارکسی راستەقینە نین.

سۆسیال عەشایەر

خەڵکی عەشایەر پابەندیسەرۆکەکەیان دەبن و هیچ ڕاوبۆچوونێکیان نییە، بڕوایان بە کۆمەڵگای مەدەنیی نییە، کە پشت بە دیموکراسییەت لە دروستکردنی بڕیاردا دەبەستێت، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای عەشایەری.

ئەم دەستەواژەیە لە شۆڕشی نوێدا بەرەوی پەیداکرد بەتایبەتی لەناو ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.. کۆمەڵە ڕێکخستنێکی مارکسی – لینینی بوو باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبوو، جگەلە کادیرە شارەزاکان پێشمەرگە بە باشیی لە ناوەڕۆکی بیری سۆسیالیزم نەدەگەیشتن، بەڵام عەشقێکی تایبەتیی بۆ پەیوەستبوون بەکۆمەڵەوە لەلایەن خەڵکییەوە هەبوو نەخوازەڵا لای گەنجان ئەویش بەهۆی قارەمانەتییەکانی سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەکانی، کە لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دوژمنی فاشیستدا دەیاننواند یان هەواڵەکانی خۆڕاگریی زیندانییەکانی کۆمەڵە کە دەیان چیرۆکی سەرسوڕهێنەریان تۆمارکردبوو بە سروود و دروشمی شۆڕشگێڕانەوە دژی دیکتاتۆرییەت بەبێ سڵکردنەوە دەچوونە پای سێدارە!

یەکێک لە پایەکانی بیری مارکسیزم سۆسیالیزم بوو، کە کۆمەڵە ئەم پایەیەی بە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان سوودی لێوەردەگرت، واتە سۆسیالیزمێک کوتومت کۆپیی حیزبە سۆسیالیستییەکانی دنیای دەرەوە نەبێ، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و خەباتی چینایەتیی جیاوازە.

کۆمەڵە فۆرمێکی نوێ لە بیر و دید و فەلسەفەی کار و ڕێکخستن و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە کۆنەپەرستیی و خێڵەکێتیی و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵات، شۆڕشێکی ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتیی دژی کلتوری کۆنەپارێزیی بوو، چەپە شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرەکان لە دەوری گردبووبوونەوە.

سۆسیالیزم وەکو بیر چەندین جۆری هەیە: سۆسیال ئیمپریالیزم، سۆسیال دیموکرات، سۆسیال فاشیزم.. کوردیش سۆسیال عەشایەری داهێنا بەڵام بەبێ بیر..

سۆسیال عەشایەر لە ژینگەی خێڵدا سەردەردێنێ هیچ بەهایەکی شارستانیی گرنگنییە، ئەوانە هێشتا لە قوڕاوی خێڵەکێتی نەشۆرابوونەوە، هەر بەو عەقڵییەتەوە هاتبوونەناو شۆڕش، لەڕووکەشدا پێشکەوتوو و لەناوەوەدا گۆڕانیان بەسەردانەدەهات!

شۆڕش و کارەکتەرەکانی ناوی کە گەشەیانکرد خەڵکی زۆروبۆری تێدەکەوێ، ئیتر بیری شۆڕشگێڕیی کاڵ یان بزردەبێ، بە جۆرێک بیری خێڵەکی و نامۆ جێگەیدەگرێتەوە و ئەمەش ئەرکی شۆڕشگێڕە ڕاستینەکان دژوارتردەکات و هەنگاوەکانی شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان خاوتردەکاتەوە.

ئەو ئەندامەی کۆمەڵە بوایە و ڕەفتارەکانی خێڵەکی بوایە پێیدەوترا سۆسیال عەشایەر، واتە کەسێک ئیدیعای سۆسیالیستیی و پێشکەوتنخوازیی و دژی دەرەبەگایەتیی و سەرمایەداریی دەکات بە بیری خێڵەکییانە ڕەفتاربکات، چونکە ئەوانە نەیانتوانیوە عەقڵییەتی عەشایەریی تێپەڕێنن

کاتێ کێشەیەک دروستدەبوو ڕەخنە لە یەکێک دەگیرا هەڵەی کردبوو، کە تێدەگیرا بۆ سزادان دەیوت: چووزانین ئێمەی سۆسیال عەشایەر هەر ئەوەندەی لێدەزانین.. ئەمە لەناوەڕۆکدا وەکو پاساوێک بۆ دەربازبوون بەکاردەهات! ئیتر ئەمە بەو کەسانە دەوترا لە دەرەوەی بازنەی پەیوەستبوون بە ڕێکخستن و دیسپلینی حیزبیی ڕەفتاریاندەکرد..

بەشێک لەو کەسانە هەر بە ڕاستیی نەیاندەزانیی و دەکەوتنەناو ئەو کارەوە وایان پێبوترێ، هەندێکیشیان بەئەنقەست وا خۆیان دەردەخست ئەوەیان نەزانیوە باشیش دەیانزانی چییان کردووە تا سزانەدرێن!

عەبدولڕەزاق فەیلی ڕەوانشاد دەیوت: پارتی حیزبێکی عەشایەرە، بەڵام بە ئوسلوبی عەسری ئیشدەکات، یەکێتیش حیزبێکی عەسرییە، بەڵام بە ئوسلوبی عەشایەریی ئیشدەکات!

سرك

لەدوای کردەڕەهاتەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٩ بە بڕیاری سەرکردایەتیی لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی ناوشارەوە هێزێکی چەکداری نهێنیی بەناوی سوپای ڕزگاریی کوردستان (سرک) دروستکرا کە لە ڕێکخستنە نهێنییەکان و ئەو پێشمەرگانەی بە ناچاریی دابڕابوون پێکهاتبوو.. دواتر کە بارودۆخی عێراق ڕوو لە ڕووخانبوو، خەڵکانی چەکداری سەربە ڕژێمی بەعس لەڕیزەکانیدا ڕێکخران ئەوانەی کە جێمتمانە و بڕوابوون.

ژمارەی سرکەکان زۆرنەبوو، بەڵکو بەپێی پێویست بەوپەڕی وریاییەوە ڕێکخرابوون، خەڵکانێکی پاک و دڵسۆزبوون، بە فلتەری ڕێکخستندا تێپەڕیبوون، ئەوانە لەو قۆناغە دژوارەدا ئەوپەڕی ئامادەبوون هەموو ئەرکێکی حیزبیی جێبەجێبکەن بەبێ سڵکردنەوە لە دوژمن کە هەموو قوژبنێکی کوردستانی تەندبوو.

ئەم هێزە لە زۆربەی ناوچە و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا دروستکران و هەمووشیان چەکیان هەبوو، لەلایەن ڕێکخراوی ناوشارەوە سەرپەرشتیدەکران و پێداویستییەکان دابینەدەکرا.

مەبەست لە هێزی سرک سازدان و ئامادەکردنیان بوو بۆ کاتی پێویست و هەر ئەگەرێک بێتە پێشەوە بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن.. ئەوەبوو لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا لەپاڵ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیودا ڕۆڵی چالاکانەیان بینی لە گرتنی بنکە و بارەگاکانی ڕژێمی بەعس و پاککردنەوەی شارەکان لە هێز و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی.

سەرکردە

دەبێ سەرکردە کەسێکی تێکۆشەری ژیر و هوشیاربێ، ئەرکی ڕێکخستن و جۆشدانی خەڵکیی بێ وەکو بزوێنەرێک بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان چ لە خەباتی نهێنیی یان ئاشکرای شاخدا.

بەهۆی نەبوونی ژینگەیەکی دیموکراسیی زۆر بەکەمیی بوار دەڕەخسێ سەرکردەی بەتوانا و شایستە هەڵبکەوێ بتوانێ بەرپرسیارێتیی ئەو ئەرکە زەحمەتەی ڕابەرایەتیکردن بگرێتە ئەستۆ و نەکەوتبێتەناو داوی چنراوی دوژمنەوە.

هەموو کەسێک کەمترین ئاستی هوشیاری هەبێ دەتوانێ ببێ بە ئەندامی حیزب یان پێشمەرگە و کار بۆ ئەو ئامانجەی بڕوای پێیەتی بکات، بەڵام ناتوانێ ببێ بە سەرکردە.. سەرکردە کەسی هەڵکەوتوو و پیاکەوتووی گەرەکە، لەئەرکەکەیدا لێزانبێ و لە دۆخی خەبات و کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبردن شارەزابێ و ئاستێکی باشی شیکاری هەلومەرجەکانی کارکردنی هەبێ و پێشبینیی ڕووداوەکان بکات و گیانی لێبوردەیی خۆبەختکردنی تیابێ و توانای بڕیاردانی هەبێ و نەترسێ و لەبەرانبەر پیلانەکانی دوژمنان خۆڕاگربێ.

مەرج نییە ئەوانەی دبنە سەرکردە هەموویان یەک ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان لەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە هەبووبێت، بەڵام هەموویان یەک ویست و ئامانج کۆیاندەکاتەوە وەکو ئەرکێکی نیشتمانیی ڕابەرایەتی کاری خەبات و تێکۆشان.

هەرئەمەش وایکرد سەرکردەکان لەئاستی جیاوازی بیر و تێگەیشتندا دەربکەون، لەمەوە دەردەکەوێ دوو جۆر سەرکردە هەیە: سەرکردەی ئاسایی و سەرکردەی کاریزمی، کە هەموو سەرکردە ئاساییەکان ناتوانن ببنە سەرکردەی کاریزمیی.

لەکوردستاندا هەندێک لەوانەی دەبوونە سەرکردە هەم ئاستی

خوێنەواریـیان بـەرز و هـەم توانـای بیـر و سـەلیقەی تێگەیشـتنیان و بەدواداگەڕانیـان بـەدوای سـەرچاوەکانی مەعریفـەدا ئامادەیدەکـردن شـان بدەنەبـەر ئـەو ئەرکـە کـە سـەرکردایەتیکردنە.. هەندێکیشـیان تەنیـا دڵسـۆزی و پەرۆشییان بۆ ڕزگاربـوون لـە چنگی چەوسـانەوەی داگیرکـەر کردبـووی بـە سـەرکردە، ئەگینـا لـەڕووی هوشـیاریی سیاسـیی و ڕووناکبیریـی و ئاگایی لـە بیر و فەلسـەفە زۆر شـارەزا نەبـوون، ئەمـەش بـە خـەوش دانانرێ، گرنگ ئەوەیـە ئـەو جۆرە کەسـانەش پێگـە و باندۆری تایبەتییـان لـە هەڵسـووڕاندنی کاروبارەکانـدا هەبـێ و بتوانـن لەگـەڵ خەڵکـدا مامەڵەبکـەن بـۆ جۆشـدانیان.

یەکێـک لـە کێشـەکانی شـۆڕش بەهـۆی بەرفراوانـی ناوچەکانـی کارکـردن سـەرکردەیەک لەیەککاتـدا چەندیـن ڕۆڵـی دەبینـێ: سیاسـی، سـەربازی، کۆمەڵایەتی، حیزبی، راگەیاندکار، کـە مـەرج نییـە ئـەو هەمـوو تایبەتمەندییانـە یـان بەشـێکیان لـە یـەک کەسـدا کۆببێتـەوە.. واتـە پسـپۆڕیی لەسـەرکردەدا زۆر بەکەمیـی دەسـتدەکەوت، بۆنموونـە سـەرکردەی سـەربازیی زۆر بەدەگمـەن هەبـوو ئاسـتی ئەکادیمـی هەبـێ یـان بـە پلـە سـەربازییەکاندا سـەرکەوتبێ یـان لەبـواری راگەیانـدن سـەرکردەی پرۆفیشـنالْ و دەرچـووی کۆلیـژی راگەیانـدن بووبـێ، هەروەهـا لەبـواری کۆمەڵایەتیـدا پلـەی ئەکادیمـی هەبووبـێ، کـە لـە سـاڵانی پێـش ئەنفالـدا خەڵکانێکـی بـاش هاتنـەدەرەوە بەتایبەتـی لەبـواری یاسـادا وەکـو دادوەر کاریانەکـرد، بۆیـە سـەرکردە بەزۆریـی بـە مومارەسـەی کردارەکـی و خۆماندووکـردن فیـری شـتەکان دەبـوون و شـارەزاییان پەیدادەکـرد.

ئـەوەی خاڵـی گەشـبوو لەسـەرکردەدا سـادەیی و خاکێتـی و بـوون لەنـاو جەرگـەی ڕووداوەکانـدا، بـوون لەنزیکـی خەڵکـەوە، خۆدوورنەخسـتنەوە لـە پێشـمەرگە، بەشـداریان لـە شـەڕ و چالاکییەکانـدا، بگـرە شەهیدبوونیشـیان، پێگەیەکـی دیـاری لـە هەسـتی خەڵکـی بـۆ دروسـتکردبوون، بۆیـە سـەرکردەکان کەسـانی نموونەیـی بـوون لـە کار و هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوت و بەرجەسـتەکردنی بەرنامـە و گەیاندنـی پەیامەکانـی شـۆڕش.

لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرکردە مرۆڤـە، کاری بـاش و دڵسـۆزانە دەکـرد،

هەڵەشـی دەکرد، خـۆی دەخسـتە مەترسـییەوە، بڕیـاری لابەلاشـی دەردەکرد، کـە کاریگەرێتیـی لەسـەر کەسـێتی خـۆی و شـۆڕشـیش دروسـتدەکرد، ئـەوەی گرنگبـوو هەمیشـە دەرگای ڕەخنـە لەسـەرپشـت بـوو بـۆ بەرگرتـن لـە هەڵـە و کاری نەشـیاو.

یەکێک لـە دیـارە خراپەکانـی سـەرکردەکان لـە شـاخ لەئەنجامـی نەگونجـان و پێکنەهاتـن و جیـاوازی دیـد و بۆچـوون لەسـەر مەسـەلەکان کـە بەزۆریـی پێوەندیـی بەدەسـەڵاتداریـیەوە نـەک مەبەسـتی فیکـری یـان چینایەتـی هەبووبـێ، لێکدەتـرازان و پێشـمەرگە دەکەوتنـە شـوێنیان و سـەنگەریان لەیەکتـر دەگـرت و ڕووبەڕوودەبوونـەوە و دەسـتیان دەچـووە خوێنـی یەکتری، لەهەمانکاتدا دەرزێکیشـی دروسـتدەکرد بـۆ دەسـتێوەردانی دەرەکـی و دنەدانـی لایەنـە ناکۆکـەکان بـۆ شـەڕ و دوژمنایەتیـی کـە شـوێنەواری بـۆ دواڕۆژیـش درێژدەبێتـەوە.

بەگشـتیی سـەرکردەکانی نـاو شـۆڕش خەڵکانی باوەڕبەخۆبـوون و خـاوەن ویسـتی بەهێزبـوون بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی کۆمەڵـی کوردەواریـی و ڕۆڵـی گەورەیـان لەگۆڕانکاریـیەکاندا دەبینـی کـە کـورد لـە قۆناغـی خەباتـی بەرەنگاربوونـەی دوژمنانـدا بـوو، ئەگـەر هەندێجاریـش لاتراسـکەیان کردبـێ و لـە ئامانجـە گشـتییەکان لایاندابـێ ئـەوە بەرپرسـیارێتیی مێژوویـان ڕووبەڕووبووەتـەوە و لەبەرچـاوی خەڵکیـی بـە چاوێکیتـر تەماشـاکراون.

سەنگەر گواستنەوە

لەنـاو شـۆڕش یـان حیزبەکانـی کوردسـتاندا دیاردەیـەک بەنـاوی سـەنگەرگواسـتنەوە پەیدابـوو کـە ئەندامـی ڕێکخسـتنی لایەنێـک یـان پێشـمەرگەی لایەنێـک دەچوونەنـاو لایەنێکیتـر یـان هێزیکیتـر، ئەمـڕۆ لەنـاو یەکێتیـدا بـوو، سـبەینێ لـەلای پارتـی یـان سۆسیالیسـت دەبینرایـەوە، کاتـێ پرسـیاری لێدەکرا بـۆ؟ چەندین بیانـووی بـۆ ئـەو هەڵسـوکەوتەی دەهێنایـەوە، حەتمـەن ئـەوە لەناخـەوە هەڵنەدەقـوڵا یـان دەربڕینـی ڕاسـتەقینەی

هەڵوێستەکانی نەبووە و شتەکانی ناوەوەی شاردووەتەوە تا بەڵگەی هەقبوونی خۆی بۆ بەرانبەر بسەلمێنێ.

زۆرجار ئەم سەنگەرگواستنەوەیە لەوەوە نەهاتبوو کە کەسەکە باوەڕی بە بیروباوەڕی ئەو لایەنەی تیایەتی نەماوە، بەڵکو کارێک یان هەڵەیەکی کردووە یان جۆرە رەفتارێکی نواندووە بووەتە مایەی ئەوەی سزابدرێ یان حیسابی لەگەڵدابکرێ، بۆیە لەو شوێنەی خۆی هەڵکەنراوە و رێگەی بۆ لایەکەیتر گرتووەتەبەر و لەوێش بێسێودوو پێشوازیکراوە، کەمجار و بەدەگمەنیش ڕوویداوە کەسێک لەسەر هەڵەی لایەنەکەی لەسیاسەتدا یان لادان لە بیروباوەڕ سەنگەرەکەی خۆی بەجێهێشتووە و شوێنێکیتری دۆزیوەتەوە.

جاری واشبووە کەسێک نەچووە بۆ ناو لایەنێکیتری شۆڕش، بەڵکو سەنگەری دژی شۆڕشی هەڵبژاردووە و بووەتە تاوانکارێک کە خۆی هەڵەی هەبووە و نەیتوانیوە لە ریزەکانی لایەنەکەی خۆیدا بمێنێتەوە نەکو سزایبدەن رێگای ناپاکیی هەڵبژاردووە و بووەتە دەسکەلایەکی دەزگا ئەمنییەکانی دوژمن.

سەنگەرگواستنەوە بەڵگەی لاوازیی بیر و تێگەیشتنی کەسەکەیە و بگرە کەسێکی بەرژەوەندخواز و هەمیشە بەدوای هەلەوە بووە بۆ جێکردنەوەی خۆی، لەوانەشە ئەو کەسە بشێوی و ناکۆکی لەناو هاوەڵەکانیشیدا نابێتەوە لەسەر هەقبوونی یان ناهەقبوونی تا دواجار گەوهەری دەرکەوتووە و خۆی ساقکردووەتەوە بەولایەی بەدوایدا دەگەڕا.

ئەم دیاردەی سەنگەرگواستنەوەیە هەر لای کورد نەبووە لە هەموو حیزبەکانی دنیادا هەبووە، چونکە مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم گۆڕانکاریدایە لە رەوشت و هەڵسوکەوتدا، کە هەر ڕۆژەی لەلایەک ڕۆژبکاتەوە و خۆی ببینێتەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە ریسوایی و نابووتی لەهەڵوێستدا بکات، بۆیە سەنگەرگواستنەوە کاردانەوەی خراپی لەسەر ژیانی سیاسیی حیزب هەیە کە ناتوانێ لەسەر زەمینەی بتەوی بیر و دیدی خۆی خۆی رابگرێ

و هەمیشە چاوی لەوەوەیە لەملاولاوە خەڵکی بۆ بێت و سەنگەرەکانی کاری خۆی پڕبکاتەوە.. دیارە بەڕێگەی دەمچەورکردن یان دنەدان ئەوکەسانە وەردەگرێت و لەڕیزەکانیدا جێیاندەکاتەوە، ئەمەش بەشێکە لە کاری بەرژەوەندیخوازی و گەڕان بەدوای سوودی کەسیدا لەپەنا ئەو لایەنەدا بۆی دەچێ.

سەنگەرگواستنەوە تەنیا لەئاستی کەسەکان نەوەستاوە، بەڵکو لەئاستی حیزبیشدا ڕوویداوە، حیزبێک دەستبەرداری بەرەیەک بووە و چووەتە بەرەیەکیترەوە و هەمیشە لە مشتومڕی ناکۆکیدا خۆیان بینیوەتەوە تا ئاستی شەڕەقسە و ئینجا دەمەزەرکردنی دەمەداسی شەڕ و کوشتنی یەکتریی.. بەمەش حیزبایەتی بەرەو پەرپووتی دادەکشێ، چونکە دڵنیایی نامێنێ، حیزبێک تا تێکۆشەرێک دروستدەکات زۆری دەوێت، کەچێ لەپڕێکدا سەنگەرەکەی چۆڵدەکرێت و رەنجەکەی بۆ پێگەیاندنی ئەو کەسە بە با دەچێت.

ئەمە بەڵای هەندێ کەسەوە وەکو بازرگانیی لێهاتووە کە کەسەکە بە شوێن قازانجی مادیدا دەگەڕێ، ئەگینا ئەگەر مەسەلەکە لەسەر جیاوازیی بیروبۆچوون بێت شتێکی ئاساییە مرۆڤ هەڵوێستی بگۆڕێ، بەڵام زۆرجار ئەم کارە لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکیتر و دووبارە گەڕانەوە بۆ هەمان حیزب کە کارێکی ناحیزبییە و جێگەی دڵخۆشکردن نییە.. ئەم دیاردەی لەم حیزب بۆ ئەو حیزب هەر بەردەوامە و بەپێی بەرژەوەندیی ئەو کەسە لاوازانە لەڕووی بیر و تێگەیشتنەوە دەڕوات.

سەرکردایەتیی

سەرکردایەتیی کۆمەڵێک تێکۆشەرن ئەرکی حیزبی و ڕێکخراوەیی و خەباتی سیاسیی و چەکداریی بەڕێوەدەبەن، کە لە ڕێگەی دەستنیشانکردن یان هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا دێنەپێشەوە.. ئەمانە بەرپرسن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی حیزب لە ماوەی کارکردنیان و

بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان.

هەر حیزبێک دەبێ سەرکردایەتیی تایبەتی خۆی هەبێ، کە بەپێی بەرنامەی ئەو حیزبە ژمارەیان لە خەڵکانی پرۆفیشناڵ و کەسایەتی کۆمەڵایەتی دیاریدەکرا، جاری واهەبووە حیساب بۆ ناوچە و خێڵەکانیش، کە نفوزیان هەیە، دەکرا.

ئەندامانی سەرکردایەتیی دەبێ کەسانی هۆشیار و بەتوانا و شارەزا لەبواری خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتیدا.. متمانەپێکراو و هەڵسووڕاو و دڵسۆز و کارامەبن، دیدی ڕوونیان بۆ بۆ خەبات و خزمەتی دۆزی نەتەوەکەیان هەبێ و لەڕووی هەڵوێستەوە قایموقۆڵبن و بە ئاسانیی نەڕووخێن و پێشەنگ و سەرمەشقی هاوڕێکانیان بن.. ئاگایان لە ڕووداوەکانی دنیا بێت، توانای لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی مەسەلە سیاسیی و فیکرییەکان بن، ئاستی سەلماندنیان بالابێت، پێگەی جەماوەرییان بەهێزبێت.

سەرکردایەتی بەپێی پێویست یان بەپێی نەخشەی داڕێژراو بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی کاروبارەکانی حیزب و تازەبابەت کۆدەبوونەوە و دوای گفتوگۆکردن بڕیاری پێویست دەدرا، لەکۆبوونەوەکاندا را و بۆچوونی جیاوازی لێدەکەوتەوە، زۆرجار دەبووە مایەی ئەوەی ئەندامێ یان چەند ئەندامێ زوێربن و لەدواییدا دەستەگەرییەک دروستبکەن یان بچنە دەرەوە.

بۆیە سەرکردایەتی هیچ حیزبێک نەبووە تووشی ململانێی و ناکۆکیی نەبووبێتەوە چ ململانێی فیکریی یان لەسەر پایە و دەسەلات، یان هەڵوێستی سیاسیی، کە هەندێک لە سەرکردەکان ریزی حیزبیان جێدەهێشت و دەچوونەناو حیزبێکیترەوە یان خۆیان حێزبێکیان دادەمەزراند.. زۆر بە کەمیی ڕوویداوە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێک خۆی رادەستی ڕژێمی عێراقی کردبێتەوە.

یەکێک لە حیزبە دیارەکانی گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی شۆڕشگێڕانە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لە وڵاتی سوریا لەلایەن دەستەیەک

تێکۆشەرەوە دامەزرا و دواتر لە سێ باڵ پێکهات و سەرکردایەتییەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی و پێشمەرگایەتی و رێکخراوەیی و راگەیاندن و دارایی دروستکرا، بەپێی پرەنسیپێک رێژەی نوێنەرایەتی بۆ هەر باڵێک دیاریدەکرا، کە هەر باڵێک بۆ خۆی سەرکردایەتی تایبەتی و ئۆرگانی خۆی هەبوو، هەر سێ باڵەکەش پێوەستبوون بە یەک بەرنامە و سیاسەت و کاری شۆڕشەوە و هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کێشرابوو نەدەکرا.

لە سەرکردە دیارەکانی یەکێتیی لە قۆناغە جیاوازەکانی پێش راپەڕین: مام جەلال، خاڵە شیهاب، شەهید جەعفەر عەبدولواحید، شەهید مامۆستا جەمال تاهیر، شەهید مامۆستا عەزیز، شەهید عەلی عەسکەری، شەهید د. خالید، شەهید شێخ حسێن ئێزدی، نەوشیروان مستەفا، رەسول مامەند، د. فوئاد مەعسوم، د. کەمال فوئاد، د. عومەر شێخموس، ملازم عومەر، عومەر دەبابە، کۆسرەت رەسوڵ، عەبدولڕەزاق فەیلی، عادل مووراد، عەدنان مفتی، فەرەیدوون عەبدولقادر، د. خەسرەو حاڵ، مەلا بەختیار، جەبار فەرمان، عومەری سەیید عەلی، مستەفا چاوڕەش، قادری حاجی عەلی، شەوکەت حاجی مشیر، عومەر فەتاح، حاکم عومەر،دارا حەفید، عەبدولکەریم حاجی، سەیید مەجید، شەهید حەسەن کوێستانی، حەمەتۆفیق رەحیم، چەتۆ حەوێزی، شێخ عەلی شێخ حەمەسالح.. هتد.

دیارە لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا هەندێک لەم سەرکردانە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیابوونەوە و حیزبی سەربەخۆیان دروستکرد: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ئالای شۆڕش.. هتد.

سکرتێری گشتیی

بەپێی فەرهەنگە عەرەبییەکان واتای سکرتێری گشتیی: کارمەندێکی گەورەیە سەرپەرشتیی هەموو کارمەندان لەدامەزراوەیەکدا دەکات و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی تایبەتیی هەیە.

سکرتێری گشتیی.. نازناوی سەرکردەی یەکەمی حیزبی سیاسیی و هەندێ رێکخراوی جیهانییە وەکو: نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوی ئۆپیک.. هتد، تەنانەت لەوڵاتاندا سکرتێری گشتیی کۆماریش هەیە

سکرتێری گشتیی حیزب بە واتای سەرپەرشتیاری یەکەمی حیزب دێت کە لەلایەن کۆنگرەی حیزبەوە دەسەڵاتەکانی بۆ دیاریدەکرێ.

لە شۆڕشی نوێدا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو نیمچە بەرەیەک لە سێ لایەن: کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، هێڵی گشتیی (هێڵی پان) دروستبوو وشەی سکرتێری گشتیی لەبری سەرۆک کە پارتی بەکاریدەهێنا بەکارهات، چونکە یەکێتیی هەوڵیدەدا هەموو شتێکی لە شۆڕشی ئەیلول جیاوازبێ تەنانەت ناوی دامودەزگا حیزبی و پێشمەرگەییەکان.

وەکو باسدەکرێ بەکارهێنانی وشەی سکرتێری گشتیی لەیەکێتیدا بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە کە رەوانشاد مام جەلال بە سکرتێری گشتیی دانرا تا ڕۆژی کۆچیدوایی.

سێدارە

سێدارە ناوەکەی لەخۆیەوە هاتووە، دوو دار لەمسەروئەوسەر و داریکیش بەسەریانەوە رایەڵەدەکرێ و پێکەوە دەبەسترێن، لە ناوەڕاستی رایەڵەکەدا پەتێک بۆ ملپێداکردن شۆڕدەکرێتەوە، لەخوارەوە کورسییەک یان تەختەیەک دادەنرێ کەسی حوکمدراو بە دەموچاوی بەستراوەوە

دەچێتەسەری، دوای خوێندنەوەی بڕیاری حوکمەکە پەتەکە دەخرێتە ملی و کورسییەکەی ژێر پێی لادەبرێ و هەڵدەواسرێ، لە ماوەیەکی کەمدا ملی لەسێدارەدراوەکە دەکشێ و هەناسەی دەبڕێ و گیانی دەردەچێ.

هەندێجار کەسەکە ملی کراوەتە پەتەکەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ملی ئەستوورببووە نەمردووە، دووبارە سەریانخستووەتەوە و دووبارە لەسێدارەدراوەتەوە ئەوسا ئیتر گیانی تیانەماوە و شۆڕبووەتەوە.

لەسێدارەدان جۆرێکی ئەشکەنجەدان یان کوشتنە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ پاکسازیی نەیاران یان خەڵکانی تاوانبار هەڵخراوە و کۆتاییپێهاتووە، کە بە زۆریی بۆ چاوشکاندن و تۆقاندن بەکارهاتووە.

لەسێدارەدان کارێکی تازە نییە، رەگوڕیشەی کۆنی هەیە، لەهەموو سەردەمەکاندا دەسەڵاتداران ئەنجامیانداوە.. ئەوەی بڕیاری لەسێداران جێبەجێدەکات پێیدەتوڕێت جەللاد یان نەسەقچی، ئەو کەسە دڵڕەقە و بێزەیی نییە و مل بەپەتەوەکردنی خەڵکیی بەلاوە ئاساییە و بگرە چێژی لێوەردەگرێ، وەکو دەوترێ جەللاد هەمیشە چاوی لە کەلوپەلی لە سێدارەدراوەکەیە بیبات بۆ خۆی.

لەڕابردوودا حوکمی لەسێدارەدان زۆربوو، ئێستا کەمبووەتەوە و لە زۆر وڵاتاندا هەر نەماوە، چونکە دەنگی ناڕەزایی خەڵکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەیەکی بەربڵاو دژی ئەو جۆرە سزادانە دەوەستنەوە کە بێبەهاکردنی مرۆڤ و رووتکردنەوەیەتی لە ئازادیی و مافە تایبەتەکانی بەتایبەتی ئەگەر لەسەر مەبەستی سیاسیی و بیروڕا بێت.

ڕژێمی بەعس بەدناوترین ڕژێم بوو کە بە زۆریی خەڵکی لەسەر مەسەلە سیاسییەکان بە لەسێدارەدان سزادەدا، قەسابخانەکانی ڕژێمی بەعس سیخناخبوو لە سێدارە و پەتی مردن، ملی هەزارەها کەسیان پیاشۆڕکرابووەوە، ئەوانە بە زۆریی تاوانێکی ئەوتۆیان نەبوو جگەلەوەی کە ئەوانە بە مافی خۆیان زانیوە چۆن بەعس حوکمدەکات ئەوانیش لە حیزب و رێکخراوی خۆیاندا کاربکەن، کە حیزبی بەعس هەموو لایەنێکی

قەدەغـە کردبـوو، دەبـوا هەمـوو کـەس لـە بـن سـێبەری بەعسـدا بـن ئەگینـا دەمـردن!

بڕیـاری لەسـێدارەدان بەهـۆی نەبوونـی لێبوردەیـی و پێڕەوکردنـی توندوتیژیـی بەرانبـەر خەڵکانـی بیـروڕا و تێگەیشـتنی جیـاواز بـووە، چونکـە ڕژێمـی حوکمڕانیـی دیکتاتـۆر بـوو دنیـا بـاوەڕی بـە ئوممـەی عەرەبـی بـوو، تەنیـا بەعـس مافـی ژیانـی هەبـوو، ئەوانیتـر لـە نەتـەوە و ئاییـن و بیـری جیـاواز نابـێ هەناسـەبدەن.

دەبـێ دوو جـۆر لـە سـێدارەدراو جیابکەینـەوە: لەسـێدارەدراوێک پیاوێکـی تێکۆشـەری نیشـتمانپەروەرە و لای دوژمـن ناپاکـە، لەسـێدارەدراوێک کەسـێکی تاوانبـارە بـە تاوانێکـی کۆمەڵایەتـی یـان ئاکاریـی.

بـە زۆریـی ئەوانـەی کـورد ڕژێمـی سـەدام لـە گرتووخانەکانیدا لەسـێدارەی داون خەڵکانـی سیاسـیی و حیزبیـی بـوون بـە نهێنیـی کاریانکـردووە یـان پێشـمەرگەی دیلـی شـەڕەکان بـوون.. ئـەوەی وەکـو شـانازی بـۆ کـورد ماوەتـەوە ئازایەتیـی و جەربەزەیـی ئـەو تێکۆشـەرانە بـووە کـە نەترسـانە لەبـەردەم بڕیارەکانـی دادگا پیسـەکانی بەعسـدا وەسـتاونەتەوە و بـە دەم سـروود و دروشـمی شۆڕشـگێڕییەوە ڕووبەڕووبونەتـەوە و دەمیـان تەتەڵـەی نەکـردووە و چۆکیـان نەلەرزیـوە.

ئـەو نامانـەی لەزیندانەکانـەوە لەلایـەن لەسـێدارەدراوەکانەوە بـۆ کەسـوکار و لایەنەکانیـان نێردراونەتـەوە بەڵگـەی ئـەوەی پیـاوە چاونەترسـەکان دەچنەبـەر پەتـی سـێدارە، ئەمـەش قارەمانەتیـی ئەوانـە دەردەخـا کـە پەتـی سـێدارە شـانازیی بـووە، ئـەوان لەپێنـاوی دۆزێکـی زیندوودا خۆیـان بەختکـردووە کـە مێژوو بـە تکتـک خوێنـی ڕژاوی ئـەوان دێـرە زێڕینەکانـی دەنووسـێتەوە.

ئـەوەی جێی تێڕامانـە هیـچ ڕژێمێکـی دیکتاتۆریـی تـا سـەر نەماوەتـەوە، کـە خەڵـک ڕاپەڕیـوە یان دنیا دژی دیکتاتۆر وەسـتاوەتەوە تووشـی چارەنووسـێکی ڕەش بووەتـەوە، ئـەو سـێدارەیەی دیکتاتـۆر بـۆ تێکۆشـەرانی هەڵخسـتبوو چێـژی لـە ملشـۆڕبوونەوەیان دەبینـی خۆیشـی و هاوئاهەنگەکانیتـری

لەدەسەڵاتدا بەهەمان بەرنامەی پاکسازیی نەفرەتاویدا تێپەڕین و ناویان لە تابلۆی تاوانبارانی مێژوودا هەڵواسرا.

سەربازی راکردوو (عەسکەری فیرار)

سەربازی راکردوو ئەوانە بوون لەکاتی جەنگدا لە بەرەکانی شەڕ هەڵدەهاتن یان هەر نەدەچوون بۆ خزمەتی ساربازیی و لە حکومەت قاچاغدەبوون.. ئەم دیاردەی سەرباز هەڵاتنە هەر لەکۆنەوە هەبووە، سەربازانێک پێیانخۆشنەبووە بچنە شەڕەوە ئیتر نەچوونەتە سەربازیی، لە دەمی شەڕی ئێران عێراق راکردن و خۆدزینەوە لە بەرەکانی شەڕ فراوانبوو بەتایبەتیی سەربازە کوردەکان کە دەیانزانی بە سەلامەتی ناگەڕێنەوە جگەلەوەی باوەڕیان بە شەڕەکە نەبوو بە هی خۆیانیان نەدەزانی.

لە کاری سەربازیدا راکردن یان هەڵاتن تاوانە و بەپێی یاسا و دادگای سەربازیی سزای بۆ دانراوە، کە هەنێجار لەسێدارەدان یان گوللەبارانکردن یان زیندانیکردنە.

ئەوانەی رایاندەکرد بەشێکیان خەڵکی دێهاتەکان و بە زۆریش خەڵکی شارەکان بوون، خۆیان دەگەیاندە دێهاتەکان کە بە زۆریی لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوون ئیتر هەندێکیان دەبوونە پێشمەرگە و پشتگیریی، هەشبوو لەو دێهاتانەدا ژیانیان دەیانگوزەراند.

ئەم دیاردەی راکردنی سەربازە زیانی زۆری لە ڕژێمی سەدام دەدا، کە ئەوکاتە پێویستی بە سەرباز بوو شەڕی پێبکات، ئەو راکردنە بۆشایی گەورەی لەسوپادا دروستکردبوو، زۆرجاریش ڕژێم بە تووندیی مامەڵەی لەگەڵ ئەو سەربازانەدا دەکرد و بێبەزەییانە گوللەبارانیدەکردن.

بەعس ئەوەندە ترسی خستبووە دڵی خەڵکەوە ناچاردەبوون یان نەیاندەوێرا ریگە بە کوڕەکانیان بدەن لە سەربازیی هەڵبێژن.. کابرایەک لە باشووری عێراق کوڕە راکردووەکەی بە دەمانچەکەی دەکوژێ، سەدام

لەپـای ئـەوە پاداشـتی دەکات.

هێزەکانـی سـوپا بـە چەندیـن دەزگای سـیخوڕی ناوخۆیـی دەورەدرابـوو مامەڵـەی زبریـان لەگـەڵ فەرمانـدە و سـەربازەکاندا دەکـرد بەتایبەتـی گاردی کۆماریـی بێبەزەییانـە سەرپەرشـتیی گوللەبارانکردنەکانـی دەکـرد.

شـەڕی ئێـران – عێـراق شـەڕێکی زۆر دژواربـوو بـە هـەزاران سـەرباز بوونـە قوربانیـی، ڕۆژانـە بـە سـەدان تەرمـی کـوژراو ڕەوانـەی شـارەکان دەکرایـەوە، نەخۆشـخانەکان پڕبووبـوون لـە سـەربازی بریندار، بەهـۆی ئەمـەوە ڕاکردنـی سـەربازێکی زۆر لـە ریزەکانـی سـوپادا پەیدابـوو.

حکومەتـی عێراقـی بۆئـەوەی دیـاردەی ڕاکـردن لـە بەرەکانـی شـەڕ کەمبکاتـەوە لـە ڕێگـەی دامودەزگاکانیـەوە لێبوردنێکـی بـۆ دەردەکـردن و لەسـەربازگەیەکدا کۆیدەکردنـەوە پێیانوتـرا هێـزی چوارمشـقیی، کـە بـە زۆریـی ئەمانـە دواتـر لـە فەوجـە سـووکەکاندا جێگایانبـووەوە و لـە شـەڕی پێشـمەرگە و بەتایبەتـی لـە شـەڕەکانی ئەنفالـدا دژی پێشـمەرگە ڕۆڵیانبینـی.

ڕۆمانی سەگووڕ و ڕەخنە

شـۆڕش مـرۆڤ دەیـکات، مرۆڤیـش هەڵـەدەکات نـەک شـۆڕش، ئەگـەر بەرنامـە و پێـڕەو و پرۆگرامـی حیـزب بـاش و تۆکمـە داڕێژرابێـت و سـەرکردایەتی پەرۆشـانە و دوور لـە ویسـتی کەسـیی خۆیـان کاربکـەن و چاودێریـی خـوارەوەی خۆیـان بکـەن کەمتـر هەڵـە و لادان ڕووبەدات، ئەوەشـی بکـرێ زوو فریـای چارەسـەر دەکـەون.

پەروەردەکردنـی پێشـمەرگە و ئەندامانـی ڕێکخسـتن ئەرکـی سـەرەکیی کادیـرەکان بـوو بـۆ دروسـتکردنی مرۆڤـی پـاک و ڕاسـتگۆ و دڵسـۆز و شۆڕشـگێڕ کـە ڕاسـتییەکان نەشـارێتەوە و هەڵـە و لادان ڕوونـەبات.

زۆرجـار بەهـۆی کەمیـی شـارەزایی لـە پرەنسـیپەکانی حیزبایەتیـی سـەرکردە یـان فەرمانـدە بەرگـەی ڕەخنەیـان نەبەگـرت و پێچەوانـەی بڕیـارەکان دەجوولانـەوە، یـان کەسـێک ڕایەکـی دەردەبـڕی لـەڕووی

تێنەگەیشتنەوە تێکدەچوون و سووردەبوونەوە و دەکرایە هەرا، بێئەوەی تێبگەن چۆن ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ گفتوگۆ و گەیشتن بە دوا خاڵی ڕێککەوتن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باوەڕی بە ئازادی را دەربڕین هەبوو بەو مەرجەی لەپێناوی خزمەتی گشتیدا بێت و لە دەرەوەی پرەنسیپە گشتییەکاندا نەبێ ویژدانی خەڵکیتر بڕووشێنێ.

لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیشدا کە ڕێکخراوێکی چەپ بوو دیسانەوە ڕێز لە ئازادییەکانی بیروڕا و دەربڕین و هەستی ئایین و مۆراڵی خەڵکیی دەگیرا، چونکە کۆمەڵی کوردیی هێشتا لە بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکاندا دەربازنەبووبوو، یەکێک لە ئەرکەکانی شۆڕش و کادیر و ئەندامە خەمخۆرەکانی کۆمەڵە ئەوەبوو ئازایانە دیواری ئەو بازنەیە بڕووخێنن نەک وروژاندنی کۆمەڵێک مەبەست کە خزمەت بە بەرنامەسازیی شۆڕش ناکات.

بۆیە جۆرێک لە تێپەڕاندنی سنوور هەبوو، هەندێک کادیر ئەگەرچی توانای بیر و هێزی بیرکردنەوەیان قایموقۆڵنەبوو خۆیان دەدا لە قەرەی هەندێ مەسەلەی ئایینیی کە هەم ئەدەبیاتی ئایینییان باش نەخوێندبووەوە و هەم لە ئەدەبیاتی مارکسیزمیشدا قوواڵنەبووبوونەوە بەتایبەتی سەرچاوەیان بە کوردی زۆر بە کەمیی لەبەردەستدابوو، ئەوەی هەبوو یان فارسی یان عەرەبی بوو کە هەندێ لەو سەرچاوانەش زۆر جێگەی متمانەنەبوو، ئەو توندڕەوییە زۆرتر پێوەندیی بەو کادیرە ئێرانییانەی ڕێکخراوە چەپە توندڕەکانەوە هەبوو کە لە نزیکی بارەگاکانی یەکێتیی بوون، ئەگەرچی ئەوانیش لەناو گێژاوی ناکۆکی بیر و ململانێی ناوخۆیی و هەڵوێستەوە پلکابوون.

لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە خەڵکانێک هەندێ ڕەخنەیان پەسەندنەدەکرد بەتایبەتی پێوەندیی بە بێڕێزیی بە شۆڕش و پێشمەرگە و سەرکردەکانەوە هەبووبێ، بەتایبەتی لەلایەن ئەو نووسەرانەی هاتبوونە دەرەوە و لە نزیکی سەرکردایەتی خێوەتیان هەبوو یان لەبارەگاکاندا بوون..

ئەوانە جۆرێکیتر تێڕوانینیان بەرانبەر شۆڕش و ڕەفتاری سەرکردە و سیاسەت و هەڵوێستی سیاسیی و هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لە ئاستە جیاکاندا کە هەندێجار شتی نامۆیان دەکرد، هەبوو، ڕەخنەیاندەگرت، تونـد قسەیاندەکرد، ناڕەزاییان دەردەبڕی، لەهەمانکاتدا ئەمە لای کادیر و پێشمەرگە کاردانەوەی هەیە، بەشێک بە ئەرێنی وەریاندەگرت، کە ڕەخنەگر مافی خۆیەتی ئازادانە نیگاکانی، تێزەکانی نیشابدات و نابێ سانسۆر بخرێتەسەری، بەشێکیش دژی ئەوەبوون ئەو دیاردە نەرێنییانە باسبکرێ، چونکە کۆمەڵی کوردی بەرگەی ئەوە ناگرێ بەتایبەتی ئێمە لەخەباتداین لەگەڵ ڕژێمێکی تاوانکاری نادیموکراتیی.

ئەم کێبەرکێیە بەردەوامبوو تا محەممەد موکری چیرۆکی سەگوەڕی لە شاخ بڵاوکردەوە، ئەم چیرۆکە گەیشتە دەستی پێشمەرگە و کادیر و سەرکردەکانی یەکێتیی و تەنانەت لایەنەکانیتریش، دیسانەوە سەنگەربەندیی دژ و پشتیوانیی دروستبوو، بەتایبەتیی لەناو فەرماندەکانی یەکێتیدا، جۆرێک لە رق و کینە لەلایان پەیدابوو کە دەبێ محەممەد موکری سزابدرێ، کار گەیشتە ئەوەی سکاڵا ببەنە لای ڕەوانشاد مام جەلال.

مام جەلال پرسیبووی: محەممەد موکری چیکردووە؟ وتیان: کتێبی لەسەر پێشمەرگە نووسیوە.. مام جەلال هۆشیاریکردنەوە ڕەخنە دەرمانی نەخۆشیی دەکات، موکری ئارپیچی بە شۆڕش و پێشمەرگەوە نەناوە، نیازی خراپیییە، مادام کتێبی نووسیوەتەوە ئێوەش بە کتێب وەڵامیبدەنەوە.

ئەو هەڤاڵانە بە زۆریی لە مەسەلەی ڕەخنە و دەستنیشانکردنی خاڵە نەرێنییەکانی ناو شۆڕش و هێزی پێشمەرگە شارەزانەبوون یان نەیاندەویست ئیجرائاتبکرێ لەوانەشە بەشێکیان لەژێرەوە بەو کەموکوڕییەوە تێوەگلابن، یان درکیان بەوەنەکردبێ دەبێ ئەوەی هەڵەدەکات دەبێ هەڵەکەی ڕاستبکرێتەوە تا دووبارەنەبێتەوە و نەبێتە دیاردە، ئەگینا کار لەکار دەترازێ و ئەنجامی شۆڕش خراپەبێ!

لەڕاستیدا موکری مافی خۆی بوو وەکو پێشمەرگەیەک و چیرۆکنووسێک

قسە لەسەر شۆڕش و کارەکتەرەکانی بکات، ئەوەی باوەڕی پێیەتی و لادانە لە ڕێڕەوی شۆڕش تیشکی بخاتەسەر تا ناوەڕۆکی شۆڕش و سیمای پێشمەرگە نەشێوێنرێ.

شۆڕش جوولانەیەکە دژی دەسەلاتی داگیرکەر و ڕژێمی مرۆڤکوژ، مرۆڤە تێکۆشەرەکان دەیکەن، مرۆڤیش لەبیرکردنەوە و هەڵوێستدا پیرۆز و بێهەڵە نییە.. ئەرکی شۆڕش گۆڕینی قەناعەتی دوژمنە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و دابینکردنی مافە ڕەواکانی، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی کارەکتەرەکانی خۆیشی.

لەشۆڕشیشدا کاری نابەجێ و ناڕێک دەکرێ، هەموو پێشمەرگە و کادیر و فەرماندەکان لە یەک ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان وەکو یەک نەبووە، هەڵەیان کردووە، ناشیرینییان نواندووە، لەهەمانکاتدا کادیرەکانی ڕێکخستن ئەرکیان ئاراستەکردن و پەروەردەکردن ئاگادارکردنەوەی هەڵەکار بووە تا ڕێڕەوی شۆڕش تێکنەدەن و ڕەفتاری ناپەسەند نەنوێنن ببێتە هۆکاری تێکشکاندن و ڕووخانی گیانی شۆڕشگێڕیی و گەندەڵیی.

ئەوەی محەممەد موکری لە سەگوەڕ باسیکردووە ڕاستیی بووە، لەوانەیە بەڵای هەندێکەوە کاتەکەی هی ئەوە نەبووبێ بوروژێنرێ یان شێوزای دەربڕین و دەرخستنی ڕووداوەکان کاریگەرێتیی نەرێنی نواندبێ، سەرەڕای ئەوە شۆڕش بە ڕێگاکەی خۆیدا لە گیانبەختکردن و قوربانیدان نەوەستا و محەممەد موکریش مەبەستیبوو ڕێڕەوی هەڵەکان ڕاستبکاتەوە نەک خەڵک بڕووخێنێ.

یەکێک لە جوانییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەخنەگرتن بوو، محەممەد موکریش ڕەخنەیگرت و دابێکی داهێنا خەڵک نەترسێ، خەڵک قسەبکا، تاریکیی ڕووناکبکاتەوە، بەوەش ڕۆحی شۆڕشگێڕیی باڵادەکات.

سوپای عێراق

سوپای عێراق ساڵی ١٩٢١ لەلایەن چەند ئەفسەرێکەوە کە بەشێکیان کوردبوون دامەزرا.. لەو ڕۆژەوەی سوپای عێراق دروستبوو هەر لە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە تا ئێستا پەلاماری کوردی داوە، خەڵکی کوشتووە، دێهاتی سووتاندووە، زیندانەکانی لە خەڵکی بێتاوان ئاخنیوە، ئابڵووقەی سەپاندووە، هاتوچۆی بڕیوە.. گەورەترین تاوانێ کە ئەنجامیداوە شەڕی کورد بووە بەتایبەتی شەڕی ئەنفال بە بڕیاری سەدام و جێبەجێکردنی عەلی حەسەن مەجید.

سوپا دامەزراوەیەکی نیشتمانیی بوایە، کەچی هەر ڕژێمێک هاتووە وەکو داردەست بەکاریهێناوە بۆ سەرکوتکردن و وێرانکردن و شەڕ، ئەم سوپایە ئەرکی پاراستنی نیشتمان بوایە لە مەترسیی هێرشی دوژمن و وڵاتانی دەوروبەر، بەڵام ئەم سوپایە هەمیشە بە پەلاماری کورد سەرقاڵکراوە، دواتریش سەرکێشییەکانی سەدام ئەم سوپایەی خستە دۆزەخی هەڵوەشانەوە بەهۆی شەڕەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر.

هەمیشە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان خەریکی چەکدارکردنی سوپا و تەشکیلاتی نوێ و ئامادەکردنی بوون بەتایبەتی لە سەردەمی سەدامدا بە پارەی نەوت هەر خەریکی چەککرین بووە، لە زۆر وڵاتانی جیهان وەکو: سۆڤیەت، ئەڵمانیا، چین، فەرەنسا، ئەمەریکا، چەکی دەکڕی.. دەویست سوپا ببێتە یەکێک لە هێزە مەترسیدار و بەهێزەکان لەڕووی توانای سەربازیی و تەکنیک و چەکی پێشکەوتووەوە تا بتوانێ بەگژ کورد و دەوڵەتانی دەوروبەردا بچێت وەکو وێنەی بۆ کێشابوو.

سوپای عێراق پێکهاتبوو لە:

- هێزی زەمینیی، کۆمەڵێک یەکەی لە هێزی سەربازیی، ئاڵییات (تانک، زرێپۆش، میکانیکی.. هتد) لەخۆگرتبوو.
- هێزی ئاسمانیی، هێزێکی تۆندوتۆڵی بەهێزی لە فڕۆکەی جەنگیی و

هەلیکۆپتـەر هەبـوو،

– هێزی دەریایی، هێزێکی بچـووک لەچـاو هێزەکانیتر، چونکە سـنووری دەریایـی پانوپـۆڕی ئەوتـۆی نییـە بتوانـێ جموجوولّـی بـۆ دەستوەشـاندن تیابـکات.

جگەلـە هێـزی سـوپای رەسـمی ڕژێمـی بەعـس چەندیـن جۆریتـری هێـزی دروسـتکردبوو وەکـو: جەیشـشـەعبی، سـوپای پاسـەوانی کۆماریـی، سـوپای کۆماریـی تایبـەت، فیدایـی سـەدام، مەفـرەزەی تەواریـی، مەفـرەزە تایبەتییـەکان، جگەلـە هێزەکانـی ئەمـن و ئیسـتیخبارات.. هتـد، بەمـەش عێراق لـە سـەردەمی بەعسـدا بووبـووە دەولّەتێکـی سـەربازیی.

عێـراق ڕۆژ بـەڕۆژ توانـا سـەربازییەکانی قەبەدەکـرد بـە جۆرێـک وەکـو باسـدەکرێ دوانـزده فیرقـەی سـەربازیی هەبـوو لـە ناوچـە جیاجیاکانـی عێراقدا دابەشـبووبوون، لەوانـە (٥) فیرقەیـان زرێپۆش و ئەوانیتریـش پیـادە و ئالییـات بـوون.

عێراق لـە کاتـی شـەڕی ئێران– عێراقدا (٢٠٠) هـەزار سـەربازی چەکداری هەبـووە و بووەتـە (١) ملیـۆن سـەرباز، (٣٨) هـەزار سـەربازی ئاسمانیی،(٤) هـەزار سـەربازی دەریایـی، (١٧٤٠) تانکـی جۆراوجـۆری هەبـوو، زۆربەیـان سـۆڤیەتی بـوون، دواتـر وەکـو سـەرچاوەکان باسـیدەکەن بووبـە (٢٧٥٠) تانـک، (٢٥٠٠) زرێپۆش، (١٠٤٠) تـۆپ، هەروەهـا (٣٣٢) فڕۆکـەی لە جۆرەکانی مێـک، سـۆخۆی، هۆکـەر هەنتـەر، ئەلیوشـن، تۆلیـڤ و(٧٥٠) هەلیکۆپتـەری جۆراوجـۆری هەبـوو.

ئـەم سـوپایە لەشـەڕەکاندا چەنـدە زیانـی بـە لایەنەکانـی بەرانبـەر گەیانـدووە ئەوەنـدەش و زۆرتـر زیـان لـە خـۆی کەوتـووە چ کـوژراو و چ بریـندار لـە فەرمانـدە و ئەفسـەر و شـەڕکەرە بەتوانـاکان چ لـە بەرەکانـی شـەڕ و چ پاکسـازیکردنیان لەلایەنـی ڕژێمـی بەعـس خۆیـەوە بـە تۆمەتـی جۆراوجـۆراوی ناپاکیـی و پیلانگێـڕان و کودەتـا.. هتـد.

هەرگیـز ڕێگـە بـە هیـچ فەرماندەیەکـی سـەربازیی چ لەئاسـتی بـاڵا و چ خوارتـر نـەدراوە قسـە لـە قسـەی سـەرۆکی عێـراق و بەرپرسـە حیزبییـە

بالاکاندا بکەن ئەگەر هەڵەش بووبن و پلان و نەخشەی سەربازییان کەموکوڕیی هەبووبێ، چەندین فەرماندە قسەیانکردووە و بەرگەی هەڵەکانیان نەگرتووە و دەنگیانهەڵبڕیوە، بەڵام لەپای ئەوە گوللەبارانکراون وەکو تەمبێیەک بۆئەوەی کەسیتر نەوێرێ فزەبکات.

بەعس شانازییەکی گەورەی بە سوپاکەیەوە دەکرد، چونکە دەستی گەیشتبێتە هەر شوێنێک بەپێی پلانی بەعسییانە وێرانیانکردووە و ئاوەدانییان نەهێشتووە بەناوی ئەوەی دێهات و دانیشتووانەکانی پەناگەی هێزی پێشمەرگە و شۆڕش بوون بۆیە رقێکی زۆریان لە خەڵکی دێهات بوو.. ئەگەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی نەبوایە، هەرگیز سوپای عێراق لە شەڕی ئەنفالدا لەبەرانبەر شەڕی پێشمەرگەدا نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هەمیشە پێشمەرگە بە چەکی سووکەوە بەرانبەر ئەو سوپا زەبەلاحە پڕچەکەی ڕژێم وەستاوەتەوە و زەبری توندی لێوەشاندووە و زیانی گیانیی و مادیی زۆری پێگەیاندووە، تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی سوپا لە بەرەکانی شەڕ هەڵدەهاتن و دەگەیشتنە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە.

شاخ لە بیرەوەریی پێشمەرگەدا

شاخ یان چیا یان کەژ یان کێو بەرزترین شوێنی زەوییە، واتە ئەو شوێنەی لە زەوی بەرزبووەتەوە، کوردستان پڕپەتی لە شاخی کووڕ و لووتکە و دوند و تڕۆپکی بەرز، کە بە دارستانی چڕ داپۆشراوە، ئەگەرچی هەندێ شاخیش ڕووتەنە و داری لێنییە.

شاخ هەمیشە لای کورد ئامادەیی هەیە، هەمیشە شوێنێک بووە بۆ بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، ئەگەر شاخ لە کورد بکرێتەوە دەمرێ بۆیە وتراوە: تاکە دۆستی کورد شاخەکانیەتی.

شاخ لە مەبەستێکی جوگرافیی تێپەڕیوە و بووەتە زاراوەیەک کە ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی خەبات و کەرەستەکانی وەکو: ئەدەبیاتی شاخ،

راگەیاندنی شاخ.. هتد، هەروەکو شوێنی شەڕ بووە و ڕۆژگارێک بنکە و بارەگای شۆڕش و پێشمەرگە بووە، هەروەکو شاخ و هاوواتاکانی لە شیعر و ئەدەبیاتی شاعیراندا هاتووە و وێنەی کێشراوە.

بارودۆخی کورد ئەوەندە دژوارە، هەندێجار شاخیش دادینادات و لەو شوێنانەی لێیبووە هەڵکەنراوە.. کاتێ دوژمن بە چەکە قورس و پێشکەوتووەکانی سەردەم بەتایبەتی چەکی کیمیاوی بەرانبەر بەو پێشمەرگانەی بە چەکی سادە و سووکەوە ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە بەناچاریی شاخیان بەجێهێڵاوە وەکو ئاشبەتاڵی ساڵی (٧٥) و شکستی سەردەمی ئەنفال (١٩٨٨) کە هێزی بچووکی پارتیزانیی لە ناوچە جیاجیاکانی شاخەکان و پێدەشتەکاندا مابوونەوە بۆ هەراسانکردنی هێزەکانی ڕژێم لە بارودۆخێکی سەختدا لەگەڵ سروشت و تۆپۆگرافیادا هەڵیانکردبوو و خۆیان گونجاندبوو هەرچەندە دوژمن بەبەردەوامیی کێومانگی دەکردن، نەیتوانیوە پەییان پێببات یان کڕیان هەڵبکات.

کوردستان بە شاخ و دۆڵ و پێدەشتەکانیەوە نوایەکی باشبوون بۆ پێشمەرگە و بەرپەرچدانەوەی دوژمن، تەنانەت خەڵکی دێهاتیش پەنایان بۆ شاخەکان و ئەشکەوت و قەڵوەزەکان بردووە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی دوژمن و تۆپباران و بۆمباران.

هەندێک وشەی شاخ بۆ جۆری ڕەفتار و بیرکردنەوەی سەردەمی پێشمەرگایەتیی دەبەنەوە گوایە عەقڵییەتی دواکەوتووانە بووە، ئەمە تۆمەتێکی ناڕەوا و دوورە لەڕاستییەوە، ئەوانەی لە شاخ بوون خەڵکانی خوێنەوار و شارەزا و هوشیار بوون، ئەگەر کەسانی نەخوێندەوایشی تیابووبێ ئەوا نموونەی پیاوی تێکۆشەر و جەرگقایم و خۆبەختکەربوون لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمانداء وەکتر هیچ شۆڕشێک لەدنیادا نییە بێکەموکوڕیی نەبێت.

پێشمەرگەی هەمیشە حەزیانکردووە لە سنووورەکانی خۆیان چالاکیی بکەن و دەست لە دوژمن بوەشێنن، بەڵام زۆرجاریش پێویستیکردووە بۆ چالاکی بەرەو سەرەوە بانگبکرین کە ڕێگایەکی دووریان دەبڕی و

بەو هەموو شاخ و هەورازە قوچانەدا هەڵدەزنان و ماندوو و کەشەنگ دەبوون، جگەلەوە بەزۆریی لەوسەرەوە رەبایەکان لەسەر شاخەکاندا بوو هەتا دەگەیشتنەسەر شاخ بە بێدەنگی و وریایی زۆر هیلاک دەبوون، کاتێ ئاسوودە دەبوون کە رەبایەکەیان دەگرت و لەکارەکەیاندا سەرکەوتوو دەبوون، لە کاتی گەڕانەوە بەرەو گەرمیان ئەو هەموو شاخ و هەورازانەیان دەبڕی نەیاندەزانی ماندوویەتی چییە.

پێشمەرگەی گەرمیان بە ناوچەکانی خۆیان کە دەشتاییە راهاتوون، کە جگەلە گردۆڵکە شاخی بەرزی ماندووکەری تیانییە، شەڕ و چالاکییان لە تەختایی گەرمیانەدا پێخۆشتربوو تا گرتنی رەبایەی سەر شاخەکان.

جارێکیان لەگەڵ رەوانشاد کاک نەوشیرواندا قسەمان لەسەر حەملەی پێشمەرگە بۆ سەرەوە کرد، ئەو وتی پێشمەرگەی گەرمیان بە سێ شت حیزەڵەن: برسێتی و هەوراز و سەرما.. منیش وتم بۆچی حیزەڵەین ئێمە ناومان بەخۆمانەوەیە گەرمیان دەشتاییە و هەوراز و شاخی بەرزی تیانییە، زۆر رێدەکەین و برسیمان دەبێ، گەرمیان گەرمە و ئێرە کوێستانە هەر باشە بەرگەدەگرین.

شارەزا (چاوساغ) یان (دەلیل)

شارەزا واتە بەڵەد یان رێنماییکەر، چاوساغ یان دەلیلیشی پێدەوترێ کە وشەیەکی عەرەبییە.. ئەم وشانە لەپێشمەرگایەتیدا زۆر بەکاردەهێنران، بەو کەسانە دەوترا کە بە باشیی رێگایان دەردەکرد و هەڵەیان نەدەکرد چ بە ڕۆژ یان بە شەو.

پێشمەرگە ئەگەر خەڵکی سنوورەکەی خۆی بێت بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی لادێیەکان شارەزای رێگاوبان و سروشتی ناوچەکە بوون، دەیانتوانی چاوساغیی بکەن و لە شەڕ و چالاکیکردندا بکەونە پێش هێزەکانەوە، بەڵام ئەوانەی خەڵکی شار بوون کەمتر شارەزای رێگاوبانەکان بوون مەگەر دواتر بەهۆی هاتوچۆکردنەوە دەیانتوانی رێگا دەرکەن، بۆیە

ئەگەر کەسێک یان کەسانێک لە پێشمەرگەکان شارەزاییان نەبوایە ناچار پەنادەبرایەبەر خەڵکی شارەزا و ڕێدەرکردووی دێهاتەکات.

کاتێ پێشمەرگە شوێنێک بەڵەد نەبوایەن یان بیاندایە لە جادەیەک یان بچوونایەتە سەر ڕەبایەیەک یان سەربازگەیەک لە دێ یەکێکی شارەزا دەکەوتە پێشیانەوە تا دەیگەیاندنە شوێنەکە.

ئینجا کە پێشمەرگە خۆیان شارەزاییان لە ڕێگاوبانەکان پەیدادەکرد، ئیتر پێویستیان بە خەڵکی دێهاتەکان نەدەبوو، کاتێ کە پێشمەرگە بۆ چالاکیی ناوشار دەچوون خۆیان شارەزابوون دەیانزانی لەکوێوە بە ئاسانیی و بێکێشە دەگەنە ئەو شوێنەی بۆ چالاکییەکە دیاریکراوە..

کە هێزەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ چالاکیی سەردەکەوتن دەبوایە شارەزا پێشیانبکەوتایە چ لە پێشمەرگە یان خەڵکی لادێیەکان بەتایبەتیی ئەوانەی سەربە ڕێکخستن یان خەڵکانی باوەڕپێکراو بوون.

ڕوویشیداوە شارەزاکە شەوارەیکردووە و ڕێگاکەی وێڵدەکرد و لێیتێکدەچوو و پێشمەرگەکان چەندین کاتژمێر بە دەوری ئەو شوێنەدا سووڕاونەتەوە و نەیانتوانیوە بگەنە شوێنی مەبەست و کارەکەیان بۆ نەکراوە و ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوە یان بە هیلاکییەکی فرە ڕێگاکەیان دۆزیوەتەوە و بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتوون.

هەندێجار شارەزای وریا بۆ کورتکردنەوەی ماوە و دووریی ڕێگاکە و زوو گەیشتن بە مەبەست قەدبڕیکردووە لەوانەشە ڕێگاکە هەندێک سەخت و دژوار بووایە، بەڵام هەر دەیانبڕیی.

دەبوایە کەسی شارەزا کە دەکەوتە پێش پێشمەرگەوە جێگەی متمانە و بڕوا بووایە و پشتی پێببەستڕایە لایەنیکەم کەسێکی سەربە ڕێکخستنەکان بوایە.

یەکێک لە کەموکوڕییەکانی هێزی پێشمەرگە سەردەرنەچوونبوو لە نەخشە، نەک پێشمەرگە تەنانەت فەرماندەکانیش بەزۆریی نە خولیان لەسەر نەخشە بینیبوو نە فێرکرابوون، ئیتر دۆزینەوەی شوێنی ڕەبایە هەندێک زەحمەتبوو زۆرتر پشتی بە چاوساغیی کەسانی شارەزای

جوگرافیای ناوچە و شوێنەکان بوو، دوای ئەوەی دەچوونە شوێنەکە و سۆسەیاندەکرد و زانیارییان کۆدەدەکردەوە چ لەبارەی شوێن و هەڵکەوتەی رەبایەکە و چ لەڕووی ژمارەی چەکدارەکان و جۆری چەکەکانیان و مینڕێژیی دەوروبەری رەبایەکە و ئەگەر قوللە هەبوایە.

نەک هەر بۆ ئەنجامدانی چالاکیی چاوساغ پێویستبووە، بەڵکو بۆ ڕێگاوبان دەرکردنیش، چونکە هێزێک کە سەردەکەوت بۆ سەرەوە دەبوایە ئاگایان لە ڕێگای ڕۆیشتنیان بێت، بزانن لە کوێ دوژمن هەیە، لە کوێ بۆسە دادەنین، بۆئەوەی تێنەکەون دەبوو چاوساغیان لەگەڵبێ بۆ ڕەوانەکردنیان، جاری وابوو لە خۆیان پێشمەرگەی شارەزا هەبوو یان کەسێکیان پەیدادەکرد بۆ ڕێنماییکردنیان.

جاری واشبووە ئەو دەستە یان هێزە پێشمەرگەیە کە چاوساغیان هەبووە کەوتوونەتە بۆسە و شەڕ بەرپابووە کە بە زۆریی پێشمەرگەکان هێزەکەی دوژمنیان ڕاوناوە و خۆشیان دەربازبوون، ڕوویداوە پێشمەرگەش لەبۆسەکەدا شەهیدبووە.

زۆربەی جار چاوساغ بەبێ بەرانبەر ئەو کارەی کردووە، هەشبووە پارەیان داوەتێ، کە زانیویانە هەژارە و زۆریش ماندووبووە لەگەڵیاندا.

شانە

لەهەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا شانە وەکو یەکەیەکی ڕێکخستن هەیە، لە پێڕەوی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی شانە وا پێناسەکراوە: یەکەیەکی بنچینەییە، بنکەی جەماوەری و ڕەگی کۆمەڵەیە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا.

لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەدا شانە نەبوو، کاری ڕێکخستن بە شێوەی هێشوویی هەبوو، یەک کەس دوو کەسیتری لە سەروو و خواروی خۆی دەناسی، ئەمەش بۆئەوەی دوژمن لە کاتی ڕووداوێکی وەکو گرتن یان ئاشکرابوون پەی بەهەموو ڕێکخستنەکان نەبات، بۆیە

لـه سـاڵانی سـەرەتاوە جوولـەی ڕێکخسـتن بـە هێواشـیی دەڕۆیشـت، دوای هەڵسـەنگاندنی تـەواو بـۆ کەسـایەتییەکە و تێگەیشـتن لـە بیـر و هەڵوێسـت و توانـا و پەرێزپاکیـی ئینجـا وەردەگیـرا.

دواتـر کـە ڕێکخسـتن فراوانبـوو بەتایبەتـی دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی نـوێ ڕێکخسـتنیش گەشـەیکرد و ژمـارەی پێوەندیکـردن زۆرتربـوو، ئینجـا شـانە دروستکرا، کـە هـەر شـانەیەک لـە ٣ - ٥ کەسـی لەخۆدەگرت، دواتریش لـەو ژمارەیـە تێپـەڕی.

لەکۆمەڵـەدا چەنـد شـانەیەک شـانەیەکی سـەرەکی پێکدەهێنـا لـە هەنـدێ شـوێنیش شـانەی سـەرەکی نەبـوو پـۆل هەبـوو.. شـانە لـە ڕێکخسـتنەکانی ناوشـار جیابوو کە لەسـەر بنەمای هێشـوویی بوو، لە شـانەی ڕێکخسـتنەکانی دێهاتەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش و پێشـمەرگە کـە جـۆرە ئازادیـی و ئاوەڵاییـەک هەبـوو، هـەر شـانەیەک لـە ٣ - ٥ یـان ٥ - ٧ کەسـی دەگرتـەوە.

بەپێی پێڕەوی ناوخـۆ ئەرکـی شـانە: بڵاوکردنـەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵـە و پەیاکردنـی دۆسـت و لایەنگـر بـۆ ریزەکانـی کۆمەڵـە، بەرزکردنـەوەی ڕاپۆرتـی کۆبوونـەوە و گەیاندنـی زانیاریـی لەسـەر دوژمـن بـۆ سـەرەوەی خـۆی.

شـانەکان ڕۆڵێکـی باڵایـان هەبـوو لـە خەڵـک راکێشـان بـۆ ریزەکانـی کۆمەڵـە و ڕێکخسـتنیان بـە گیانێکـی شۆڕشـگێڕانە بـۆ خەباتکـردن لەپێنـاوی ڕزگاریـی نیشـتمانیی و بنیاتنانـی کۆمەڵێکـی دوور لـە چەوسـانەوەی چینایەتـی و زەبـری داگیرکـەر.

شانەی سەرەکی

شانەی سەرەکیی یەکێک لە پێکهاتە رێکخراوەییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، کە لەسنووریکدا چەند شانەیەکی بچووک پێکدەهات و چەند شانەیەکی سەرەکیش پۆلێکیان پێکدەهێنا.

لە پێڕەوی ناوخۆی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی مارکسی - لینینیدا شانەی سەرەکی نەبوو، بەڵکو راستەوخۆ پێوەندیی بەپۆلەوە هەبوو.. دواتر لە کۆنفرانسی سێدا شانەی سەرەکیی هاتە ناو پەیکەری رێکخراوەیی کۆمەڵەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێکخستنی ناوشاردا بۆ پاراستنی ڕێکخستن شانەی سەرەکیی پێڕەونەدەکرا.

لێپرسراوانی شانەکان دەبوونە ئەندامی شانەی سەرەکی کە لێپرسراوێکی هەبوو ئەویش پێوەندیی بەپۆلەوە هەبوو، ماوەماوە لەشوێنێکدا کۆدەبوونەوە بۆ باسوخواسی ڕێکخستن و کاروبارەکانی شانەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و گفتوگۆ لەسەر گەشەی ڕێکخستن و پێوەندیی بە خەڵکانی تێکۆشەر و دواتر نووسینەوەی ڕاپۆرتی تایبەتی بۆ پۆل.

شانە چەکدارەکان

کە هاوپەیمانان لە ئەنجامی ملهوڕیی ڕژێمی بەعسو گوێنەدانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کەوتنە وێزەی عێراق و دەستیانلێکردەوە و عێراق کەوتە باڕێکەوە خەڵکیی دژی راپەڕن، ئا لەو کاتەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین هێزی پێشمەرگەی بۆ هەموو ئەگەرەکان خستە ئامادەباشییەوە، کە بەشێکی پێشمەرگە لەخوارەوە پارتیزان و بەشەکەیتریشی لە بنکەکانیان لەناو ئێراندا بوون، لەهەمانکاتدا ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان لە جموجوولی خۆسازدان و کارکردندا بوون بۆ جێبەجێکردنی پلانە داڕێژراوەکان.

یەکێک لەو کارانە ساڵی ١٩٩٠ پێکهێنانی شانە چەکدارەکان بوو لەو چەکدارانەی ڕژێم کە لەگەڵ ڕێکخستن و کادیرەکانی یەکێتییدا پێوەندییان هەبوو و ئامادەییان تیابوو بۆ کارکردن و هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕاپەڕین.

لە ماوەیەکی کەمدا توانرا ژمارەیەکی زۆر شانەی چەکدار دروستبکرێ کە بە شانە چەکدارەکانی بروسک لە سنووری هەولێر و بتوێن و شانە چەکدارەکانی شاڵاو لە سنووری سلێمانی ناودەبران، کە لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی هەولێر و سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دروستکران.. ئەو شانانە لە کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ڕۆڵی ئازایانەیان لەگەڵ خەڵکدا بینی لە پەلاماردانی بنکە و بارەگا سەربازییەکانی ڕژێمدا، بە چاوتروکانێ ڕژێمی بەعس لە شار و شارۆچکەکاندا لەبەردەستی دەسەڵاتی خەڵکیی و هێزە تێکۆشەرەکاندا کەوت و دامودەزگاکانی هەرەسیانهێنا.

ڕۆژانە لە ڕێگەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ئامادەکاریی بۆ ڕاپەڕین ئاگادارییەکان بۆ هێزەکانی شانە چەکدارەکانی بروسک و شاڵاو بڵاودەکرایەوە و ڕێنماییان بۆ کاری پێویست و ئاراستەکردنیان دەدرایە.

تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئاشکرا و دیار هێزی لە چەکدارەکان ڕێکخستبوو، لە ڕێگەی کادیر و فەرماندەکانیەوە نووسراوی سەرکردایەتیی بۆ پیاوەکانی ڕژێم ڕەوانەکرا کە لەگەڵ هەڵوێستی شۆڕش و خەڵکیدا بن و لەڕاپەڕیندا هاوکارییکەن.

شۆڕشی ئیسلامی ئێران

ساڵی ١٩٧٩ ئەستێرەی ئیمپراتۆرییەتی شاهانشاهی ئێران ئاوابوو، دوای ئەو هەموو ساڵە وەکو ئیمپراتۆرییەکی زەبروزەنگدار هەموو جۆرە ئازادییەکی قورخکردبوو، سیاسەت و حیزبایەتی قەدەغەبوو، شاهانشا وەکو کەسێکی ڕۆژهەڵاتیی و عەقڵییەتی داسەپاو هەڵسوکەوتیدەکرد نەک وەکو ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپا خزمەتی خەڵکی وڵاتەکەی بکات نەیدەزانی ئەو گەندەڵی و خراپەکارییانەی خۆی و دەستەودایەرەکانی دەوروبەری سەری دەخۆن، شاهەنشا وایبڵاودەکردەوە کە ئێران دەوڵەتێکی زلهێزە و سوپاکەی یەکێک لە سوپا گرنگەکانی جیهانە و بووبووە هەڕەشە لەناوچەکەدا، ئەمە جگەلەوەی خەڵکیی لەناوەوە دەکوڵان، ئۆپۆزیسیۆن چالاکبوون.

لە مانگی ١٩٧٨/٧ بارودۆخی ناوخۆی ئێران شڵەژا جموجوڵی خەڵکیی دەستپێکرد و خۆپیشاندەران کەوتنەسەر شەقامەکان و هەموو شارەکان خرۆشان و شا و تاقمەکەی نەیانتوانی بەر بە هاواری خەڵکیی بگرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بنکە و پێگەکانی دەوڵەتی دەکەوتن و شا بە ناچاریی ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٦ بە فڕۆکە بۆ دواجار بەسەر ئاسمانی تاراندا سووڕایەوە و ئێرانی بەجێهێشت.

لەناو خۆپیشاندەراندا پیاوانی ئایینی شیعە مەزهب ڕۆڵیاندەگێڕا تا توانییان جڵەو لە دەستی خەڵکە شۆڕشگێڕ و چەپ و دیموکراتخوازەکان بسێنن و ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١خومەینی لەفەرەنساوە گەیشتەوە تاران و بوو بە رابەری شۆڕشی ئێران و بەمەش لەجیاتی دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتیی ڕژێمێکی ئایینیی شیعەگەرایی هەژموونگەرایی هاتەئاراوە بەناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بە هاتنی خومەینی هەموو شتێک ڕوونبوویەوە دوای ئەو هەموو قوربانیدان و زیندان و لەسێدارەدان و زەبر و تاوانانەی ڕژێمی شاهانشاهی

بەرانبەر بە دەنگی ئازادیخواز چ جۆرە حوکمێک لەئێراندا دەکرێ ئەمە لای خەڵکیی و چاودێرانیش ترسێکی زۆری دروستکرد، هەر لەسەرەتاوە دنیا کەوتنە دژایەتی ئەم ڕژێمە و بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و دنیا دانرا، بەتایبەتی کە دەسەڵات تاکلایەنە کەوتە دەست مەلاکان و ئەوانیش کەوتنە وێزەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو ئێران و هەڵوێستیشیان بەرانبەر بە کورد دەرکەوت ئامادەنین مافەکانی کورد بسەلمێنن.

لەکوردستانیشدا خەڵک ڕاپەڕی و هێرشیانکردەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی پەهلەوی بەتایبەتی ساواک، لەو ناوەدا خەڵکێکی زۆر بەردەکەوتن و شەهیدەکران، ئەو خەڵکە تینووی ئازادی بوون سڵیان لە مردن نەدەکردەوە.

چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردی و ئێرانی هاتنە گۆڕەپانی کارکردن وەکو: حیزبی دیموکرات، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، چریکی فیدایی خەلق، موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی و دەیانیتر.. هەموو شتێک کەوتەدەست خەڵک و خۆیان چەکدارکرد.

هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چووبوونەوە ناو ئێرانەوە بۆ هاوکاریی لایەنە کوردەکان و خەڵکەکەی، جگەلەوەی هەندێ پێشمەرگەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لای یەکێتیی بوون ئەوانە چوونەوە و ڕۆڵی باشیان دی..

بارودۆخەکە بەو شێوەیە ڕۆیشت تا ڕژێمی تازەی کۆماری ئیسلامی خۆی چەسپاند، لەبری ئەوەی دان بە مافی کورد و نەتەوەکانیتری ناو ئێراندا بنێن بەپێچەوانەوە نکۆڵییان لەوە کرد و هەمان دەستوری شا دەسەڵاتیان سەپاند بە یەک جیاوازی شا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی شاهەنشاهی عەلمانی و ئەمان دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەری ئیسلامیی شیعەگەرایی.

دوای ئەوەی جێگەی خۆیان کردەوە و هێزەکانیان ڕێکخست پەلاماری کوردستانیان دا و یەک یەک دوای شەڕ شارەکانیان خستەوە ژێر رکێف

و هێزی لایەنە کوردەکان شارەکانیان چۆڵکرد و دایانە شاخ.

چەندینجار کورد و دەسەڵاتی تازە دانیشتن بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی گرێوگۆڵە سیاسیی و کارگێڕییەکان کەچی لایەنی ئێرانی هەمان دەستوری کۆن هیچ گۆڕانکارییەکاریەک بەسەر عەقڵییەتیدا نەهاتبوو نەیدەویست بڵێ کورد وەکو نەتەوەیەک بوونیی هەیە بەڵکو ئێرانییە.. نەک هەر ئەوە بگرە دانیان بە هیچ پێکهاتەکانیتری وەکو عەرەب و بلوچ و تورکمەنیشدا نەدەنا.

سەرەڕای دەرکەوتنی ناوەڕۆکی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گۆڕانکارییەکی گەورەی لەدنیادا دروستکرد لەڕووی سیاسیی و هاوپەیمانێتیی و چەکداریی و تەنانەت ئابووریشەوە.

زۆر لە وڵاتەکان دانیان بەم دەسەڵاتە تازەیەدا نەدەنا، بەتایبەتیی سەنگەربەندییەک دروستبوو بەشێک لە زلهێزەکانی وەکو ئەمەریکا و بەریتانیا دژبوون و روسیا و چین و دۆستبوون هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، ئەمە ئێرانی تووشی دووڕەپەڕێزییەکی خنکێنەر کرد تا لەدواییدا زەمینەیەک بۆ شەڕفرۆشتن بە ئێران سازکرا و عێراق کرا بەگژیدا و هەشت ساڵ شەڕی بەردەوامبوو، نە ئێران ژێرکەوت و نە عێراق سەرکەوت، زیانێکی مرۆیی و ئابووریی و سەربازیی فراوان لە هەردوولا کەوت.

شۆڕەخۆری یان تالاّنی

شۆڕەخۆریی دیاردەیەکی کۆنە و لەلای هەموو میللەتانی دنیا بوونی هەیە بەتایبەتی ئەو میللەتانەی لەڕووی ئابوورییەوە هەژارن و لەئاستی هوشیاریدا هێشتا دواکەوتوون.

ئەم دیاردەیە لەکاتی ڕاپەڕین یان خۆپیشاندانداا زۆرتر ڕووەدات کە پەلاماری هەموو شتێک دەدرێت و چەپاوەدکرێ و ئەوەش بە کەڵکی بردن نەیەت تێکوپێکیدەدەن تا دواتر سوودی لێنەبینرێ.

ئەمە نەک هەر خەڵکە ئاساییەکە دەیکەن، بەڵکو هێزە چەکدارەکانیش دەیکەن کە لەبری ئەوەی ئەو کەلوپەلانەی وەکو دەستکەوت دەکەوێتەدەست بیپارێزن و بیدەنە سەرەوەی خۆیان، خۆیان دەیماشنەوە و دواتر هەندێکی لە بازاڕی قاچاخچییاندا دەفرۆشن.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا چەکدار هەرچی شتێکی حکومەتی بەردەست بکەوتایە چ هی دامودەزگا مەدەنی یان سەربازییەکان وێرانیاندەکرد کە دواتر دەبوو سەرلەنوێ ئاوەدانبکرێتەوە.

تەنانەت لە شەڕی ناوخۆدا هەر شوێنێکی لایەنی بەرانبەر بگیرایە ئەوا دەڕووتێنرایەوە و هەردی بەسەر بەردەوە نەدەمایەوە نەک هەر چەکوچۆڵە و تەقەمەنی و ئۆتۆمبیل و کەرەسەی سەربازیی، بگرە شتومەکی تۆمار و نووسراویش لەناودەبرا.

لەخۆپیشاندانەکانیشدا هەندێجار دەستی خەڵکە ئاژاوەچییەکان دەگەیشتە شوێنی گشتی و تایبەتی و ئاسەواری وێرانکاریی بەجێدەهێشت.

شەڕەخۆری کارێکی ناشارستانییە و زۆرتر لە هەڵسوکەوتی خێڵەکییەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەوانەی دەیکەن بەشێکیان بە مەرامی دژایەتی دەسەڵات و تۆڵەکردنەوە دەیکەن، بەشێکیش بۆ تێکدان و شێواندنە و هەشە لە نەبوونی و نەداراییەوە پەنای بۆ دەبات.

شەڕەخۆری بەپێچەوانەی دزییەوە بەئاشکرا دەکرێ، دزی یەک یان چەند کەسێک دەیکات، بەڵام شەڕەخۆری بە تاک و کۆمەڵیش دەکرێ.

شەوکوتی

لەڕووی زمانەوە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی شەو - کوت پێکدێت، وەکو زاراوەیەک بۆ کارێکی ناپەسەندی کۆمەڵایەتیی کە چوونەسەر مااڵن و تااڵنکردن و بردنی سامان و کەلوپەلیان بوو، هەروەها زۆرجار کۆیخایەک پیاوەکانی خۆی بۆ کوتان و لێدانی کەسێکیتر دەنارد، کە ناکۆکبوون بۆ تەمبێکردن.

وشەکە ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی، کارێکە بە تاریکەشەو دەکرێ، لەکوردەواریدا دەوترێ شەو قەڵای مەردانە، بەڵام شەوکوتیی لەلایەن مەردانەوە ناکرێ، ئەوەی شەوکوتی دەکات پیاوی خوێڕیی دەروونزمی بە ناڕەوا مااڵی خەڵکخۆرە.

شەوکوتی وەکو دیاردەیەک زۆرتر لەناو خەڵکی دێهاتەکاندا دەکرا، جاربووە یەک کەس کردوویەتی، جاریشبووە دوو کەس و زۆرتر کردوویانە، پێشتر لەناو خۆیاندا راوێژیانکردووە چ دێیەک و مااڵی کێ هەڵبژێرن، کاتیان داناوە بۆ رۆیشتن و چوونەسەر ماڵەکە، دەموچاویان هەڵپێکاوە و دەنگی خۆیان گۆڕیوە تا نەناسرێنەوە، چونکە لەناو دێهاتەکاندا لەتاریکەشەویشدا دەنگی زەالمیان ناسیوەتەوە، بۆیە هەندیجار شەوکوتەکان لەو کارەیاندا سەرکەوتوونەبوون و بە دەستبەتاڵیی گەڕاونەتەوە.

شەوکوتەکان بە زۆریی هەڵیانکوتاوەتە سەر ئەو مااڵ و کەسانەی دەوڵەمەند و خاوەن سامان و پارە بوون، زۆرتر پارەیان وەرگرتووە کەمتر شتیتری وەکو ئاژەڵ، کە دواتر نوونی هەڵکراوە، دۆزراوەتەوە و شەوکوتەکان ئاشکرابوون.

شەوکوتیی لە چەند باڕێکدا دەکرێ:

- لەبەر ناچاریی و دەستکورتیی و نەدارایی.
- حەزی کەسەکان بۆ ئەو کارە، کە چێژیان لەوە وەرگرتووە و دەستکورتیش نەبوون.
- کەتنکردن بە هۆی کێشەی خێڵەکییەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە و پۆرتشکاندن.

بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ حکومەتی بەعس جۆرێکی نوێی شەوکوتیی داهێنا دەکرێ پێیبوترێ شەوکوتیی سیاسیی.. ڕژێمی بەعس بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی شۆڕش هەندێک لە پیاوەکانی خۆی کە بووبوونە بەعسیی رادەسپارد شەوانە بدەنەسەر خەڵکی دێهاتەکاندا بەناوی پێشمەرگەوە رووتیانبکەنەوە تا ناوی پێشمەرگە سووکبکرێ و خەڵکیی دژی شۆڕش بوەستنەوە، بەمەش دوو شتیان دەکرد: ناشیرینکردنی

ناوی پێشمەرگە، دەستکەوتی خۆیان.

ئەو شەوکوتانە زۆرجار لە چوونەسەر مالآن و دێهات پێیاندەزانرا دەکەوتنەناو تەقەوە و دەیانفڕاندن، زۆرجاریش خەڵکیی لە ترسی حکومەتدا نەیاندەوێرا دەستبکەنەوە و تالآندەکران، دیارە دایکە دزانەشیان هەبووە.

زۆرجار دەستی ئەو شەوکوتانە دەردەکەوت و ئاشکرادەبوون، دەبووە کێشەی خێڵەکیی و هەڕەشەوگوڕەشە، لەدواییدا بە تێکەوتنی ریشسپییان بابەتەکە چارەسەردەکرا و کۆتایی پێدەهێنرا.

کە هێزی پێشمەرگە زۆربوو، کەوتنە پەیجۆری ئەو کەسانەی شەوکوتییان کردبوو بەشێکیان لە ترسی سزای شۆڕش وازیاندەهێنا، هەندێکیان خۆیان رادەستی ڕژێم دەکرد، ئیتر دێهاتەکان ڕزگاریانبوو لەو دڵەڕاوکێیەی شەوکوتیی و رووتکردنەوەیان.

شەهید

شەهید بەو کەسە دەوترێت لە ئەرکێکی حیزب یان شۆڕشدا لەپیناوی مەبەستێکدا چ لە شەڕی دوژمندا یان هەر ئەرکێکیتری پێشمەرگانە یان لەسێدارەداندا یان بە دیلی کوژران یان لەبۆردوومانکردندا یان تۆپبارانی دوژمندا گیانی خۆی دەبەخشێ..

ئەگەرچی وشەکە عەرەبییە، رەهەندێکی ئایینیشی هەیە، بە واتا ئەو کەسەی بۆ جیهاد دەچێ و لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا دەکوژرێت، کەچی هەموو حیزبە عەلمانییەکانیش هەر وشەی شەهید بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس وشەی شەهید دەکوردێنن و لەبری ئەوە گەشمردە یان گیانبەختکردوو یان پێناو بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمانە وەکو وشەی شەهیدەکە لە زەینی خەڵکیدا نەچەسپاوە و بەزۆریی بەکارناهێنرێن.

شەهید پایەیەکی مەزنی لای تێکۆشەران هەیە، چونکە ئەو لە

سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا بێ سڵکردنەوە لە مردن وەکو عاشقێکی نیشتمان و گراوی بیروباوەڕەکەی رووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە، بۆیە وشەی شەهید بووەتە بەشێک لە کەلتووری کوردایەتی و هیچ وشەیەکیتر جێیناگرێتەوە.

مەرج نییە شەهید هەر پێشمەرگە بگرێتەوە، بەڵکو ئەو هاوواڵتیانەش دەگرێتەوە چ پیاو یان ژن یان منداڵ کە لەلایەن دوژمنەوە لەکاتی شەڕدا یان لەبۆردوومانداو یان تۆپباراندا بەردەوکەون و لەناودەچن.

ئەوەی جێی تێڕامانە هەردوو لایەنی شەڕکەر بە کوژراوی خۆیان دەڵێن شەهید، واتە لایەنی شۆڕش هەر شەهید بەکاردەهێنێ و لایەنی دوژمنیش هەر شەهید بەکاردەهێنێ، تەنانەت لە شەڕی براکوژیشدا هەر لایەنە بە کوژراوی خۆی دەڵێ شەهید.

لەبەرئەوەی کورد تەمەنێکی دوورودرێژ لە شەڕی دژی دوژمندا بووە بۆیە شەهیدێکی زۆری هەیە و گۆڕستانێکی قەرەباڵغی هەیە لەو خەڵکە خۆبەختکردووانە کە مێژوویەکی رەنگینیان بە خوێنی ئاڵی خۆیان بۆ ئازادی و ڕزگاریی نووسیوەتەوە بۆیە هەمیشە شەهید لە پلەیەکی بەرزدا دەبینرێ و هەمیشە ئەم وشەیە وەکو ڕێزلێنانێک ها بەسەر زمانەوە و سوێندی پێدەخورێ.

تا لە شاخ بووین نە ڕۆژێک بۆ شەهید هەبوو نە دامەزراوەیەک بۆ شەهیدان هەبوو کە ئەرکی خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان بێت، تەنانەت تۆمار یان لیستی شەهیدانیش نەبوو، تەنیا لەچالاکییەکاندا ناویان لەڕێگەی ئیزگەوە دەخوێنرایەوە و هەزار سڵاویان بۆ دەناردن.

شەهیدی زیندوو

پێشمەرگە لە کاتی شەڕدا هەمیشە لەبەردەم مەترسیدا بووە یان شەهیدبووە و گیانی سپاردووە یان بریندار‌بووە.. ئەو پێشمەرگانەی بەهۆی بریندارییەوە کەمئەندامبوون، واتە بەشێک لە جەستەیان لەدەستداوە و لە لێواری مەرگ گەڕاونەتەوە، بەوانە وتراوە شەهیدی زیندوو.

نەمانی بەشێک لە جەستە لەئاستی ئەوەدایە بە شەهید بژمێردرێ، چونکە ئەو پێشمەرگەیە بە دڕێژایی ڕۆژگاری مانەوەی بەدەم نوقسانییەوە دەنالێنێ، لەناو سەختی بڕینەکانیدا دەتلێتەوە، لە کاروباری ژیان دەکەوێ، ناتوانێ وەکو پێویست هەڵسوکەوت بکات و پێداویستییەکانی بە باشیی دابینبکات، جگەلەوەی هەستدەکات لەگەڵ خەڵکیتردا جیاوازە، بۆیە ژیانی پڕ لە مەینەتییە، لە خۆشییەکان بێبەشبووە، چارەسەری تەواوی نییە.

لە زۆر شوێنێتری دنیا ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنرێ بەتایبەتی لای ئەوانەی هێشتا ڕووبەڕووی لەناوبردن و شەڕی ڕەگەزپەرستیی دەبنەوە و ڕۆژانە خەڵکیان لێدەکوژرێ یان بریندارەدەبێ.

کورد تۆمارێکی دوورودرێژی هەیە هەموو لاپەڕەکانی بەو ئەندامانەی لەشەڕدا لە لاشەی پێشمەرگەکان بوونەتەوە نەخشێنراوە.. ئەو مرۆڤانە لە کۆڕی خەباتدا وایانلێهاتووە، لە گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا بێپەروا ڕووبەڕووبوونەتەوە و مێژووی شانازیی و سەروەرییان تۆمارکردووە، ئەوانە بوونەتە بەشێکی گرنگی مێژووی گیانبەختکردن و بەڕێکەوت ماوەنەتەوە و شەهیدنەبوون.

شۆڕشگێڕان

بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەدوای شەڕی هەکاری لەناو ئەم باڵەدا بەشێک لە سەرکردە و کادیرەکانی خوتەوبۆڵە و ململانێیان بوو، ئەوە پەرەیسەند تا دواجار ئەو سەرکردە و کادیرە ناڕازییانە نەتوانن بمێننەوە و ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەجێبهێڵن و جیابنەوە و حیزبێکی سەربەخۆ بەناوی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان رابگەیەنن، کە بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد، بەوەشەوە نەوەستان لەگەڵ نەیارەکانی یەکێتییدا: پارتی، شیوعی، پاسۆک بەرەی جودیان بۆ دژایەتیی یەکێتیی پێکهێنا.

لەگەڵ ئەو بەشەدا تاقمەکەی د. مەحمود عوسمانیش لەگەڵیان چوون، رۆیشتنیان بە مەبەستیی پێکهێنانی حیزبێکی بەهێزی جێگرەوەی قیادە مووەقەتە و یەکێتیی بوو، ئەوەیان پێنەکرا، رۆیشتنەکەشیان لە مانەوەیان باشتربوو، چونکە مانەوەیان سەریەشە و بەردەوامیی ململانێکانی لێدەکەوتەوە و فریای کاری سەرەکیی کە شەڕ بوو لەگەڵ دوژمن نەدەکەوتن.

ئەو بەشەی لەناو یەکێتییدا مایەوە هەر بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی مایەوە تا دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ باڵێکی نوێیان بەناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان دروستکرد، کە پێکهاتەی رێکخراوەییان لق و ناوچە و رێکخراو بوو، سەرکردایەتیی تایبەتیی خۆیان هەبوو، نوێنەرەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەناو دەزگاکانی یەکێتییدا بەرپرسیارێتییان وەردەگرت و لەناو خەڵکیشدا کاروباری حیزبیی و رێکخستنی خۆیان دەکرد.

یەکێتیی شۆڕشگێڕان لەڕووی بیری سیاسییەوە کوردایەتیکردن بوو لەژێر ناوی بیری سۆسیالیستیی، کە کورد هێشتا بە زۆریی ئاشنای

ئەم جۆرە بۆچوونە نەبوو، وەکو هەنگاوێک بۆ گۆڕانکاریی ئایینده‌یی لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی فراوانی کردووە لەوانەش کۆبوونەوەی مەسەلەی یەکگرتنەوە لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو حیزب و نەمانی نیمچە بەرە، ئەمەش لەبەر رۆشنایی ڕووداوەکانی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت کرا کە دەبوا یەکێتیی بۆ قۆناغی دوا ئەوە خۆی ئامادەبکات.

شۆڕش

شۆڕش وشەیەکی ئێرانییە، (شۆڕش) لە فارسیشدا یانی ئاژاوە لەکوردیدا بەرامبەر وشەی (revolution)ی ئینگلیزی و (ثورة)ی عەرەبی بەکاردێت، کەچی لەفارسیدا بە شۆڕش دەوترێت (انقلاب) کە ئینقیلاب وشەیەکی عەرەبییە و بەواتای کودەتا دێت.

بەپێی ویکیپیدیا شۆڕش زاراوەیەکە بەواتای گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە گەل لەوڵاتێکدا پێیهەڵدەستێ.. چەند جۆرێک شۆڕش هەیە: کشتوکاڵی، پیشەسازی، چەکداری، زانیاری، ئەهلی، دژەشۆڕش، سپی.. هتد.

واتا شۆڕش گۆڕینی دەسەلات دەگەیەنێ چ بەڕێگەی ئاشتییانە یان گرتنەبەری توندوتیژیی و چەکداریی، بەڵام لای ئێمە هەرگیز زەمینە خۆشنەبووە تا بەڕێگەی ناتوندوتیژیی دەسەلات دەستاودەست بکرێ و کێشەکان چارەسەربکرێ و پەنانەبرێتەبەر چەک و شەڕی خوێناوی، بۆیە کاتێک ڕژێمە داسەپاوەکان کە بڕوایان بە مافی کورد کورد نەبێ سەربەخۆیی خۆی هەبێ و قەوارەی تایبەتی هەبێ هەمیشە بەناچاریی کورد بۆ بەرگریکردن لە بوون و مانی خۆی ڕوویکردووەتە خەباتی چەکداریی و چەکهەڵگرتن و هەڵشاخان و ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن

لەگەڵ سوپا و هێزە سەرکوتکەرەکانی دوژمن.

ئەوەی ئێمە بەدرێژایی مێژووی خەباتمان کردوومانە جوولانەوەی چەکداری بووە، چونکە نەمانتوانیوە سیستمی حوکمڕانیی بگۆڕین، بۆیە وشەی شۆڕش لەجێگەی خۆیدا بەکارنەهێناوە بۆ ئەو جوولانەوەیە، بگرە کورد لەکۆندا وشەی (هەرا)ی وەکو زاراوەیەکی پڕ بەپێستی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە وەکو: هەرای برایمخان، هەرای ئاوباریک، هەرای شێخ مەحمود، هەرای بەردەرکی سەرا.. هتد، کە لەناو خەڵکیدا باوبووە، بەڵام دواتر لەلایەن نووسەرانەوە وشەی شۆڕش بەکارهات کە بە فارسی بەواتای پشێوی دێت.

ئێمە لەخەباتکردنماندا ڕژێممان نەگۆڕیوە، جوولانەوەی چەکداریمان بەرپاکردووە تا بەر لە چەوسانەوە و بەرنامەی لەناوبردنی دوژمنان بگیرێ، ئەم جوولانەوەیەش لەلایەن یەک یان چەند کەسێکەوە بەتەنیا نەکراوە، بەڵکو ئاستێکی نەتەوایەتیی بەخۆیەوە بینیوە کە هەموو چین و توێژە جیاجیاکان تیایابەشداربوون و ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕووبەری بەرفراوانتربووە، هەرچەندە هەندێک وەکو حیزب یان ڕێکخراوی چینایەتی خۆیان نیشانداوە.. لە زەمەنی شۆشی ئەیلولدا پارتی حیزبێکی بورژوازی بوو، حیزبی شیوعیش حیزبیکی چینایەتی بوو کە نەیتوانی سەرکردایەتی شۆڕش بکات، لە شۆڕشی نوێشدا لەسەرەتاوە باڵی کۆمەڵەی مارکسی لینینیی دواتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان باوەڕی بە خەباتی چینایەتی هەبوو کە بەدەگمەن کرێکار لەڕیزەکانیدا هەبوو، دواتر وردەوردە ڕێڕەوەکەی بۆ خەباتی نیشتمانی گۆڕی، چونکە نە کارگە لەکوردستاندا هەبوو، نە چینی کرێکاریش بەواتا زانستییەکەی مارکسیزم خەملێبوو، کە بتوانێ وەکو چینی سەرەکی سەرکردایەتی جوولانەوەکان بکات، هەروەها بزووتنەوەی سۆسالیستی کوردستان دواتر یەکێتیی شۆڕشگێڕان بەناو بڕوای بە سۆسیالیستیی بووە.. ناوی مارکسیزم و سۆسیالیزم و چینی کریکار.. هتد، تەنیا وەکو ڕوتووش و بۆ بەرژەوەندیی و سەرنجڕاکێشانی بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازی جیهانیی

ئەو سەردەمە بەکارهێنراوە کە پشتیوانی لە خەباتی رەوای کورد بکەن.

شۆڕش بەزۆریی لەلایەن خەڵکی شارەوە لە کەسە خوێنەوار و ڕووناکبیر و هوشیارەکان ئامادەکاریی بۆ کراوە لەڕێگەی ڕێکخستنی حیزبییەوە و دواتر و بەرەو لادێ دەچوو و جووتیار دەبوونە خانەخوێی شۆڕش و دیوەخانی پێشمەرگە، بۆیە نەتوانراوە شۆڕش لەشاردا بکرێ، چونکە نە ڕژێم ڕژێمیکی دیموکراسیی مرۆڤدۆست بوو، نە ئامادەکاری بۆ ئەوجۆرە خەباتەش کراوە بە شەڕی ناوشاریشەوە کە قوربانی زۆرتری دەوێت

شۆڕش بە شەمەنەفەر چوێنراوە کە لەوێستەگەکاندا نەفەرەکانی دابەزیون و هیتر سواربوونەتەوە، بۆیە مەرج نییە بەشداربووانی شۆڕش تا سەر بەردەوامبووبن کە هەیە بەهۆکاری جیاجیا وازیهێناوە یان کۆڵیداوە و دانیشتووە یان گەڕاوەتەوە لای دوژمن، هەشبووە بووەتە پیاوخراپ و زیانی بە شۆڕش گەیاندووە، هەشە لەناو شۆڕشدا بووە و لەژێرەوە پێوەندیی بەدوژمنەوە هەبووە کە لەدواییدا پێیوتراوە فایلدار، وەکو چۆن لەناو دوژمنیشدا خەڵک هەبووە پێوەندیی بەشۆڕشەوە هەبووە.. ئەوانەی دەبوونە پیاوی ڕژێم و لەبەرامبەر شۆڕشدا دەوەستانەوە خەڵکە شارییەکەی دەچوونە دەزگا ئەمنییەکانەوە و لادێیەکانیش دەبوونە چەکدار و جاش.

هەموو لایەنەکانی شۆڕشکردن لەیەکئاستدا نەبوون، لایەن هەبوو باوەڕی بە عێراقیبوونی شۆڕش بوو، لایەن هەبوو باوەڕی بە کوردستانیبوونی شۆڕش بوو، خەڵک هەبوو باوەڕی بە کوردستانی گەورە و لایەنیتر باوەڕی بە تایبەتمەندی هەر پارچەیەکی کوردستان هەبوو، لایەن هەبوو باوەڕی بە ئۆتۆنۆمی هەبوو، هەشبوو باوەڕی بە فیدرالیی هەبوو، ئێستاش لایەن هەیە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکات و لایەنیش لەم هەلومەرجەدا بە واقیعیی نابینێ!!

لایەن هەبوو باوەڕی بە مارکسیزم هەبوو (مارکسیزمی سۆفێتی، مارکسیزمی چینی)، هەبوو باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبوو، هەبوو

باوەڕی بە ناسیۆنالیزم هەبوو.. کۆمەڵە سەرەتا مارکسی- لینینی بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کەچی مارکسییەکانیتر دژایەتییان دەکرد.

هەندێک وا تێدەگەیشتن کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتیی لەسەر ڕێبازی مارکسیزم دەڕوات، بەڵام ئەوە لەتێنەگەیشتنەوە بوو، چونکە یەکێتیی نیمچە بەرەیەک بوو لە کۆمەڵەی مارکسی و بزووتنەوەی سۆسیالیزمی و هێڵی گشتیی کە ناسیۆنالیستی بوو.

شۆڕش چ کۆن و چ نوێ بە یەک بۆچوون خۆی تەرحەکرد ئەویش نەتەوایەتی بوو، بۆیە لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەشداریپێدەکرد: جووتیار، کرێکار، کاسبکار، فەرمانبەر، خوێندکار.. هتد.

دواتر لەقۆناغێکیتردا هەموو چین و توێژەکان لەئاستە جیاوازەکاندا نەخوێنەوار و خوێنەوار ڕۆڵیان تێدادەبینی، بەجۆرێ کە زۆر لە فەرماندەی پێشمەرگەکان کە لەئاستێکی بەرزی قارەمانەتیدا بوون نەخوێنەواربوون.

شۆڕش بە سکی برسی و گیرفانی بەتاڵ و عەقڵی خێڵەکی و بێ پێوەندیی بەلاوئەولاوە ناکرێ، ئەگەر لەسەرەتا هەوڵێکی سادە ومیلییانەیە، کە پەرەیسەند و بەرەو پێشەوە چوو کۆمەڵێک فاکتەر دێنە ئاراوە ناتوانرێت خۆی لێ بەدوور بگرێت بەتایبەتی فاکتەری دەرەکی و دەستێوەردان ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ دەکەوێتە زەلکاوەوە بەتایبەتی حاڵەتی کورد ئەو تایبەتمەندییەی هەیە بەهۆی داگیرکاری و دابەشکردنیەوە لەلایەن دەوڵەتانی دەوروبەرەوە کە هەریەکەیان لەگەڵ یەکتر ناکۆکن و لەبەرانبەر دۆزی کورد بەرژەوەندیی خۆیان هەیە و لەسەر لەناوبردنی یەکڕا و یەکهەڵوێستن.

بۆیە شۆڕش پێویستی بە پشتیوانییە بەتایبەتی پشتیوانیی دەرەکیی تا بتوانێ لەناو هاوکێشە ئاڵۆزەکاندا سەردەربکات و نەکەوێ، دەبێ ئەو پشتیوانییە لەئاستی دۆستایەتیدا بمێنێتەوە و نەگاتە پلەی کلکایەتی و جاشایەتیی.

ئایا شۆڕش هیچی گۆڕی؟ ئایا گۆڕانکارییەکان دەستکەوتی شۆڕش

بـوون یـان بەرهەمـی هەلومەرجـی نوێـی ناوچەکـە بـوو؟ وەکـو خۆمانـی پێوەهەڵدەکێشـین ئایـا ئێمـە ڕۆژێمـی بەعسـمان ڕووخانـد یـان بەهـۆی لێدانـی هاوپەیمانانـەوە هەرەسـیهێنا و زەمینەیـەک بـۆ کـورد ڕەخسـا شـێوازێکی حوکمڕانـی دروسـتبکات کە نـە تورکیـا و نـە ئێران و نـە سـوریا پییقایلبـوون و لەدواییشـدا ناچـاری مامەڵەکردنبـوون لەگەڵیـدا؟

لەڕاسـتیدا سـەرەڕای خەباتـی درێژخایـەن و قوربانیـدان ئێمـە هاتینەسـەر خوانێکـی ئامادەکـراو، کـە بەعسـیش کوردسـتانی بەجێهێشـت لەبـەر ململانـێ و کێبەرکێـکان لەسـەر بەرژەوەندییـەکان نەمانتوانـی یەکدەنـگ و یەکڕیـز دەسـەڵاتێکی نیشـتمانیی بەشـێوازێکی سـەردەمییانە ببەینەڕێـوە کـە بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆ.

دوای قۆناغی شۆڕشکردن:

– شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ وەکو خۆیان نین.

– ئـەوەی دەسـتی گەیشـتە دەسـەڵات بـە کوتەکیـش وازناهێنـێ، هەمـووان بەگـەورە و بەبچووکـەوە هەڵپـەی خۆدەوڵەمەندکردنـن.

کەسێتیی ئەو شۆڕشگێڕانە:

– یەک کەسیان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

– بەدەگمەننەبێ کەسیان ناخوێننەوە.

– زۆربەیان بەرهەمی فیکرییان نییە.. هتد.

مـەرج نییـە دوای سـەرکەوتن هەنگاوەکانـی شـۆڕش بـەرەو پێشـەوە بـڕوات، بگـرە بـە هـۆکاری جیاجیـا تووشـی نابووتیـی دەبـێ بەتایبەتـی کاتـێ کارەکتەرەکانـی لـە ڕێگـا لادەدەن و دوای دەسـتکەوتی مـادی و بازرگانـی و خۆشـگوزەرانی خۆیـان دەکـەون و فەرامۆشـکردنی ئاهونزوولـەی خەڵکیـی و کەمبایـەخ تەماشـاکردنی تەقـەلا و قوربانیدانیـان، لەبـری کارکـردن بـۆ گۆڕانکاریـی ریشـەیی و چاککردنـی بـار و گوزەرانـی هاووڵاتییـان وڵات وێراندەکرێـت و هـەردی بەسـەر بـەردەوە ناهێڵـرێ.

– تونـدڕەوی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ خەڵکـی ژێردەسـتی ڕژێـم «عـەرەب، تورکمـان»، کـە ئێمـە بەباشـیی نەمانتوانـی کاریگەرێتییـان لەسـەر

دروستبکەین و تەنیا پیاوەکانی دەسەڵات و کاسەلیسەکانیان بەخراپ بزانین کە لەناوئەوانیشدا هەموویان خراپنەبوون.

– تووندڕەویی بەرانبەر بە خەڵکی کورد ئەوانەی بەهەر هۆکارێک دەبوونە چەک هەڵگر و جاشی دوژمن کە لەناوئەوانیشدا خەڵکانێک هەبوون دۆستی شۆڕش بوون.

– لەدێهاتەکاندا حاڵەتێک هەبوو بەهۆی بوونی فرەحیزبی و ڕێکخراوی جیاجیاوە جاروبار لەگەڵ پێشمەرگەدا ساردبوون، یان بەهۆی هەڵەی مامەڵەی بەرپرس یان کادیر یان پێشمەرگەوە هەڵوێستیان وەردەگرت.

– بەگشتیی خەڵکی لادێ خزمەتگوزار و قوربانیدەر و لانکی شۆڕش بوون و بەهۆی شۆڕشیشەوە ئەنفالکران و وێرانبوون و ئێستاشی لەگەڵدابێ حیزبەکان نەیانتوانیوە پڕۆژەی جیدییان بۆ باشتر ئاوەدانکردنەوەی دڵی خەڵکەکە و لادێیەکان هەبێ.

تائێستا ئێمە لەحاڵەتی شۆڕشداین، هێشتا مەترسی پەلامار دوژمنانمان لەسەرە ئەگەر ئەو پشتوانییەی هاوپەیمانان نەبێ هەر سەرلەئێوارە دێنە وێزەمان و ئەوەی وەدەستمانکەوتووە هەڵیدەپڕووقێنن.. ئەوەی مایەی نیگەرانییە سەرەڕای دژایەتی دەوروبەر حیزبەکان و حکومەت باش ئیدارەی وڵاتەکە نادەن هەر هیچ نەبێ لە گیانی حیزبەرستیی دوورکەوینەوە و هاووڵاتییانمان بە ئایندەیی کارەکانمان قایلبکەین.

کاتێ ئێمە پێشمەرگە و بەشاخەوە بووین جگەلە بیروباوەڕێک و تفەنگێک و بڕێک فیشەک هیچیترمان نەبوو، ژیانمان لەپێناوی وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانماندا بەختدەکرد تا دواڕۆژێکی گەش، ژیانێکی پڕ لە ئازادی و دیموکراسیی و نان و خۆشگوزەرانیی دوور لە چەوسانەوە دابینبکەین.. واتە شۆڕش هۆکارێک بوو بۆ ئامانجێکی گەورە ئەویش ڕزگاریی بوو کە بە ماندووبوون و خوێنی زۆر و ماڵکاولیی و ئەنفال و کیمیاباران توانرا و پشتیوانیی هاوپەیمانیی لە هەلومەرجێکی ڕەخساودا ڕاپەڕین بکرێ و دەسەڵاتی بەعس لە نیوەی کوردستانی باشوور دەربکرێ و دەسەڵاتی خۆجێی دروستبکرێ و دواتر هەڵبژاردن و دامەزراندنی

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی بەدواداهات، توانرا سەرەڕای تەنیایی و بێدەرەتانیی و ئابڵۆقەی ئابووریی و شەڕی ناوخۆیی کە بە پارەی گومرگ و قاچاغچێتیی خۆمان بژێنین، بەڵام دوای نەمانی شەڕی ناوخۆ و ئاشتبوونەوە و ڕووخانی ڕژێمی سەدام و هاتنی پارەیەکی زۆر لە بوودجەی عێراق گەشە و بووژانەوەیەکی خێرای ئابووریی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی حیزبەکانی و پشتکردنە ئامانجە نەتەوەییەکان و چوونەناو هەندێ پرۆسەی گومانلێکراوی پێوەندییەکانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخمان خراپ و پڕ لە پشێوی و شیرازە تێکچوونە.. حیزبەکان جگەلە بەرژەوەندی خۆیان لە جەماوەر دابڕاون، ئەو جەماوەرەی ماوتیستۆنگ پێیدەڵێ قەڵای ئاسنینی شۆڕش، هەموو چرکەیەک گەندەڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵات دەخوات، شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ پشتیانکردووەتە ئامانجەکانی شۆڕش، ئایا ئەمەی ئێستا پێویستی بە شۆڕشکردنێک نییە بەرانبەر بەو ئەنجامی ئەو شۆڕشەی کە ئەم بارودۆخە ناهەموارەی هێناوە؟

* ناشیرینکردنی قوربانیدان و شۆڕش:

ئێستاش باریکی ناڕێک و نارەوا لەژێر هەر ناوێکی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکان هاتووەتە پێش زۆرتر بۆ نابووتکردنی ڕابردوو و شۆڕشە، ئەمەش بەزۆریی لەلایەن تێکۆشەرانەوە لەنووسینەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە کە بەشێکی بەئەنقەست یان بۆ تۆڵەسەندنەوە کە دەکاتە ناشیرنکردن و پیسکردن ئەو ڕۆژگارەی خوێنی هەزارانی تیا ڕژاوە تا ئەم قەڵەمانە ئێستا ئاوەڕشیان دەربڕن.. هیچ شۆڕشێکی دنیا نییە بەپاکیی و بێ لەککە و خەوش بەڕێوەچووبێ، وەکو چۆن کۆمەڵگا هەموو کارێکی بەجێ و نابەجێی تیادەکرێ ئاواش شۆڕش کە لەخەڵکەوەیە و بۆ خەڵک دەکرێ کاری لابەلای تیادەکرێ شۆڕشیش هەروایە، ئەوەشی لەشۆڕشدا کراوە حاڵەتە و نەبووەتە دیاردە، ئیتر چی پێویستەدکات لاپەڕەیان لەسەر ڕەشبکەینەوە.

لەشۆڕشدا هەڵەدەکرێ لەڕووی ئاراستە و پێوەندیی ناوخۆیی و

دەرەکی و شێوازی رەفتار و مامەڵەکردن و بەلاڕێداچوون، کە هەڵەکان تەنیا خودی شۆڕشگێڕان نین، بەڵکو لەپشتەوە دەستی دەرەکی گۆمەکە بۆ مەرامی خۆیان دەشڵەقێنن.. زۆرجاریش شۆڕشەکانی کورد لەلایەن دوژمنانەوە یان حکومەتەکانی دەوروبەرەوە بە خۆفرۆش ناوزەدەکرێن، نەک هەر ئەمە بەڵکو هەندێجار لەلایەن خودی کوردیشەوە ناتۆرە دەدرێتەپاڵیان، کە ئەمە لە دیدی تەسکی تێڕوانین و حیزبایەتییەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەزۆریی دەستە دەرەکییەکە ئەو تەلە هەستیارانە دەجووڵێنن بۆ لێدانی ناوبانگی قوربانیدانی خەڵکی کوردستان، کە دوژمنەکانی کورد زۆر بەهێزن و پیلانی توندوتۆڵ بۆ لەقاوکردنی هەر جووڵەیەکی شۆڕشگێڕیی دادەڕێژن.

شۆڕشی نوێ

ئاشبەتاڵ کڵپەی شۆڕشگێڕیی خەفەکرد، کوانووی بەرخۆدانی دامرکانەوە، بووە مایەی خۆبەدەستەوەدانی سەرکردایەتیی و هێزی پێشمەرگە، بێئومێدی باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشا، دوژمن هەموو کون و قوژبنێکی کوردستانی کۆنترۆڵکرد، بەڵام تێکۆشەرە پەرۆشەکان بێدەنگ دانەنیشتن و نەیانویست تەمەنی ئەو بارودۆخە درێژبێتەوە.

دوای سااڵێک لە دامەزراندنیی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١ بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشی لەکوردستاندا لە دژی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆریی ڕاگەیاند، شێوازێکی نوێی کارکردنی داهێنا کە لە بەرنامە و بیر و پێکهاتەدا نوێبوو، جیا لە شۆڕشی پێشوو خۆی ناساند، خۆی بە شۆڕشگەڕەوەی ئەو نەدەزانی، مەیدانێکی ئاوەاڵی بۆ کاری سیاسیی و پێشمەرگایەتی کردەوە، کە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان تیایدا کۆببنەوە، کە خاڵی هاوبەشیان ڕزگاریی نیشتمانیی بوو، کارکردن بوو لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان بۆئەوەی لەو شۆڕشە جیابکرێتەوە دەستەواژەی شۆڕشی نوێ بەکارهێنرا، هەر بەو ناوەشەوە

چـووه نـاو لاپەڕەکانـی مێـژووەوە.

لەگـەڵ ئـەوەی ڕژێمـی عێراقیـی لـەڕووی سـەربازییەوە بەهێزبـوو، یەکێتیـی بـە دەنگێکی بڵـند هـاواری شۆڕشـی بڵاوکـردەوە، کـە ئـەم هەنـگاوە لـەو بارودۆخـەدا ئەوپـەڕی ئازایەتیـی بـوو بەرانبـەر ڕژێمێکـی پڕچـەک و هێـزی تۆکمـە.

ئـەو کاتـە ئێـران و سـوریا و لیبیـا لەگـەڵ ڕژێمـی عێراقیـدا ناکۆکبـوون، پشـتیوانییان لـە بەرپابوونـەوەی شـۆڕش وەکـو گوشـارێک بـۆ سـەر ڕژێمـی بەعسـی سـەدامیی دەکـرد، هاوکارییەکانـی ئـەوان یارمەتیدەرێکـی باشـبوو هەریەکەیـان بەپێـی خـۆی.

یەکـەم دەسـتەکانی نـاوەوەی وڵات گەیشـتنە شـاخ، لـە دەرەوەش چەندیـن سـەرکردە و پێشـمەرگە بـە ماندووبوونێکـی زۆر لـە سـوریا و ئێرانـەوە گەڕانـەوە و گەرموگوڕییەکیـان خسـتە لاشـەی تێکۆشـەرانەوە بـۆ سـەرلەنوێ تێهەڵچوونـەوە و جارێکیتریـش خـەوی ئاسـوودەییان لـە چـاوی دوژمـن تارانـد.

وەنەبـێ یەکێتیـی خـۆی بـە کوێخـای مەیدانـی خەبـات دانابـێ، بەڵکـو لـە پەیوەندیکـردن بەلایەنەکانـەوە بـۆ بەشـداریکردن لەشۆڕشـدا بـە گیانـی هاوکاریـی و هاوخەباتیـی داوایـان لێکرابـوو، بـەڵام بـاش هەڵنەسـەنگاندنی بارودۆخەکـە و گومانبـردن کارکردنـی پێکەوەیـی دوورخسـتبووەوە، بۆیـە هـەر کـە دەسـتەکان لەسـوریاوە گەیشـتنەوە خاکـی نیشـتمان لـە سـنووری بادینـان کەوتنەبـەر پەلامـاری هێزەکانـی قیـادەی مووەقەتـە و لەناوبـران، ئەمـەش بـۆ قورخکردنـی سـنووری کارکـردن و جوگرافیـای جووڵانـی هێـزی پێشـمەرگەی یەکێتیـی و هەژموونـی دەسـەڵاتی سیاسـیی، لەبـری ئـەوەی بەرەیەکـی یەکگرتـووی نیشـتمانیی دروسـتبکرێ، تـرازان ڕوویـدا، شـەڕی خوێنـاوی کـرا، خوێنێکـی زۆر لەبـەر لاشـەی شـۆڕش ڕۆیشـت، فەرمانـدە و کادیـر و پێشـمەرگەیەکی زۆر تیاچـوون کـە هیـچ پاسـاوێکی نەبـوو جگەلـە ملهـوڕی و تێنەگەیشـتن و تەسـکبینی.. سـەرەڕای ئـەو سـنووربەندییە شۆڕشـی نـوێ بەردەوامبـوو.

شەڕ

هەرچییەک بێت شەڕ ناکۆکی دوو لایەنە کە بە توندوتیژیی و بەکارهێنانی چەک کۆتاییدێت، کە ئەنجامەکەی مەرگەساتە، ئاگرە، دووکەڵە، کوشتن و خوێنە، تێکوپێکدانە، وێرانکردنە، تا درەنگانێکیش کاریگەرێتییەکەی دەمێنێتەوە.

شەڕ داگیرکردنی مافی خەڵکیتر و قرمخۆشکردنە لە فراوانکردنی دەسەڵات و دەستگرتنە بەسەر هەموو شتێکدا لەژێر پەردەی نەتەوایەتیی یان سیاسیی یان ئایینیی.. هتد، شەڕ بەواتایەکی تر بازرگانییە، لایەک بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەیکات تا لایەکەیتری بەرانبەری بکەوێ.

لەشەڕدا: دوژمن، جەنگاوەر، تفەنگ، فیشەک، شەڕ.. هتد، لەسەر زەوی یاریدەکەن چ بۆ خۆپاراستن یان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەویتردا..

شەڕ لەئاستی جیاجیادا دەکرێت، جاری وایە لەنێوان دوو کەس یان دوو بنەماڵە یان دوو هۆز یان دوو وڵات یان دوو نەتەوەدا دەکرێت بە هۆکاری جیاجیاوە، جاری وایە ئەنجامەکەی بەئاسانیی کۆتاییدێت و هەردوو لا ئاشتەبنەوە جاری واش هەیە ناکۆکییەکان ئەوەندە قوواڵە بەئاسانیی پێکنایەنەوە.

شەڕ جۆری زۆرە: سیاسیی، ئابووریی، ئایینی، هەروەکو شەڕی رەوا و ناڕەوا، شەڕی سارد و گەرم هەیە، بۆیە شەڕ یارییەکی قێزەونە، براوە و دۆڕاو دیارنین هەردوو وەکو یەک تێدەکەون و هەریەکە پشکی خۆی لە ئازار و تێکشکان دەبات.

شەڕ نە بەزەیی تیایە، نە مرۆڤایەتی دەپەرستێ، کە شەڕکەر بەزەیی هەبێ شکست دەچنێتەوە.. کارەکتەرەکانی وا پەروەردە دەکرێن تەنیا کوشتن و بڕین و لۆژیکی لەناوبردن و سەرکەوتن بزانن.

بۆیە شەڕ هەمیشە مرۆڤ دڵڕەق دەکات، ئەوەی بە قسە لەشێنەییدا دەوترێ لەکاتی شەڕدا پێچەوانەکەی دەردەکەوێ، ئەوەی لە بەرنامەدا

دادەڕێژرێ بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێز لە دیل و دەستپاڕێزی لە ئەنجامدانی تاوانی لابەلا زۆر بەکەمیی ڕەچاودەکرێ، چونکە شەڕ ڕقی تیابەرجەستەیە، مرۆڤە شەڕکەرەکان مێشکیان تاریە و بەرچاویان لێڵە و بەرپێی خۆیان بەباشیی نابینن و تەنیا لوولەی تفەنگەکانیان دەزانن چۆن ئاراستەی دەکەن بۆیە مرۆڤ هەمیشە بیر لە مانەوی خۆی دەکاتەوە نەک بەرانبەرەکەی..

چەک ترسناکە کە میلی هێنرایەوە سنوور دەبەزێنێ و گیاندەکێشێ، چەک تێگەیشتنی نییە.. جەنگاوەریش لەشەڕدا خۆی دەخاتە مەترسییەوە یان بۆ نواندنی ئازایەتییە کە پلەیەکی دەستبکەوێ یان لە بیروباوەڕەوەیە، کە زۆربەی جار بە سەرکێشیی تەواودەبێت.

لەسوپاکاندا فەرماندەی خوارەوە و سەرباز هیچ ئازادییەکی قسە و دەربڕینی نییە ئەگەر سوور بشزانێ تیادەچێ و شەڕەکە دەدۆڕێنێ ناوێرێ فززەبکات، گەر خۆی بدزێتەوە ئەوا بە تۆمەتی ناپاکیی یان ترسنۆکی سزادەدرێ کە زۆرجار گوللەبارانکردنە، بەڵام لەپێشمەرگایەتیدا قسەکردن و تاوتوێکردنی شتەکان هەبووە، کارێک عەقڵ نەیبڕێ نەدەکرا با دەستکەوتیشی تێدابووایە.. ئەمەش لەیاسا دەرچوون نییە، بەڵکو دەبێ شەڕ بە ژیریی بکرێ، دەستکەوتی هەبێ، گیانی جەنگاوەرەکان بپارێزرێ، واتە شەڕی خۆترێن نەکات.

کە مرۆڤ کەوتە شەڕەوە دەربازبوون زەحمەتە یان ئەم سەردەکەوێ و بەرانبەرەکەی دەشکێ یان ئەو دەشکێ و دەکوژرێ و بەرانبەرکەی گرەودەباتەوە.

شەڕ هەر لەنێوان مرۆڤەکاندا ناکرێ، ئاژەڵانیش لەنێوان خۆیاندا شەڕدەکەن، بگرە مرۆڤ ئاژەڵیش بۆ شەڕی خۆی بەکاردێنێ، ئەوەی شەڕی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەکتری جیادەکاتەوە ئاژەڵان کەرەستەکانی خۆیان وەکو شاخ، قۆچ، قەپ، لەقە، جووتە.. هتد، بەکاردێنێ، بەڵام مرۆڤ ئەوەی تێپەڕاندووە ئامرازەکانی لەشی خۆی بەکاربێنێ شتی دەرەوەی خۆی وەکو چەک و تەقەمەنی بەکاردێنێ کە بە عەقڵ و بە دەستی خۆی

دروستیدەکات.

مەترسیدارترین شەڕ هی نێوان دوو نەتەوەیە، کە بە هۆکاری سیاسیی و تەنانەت ئابووریی و هیتریش نەتەوەیەکی سەردەستی داگیرکەر بە مافی خۆی دەزانێ نەتەوەیەکیتر داگیربکا کە داوای مافە رەواکانی خۆی لە ژیانێکی ئازاد و سەربەرز و سەربەخۆییدا دەکات.

کورد یەکێکە لەو میللەتانەی جیهان کە لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە و ئەوان ئامادەنین دان بە ساناترین مافی کورددا بنێن کە خۆیان ئەو مافانە بۆ خۆیان بە رەوا دەبینن بۆیە کوردیش بە ڕاستی دەزانێ خەباتبکات، واتە شەڕبکات بۆ دەستەبەرکردنی ئایندە و چارەنووس، کە شەڕی کورد لەگەڵ دوژمندا رەوایە، شەڕی دوژمنیش لەگەڵ کورددا وەکو داگیرکەرێک ناڕەوایە..

یەکێک لە کێشەکانی کورد کە دابەشبووەتە سەر چوار دەوڵەتدا بەهۆی ناچاریی ئەو بەشەی شۆڕش بەرپادەکات پەنا بۆ دەستەواژەی دوژمنی دوژمنم دۆستمە دەبات و لەپشتیشەوە دەستێوەردان رووەدات و زۆرجار ڕێڕەوی خەبات دەگۆڕێ و ئەنجامەکەی بەلاڕێدا دەڕوات.

شەڕی دوژمنانی کورد لەتێنەگەیشتنەوە هاتووە کە نایانەوێ مافی بوونی کورد بسەلمێنرێ، هەمیشە بیریان بۆ تیۆری پیلان و دەستی دەرەکی ڕۆیشتووە، کە ئەم دەوڵەتانە لەبنەڕەتدا خۆیان دروستکراو و میللەتانیان بەیەکەوە بەزۆر لکێنراون.

ئەمە سەرەڕای سیاسەتەکانی زلهێزەکان و پشتگیریی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان کە بەناڕەوا داخوازییەکانی میللەتە ژێردەستەکان پێشێل و پشتگوێدەخەن و ڕاستییە مێژوویییەکان دەشێوێنن و زۆرجاریش خەڵکانی بەتایبەتیی سیاسیی و دەسەڵاتداری خاکفرۆش بەلاڕێدا دەبەن بۆ سەرخستنی بەرنامە ڕەشەکانی خۆیان و دەیانکەنە دەسەکەلای خۆیان و زیانی زۆر لە هەوڵ و تەقەلای خەباتگێڕان دەدەن.

هەمیشە هەردوو نەتەوەی داگیرکەر و سەرانی کورد وەکو دوو سەری نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ کاریانکردووە و دەرگاکانیان داخستووە و

لەوناوەندەدا بە هەزاران کەس لە دۆزەخی شەڕدا تیاچوون..

شەڕی کورد بەرانبەر دوژمن بەوپەڕی ئازایەتییەوە کراوە، دوور لە ڕووداوەکانی پشتی پەردە نموونەی خۆبەختکردن و قوربانیدان پێشکەشکراوە، بەڵام دوایی لەجیاتی سەرکەوتن شکست بەردەرگای پێگرتووە.

جگە لە شەڕکردن بەرانبەر بەدوژمن کە شەڕێکی ڕەوایە، کورد شەڕێکی ناڕەوا دەکات کە شەڕی ناوخۆ یان براکوژییە، کە هیچ سوودێکی بۆ کورد نییە و لەسەر سەپاندنی دەسەڵات و کەڵەگایەتی نواندنە کە زۆرجار دەستی دامودەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تیایە.

شەڕی پێشمەرگە و دوژمن لەڕووی توانای سەربازییەوە جیابووە، دوژمن کەرەستە سەربازییەکانی بەتەواویی لەبەردەستدا بووە وەکو: چەکی قورس و سووک و تەقەمەنی و تانک و زرێپۆش و فڕۆکە و کۆپتەر و تۆپخانەی قورس و شارەزایانی بواری شەڕ و نەخشە و پلان.. هتد، هێزی سوپای دوژمن جۆراوجۆربوون وەکو سەرباز، جەیشەعبی، جاش، دەزگای ئەمنی و هەواڵگرییەکان، کە نەک دژی پێشمەرگە بەڵکو دژی خەڵکی سڤیلیش بەکاردەهێنران، دەیانکوشتن، ئاوارەیاندەکردن، خانووبەرەیان دەڕووخاندن، مەڕومااڵتیان بەتااڵندەبردن، خەلەوخەرمانیان دەسووتاندن، بەڵام پێشمەرگە تەنیا بە چەکی سادە و سووک کە بەزۆریی دەستکەوتی شەڕەکان بوو یان بەکەمیی پەیدا دەکران تەنیان زەبری تۆندیان لەو هێزە سەربازییە دەدا کە لە داگیرکردنی کوردستاندا بەشداربوون، هەمیشەش پێشمەرگە لەشەڕدا داهێنانیان کردووە و کاری ئەفسانەییان نواندووە و گورزی گورچکبڕیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاندووە.

شەڕی براکوژی

وشەی براکوژی یان شەڕی ناوخۆیی کۆنە لەنێوان دوو هۆز یان دوو تیرە یان دوو بنەماڵەدا بەرپابووە، دواتر ئەم زاراوەیە پەرەیسەند و گەیشتە ئاقاری حیزبایەتی، کە بەهۆی بەرژەوەندی و جیاوازی دید و تێڕوانین بۆ دەسەڵاتداریێتیی کێشەکان ئاڵۆزدەبوو و لوولەی تفەنگەکان لەیەکتری دەکرا و خوێنی چەکدارەکان دەڕژا و سەرەکانی شەڕکردن ئەو بەزمەیان خۆشدەکرد.

لەهەموو وڵاتانی جیهان دوای شۆڕش و دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات شەڕی ناوخۆ بۆ پاکسازیی دروستبووە.. لە کۆمونەی پاریسدا کرێکاران ٧٢ ڕۆژ دەسەڵاتیان گرتەدەست و لەئەنجامی هەڵەی سەرانی کرێکاران بورژوازییەت بووژایەوە و دەسەڵاتی کرێکاران تەفروتووناکرا و نزیکەی ٣٠ هەزار کەس کوژران کە بە هەفتەی خوێناوی ناویدەرکردووە.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر بەناوی سۆسیالیزمەوە دەست بەسەر ماڵ و سامانی خەڵکیدا گیرا و بۆ حکومەتی کرێکاریی تاپۆکرا، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەردەوامبوو خەڵکێکی زۆر لەناوچوون و زیانێکی زۆر بەر ئابووری وڵات کەوت.

لە شۆڕشی چینیشدا بەهەمانشێوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتەکەیان بەناوی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە هەڵمەتێکیان دەستپێکرد بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانیان کە دوو ملیۆن کەس لەناوبران..

لە کەمبۆدیاش پۆلپۆتی سەرۆکی خمێرە سوورەکان تا نزیکەی سێ ملیۆن کەسیان کوشت تەنانەت وەکو باسدەکرێ دەستیان لە هەندێ لە کۆمۆنیستەکانی خۆشیان نەدەپاراست، هەروەها لە وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و ڤێتنام و لبنان و زۆر وڵاتیتریش شەڕی ناوخۆیی یان براکوژی کراوە.

لەکوردستانیشدا شەڕی براکوژی یان شەڕی ناوخۆ یان شەڕی کورد-کورد بەرپابووە، سەرەتاکەی لە شۆڕشی ئەیلولدا ناکۆکییەکان لەنێوان پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسیی تەقییەوە کە بە شەڕی جەلالی- مەلایی ناسراوە و خوێنی زۆریش رژا.

لە شۆڕشی نوێدا نەتوانرا پشت لەو هەڵانەی رابردوو بکرێ و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا هەوڵەکانی خەبات یەکبخرێ، بەڵکو بەهەمان عەقڵییەتی کەڵەگاییەوە هەر لەسەرەتاوە هەردوو لایەنی یەکێتیی-پارتی کەوتنە شەڕەوە، شەڕی هەکاری بووە سەرەتایەکی خراپ بۆ کوردکوشتن، دواتر بەرەی جود کە لە پارتی و سۆسیالیست و شیوعی و پاسوک پێکهاتبوو بەرانبەر یەکێتیی وەستانەوە و شەڕی زۆر کرا و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان تیاچوون، هەر لە شۆڕشی نوێدا یەکێتیی لە قڕناقە و پشتاشان لەو حیزبانەی سەرەوەی دا، هەروەها وردە شەڕ لەنێوان یەکێتیی- شیوعی، یەکێتیی- پاسۆک، یەکێتیی- لەشکری ئیسلامی، هەروەها یەکێتیی- ئالای شۆڕش کراوە.

لە بەشەکانیتری کوردستانیش شەڕ لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا ڕوویداوە وەکو شەڕی نێوان دیموکرات- کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. هتد.

ئەم حیزبانە هەریەکە لە روانگەی خۆیەوە و بۆ بەرژەوەندییە لاوەکییەکان و خۆسەپاندن و پاوانکردن نەک مەسەلە چارەنووسسازەکان لەشکرکێشییان دەکرد و بەردەبوونە گیانی یەکتریی، ئەگەر بیانووی ناوخۆ بدۆزینەوە بۆ بەرپابوونی ناکۆکییەکان ئەوا دەستەکانی پشتەوەش ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە خۆشکردنی ئاگری دوورکەوتنەوە لەیەکتری و سەنگەرگرتن و شەڕکردن و خوێنڕشتن، تەنانەت بۆ ئاشتبوونەوەش هەر دەستی دەرەکی نزیکی کردوونەتەوە کە بە زۆریی بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاوگرتووە نەک یەکخستنی ریزەکانی لایەنە کوردییەکان.

لەشاخدا هەر لایەنە بیانووی خۆی هەبوو بۆ شەڕ، ئەگەرچی خەڵکە پەرۆشەکەی کورد لەخوارەوە دەردەدڵی خۆیان دژی ئەو ناکۆکی

و شەڕەی براکوژی دەردەبڕی، بەڵام کەمتر گوێیان لێدەگیرا، چونکە بەرژەوەندییەکان رووبەری مێشکیانی تەسککردبووەوە بۆ نەبینینی ڕاستییەکان وەکو خۆی.

کەچی دوای ئاشتبوونەوە هەموو لایەک ئەگەر لەبەرپرسیارێتییەوە بێ یان بۆ پاکانەکردن نەفرەت لەو کرداره قێزەونە دەکەن و بە کارێکی تاوانکارانەیان لەقەڵەمدەدا و ئیتر ئەو هەموو خوێنە گەشەی ئەو هەموو مرۆڤە داماوانە لەپێناوی سیاسەتی هەڵەی سەرکردە و فەرماندەی حیزبەکان هیچ و بەفیڕۆ دەچوو.

لە شەڕی براکوژیدا کەس براوەنەبووە، بەپێچەوانەوە هەمووان دۆڕاوبوون، چونکە بەرهەمێکی بەرجەستەی نەبووە و حیزبەکان کەسیان ئەویتریان نەخست و لە گۆڕەپان دەرنەکران و هەموو لایەنە شەڕکەرەکان مانەوە و لەسەر مێزی دانوستان دانیشتن و دواتریش لەدرەنگوەختدا بەرەی کوردستانییان دروستکرد، بەڵام بەرەیەکی لاوازی ڕۆژگارێکی تاڵ کە ئەنفالی لێکەوتەوە.

شەڕی پارتیزانی

شەڕ جۆری زۆرە: ستراتیژی، ئایینی، مەزهەبی، دەسەڵاتخوازی و سەربەخۆیی، بەرگری، کۆمەڵایەتی و ئابووری، سیاسی، شۆڕشگێڕی، دەروونی، دیبلۆماسی، سارد.. یەکێک لەوانەش شەڕی پارتیزانییە.

لەویکیپیدیادا ئاوا باسی پارتیزانی دەکات:

«شەڕێکی نائاساییە لەنێوان ئەو کۆمەڵە شەڕکەرانەی یەک ئامانج کۆیاندەکاتەوە و لەنێوان سوپای ئاساییدا، بەجۆرێک ئەو کۆمەڵانە لە یەکەی شەڕکەری تاڕادەیەک بچووک پێکدی کە لەڕووی ژمارە و جۆری چەکداریی سوپاوە بەراورد ناکری.. لەشەڕیشدا شێوازی پەلاماری ناکاوی دژی هێزە سەربازییە ئاساییەکان هەڵدەبژێری لەهەلومەرجێکدا کە بۆ سوپای نیزامی نەگونجاوە.. جەنگاوەرانی شەڕی پارتیزانی

بەهۆی نابەرانبەرییەوە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا ئاساییەکاندا بەدووردەگرن و پەنا بۆ شەڕی بچووکی ئامانج ستراتیژی دەبەن کە خۆیان شوێن و کاتی دیاریدەکەن بەجۆرێک کە کاریگەرێتیی کوشندەی لەسەر دوژمن هەبی».

هەر لەکۆنەوە شەڕی پارتیزانی لای میللەتانی دنیا لەبەرانبەر داگیرکەران بەکارهاتووە تا زیان لە هێزەکانی دوژمن بدەن و هەراسانیان بکەن و نەهێڵن پشووبدەن و لەدواییشدا ناچاری شکانیان بکەن.

کوردیش وەکو هەموو ئەو گەلانەیتر کە لەلایەن دوژمنەکانیەوە نیشتمانەکەی داگیرکراوە بەناچاریی پەنای بۆ چەک بردووە و شەڕی هەڵبژاردووە تا پارێزگاریی لە بوون و مانەوەی خۆی بکات.

لە سەردەمی شێخ مەحمووددا بەشێوەی پارتیزانی شەڕیانکردووە، بە چەکدارەکانیشی وتراوە چەتە، لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولیشدا بە چەکدارانی شۆڕش هەر دەوترا چەتە تا دواتر وشەی پێشمەرگە لەناو هێزەکان و خەڵکیشدا چەسپا، بە هێزی کەم و چەکی سادەوە شەڕی پارتیزانی دەکرا، لە شۆڕشی نوێشدا سەرەتا دەستەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان بە شێوەی پارتیزانی سەریانهەڵدا، بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە و بە شەو دەچوونە دێهاتەکانەوە و بەپێی هەڵکەوتیش بە شێوەی لێدە و خۆدەربازکە لە هێزەکانی دوژمنیان دەدا، ئینجا وردەوردە پێشمەرگە زۆربوو و تەشکیلاتی هێز کرا.

گەشەکردنی هێزی پێشمەرگە و مەترسییەکانی بۆ سەر دەسەڵات، دوژمنی ناچارکرد بۆ چۆڵکردنی دێهاتە سنووورییەکان کە شوێنێکی لەباربوون بۆ کاری پێشمەرگانە و هاتووچۆ و گوشارخستنەسەر دوژمن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو سنووربەندی و دێهات گواستنەوەیە هەتا دەهات شۆڕش پەرەیدەسەند و چالاکیی زۆرتردەبوو.

شەڕی ئێران- عێراقیش هۆکارێکی گرنگبوو بۆ دەرکەوتنی پێشمەرگە و گەڕانی ئازاد بە ڕۆژ و چالاکی و تۆمارکردنی نەبەردیی گەورە و بینینی خەڵکی و تەنانەت نزیکبوونەوە لە شارەکان و زۆرتربوونی رووبەری

ناوچەی ئازادکراو و دانانی بنکە و بارەگای زۆر، ئەمەش وایکرد کە شێوەی پارتیزانی بۆ شەڕی جووڵاو بگۆڕێ و لەدواییشدا بۆ شەڕی بەرەیی.

ئەنفال قۆناغێکی نوێی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هێنایەکایەوە، کە نەدەتوانرا ئەو هەموو هێزە لەناوچەکاندا بمێننەوە کە خەڵکیی و دێهاتەکانیش نەمابوون.. جگەلەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراقیش شەڕی هەشت ساڵەیان لەکۆڵبووەوە و ئیتر خۆیان بۆ پاکسازیی شۆڕش تەرخانکرد.

هەر لەناو جەرگەی ئەو ڕووداوە تاسێنەرەدا و لە قۆناغی سێی ئەنفالی گەرمیاندا هەندێک لە کادیر و فەرماندە و پێشمەرگەکان بڕیاری مانەوەیان بە پارتیزانیی لە ناوچە چۆڵوهۆڵەکاندا دا و نەیانهێشت شۆڕش ئاشبەتاڵبکات.

ئەمە لەخۆیدا بڕیارێکی گرنگ و گەورەبوو، بەڵام هەلومەرجەکە بێئەندازە سەختبوو، پارتیزانیی ئەم قۆناغە وەکو ئەوەی رابردوو نەبوو کە دێهات هەبوو، خەڵکی هەبوو، نان و بژێوی و پێداویستیی پێشمەرگە بەزۆرییی لەسەر خەڵکیی بوو.

ڕۆژانی سەرەتا پارتیزانەکان پشتیان بە خۆراک و کەلوپەلی ماڵە دێهاتییەکان دەبەست کە ئەنفالکرابوون، دواتر پشت بە ڕێکخراوی ناوشار بۆ دابینکردنی کەرەستە و کەلوپەل و خۆراک بەستڕا، ئەمەش کارێکی سەخت و لەهەمانکاتیشدا مەترسیداربوو، چونکە دوژمن بەردەوام کێوماڵیدەکرد و چاوە شۆفارییەکانی بەدوای سەرەداو و دۆزینەوە شوێنپێی پێشمەرگەوە بوون.

ڕۆڵی ڕێکخراوی ناوشار لە ڕۆڵی پارتیزانەکان کەمترنەبوو ئەگەر زۆرتر نەبووبێت، دوژمن چەندە چاوی لەسەر پارتیزانەکاندا بوو لە شاخ ئەوەندەش چاوی لەسەر سەرچاوەی یارمەتیدانەکانیان بوو لەناوشاردا، بۆیە هەڵەیەکی بچکۆلە لە کار و هەڵسوکەوت و قسەکردندا دەبووە مایەی گیروگرفت هەم بۆ پێشمەرگەکان و هەم بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار.

پارتیزانەکان جگەلە رێکخراوی ناوشار بە پلەی دوو پشتیان بە دۆست و خزم و ناسیاوەکانیان دەبەست کە جێگەی متمانە و دڵسۆزییان بوون بۆ هاوکاریکردن و گەیاندنی پێداویستییەکان و تەنانەت هەندێجاریش شاردنەوەیان.

پارتیزانەکان بۆئەوەی نەکەونە بەرچاوی دوژمن لە یەکەی بچووکدا خۆیان رێکدەخست تا بتوانن خۆیان بپارێزن و ئاشکرانەبن، زۆر زیرەکانە و هوشیارانە شوێنی خۆقایمکردنیان دەدۆزییەوە کە بۆ دوژمن دۆزینەوەی ئاسانننەبێت.

دەبوا بەپێی بەرنامەی تایبەتی و خشتەی ڕۆژانە و قنیاتکردن نان و خۆراکیان بەکاربهێنایە تاکو زووزوو نەکەونە تەنگانەوە، بۆیە زۆرجار پێشمەرگەکان لەڕ و لاواز و ڕووخسار زەرد دەردەکەوتن، چونکە سیستمی خۆراکییان زۆر خراپبوو بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە دەستیان نەدەگەیشتە رێکخراوی ناوشار یان دۆست و خزم..

ئەرکی پارتیزانی دژواربوو، سەرچاوەی بژێوی و ژیانی پێشمەرگە قورسبوو، سەرەڕای ئەو تەنیایی و دوورییە لە خەڵکیی لەڕووی دەروونییەوە کاریگەریی فرەی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ کەناڵەوە دەیانتوانیی هەواڵی کەسوکاریان بزانن یان لەڕێگەی رادیۆ و بێسیمەوە ئاگایان لە دەنگوباس و ڕووداوەکان بێت تەنانەت دەستەکان ڕۆژانە لەنێوان خۆیاندا پێوەندییان هەبوو.

کاری پارتیزانیی دوای ئەنفال لە هی سەرەتای شۆڕش جیاوازبوو، لە سەرەتای شۆڕش پارتیزان دەیتوانی زۆر بجوواڵێ، چالاکی و دەسوەشاندنی هەبێت، بەئاسانیی پێوەندییان بەخەڵکەوە دەکرد، بەاڵم لەدوای ئەنفال کەمتر جووڵە و بواری چالاکیی هەبوو، ئەگەر شتێکیش بکرایە بەزوویی لەبەرچاو ونبن و شوێنەوار بەجێنەهێڵن.

پارتیزانیی دوای ئەنفال شێوازێکی نوێی خەباتی پێشمەرگانە بوو کە پێشمەرگەکانی یەکێتیی لەگەرمیاندا دایانهێنا و لەگەڵیاندا پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیش تا ماوەی چەند مانگێک هەبوون، کە گوشارێکی

زۆریـان خسـتبووە سـەر دەوژمـن و هێزەکانـی ناچـار دەبـوون بـەردەوام خەریکـی کێومـاڵ و گەڕانبـن بـەدوای پێشـمەرگە و کڕهەڵکردنیـان، ئەمـەش بارقورسـیی و ماندووبـوون و خەرجیی زۆری دەویست و لەسـەر حکومـەت زۆر دەکـەوت.

ئـەوەی گرنگبـوو دوژمـن لـە مـاوەی ئـەو سـێ سـاڵەدا کـە پارتیزانـی هەبـوو زۆر بەدەگمـەن توانـی زیـان بـە پێشـمەرگەکان بگەیەنـێ، ئەوەشـی ڕوویـدەدا لەکەمتەرخەمییـەوە بـووە نـەک لـە توانایـی هێزەکانـی حکومەتـەوە.

پارتیزانـەکان داهێنانـی زۆریـان لـە جوولّـە و هەراسـانکردن و چالاکـی بچـووک بـۆ سـەلماندنی بوونـی خۆیـان و شـوێنی گونجـاو دۆزینـەوە و هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری ژیرانـە و پێوەندیکـردن بـە سـەرکردایەتی و ڕێکخـراوی ناوشـار و پەیداکردنـی خەڵکیـی دۆسـت و خۆگونجانـدن و خۆژیانـدن و نەکەوتنـە داوی دوژمنـەوە، کـرد.

دوای قۆناغـی دووەم هەندێ لـە دەسـتەکان بـۆ پشـوودان ئاڵوگۆڕکـران و پێشـمەرگەیتر چوونـە خـوارەوە و لـە قۆناغـی سـێیەمدا ڕەتڵەکانـی پارتیزانیـی دروسـتکران و ژمـارەی پارتیزانـەکان زۆرتربـوون و ناوچـەی کاری پارتیزانیـی زۆرتربوو.

لەکاتـی ئاڵوگۆڕیشـدا زۆر هیلاکدەبـوون بەهـۆی دووریـی ڕێـگا و مەترسـییەکانی ئاشـکرابوون و برسـێتی و تینوێتـی، بـەڵام هەرگیـز خاونەدەبوونـەوە و لـەو بارودۆخـە بێزارنەدەبـوون، هەرکـە دەگەڕانـەوە بـۆ جارێکیتریـش خۆیـان بـۆ چوونـەوە بـۆ گەرمیـان ئامادەدەکـرد.

ئەمەش ناوی دەستە پارتیزانەکانی گەرمیانە:

١. قۆناغی یەکەم:

* دەستەی شەهید مەلا ئەحمەد
* دەستەی شەهید حەمەڕەش
* دەستەی عوسمان حاجی مەحمود
* دەستەی شەهید سەیید محەممەد
* دەستەی عەدنان حەمەی مینا

* دەستەی شەهید حەمەئاخە
* دەستەی کەریم چاوڕەش
* دەستەی شەهید سەیید جەوهەر
* دەستەی حەمە پاریاوڵە
* دەستەی شەهید مەحمودی مامەعەزە
* دەستەی شەهید شاهۆ
* دەستەی رەئیس
* دەستەی پارتیزانەکانی حیزبی شیوعی
* دەستەی مامۆستا بەهادین نوری

٢. قۆناغی دووەم:
* دەستەی مەحمود سەنگاوی
* دەستەی کوردۆ قاسم
* دەستەی ئازادی سەگرمە

٣. قۆناغی رەتڵەکان:

– لەم قۆناغەدا هەر ئەو برادەرانە بۆ دابەزین دووبارەدەبوونەوە و پێشمەرگەی تازەیان تێدەکەوت.

– بەشێک لەو پارتیزانانە شەهیدبوون یان کۆچیدواییانکردووە.

شەڕی راگەیاندن

ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی شۆڕش بەردەوام لەپەرەسەندندا بوو، ناکۆکییەکانی لە شەڕە تفەنگی خوێناویی بەرەکانی شەڕ و سەنگەرەکانەوە گەیشتە شەڕی راگەیاندن لە رێگەی ئیزگەکانیانەوە یان لە رێگەی بڵاوکراوەکانیانەوە.

ئەو بابەتانەی بڵاودەکرانەوە قوڵایی بیر و فەلسەفەی تیانەبوو زۆرتر شەڕەجوێن و قسەی ناپەسەند و سووک ناڕەوا هەڵبەستن بۆ ریسواکردنی یەکتریی، کە کاریگەرێتیی نەرێنیی لەسەر دڵ و دەروونی

گۆڕگر دروستدەکەن لەبری ئەوەی باسی بابەتییانەی ناکۆکییەکان و ڕێگاچارەی چارەسەرکردن بکرایە بۆ گەیشتن بە پێکهاتن و ڕێککەوتن بە وتەی بازاڕییانە دەکەوتنە گیانی یەکتریی و هەرچی وشە و دەستەواژەی نابووت هەیە بە یەکترییان دەوت، ئەمە جگەلە کارێگەڕێتیی لەسەر خەڵکیی بە کامی دڵی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان بوو کە هەمیشە لە پشتی پەردەوە ڕەنگڕێژیی ئەوەیان دەکرد ئەو شەڕە نگریسەی ڕاگەیاندن بەردەوامبێ و لەوێشەوە بپەڕێتەوە بۆ شەڕی گەرم و تفەنگ تا نەپەرژێنەسەر ئاشتیی و پێکەوە کارکردن و هاوسەنگەریی.

شەڕی ڕاگەیاندن لاپەڕەیەکی شەرمەزاریە لە ژیانی شۆڕش و خەباتدا کە دڵی خەڵکی بەرانبەر بەو لایەنانە ساردەدەکردەوە و ئومێدی ڕزگاریی هەڵدەکڕووزاند و بڕوای بە پاشەڕۆژ لاوازتردەکرد.

ئەگەرچی هەوڵی کەم هەبوو ئاوبکرێ بەو ئاگردەدا، بەڵام نە سیاسییەکان پەرۆشی کوژانەوەی ئەو ئاگرە بوون نە ڕۆشنبیرانیش قەڵەمەکانیان دەشکاند تا گوشار بخەنەسەریان دەستبەرداری ئەو مالوێرانییەی ناکۆکییەکان بن!

گەر تەماشای بابەتەکانی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە بکرێ هەست بە هەژاریی بیر و تێگەیشتنی سیاسیی ئەو حیزب و لایەنانە دەکرێ کە ئەوان لەشۆڕشدان و ئەرکێکی نەتەوایەتییان لەسەرشانە نەک شەڕە گەڕەگ و ناوچەگەرێتیی.

ئەمەش لەخۆیدا نەخۆشییەکە سیاسییەکان نەیانتوانیوە دەرمانیبکەن و نەهێڵن ڕووبەری ململانێ و ناکۆکییە لابەلاکان فراوانتربێ و جێگەی ئەرکە سەرەکییەکان بگرێتەوە و بە قازانجی دوژمنان بشکێتەوە.

ململانێ و ناکۆکی لەنێوان لایەنەکان لەسەر مەبەستە سیاسییەکان و فەلسەفەی خەبات و چۆنیەتیی مامەڵەکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان کە هەر لایەنە بۆ خۆی تێڕوانینی تایبەتیان هەیە شتێکی نارەوا نییە، بەڵام بە لاڕێدابردنی کارەکانی شۆڕش بەوەی بکەوێتە خانەی خزمەتی دوژمنەوە تاوانە، ئەوەی ئاوی ئەو وشکەدارەی دەدا شەڕی ڕاگەیاندن

بـوو، کـه دەبـوا رێگەنـەدرێ بکـرێ، ئەگـەر وەڵام و وەڵامکارییـش هەبـێ ژیرانـه و بـه وتـەی نـەرم و بیـری هۆشـیارانه بوایـه نـەک دەسـتەواژەی زبـر و رووشـێنەر.

شـەڕی راگەیانـدن بـه زۆریـی لـه رێگـەی ئێزگـەی لایەنـه ناکۆکەکانـەوه بەڕێوەدەچـوو، هەروەهـا لەسـەر لاپـەڕەی بڵاوکراوەکانیـان دەنووسـرایەوه.. قۆناغێـک ئـەم شـەڕی راگەیاندنـه لەنێـوان راگەیاندنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و لایەنەکانیتـری شـۆڕش بەتایبەتـی لایەنەکانـی جـود بابەتـی گەرمبـوون، لایەنگرانـی هـەر لایـەک شاگەشـکەدەبوون کـه گوێیـان بـۆ قسـه و بەڵگەهێنانەوەکانـی حیزبەکەیـان دەگـرت، لەبەرانبـەردا لایەنگرانـی لایەنەکەیتـر تووڕەدەبـوون و جـۆرە رقێکیـان لـەلا دروسـتدەبوو هانیـدەدان بـۆ تۆڵەکردنـەوه.

ئەگـەر لایەنێـک نـۆزێ ددانـی بەخۆیـدا بگرتایـه لایەنەکەیتـر ناچاریدەکـرد بێتـه وەڵام و بێدەنگنەبـێ و ئـەوەی کەڵەکەبووه لـەلای بـه خراپیی هەڵیڕێژێ بەمـەش لاپەڕەیەکـی رەش لـه سـووکایەتیکردن و نابووتکـردن بەرانبـەر یەکتری بڵاودەکرایـەوه کـه رەنگدانـەوەی بـۆ سـەر دڵ و دەروونـی پێشمەرگه و لایەنگـران و تەنانـەت خەڵکیـش هەبـوو.

شـەڕی راگەیاندن هیـچ خزمەتـی بـه گەشـەکردنی بیری پێشکەوتووخوازیی و گەیشـتن بـه ئامانجـەکان نەکـردووه، ئەگـەر لـه هەنـدێ بـاردا نەبووبێتـه مایـەی رووخـان و وازهێنـان لـه خەبـات، کـه هەریەکـه لـه لایەنـه جیاجیـاکان ڕۆڵـی نەرێنییـان بینیـوه لـه گەرمکردنـی ئـەو هەڵلایـه.

ئەگـەر بـه لاپـەڕەی راگەیاندنەکانـی شـاخدا بگەڕێیـن دەتوانیـن فەرهەنگێـک لـەو وشـه و دەسـتەواژه ناشـیرینانه کۆبکەینـەوه کـه بەکارهێنـراون بـۆ تۆمەتبارکـردن و خەوشـدارکردنی یەکتریـی، کـه بـه زۆریـی هەڵبەسـتراون و لەوانەیـه زۆریـان بنەمایەکـی ڕاسـتینەیان نەبێـت تەنیـا کوشـتنی مەعنەویـی ئەویتـری مەبەسـتبووه.

شەڕی قڕناقا و پشتئاشان

وەکـو باسـدەکرێ حیزبـی شـیوعی عێـراق لەنـاو خۆیانـدا لەبـارەی دۆسـتایەتیی لەگـەڵ یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ناڕێکبـوون، هەندێـک سـەرکردە لایەنگـری دۆسـتایەتیی لەگـەڵ یەکێتیـی بـوون، هەندێکیش لەگـەڵ پارتـی، بازێکیشـیان دەیانویسـت حیزبـی شـیوعی بێلایـەن بێـت.. دیـارە ئـەو هێڵـەی دۆسـتایەتی پارتـی بەهێزتربـوو.

ناکۆکییـەکان بەهـۆی چوونـی حیزبـی شـیوعی بـۆ نـاو بـەرەی جـود و پشـتیوانیی لـە سیاسـەتەکانی پارتـی لـە دژایەتیکردنـی یەکێتییـەوە سـەریهەڵدا، هەروەکـو لـە سـنووری یەکێتیـی لەخـوارەوە وردەشەڕفرۆشـتن و ململانـێ هەبـوو، ئەمـەش هـەر پێوەندیـی بـەو بارودۆخـەی سـەرەوە بـوو.

هـەر شـەڕێک هۆکارێـک یـان چەند هۆکارێکی لەپشـتە، هـەر لایـەک قسـەی خـۆی دەکات و بۆچوونـی ئەویتر ڕەتدەکاتـەوە، کـە لـەم نێوانـەدا زۆر ڕاسـتیی ونـدەبێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا نابـێ ڕاسـتییەکان نادیـدە بکرێ:

- حیزبـی شـیوعی بەهـۆی هەڵوێسـتی هەندێـک لـە سـەرکردەکان و کادیرەکانـی کەوتنەنـاو ململانێـی نێـوان یەکێتیـی - پارتـی، کەچـی دەبوایـە حیزبـی شـیوعی لەیەکێتییـەوە نزیکتـر بوایـە، هـەر دوولا دوو لایەنـی چـەپ و هەڵگـری بیروبـاوەڕی مارکسـیی بـوون، ئەگەرچـی هەندێ پێیانوایـە بوونـی دوو ڕێکخـراوی مارکسـیی لەشـوێنێکدا یەکێکیـان لادەرە، ئەمەیـان بـۆ کـورد، بـەڵام لەعێراقـدا چەندیـن لایەنـی شـیوعی هەبـوون و کـەس باسـی لادان نـاکات!

- لەبنەڕەتـدا شـەڕەکە هـی یەکێتیـی - پارتـی بـوو، حیزبـی شـیوعی و سۆسیالیسـت و پاسـۆک خۆیـان خزانـدە نـاو ئـەو ئاگـرەوە، دیـارە لایەنێـک چـووە بەرەیەکـەوە ناتوانـێ تەماشـاکەربێ!

- لایەنەکانـی جـود تۆمەتـی ئەوەیـان دەدایەپـاڵ یەکێتیـی لەگـەڵ بەعسـدا بـۆ ئـەم شـەڕە ڕێککەوتـووە لـە جـود بـدرێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا گومانـی

ئەوەدەکرێ جودیش لەپشتەوە هاندرابێ بەهۆی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لە یەکێتیی بدەن.

بەپێی زانیارییەکانی یەکێتیی لایەنەکانی جود هێزەکانیان هێنابووە قەندیل کە بارەگاشیان لەوێ هەبوو بۆ پەلاماردانی بارەگاکانی یەکێتیی و دەرپەڕاندنی لە سنووری خڕی ناوزەنگ و شێخێ و تووژەڵە.. هتد، هەروەها گوشار بخەنەسەر هێزەکانی یەکێتیی و ئەو ڕێگایەی نێوان سەرکردایەتی و مەڵبەندی چوار و سنووری مەڵبەندەکەش بگرن.

سەرەتای بەرنامەی جود پەلاماردانی بالیسان و گرتنی مەڵبەندی چوار بوو، ئەمە ئاڵۆزیی دروستکرد و یەکێتیش بۆ بەرگرتن لەو بەرنامە و پلانەی جود بە سەرکردایەتیی نەوشیروان مستەفا هێزەکانی کە لەهەموو تیپەکانی مەڵبەندەکانەوە لە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە تووژەڵە، ناوزەنگ، شێخێ خڕکردبوو، دوای ئەوەی مام جەلال قسەی بۆ کردن کەوتنەڕێ.

هێزەکە پێنجسەد پێشمەرگە دەبوو بۆ نانی نیوەڕۆ لەسەر چەمی بەستێی نزیکی قەڵاتۆکان لایدا، لەو کاتەدا ڕژێم بۆردوومانێکی چڕی ئەو دۆڵەی کرد بووە هۆی شەهیدکردنی ٧ پێشمەرگە و بریندارکردنی ٢٢ پێشمەرگە.

هێزەکەی یەکێتیی گەیشتە دێهاتەکانی قڕناقە و پشتئاشان و ئەونـاوە، هەموو شوێنە گرنگ و بەرزاییەکانی کۆنترۆڵکرد تا هێزەکانی جود بە ئاسانیی نەتوانن جوولەبکەن.. ئینجا بە دروشمی: تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە، ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١ چوونەسەر بارەگاکانی بەرەی جود (پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی، پاسۆک)و دوای شەڕێکی خوێناویی لە ماوەی شانزدە کاتژمێردا هەموو هێزەکانی جود دوای شەڕێکی گەرم هەڵکەنران و بارەگاکانیان گیران، ئەویشی مابوونەوە ئاودیوی ئێران بوونەوە.

لەم شەڕەدا زۆرترین زیان بەر هێزەکەی حیزبی شیوعی کەوت، شەهید و بریندار و دیلیان هەبوو، چاپخانە و ئیزگە و نەخۆشخانە و کەلوپەلێکی

زۆریان گیرا، نووسراو و بەڵگەنامە و کەرەستە و کەلوپەلێکی زۆر و چەند هاوەنێکی ١٢٠ ملم، دۆشکا، سام، چەندین چەکی جۆراوجۆری ناو بارەگانی جود کەوتەدەست پێشمەرگەکانی یەکێتیی.. دوو کادیری پەکەکە کە بۆ ناوبژیوانیکردن هاتبوون لەو نێوانەدا شەهیدکران.

لەو شەڕەدا پێشمەرگە ژنەکانی حیزبی شیوعی شەڕیانکرد و شەهیدکران، ژنیتر و سەرکردەی پیاو دەستگیرکران و ئازادیشکران.. لەناو سەرچاوە شیوعییەکاندا لەبارەی ژمارەی شەهیدەکانیانەوە جیاوازیی هەیە کە بە ٧٠، ٧٥، ٩٠ شەهید باسدەکرێ، کەچی مامۆستا عەزیز محەممەد لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ ٧٢ شیوعی لەدەستچوون جگەلە بریندارکردنی چەندین پێشمەرگەیتر و بەدیلگرتنی ٤٢ پێشمەرگە و سەرکردەی وەکو کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و ئەبو شوان و هەموویشیان ئازادکران.

وەکو باسدەکرێ لەم شەڕەدا لایەنەکانی شەڕی قڕناقە و پشتئاشان ئەم ژمارەیە شەهیدیان داوە: پارتی ٨٨، سۆسیالیست ١٣، حیزبی شیوعی ٨١، یەکێتیی ٣٠، لەوانەیە هەندێ ژمارە بۆ وروژاندنی رایگشتیی زیادەڕەویی تیاکرابێ.

هەردوولا لە دوو بەرەی دژبە یەک راوەستابوون، هەردوولا ئەگەر خۆشیان نەیانویستبێ کەوتبوونەناو کوانووی ئاگری ململانێوە، هەردوولا هەوڵیانداوە شوێن کۆنترۆڵبکەن و ئەم ئەویتر راوبنێ، بۆیە شەڕیانکردووە، پەلاماریی یەکترییان داوە، کوشتار لە هەردوولا هەبووە، لایەک کەمتر و لایەک زۆرتر، لەشەڕیشدا ناڕەوایەتیی دەکرێ، دوور لە پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان رەفتاردەکرێ ئەمە سروشتی شەڕە، لەشەڕدا ئەملا فریشتە نییە و ئەولا ئەهریمەن.. هەر لایەک خۆی بەبێ تاوان بزانێ خۆی دەدزێتەوە، ڕاستییەکانیش ئەگەر بە لارێشدا ببرێن هەر دەردەکەون!

لەئەنجامی ئەم شەڕە لایەنەکانی جود بەجیا بەیانیان بڵاوکردەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، خۆیان وەکو قوربانی و بێتاوان نیشاندا، بەتایبەتیی حیزبی شیوعی بە تونديی هێرشیکردەسەر یەکێتیی و یەکێتیش

لەبەرانبەردا وەڵامی تونـدی دایـەوە، ئەمـەش کاریگەرێتیـی خـۆی هەبـوو لەسـەر حیزبـە کۆمۆنیسـتە هاوئاوازەکانـی حیزبـی شـیوعی.

لایەنەکانی جود لـە ئیزگـە و بڵاوکراوەکانیانـەوە دەیـان بابـەت و وتاریـان لەسـەر ئـەم شـەڕە نووسـی، زۆر شـتیان پەخشـدەکرد وەکـو تۆمـەت: بەکرێگیـراو، کوردکـوژ، پیـاوی بەعس.. ئەگـەر یەکێتیـی بەکرێگیـراو و پیـاوی بەعس بووبێ چۆن ئـەو هەمـوو سـاڵە شـەڕی لەگـەڵ بەعسـدا دەکرد، چۆن گفتوگـۆی لەگەڵدەکـرد، ئەگـەر یەکێتیـی ئـەوە بووبـێ ئـەی چـۆن هەمـوو جـارێ رێکدەکەوتـن و تێکدەچوونـەوە یـان لەدواجـاردا لایەنەکانـی جـود لەگـەڵ یەکێتیـی ئاشـتبوونەوە؟!

لـەدوای تـەواو کۆنترۆڵکردنـی قەندیـل، هێزەکانـی مەڵبەندەکانـی یـەک و دوو لەگـەڵ هێزەکانـی مەڵبەنـدی سـێی یەکێتیـی یەکیانگرتـەوە بـەرەو سنووری وەرتێ و باڵیسـان رۆیشـتن و ئـەو شـوێنانەشـیان خسـتەژێر رکێفی خۆیـان، جـود لـەو دەوروبـەرەش نەمـان و دووركەوتنـەوە.

بـەڵام لـە قۆڵـی شـارباژێڕ – قـەرەداغ هـەردوو لای یەکێتیـی و شـیوعی رێککەوتنێکیـان کردبـوو دژی شـەڕ وەسـتانەوە.. حیزبـی شـیوعی لەسـەر هەڵوێسـتی کەریـم ئەحمـەد و بەهادین نـوری رەخنـەی تونـدیان ئاراسـتەکردن، یەکەمیـان لەدیلیـدا داوای شـەڕوەسـتانی کردبـوو، دووەمیـان بێگەڕانـەوە بـۆ سـەرکردایەتی لەگـەڵ بەرپرسـانی مەڵبەنـدی یەکێتیـی رێککەوتبـوو، حیزبـی شـیوعی لەبـری ئـەوەی ستایشـیان بکـەن خوێنـی زۆرتـر نـەڕژێ و دڵـی خەڵکیـی نەڕەنجـێ دژیـان وەسـتانەوە.

لـەوڵاوە ئێـران کـە لەگـەڵ یەکێتیـدا ناکۆکبـوو، هێـزی ناردبـووە بەرانبـەر سـەرکردایەتی یەکێتیـی لـە ناوزەنـگ و تووژەڵـە و شـێنێ و تۆپبارانـی دەکـردن، ئەمـە لەلایەکـی بـۆ گوشـار خستنەسـەر یەکێتیـی بارەگاکانـی چـۆڵ بـکات و لەلایەکیـش وەکـو تۆڵـە لەبەرانبـەر شکسـتەکەی لایەنەکانـی جـود، ئەمـە سـەرکردایەتیی یەکێتیـی ناچـار کـرد بارەگاکانـی بـۆ سـنووری خۆشـناوەتی بگوازێتـەوە.

ئەگـەر لایەنەکانـی شـۆڕش هـەر لەسـەرەتاوە لەبـری بـەرەی جـود و

جەوقەد کە بۆ دژایەتیی یەکتریی دروستیانکرد بۆ یەکخستنی بەرنامەی خەبات و یەکگرتنی هێزەکانیان بەرەیەکی کوردستانی و نیشتمانییان پێکبهێنایە دوور لە دەستێوەردانی دەوروبەر کورد هەرگیز ناکۆکییەکانی بەردەوام نەدەبوو تووشی شەڕی خوێناوی ناوخۆ نەدەبوو.

شەڕی قەندیل و شەڕەکانی تری نێوان لایەنەکان لەکەیەکی ناشیرینە و لاپەڕەیەکی رەشە لە مێژووی شۆڕشدا و زۆر درەنگتر شوێنەواری دەسڕێتەوە، چونکە ئەو هێزانە تائێستاش لەسەر کۆنترۆڵکردنی شوێن و دەسەڵات بەردەوامن و رقە کۆنەکان نەسڕاونەتەوە.

شەڕی بەرەیی

کورد هەر شۆڕشێکی کردبێ سەرەتا بە شێوەی پارتیزانیی دەستپێکردووە، چونکە کورد لەڕووی هێزی شەڕکەر (پێشمەرگە)و چەک و کەرەستەی شەڕەوە بەرانبەر دوژمن یەکسان نەبووە، دوژمن خاوەنی دەوڵەت و توانای سەربازیی گەورەبووە، هێزی پێشمەرگە بە هێزی کەم و تەشکیلاتی بچووک و چەکی کۆنینە و سادەوە کەوتووەتە شەڕ و بەرەنگارییەوە، ئەو جۆرە شەڕەی کە بۆ پێشمەرگە گونجاوبووە شێوازیی شەڕی پارتیزانیی بووە و دواتر بۆ شەڕی بەرەیی گۆڕاوە.

بەگشتیی شەڕی بەرەیی زۆرتر لەلایەن دەوڵەتانەوە پێڕەو دەکرێ کە هەریەکەیان هەوڵی ئەوە دەدات ناوچەی ئەویتر داگیربکات و لەوێوە خۆی دابمەزرێنێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە کە ئەمە توانایەکی زۆری پێویستە لە سەنگەربەندیی و هێزیی مرۆیی و چەکوچۆڵەی جۆراوجۆر و تەقەمەنی.

هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی دەوڵەتدا بەراورد ناکرێ، کە تەشکیلاتیان سادەیە و ژمارەیان زۆرنییە و چەکیان سووک و تەقەمەنیی بەردەستیان کەمە، بۆیە باشترین جۆرێکی شەڕکردن لەگەڵ دوژمندا شێوازی پارتیزانییە کە پشت بە لێدانی کوتوپڕی و کشانەوەی خێرا و

دوورکەوتنەوە لە شۆڕشی دەستوەشاندنەکە دەبەستێ کە زیانی دوژمن زۆرتر و هی پێشمەرگەش کەمترە.

لە شۆڕشی ئەیلولدا لە قۆناغی دووەمدا کە شۆڕش گەشەیکرد و لەلایەن ئێرانیشەوە لەڕووی سەربازی و داراییەوە هاوکاری دەکرا شێوازی شەڕ بۆ شەڕی بەرەیی گۆڕا بەتایبەتی لە سنووری دەوروبەری سەرکردایەتی شۆڕش، کە دواییش ئێران دەستی لە پشتیوانیی شۆڕش کێشایەوە و لە رێککەوتنی جەزائیردا کۆتایی بە شۆڕش هێنرا.

لە شۆڕشی نوێشدا سەرەتا شێوازیی شەڕی پارتیزانی پێڕەو دەکرا، دەواتر لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕش و زۆربوونی هێزی پێشمەرگە و فراوانبوونی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا شێوازی شەڕی پێشمەرگانەش گۆڕانی بەسەرداهات بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران- عێراق و گواستنەوەی بەشێکی هێزەکانی سوپا لەکوردستانەوە بۆ بەرەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق زەمینە لەباربوو بۆ دانانی بنکە و بارەگای پێشمەرگە لەدێهاتەکاندا.

دوای ئەوەی یەکێتیی سالّی ١٩٨٥ بارەگاکانی بۆ سنووری دۆڵی جافەتی گواستەوە، ئەمەش پێویستیی بەوە دەکرد کە ئەو بنکە و بارەگایانە پارێزگاریی لێبکرێ بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانییەوە زۆر نزیکبوون، بۆیە بەردەوام هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەهەموو تیپەکانەوە بۆ ئەرکی پارێزگاریکردن بۆ سەرەوە سەردەکەوتن و لە شاخەکانی دەوروبەری بارەگاکانی سەرکردایەتی ئەرکیان دەبینی.

کە هێزێکی تایبەتیی بۆ ئەو ئەرکە تەرخانبکرایە کە بەردەوام ئەوان ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ بووایە نەک هێزی تیپەکانی بۆ ببرێ بەتایبەتی تیپە چالاکەکان.. ئەم شێوازیی شەڕکردنە ئەرکێکی قورسبوو بەسەر شانی هێزی پێشمەرگەوە، کە لە سنووەرکانی خۆیان دووردەکەوتنەوە و لەسەنگەردا دەمانەوە بێئەوەی هیچ بەرهەمێکی شەڕیان هەبێ، جگەلەوە دوژمن هەمیشە ئەو سنوورانەی تۆپباران دەکرد و پێشمەرگەی بێزار دەکرد و جارجارەش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شوێنەکانی بە هیزی

زەبەلاحەوە پەلاماریدەدا و زیانی لە هێزی پێشمەرگە و ئەو دێهاتانەش دەدا.

ئەم شەڕی بەرەییە تا دەستپێکردنی شەڕەکانی ئەنفال بەردەوامبوو، کە هێزی پێشمەرگە گەورەترین داستانی بەرەنگارییان تۆماردەکرد و زیانی زۆریان لە هێزەکانی سوپا و جاش و دامودەزگاکانیتری ڕژێم دەدا و بە خۆیّنی پێشمەرگە قارەمانەکان گۆڕەپانی بەرگریی ڕەنگیندەکرا.

شەڕی بەرەیی با بۆ ئەودەمە پێویستبووبێ خەوشی خۆیشی هەبووە، دەبوایە پەنای بۆ نەبرایە، چونکە هەرکە دوژمن شەڕی ئێرانی لەکۆڵ بووەوە بەهەموو توانایەکی سەربازییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بایدایەوە.. دیارە حکومەتیش نیازی گرتنی هەر شوێنێکی هەبێ بە هێز کۆنترۆڵی دەکاتەوە وەکو ئەوەی لە شەڕەکانی ئەنفالدا کردی لە قۆناغی یەکەمدا هەموو بەرەکانی دەوروبەری سەرکردایەتیی تەواوکرد و دواتریش لەقۆناغەکانیتردا کە پێشمەرگە لە ناوچەکانی خۆیاندا سەنگەریان گرتبوو بە هێرشی یەک لەدوای یەک توانی لەهەموو شوێنەکان پێشمەرگە هەڵبکەنێ، لەهەمان کاتدا خەڵکی دێهاتەکان بەدیل بگرێ و ئەنفالیان بکات و دێهاتەکانیش وێران بکات و هیچ نەمێنێ.

لەڕاستیدا شەڕی بەرەیی کاری دەوڵەتە نەک کاری پێشمەرگەی شۆڕش، بەهۆی ئەوجۆرە شەڕە تاقەتپڕووکێنەوە با دەستی باشیش لە دوژمن وەشێنرابێ، بەڵام پێشمەرگەیەکی زۆریشمان شەهیدبوون کە لە شەڕی پارتیزانیدا ئەوەندە زیانمان لێنەدەکەوت و باشتریش دوژمن کەپەزەدەکرا.

شەڕی ناودێ

کە شۆڕشی نوێ بەرپابوو شێوەی شەڕی پارتیزانی پێڕەو دەکرا، چونکە ڕژێمی میللیتاری بەعس دوای ئەوەی شۆڕش ئاشبەتاڵی کرد هێزێکی زۆر و چەکوچۆڵە و جبەخانەیەکی فرەی پێکەوەنا، هێزی پێشمەرگەش کە پەیدابوو جگە لە چەکی سەرەتایی و سووک و ژمارەی کەم نەیدەتوانیی ڕووبەڕووی ئەو هێزە زەبەلاحەی ڕژێم ببێتەوە، بۆیە دەبوا بە شێوەی پارتیزانی کاربکات بە ڕۆژ خۆی قایم بکات و بە شەو بەدێهاتەکاندا بگەڕێ بۆ خۆناساندن بە خەڵکیی کە هێزێکی شۆڕشگێڕ پەیدابووە و شۆڕش دەستپێکردووەتەوە، کە شۆڕش گەشەیکرد و پێشمەرگە لەهەموو شوێنەکان پەیدابوون ئیتر بە ڕۆژیش چالاکی دەکرا و دەست لە هێزەکانی دوژمن دەوەشێنرا و بە پەلە دەکشانەوە.

کە شەڕی ئێران- عێراق بەرپابوو هێزێکی زۆری سوپای عێراق لەکوردستانەوە بۆ بەرەکانی شەڕی ناوەڕاست و خواروویی عێراق برا و هەندێ شوێن بە جاش و جەیشەعبی پڕکرانەوە، ئەمە زەمینەی خۆشکرد جوواڵەی پێشمەرگە ئازادتر و دەستوەشاندن بەرفراوانتر بێت و لەبواری شەڕدا داهێنانێکی نوێ بکەن کە شەڕی ناودێیە.

جاران کە دوژمن پەلاماری پێشمەرگەی دەدا پێشمەرگە لە ناودێ دەردەچوون تا دێیەکە و خەڵکەکەی زیانیان پێنەگات، بەاڵم لە شەڕی ژاڵەی بەردەربەندی سەنگاو کە یەکەم شەڕی ناودێ بوو، هەندێکیش دەاڵێن شەڕی قاجر یەکەم شەڕی ناودێ بووە، هاوکێشەی شەڕ بە قازانجی هێزی پێشمەرگە بوو کە لەناو ماڵەکاندا سەنگەریان دەگرت و ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە، کە دوژمن بە تۆپی قورس و هەلیکۆپتەر ناودێیەکەیان دەکوتا و هێزی پیادەش پێشڕەوی دەکرد، کە نزیکدەبوونەوە پێشمەرگە لێیانڕادەپەڕین و گورزی باشیان لێدەدان و ناچاری شکست و پاشەکشەیان دەکردن، بەمەش پێشمەرگەش زیانی کەمتری لێدەکەوت.

ئەمجۆرە شەڕە سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ پێشمەرگە و دوژمن لەپەلامارەکانیدا هەمیشە بەترسولەرزەوە رووبەڕووی پێشمەرگە دەبووەوە، چونکە دەیزانی ناتوانێ پێشمەرگە لە سەنگەر هەڵبکەنێ و لەناودێ دەریبکات، ئەگەرچی دێیەکە و خەڵکەکەشی زیانیان لێدەکەوت، بەڵام دواتر بە هاوکاریی خەڵکی دێهاتەکانی تر هاوکاری دەکران.

ئێتر شەڕی ناودێ لەپاڵ جۆرەکانیتری شەڕدا بووە شێوەیەکی شەڕکردنی هێزی پێشمەرگە و لەهەموو شوێنێک پێڕەودەکرا هەر بۆ نموونە شەڕی حەمک و شەڕی عەلیان و هتد.. پێشمەرگە هەر لەناودێدا شەڕیان نەدەکرد، بەڵکو زۆرجاریش هێرشیان دەکردەسەر دوژمن و زیانی زۆری پێدەگەیشت و ناچاردەکرا گۆڕەپانی شەڕەکە بەجێبهێڵێ.

شەڕی ئێران – عێراق

دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران زەمینە خۆشبوو ڕژێمێکی تازە بەناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێتەکایەوە، دەسەڵاتی ڕەها کەوتەدەست شیعەکان بەمەش دەوڵەتێکی مەزهەبی لەناوچەدا دروستبوو.

عێراق ئەمەی بە مەترسیی بۆ سەر ئایینده‌ی خۆی دەزانی، کە بەشی زۆری دانیشتووانی عێراق شیعەن و کێشەی سنووریش لەنێوانیانا هەیە، ئەو دڕدۆنگییە وایکرد هەردوو لا مۆڕە لەیەکتری بکەن و بە چاوی گومانەوە بڕوانن ئایینده.

عێراق ئەوەی بە هەلزانی کە ئێران تازە ڕژێمی تازەی بنیاتناوە و هێشتا دەڵەمەیە، خۆی نەگرتووە و تەنیا سوپای پاسداران کە تازە دروستکرابوو پاڵپشتی دەسەڵاتە و ئەرتەش لەدوورەوە وەستابوو.. هەندێ ئالۆزیی لە سنووڕەکان و شەڕەتەقە و تۆپهاویشتن هەبوو، ئێتر عێراق ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ جەنگێکی کوتوپڕی ڕاگەیاند و بە ڕەسمیی یەکەم تەقە لە لوولەی تۆپەکانی سوپای عێراقەوە ئاراستەی ناو ئێران کرا و هەندێ شوێنی گیرا.. سەدام ئەم شەڕەی ناونا شەڕی قادسییە بەناوی شەڕی

قادسییەی یەکەم لە سەردەمی خەلیفە عومەر کوڕی خەتتاب بەرپابوو، ئێرانیش بەم شەڕەیان دەوت جەنگی تەحمیلی یان دیفاعی موقەدەس.

عێراق پێشتر خۆی بۆ ئەم شەڕ و پەلامارانە سازکردبوو هێرشی فراوانی لە زۆر قۆڵەوە بە پاڵپشتی هەموو جۆرە جیاوازەکانی چەکی زەمینیی، ئاسمانیی، دەریایی و مووشەکی جۆراوجۆر دەستپێکرد، شار و شارۆچکە و دێهاتێکی زۆری داگیرکرد.

لەبەرانبەردا ئێرانیش کەوتە شەڕەوە، وەڵامی هێزەکانی عێراقی دەدایەوە و گوڕیبەست و هێرشی پێچەوانەی دەستپێکرد، لە زۆر شوێن عێراقی تووشی شکستی گەورە کرد، ئەو شوێنانەی گیرابوون گەڕاندەوە ژێر رکێفی خۆی.

شەڕەکە ئاستێکی فراوانی وەرگرت، دنیای زلهێز و بەرژەوەندخواز سی دەوڵەت پاڵپشتی عێراق بوون یارمەتی و هاوکارییان دەدایە، دەوڵتە عەرەبییەکان بووبوونە سێ بەشەوە: بەشێکیان لەشەڕەکەدا بەشداربوون، بەشێکیان دژبوون، هەندێکیش بێدەنگبوون.. ئێرانیش لەڕووی چەکەوە پشتی بە هەردوو دەوڵەتی سوریا و لیبیا و هەندێ شوێنیتر دەبەست.

ئەم دوو دەوڵەتە هێزیی سەربازیی ئاساییان هەبوو، کە شەڕەکە بەرپابوو هەردوو لا خۆیان کۆکردەوە، بۆشایی و درزەکانی بەرەکانی شەڕیان بە هێزی تازە پڕکردەوە، ژمارەی هێزی هەردوو لا زۆر قەبەبوو.

هەردوو لا نەک هەر هێزی سوپایی خۆیان بەکارهێنا، بەڵکو عێراق هێزی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی دژی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران بەکارهێنا و ئێرانیش ئەو هێزانە لە حیزبە شیعە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی وەکو مەجلیسی ئەعلا و حیزبی دەعوەی بەکاردەهێنا.

ئاسەواری ئەم شەڕە گەیشتە کوردستانیش، کە سەرەتا لە ناوەڕاست و خوارووەوە بەرپابوو، حکومەتی عێراق بەشێکی زۆری هێزەکانی لە کوردستان بۆ بەرەکانی شەڕ برد و ناوچەیەکی فراوان بۆ جوواڵە و چالاکیی کەوتە دەستی پێشمەرگە، دواتر ئێران بەرەی شەڕەکەی فراوانترکرد و لە قۆڵی کوردستانیشەوە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی عێراق

دەکرد، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ناوچەیەکی زۆر کە بە زۆریی لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیدا بوو ببێتە ناوچەی شەڕی نێوان دوو دەوڵەت، هێزەکانی یەکێتیی سنووری شارباژێر و شارەزووریان دوای راگواستنی خەڵکەکەیان چۆڵکرد و بارەگاکانیان بۆ دۆڵی قەرەداغ گواستەوە، بەمەش گوزەرانی خەڵکیی و ئابووریییان تێکچوو، سنووری چالاکیی پێشمەرگە بەرتەسکبوویەوە.

شەڕەکە هەر بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی نەگرتەوە، بەڵکو تێپەڕی بۆ پەلاماری شارە گەورەکانی هەردوو لا چ بە فڕۆکە چ بە موشەکی دوورهاوێژ چ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی چ بە لێدانی کەشتییە گەورە بارهەڵگرە نەوتییەکان، بەمەش زیانێکی زۆر بەر دانیشتووان و ماڵەکان کەوت، جگەلە وێرانبوونی ئەو شارانەی کە لەسەرەتای شەڕەکەوە داگیرکران یان پەلامار دەدران.

لە ماوەی ئەو شەڕەدا هەوڵی زۆر بۆ وەستاندنی درا، تەنانەت ساڵی ١٩٨٢ سەدام داوای شەڕوەستاندنی کرد، بەڵام ئێران دژی ئەو داوایە وەستایەوە و شەڕەکە بەردەوامبوو، ئیتر عێراق دەستیکرایەوە بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراویش، تا دواجار ئێران ناچاربوون بە ناوبژیوانیی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێکبکەوێ و شەڕەکە بوەستێ.

ئەم ڕێککەوتن و شەڕوەستاندنە بە زیانی کورد کەوتەوە، کە شاڵاوەکانی ئەنفالی تیاکرا، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک لە کورد، کە دۆستایەتی لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەبنەوە کێشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت وەکو خۆیان هەر ماونەتەوە نە عێراق توانی خوزستان و ئاوی شەتولعەرەب ڕزگار بکات وەکو دەیویست نە ئێرانیش توانی بێتەناو خاکی عێراقەوە بەتایبەتی ناوچە شیعەنشینەکان بەندەری فاو نەبێت کە گرتی و عێراق بە کیمیاوی هێزەکەی تەفروتوونا‌کرد.

ئەم جەنگە ٧ ساڵ و ١٠ مانگ و ٢٨ ڕۆژی خایاند، بەپێی سەرچاوەکان زیانێکی زۆری گیانیی و مادیی لە هەردوو لا کەوت: یەک ملیۆن کوژراو،

نزیکەی دوو ملیۆن برینـدار، سـەد و پەنجـا هـەزار دیـل.. هتـد، تێچوویەکـی زۆری پـارە، کـە زیانـی زۆری لـە ئابووریـی هـەردوو لا داوە چ لەکاتـی شـەڕ یـان دوای شـەڕ بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و قەرەبووکردنـەوەی زیانلێکەوتـووان.

شەڕی کوێت

کوێت دەسـتنێژی ئینگلیـزە، عێـراق بـە هـی خـۆی دەزانـی، بووبـە دەولّەتێکی سـەربەخۆ و ئەندامـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، سـامانێکی زۆری نەوتیـی هەیـە، هەمیشـە فەرمانڕەوایانـی عێـراق وەکـو عەبدولکەریـم قاسـم خەونیـان بـەوەوە دەدی بیخەنەوەسـەر عێـراق، سـەدامیش هەمـان زڕە خەونـی دەدی!

عێـراق لـە شـەڕی هەشـت سـاڵەی لەگـەڵ ئێـران بـە باڕێکـی قورسـی قـەرز و زیانـی تڕۆیـی و مادیـی هاتـەدەرەوە، سـەدام بۆئـەوەی لـەو تەنگژانـەی رووبـەڕووی بووبـووەوە دەربچێـت، ئـەو هەمـوو قەرزوقۆڵەیـەی کەوتبووەسـەری لەکۆڵیبێتـەوە، کەڵکەڵـەی داگیرکردنـی وڵاتـی کوێتـی دراوسـێی کەوتەسـەر.

لەنێوان عێراق و کوێتدا کۆمەڵێک کێشـە هەبوو وەکو: ناکۆکیی سنووریی، کێشـەی نـەوت و بەرزبوونـەوەی نـرخ، مەسـەلەی قـەرزی تێچـووی شـەڕی ئێـران، ئینجـا بەپێـی زانیارییـەکان کوێـت ئـارەزووی بـەلای ئێرانـدا بـوو، ئەمانـە سـەدامی قەڵسـکردبوو، لـە کۆبوونـەوەی لەگـەڵ دەسـتەودایەرەکەیدا گەیشـتنە ئـەوەی پەلامـاری کوێـت بـدرێ، یەکێـک لەوانـەی ڕۆڵـی لـە هاندانـی سـەدامدا هەبـوو تەهـا یاسـین رەمـەزان جێگـری سـەرۆکوەزیران بـوو.

سـەدام دەیویسـت قەرزەکانـی کوێـت و سـعودییە و وڵاتانـی کەنـداو نەداتـەوە کـە بـۆ شـەڕی عێـراق - ئێـران وەریگرتبـوو، کویتیـش دەیویسـت قەرزەکانـی وەربگرێتـەوە لەدانوسـتانەکاندا لـە سـعودییە ناکۆکیـی کەوتـە نێوانیانـەوە، کوێـت جگەلـە قەرزەکانـی داوای دیاریکردنـی سنوورییشـی دەکـرد، جـاری دووەمیـش لـە سـعودییە نەگەیشـتنە ئەنجـام، ئەمـە وای لـە عێـراق کـرد هێزەکانـی بـەرەو سـنووری کوێـت بجوولێنـێ..

هـەم دەوڵەتـە زلهێزەکانـی ئەنجومەنـی ئاسـایش و هـەم نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئینجـا کۆمـکاری عەرەبـی و زۆر لایەنـی نێودەوڵەتیتر هاتنـە دەنـگ و نارەزاییـان دەربـڕی و نوێنـەری ئـەو لایەنانـە و سـەرۆکی هەنـدێ لـە دەوڵەتـە عەرەبییـەکان سـەردانی بەغدادیـان کـرد و لـە مەترسـیی ئـەو هەنـگاوە سـەدام و حکومەتـی عێراقیـان ئاگادارکـردەوە، سـەدام کۆڵینـەدا و لـە کـەری شـەیتان دانەبـەزی و سـووربوو لەسـەر بەرنامەکانـی خـۆی کـە پشـتی بـە دیفاکتـۆ بەسـتبوو.. هێزەکانـی جـوولان بـەرەو سـنووری کوێـت، بەپێـی سـەرچاوەکان حـەوت فیرقـەی سـەربازیی لـە چـوار قۆڵـەوە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢ پەلامـاری کوێتیـان دا، لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا هەمـوو شـوێنە سـەرەکییەکانیان کۆنترۆڵکـرد.. میـری کوێـت و خێزانەکـەی و بەشـێک لـە دارودەسـتەکەی پەنایـان بـۆ سـعودییە بـرد، سـوپاکەی هیچـی پێنەکـرا، کوێـت کرایـە پارێـزگای ژمـارە نـۆزدەی عێـراق و تاوانبارێکـی وەکـو عەلـی کیمیـاوی کرایـە پارێـزگاری کوێـت..

سـوپا دەسـتی لـە هیـچ نەدەپاراسـت، هەرچـی شـتی گرانبەهـای ئـەو وڵاتەیـە بـە تاڵانبـرا، زۆر کەسـیان کوشـت بەتایبەتـی دەسـتیان لـە ئۆپۆزیسـیۆن نەپاراسـت.. ئـەوەی سـەدام و هێزەکـەی کردیـان داگیرکـردن و دەسـتدرێژی و دزی و ڕاوڕووتـی وڵاتێـک بـوو.

میـری کوێـت لەسـعودییەوە سـکاڵایان لـەلای نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەسـەر عێـراق تۆمارکـرد، ئـەم کارەی سـەدام زلهێزەکانـی تووڕەکـرد و هەمـوو هەوڵەکانیانـی بـۆ دەرچـوون لـە کوێـت درایـەدواوە، هاوپەیمانییەکـی نێودەوڵەتـی لـە ٣٤ دەوڵـەت پێکهـات بـە سـەرپەرشـتیی ئەمەریـکا، ئەنجومەنـی ئاسـاییش و کۆمـکاری عەرەبـی کۆمەڵێـک بڕیاریـان دەکـرد و ڕۆژی ١٩٩١/١/١٧ بـۆ دەرچوونـی عێـراق لـە کوێـت دانـرا.

عێـراق هـەر لاملـی دەکـردە هـەوڵ و بڕیـارەکان، سـەدام وایزانـی ئـەو زلهێزانـەی لـە دژی ئێـران یارمەتییانـدا، چونکـە پلانـی ئەوانـی جێبەجێدەکـرد لـە داگیرکردنـی کوێتیشـدا چاوپۆشـی دەکـەن و کارە سـەربازییەکەی سـەردەگرێت، نەیدەزانـی تووشـی گـورزی تونـدی سـزای نێودەوڵەتیـی

دەبێ، کە لەوانەشە لەپشتەوەی نادیار بە بەرنامەیەکی نهێنیی فڕێدرابێتە جوغزی پیلانێکەوە دەسەڵاتەکەی لەدەستدەربچێ و لەدواییشدا سەری تیابچێ و نەخشەی عێراقیش بگۆڕێ.

بەڵای زلهێزەکانەوە داگیرکردنی کوێت وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامی کۆمکاری عەرەبیی کارێکی قورس و ناپەسەندبوو، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نەدەهاتەوە، بۆیە ڕۆژی ١٩٩١/١/١٨ هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی کە پێکهاتبوو لە ٧٥٠ هەزار سەرباز و ٢٦٠٠ تانک و ١٨٠٠ فڕۆکەی جەنگیی و ١٥٠ کەشتیی جەنگیی لەپەلامارێکدا بەهەموو جۆرە چەکێک قورس و فڕۆکە و تۆپ دایانەسەر هێزەکانی عێراقدا، نەک تەنیا هێزەکانی لەناو کوێت، بەڵکو هەموو دامودەزگا سەربازیی و ئەمنییەکانی لە بەغا و شوێنەکانیتریش بەجۆرێک دایانفەرەقاند هیچی بەسەرهیچەوە نەما بە سەروگوێلاک شکاویی دوای شکستێکی ئابڕووبەرانەی سەربازیی بە تڕۆیی و پرشوبڵاویی ڕۆژی ١٩٩١/٢/٢٧ هەموو هێزەکانی عێراق خۆیان دابەدەستەوە.

جگەلە کاردانەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمکاری عەرەبیی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و حیزبە کوردستانییەکانیش ئەم تاوانە هۆڤیەی سەدامیان پرۆتستۆکرد.

بەپێی سەرچاوەکان عێراق لەم لێدانەی زلهێزەکاندا زیانی زۆری پێگەیشت: کوژرانی (١٠٠) (٢٠٠) هەزار سەرباز، بەدیلگیرانی (٣٠) هەزار سەربازی ، باسی (٣٠٠) هەزار بریندار دەکرێ، سووتانی (٤٤٠٠) تانک، تێکشکانی (٣١٠٠) تۆپ، تێکشکانی (٢٤٠) فڕۆکە، خراپکردنی ٢ هەزار ئۆتۆمبیل، تێکوپێکدانی سەدان قوتابخانە و نەخۆشخانە و دامودەزگایتری حکومیی.. هتد، کە بە سەدان ملیار دۆلار زیانی مادیی دەخەملێنرێ..

کوێتیش بەهەمانشێوە زیانی زۆری مادیی و مرۆیی پێگەیشت بەتایبەتیی سووتانی (٧٢٧) بیری نەوت و تاڵانکردنی وڵاتەکە و دەربەدەربوونی بەشێکی خەڵکەکەی، هێزەکانی هاوپەیمانانیش زیانیان لە کوژراو و

بریندار بەرکەوت.

بەم کارە سەرەڕۆییە عێراق لەگەڵ ئەو هەموو تێکشکانە سەربازیی و سووکایەتییەی پێیکرا ئەوەی کە کورد دەڵێ: بۆ ریش چوو سمێڵی نایە سەری! کەوتەژێر باری قەرزێکی زۆرەوە سەرباری ئەو هەموو قەرزەی شەڕی کەنداوی یەکەم کەوتبووە سەری هەروەها رووبەڕووی ئابلۆقەی تونـد و دابڕانی نێودەوڵەتیی بووەوە.

لەڕاستیدا داگیرکردنی کوێت بووە خاڵی وەرچەرخان، کە عێراق لەڕووی سەربازییەوە بە تەواویی لاوازبوو، رێزی لە ئاستی نێودەوڵەتی لەدەستدا، لەناوخۆشیدا زەمینە سازبوو راپەڕین بکرێ، لە خواروو شیعە بە دەستوەردانی ئێران هەڵسان، بۆیە گلۆپی سەوزی بۆ ڕژێمی سەدام هەڵکرا لێیانبدەن.

هێزە کوردییەکان لەدوای ئەنفالەوە چووبوونە ئێرانەوە، کە ئەم هەلە رەخسا یەکەم هێزێک خۆی بۆ راپەڕین سازدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، هەم هێزەکانی ئامادەکرد، هەم راگەیاندنی خستەکار بەتایبەتی ئیزگەی گەلی کوردستان، هەم رێکخستەنکانی ناو شارەکان ئامادەباشبوون، هەم لەگەڵ لایەنەکانیتری بەرەی کوردستانیی راوێژیکرد کە هەندێکیان متمانەیان نەبوو.

لە کاتوساتی پێویستدا هێزەکانی بەرەو ناوەوە جوولاند و ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لەگەڵ خەڵکیدا بە یەکدەنگ و هاوار راپەڕین کرا و بەڕووی بەعسدا تەقینەوە، بەعس دەرکرا، ئەگەرچی کۆڕەوی بەدواهات، خەڵک ئاوارەبوون، بەڵام هاوپەیمانان هاتنە هاناوە و دواتر ڕژێم لە کوردستان کشایەوە و هەرێمی کوردستان دروستبوو.

شەڕی هەکاری!

بەپێی سەرچاوەکان یەکێتیی لە کۆبوونەوەی مانگی ١٩٧٧/٤ بڕیاریدا بارەگای سەرکردایەتی بباتە ناوچەی سێکوچکەی سنوور، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاردرا هێزێک ئامادەبکرێ، بەشێکی چەکدار و بەشێکی بێچەک.. بڕیاری ناردنی ئەم هێزە بۆ چەند مەبەستێک بوو:

- نزیکبوونەوە لە سنووری سوریا.
- ئاسانکاریی هاتوچۆی دەرەوە.
- بەهێزکردنی هەرێمی بادینان.
- وەرگرتنی ئەو چەکانەی لەقامیشلووەوە بۆ ناو تورکیا نێردرابوو تا بگاتە ناوچەی برادۆست.
- رێگریکردن لە گواستنەوەی دێهاتەکانی سەر سنوورەکان.

بڕیاردرا هێزەکە بە سێ بەش بڕۆن، تەنیا بەشی یەکەمی هێزەکە بەبێ شەڕ گەیشتە شوێنی خۆی و جێگیربوو، بەشی دووەم و سێیەم تووشی شەڕی دەستەویەخەی هێزەکانی هەر سێ دەوڵەتی ئێران – عێراق – تورکیا و هێزەکانی قیادە مووەقەتە و خێڵە کوردەکانی باکوور بوونەوە کە هاوپەیمانی قیادە مووەقەتە بوون، ئیتر بەرنامەکەی یەکێتیی سەرینەگرت و تووشی زیانێکی فرە و شکستێکی گەورەی سەربازیی هات.

ئەوانەی لەو هێزەی هەکاریدا بەشداریانکردووە و دەربازبوون دەڵێن یەکێتیی بەرنامەی شەڕی لەگەڵ قیادە مووەقەتدا نەبووە تا رووبەڕووی تەقە و شەڕ بوونەتەوە تەنانەت ئەوان هێزی خێڵە کوردەکانی باکووریشیان تەییارکردبوو.

هەرچی و هەرچۆنبێ شەڕی هەکاریی سەرەتایەکی تاریکی ناکۆکییە خوێناوییەکان بوو، کە دواتریش بەردەوامیی هەبوو، خوێنێکی زۆر رژا، پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردەی باش بوونە قوربانیی بەرژەوەندیی

دەسەڵاتپارێزیی، بەڵام پەرتبوونی کوردایەتی بەدوای خۆیدا هێنا تا سەردەمانێکی دوورتر ژان و پێچی ئەو دەردە دەچێژین.

هەندێ کەموکوڕی لەبەرنامەکەدا هەبوو:

– یەکێتیی لە بادینان هێزی نەبوو، مەفرەزەکانی لەناوچووبوون، قیادە موومقەتە لەوێبوو، کۆنترۆڵی دەقەرەکەی کردبوو.

– کاتی رۆیشتنی هێزەکان لەبارنەبوو، وەرزەکەی سارد و بەفراویی بوو.

– هێزەکە زۆربوو، بەشێکیشی بێچەک بوو، بە قۆناغ بڕۆیشتنایە و لە هەر شوێنێک بنکەیان دابنایە بۆ خۆپاراستن لە هەر ئەگەرێک رووبەڕوویاندەبێتەوە.

– بە باشیی شارەزاییان لە جوگرافیای ناوچەکە پەیدابکردایە، ئاگایان لە هەڵوێست و ڕۆڵی خێڵەکان بوایە و دۆستیان پەیدابکردایە وەکو چۆن قیادە موومقەتە کردبووی.

– بە باشیی پێداویستیی لۆجستیی تەواو بۆ هیزەکە دابینبکرایە، چەند سەرچاوەیەک هەبوایە نەک یەک سەرچاوە تا هێزەکە بەهیلاکدا نەچێ وەکو چوو.

– پەیوەستنەبوون بە ناوەڕۆکی پلانەکەوە بووە مایەی شڵەژان و سەرلێشێوان لەکاتی شەڕدا.

– پشتبەستن بە لایەن و خەڵکی نادڵسۆز، کە لەوەدەچێ بەشێکبووبن لە پیلانێکی ژێر بەژێر.

– گوێنەدان بە هەڵویست و دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی.

– گوێنەدان بە قیادە موومقەتە و دڵنیابوون لە هەڵوێستی، کە دڵنیاییشیان دابوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر کە باسی هەکاری دەکرێ یەکسەر وشەی کارەساتی لەپێشەوە دادەنرێ، لەڕاستیدا ئەمە ستەمێکی گەورەیە لە مێژووی شەڕێکی گەورە لە ناوچەی هەکاریی باکووری کوردستان رووبەڕووی هێزەکانی (ی. ن. ک) بووبووەوە، ئەمە تاوانی شەڕە نەک

کارەسات.

لە هەکاری شەڕی گەورە کراوە، شەڕێکی بە بەرنامە بووە، کە سێ دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکە و قیادە موورەقەتە و خێڵە هاوپەیمانەکانی بەشداربیان تێداکردووە و سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی زۆری یەکێتیی شەهیدکراون، کارەساتی سروشتیی ڕوویناداوە.. وشەی کارەسات بەپێی واتای فەرهەنگیی: ئەو ڕووداوە بەکۆمەڵەیە تووشی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دێت وەکو کارەساتی سروشتیی لە بابەتی: لافاو، ئاگرکەوتنەوە، بوومەلەرزە، هەورەتریشقە، نەخۆشیی، برسێتیی.. هتد.

لەوەدەچێ زۆربەی ئەوانەی باسی هەکاری دەکەن لەو کتێبەی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بەناوی «کارەساتی هەکاری» سەرچاوەبگرێ، بۆیە ئەوانەی لەوبارەیەوە دەنووسن دەبێ لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و زاراوەدا وردبینبن نەک لەخۆوە بنووسن.

لەم شەڕەدا بەشێکی هێزەکەی یەکێتیی بە سەرکردە و فەرماندەوە بەدیلگیران، دواتر هەندێکیان ئازادکران، بەشێکیان لە شەڕ و ئابلۆقەداندا شەهیدکران، بەشێکیشیان بەناچاریی لەبەر برسێتیی و سەرماوسۆڵە خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کردەوە، دواتر زۆریان جارێکیتر بۆ ریزەکانی پێشمەرگایەتی گەڕانەوە، چەند کەسێکی کەمیشان توانییان خۆیان بگەیەننەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی.

شەڕی بێتواتە

شەڕی عێراق – ئێران گەرمبوو کاریگەرێتیی لەسەر شوێن و بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی هەبوو، دواجار بەرەو تخوبی خۆشناوەتی بۆ دێهاتەکانی بالیسان و خەتێ و ئەو دێهاتانە گواستیانەوە، لەوێش دوژمن نزیکبوو، شاخەکانی دەڤەرەکە بە ڕەبایە سەربازییەکان تەنرابوو، شارۆچکەی بێتواتەش کە مۆڵگەی جاشە چەکدارەکانی ئەنوەر

بەگـی بێتواتـەی تیابـوو، پێویسـتیدەکرد بـۆ پارێزگاریـی لـەو نـاوە دەسـتێک بـەو چەکدارانـەدا بهێنـرێ و رەبایـەکان هەڵبکەنرێـن.

لەهەمـوو مەڵبەندەکانـی یەکێتییـەوە هێـز کۆکرایـەوە، ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٠ بەپێـی نەخشـەیەکی تۆکمـە و لـە کاتژمێـری سـفردا بـە سـەرپەرشـتیی ڕەوانشـاد مـام جـەلال هێرشکرایەسـەر شـارۆچکەی بێتواتـە و دێهاتەکانـی دەوروبـەری، زرمـە لـە هێزەکانـی دوژمـن هەڵسـێنرا و هەمـوو شـوێنەکان گیـران.

پێشـمەرگە و فەرمانـدە پاکـەکان بـە دڵێریـی دەچوونەسـەر دوژمـن و بـە خوێنـی کۆمەڵێـک پێشـمەرگە شـارۆچەکەکە و دێهاتـەکان و ڕەبایـەی شـاخە بەرزەکانـی وەکـو ماکـۆک کـە دەمێکـی زۆربـوو بووبوونـە مەکـۆی مانـەوەی دوژمـن ئازادکـران.

یەکەمجـار بـوو یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە شـەڕێکی گـەورەدا شـارۆچکەیەک بگـرێ و ناوچەیەکـی سـەختی بـە دوژمـن تەنـراو بـە خوێنـی شـەهید لـە هێزەکانـی دوژمـن ڕزگاربکـرێ و ڕووبـەری ڕزگارکـراو بەرینتربکـرێ.

لـەم شـەڕەدا دەسـتکەوتێکی زۆر لـە چـەک و تەقەمەنـی و کەلوپەلـی سـەربازیی هەبـوو، سـەرکەوتنێکی گـەورەی هێـزی پێشـمەرگە بـوو، یەکێتیـی شـوێنێکی سـتراتیژیی لـەڕووی سـەربازییەوە خسـتەژێر چنگـی خۆیـەوە، ئـەوەش بـە دوژمـن وتـرا هێـزی پێشـمەرگە دەتوانـێ ئـەوەی بیـەوێ دەیـکا.

لـەم شـەڕەدا دوو شـت دەرکـەوت: یەکـەم سـەرکەتنی مسـۆگەر، دووەم ڕاوڕووتـی قێـزەوەن، سـەرکەوتنەکە چاوەڕوانکراوبـوو، ئـەوەی ئـەو سـەرکەوتنەی نابووتکـرد ئـەو ڕاوڕووتـەی لەنـاو بێتوانـە و دێهاتەکانـی دەوروبەریـدا بـوو، هەرگیـز هێـزی پێشـمەرگە ڕەفتـارەی لـەو جـۆرەی لێنەوەشـابووەوە، ئـەو کارە ناشۆڕشـگێڕییەی هەندێ بەرپرس و پێشـمەرگە هـەم سـەرکەوتنەکەی لەکـەدار کـرد هـەم ناوبانگـی پێشـمەرگەی خسـتەژێر پرسـیارەوە، ئـەو ڕەفتـارە ناپەسـەندە کاریگەرێتیـی زۆری لـە ناخـی مـام جەلال کردبـوو، لەوانەشـە کەسـانێک بـۆ ناشـیرینکردنی یەکێتیـی و پێشـمەرگە و

فەرمانده پاکەکان ئەمەیانکردبێ، کە دەبوا لیژنەیەکی بەهێز بۆ سزادانیان دابنرێ، تەنیا چەند کەسێک بانگکران و هیچنەکرا، نەویستڕا دڵی کەس زوێربکرێ.

ڕاستە بەشێکی خەڵکی شارۆچکەی بێتواتە بووبوونە جاش لەوانەشە بەشێکیان لە ترسی ئەنوەر بەگی بێتواتەدا چەکیان هەڵگرتبێ، ئەنوەر بەگ زۆری لە دانیشتووانی دێهاتەکانیتری ناوچەکەش کردبوو بە خواست و بێخواستی خۆیان ناچارکرابوون ببنە چەکدار، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کادیرەکانی ئەو سنووڕە باسیدەکەن ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بێتواتە و دێهاتەکانیدا چالاکبوون و خەڵکی دێهاتەکان زۆر دۆست و خزمەتگوزاری شۆڕش و پێشمەرگە بوون، لە ڕزگارکردنی بێتواتەدا ماڵ و ماڵاتی ئەو خەڵکە پارێزراو بوایە، دەست بۆ هیچ نەبرایە، بەتایبەتی بەشێکی ئەو خەڵکە چەکەکانیان رادەستی پێشمەرگە کرد و هەندێکیش لەحەیبەتا رایانکردبوو، نموونەیەکی جوانیان نیشابدایە، هەر هیچنەبوایە وەکو ڕێزێک بۆ مام جەلال و ڕێکخستنەکانی ناوچەکە.

تاڵانی و ڕاوڕووت هەر لەکۆنەوە لەناو هەموو میللەتاندا هەبووە، بەتایبەتی کە قۆشەنی داگیرکەر پەلاماری دێهاتی کوردی داوە دەستی بەهەرچیدا گەیشتبێ رایماڵیوە و بردوویانە، حەرەس قەومییەکان وەکو هێزی شەرەخۆر کەلوپەلی خەڵکی دێهاتەکانیان دەماشییەوە و ماڵەکانیشیان دەسووتان، لە شەڕە خێڵەکییەکانیشدا ئەو دیاردەی تاڵان و ڕاوڕووتە وەکو تۆڵە و ئەتکردن کراوە، هەرگیز نەدەبوو پێشمەرگە ئەوە ڕەفتارە شەرمئاوەرە بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕزگارکردنی بێتواتە کارێکی گەورەبوو، گرنگیی پلانی پێشمەرگانەی دەرخست، کە دواتر بووە بەرنامە بۆ ڕزگارکردنی شارۆچکەکانیتریش، لەهەمانکاتدا زەنگێکی مەترسیبوو بۆ ڕژێم کە ناوچەی زۆرتر لەدەستدەدا، ئیتر کەوتە خۆی و بۆ گفتوگۆ پێوەندیی بەیەکێتییەوە کرد و داوای نوێنەری یەکێتیی کرا بچێتە بەغداد، ئەو چوونە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆی یەکێتیی و ڕژێم بوو، کە ماوەی

سالێکی خایاند و ئەنجامەکەی هیچ، دەستکەوتێکی سیاسیی بۆ کورد نەبوو.

شۆڤێنیزم

شۆڤێنی وشەیەکی فەرەنسییە، لە ناوی نیکۆلا شۆڤێنی سەربازی ناپلیۆنەوە هاتووە، چووەتە هەموو زمانەکانیترەوە.. بەو کەسانە دەوترێ خۆشەویستی و شانازیی بێپایانیان بۆ نەتەوەکەیان هەیە، لەهەمانکاتدا بە کەمتر تەماشاکردنی نەتەوە و خەڵکانیتر.

شۆڤێنیی هاوتای کۆمەڵێک زاراوەیتری وەکو: نەژادپەرستی، رەگەزپەرستی، ئەپارتاید.. هتد! کە بۆ هەمان ئەو بارە رەگەزپەرستییەی ئەو حیزب و رێکخراوە نەتەوەپەرستییانە بەکاردەهێنرێ کە دژی نەتەوە یان پێکهاتەکانیترن و ئامادەنین دان بە مافە نەتەوەیی یان کلتوورییەکانیان بن!

کە دەسەڵاتی باڵادەستی وڵاتێک یان حیزبێک هەوڵی سڕینەوەی نەتەویتر دەدات یان نکۆڵیی لە بوونی خەڵکیتر دەکات و مافەکانیان زەوتدەکات، ئەمە دەچێتەوەسەر رەگوڕیشەی رەگەزپەرستیی کە نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکیتر لەڕووی رەسەن و نەژادەوە پاکتر و باشترە.

کورد وەکو نەتەوەیەک داگیر و دابەشکراوە لەلایەن چوار دەوڵەت و سێ نەتەوەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو نەتەوانە زۆر رقیان لە کوردە، رێگرن لەبەردەم گەیشتن بە چارەنووس و مافەکانیان، ئەو رقەی دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی کوێرانە و لەئەنجامی بیرکردنەوەی هەڵەی سیاسەتمەداران و کاربەدەستان بۆ بەشێکی خەڵکی ئەو وڵاتانەش گواستراوەتەوە، کە بە رەوای نابینن کوردیش هەبێ، قەوارەی سیاسیی خۆی هەبێ!

حیزبی بەعس لە دوو وڵاتی عێراق و سوریا لەدەسەڵاتدا بوون، بە رەوایان دەزانی عەرەب کوردستان داگیربکات و هەوڵی تواندنەوەی بدات، بەڵام بە رەوایان نەدەزانی کوردیش وەکو گەلێک، وەکو مرۆڤ لەسەر

خاکی خۆی بژی.

بەعس وەکو حیزبێکی شۆڤێنیی تەنیا عەرەبی قەبوڵبوو لەو دروشمەی کە دەڵێ: یەک میللەتی عەرەبی یەککرتوو، خاوەن پەیامێکی نەمر، کەواتە جگەلە عەرەب دژی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانیتر بوو، ئەگەر بەجۆرێک باسی مافی کورد یان هەر لایەنێکی کردبێ ئەوا بەو واتایە کە دەبێ لەژێر دەسەلاتی بەعس و عەرەبدا بێ!

لەهەموویشی نابووتتر بەشێک لە سەرکردە و چەقۆکێشەکانی بەعس بە رەگەز کوردبوون و لە میللەتەکەی خۆیان هەڵگەڕابوونەوە و بووبوونە هەڵگری بیری شۆڤێنیی عەرەبی و لەوێشەوە دژایەتیی کوردیان دەکرد و خوێنیان تێکەڵی شۆڤێنییەتی عوروبەوی بوو!

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەمیشە لە ئەدەبییاتی سیاسیی خۆیدا ئاماژەی بەو هەڵوێستە شۆڤێنییانەی بەعس دابوو بە تووندیی دژی وەستابوویەوە، خەڵکیی لە مەترسییەکانی بیری بەعسیزم ئاگاداردەکردەوە.. بەعس ئەگەر گفتوگۆشی لەگەڵ کورددا کردبێ تەنیا وەکو وێستگەیەکی تاکتیکیی بۆ پشوودانی خۆی و هێزە ماندووەکانی بووە نەک بۆ چارەسەر مەسەلەی رەوای کورد!

بەعس وەکو حیزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بیریدەکردەوە و هەر حیزبێکی کوردیشی لەگەڵدابووبێ وەکو جاش تەماشایکردوون و کاری ئەوان وەکو حیزبی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی نەدیتراون، بەڵکو بە دەزگا ئەمنی و سیخوڕییەکانەوە بەسترابوونەوە و هیچ جۆرە ئازادییەکان نەبووە، هیچ دەستکەوتێکان بۆ کورد دەستەبەرنەکردووە، ئەمەش بەڵگەی رەفتاری شۆڤێنیانەی بەعس بووە لەگەڵ دۆستەکانیدا هەر وابووە.

وەنەبێ کوردیش شۆڤێنییەتی تێدانەبێ، ئەمەش کاردانەوەی هەڵوێستی ناشیرینی دوژمنەکانی بووە تاکی مرۆڤی کورد هەندێجار وەها بیربکاتەوە یان هەڵوێست وەربگرێ، کورد هیچ ناحەزییەکی لەگەڵ هیچ نەتەوەکانیتری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا نەبووە، ئەوە

ڕژێمەکانـن ئـەو جـۆرە تـۆوی رق و خۆبەزلزانییـە دەچێنـن و هەنـدێ لـە خەڵکـە سـاوێلکە بەرژەوەندخوازەکانـی ژێردەسـتەی ڕژێمـەکان نەتەوەکـەی خۆیـان بـە سەردەسـتە و سـالار و گەورەتـر دەزانـن و خەڵکیش لەخـوارەوە هیـچ مافێکـی ژیـان و بوونیـان نەبـێ!

شـۆڤێنییەت بەرنامەیەکـی کۆنەپەرسـتانەی دژی مرۆڤایەتییـە تەنیـا لای دەسـەڵاتی داگیرکـەران و ڕژێمـە کۆنەپەرسـتەکان و خەڵکـە ناهۆشـیارەکان جێگای دەبێتـەوە، کـە تائێسـتاش عـەرەب و فـارس و تـورک شـۆڤێنیانە لەگـەڵ کـورد و دۆزە راسـتەقینەکەی مامەڵەدەکـەن!

ئەرکـی مرۆڤـی کـوردە ژیرانـە بیربکاتـەوە و بـە کاردانـەوە کارنـەکات و هەمـوو خەڵکـی تـورک و عـەرەب و فـارس نەخاتـە تـای تـەرازووی دەسـەڵاتەکانیان و خەڵکـە دەسـتەمۆکانیان.

عەلی کیمیاوی

عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد، خەڵکـی عۆجـەی تکریتـە، ئامـۆزای سـەدام حسـێنە، جێمتمانـەی بـووە، عۆجـە هەمیشـە کەسـانی پیاوکوژی بەرهەمهێناوە، ئەمانـە خەڵکانـی خێڵەکـی و بکـوژ بـوون.

سـەرەتا ئەفسـەری پلـە یـەک بـووە، دوایـی پلـە سـەربازییەکانی بـڕی تـا گەیشـتە پلـەی فەریقـی یەکەمـی ڕوکـن، هەروەهـا چەندیـن پلـە و پۆسـتیتری لـە حیزب و دەزگا ئەمنـی و حکومییـەکان وەرگرت وەکـو: ئەندامی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی بەعـس، ئەمینـداری نووسـینگەی باکـووری حیزبـی بەعـس، وەزیـری ناوخـۆ، وەزیـری بەرگـری، پارێزگـاری کوێـت.. هتد.

وەکـو هەمـوو بەعسـییەکیتر لـە قوتابخانـەی خوێنڕێژیـی و کوشـتن و ئـازاردان وەکـو بەرپرسـێکی دڵـڕەق و تونـدوتیـژ پەروەردەبـووە تـا وەکـو دڕندەیـەک بەربێتـە وێـزەی نەیارەکانـی حیزبـی بەعـس و سـەدام چ لـە ناوخـۆی حیـزب و چ لـە دەرەوەی حیـزب، پێدەچـێ وێسـتبێتی بـەو کارانـەی خـۆی لای سـەدام خۆشـەویستبکات تـا لەدواییدا سـەدام گومـان نەخاتەسـەری

و سەرنگومی نەکات وەکو دەیان سەرکردەی دیاری بەعسی خستە پێچی کەنووی نەمان و لەناوبردن.

کە لاپەڕەکانی ژیانی هەڵدەدرێتەوە هەموو کون و کەلەبەرێکی پڕە لە خوێن و قیژە و هاواری خەڵکی بێتاوان چ پیاو یان ژن یان منداڵ، کەسێکی تووڕە، درژودۆڵ، فشەکەر.. ئەوانەی بینیویانە جۆرە خۆبەزلزانییەکی تۆقێنەری نیشانداوە کەمکەس وێراویەتی بەرانبەری زمان هەڵبێنێتەوە، لەوەدەچێ دوای ماندووبوون لە کوشتن و بڕین بۆ دەرچوونی هیلاکی لەشی کۆڕی کاولییەکانی بە گۆرانی و سەماکردن و چەپڵەڕێزان گەرمدەکرد و کاتەکانی رادەبوارد.

عەلی هەر بەوەوە نەوەستا بە ئامرازە ئاساییەکانی ئەشکەنجەدان خەڵک سزابدات، وەکو کەسێکی بێبەزەیی بۆ پاکتاوکردنی خەڵکی کورد و ئەنفالکردنیان و وێرانکردنی دێهاتەکان پەنای بۆ چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویی برد، هەربۆیەش خەڵکیی نازناوی عەلی کیمیاوییان بەسەردا بڕی.

کاتێ بووە ئەمینداری گشتیی نووسینگەی باکووری حیزبی بەعس لەلایەن سەدامەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی درایە، هەموو هێز و دامودەزگا حیزبی و ئەمنیی و سەربازییەکان و جاشە سووکەکانی پێوە پەیوەستکرا و کۆمەڵێک ڕێکاری گرتەبەر وەکو: ئابڵۆقەخستنەسەر دێهاتەکان، قەدەغەکردنی هاتوچۆ، بڕیاردان لەسەر ناوچەی قەدەغەکراو، دروستکردنی جاشی سووک، سەرپەرشتیی کردەڕەهاتی ئەنفال، بەکارهێنانی کیمیاویی لە دێهاتەکان و دواییش لە هەڵەبجە.. هتد.

عەلی کیمیاوی هەر بەتەنیا دژی کورد نەبوو، دژی خەڵکی مەسیحی و دێهاتەکانیشیان بوو، هەروەها دژی شیعەش یوو، لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ی خواروی عێراق شیعەکانی بە تووندیی بە چەکی قورس و قەدەغەکراو سەرکوتکرد و بە هەزارانی کوشت و بریندارکرد.

هەرەوەها بەرانبەر کەسەکانی خۆیشی تووندوتیژبوو، دەستیچووە کوشتنی برازاکانی کە زاوای سەدامیش بوون.. پێدەچێ ئەمە لە ترسی

تووڕەیی سەدام بووبێ نەکا گومان لە خۆیشی بکرێ و پاکسازییبکرێ.

پیشەی دیکتاتۆر و پیاوکوژەکان وایە با مێژووش بخوێننەوە و ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەریش بن هەست بەوەناکەن ڕۆژێک لەسەر کورس دەسەڵات بەردەبنەوە و هەموو شتێکیان لەدەستدەردەچێ، ئەوان شانازییان بە هێزەوە دەکرد نەیانزانی تەڵە دەیانگرێ نەک خۆیان بەڵکو حیزبەکەشیان قەدەغەدەکرێ، وەکو حێزبێکی قێزەوەن لە مێژووی سیاسەت و حوکمڕانیدا تەماشادەکرێ.

بۆیە هەرگیز بەعس حیزبێکی نیشتمانیی نەبووە ئەوەندەی حیزبی پیلانگێڕیی و پاکسازیی تێکۆشەران دەرکەوتووە، کە لەدەرەوە بەرنامەڕێژیی و ئاراستەدەکرا بۆ شێواندن و ئاڵۆزیی بارودۆخی ڕۆژهەڵات و نانەوەی بەزمی شەڕی بێهوودە بۆ عێراق.

عەلی کیمیاویی بەو نازناوەی لەلایەن خەڵکییەوە پێیدرا خەڵاتی نابووتیی بەبەرۆکدا کرا و چووە گۆڤەکی نەفرەتلێکراوانەوە.. ئەو بە نهێنیی ملی خەڵکی بێتاوانی دەکردە پەتەوە، کەچی خۆی و هاوڕێ تاوانبارەکانی بە دادگاییکردنی ئاشکرا بەهەمان پەتی سزادانی چەسپێنراو و بەڵگەدار خنکێنران.

فاشیزم

فاشیزم شێوەیەکی حوکمڕانییە لەڕووی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی‌ەوە بەرنامەی تایبەتیی خۆی هەیە.. سیستمی حیزب و حکومەتەکەی مۆسۆلینی بوو لە ئیتالیا، کە پازدە ساڵ لەحوکمدا بەردەوامبوو..

فاشیزم سەرەتا ڕێکخراوێکی سیاسیی بوو مۆسۆلینی ساڵی ١٩١٩ دایمەزراند دوایی بوو بە سیستمێکی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی شۆفێنیی کۆنەپەرست.. فاشیزم بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکانی پشت بە توندوتیژیی دەبەستێت، دژی دیموکراسییەت و پەرلەمانییە، بڕوای بە

هێزە بۆ داگیرکردنی دەسەڵات، دژی ئاشتییە و خۆی لەناو شەڕەنگێزیدا دەبینێتەوە، لەهەمانکاتدا فاشیزم دوژمنی هەر بیرێکی پێشکەوتووە.

فاشیزم بڕوای بە حوکمی تاکڕەویی و شەڕەنگێزیی و سەربازگەریی و توندوتیژیی و دژی دیموکراسیی و دژی ئاشتیی و سۆسیالیزم و لیبرالیزم بوو، باوەڕی بە سەروەریی و مەزنێتیی سەرۆک بوو، دوای ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەستەوە هەموو حیزب و رێکخراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و لەجێگایدا میلیشیا دادەمەزرێنێ.

کە بەراوردی فاشیزمی مۆسۆلینی و بەعسییەتی سەدامی دەکرێت هەردووکیان هەمان توخمەکانی لێکچوونیان تیایە، بەڵکو سەدامییەت کوتومت کۆپییەکی فاشییەتی مۆسۆلینی و نازییەتی هیتلەرە.

فاشیزم سنووری ئیتالیای تێپەڕاند و گەیشتە وڵاتەکانی ئیسپانیا و ئەڵمانیا.. حیزبی بەعسیش وەکو فاشیزمییەکەی مۆسۆلینی باوەڕی بە تاکڕەویی و سەربازگەریی.. هتد، بوو، سەدام وەکو مۆسۆلینی لە سەرووی یاساوە دادەنرا، دەبوا هەموو خەڵکی ملکەچی دەسەڵات و حوکمی قەرەقوشییانە ئەو بوونایە.. سەدامیش باوەڕی بە هیچ حیزبێک نەبوو جگەلە حیزبی بەعس و حیزبە کارتۆنییەکانی لەژێر سێبەری ئەمندا دەژیان.

هەربۆیە لە هەڵسەنگاندنی حیزبی بەعسدا هەندێک پێیانوابوو ڕژێمی بەعس کوتومت فاشیزمییە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕژێمەکەی مۆسۆلینیدا نییە، هەندێکیش لەسەر ئەو رایە بوون کە بەعس فاشیی نییە رەفتار فاشییە، هەرکامێکیان بێت بەعس بۆ خۆی داهێنانێکی نابووتی حوکمڕانییە نەک لەعێراقدا، بەڵکو لە وڵاتانی عەرەبیشدا.

سەدام بە پێڕەویکردن لە پرەنسیپەکانی مۆسۆلینی هەمان بەرنامەی کوشتن و ترساندن و شەڕهەڵگیرساندن و لەناوبردنی ئەویتر و تۆقاندن و جیاکاریی نەتەوەیی پێڕەودەکرد.

سەدام حوکمڕانییەکی تاکەکەسیی دروستکرد بە دەزگا سەربازیی و سیخوڕییەکان تەنیبووی، حیزب و حکومەتەکەی لەسەر توندوتیژیی و

شەڕەنگێزیی و بێدەنگکردنی شۆڕشگێڕان، ئایینی وەکو دەسکەلایەک بۆ وروژاندنی هەستی خەڵکیی بەکاردەهێنا، هەرچی توانای عێراق هەبوو لە کڕینی چەک و کەرەستەی جەنگیدا خەرجدەکرد.

ئەوەی سەدامی گونزلکرد جەماوەری گێڵی ئوممەی عەرەبی و ترسنۆکیی عێراقییەکان و ئاستنزمیی سەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکان و پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەکان بوو، ئەگینا خودی سەدام کەسێکی ترسنۆک بوو، ئەگەر وانەبوایە لە حەیبەتی گیانی خۆیدا هێزێکی بێشوماری لە دەوری خۆی دانەدەنا و لەدواییشدا لەکونێکدا نەدەگیرا.. ئەمەش سروشتی هەموو دیکتاتۆرەکانە کە تەنیا خۆیان خۆشدەوێ و سڵ لە سێبەری خۆشیان دەکەنەوە.

سەدام هەموو دەسەڵاتی لای خۆی قەتیسکردبوو، ئەو لە سەروو یاسا و دەستوورەوە بوو، هەموو کۆمەڵگەی کردبووە سەربازگە و دەزگای سیخوڕیی، شەڕی بە دەوڵەتانی دەرەوە دەفرۆشت بەناوی ئوممەی عەرەبی و گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانەی لە عەرەب داگیرکراوە، کەسێکی زۆر شۆفێنی و رەگەزپەرست بوو، وایدەزانی عەرەب لە سەرووی هەموو میللەتانی دنیاوەیە وەکو هیتلەر ئەڵمانی لە سەروو هەموو میللەتانەوە دادەنا.. ئەوەی سەیرە خاوەنی ئەم بیرە پووچگەرایانە نامێنن و زەمانە دەیانهاڕێ، چۆن مۆسۆلینی و هیتلەر بوونە پەندی ڕۆژگار ئاواش سەدام هەمان چارەنووسی بەرکەوت.

فرەهێزیی لەکوردستاندا

دوای ئەشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ حیزبی بەعس نەیتوانی لە مەسەلەی کورد تێبگات، وایدەزانی مەسەلەی کورد تەنیا شۆڕشکردنی ڕووتە، نەیزانی کورد بە پیلانی نێودەوڵەتیی لە بوونی قەوارەی سەربەخۆی خۆی دوورخراوەتەوە و داگیر و دابەشکراوە، ئەو لووتبەرزییە لە نەخوێندنەوەی مانی میللەتێک ئەوپەڕی گێلییە، کورد هەتا گەیشتن بە

ئاواتەکانی بێدەنگ دانانیشێ و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی بە هەر ڕێگایەکی دیبلۆماسی یان جەنگ خەباتدەکات، بۆیە ساڵی ١٩٧٦ جارێکیتر شۆڕشی نوێ لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەڵگیرسایەوە، وەکو خاوەن هێزی چەکدار دەرکەوت، دواتر پارتیش خۆی ڕاگەیاند و هێزی چەکداری دروستکرد، پاسۆکیش گەرچی حیزبێکی بچووکبوو هێزی چەکداری پێکەوەنابوو، بزووتنەی سۆسیالیستیی لە ساڵی ١٩٧٩ لە یەکێتیی جیابووەوە و ئەویش هێزی چەکداری پیکهێنا، دوای ڕاوەدوونانی حیزبی شیوعی و کشانەوەی لە بەرەی بەعس لە ساڵی ١٩٧٩ هێزی چەکداری خۆی هەبوو، پارتی گەل و حیزبی زەحمەتکێشانیش وەکو دوو حیزبی بچکۆلە هێزی چەکداریان پێکەوەنابوو، لەشکری ئیسلامی کوردستان وەکو هێزێکی چەکدار لەئێرانەوە بۆ دژایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نێردرا و چەککران، لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی هەڵەبجە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق خۆی لە سنووری سلێمانی ڕاگەیاند و هێزی چەکداریشی دروستکرد.

بوونی ئەم هەموو لایەن و هێزانە بۆ خەبات دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی وەکو بەعس کە باوەڕی بە دیموکراسییەت و فرەیی لەحوکمڕانیدا نەبوو کارێکی ئاسایی و دیموکراسییانەیە ئەگەر بە باشیی ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانیان بەجێبگەیەنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ناچارکردنی بۆ ملدان و داننان بە ماف و داخوازییەکانی کورد.

بەڵام بوونی فرەهێزیی سەربەخۆ لەکارکردندا بەبێ بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو وەکو چەترێک ئەو هەموو هێزە کۆبکاتەوە و یەک فەرماندەیی تۆکمە و سەربەخۆی هەبێ بۆ چالاکیی و لێدانی هێز و پێگە سەربازیی و دامەزراوەکانی دوژمن گەورەترین کێشە دروستدەکات بەتایبەت کە ئەو هێزانەی ئەو لایەنانە یەکتریی نەخوێنندەوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەو هێزانە وەکو کاردانەوە هاتبوونە گۆڕەپانی خەباتەوە نەک وەکو پێداویستیی خەبات و ئەرکی شۆڕشگێڕیی!

لە باری وادا ململانێ ڕووەودەدات بەتایبەت مەسەلەی دەسەڵاتداریێتی

و قورخکردنی سنووری جوگرافیی، کە هەر شۆڕشی نوێ دروستبوو، پارتی و قیادە موومەقەتە سەریانهەڵدا ئاڵۆزیی دروستبوو و سنووری کارکردنی هەرلایەک رەنگڕێژیی کرا و هیچ لایەک رێگەی نەدەدا هێزی ئەو لایەنەکەیتر سنووری کارکردن ببەزێنێ، بگرە کە یەکێتیی ویستی بچێتە سنووری بادینان لە هەکاری گەورەترین شەڕ لەگەڵ قیادە موومەقەتە و هاوکارەکانیدا ڕوویدا.

ئەگەرچی هەندێ هەوڵیش هەبوو بۆ دروستکردنی بەرە لەنێوان لایەنەکاندا وەکو بەرەی جەوقەد و جود و نۆزدە قۆڵیی، بەڵام ئەوانە وەکو پێویستیی کاروباری شۆڕشەکە نەبوون ئەوەندەی بەرە بوو بۆ دژایەتی و خستن و سڕینەوەی یەکتری، دەیان شەڕ و پێکادانی خوێناوی ڕوویدا و سەدان کەس لە پێشمەرگەی هەر لایەنێک تیاچوون و زامێک هەرگیز ساڕێژنابێتەوە.

شۆڕشکردن هێزی نیشتمانی گەرەکە، دووربێت لە حیزبییەتی رووت، پێکهاتەکانی ئەو هێزە دەتوانن حیزبی ببن، سەر بە لایەنێک ببن، بەڵام لەخەباتدا دەبێ بۆ ئامانجە سەرەکییەکە کە ڕزگاریی نیشتمانییە ئامادەبکرێن، کورد و کوردستانیان لەبەرچاوبێ نەک هەر حیزبەکانی خۆیان، کە بەرنامەی هەر حیزبێکیش ببینیی هەر باسی ڕزگاریی نیشتمانیی دەکات!

بەپێچەوانەوە لەکوردستاندا بەهۆی ناکۆکییە لابەلاکانەوە فرەهێزیی بۆ لێدان و تێکشکاندنی ئەویتر دەقۆزرایەوە، کە بەرەی جیاجیاشیان دروستەکرد هەر بۆ ئەو سەنگەربەندییەی دژایەتیکردن بوو! دەبوا هێزەکان بە نیشتمانیی بکرانایە، یەک هێزی یەکگرتووی نیشتمانیی، نەک پچڕپچڕ هەر هێزێ لە دۆڵێ، فرەهێزیی مەترسییە لەسەر ئایندەی خەبات و گوتاری سیاسیی.. بە زۆرییش فرەهێزیی مەترسیی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێ، کە لەبنەڕەتدا ئەو لایەنانە لەسەر جیاوازیی بیروڕا دروستبوون و هێزی چەکداریان نەک تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بەڵکو بۆ بەرگریی لە خۆشیان لەلایەن هێزەکانیترەوە!

نەک لەکوردستاندا، بەڵکو لەهەموو دنیاشدا فرەهێزیی لەهۆشیارییەوە نەهاتووە، فرەحیزبیی دیاردەیەکی دیموکراسییە ئەگەر بۆ یەکڕیزیی نیشتمانیی و هاوخەباتیی دروستبووبێ، فرەهێزی تەنیا لۆژیکی شەڕ و لوولەی تفەنگ دەزانن، ئەگەر هەڵەیەکیش بکرێ خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن و فەرتەنەدەنێنەوە!

هەرگیز فرەهێزیی نە دەستکەوتی سیاسیی و نە دەستکەوتی سەربازیی بۆ کورد نەبووە، ئەوەندەی ئەو هێزانە مێشکیان بە بۆسەی مەرگ و شەڕەتەقەی پاکسازیی یەکتریی ئاخنراوە کەمتر کاتیان بۆ دەستوەشاندن لە هێزەکانی دوژمن هەبووە.

قەسابخانەی موسڵ

دووەم زیندانی عێراق بوو دوای ئەبوغرێب بۆ بەدناویی و کوشتن و پاکسازیی ئەو خەڵکانەی نەیاری ڕژێمی سەدام و بەعس بوون.. زیندانی موسڵ تەنیا شوێنی گرتنی خەڵکیی نەبوو بۆ سزادانیان، بەڵکو بەهەموو پێوەرێکی ویژدانیی و یاسایی قەسابخانەیەکی ترسناکبوو بۆ تەفروتووناکردنی مرۆڤ، ئەوانەی تەنیا بە حوکمی سەدام و بەعس ناقایلبوون، جۆرێک بیرکردنەوەی جیاوازیان هەبوو، سەدام باوەڕی بە جیاوازیی بیرکردنەوە و هەڵوێست نەبوو، وەکو فاشییەکان دەیویست هەمووان وەکو ئەو بیربکەنەوە.

لەم زیندانەدا هەزاران کەس ئاخنرابوونە ژووڕە ترسناکەکانیەوە، دڕندانە ئازاردەدران تا لەدواییدا دەکرانە داردا یان حوکمی درێژخایەن دەدران.

زیندانی موسڵ زیندانی مەرگ و لەسێدارەدان بوو، ئەوانەی لە دادگاییکردنە درۆیینەکاندا ئازایانە بە ڕووی جەللادەکاندا دەتەقینەوە چارەنووسیان لەسێدارەدان بوو.

ژووڕە ترسناکەکانی ئەم زیندانە حیکایەتی هەزارەها مرۆڤی گوناە دەگێڕنەوە کە بەبێ تاوان ئاودیوی مەرگ دەکران، دەنگی

بەرەنگاربوونەوەی هەزارەها زیندانیی بە قەد دیوارەکانیەوە هەڵواسراوە وەکو بەڵگەی تاوانی دەسەڵاتێکی بێبەزەیی تەنیا کاری لەسێدارەدانی مرۆڤە ئازادیخوازەکان بوو.

دار و دیواری ئەو زیندانە پڕن لە زریکەی ئەو خەڵکانەی لەوێ قەڵخکراون، پڕە لە ناهەقیی دەرهەق بەوانەی دەنگیان لەبەرانبەر بەعس هەڵبڕیوە داوای ئازادییان کردووە! زیندانێک مێژووی ڕژێمێکی نووسیوەتەوە هەتا ژیان مابێ نەفرەت لە عروبە و پەیامی نەمریی بەعس بکرێ.

بەعس بۆ ئەوە نەهات خۆشگوزەرانیی بهێنێ بۆ ئەوە هات خەڵک بکوژێ، گۆمی خوێن هەڵسێنێ، ملی ئازادی بشکێنێ، داری سێدارە هەڵبخات، چێژ لە ڕووبای خوێن و پەڕینی کەللەسەر ببینێ.. بەعس و سەرەکانی تەنیا حەزیان لە کوشتن بوو بەوە ئاسوودەدەبوون گەردنی تێکۆشەران بە قەد سێدارەوە شۆڕبێتەوە.

زیندانی موسڵ پەڵەیەکی ڕەشبوو بە تەوێڵی مێژووی بەعسەوە، خەڵکی کوردستان هەرگیز ئەو تاوانانەی بەعسیان بیرناچێتەوە ئازیزانیان لەوێ بەرەو دەقەری مەرگ ڕەوانەدەکران و چارەنووسیان دەشاردرایەوە یان پارەی کفنەکانیان لە خاوەنەکانیان دەسەند.

موسڵ مێژوویەکی خەمگینە، دیواری باڵەخانەکانی بە کەللەسەری مرۆڤە ئازاکان هەڵچنراوە، لەوێ هەزارەها دەنگی دلێر کپکرایەوە، ئەوانەی بۆ ژیانێکی ئازاد و ڕۆژگارێکی گەش و ئاسوویەکی ڕوون دەنگیان هەڵدەبڕی، لە ژێرزەمینەکاندا لاپەڕە نوێیەکانی خەباتی بێوچانیان پڕدەکردەوە، لە کاروانی بەرەو ئاسۆی سەرفرازییدا دەڕۆیشتن.

قەسری نیهایە

ئەم کۆشکە کۆن ناوی ریحاب بوو، هی خێزانی پاشایەتیی بوو، چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا لە ساڵی ١٩٦٨ ناوەکەی گۆڕا و کرایە زیندانی قەسری نیهایە، کە یەکێک لە زیندانە بەدناوەکانی عێراق بوو، لەناوەکەیدا دیارە واتە کۆشکی کۆتایی مرۆڤ..

لە شوێنێکی خۆشی گوزەرانی خێزانی پاشایەتییەوە، کە سەدان یادەوەریی و دیداریان خەڵتانی خوێن کرا، نازم گزارێکی شەلاتیی کوچەکانی بەغا هات و بەعس کردی بە پیاوی گەورەی کوشتوبڕین و ئەو شوێنەی کردە قەسابخانەی ملپەڕاندنی مرۆڤە بێتاوانەکانی سیاسەت و بیری جیاواز، کەرەستە و کەلوپەلی زۆری لەناوبردن و سزادانی لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتانیترەوە بۆ دابینکرا.. هەرکەس ببرایەتە ئەوێ بە ئاسانیی ڕێی گەڕانەوەی دەرنەدەکرد.

لەدوای پیلانەکەی نازم گزار ساڵی ١٩٧٣ ئەو کۆشکە ڕووخێنرا تا ئاسەواری ئەو تاوانانە لەبەرچاوی خەڵکیی نەمێنێ و لەشوێنەکەیدا ئاپارتمانێکیتریان بۆ هەمان مەبەست دروستکرد.. سەرچاوەیەک باسی ئەوەدەکات زۆرتر لە سەد جۆر ئەشکەنجەی تیادراوە، وەکو دەوترێ پیاوەکانی بەعس شەست و چوار جۆریان لەڕووسیاوە فێربووون.

بە هەزاران کەس لەو شوێنە ئەشکەنجەی دڕندانە دراون، هەموو جۆرە ئامێرێکی ئازاردان بەکاردەهێنرا، کۆمەڵە کەسانێکی بێباوک و دایک وەکو جەللاد ئامادەکرابوون بۆ سەپاندنی مردنی نەویستراو، بەعس تۆزقاڵێ هەستی مرۆڤایەتی تیانەبوو، دوور لە بەزەیی تەنیا قڵخکردن و سەربڕین و کوشتنیان دەزانی، ئەوانەی ڕۆژێ بڕیاربەدەستی پاکسازیی بوون نەیاندەزانی خۆیشیان ڕۆژێ دەکەونە هەمان تەپکە و داوەوە و ڕزگاریان نابێ، ئەمە حاڵی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانە کە لەهەموو شتێ دەترسن تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆیشیان!

بەعس ئەو زیندانانەی بۆ دوو مەبەست دروستدەکرد:
- تۆقاندنی خەڵکیی تا کەس نەوێرێ دژی بوەستێتەوە.
- پاکسازیی نەیارەکانی و لەناوبردنیان.

لای خەڵکی کورد قەسری نیهایە ناوێکی ترسناکبوو، جگەلە خێوی مەرگ هیچ شتێکیتری تیابەدینەدەکرا، جگەلە ئامرازەکانی خەفەکردنی مرۆڤ و تۆفانی مەرگ هیچ باسێکیتر نەبوو.

لەجیاتی ئەوەی دوای نەمانی بنەماڵەی پاشایەتیی وەکو مۆزەیەک بکرایەتە شوێنی گەشتیاریی، بە گوڵ و گوڵزاری بۆنخۆش پێشوازیی سەردانیکەران بکرایە، هەموو جوانییەکی ئەو شوێنەیان سڕییەوە و چەقۆ و سیکاردی مەرگیان چەقاند، بە کۆڵەکەکانیدا سەدانیان هەڵواسی و خوێنی لاشەیان وشککردن.

بەعس نەیزانی ژیان هەمان سیناریۆکانی ئەوان دووبارەدەکاتەوە و ئەوانیش زەوالێکیان بۆ پەیدادەبێ، ئەمجارە کۆشکەکانی ئەوان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە داگیردەکرێ، کە دەکرا بکرێنە مۆزەخانە تاوانەکانی سەردەمی رابردوو بگێڕنەوە.

قیادە مووەقەتە

راگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای ئاشبەتاڵ کاردانەوەی تایبەتیی لای پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، ئەوکاتە وایاندەزانی یەکێتیی وەکو هەڕەشەیەک لە دژی ئەوان دروستبووە، کە ئەو بۆچوونە ناڕاست و بوونێکی نەبوو، چونکە سەرکردەکانی یەکێتیی لە دەرککردن بە ناسکیی بارودۆخەکە و مامەڵەی ڕژێمی بەعس لەگەڵ خەڵکی کورد لە ڕێگەی زەبروزەنگ و توندوتیژییەوە بەپێویستیانزانی گۆڕەپانی خەبات ئاوەدانبکەنەوە و بەربەستێک لەبەردەم پیلانەکانی بەعسدا دروستبکەن، کە دەبوا بەعس ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانە و چەسپاندنی مافە ڕەواکانی لە

چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیی بدۆزرێتەوە نەک بە شەڕوشۆڕ، جگەلەوە یەکێتیی وەکو هێزێکی تازەی گۆڕەپانی سیاسەت باوەڕی بە فرەحیزبیی هەبوو، هەربۆیەش وەکو نیمچە بەرەیەک خۆی ناساند، دژی هیچ لایەک نەبوو تەنیا دژی تاکحیزبیی بوو، دەیویست هەموو لایەک بە یەکگرتوویی کاربکەن و پشکی خۆیان لە خەبات و تێکۆشاندا هەبێ.

کە یەکێتیی هاتە ناوانەوە و دەنگوباسی بڵاوبووەوە پارتی کەوتە خۆی و ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/١٠ پارتی دیموکراتی کوردستان/ سەرکردایەتیی کاتیی (قیادە مووەقەتە) راگەیاند، دیارە ئێرانیش ئاسانکاریی بۆ دەکردن، کە زۆربەی سەرکردەکانی پارتی لە ئێران بوون.

قیادە مووەقەتە هەروەکو ڕێکخراوێکی حیزبی و سیاسیی دروستنەبوو، بەڵکو وەکو هێزێکی چەکداریش خۆی نواند تا بگەڕێتەوە ناوچەکانی کوردستان، ئەوکاتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر سنووردەکان کاریدەکرد، کە ناوچەی سەختبوون و پێشمەرگە بۆ جموجوولێی پارتیزانیی سوودیان لێدەبینی.

پارتی کاری لەسەر سۆزی خێڵە کوردەکانی تورکیا دەکرد، جگەلە پێوەندیکردن بە دەسەڵاتدارانی تورک و ئێرانی، کە ئەوانیش دروستبوونی هێزێکی نوێ یان بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ بە مەترسیی بۆ سەر خۆیان دەزانی.

ئیتر قیادە مووەقەتە دەستە چەکدارەکانی بۆ کوردستان ناردەوە بەتایبەتی بۆ بادینان و دۆڵی جافەتی تا خۆیان لەناوخەڵکیدا دەربخەن و ڕێگریی لە گەشەکردنی یەکێتیی بگرن، ئەگەر پێویستیشی کرد شەڕیان بکرێ، ئەگەرچی بە رووکەش هەندێجار لێپرسراوانی هەردوولا بەیەکەوە بۆ لێکتێگەیشتن دادەنیشتن، بەڵام نیازپاکیی نەبوو، هەموجارێ تێهەڵدەچوونەوە بەڕادەیەک لە ماوەی ساڵێکدا چەندین پێشمەرگەی یەکێتیی شەهیدکران.

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتیی و پارتیی رەگێکی قوواڵی هەبوو، کە بە زۆریی لە مەبەستی دەسەڵاتدارێتیی و شۆڕش قورخکردنەوە خۆی

دەبینییەوە.

گەورەترین زیانێک لەلایەن قیادە مووەقەتەوە لە یەکێتیی کەوتبێ لە لێدانی دەستەکانی بادینانی سەرەتای شۆڕشی نوێ و شەڕی هەکاری بوو.. لە شەڕی هەکاریدا هێزەکانی یەکێتیی بۆ گەیشتن بە سێ سنوور کە چووبوونە قوولایی سنووردەوە کەوتنە ناو بۆسەی هێزە خێڵەکییە کوردەکان و هێزەکانی قیادە مووەقەتە، لەهەمانکاتدا هەرسێ دەوڵەتی ئێران، عێراق، تورکیان بەشداربوون لە گەمارۆدان و لێدانی پێشمەرگەکانی یەکێتیی، لەئەنجامدا سەدان پێشمەرگە شەهید و بریندار و سەرگەردان بوون.

شۆڕشی نوێ هەر لەسەرەتاوە تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە بەتایبەتیی کە لوولەی تفەنگ کرایە یەکتریی و خۆین رژا ئیتر گەیشتنە رێککەوتن قورسە بەتایبەتیی کە دەوروبەریش بەو بارودۆخە تێکەڵاوببێ.

ئەگەر قیادە مووەقەتە و یەکێتیی بە وردیی هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو ئەتوارە بکردایە و بڕوایان بە یەکڕیزیی و تەبایی هەبووایە گرفتەکە لەوەدا بووە قیادە موقەتە ئیرا بەلای خۆیان نەبووە..!! بۆ سەرخستنی ئەرکی سەرکردایەتیکردنی ئەو قۆناغەی خەبات دژی داگیرکەر و سوود لە ڕووداوی ئاشبەتاڵ ببینرایە ئەوا هەرگیز دڵۆپێک خوێن لە پەنجەی پێشمەرگەیەک نەدەهات، کە بە سەدان کەس بوونە قوربانیی سیاسەتی هەڵە و ململانێی ناڕەوا.

قوەت

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زووزوو گۆڕانکاریی لە پێکهاتەکانی هێزەکانیدا دەکرد و ناوەکانی دەگۆڕین و ناوی تازەی لێدەنان، ئەمەش تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بەپێی هەلومەرجەکان و پێویستیی قۆناغەکە ئەوە دەکرا، کە بەشێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێیەکانی ناو باڵەکان یان هی باڵێک بوو.

لەپاڵ بوونی پێکهاتەی هەرێمەکان لەناوچەکاندا بەهۆی هەندێ کێشەوە لە سنووری هەولێر و هەرێمی پێنجی قەرەداغدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨١ پێکهاتەی قووەت دروستکرا.

لەڕاستیدا ئەم پێکهاتەی قووەتە شتێکی کاتیی بوو تەنیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و قایلکردنی لایەنە ناکۆکەکان بوو، لەڕووی پێوەندییەوە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمەکاندا نەبوو و سەربەخۆبوو، بەڵام تەمەنی ئەم پێهاتەیە درێژنەبوو، زۆری نەخایاند لە ساڵی ١٩٨٢ هەم هەرێمەکان و هەم قووەتەکانیش بە بڕیارێکی سەرکردایەتیی هەڵوەشێنرانەوە و لەجیاتی ئەوانە پێکهاتەی مەڵبەند و تیپەکان دروستکرا.

کاتژمێری سفر

هەموو هێزە سەربازییەکانی دنیا لە کاتی چالاکیی یان کارێکی سەربازیدا کاتێکیان بۆ پەلامار و هێرشکردنەسەر هێزەکانی دوژمن دیاریدەکرد، ئەوکاتە پێیدەوترا کاتژمێری سفر.

ئەو کاتژمێرە دەبی بە نهێنیی بمێنێتەوە و نەدرکێنرێ تا لایەنی دوژمن بە کارەکە نەزانێ بۆئەوەی بەرنامەکە وەکو خۆی لەناکاودا جێبەجێبکرێ و دوژمن تووشی ئاڵۆزیی و شۆک بکات.

کاتژمێری سفر بۆ کاتی پەلاماردانی هێزەکانی دوژمن چ لە شەو یان ڕۆژدا دیاریدەکرا تا دوژمن لەناخافڵێدا بێ و بە ئاسانیی نەکەوێتە خۆی و زۆرترین زیانی پێبگەیەنرێ و دەستکەوت لە کوژراو و بریندار و چەکوچۆڵە هەبێ، یان لە کاتی تۆپبارانکردندا دادەنرا، کە دوژمن هەست بەوەنەکات دەستی لێدەوەشێنرێ.

جاری وا هەبووە کاتژمێری سیفر لەچالاکییەکدا هەڵوەشاوەتەوە بەهۆی ئەوەی گرفتێک هاتووەتەڕێ و سەرەڕای ئامادەکاریی و ماندووبوون نەتوانراوە هیچ بکرێ.

کەرت

کەرت یەکەیەکیتری پێشمەرگایەتیی شۆڕشی نوێیە.. دوای ئەوەی ژمارەی پێشمەرگە لەناوچەکاندا زۆردەبن پێویستیدەکرد پێکهاتەکە بگۆڕدرێ تا بتوانرێ کاروبارەکانی پێشمەرگایەتیی لەو سەروبەندەدا بە باشیی بەڕێوەببرێ.

هەر کەرتێک بریتیبوو لە (٣) مەفرەزە، لە هەندێ شوێن دەگەیشتە (٤) مەفرەزە، ژمارەی پێشمەرگەکانی هەر کەرتێک خۆی دەدا لە(٣٠- ٤٥) پێشمەرگە و لە هەندێ کەرتی زۆر چالاکدا ئەو ژمارەیە دەگەیشتە(٨٠) پێشمەرگە، لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە چەندین کەرت دەبووەنە هەرێمێک.

بەرپرسی کەرت پێیدەوترا فەرماندەی کەرت، جێگر کەرت، رابەرسیاسیی، لێپرسراوی دارایی، برینپێچیشی هەبوو.. جۆری چەکەکانیان کلاشینکۆف، ژ. (٣)، ئاربیکەی، ئارپیجی، بیکەیسی و جارجاریش هاوەنی ٦٠ملم، لە پێش ئەنفالیش جیهازی کۆلەپشت یان دەستییان پێبوو لە جۆری تەلەفۆنکن و هیتر.

بەرپرس و کادیرەکانی کەرت دەبوایە لە پێشمەرگە ئازا و خوێنەوار و لێهاتووەکان دابنرایە کە هێزی بەرپرسیارێتییان هەبوو، دەیانتوانی لەبواری کار و ئەرکەکانیاندا ڕۆڵی خۆیان ببینن و کەسێتییان دەربکەوێ.

کەرت ئەرکی لە مەفرەزە زۆرتر و سنووری کارکردنیشی فراوانتربوو، هەمیشە لە سنووری کارکردنیدا جوولەی هەبووایە و بەدوای چالاکی و دەستوەشاندن لە هێزەکانی دوژمنەوە بووایە، بەردەوام ئاگای لە مەفرەزەکان بووایە و بەسەرپیکردنایەتەوە و هانیبدانایە بۆ چالاکیکردن چ سەربەخۆ یان لەگەڵ مەفرەزەکانیتری کەرتەکەدا.

کەرکوك و یەکێتیی

ئەوەی بە بەڵگە مێژوویی و نەخشە جوگرافییەکان سەلمێنراوە کەرکوک شارێکی سەرەکیی کورد بووە لەپاڵ کورددا تورکمان و عەرەب و ئاشوری و کلدان و ئەرمەنییش هەبوون، بەهۆی سیاسەتە هەڵە و نامرۆڤانەکانی دەسەڵاتی شۆڤێنیی فەرمانڕەوای عەرەبی بالادەست و پشتیوانییە هەرێمییەکانەوە زۆر بۆ کورد هێنراوە لەکەرکوکدا نەمێنێ، لەهەموو قۆزبنێکیدا عەرەب نیشتەجێبکرێ، ئەم دابڕینە کۆنتر دەستێپێکردووە کە شارەکانی کفری و خورماتوو و چەمچەماڵی لێکرایەوە!

سەرەڕای ئەو هەموو رێکارە تووندانە ڕژێمەکانی عێراق نەیانتوانی شوناسی کوردی لە کەرکوک بسڕێنەوە و لە کوردبوون دایبماڵن، هەمیشە هەوڵی بەعەرەبکردن بەردەوامبووە، جگەلە خۆقوتکردنەوەی تورکمان بە فیتی تورکیا کە کەرکوک شارێکی تورکمانییە، لە سەردەمی عوسمانیدا نەوتراوە کەرکوک تورکمانییە نەخوازەڵا ئێستا!

کەرکوک هەمیشە لەگفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی کورد و ڕژێمەکانی عێراق چەقی ململانێی بووە، ئەمەش رەهەندی سیاسیی و ئابووری و دیموگرافی بووە، کە جۆراوجۆرییەکی رەگەزیی، ئایینیی، ئایینزا، تێکەڵەیەکی جیاجیای دانیشتووانی نەتەوە و کەمینەی تیایە، ئەوەی ئەم شارەی ئاڵۆزکردووە سامانی ژێرزەوییە بەتایبەتی دەوڵەمەندیی بە نەوت! تەنانەت ئەم شارە بووەتە جێ مشتومڕی دەوڵەتە هەرێمییەکانی تورکیا و ئێران هەریەکەیان بۆ زاڵبوون بەرنامەی خۆیان لە ڕێگەی حیزبەکانی عێراق و کوردیشەوە هەیە!

وەکو دەڵێن کەرکوک لەسەر دەریای نەوتە، ئەم دەرایە دڕێژبوونەوەشی هەیە تا دەگاتە خانەقین و نەوتخانە! کۆن زلهێزەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەو سامانە کێبەرکێیان بووە، نەوتی کەرکوک خاڵی ناکۆکیی نێوان ئینگلیز و ئەڵمانەکان بووە، ئینگلیز لەو ململانێیەدا

زاڵبوو، ئێستا دەوروبەریش شێتئاسا بە دەوریا ماخۆلییانیانە، بە سەدان داوی ئەفسووناویی پیلانگێڕیی ناهێڵن کورد وەکو خاوەنماڵ خاوەنداریێتیی بکات! داگیرکەران نەیانهێشتووە ئەو نەوتە لە دەستی کورددا بێ، تەنانەت ڕژێمەکانی عێراق هەرچی پسپۆڕ و کارمەند و کرێکاری کوردە لە دەزگا نەوتییەکان دەستبەدەرکرد و کەسیان تیانەهێشتووەتەوە! ئەمەش بەشێکبووە لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک و دامودەزگاکانی تا بەتەواویی کەرکوک لە کورد رووتبکەنەوە!

ئەم نەوتە کێشە و ئاریشەی بۆ کورد دروستکردووە، بەناوی نەوتەوە پارچە گرنگەکانی لاشەی کوردستان لێدەکەنەوە و کوردستان بە برین و زووخاوە بۆ خەڵکەکەی بەجێدەهێڵن!

ژیان لەسەر قاچی ئابووریی رادەوەستێ، نەوتیش ئەگەرچی هەموو شتێک نییە سامانێکی ئابووریی گرنگە، ئەگەر سبەینێ کورد دەوڵەتی هەبێ و نەوتی نەبێ وەکو ئەوە وایە سەری هەبێ و قاچ و دەستی نەبێ!

هەمیشە خوێنی کورد لە لوولەی نەوتی کەرکوک و شوێنە نەوتاوییەکانیتردا تێکەڵبووە، شۆڕش بۆ ڕزگارکردنی تێکڕای خاکی کوردستانە نەک نەوتەکەی لێلابێبردرێ، کەرکوک بووکێکی جوانە بە نەوتەکەیەوە رازاوەترە!

کورد لەکۆنەوە لەکەرکوکدا بووە، فەرمانڕەوایی کردووە و ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور بووە، نەوت سەت ساڵێکە دۆزراوەتەوە.. کورد خاکی گەرەکە، چی لەخاکدا هەبێ یان نەبێ گرنگنییە! شۆڕشەکانی کورد بەخاکەوە پەیوەستبوون بەتایبەتی شۆڕشی نوێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی کەرکوکدا کردووە، هەرگیز لەبارەیەوە سازشی نەکردووە، هەمیشە بابەتێکی زیندووی دیالۆگ بووە، بەردەوام بەڵگە و دیکۆمێنتەکان ئامادەکراوە بۆ سەلماندنی کوردبوون و کوردستانییوونی کەرکوک و هەموو ئەو چەپەڵانەی بەعەرەبکردن و دەرکردن و ئاوارەکردنی کوردی لە کەرکوک خستووەتە بەرچاوی ڕژێم و خەڵکیش!

یەکێتیی خوێنی زۆری بۆ کەرکوک لێڕۆیشتووە بە سەدان سەرکردە و تێکۆشەر و کادیر و پێشمەرگەی شەهیدبوون.

لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کەرکوک پێگەیەکی زیندووی هەبووە و هەیە، لە زۆر بۆنە و گفتوگۆ و دەمەتەقێ سیاسییەکان و نووسینی نووسەران و لێکۆڵەران جەخت لە کوردبوونی کراوەتەوە و دروشمی جۆراوجۆری لەبارەوە داڕشتووە: کەرکوک قودسی کوردستانە، یان کەرکوک و خانەقین یان تا ماوین دەجەنگین.. ئەم دروشمانە بووەتە وێردی سەر زمانی خەڵکیی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێ باردۆخی سیاسیی و ڕووداوەکان مامەڵەی کردووە، بەڵایەوە کەرکوک کوردستانییە و هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێ، لەهەمانکاتدا کەرکوکی بە شاری برایەتیی و پێکەوەژیان و ئاشتیی داناوە و رێزی لەهەموو پێکهاتە و دانیشتووانە رەسەنەکانی گرتووە.

ئەوەی مایەی تێڕامانە هەڵوێستی حیزب و لایەنە عێراقییەکانە کە هەڵوێستێکی ناڕوون و تەمومژاوییان لەبارەی کەرکوکەوە هەیە، نەک هەر حیزبی بەعس هیچ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی ئامادەنەبوون دان بە کوردستانییبوونی کەرکوکدا بنێن..

ئێستاش کەرکوک گرفتی زۆرە:

- نەگەڕانەوەی ئەو خەڵکانەی لە شارەکانیتر دەژین و ئامادەنین بۆ کەرکوک بگەڕێنەوە.

- نەگەڕاندنەوەی شارە دابڕێنراوەکانی: چەمچەماڵ، کەلار، کفری، خورماتوو.. هتد.

- دەرنەکردنی عەرەبە هاوردەکانی کۆن و نوێ و نەسڕینەوەی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیا.

- دووریی سەرکردەی حیزبەکانی خەڵکی کەرکوک لە شارەکە.

- بەردەوامیی ناکۆکیی لایەنە کوردەکان لە مەسەلەی کارکردن و فەرمانڕەوایی..

کۆمەڵە

کۆمەڵە وەکو ئەلتەرناتیڤێک هاتەکایەوە دوای هەرەسی بۆرژوازییەتی کورد لەسەر پراکتیکردنی خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد.. ئەمە بووە بناغەیەک بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانیی بە بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزم ڕەوتی ماویزم لەلایەن خاڵە شیهاب و هاوڕێکانیەوە بە کارتێکردنی ئەو ئێرانییانەی هاتبوونە بەکرەجۆ خۆی ناساند، کە لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا جۆرە گونجانێکی هەبوو، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کورد قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی نەبڕیوە، پێویستەکات ئەو ڕێکخراوە هەڵگری ئەو بیروباوەڕە بێت کە کرێکاری کورد خاوەنی ڕێکخراو و حیزبی تایبەت بە خۆی بێت و کار بۆ ئازادیی و دیموکراسیی و یەکسانیی و مافی چارەنووس بکات!

هەر لە ڕۆژە یەکەمەکانی دروستبوونی کۆمەڵە لەنێوان دامەزرێنەرانی کۆمەڵە قسە و باسی دیاریکردنی هێڵی فیکریی کۆمەڵە لەئارادا بوو.. لەمەدا دەستەی دامەزرێنەر دوو ئاراستەیان هەبوو: ئاراستەیەکیان سووربوو لەسەر خەباتی سەرتاسەری کرێکارانی کوردستان لە چوارچێوەی کرێکارانی عێراقدا، دەبێ حیزبێکی سەرتاسەریی عێراقیی دروستبێ و جێگرەوەی حیزبی شیوعی بە هەردوو باڵەکەیەوە بێ، ئاراستەکەیتر رایان لەسەر دروستبوونی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی کوردستانی تایبەت بە کرێکارانی کوردستان بوو، سووربوون لەسەر سەربەخۆیی کرێکارانی کوردستان کە بەشێک نییە لە کرێکارانی عێراق، چونکە کۆمەڵی کوردستان واقیعی تایبەتیی خۆی هەیە و جیایە لە عێراق، جگەلەوە هێشتا چینی کرێکار وەکو پێویست لەکوردستاندا نەخەملێبوو، ئەرکی یەکەم و سەرەکی کرێکارانی کورد ڕزگاریی نیشتمانە داگیرکراوەکەیەتی، کورد کێشەی لەگەڵ داگیرکەری عێراقدایە نەک ناکۆکی کار و سەرمایە، ناکۆکیی کورد ناکۆکیی کار و سەرمایە نییە، ناکۆکیی کرێکاران و سەرمایەداران

نییە، کرێکاری کورد لەگەڵ کرێکاری عێراقدا تەنیا لەڕووی چینایەتییەوە هاوبەشن، کرێکارانی کورد دەتوانن لەخەباتدا هاوکاری کرێکارانی عێراق بن.

ئەو دوو ئاراستەیە نەیانتوانی پێکبێن، ئاراستەی کوردستانیی بەلایەکدا و ئاراستەی عێراقییەکانیش بەلایەکدا، لایەنی عێراقییەکان کەمتربوون و کوردستانییەکان زۆرتر، بەمەش بەرنامەی کوردستانیی کۆمەڵە رێچکەی خۆی وەرگرت.

بیری عێراقێتیی لە حیزبی شیوعییەوە سەرچاوەیگرتووە کە کرێکاران نابێ لەسەر بنەمای نەتەوەیی دابەشبکرێن، کرێکارانی کورد و عەرەب و هیتریش یەکپارچەن و دەبێ یەکپارچەیی کرێکاران لە نیشتمانی عێراقدا بپارێزرێ، کە وتەیەکی مارکس هەیە دەڵێ: دوو حیزبی کۆمۆنیستیی لەوڵاتێکدا یەکێکیان لادەرە، حیزبی شیوعی ناکۆکبووە لەگەڵ ئەوەی حیزب یان رێکخراوێکی کۆمۆنیستیی بۆ کرێکارانی کوردستان دابمەزرێ! بەڵام کە کۆمەڵە دروستبوو خۆی بە نوێنەر یان ئەلتەرناتیڤی کرێکارانی عێراق نەدەزانی، ئەو گرێیە لای حیزبی شیوعیی مایەوە تەنانەت دوای دەرچوونی لە بەرەی نیشتمانیی بەعس و هاتنە سنووری یەکێتیی و هاوکاریی و کۆمەککردنیان و بەشداریی لە جەوقەد ئەوەندەی نەخایاند سەنگەریان گواستەوە و کردیانە ئەوبەرەوە لەگەڵ پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بەرەی جودیان دروستکرد، دواتریش کەوتنە شەڕەوە!

دوای شەهیدبوونی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی شەهید ئارام گۆڕانێکیتری لە بیری کۆمەڵەدا کرد بە لابردنی رەوتی ماویزم و مەسەلەی سێجیهان و چەسپاندنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی، بەوەی رێکخراوێکی مارکسیی بۆ کوردستانی عێراق دابمەزرێنن لەبری رێکخراوێکی مارکسیی عێراقییانە، کە چەندین حیزب و لایەنیتری وەکو حیزبی شیوعی عێراق هەبوون.

لەوانەیە هەندێک بە ناشارەزایی لە بیری شەهید ئارام بڵێن ئەمە بۆچوونێکی عێراقییانەیە، کەچی هەرگیز کاک ئارام بۆچوونی عێراقییانەی نەبووە کە لە رێکخستنی کۆمەڵەدا رەنگبداتەوە، کە کۆمەڵە دروستبوو

ئەو کەسێکی سەرەکی بوو لەکۆمەڵەدا لەکاتێکدا قسە لەسەر عێراقێتی و کوردستانیبوون هەبوو، هەندێک لەو کەسانە کە داوای کۆمەڵەیەکی عێراقییانەیان دەکرد بە هێمنیی جیابوونەوە و لایە سەرەکییەی کۆمەڵە کە باوەڕی بە کوردستانیبوون هەبوو مانەوە، کاک ئارام ئەگەر باوەڕی بە عێراقیبوون هەبوایە دەڕۆیشت و نەدەمایەوە، بەپێچەوانەوە ئەو شاسواریکی ئەو ڕێگایە بوو کە سەدان کەسی بۆ خۆبەختکردن لەو ڕێگایەدا ئامادەکرد.

هەمیشە لەناو ڕێکخستنەکاندا لەسەر ڕێبازی فیکری و سیاسیی مشتومڕ هەبوو، بارودۆخی ناو کۆمەڵە بە ئاسایی تێنەدەپەڕی، دوای شەهیدکردنی کاک ئارام بواری ناکۆکییەکان پەرەیدەسەند، هەندێک باوەڕیان بە دانانی داشعێراق لەسەر ناوی کۆمەڵە هەبوو، کە مەسەلەی کورد بەندە بە چارەنووسی عێراقەوە.

لێرەوە کێشەکان گەیشتە مەسەلەی ڕەخنە لەو هاوڕێیانەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، کە کوردستانیان بەجێهێشتبوو و لە ئێران دەستگیرکران و ڕادەستی عێراق کرانەوە، هەروەها ڕاپۆرتی شوبات ئەوەندەیتر ئاگری ناکۆکییەکانی خۆشدەکرد و ڕووبەری لێکترازانی فراوانتردەکرد، ئەو شتانە لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەدا تەقییەوە، کە دوو دەستەی لێکەوتەوە، دەستەیەک پشتیوانیی لە سەرکردایەتیی کۆن دەکرد، دەستەکەیتر ئەو سەرکردایەتییەیان بە ڕاکردوو دەزانی، ئەنجامی ئەو قڕەوقاڵەیە لە بەرژەوەندیی دەستەی دووەم نەبوو کە کۆمیتەی هەرێمەکان بوو، هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکان دوای شەهید ئارام بڕوایانوابوو مەسەلەی کوردستانی عێراق پەیوەستە بە دواڕۆژی عێراقەوە و مەسەلەی کورد بەشێکی مەسەلەی دیموکراسیی عێراقە! لایەنی سکرتێری کۆمەڵە کە لایەنگری هاوڕێیانی زیندان بوو سەرکەوت.. نەتوانرا ئەو بارە ئاڵۆزە لە کۆنفراسەکانی دوو و سێدا چارەسەربکرێ و درێژەیکێشا دواجار بووە هۆی لێکترازانی کۆمەڵە! ئەگەرچی کێشەکان هەمووی دووریی فیکریی نەبوو، مەسەلەی کەسییشی تێکەڵدەبوو، کە

زیانی زۆری لە کۆمەڵە و یەکێتیش دا.

دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی ئایدیۆلۆژیای مارکسیی دەدرا بەهۆی ئەوەی کە بلۆکی سۆسیالیستیی بووبووە هیوای میللەتانی داگیرکراو و ژێردەستە، بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانیی ئەو وڵاتانەی سۆسیالیستیی حیزب و رێکخراوی جیاجیا لەسەر بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستیی دادەمەزران، لەعێراقدا حیزبی شیوعیی عێراق نموونەیەکی دیاربوو کە لەکوردستاندا لقێکی هەبوو.. ئەو سەردەمە ئەوە دووپاتەدەکرایەوە نابێ دوو حیزب یان رێکخراوی مارکسیی لەوڵاتێکدا هەبێ ئەوا یەکێکیان لادەرە.

لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئاراستەیەکی چەپ هەبوو کە باوەڕی بە رێبازی مارکسیزم- لینینیزم هەبوو، تەنانەت لە کۆنگرەی سێی پارتیدا رێبازی مارکسیزم- لینینیزم لە پێڕەو و پرۆگرامەکەیدا چەسپا و لە کۆنگرەی پێنجدا وازیلێهێنرا.

باڵی مەکتەبی سیاسیی کە لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیابووەوە ئەوان لە پشتی ئەو بەرنامەیەوە بوون، چونکە خۆیان بە چەپ دەزانی و پێڕەوییان لە بیری مارکسیزم- لینینیزم دەکرد، کادیران و ئەندامانی خۆیان بەو بەرنامەیە گۆشدەکرد، تەنانەت هەندێ لە خەڵکە مارکسییەکانی ئێران هاتبوونە کوردستانەوە و لای باڵی مەکتەبی سیاسیی میوان بوون و لەهەمان کاتدا خولیان بۆ کادیران دەکردەوە و گۆشیاندەکردن بەتایبەتی بە بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ.

مارکسیزم پڕۆژەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستیی بوو، کە کۆمۆنیزم جێگەی سیستمی سەرمایەداریی بگرێتەوە و چینی کرێکار حوکمی کۆمەڵگا بکات.. هەرچەندە لەکوردستاندا هێشتا چینی کرێکار نەخەملێبوو، کارگە لەکوردستاندا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەوسانەوەی نەتەوایەتیی هەبوو، کورد لەلایەن رژێمە شۆفێنییە دیکتاتۆرییەکانەوە رووبەڕووی زەبروزەنگ و (ئەسیمیلاسیۆن - Assimilation) دەبووەوە، بۆیە هەمیشە

خەڵکە چاوکراوەکەی کورد بڕوایان بەوەبوو بتوانن دۆستایەتیی ئەو دەوڵەت و حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازانە دەستەبەربکەن و دۆزی کورد لە ئاستەنگەکان ڕزگاربکەن، ئەگەرچی سیاسەت بەرژەوەندییە و دەریشکەوت کەمپی سۆسیالیستیی بە زۆریی بەرژەوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندایە، ئەگەر کۆمەک یان هاوکارییەکیش کرابێ ئەوا هەنگاوێک دۆزی کوردی نەبردووەتە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکانە نائومێد نەبوون و بەردەوامبوون.

دوای ڕێکەوتنی پارتی لەگەڵ حکومەتی عێراقیی لە ئازاری ساڵی ١٩٧٠و هەڵوەشانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی و یەکخستنەوەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو لەسەرچاوەکاندا هاتووە لە ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ دەستەیەکی شەش کەسیی لە شاری بەغداد ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی- لینینی بیروباوەڕ ماوتسیتۆنگیان بەناوی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان دامەزراند.

کۆمەڵە لەئەنجامی شکستی سەرکردایەتی خێڵەکی و بورژوازیدا هاتەئاراوە، ئەو قۆناغە پێویستیدەکرد ئەو بۆشاییە بە بیری پێشکەوتووخوازیی و بەرنامەی شۆڕشگێڕیی و هەڵوێستی نوێ پڕبکرێتەوە.

کۆمەڵە لە قۆناغی دووەمدا دەستبەرداری بیروڕای ماویی بوو و هەوڵدرا بیریی نەتەوەیی لەگەڵ بیری چەپی مارکسیدا بگونجێنێ و خۆی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دابڕێ و لە ڕێگەی سەرکردایەتییەکی گەنجەوە، گەرچی کەمئەزموون بوون، بەڵام خەونی گەورەیان هەبوو، ئەرکی خەباتی کرێکاران و ڕەنجدەرانیان لەئەستۆگرتبوو.

هەر لەسەرەتاوە لەنێوان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر ململانێ لەسەر مەسەلەی کوردستانیبوون و عێراقیبوون سەریهەڵدا، دوای گفتوگۆیەکی زۆر هەندێک لەو ئەندامانە لەسەر ئەوەی دەبێ کۆمەڵە ڕێکخستنێکی عێراقییانە بێت جیابوونەوە و کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی کوردستانیی خۆی ناساند..

لە ساڵی ١٩٧٦یش لەئەنجامی ململانێی فیکری و ناکۆکی کەسیی

کۆمەڵەی مارکسی- لینینی ڕێکخراوێکی بچووکی وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لێجیابوویەوە، دواتریش ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕشی لێجابوویەوە.

کۆمەڵە هەر ڕێکخستنێکی ئاسایی و سەرپێی نەبوو، بەڵکو هەڵسانەوەی جوواڵنەوە و خەباتی سیاسیی بوو، ئەرکەکانی قورسبوون، چونکە وەکو ڕێکخراوێکی نهێنیی کاریدەکرد، کە پارتی دژی ئەوجۆرە ڕێکخستنە بوو، هەروەها حکومەتی عێراقیش ڕێگەی نەدەدا ڕێکخراوێکی چەپی وەکو کۆمەڵە بە ئازادیی کاربکات، ئەمە جگەلەوەی خەڵکیی سڵی لە مارکسیزم دەکردەوە.

وەکو دەوترێ ڕەوانشاد مام جەلال لە پشتی دروستبوونی کۆمەڵەوە بووە، هەندێکیش دەڵێن یەکەم سکرتێر بووە، بەڵام شەهید شەهابی شێخ نوری بە کردەیی یەکەم سکرتێری کۆمەڵە بووە و کاروبارە ڕێکخراوەییەکانی لەگەڵ هاوڕێیەکانیتریدا رادەپەڕاند، دوای شەهیدبوونی ئەو ڕەوانشادان: شەهید ئارام و نەوشیروان مستەفا بوونە سکرتێری کۆمەڵە.

کۆمەڵە بە کاوەخۆ دەستی بە کار و پەیوەندیی بە خەڵکانی خاوەن بیری پێشکەوتوو و هەڵوێستی نیشتمانییەوە دەکرد، لە زۆر شارەکانی کوردستان و بەغدادیش شانەی ڕێکخستنی پێکەوەدەنا.

دەزگا ئەمنییەکانی بەعس هەستیان بە بوونی کۆمەڵە کردبوو، بۆیە چاودێریی جموجوولەکانی دەکرا تا تواناییان هەندێک کادیر و ئەندامی کۆمەڵە بخەنەناو تۆڕی چاودێرییەوە و لەپڕێکدا کەوتنە گرتن و ڕاوەدوونانیان، لەوانەیە ئەمە پەیوەندیی بە هەڵەی هەڵسوکەوتەوە هەبێ کە گومانەدەکرا ئاشکرابن.

هەندێک لە سەرکردەکانیشی ڕێگای ئێرانیان گرتەبەر بەو نیازەی بگەنە سوریا و لەوێوە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری دەرەوە یەکبگرنەوە و بەرنامەی شۆڕش ڕێکبخەن، لە ئێران ئاشکرادەبن و دەگیرێن و دواتر بەپێی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان ئێران- عێراق رادەستی عێراق

دەکرێنەوە، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەوان: خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەریش لەوانەی پێشتر گیرابوون سزای لەسێدارەدان بەسەریاندا درا، ئەوانیتریشیان حوکمدران.

کۆمەڵە بەهۆی گرتنی ئەندامەکانی دووچاری دابڕان بووە، بەڵام دواتر ئەو دۆخە لەلایەن شەهید ئارامی سەرکردەوە چارەسەرکراوە و لە ڕێگەی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە کاروبارەکان بەڕێوەدەبران.

کۆمەڵە چەند کۆمیتەیەکی وەکو: هەڵمەت، ڕاپەڕین، زۆرابی هەبوو، دواتر لەشارەکاندا ڕێکخراو دروستکرا وەکو ڕێکخراوی: سلێمانی، هەولێر کەرکوک، بادینان و هیتریش.

کە شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەعس لەدوای تێکچوونی گفتوگۆی چوار ساڵە ساڵی ١٩٧٤ دەستیپێکردەوە بەشێک لە سەرکردە و کادیرەکانی کۆمەڵە چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە و لەوێ کاری ڕێکخراوەیی خۆیان دەکرد، کاتێک ئاشبەتاڵکرا هەوڵێک بۆ بەردەوامیی شۆڕش درا، بەڵام سەرکەوتوونەبوو، بۆیە بڕیاردرا هەموویان بۆ عێراق بگەڕێنەوە.

کۆمەڵە نەک هەر لەکوردستاندا هەبووە، بەڵکو لەناو جەرگەی بەغدادی پایتەختیشدا شانەی ڕێکخستنی هەبووە و چالاکیشی دژی ڕژێم کردووە، ئەمە جگەلەوە لە ئەوروپاش ڕێکخستنی هەبوو.

لەگەڵ دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆمەڵە بووە باڵێکی ناو یەکێتیی بگرە داینەمۆی سەرەکی دروستبوونی یەکێتیی بوو، یەکەم دەستەکانی پێشمەرگە ڕوویانکردە شاخ و دژی ڕژێمی بەعس وەستانەوە هی کۆمەڵە بوون.

کە کۆمەڵە چووە شاخ یەکەم خولی کادیران لەلایەن شەهید ئارام و شەهید ئازاد هەورامی بۆ هەندێ لە کادیرەکان کرایەوە بۆ شارەزابوون لە ئەرک و کارەکانیان لەو ژینگە نوێیە کە لادێیەکانە، ئینجا لە تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە و کاروبارە ڕێکخراوەیی و ئیداریەکانی ناو دەزگاکانی یەکێتیی وەکو: مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی عەسکەریی، ڕاگەیاندن، دارایی، هەرێمەکان، مەڵبەندەکان، تیپەکان بەپێی ئەو ڕێژەیەی

لەسەری پێکهاتبوون دابەشدەکرا، ئەمە جگەلەوەی کۆمەڵە بۆ خۆیشی سەرکردایەتی و سکرتێر و ناوەندیی و کەرتی ڕێکخستن و پۆل و شانەی سەرەکی و شانەی هەبوو.

کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی نوێی خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ کە عەقڵییەت و سەرکردایەتی کۆنی ڕەتکردەوە خەڵکێکی زۆری لە کرێکار، جووتیاری هۆشیار، گەنجانی خوێنەوار، ئەندازیار، مامۆستا، پزیشک، خوێندکار، کارمەند لەدەور کۆبوونەوە بەجۆرێک بە یەکێک لە ڕێکخراوە بەهێزەکان دادەنرا، کە زیندانەکانی ڕژێمی بەعس گەواهیی ئەوەدەدەن کە بەشێکی زیندانییە کوردەکان کۆمەڵە بوون، لەبواری پێشمەرگایەتیدا فەرماندە و پێشمەرگەیەکی زۆری شەهید و کەمئەندامبوون تەنانەت چەندین سەرکردەیشی شەهیدبوون، خوێندکارانیش لە ریزەکانی کۆمەڵەدا بوونێکی تایبەتییان هەبوو بەتایبەتی خوێنکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئامادەییەکان، هەروەکو ژنانیش لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و بوونەتە پێشمەرگەش، جگەلەوەی بەشێکی ژنان لە دایک و خوشک و خێزان و کچی پێشمەرگە و کادیرەکان لەلایەن ڕژێمەوە دەگیران و ماوەی زۆریان لە زیندانەکانی ڕژێمدا بەسەردەبرد.

کۆمەڵە لە شاخ سێ کۆنفرانسی کردووە، جگەلە سەرکردە و کادیرەکانی شاخ سەرەڕای چاودێریی دوژمن کادیر و ئەندامانێکی زۆریی شارەکانیش بەدەمامکەوە بەشداردەبوون و لەوانەش بە ئەندامی سەرکردایەتیی هەڵدەبژێران و دەبوونە پێشمەرگە و دەمامکەکانیان فرێدەدا.

ناوونابانگیی کۆمەڵە لەهەموو شوێنێکی کوردستاندا دەنگیدایەوە و خەڵکیی چاوی خستبووەسەر پێگە و توانای وەکو ڕێکخراوێکی چەپی نوێ کە بتوانێ خواستی چین و توێژە چەوساوەکانی کوردستان بەدیبهێنێ بەتایبەتی ڕۆڵی کۆمەڵە لەبواری پێشمەرگایەتیی و چالاکییەکاندا چ لە شاخ و چ لەناوشاردا، کە دەستی کاریگەریان لە دوژمن دەوەشاند هەمیشە هەستی خەڵکییان دەبزواند و بووبوونە جێئومێد بۆ ڕزگاریی کوردستان.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پیرستڕۆیکا و گلاسنۆستی گۆرباچۆف و

هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆفیەت کۆمەڵەش بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆی وەکو ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی ڕاگەیاند و لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێڕانی باڵەکەیتری ناو نیمچە بەرەی یەکێتیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان وەکو حیزبێک پێکهێنا.

کۆمەڵەی خوێندکاران

ئەم ڕێکخراوە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٦ لە کەرکوک دامەزرا، هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەوڵیداوە ڕێکخراوێکی پیشەیی چەپ لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی کۆمەڵەدا بۆ خوێندکاران دابمەزرێ.

کۆمەڵەی خوێندکاران وەکو سەنگەرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە کار و خەباتدا بوو، بە درکپێکردن بە ئەرکەکانیان دەجووڵانەوە تا ئامانجە ڕەواکانی خوێندکاران وەکو تویژێکی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر و مافەکانی گەلە چەوساوەکەمان دێتەدی، هەربۆیەشە کۆمەڵەی خوێندکاران لەیەککاتدا هەم ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران بوون وەکو لایەنە پیشەییەک هەم ئەندام ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش بوون وەکو لایەنە فیکری و سیاسییەکە.

ئەمەش هەوڵێکی تازەبوو لە دیدێکی جیاواز لە ناوەڕۆکی ڕێکخراوە قوتابییەکانیتر کۆمەڵەی خوێندکاران خۆی بۆ قۆناغێکی کار و خەبات لەڕووی بیروباوەڕ و ئامانجەکان ئامادەبکات.

چەند جارێک گۆڕان بەسەر ناوەکەیدا هاتووە، لەسەرەتاوە ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان و دواتر وشەی شۆڕشگێڕان لابرا بوو بە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، ئینجا ساڵی ١٩٨٠ بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان گۆڕا.

کۆمەڵەی خوێندکاران سەرەڕای کاری ڕێکخراوەیی و چالاکیی بەردەوام چەندین کۆنفرانسیان کردووە بۆ پیاچوونەوە بە کار و بەرنامەکانیان و

داڕشتنەوەی پێڕە و پرۆگرامی تازەیان لەبەر رۆشنایی هەلومەرجەکە و دیاریکردنی بەرپرسی نوێ بۆ ئۆرگانەکان.

کۆمەڵەی خوێندکاران لەهەموو ناوچەکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، بادینان لقی کردبووەوە بەتایبەتی لە پەیمانگا و زانکۆکانی سلێمانی دواتر سەلاحەدین، موسڵ، بەغداد پێگەی باشیان هەبوو، کاریگەرێتییان دروستکردبوو.. تەنانەت گۆڤارێکی وەرزیشیان دەردەکرد.

لەهەموو شۆڕشەکاندا خوێندکاران لە پێشەوەی کاروانی کارکردندا بوون و ئەرکە گرنگەکانی سەرشانیان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکیی بەجێگەیاندووە، بۆیە خوێندکاران هەمیشە لە ئاستێکی بەرزدا بەشداریان لە کۆڕی خەباتی رێکخراوەییدا کردووە وەکو پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگریدا بوون دژی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

خوێندکاران هەمیشە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعسەوە بە تووندیی چاودێریی جموجوولّەکانیان دەکرا، زۆرجار بەهۆی کار و چالاکیی و خۆپێشاندانەکانیانەوە دەکەوتنەبەر شالّاوی گرتن و ڕاوەدوونان، هەندێکیان دەگیران و تالّاوی زیندان و لێدان چوونەتەبەر پەتی سێدارە یان حوکمدەدران، بازێکیشیان دەربازدەبوون و دەبوونە پێشمەرگە و لە شەڕی ق شەهید بوو کە سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران بوو یەکەم شەهیدی خوێندکارانە، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە زۆر لە خوێندکارە بەرچاوەکان نەیانتوانیوە پرۆسەی خوێندن تەواوکەن و ئەو هەلەیان لەدەستچووە.

سەرباری ئەو هەموو ئاستەنگانەی کۆمەڵەی خوێندکاران تووشیانبووە هەرگیز کۆڵیانناداوە و بەردەوامبوون لەسەر کار و چالاکیی رێکخراوەیی خۆیان و لاپەڕەیەکی گەشی شانازییان لە مێژووی بزاڤی رێکخراوەیی و سیاسیدا نووسیوەتەوە.

کۆنفرانس

کۆنفرانس واتە کۆبوونەوەی فراوانی حیزبێک یان رێکخراوێک.. لە هەندێ حیزب و رێکخراودا کۆنفرانس بەرزترین دەسەڵاتە کە مافی بڕیاردانی گۆڕانکاریی لە پەیکەری حیزبی و رێکخراوەییدا هەیە.. هەر لایەنێک بەپێی بەرنامەی خۆی ماوەی بەستن، ڕۆژانی کۆنفرانس، ژمارەی بەشدارانی ئۆرگانەکانی خوارەوە، دانانی پێڕەو و پرۆگرام، تاوتوێکردنی هێڵی ستراتیژ و سیاسەتی رێکخراوەیی، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ بڕیاردەدات.

لەڕابردوودا حیزب و رێکخراوە کوردییەکان لە بارودۆخی دژواردا بە نهێنیی و بە شاراوەیی و لە ناوچەیەکی دوورەدەست کۆنفرانسیان دەبەست، بەهۆی چاودێریی دوژمنەوە ئەرکێکی قورس و مەترسیداربوو، بەڵام خەڵکە دڵسۆزەکان بەناو دڕکوداڵی ترسدا دەگەیشتە شوێنی مەبەست.

سەرەتا کۆنفرانسی ناوچەیی لەخوارەوە دەکرا و نوێنەرەکانی کۆنفرانسی باڵا هەڵدەبژێردران تا لەوێ لەکۆبوونەوەکاندا گفتوگۆ لەسەر بڕگەکانی کۆنفرانس بکەن و هێڵی ڕاستی فیکری رێکخراوەکە و سەرکردایەتی نوێ هەڵبژێرن و گرفتە رێکخراوەییەکان یەکلابکرێنەوە.

لەکۆنفرانسدا قسە لەسەر گیروگرفتەکانی ناو حیزب و سەرکردایەتی دەکرا و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرا، بەڵام زۆرجار قاچوقولی گیروگرفتەکان لە قوڕی ململانێکاندا دەچەقی و مشتومڕی توند سەریهەڵدەدا، لەناو هۆڵی کۆنفرانسدا بۆچوونی جیاواز پەیدابوو، بگرە هەندێجار ژێڵەمڕی ناکۆکییەکان دەردەکەوت، گفتوگۆی رەق دەکرا دەبووە مایەی دوورکەوتنەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی کۆنفرانسی نەدەبەست، بەڵکو هەردوو باڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی

کوردستان کۆنفرانسیان دەبەست.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان سێ کۆنفراسی بەست لەوانە: کۆنفرانسی یەکەم لە مانگی ١٩٨١/٥ لە مالیمۆس ١٨٥ ئەندام بەشداریکردبوو، کۆنفرانسی دووەم لە مانگی ١٩٨٢/٨ لە ناوزەنگ ٢٢٢ ئەندام ئامادەبوون، کۆنفرانسی سێیەم لە مانگی ١٩٨٤/٧ لە مێرگەپان بە ئامادەبوونی ٥٨٧ ئەندام.

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش کۆنفرانسی یەکەمی لە مانگی ١٩٨٣/٨ لە دێی خەتێ بەست، کۆنفرانسی دووەمی لە مانگی ئابی ١٩٨٤ لە کانیسێو بەست.

کونە تەیارە/ پەناگە

هەرکە کورد شۆڕشی کردووە و پێشمەرگە لە هەر قۆناغێکدا بۆ داوای مافی نەتەوایەتیی رووبەڕووی ڕژێمی عێراقیی بوونەتەوە، ئەو ڕژێمانە بەهەموو چەکە جۆراوجۆرەکانەوە لە پێشمەرگەیان داوە، لە دێهاتەکان و دانیشتووانەکانیان داوە بەتایەتیی لە شۆڕشی ئەیلول بە فڕۆکەی جەنگیی و کەمتر بە هەلیکۆپتەر، لە شۆڕشی نوێدا کەمتر بە فڕۆکەی جەنگیی و زۆرتر بە هەلیکۆپتەری جەنگیی جۆراوجۆر.

کاتێ کە فڕۆکەکان و هەلیکۆپتەرەکان لەشەڕەکاندا بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە دەهاتن و لەئاسمانەوە بە ئارەزووی خۆیان بۆمبیاندەهاوێشت یان تەقەیاندەکرد لەهەمانکاتدا دەستێکیان بەدێهاتەکانیشدا دەهێنا و خەڵکیی و ئاژەڵیشیان دەکردە ئامانج، زیانی زۆریان دەدا.

کاتێ کە شەڕی دێهات هاتەکایەوە، ئیتر پێشمەرگە لەناو ماڵ و خانووەکاندا بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن دەبوونەوە و شەڕیان لەگەڵ دەکردن، ئەمەش شێوازێکی نوێی شەڕی پێشمەرگە بوو، پێشمەرگە بە باشیی دەستیاندەوەشاند و نەیاندەهێشت دوژمن بێتەپێشەوە و لەدواییدا پێشمەرگە سەردەکەوتن! بەڵام زیانی گیانی بە خەڵکیی دەگەیشت،

خانووبەرەیان دەڕووخا، ئاژەڵ و ماڵاتیان دەکوژرا.

لەمبارەدا خەڵکی دێهاتەکان بۆ پاراستنی گیانی خۆیان کونەتەیارەیان دروستەدکرد تا بەبێ زیان بمێننەوە، هەر ماڵێک لەعاستی خۆیەوە زەوییان هەڵدەدڕی و چاڵیاندەکرد و بە داروپەردوو و خۆڵ سەریاندەگرت تا بیانپارێزێ لە گوللە و پرشی تۆپ و بۆمبا و شەستتیری فڕۆکە.

ئەگەر خەڵکی دێهاتەکان ئەوەیان نەکردایە زیانی زۆریان بەردەکەوت لە کوشتن و بریندارببوون، کە پزیشک و نەخۆشخانە یان تیمارگەش نەبوو یان دووربوو دەستیان نەدەگەیشتێ و نەشیاندەتوانی بچنە شارەوە لەوێ دەزگا ئەمنییەکان دەیانگرتن.

چونکە بە زۆریی بارەگاکانی سەرکردایەتیی و بارەگای مەڵبەندەکان و هەندێ لە تیپەکانیش فڕۆکەی جەنگیی و کۆپتەر دەهاتەسەریان و بۆردووومانیاندەکرد، لەبەرئەوەی هێزی پێشمەرگە چەکی بەرگریی ئاسمانییان نەبوو ناچار لە دەوروبەری بارەگاکانیان کونەتەیارەیان دروستەدکرد، هەرکە گوێیان لە دەنگی فڕۆکە یان کۆپتەر دەبوو خۆیان دەخستەناو کونەتەیارەکانەوە.

کاتێ کە شۆڕش لە شەڕەکاندا دۆشکەیان دەگرت یان لەو چەکانەی ئێران بە یەکێتیی دایەوە بڕێک دۆشکە یەکلوولە و دووللوولەی تیابوو ئەوانە لە نزیکی بارەگاکان دامەزران بۆ بەرگریکردن و تەقەکردن لە فڕۆکە و کۆپتەرەکان تاکو نەتوانن نزیکببنەوە و ئامانجەکانیان بە باشیی بپێکن، بۆیە کونەتەیارە بیرۆکەیەکی باشبوو بۆ خۆپاراستن لەهەر پەلامارێکی هێزەکانی دوژمن بەتایبەتیی فڕۆکە و هەلیکۆپتەری جەنگیی.

کۆمیتەی هەرێمەکان

لەسەر کۆمیتەی هەرێمەکان قسەی جیاواز هەیە: ئەرسەلان بایز لە کتێبی (ڕۆژانی سەخت) دەڵێ ئەو و ئەبو شەهاب و شەهید ئازاد هەورامی و عوسمانی نانەوا کۆمیتەی هەرێمەکانیان دروستکردووە و بەیانێکیان بۆ ورەبەرزکردنەوەی هاوڕێکانیان نووسیوە و بیگەیەننە سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە چووبوونە ئێران.. ئەگەر ئەمە وابێ ئەوا ماوەیەکی کەم لەکاردا بووە و پێڕانەگەیشتوون هەموو ڕێکخستنەکان بەسەربکەنەوە.. قسەیەکیتریش هەیە کە شەهید ئازاد هەورامی، شەهید عەبدولڕەزاق، برایم جەلال، ئەبو شەهاب، ئەحمەد کرێکار، حەمیدی گومرگ کۆمیتەی شارەکانیان دروستکرد بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی هێڵە پچڕاوەکان، لەهەمانکاتدا دوای ڕۆیشتنی سەرکردەکانی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان بۆ ئێران و دەستگیرکردنیان، لەلایەن شەهید ئارام و هاوڕێکانیەوە کۆمیتەی هەرێمەکان دروستکرا، تواناییان فریای گیرسانەوەی ئەو بارودۆخە بکەون و ریزەکانی ڕێکخستنەکان لە شپرزەیی دەربازبکەن و ڕێکیانبخەنەوە و یەکەم دەستە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەش بنێرنە دەرەوە بۆ دەستپێکردنەوەی خەبات، هەرچەندە لەنێوان ئەم دوو کۆمیتەیەدا ناکۆکیی هەبوو، بەڵام کارەکەی شەهید ئارام سەریگرت و لەدواییشدا هەردوو کۆمیتەکە یەکیانگرتەوە.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) باسی ئەوەدەکات شەهید ئارام هەر زوو هەوڵێکی زۆری بۆ گرتنەوەی پاشماوەی ڕێکخستنەکان دا، کە کۆمیتەی هەرێمەکان لە سالار، عادل، مەلا بەختیار، عەبدولڕەزاق پێکهێنابوو.

فەرەیدوون عەبدولقادر لە کتێبی (هەڵۆ سوورەکانی قەندیل) ئاماژە بەوەدەکات دوای ڕۆیشتنی ئەوان بۆ ئێران شەهید ئارام و هاوڕێکانی کۆمیتەی هەرێمەکانیان دروستکردووە و توانیویانە جڵەوی کاروبارەکانی

کۆمەڵە بگرنەدەست.. قسەیەکیتریش دەکرێ دوای رۆیشتنی خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی بۆ ئێران بۆ دەربازکردنی ڕێکخستنەکان لە شیرازە پچڕان وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سەرکردایەتیی کۆمیتەی شارەکان دروستکرا.

هەواڵی ئەو گۆڕانکارییانە دەگاتە هاوڕێان زیندان، فەرەیدوون عەبدولقادر بەو هاوڕێیانەی لە زیندان سەردانییانکردوون دەڵێ: نابێت دوو کۆمیتە هەبێت دەبێت، هاوکاری ئارام و مەلا بەختیار و هاوڕێکانیان بن.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) باسی ئەوە دەکات هەرچەندە ئەوان کۆمیتەی هەرێمەکانیان دروستکردبوو لە ژیانی سیاسیدا کەم تەجروبە و لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بێتەجروبە بوون، گەنجی نەناسراو بوون و هەموویان ناوی خۆیان گۆڕیبوو، هەریەکەیان مەفرەزەیەکی کەمیان لەگەڵبوو زۆریان بێچەکبوون.

هەندێ لەو قسانە ڕاستییان تێدایە، بەڵام بە گشتیی ئەو گەنجانە توانییان گیان بە بەر ڕێکخستن و شۆڕشدا بکەن و گۆڕەپانی خەبات گەرمبکەنەوە.. خەبات و شۆڕشیش هەر خەڵکی گەنج کردوویەتی و وردەوردە ئەزموونیان پەیداکردووە، نەک ئەوە بگرە خەڵکێک زۆر لەو گەنجانەی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوون لە دەستپێکردنەوەی شەڕی ١٩٧٤ تا ئاشبەتاڵ پێشمەرگە بوون و لە دامودەزگا پێشمەرگەیی و ڕێکخستن و کارگێڕییەکاندا کاریانکردبوو.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن) ئاماژە بەوەدەکات ئەوانەی کۆمیتەی هەرێمەکانیان پێکهێنابوو حەزیان لە چارەی هاوڕێیانی زیندان نەدەکرد، ئەوانەی لە زیندانیش ئازادکرابوون حەزیان لە چارەی ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان نەدەکرد.. ئەم حەزلێنەکردنە پێوەندیی بە ململانێی دەسەڵات و ئەو ڕەخنانەی لە یەکترییان دەگرت هەبوو! بەتایبەتی ئەو وتارەی لە گۆڤاری ژمارە شەشدا بڵاوکرابووەوە، کە ڕەخنەکەی مەلا بەختیار لەجێی خۆیدابووە ئەگەر مەبەستی شکاندن نەبووبێ، لە کاتی خۆشیدا داوای لێبوردنی کردووە.

کەرتی ڕێکخستن

کەرتی ڕێکخستن یەکێک لە پێکهاتەکانی پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، کە لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەدا بڕیاری دروستکردنی درا.. چەند کەرتێکی ڕێکخستن ڕێکخراوێکیان پێکدەهێنا.

کەرتی ڕێکخستن لە سنووری جوگرافیی قەزادا کاریدەکرد و هەر کەرتێکیش چەند پۆلێکی هەبوو، کە پۆلەکان لە سنووری ناحیەکاندا کاریاندەکرد.. هەر کەرتێکی ڕێکخستن لێپرسراوێکی هەبوو کە ئەندامی ڕێکخراوی کۆمەڵە بوو، چەند ئەندام کەرتێکیشی هەبوو، ئەندام کەرتەکان سەرپەرشتیی پۆلەکانیان دەکرد، پۆلەکانیش سەرپەرشتیی چەند شانە و شانەیەکی سەرەکیی دەکرد.

کاری کەرتی ڕێکخستن بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنەکانی دێهاتەکان و ئەوانەی ناو شار و شارۆچکەکان بوو، پەیداکردنی ڕێکخستنی نوێ بۆ ریزەکانی کۆمەڵە و هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنیان بوو بەپێی پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

کەرتی ڕێکخستن هەم لەناو پێشمەرگەدا لە سنووری تیپدا پۆلێکی هەبوو هەم بەپێی ناحیەکان یان پێویستیی بوونی پۆل چەند پۆلێکی هەبوو، جگەلەوە پێوەندیی بە ڕێکخستنی ناو شاریشەوە هەبوو.

کادیرەکانی کەرتی ڕێکخستن سەرەڕای ئەنجامدانی کاروباری ڕێکخستن لە چالاکی و شەڕەکانیشدا بەشداریاندەکرد و ڕۆڵی باشیان دەنواند لە لێدانی دوژمن و هێزەکانیدا، دەیان کادیری ڕێکخستن گیانیان لەپێناوی نیشتماندا گیانیان بەختکردووە.

کلاوکردنەسەر

کلاوکردنەسەر جۆرە گالتەکردنێکە لە ژیانی کۆمەلایەتیدا لەهەموو سەردەمەکاندا لەناو خەلکیدا کراوە بۆ خۆشیی و سوعبەت و کاتبەسەربردن.. یەکێک لەو کلاوانەی کە بایەخی پێدراوە و خەلکیی خۆیان مەلاسداوە لەو ڕۆژەدا کلاوبکەنەسەر هاوڕێ و دۆستەکانیان ڕۆژی یەکی نیسان بووە، ئەم کلاوکردنەسەرەی ڕۆژی یەکی نیسان زۆرتر لە شارەکان باوبوو.

یەکی نیسان بە ڕۆژی درۆش ناودەبرێ، کە خەلکە عاشقەکانی کلاوکردنەسەر پەنیان بە خەلکیی دەدا بەوەی درۆیەکیان هەلدەبەست وەکو کلاو دەیانکردەسەری ئەو کەسانەی دەکەوتنە داوەوە بەتایبەتی کەسانی خۆشباوەڕ کە زوو تێدەکەوتن.

جاری وابووە کلاوکردنەسەر بووەتە هۆی تووڕەبوون و دلشکان کاتێ کاریگەرێتیی نەرێنیی لای بەرانبەر دروستدەکرد، دلی دادەخورپا، تێکدەچوو، دەپەشۆکا تا هێوردەکرایەوە ئەوە کلاوبووە و راستنییە!

زۆر کەسیش بە ئاسانیی نەدەکەوتنە داوی کلاوکردنەسەرەوە، چونکە هەمیشە بە گومانبوون و لە نیازی ئەوانە تێدەگەیشتن و بەرنامەی کلاوکردنەسەرەکەیان پووچەلکردووەتەوە.

لەپێشمەرگایەتیشدا ئەمجۆرە گالتەکردنە دەکرا بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی حەزیان بەو بەزمە هەبوو بەرانبەر بەو کەسانەی تازە بۆ پێشمەرگایەتیی دەهاتن، کە بیانزانیبا کەسەکە سادە و خۆشباوەڕە، وایدەزانی ئەوە ڕاستییە، وەکو یاری ڕاوەژێژک یان بووک و زاوا ئاسانترین جۆری کلاوکردنەسەرەکان بوو.. ئیتر کلاوکەرەسەر چێژی لەو بەزمە وەردەگرت و شتەکە بلاودەبووە تا کەسی کلاوچووەسەر تێدەگەیەنرا ئەوە گالتەبووە ماوەیەک پێیەوە رایاندەبوارد و کابراش کاس و دۆشداماو بگرە خەمباریش دەبوو چۆن بووەتە مەزەی فشقیات،

هەندێکیش بە ئاسایی وەریاندەگرت و خۆیشیان دەکەوتنە پێکەنین و لەملاولا باسیاندەکرد.

ئەم سوعبەتکردنە شەوانە لە زۆر لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا دەکرا، نەک تەنیا لەناو پێشمەرگەکاندا بەڵکو لەناو کادیر و بەرپرسەکانیش بەشداریپێاندەکرد، ماوەیەکی باش بە کەیف و خۆشییەوە بەسەردەبرا.

کیمیاباران

کیمیاویی چەکێکی کوشندەیە، ئامرازێکە بۆ قەڵاچۆکردنی بەئەنقەستی مرۆڤ بە تاک یان بە کۆ چ خەڵکی سڤیل یان هێزی سەربازیی.. کاریگەریی ئەم چەکە یەکسەرییە یان تووشبووەکەی دەکوشت یان بە سەختیی بریندارییدەکرد هەتا مردن بەئازارەکانیەوە دەینالاند.

هەر لەکۆنەوە چەکی کیمیاویی لەشەڕدا بەکارهێنراوە بەتایبەتی لە شەڕە گەورەکاندا لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە.. عێراقیش کە سەدام هاتەسەر حوکم چەندین جۆر هێزی دروستکرد، بە پارەی نەوت عێراقی پڕچەککرد، هێزی سوپاکەی بەهێزکرد، یەکێک لەو چەکانەی لە دەرەوە هاوردەیکرد جۆرە جیاوازەکانی چەکی کیمیاوی بوو بەتایبەتی: خەردەل، سیانید، ڤۆسجین، تابوون.. هتد، بەکارهێناوە.

سەدام بۆیدەرکەوت لە بەرەکانی شەڕدا چاری هێزەکانی ئێران ناکات لە زۆر شوێن چەکی کیمیاوی بەکاردەهێنا تا وردەیەک بە هێزە ماندووەکەی بدات و هێزەکانی دوژمنیش بشکێنێ، زۆرجار ئەو کیمیاوییە زیانی زۆری لە هێزەکانی خۆیشی دەدا.

لەئاستی جیهانیدا زانیاریی هەبوو کە عێراق دژی ئێران لە زۆر شوێنی بەرەکانی شەڕ

چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە.. تەنانەت حکومەتی بەریتانیا بە بەڵگە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەلایەن عێراقەوە سەلماندووە، هەرچەندە

ئێران لەڕاگەیاندنەکانیدا ئەوەی بڵاودەکردەوە کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی هێزەکانی بەکارهێناوە، دنیای دەرەوە کە هاوکاری سەدام بوون خۆیان کەڕدەکرد.

کاتێ کە هێزی پێشمەرگە لەشەڕەکاندا تەنگی بە هێزەکانی عێراق هەڵدەچنی، عێراق چەکی کیمیاویی چ بە فڕۆکە یان بە تۆپباران دژی خەڵکی سڤیلی دێهاتەکان و پێشمەرگەش لە بەرەکانی شەڕدا بەرکاردەهێنا.. زۆر ناوچە و دێهات بەر مەترسیی ئەو چەکە کەوتن وەکو: دۆڵی جافەتی، دۆڵی مەرگە و بالیسان، دۆڵی ئاکۆیان، شاناخسێ، گۆپتەپە، ناوچەی قەرەداغ و سێوسێنان، دۆڵی هیران و نازەنین، دۆڵی سماقولی، عەسکەر، وەرتێ، دەڤەری بادینان، گەرمیان، تڕۆپکی ئەو تاوانە لە شاری هەڵەبجەدا بوو.. هتد.

ئەگەرچی چەکی کیمیاویی بە چەکی کۆکوژیی و بەکارهێنانی بە تاوانی جەنگ دادەنرێت و قەدەغەکراوە، بەڵام دەوڵەتان هەر بەرهەمیدەهێنن و دەیفرۆشن.

خەڵکی کوردستان و تەنانەت هێزی پێشمەرگە بە کەمیی نەبێ هیچ ئامرازێکی خۆپاراستنیان نەبوو وەکو لەدنیادا هەیە تەنیا هەندێ ڕێنمایی سەرەتایی لەلایەن تیمە پزیشکییەکانی پێشمەرگەوە بڵاودەکرایەوە وەکو سەرکەوتن بۆ بەرزایی، بەکارهێنانی پەڕۆی تەڕ، دوورکەوتنەوە لە شوێنی کیمیاویی لێدراو، ماسک بەکارهێنان کە نەبوو، کەسی تووشبوو دەرزی دژی کیمیاویی لێبدات.. هتد.

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکاندا ڕۆڵی هەبوو، لە نەخۆشخانەکانی شۆڕشیش لە: بەرگەڵوو، بالیسان، سێوسێنان، مێوڵی و شوێنەکانیتریش تیمەکانیان فریای تووشبووان دەکەوتن و چارەسەری پێویستیان دەکرا.

ساڵی ١٩٨٧ کە چالاکیی پێشمەرگە زۆربوو، شوێنە سەربازییەکانی بەعس دەکەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، بەعس بە چڕیی کەوتە بۆردوومانکردن و تۆپبارانکردنی دێهاتەکان و بەرەکانی شەڕی پێشمەرکە

لە ناوچە جیاجیاکان بە گازی کیمیاویی جۆراوجۆر، خەڵکێکی سڤیلی زۆری بێتاوان شەهید و برینداربوون، جگەلە بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو دێنشینانداا، چونکە ئەم چەکە کۆکوژە، چارەسەریشی بە ئاسانیی دەستنەدەکەوت!

جگەلە زیانگەیاندن بە مرۆڤ زیانی زۆریشی بۆ سروشت و ژینگە و ئاژەڵیش هەبوو تا ئێستاش شوێنەواری هەر ماوەتەوە.

چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەبارەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاویی کراوە، بەڵام بڕیارەکانی وەکو پێویست جێبەجێنەکراوە و کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان هەر بەردەوامن لە دروستکردن و فرۆشتنی.

ئەگەرچی بە دیکۆمێنت لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەلایەن عێراقەوە یادداشت لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقەوە گەیەنرایە رای گشتیی دەوڵەتان، هیچ کاردانەوەیەکی دروستنەکرد، چونکە زلهێزەکان خۆیان ئەو چەکەیان پێدەفرۆشت و خۆشیان لەشەڕەکەدا پشتیوانەی بوون.

گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە

ڕژێمی بەعس هەموو ڕێگایەکی دەگرتەبەر دژی کورد و شۆڕشەکەی، بەتایبەتی گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە و زیندانیکردنیان لە بەندیخانە پیس و بۆگەنەکان، وایدەزانی بەوە دەتوانێ هێزی پێشمەرگە بڕووخێنێ.

بە زۆریی کەسوکاری پێشمەرگە کە لە شارەکانی خۆیان دەگیران دواتر دووردەخرانەوە و ڕەوانەی بەندیخانەی فەزلییەی بەغداد دەکران..

بەعس نەک هەر پیاو، بەڵکو ژن و منداڵ و تەنانەت ژنی سکپڕیشی دەبرد، کەسانی نەخۆش و دەردەداریشی دەگرت.. هەموو ئەمە بۆ گوشارخستنە سەر پێشمەرگە تاکو بگەڕێنەوە و واز لە پێشمەرگایەتیی بهێنن.

ئەوانەی دەگیران لە بارودۆخێکی ناهەموار و ژیانێکی نائاسوودە و

بێخزمەتگوزاریی و لە کەشێکی ناتەندروست و نالەباردا دەگوزەران، بەڵام ئەو هەموو پەتپەتییەی دوژمن وڕەی نەدەڕووخاندن و بەرگەی هەموو دەردەسەرییەکانیان دەگرت.

گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە لای هەندێک کاریگەرێتی دروستەکرد و ناچاریدەکردن بۆ ئازادکردنی کەسوکارەکەیان چەکدابنێن و واز لە پێشمەرگایەتیی بهێنن و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەمە زۆر بە کەمیی ڕوویدەدا، زۆر پێشمەرگە کەسوکاری لەزیندانەدا مردووە هەر ملینەداوە خۆیان رادەستی دوژمن بکەن، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی و چارەنووسی کوردیان بەلاوە گەورە و گرنگتربووە وەکو بەرەنگاربوونەوەیەک هەر لە سەنگەری بەرگریدا بەردەوامبوون.

لەهەمانکاتدا هەڵوێستی کەسوکاری پێشمەرگەکان لەو ژیانە تفتوتاڵەدا زۆر قارەمانانە بووە، زۆر ئاساییبووە بەلایانەوە لەو زیندانە تاریکانەدا بمێننەوە چون پێشمەرگەکەیان ڕێگای سەربەرزیی گرتووە، لەپێناوی ئازادی نیشتماندا خۆی بەختدەکات و شانازی بەوەوەدەکەن.

ڕۆڵی ئەو کەسوکارە گیراوانەی پێشمەرگە لە ڕۆڵی پێشمەرگەکان کەمترنەبووە، پێشمەرگە لە سەنگەرێکی ئازاد و والادا روبەڕووی دوژمن بوونەتەوە ئەوانیش لەناو چواردیواری زیندانێکی ڕەقوتەقدا قەتیسبووبوون و بەرگەشیاندەگرت.

کە پێشمەرگەیەک خۆی رادەستکردووە تا کەسوکاری بەربدرێ کەسوکارەکەی بەخەمباریەوە هاوزیندانییەکانیان بەجێدەهێشت و حەزیان بەوەنەبوو کوڕەکەیان گەڕاوەتەوە و ئەو شانازییەیان پێنە بڕێت.

ئەوەش قۆناغێکی سەختبوو لە ژیانی کەسوکاری پێشمەرگە، کە ئەوە هیچ کەڵکێکی بە دوژمن نەگەیاند ئەمجارە دەستیکردە دەرکردنی کەسوکاری پێشمەرگە بۆ سنووری ناوچە ئازادکراوەکان، بە دەیان خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکان دەردەکران و بۆ لای پێشمەرگەکان دەنێردران.

گرتنی بێگانە (ئەندازیاری بیانی)

دەنگی شۆڕشی کورد نەدەگەیشتە دەرەوە، بەعس هەموو دەر و دەروازەکانی تەندبوو نەیدەهێشت ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندکاران بگەنە لای پێشمەرگە و هەواڵی شۆڕش بگەیەننە دنیای دەرەوە، باشترین ڕێگایەک گرتنی ئەو بیانییانە بوو کە هاتبوونە عێراقەوە بۆ کارکردن لەپڕۆژەکاندا، ئەمەش لە دوو سەرەوە سوودی هەبوو:

– دنیای دەرەوە ئاگادارەبوون لەوەی لەعێراقدا شۆڕش دژی ڕژێمی بەعس هەیە و بارودۆخی ناوخۆی عێراق ئارام و ئاسوودەنییە.

– لەبەرانبەر ئازادکردنی ئەو بیانییانەدا دەوڵەتی خاوەن بیانییەکان دەکەوتە گفتوگۆوە و شتەکە بڵاودەبووەوە و لەوانەشە هەندێ دەستکەوتی مادیی چەک و پارەی تێدابوایە.

گرتنی بیانییەکان وەکو بارمتە بوو نەک بۆ ئازاردان و سزادان، بەڵکو ڕێزیان لێدەگیرا و بە جوانیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵا دەکرا تاکو دوای ئازادکردنیان وێنەیەکی جوانی ڕەفتاری پێشمەرگە و کورد بگەیەنن بە وڵاتەکانیان کە دوای گەڕانەوەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵا دەکرا.

عێراق گرتنی بیانییەکانی لەڕاگەیاندنەکانیدا دەشارەدەوە و بڵاونەدەکردەوە، بگرە هەر باسیشی نەدەکرد و هێزی سەربازیی زۆری بۆ دەبازکردنیان دەنارد.. ئەگەر ئەو بیانییانە هی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان بوایە وڵاتەکانیان لەسەریان هەڵیاندەدا، ئەگەریش ئەو گیراوانە سەربە کەمپی ڕۆژاوا بوونایە ئەو کارەیان بە تیرۆریستیی دادەنا لەگەڵ ئەوەشدا لەژێرەوە دەکەوتنە دانوستانەوە بۆ ئازادکردنیان.

ئەمە قازانجی بۆ شۆڕش هەبوو، ئازادکردنی ئەو بیانییانە دەبووە هۆی دروستکردنی پردی پێوەندیی و دۆستایەتیی و پاڵپشتیی بۆ کورد، ئەگەرچی هەموو دەوڵەتە زلهێزەکان بە وردیی ئاگاداری بارودۆخی

عێراق و کورد بوون و زانیاریی باشیان هەبوو.

چەندینجار و لە چەندین شوێن پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵیانداوە دەستیان بگاتە بیانییەکان و بیانگرن و رەوانەی سەرکردایەتییان بکەن، هیچ جارێکیش ڕوویندەداوە بێڕێزی بەرانبەر بە بیانییەکان بکرێ بەپێچەوانەوە بە جوانیی رەفتاریان لەگەڵ کراوە و بەڕێزەوە ئازادکراون و ئەمەش تاڕادەیەک کاردانەوەی باشی هەبووە.

بگرە لە دەرچوونی هێزەکانی ڕژێم بۆ دۆزینەوەی بیانییە گیراوەکان جاری وا بووە شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزەکانی دوژمندا کراوە و پێشمەرگەکان هەوڵی پاراستنی بیانییەکانیان داوە تا تووشی هیچ نەبن و بە پارێزراویی بمێننەوە، کەچی پێشمەرگەکان شەهید و بریندارەبوون و بیانییەکان سەلامەتبوون.. یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی گرتنی بیانیی مامەڕیشەی قارەمان (٩) کەسی بیانیی لە چەمی باسەڕە گرتبوو، گەیاندبوونیە دیوی قەرەداغ بۆ هەرێمی پێنجی قەرەداغ، حکومەتی عێراق بۆ گەڕان بەدوایاندا هێزێکی زۆری سوپا و هەلیکۆپتەری بەکارهێنا.. لەئەنجامی هەڵەیەکی پێشمەرگەکان کە ئاگریان کردبووەوە و دووکەڵ بەرزبووەوە ئاشکرابووبوون، دوژمن بە هەلیکۆپتەر بە تۆندیی لێیاندەدا (٦) پێشمەرگە و فەرماندە شەهید و بریندارەبن، بیانییەکانیش لێیان بریندارەبێ.. ئیتر بەرپرسانی هەرێمی پێنجی قەرەداغ ناچاردەبن بۆ پاراستنی بیانییەکان ئازادیانبکەن.

گفتوگۆ (مفاوضات)

گفتوگۆ دانیشتنی دوو لایەنی ناکۆک و دژ بەیەکە بۆ گەیشتنە چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی نێوانیان لە ڕێگەی دیبلۆماسی و زۆرجاریش بە ناوبژیوانیی و پێوەندی و دەستپێشخەریی لایەکیان دەبێ.. گفتوگۆ هونەرە و فەزای تێگەیشتن لەبەردەم لایەنەکاندا والادەکات تا گرێکوێرەکان بکرێتەوە، کە هەر لایەک دەبێ لە هەندێ لە داخوازییەکانی

دەستەهەڵبگرێ.

گفتوگۆ لە ڕێگەی تیمەوە دەبێ جا ئەو تیمە لە چی ئاستێک و چی ژمارەیەک و لەکوێ دانیشن ئەوە بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو لا دەبێ و دەبێ ئەو کەسانە شارەزا و لێهاتوو و شایستە و بەئاگابن لە هونەری گفتوگۆ و ئەتەکێتیی دواندن و وتن و درک بە پشتی پەردەی دەمەتەقێکان بکرێ.

هەر لایەک دەبێ ئەویتری بەرانبەر باش بناسێ و هەڵیسەنگێنێ تا بزانێ داوای چی لێدەکرێت، چۆن لایەنی بەرانبەر ناچاردەکرێ بۆ تەنازول و ڕێککەوتن، دەبێ گوێگرتن و پرسیار و پێشنیار و وەڵام بەوریاییەوە بکرێ و دڵفراوانی و توانایی و زیرەکیی بۆ سەرکەوتن بگیرێتەبەر.

گفتوگۆ جۆری زۆرە وەکو گفتوگۆی نێوان دوو دەوڵەت، گفتوگۆی نێوان دەوڵەت و هێزی دژە دەوڵەت (شۆڕش)، گفتوگۆی نێوان دوو حیزب، گفتوگۆی نێوان دوو هۆزی ناکۆکی شەڕکەر، گفتوگۆی نێوان دوو بنەماڵە..

گفتوگۆ یان ڕاستەوخۆ لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دەکرێ یان لایەنی سێیەم وەکو ناوبژیکەر دەچێتە نێوانەوە و زەمینەی گەیشتن بەیەک و دانیشتن و قسەکردن لەبارەکات بۆ پێکهاتن.. هەندێکجاریش لایەنی شۆڕش بە نهێنیی و لەژێرەوە داوای گفتوگۆی لە ڕژێم کردووە، هەندێکجاریش ڕژێم لە ڕێگەی کەسایەتییەکی حیزبێکیتر یان کەسێکی کۆمەڵایەتی داوای گفتوگۆی کردووە.

لەکوردستاندا دووجۆر گفتوگۆ هەبووە:

- گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش- ڕژێمی عێراقی
- گفتوگۆی نێوان لایەنەکانی ناو شۆڕش لە شاخ.

کورد چەندینجار لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان گفتوگۆیکردووە و ڕێککەوتوون و دواتر جارێکیتر بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی تێکچوونەتەوە و بەربوونەتەوە یەکتریی.. هەندێکجار دوژمن بۆ خەریککردنی لایەنی شۆڕش خەڵکی ناردووە بۆ گفتوگۆ بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، کە دەشزانێ

شۆڕش چیدەوێ و بۆچی خەباتدەکا.

زۆرجار لایەنی حکومەت فێڵدەکات، کات دەکوژێ، پاشقولدەدا، شەڕی لاوەکی دەفرۆشێت تا لایەنی بەرانبەر سەرکزبکات یان کە هەر هیچی پێنەکرا لە بەڵێنەکان پاشگەزدەبێتەوە بۆیە مەرج نییە هەموو گفتوگۆیەک ئەنجامەکەی ئەرێنی بووبێت، بەڵکو ناکۆکی و دووڕییش لەنێوانیاندا هەبووە و دەبوا زۆرتر لەسەر خاڵە ناکۆکەکان بوەستن و پێویستیان بە کات و پیاچوونەوەی بۆچوونەکان بوو.. ئەنجامی زۆربەی گفتوگۆکانی کورد- ڕژێم ڕێکنەکەوتن بووە و سەرلەنوێ شەڕ بەرپاکراوەتەوە و خوێنی زۆرتر لەنێوانیاندا ڕژاوە.

خاڵێکی نێگەتیڤی گفتوگۆ ئەوەبووە زۆرجار ڕژێم لەگەڵ یەک لایەن دەرگای گفتوگۆی کردووەتەوە و لایەنەکانیتری فەرامۆشکردووە، هەربۆیەش لایەنەکانیتر دژی گفتوگۆ وەستاونەتەوە، دیارە دوژمن لەمەدا مەبەستی پەنهانیی هەبووە تا ئاگری ناکۆکییەکانی ناو لایەنەکانی شۆڕش زۆرتر جۆشبدات و لایەنەکانیش بەدەست خۆیان نەبووە لەدەوروبەرەوە ئاراستەکراون لەگفتوگۆدا بەشدارنەبن.

هەرکە پرسی گفتوگۆ هاتبێتە ئاراوە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لایەنەکانی جود کەوتوونەتە دژایەتیی و پڕوپاگەندەی لابەلا وەکو ئەوەی گفتوگۆ کارێکی ناپاکیی بێت، کە دەیانتوانیی لەجیاتیی دژایەتیکردنی گفتوگۆ سوود لەو هەنگاوە ببینن و کۆدەنگییەک هەبوایە پێکەوە ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن.

هەندێجار حکومەت بۆ مەبەستی تایبەتی و چەواشەکاریی دەنگۆی گفتوگۆی بڵاودەکردەوە بۆ گومان دروستکردن لای خەڵکیی، هەندێکجاریش نەیارەکار ئەو دەنگۆیەی گفتوگۆیان بڵاودەکردەوە بۆ لاوازکردنی پێکەی یەکێتیی.

ئەوەی دەزانرێ هەرچی گفتوگۆ کراوە ئەنجامی نەبووە، چونکە هەردوو لا بە نیازپاکیی نەیانکردووە، چەندە ڕژێمی عێراقی پێویستی بە گفتوگۆ هەبووە وەکو بەرنامەیەک بۆ پشوودان بە هێزەکانی و خۆپڕچەککردن

و بەخۆداچوونەوە و بەکارهێنانی فرتوفێڵی لابەلا بۆ ئازاردانی خەڵکیی کە هەیبەتی شۆڕشی تیا دەشکا، ئەوەندەش شۆڕش گفتوگۆی بەلاوە گرنگبوو، پێویستی بەوە بووە هێزەکانی بحەسێنەوە و هەناسەیک بدات و هێزەکانی دوور لە شەڕ وزەیەکیان تێبێتەوە، هەرچەندە لە کاتی گفتوگۆدا وردە شەڕ و گێچەڵ بە یەکتری کراوە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بتەقێتەوە و شەڕ بکرێتەوە.. لەڕاستیدا هەرکاتێ دەنگۆی گفتوگۆ بکەوتایەتە ناوانەوە هەم خەڵکی و هەم پێشمەرگەش خۆشحاڵدەبوون کە تەقوتۆق نامێنێ و ئاسوودەییەک دێتەئاراوە.

لە ساڵی ١٩٧٠ بەیاننامەی ئادار لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول- ڕژێمی بەعسدا راگەیەنرا و ماوەی چوار ساڵی خایاند و دوایی بە دەستێوەردانی دەرەکی و نەزانیی سەرکردایەتی شۆڕش دوای ساڵێک شەڕی سەخت و یارمەتی ڕژێمی شای ئێران ئاشبەتاڵکرا.

لە شۆڕشی نوێدا چەندینجار گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا کراوە، کە دیارترینیان گفتوگۆی کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بوو، کە ماوەی ساڵێک سەرکردایەتی شۆڕش- ڕژێمی بەعس لەگفتوگۆدا بوون، نەتوانراوە هیچ دەستکەوتێک بەرهەمبهێنرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم دەستیی بەدەستیی بە شۆڕش کردووە تاکو هێزەکانی خاوبنەوە و تاقەتی خەباتکردنیان نەمێنێ، هەروەها گومان لای دۆست و هاوپەیمانەکانی دروستببێ، لەئەنجامی دەستێوەردانی تورکیا و دژایەتیکردنی بەرەی جود و دژایەتی ئێران جارێکیتر شەڕ دەستپێکردەوە.

یەکەم هەنگاو ڕژێم کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی یان ئایینیی ناردووە تاکو نیهادی شۆڕش بزانێ لەبارەی خاڵە ناکۆکییەکان.. لەبەر ڕۆشنایی ئەوە نوێنەری شۆڕش ڕۆیشتووەتە لای ڕژێم و گفتوگۆیان دەستپێکردووە و هەموو داواکارییەکانی شۆڕش تاوتوێکراوە.

لەڕاستیدا زۆرجار گفتوگۆ زیانی زۆرتربووە تا قازانجی تەنیا دوژمن سوودی لێبینیوە.. کورد لەبەرانبەر چەوسانەوە و زەبروزەنگی سەربازیی ناچاربووە شۆڕشبکات و چەکەهەڵبگرێ بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی،

ئەگەر دوژمن ئامادەیی تیابووبێ بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن ئەوا هەنگاوێک چووەتە پێشەوە، کە بۆی دەرکەوت دوژمن نیازی پاکنییە لەو پرۆسەیە کشاوەتەوە.

لەگفتوگۆدا لۆژیکی بەهێزیی و خۆبەزلزانیی نییە، دەبێ هەردوو لا بەپێی بوونی خۆیان خۆیان بسەلمێنن لەمەشدا دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی و متمانە بە یەکتر بکرێ.. هەمیشە لایەنی ڕژێم لە مەوقیعی هێزەوە لەگەڵ لایەنی کورد مامەڵەیکردووە و وەکو کوێخا خۆی نیشانداوە، بە لۆژیکی زلهێزیی هەڵسوکەوتیکردووە نەک بە چاوی چارەسەرکردنی کێشەکان بڕوانێ، کە هەردوو لا پێویستە مەرجەکانیان نەسەپێنن و ژیرانە دەستبخەنەسەر خاڵەکانی ناکۆکیی.

دەبێ شۆڕش لەگفتوگۆدا پارسەنگی خۆی بزانێ، ئەگەر ڕژێم بەهێزبوو و شۆڕش خۆی وەکو بێهێز نیشاندا ئەوا تێکدەشکێ و هیچی دەستناکەوێت و گفتوگۆ لە زیانیەتیی، ئەگەریش داواکارییەکانی شۆڕش بەهێزبوو ئەوا دەبێ هەلەکە بقۆزێتەوە و مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ.

گفتوگۆی لایەنەکانی ناو شۆڕشیش زۆرجار تاکلایەنە بووە، وەکو گفتوگۆی یەکێتیی- سۆسیالیست، گفتوگۆی یەکێتیی- پارتی، گفتوگۆی یەکێتیی- شیوعی.. هتد.. تا دوایی درەنگانێک ئاشتبوونەوە و بەرەی کوردستانییان پێکهێنا.

کەواتە گفتوگۆش جۆرێکە لە خەباتکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان.. دیارە مافی کورد لای دوژمنی داگیرکەرە، کە ئەو ویستبێتی بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتییانە بکەونە دانوستان و لێکتێگەیشتن ئەوا کارێکی باشە و ئەگەریش دوژمن نەیویستبێ مافەکان بدات و دەرگای داخستبێ ئەوا کورد دیسانەوە پەنای بۆ چەک بردووەتەوە، کە زۆرجار دەوروبەر ڕۆڵی تێکدەرانەیان بینیوە لە گەیشتن بە خاڵی کۆتایی.

گفتوگۆ بۆ ئەوە دەکرێ کە لایەنی شۆڕش دەزانێ حکومەت بە شەڕ ناڕووخێ، جگەلەوە گۆڕەپانی خەبات تەنیا شەڕکردن و تفەنگتەقاندن

نییە، بەڵکو ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتنیش هەیە.

خراپترین خاڵێک کە ڕژێم لەگفتوگۆدا بیوروژێنێ هەموو جارێک بە شاندی دانوستانکاری شۆڕش بڵێ چیتاندەوێ! ئەمە بە واتای خۆگێلکردن دێت و هەر لەسەرەتاوە نایانەوێ هیچ بکەن و دەیانەوێ کات بکوژن.. دەبێ بڵێن پڕۆژەتان کامەیە با لێبکۆڵینەوە و یەکلاییانبکەینەوە.

دەرکەوت ڕژێم لەهەموو دانوستانەکاندا یاریی بە سۆزی هاوواڵاتیی کورد دەکرد.. یەکێک لە کێشەکانی گفتوگۆ ئەوەیە کە شاندی هەردوو لا دەسەاڵتی بڕیاردانیان نەبووە، دوای گفتوگۆ گەڕاونەتۆ بۆ سەرچاوەی خۆیان، ئەمەش دەریدەخات هیچ لایەکیان لەگەڵ ئەویتردا ڕاستگۆنەبوون و کاتیان قۆستووەتەوە.

کە گفتوگۆ دەبوو ئاگربەستیش دەکرا کە هەر لایەک لای خۆیەوە جموجووڵ و چاالکییە سەربازییەکانیان رادەگرت، ئەوەی گرفتی دروستدەکرد دابەزینی پێشمەرگە بۆ ناوشارەکان بوو، کە زۆرجار کۆنترۆڵ لەدەستدراوە و بووەتە مایەی ئاڵۆزبوونی دەزگا ئەمنییەکان و هەندێجاریش شەڕ و پێکادان ڕوویداوە، چونکە الساریپەکانی هەندێ پێشمەرگە دەبووە هۆی بێزاریی خەڵکیی و ئەمەش بە زۆریی لە بەرژەوەندیی ڕژێم بووە.

ئەوەی ڕەچاودەکرێ لەگفتوگۆدا لایەنی شۆڕش نەیتوانیوە لە ڕێگەی رایەڵەکانی گفتوگۆ و کەناڵە جۆراوجۆرەکانیەوە کار بۆ ئەوە بکات دەنگی ڕەوای خۆی بۆ خەڵکی عێراق شۆڕبکاتەوە نەک تەنیا لەگەڵ ڕژێمدا لە ژووڕە تاریکەکان دانیشێ تا درۆودەلەسەکانی ڕژێم بەرپەرچبدرێتەوە و ستەملێکراویی کورد لای جەماوەری عێراق دەربخرێ کە گوێیان بە زانیارییە چەواشەکارییەکان ڕژێمەکان پڕبووە، هەروەها نەدەتوانرا سوود لە ماوەی گفتوگۆ وەربگیرێ هێزی پێشمەرگە پەروەردەبکرێ لەڕووی دیسپلینی حیزبی و گۆشکردنیان و مەشقپێکردنیان و فێرکردنیان بە ناسینی جۆرەها چەک و تەکتیکی شەڕ و ئامادەکردنیان بە گیانێکی نوێوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.. هەرچی شەڕ کراوە بەزۆریی ئازایەتی

و چاوقایمـی و قارەمانێتیـی پێشـمەرگەکان بـووە، کەمتـر ڕۆڵـی سـەرەوە بەرجەستەبووە.

گرووپی زیندان

دوای ئاشـبەتاڵ دەزگا ئەمنییەکانـی بەعـس زۆر بـە وردیـی چاودێریـی جموجوواڵـی ئـەو خەڵکانـەی دەکـرد بەجۆرێـک لەجـۆرەکان دژی بەعـس بـوون، بـۆ ئەمـەش شـاڵاوێکی گرتنـی دەسـتپێکرد، زیندانەکانـی پڕکـرد لەوانـەی زانیارییـان لەسـەر هەبـوو لـە ڕێگـەی سـیخوڕەکانیەوە، کـە لەژێـرەوە پێوەندییـان هەبـوو!

کۆمەڵـێ لـە ڕێکخسـتن و کادیـر و سـەرکردەکانی کۆمەڵـەی مارکسـی – لینینـی کوردسـتان/ کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان دەسـتگیرکرابوون، هەروەهـا ئـەو حـەوت سـەرکردە و کادیـرەی کۆمەڵـە لەلایـەن ئێرانـەوە دەسـتگیرکرابوون ڕادەسـتی عێراق کرابوونـەوە، هەموو ئەمانە لـە زیندانەکانی بەغـداد یەکیانگرتبـوو و درابوونـە دادگا و بڕیـاری لەسـێدارەدانی: خاڵـە شـیهاب، جەعفـەر عەبدولواحیـد، ئەنـوەر زۆراب درابـوو، ئەوانیتـر: عومـەری سـەیید عەلـی، ئـاوات عەبدولغەفـور، عەلـی بچکـۆل، جەبـار فەرمـان، سـەعدون فەیلـی، فەرەیـدوون عەبدولقـادر، کەمـال عەلـی، ئەرسـەلان باییـز، ئاسـۆ شـێخ نـوری، ئەنـوەر حەسـەن، دارۆ شـێخ نـوری، حسـێن ڕەزا ڕەزا.. هتـد، یەکـی بـە شـەش سـاڵ حوکمـدران.. ئەمانـە بـە گرووپـی زینـدان یـان هاوڕێیانـی زینـدان ناویاندەرکـرد.

سـەدام بـۆ بـە گـەورە نیشـاندانی خـۆی کـە سـەرۆکێکی بەخشـندەیە جارجـارە لـە بۆنـەی لەدایکبوونەکانیـدا لێبووردنـی بـۆ زیندانییـەکان دەردەکرد، ئـەو حوکمدراوانـەی کۆمەڵـە بـەر لێبووردن کەوتـن و ئازادکران، دواتـر هەمووییـان لـە کاتوسـاتی جیاجیـادا گەیشـتنەناو هێـزی پێشـمەرگە و سـەرکردایەتیی.

هـەر لەسـەرەتاوە ناکۆکیـی لەنێـوان سـەرکردە و کادیرانـی کۆمەڵـە

بەرپابـوو لەسـەر مەسـەلەی رابەرایەتیـی کۆمەڵـە، کـێ دوای خاڵـە شـیهاب و کاک ئـارام جێگەیـان دەگرێتـەوە، لەبەرئـەوەی رێکنەدەکەوتـن سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتانیی کوردسـتان نەوشـیروان مسـتەفای بـۆ ئـەو کارە دەستنیشـانکرد و سـەرکردەکانی کۆمەڵـە قایلبـوون، بـەڵام لەبنـەوە ناکۆکییـەکان هـەر مابوونـەوە بەتایبەتـی لایەنـی کۆمیتـەی هەرێمـەکان رەخنەیـان لـە سـەرکردایەتی کۆمەڵـە گرتبـوو کـە چووبوونـە دەرەوە و لـە ئێران گیرابـوون و رادەسـتی عێراق کرابوونـەوە و لەوبارەیـەوە بابەتێکیـان لەسـەر نووسـرابوو هێرشکرابووەسـەر سـەرکردایەتی پێشـووی کۆمەڵـە واتـە ئەوانـەی زینـدان، پێدەچـێ ئـەو بابەتـە رای نووسـەرەکە بووبـێ نـەک هەمـوو سـەرکردەکانی کۆمیتـەی هەرێمـەکان، ئەگەرچـی دواتـر هەمووییـان هاوڕابـوون، ناوەڕۆکـی ئـەم بابەتـە دەسـت دوژمـن نەکەوتبـوو، بـەڵام لـە رێگـەی برادەرانـی ناوشـارەوە گەیشـتبووە گرووپـی زینـدان و زۆر نیگـەران بووبـوون!

ئازادبوونـی ئـەو هاوڕێیانـەی زینـدان گوڕوتینێکـی بـە کۆمەڵـە و یەکێتیـی دا، کۆمەڵێـک کادیـر و سـەرکردە سـەنگەرەکانی خەباتیـان دوای زیندانـی و ئەشکەنجەدانیان پڕکردەوە، بـەڵام گرووپـی زینـدان هەندێ گرێوگۆڵ لەدڵیاندا بـوو، لەزیندانـدا هەواڵیـان بـۆ دەچـوو، هەڤاڵانـی شـاخ و سـەرکردەکانی کۆمیتـەی هەرێمـەکان قسـەیان لەسـەریان کـردووە، ئـەو گلەیـی و بناشـتانە سـاردیی خسـتبووە نێـوان هـەر دوولا و تـا دەهـات رووبـەری ناکۆکییـەکان فراواندەبـوو، لەباتـی ئـەوەی بـە گیانـی هاوڕێیانـە پێکبیـن و رەخنـەکان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان بێـت ئـەوان تـا دەهـات لێکدوورەدەکەوتنـەوە و هەریەکـە بیانـوو و پاسـاوی دەهێنایـەوە و مەسـەلەکە گەیشـتە ئـەوەی قـڕە لەسـەر شـتی فیکریـی و ئایدیۆلۆژیـی بکـرێ، لەڕاسـتیدا مەسـەلەکە بەهەندوەرنەگرتـن و ئەفەرۆزکـردن بـوو، ئینجـا وروژاندنـی هەنـدێ بابەتـی فیکریـی رێکخراوەیـی وایکـرد ئـەو سـەنگەربەندییە بێتەئـاراوە.

گرووپـی زینـدان هـەر هەمووییـان تێکۆشـەری بەرگریـی و قارەمانـی بەرەنگاربووەنـەوە بـوون، سـەرەڕای ئەشـکەنجەی زۆر نـەدۆڕان و

لەبەردەم جەللادەکانی بەعسدا نەکەوتن و بەپێوە مانەوە، ئەمانە بەڕاستیی سیمبولی خەبات و خۆڕاگریی بوون، ئەگەر هاوڕێیانی کۆمیتەی هەرێمەکانیش رەخنەیەکیان بۆ هەڵسەنگاندنی باری رێکخراوەیی کۆمەڵە گرتبێ خۆ رەخنەگرتن قەدەغەنەبوو، ئیتر ململانێیەکی توند لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی زیندان و ئەوانەی شاخ بەرپابوو، کە دانەدەمرکایەوە، هەردوو لا دژی یەکتری بوون و بەڕقەوە مامەڵەیان دەکرد، لەئەنجامدا کۆمەڵە بوو بە دوو کەرتەوە: ئارامی و شەهابی یان عێراقچی و کوردستانی یان ناڕازی و رازی.. ئەمە درێژەیکێشا و لە کۆنفرانسی دووی کۆمەڵەدا بەئاشکرا تەقییەوە و هێڵەکانی ئاشکرابوون، بۆ دامرکاندنەوەی مام جەلال بانگکرا و کێکرایەوە.

سکرتێری کۆمەڵەش نەیدەویست یان نەیدەتوانی ئەوە بەلایەکدابخات لەبری پێکهێنانی هەردوو لایەنەکە پشتیوانیی لە گرووپی زیندان دەکرد، بەوجۆرە گرووپی زیندان پێگەی خۆیان لە سەرکردایەتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵە بەهێز و پتەوکرد، لایەنی کۆمیتەی هەرێمەکان فەرامۆشدەکرا، تادواتر ئەوانیش خۆیان کۆکردەوە و ویستیان بالێک لەناو یەکێتیدا دروستبکەن، سکرتیری کۆمەڵە و بالەکەی رەتیانکردەوە، ئینجا ئەوانیتر لەژێر ناوی ئالای شۆڕشدا خۆیان راگەیاند و کاری رێکخراوەییان دەکرد، ئەمە لایەنی سکرتێری کۆمەڵەی وروژاند و بە هێز چوونە سەریان و هەموو ریسەکەیان بووەوە بە خوری.

گوللەبارانکردن

گوللەبارانکردن تەقەکردنە لە کەسێک لەلایەن تیمێکەوە بە گوللەی تاک یان دەستڕێژ بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتن لەلایەن دادگاوە یان دەستەیەکەوە بۆ ئەو مەبەستە دانرابێ.. ئەم شێوازی کوشتنە بە زۆریی بەرانبەر کەسانی سەربازیی بەکارهاتووە یان بەرانبەر ئەو کەسانەی تاوانی گشتیی یان ناپاکیی یان سیخوڕییان کردووە.

گوللەبارانکردن لەئێستادا لەوڵاتاندا لەچاو رابردوودا کەمبووەتەوە بەهۆی گوشاری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی!

گوللەبارانکردن بە تۆمەتی ناپاکیی لەلایەن هێزی سەربازییەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا یان دواتر کراوە.

ڕژێمی بەعس هەرکاتێ لە بەرەیەکی شەڕدا شکابێ هەندێ ئەفسەر و سەربازی بە تاوانی شکستهێنان و ڕاکردن و چۆڵکردنی سەنگەرەکان گوللەبارانکردووە، کە زۆرتر بۆ چاوترساندنی هێزەکانی بووە تا رانەکەن و بەرەکانی شەڕ بەجێنەهێڵن.

ڕۆژی ١٩٨٤/٣/٧ لە گەرمەی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس، دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لە سلێمانی ١٦ سەربازی ڕاکردوویان گوللەبارانکرد، کە بەپێی یاسای سەربازیی ڕژێمی بەعس ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ رابکات گوللەبارانەدەکرێ.

شۆڕشیش گوللەبارانکردنی بەرانبەر خەڵکانی ناپاک و خۆفرۆش و تاوانباران کردووە، کە خۆیان دانیان بەکردارەکەیاندا ناوە وەکو سیخوڕیکردن یان پێوەندیکردن یان لەژێرەوە هاوکاریکردن و ڕێنماییکردن و چاوساغیکردن بۆ دوژمن.

جاری وابووە کەسێک تاوانێک دراوەتە پاڵی و ڕاستنەبووە و بۆ لەکۆڵکردنەوەی گوللەبارانکراوە.

لەهەر وڵاتێک گوللەبارانکردن لەلایەن تیمێکی تایبەتی سەربازییەوە دەکرێ بە باشیی بۆ ئەو کارە ئامادەدەکرێن و مەشقیان پێدەکرێ.

ئەوەی گوللەبارانەدەکرێ بە کەلەپچەکراویی و چاوبەستراویی ئامادە دەکرێ.. لەسەربازیدا بە زۆریی گوللەبارانکردن لە بەرەبەیاندا یان لەکاتێتردا دەکرێ.

جاری وابووە خەڵکیان بە بەرچاوی کەسوکارەکەیەوە گوللەباران کردووە، ئەمە چەندە دیمەنێکی دڵتەزێنە ئەوەندەش کارێکی هۆڤی و دڕندانەی دوور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتییە.

گیڤارا

چونکە شۆڕشی نوێ بە شێوەی پارتیزانیی دەستیپێکرد ناوی گیڤارا وەکو فەرماندەیەکی پارتیزانیی لە ئاستی جیهاندا ناو و ناوبانگی بڵاوبووەوە و لەناو ئەدەبیاتی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەدا ناوی دەهات و باسدەکرا.. ئیتر گیڤارا وەکو کەسێکی شەڕکەری ئەفسانەیی دەناسرا، کە لە چەندین وڵات خەباتیکردبوو، بە زمانی عەرەبی شتی زۆری لەبارەوە هەبوو، بەڵام نووسین بە زمانی کوردیی بە شێوەی کتێب نەبوو، بۆیە وردەکاریی زۆر لەبارەیەوە نەدەزانرا هەندێ وتاری پرشوبڵاو نەبێ.

لەشۆڕشی نوێدا هەر فەرماندە یان پێشمەرگەیەک زۆر ئازابوایە دەوترا گیڤارایەکە بۆ خۆی، لەڕاستیدا گیڤارا فەرماندە و سەرکردەیەکی ئازا و یاخی بوو، دەیویست هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە سەرمادارییەکان بڕووخێنێ تا خەڵکی هەژار و چەوساوە لە سای ئازادیدا بژین، بۆیە ئێمەی کوردیش سۆزێکی تایبەتیمان بەرانبەر گیڤارا هەبوو.

گیڤارا لەبنەڕەتدا خەڵکی ئەرژەنتینە، پزیشکیی خوێندووە، بەهرەی جیاجیای تیاکۆبووبووەوە/ نووسەر، پزیشک، شۆڕشگێڕێکی پارتیزانی.. هەر لە سەرەتای گەنجییەوە بەرهەمەکانی مارکسی خوێندبووەوە، پێڕەوی بیری مارکسیی – لینینی دەکرد، بە بۆچوونەکانی ماوتسیتۆنگ پەیوەستدەبێ، کەسێکی شۆڕشگێڕ و یاخی بوو، دژی ستەم بوو لە هەرکوێیەکی دنیابێ، لە چەندین وڵاتی وەکو گواتیمالا، مەکسیک، کوبا، کۆنگۆ، پۆلیڤیا خەباتیکرد.. لە کوبا وەکو کەسی دووەم لە دەسەڵاتی کوبا تەماشادەکرا، پۆستی جیاجیای وەرگرت، دوایی هەندێ جیاوازیی دەکەوێتە نێوان گیڤارا و کاسترۆ، گیڤارا پشتیوانیی لە سیاسەتی چین دەکرد، رەخنەی لە سیاسەتی سۆڤیەت دەگرت، بەپێچەوانەوە کاسترۆ لەگەڵ سۆڤیەت بوو.. گیڤارا دەست لە دەسەڵاتداریی کۆبا هەڵدەگرێ، ئەوێ بەجێدەهێڵێ و رووەکاتە کۆنگۆ و پۆلیڤیا لەشەڕێکدا بریندارەبێ،

دەستگیردەکرێ و زۆر ئازایانە لە ڕووی پۆلیۆییەکاندا دەوەستێ، دواتر بڕیاری کوشتنی دەدرێ، ئەو کاتەی بکوژەکەی دەچێتە لای پێیدەڵێ: من دەزانم تۆ بۆ کوشتنی من هاتووی، ترسنۆک تەقەبکە تەنیا پیاوێک دەکوژی.

ڕۆژی ٩/ ١٠/ ١٩٦٧ دەکوژرێ، تەرمەکەی دەبرێتە شوێنێکی نادیار، کە لە ساڵانی نەوەتەکاندا تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە و لە کوبا بەخاکدەسپێردرێ.

گیڤارا تەنیا شەڕکەرێکی پارتیزانیی نەبووە، بەهرەی نووسینیشی تیابووە، چەندین کتێبی جیاجیای هەیە، هەروەکو کۆمەڵێک شیعریشی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکانی شتی کەم نەبێ وەرنەگێڕاونەتەسەر زمانی کوردی.

گیڤارا بووە سیمبولی شۆڕشگێڕیی جیهانیی و کاریگەرێتیی لەسەر گەنجانی وڵاتان دروستکرد، لە زۆر شوێن لەلایەن گەنجانەوە مەداڵیای وێنەکەی دەکرا بەیەخەدا.. تەنانەت زۆر لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وێنەیەکی گیڤارایان بەکاسکێتەکانیانەوە دەکرد وەکو خۆشەویستییەک بۆ ئەو گەورە پارتیزانەی جیهان.

لق

لق پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای کارکردنیەوە بەکاری هێناوە لە سنووری هەرێمەکاندا لە ئاستی پارێزگادا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چوار لقی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، بادینانی هەبوو، لە هەر سنووڕێکدا لێپرسراوی لق کادیری یەکێک لە باڵەکانی یەکێتیی بوو کە ئەندامی سەرکردایەتیی یان کادیرێکی باڵا سەرپەرشتیدەکرد.

هەر لقە لە چەند ناوچەیەک پێکدەهات بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکان، لق سەرپەرشتیی کارەکانی ڕێکخستنی جەماوەریی دەکرد، ڕێنوێنیی بە کادیر و ئەندامانی ناوچەکانیان دەدا، لێکۆڵینەوەی لە

ڕووداوەکان دەکرد، بڕیاری پێویستی لە کێشە و گیروگرفتەکانی دەدا و ڕێوشوێنی چارەسەری دادەنا.

لق لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەبوو، ناو شارەکان پێکهاتەی خۆی هەبوو، ئیشوکارەکانی بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرا.. لەگەڵ گەشەکردنی یەکێتیی لە ساڵی ١٩٨٣ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی پێشمەرگایەتی کرا و هەرێمەکان هەڵوەشانەوە، مەڵبەندەکان جێگەییان گرتەوە، ئیتر پێکهاتەی لق و ناوچەش نەمان.

لەشکری ئیسلامی کورد/ لاك

قەرارگای رەمەزان ساڵی ١٩٨١هێزێکی بەناوی لەشکری ئیسلامی دروستکرد بە سەرپەرشتیی شێخ قادری سۆتکەیی، عەباس شاهین، مەلا حسێن وەکو هێزێکی چەکدار بەناوی ئایینەوە ڕەوانەی ناوخۆی کوردستان و سنووری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کران تا خەڵکیی پێوەندییان پێوەبکەن و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی بۆیان داڕێژراوە.. لەگەڵ یەکێتیدا لەسەر هەندێ خاڵ ڕێککەوتن، بارەگایان لە حاجیمامەند و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو دانا و وردەوردە کەوتنە گەڕان بە دێهاتەکاندا بۆ ڕێکخستنی خەڵکیی و چەکدارکردنیان.

ئامانجی سەرەکی لە پشتی دروستکردن و ناردنەوەی لەشکری ئیسلامیی دژایەتیکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئاشووبنانەوە و کێشە بەڕپاکردن لەناوخەڵکیدا.. وەکو دەوترێ ئەو کەسایەتییانە لەناوخۆیاندا ناتەبابوون، تێگەیشتنی سیاسیی و پێگەی بەهێزی جەماوەریی و لەڕووی بیروباوەڕەوە خەڵکی دامەزراو نەبوون، جگەلەوەی پێوەندیی گوماناوییان بە دەزگا سیخوڕییەکانی دەوروبەرەوە هەبوو.

ئەوکاتانەش بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە سەربازیی هەڵاتبوون و لەدێهاتەکاندا پەنایانگرتبوو بۆیە زەمینە لەباربوو لەناو لەشکری ئیسلامیی بە موچەیەکی باش و چەکی تازە و بەناوی ڕێکخراوێکی ئایینییەوە ببنە

چەکدار، لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئەو دەمچەورکردنانەوە خەڵکێکی زۆر چووبوونەوە ڕێزەکانیەوە، هەروەکو یەکێتیی خەڵکی خۆی ناردبووە نایەوە، هەروەکو پارتیش لەژێرەوە کەسانی سەربە خۆی ناردبوو.. جگەلە ناوی ئیسلامیی هیچ پرەنسیپێک کۆیانینەکردبووەوە، وەکو هێزێکی کرێگرتە ئاراستەدەکران، زۆرتر لە هێزێکی خێڵەکی ناڕێکخراو دەچوون، ئەمەو یەکێتیی و پارتیش خەڵکی خۆیان خزاندبووە ناویانەوە بۆ ئاگاداربوون لە جموجووڵ و کارەکانیانەوە.

ئەمانە لە ماوەیەکی کەمدا گەشەیانکرد بەهۆی چەکی تازە و یارمەتیی باش و جلوبەرگی ڕێکوپێک، لە حاجی مامەند و بەرگەڵوو و مەرگە بنکە و بارەگایان دانابوو، بەڵام بە زوویی دەستیان دەرکەوت و بەرنامەیان ئاشکرابوو بە چی مەبەستێک هاتبوونەوە کوردستان، دەیانویست وەکو حوکمڕان کەڵەگایی بکەن.

وەنەبێ ئەم لەشکری ئیسلامییە هێزێکی شۆڕشگێڕ و بووە بەرنامە کوردایەتیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس دروستبووبێ، بەڵکو لەبنەڕەتدا بە مەبەستی دژایەتیی شۆڕشی کورد نێردرابوون.. وەنەبێ ئەوانەی کەوتبوونە شوێن لەشکری ئیسلامیی هەموویان دژی شۆڕش بوون یان پیاوی ڕاستەقینەی دوژمن بوون، ئەوان بەشێکیان بۆ پارە و چەک لەگەڵی کەوتبوون، خاوەن بیروباوەڕ نەبوون و نەشیاندەزانی لەشکری ئیسلامی لایەنێکی گومانلێکراوە.

چەکدارەکانی لەشکری ئیسلامیی هەندێ لاساریی‌یاندەکرد تا ئەو ڕادەیەی خەریکبوو پەت ببچڕن، ئەمە جگەلەوەی یەکێتیی زانیاریی زۆری لەسەر پەیداکردبوو کە لەژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی عێراقدا دروستکردبوو، خەڵکی چووبووە کەرکوک، ئیتر ئەوە ڕوونبووەوە لەشکری ئیسلامیی هێزێکی تەواو بەکرێگیراوی دوو سەرەیە، بەرنامەکەی زوو ئاشکرابوو، دەرکەوت هەڕەشەیەکی گەورەیە دەبێ چارەسەربکرێ.

یەکێتیی ئەو هەڵسوکەوتانەی بەلاوە نامۆبوو هێزێک تازە بێتە ناوچەکە و ڕێککەوتنیش مۆرکرابێ چۆن کاربکات، جگەلەوە لەنزیکەوە چاودێریدەکرا..

یەکێتیی بۆ نینۆککردنی لەشکری ئیسلامی بڕیاری چەککردنی لە چەند قۆڵێکەوە دا، ڕۆژی ٧/٢/ ١٩٨٢ بە پلانێکی تۆکمە لەچاوتروکانێکدا وەکو شێرە بەفڕینە ئەو لەشکرە درۆیینەی بەناوی ئیسلامەوە دەیانویست لە سنووری یەکێتیدا قەرقەشە بەرپابکەن گەمارۆدران و لەناوبران، چەند کەسێکیان کوژران و زۆریشیان بەدیلگیران، هەرچی چەک و تەقەمەنی و جیهاز و کەلوپەلیان پێبوو دەستی بەسەرداگیرا، بەشێکی چەکەکانیان بە خاوەنەکانیان درایەوە و ئەویتری بەسەر تیپە بەشداربووەکاندا دابەشکرا.

یەکێتیی بەپێی پلانێکی تۆکمە و گونجاو لە ١٩٨٢/٧/٢٥ لە کاتژمێری سفردا و لە ماوەیەکی کورتدا دوای تەقەیەکی کەم و کوژرانی چەندین چەکداری لەشکری ئیسلامیی لەهەموو ئەو شوێنانەی هەبوون پەلاماردران و چەککران و دەست بەسەر هەموو بارەگا و چەک و کەلوپەلەکانیاندا گیرا و بە یەکجاریی کۆتاییهات.

شەڕەکان بە سەرکەوتوویی کۆتاییهات، بەڵام لە نزیک شاخەکانی سەرگەڵوو یەکێ لە فەرماندەی تیپە ئازاکانی یەکێتیی سەلاحی موهەندیس و دوو پێشمەرگە شەهیدکران و هەندێ فەرماندە و پێشمەرگەش بریندار بوون.. کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی سەلاحی موهەندیس گەیشتبووە خزمە پێشمەرگەکانی دەستیان لە دیلەکان کردبووەوە و ٣ کەسیان کوژران.

ئیتر لەشکری ئیسلامی بەبێ ئەوەی دەستێک لە دوژمن بوەشێنێ، چالاکییەک دژی بەعس بکات، وەکو بەفری بەهار توایەوە، وەکو ناوێکی بێناوەڕۆکی چەکدار هەردیان بەسەر بەردەوە نەما و چوون بە گەرووی ئاشی لەبیرچوونەوە و ئەو هێوایەی لەسەریان هەڵچنرابوو بوو بە بڵقی سەر ئاو و هیچیان سەوزنەکرد.

ئەمە ئەنجامی هێزی بەکرێگیراوە، لەشەڕدا بەرگەناگرێ، کەس خۆی ناکاتە خاوەنی تەنیا دەستکەوتەکانی دەبەن، چونکە بۆ بەرژەوەندیی بووبوونە چەکدار و بۆ کاری تێکدەرانە ئاراستەکرابوون.

لەشکری ئیسلامی کورد حیزب نەبوو، ڕێکخستن و بەرنامە و پێڕەو و پرۆگرامی نەبوو، قوواڵایی جەماوەریی نەبوو، بە زۆریی بەرپرسەکانی خەڵکی دامەزراو نەبوون، پێشینەیان گوماناوی بوو، هەریەکەیان سەربە دەزگایەکی سیخوڕیی بوو تا لەدواییدا لە ئێران یەکخران و ئەو لەشکرەیان بۆ دروستکرا بەناوی ئایینەوە بتوانن ئەو هێڵکارییەی بۆیان دانراوە جێبەجێبکەن، بەتایبەتی دژایەتیی یەکێتیی بکەن، خەڵک لە پشتیوانیی شۆڕش ساردبکەنەوە، هەستی نیشتمانیی لاوازبکەن، هەموو ئەمانە بەناوی ئایینەوە بکرێ، کە خەڵکی دێهاتەکان موسڵمان و بە زۆریی نەخوێنەوار بوون و ڕاکردوویەکی زۆر لەشارەکانەوە ڕوویان لە دێهاتەکان کردبوو، بە دەرفەتیان دەزانی لەگەڵیان بکەون.

لێدانی نەوتی کەرکوک

چالاکییەکی هەڕەشەئامێز وەکو وەڵامێک دژی ڕژێمی بەعس، کە شکستی بە گفتوگۆی یەکسااڵەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێنا، وەکو دەزانرێ دەستی دەرەکی ڕۆڵی لە تێکدانی هەنگاوەکانی ئەو گفتوگۆیەدا بینی و عێراق پەشیمانکرایەوە.

ئەمە لەلایەن ئێرانەوە قۆسترایەوە کە لە ڕێگەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە، کە خۆی لەگەڵ یەکێتیدا گەیشتبووە پێکهاتن و ئاشتبووبوونەوە، نێوانیان چاکبێتەوە و پێوەندیی ببەستن و هاتوچۆ بکەوێتە نێوانیانەوە.

بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرایەتییەکیان لە دێی یاخسەمەر دانا بۆ هەماهەنگیی و کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر هێزەکانی عێراق و شوێنی دامەزراوەکانی.. بۆ دڵنیابوون لەو پێوەندییە ئێران ئەو پێشنیارەی یەکێتیی وەرگرت کە بڕێک لەو چەکانەی کاتی خۆی لیبیاییەکان بۆ یەکێتییان ناردبوو ئێران دەستیبەسەردا گرتبوو بە یەکێتیی بدرێتەوە، ڕۆژانە دەیان بار بە هێستر دەگەینرانە سەرکردایەتی و دەشاردرانەوە، لەڕاستیدا

ئەمە بڕێکی کەمی ئەو کەلوپەلە سەربازییانە بوو لەو بڕە زۆرەی لیبیا ناردبووی جگەلەوەی چەکە قورسەکانی تیانەبوو وەکو دژە تانک و دژە فڕۆکە، ئەو چەکانە هی خودی ئێران بوو نەک ئەوانەی لیبیا.

ئێران مەبەستیبوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بخاتەناو بازنەی شەڕی ئێران – عێراقەوە، بەمەش عێراق بوروژێ و لەوەبگات یەکێتیی لە خانەی ئێراندایە.. یەکێک لەو کارانەی بەرنامەی بۆ داڕێژرا لەلایەن یەکێتییەوە بەو چەکانە لێدانی بیرە نەوتەکانی سنووری کەرکوک و زەمبوور بوو.

ئەو چەک و تەقەمەنییانە لەسەرکردایەتییەوە بە نهێنیی بە تراکتۆر بە چەند قۆناغێک بەو هەموو دێهاتانەدا گوێزرانەوە یەک کەس نەیزانی بۆچییە تەنانەت پێشمەرگەکانیش تەنیا بەرپرسە یەکەمەکان دەیانزانی.. دوژمن بەو هەموو دەزگا سیخوڕییەوە زانیاری لەوبارەیەوە نەبوو تا زرمەیان لێهەڵستان.

بەپێی نەخشە و پلانێکی ڕێکوپێک کە هێزەکانی مەڵبەندەکانی یەک و دوو و سێ بەشداربوون، ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١١ لە کاتژمێری سفردا لە دوو قۆڵەوە لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوک و زەمبوور درا.. هەموو موشەکەکان ناڵەیان دەهات و شوێنەکانی خۆیان دەپێکا، فڕۆکە و کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەی چالاکییەکەدا لە هەردوو قۆڵەکەوە دەسووڕانەوە، تەنانەت لە قۆڵی زەمبوورەوە فڕۆکەیەکیان لەئاسماندا گرپگرت بەبێ ئەوەی پێشمەرگە تەقەی لێبکەن! لە چەندین لاشەوە لە هێزەکانی ڕژێم درا و چەندین رەبایە گیرا و زەبری زۆریان پێگەیشت و زیانی فرەیان لێدرا.. ڕژێمی بەعس راچڵەکی، نەیزانی ئەو هەموو کەرەستەیە چۆن گەیەنرابووە بندەستی و لەناکاوێکدا ئاگر لەناودڵیدا دەکرێتەوە!

لەم چالاکییەدا هێزی پاسدار بەشدارنەبوو تەنیا چەند پاسدارێکی پسپۆڕ و شارەزای چەکەکان هاتبوون، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئیتر ڕژێمی بەعس پلانی تۆکمەدارتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابنێ.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولیشدا جارێک لە بیرە نەوتەکانی کەرکوک درا، بەڵام دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە چەکەکان ئەو کاریگەرێتییەیان نەبوو وەکو هەڕەشەیەک زیانی هەبێ، بەڵکو وەکو چالاکییەک کرا.

ئێران لای خۆیەوە ئەم چالاکییەی بە هی خۆی دانا و بە عەمەلیاتی فەتحی یەکی ناوبرد و باسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی نەکرد، یەکێتیی نارەزایی دەربڕی و لەهەواڵێکیتردا ئەوەیان راستکردەوە و ئاماژەیان بە ڕۆڵ و بەشداریی یەکێتیی کرد، هەروەها لە رادیۆکانی دەنگی ئەمەریکا و لەندەن و مۆنتیکارلۆ و هیتریش باسی ئەو چالاکییەیان بڵاوکردەوە.

ئەم چالاکییە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەبوو، لایەنی ئەرێنیی ئەوەبوو هێزی پێشمەرگە دەستی دەگەییە شوێنە گرنگەکان و بەربەستی لەبەردەمدا نەبوو، لایەنی نەرێنیشی وریاکردنەوەی ڕژێمی بەعس بوو لە مەترسییەکانی نیازی ئێران لە قۆڵی کوردستانەوە دەستی باشتری لێبوەشێنرێت.

ئەم چالاکییە کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە لەلایەکەوە ئابڵۆقە خرایەسەر دێهاتەکان و بە ناوچەی قەدەغەکراو ناوبران و لەهەمانکاتدا پەلاماری ئەو شوێنانەی دایەوە کە لە داستانی ڕزگاریدا لەدەستیدابوو، کە بڕیاربوو ئێرانیش پێشڕەویبکات و نەیکرد، هەر ئەمە بووە مایەی ئەوەی عێراق بەشی دووەمی بەرنامەکەی بە کردەڕەهاتی ئەنفال تەواوبکات.

لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک ئاماژەیەکی ترسناکبوو بۆ عێراق دەریخست لەکوردستانەوە لە سنووری یەکێتییەوە دەتوانرێ ئێران بێتەپێشەوە و لە دامەزراوە نەوتییەکانی بدرێت، کە نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئابووریی عێراقە و کەرکوکیش سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی نەوتە، کە شارێکی کوردستانە و کورد هەمیشە لەسەر کەرکوک لەدانوستانەکاندا پێداگریکردووە و ڕژێمەکانی عێراقیش بەبەعسیشەوە کاریان لەسەر ئەوەکردووە کەرکوک لە بازنەی گفتوگۆ

دووربخەنـەوە وەکـو شـارێکی عێراقیـی بمێنێتـەوە، بگـرە بەعـس وایدانابـوو لـە هـەر شـوێنێک نـەوت هەبـێ و کـوردی لێبـێ ئـەو شـوێنە بـە کوردسـتان دانانـرێ.

لێبوردنی گشتیی

لێبـووردن واتـە لێخۆشـبوون لـە تاوانبارێـک کـە لەلایـەن ڕژێمـی دەسـەڵاتدارەوە گیرابـێ، لێبـوردن چەنـد جۆرێکـی هەیـە: لێبوردنـی تایبەتـی، لێبوردنی گشتیی.. لێبوردن بۆ چەند جۆرێک لە گیراوان دەردەکرا: زیندانییانی سیاسـیی، سـەربازانی هەڵاتـوو، خەڵکانـی حوکمـدراو بـە مەسـەلەی ئاسـایی، بـەڵام هەنـدێ تاوانبـاری وەکـو: سـیخوڕ، مـادەی هۆشـبەر، ناپاکیـی یـان ئـەو تاوانانـەی پێوەندیـی بـە شـکۆ و سـەروەریی وڵاتـەوە هەیـە نەدەگرتـەوە.

هەمـوو ڕژێمەکانـی عێـراق کـە لەگـەڵ کـوردا لەشـەڕدابوون ماوەمـاوە بـۆ دڵسـاردکردنەوەی خەڵکیـی لـە شـۆڕش و وازهێنـان لـە پێشـمەرگایەتیی لێبوردنـی گشـتییان دەردەکـرد.

کـە شـەڕی عێـراق – ئێـران هەڵگیرسـا سـەربازێکی زۆر بەتایبەتـی سـەربازانی کـورد لەحەیبەتـی گیانـی خۆیـان کـە باوەڕیشـیان بـە شـەڕەکە نەبـوو بەرەکانـی شـەڕیان بەجێدەهێشـت و سـەنگەرەکانیان چۆڵدەکـرد و خۆیـان دەگەیانـدە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش و لەدێهاتەکانـدا بڵاودەبوونـەوە یـان بڕێکیـان دەبوونـە پێشـمەرگە..

سـەدام بـۆ گەڕانـەوەی ئـەو سـەربازانە لێبوردنـی گشـتیی دەردەکـرد تـا بگەڕێنـەوە بـۆ ریزەکانـی سـەربازیی، خەڵکێکـی زۆر بـۆ لای ڕژێـم دەگەڕانـەوە بەتایبەتـی ئەوانـەی توانـای ژیانـی دووریـی کەسـوکاریان نەبـوو یـان بەسـەر خەڵکـەوە باربـوون.. زۆریـش مەبەسـتیبوو سـەربازانی کـورد حۆیـان رادەسـتبکەن ببنـەوە بـە سـەرباز یـان دەرگای جاشـێتیی بـۆ دەکردنـەوە لـە پێشـمەرگایەتی دووربکەونـەوە.

ڕژێم چەندینجار لێبوردنی گشتیی دەرکردووە:

- ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢١ بۆ هەموو گیراوە سیاسییەکان.
- ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١٧ بۆ سەربازە هەڵاتووەکان.

لەدوای کردەڕەهاتی ئەنفالیش ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس لێبوردنی بۆ هەموو کورد دەرکرد تەنیا رەوانشاد مام جەلالی نەدەگرتەوە..

لێبوردنی گشتیی تەنیا سەربازانی هەڵاتووی نەدەگرتەوە، بەڵکو سەدام هەندێجار بە بۆنەی سالّی لەدایکبوونەیەوە لێبوردنی گشتیی بۆ زیندانیانی سیاسیش دەردەکرد بۆ هەموو خەڵکی جیاواز لە کورد و عەرەب و هیتر، بۆ هەموو لایەنەکان ئەوەی مەبەستیبوو ئازادبکرێن، خەڵکانێکیش هەبوون هیچ جۆرە لێبوردنێک نەیدەگرتنەوە.

لەو لێبوردنانەدا هەندێجار کەسانی حوکمدراو بە لەسێدارەدانی بەرکەوتووە و ئازادکراوە، ئەمە گیراوانی سەربە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشی دەگرتەوە کە یان پێشمەرگەی دیلی شەڕەکان بوون یان خەڵکانێکی زۆر لە ڕێکخستنەکان دەستگیرکرابوون.

لێبوردنی گشتیی بە یاسا دەردەکرا و بەندکراو هەموو شتێکی لەسەر لادەبرا و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ڕەسمی و تەلەفزیۆن و رادیۆوە بڵاودەکرایەوە.

ئەو لێبوردنانە لایەنی باشەی هەبوو کە ئەو حوکمدراوانە لە مردن یان چاوەڕوانی تەواوکردنی ماوەی حوکمەکەیان ڕزگاریاندەبوو و جارێکیتر دەهاتنەوە ناو ژیان و بەشێک لەو ئازادکراوانە جارێکیتر ڕێگای شاخ و خەباتیان دەگرتەبەر و دەبوونەوە بە پێشمەرگە.

لێپرسراوی دێ

کـه شـۆڕش بەرپابـوو پێشـمەرگەکان دەچوونـه دێهاتـەکان، دەبـوا لەماڵەکانـدا بـۆ پشـوودان و نانخـواردن دابەشـبوونایە، بـۆ ڕێکخسـتنی ئـەم کارە کەسـێک پێویسـتبوو تـا ئـاگای لـه نۆبەتـی دابەشـبوونەکە بێـت و بـه ڕێکوپێکـی بـڕوات.

ئەمـه لـه شۆڕشـی ئەیلولـدا بـەو کەسـه دەوتـرا لێپرسـراوی دێ، هەمـوو دێیـەک لێپرسـراوێک لـه خەڵکـی دێیەکـه بـۆ ڕاپەڕاندنـی ئیشـوکاری شـۆڕش و پێشـمەرگە دانرابـوو، جگەلـه دابەشـبوونی ماڵـەکان ئـەرک و کارەکانیتـری شۆڕشـیش وەکـو نامەگەیانـدن و وڵاخ یـان تراکتـۆر پەیداکردنـی لـه ئەسـتۆ بـوو..

لـه شۆڕشـی نوێـش هەمـان شـت پێڕەودەکـرا بـۆ ئاسـانکاریی بەڕێوەبردنـی ئەرکـەکان بەتایبەتـی کاتـێ پێشـمەرگە دەچوونەوەنـاو دێیەکـەوە ئـەو لێپرسـراوی دێیـه دەبـوا بەگوێـرەی ژمـارەی ماڵـەکان پێشـمەرگەکانی دابەشـبکردایە بۆئـەوەی هـەر ماڵـه بەپێـی پێویسـت پێشـمەرگەی بەربکەوتایـه و گوشـار نەکەوتایەتەسـەر چەنـد ماڵێـک و چاوپۆشـیش لـه ماڵـه هـەژارە نـەدارەکان، کـه لێپرسـراوی دێ دەیزانـی کـێ دەسـتکورتە و کـێ توانـای باشـترە!

هەروەهـا لێپرسـراوی دێ لـه دەرکردنـی تراکتـۆر بـۆ پێشـمەرگەکان بەرپرسـبوو بەتایبەتیـی ئەگـەر لەدێیەکـەدا لـه تراکتۆرێـک زیاتـر هەبوایـه ئـەو دەیزانـی نـۆرەی کامیانـه..

بـه زۆریـی لێپرسـراوی دێ کەسـێکی سـەربە ڕێکخسـتەنەکان و جێمتمانـەی خەڵکـی دێیەکـه دادەنـرا کـه بەدڵسـۆزییەوە ئیشـوکارەکانی ڕادەپەڕانـد و خزمەتـی خەڵکیـی دێیەکـەی دەکـرد و کاری پێشـمەرگەکانی ڕاییدەکـرد.

دوای دروسـتکردنی ئەنجومەنـی دێ ئیتـر لێپرسـراوی دێ بـاوی نەمـا و لـه جێـی ئـەو، ئەنجومەنـی دێ کـه بـه هەڵبـژاردن دادەنـران کاروبارەکانیـان

رادەپەڕاند و لەبارەی هەموو کاروبارێکی دێیەکەوە قسەیاندەکرد و بڕیاری پێویست دەدرا.

لینینیزم

بە هاتنی مارکس جیهان بووە دوو سەنگەری ململانێوە، سەنگەری سۆسیالیستیی و سەنگەری سەرمایەداریی، بیروبۆچوونەکانی دنیای هەژاند، هەواداڕەکانی نموونەی جیاجیان دروستکرد، لەدواییدا لەڕووی پراکتیک و سیاسییەوە پاشەکشەیکرد و کەمپی سۆسیالیتیی هەرەسیهێنا.

مارکس و ئینگلز پێکەوە بنەماکانی تیۆری مارکسیزمیان لە بەیانی کۆمۆنیزمدا داڕشت، کە تیۆرییەکی شۆڕشگێڕە تیایا ڕەخنە لە سیستمی سەرمایەداریی دەگرن و باسی سەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا لە وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو وەکو ئەڵمانیا، بریتانیا، فەرەنسا دەکەن..

مارکسیزم باوەڕی بە ڕووخاندنی سیستمی سەرمایەداریی بە دەستی پرۆلیتاریا ئەوەش لە ڕێگەی خەباتی چینایەتییەوە تا دەگاتە کۆمەڵگای بێچینایەتیی بەڵام لینین تیۆریی مارکسییەتی لە وڵاتێکی وەکو ڕوسیادا بۆ گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتەی ڕوسیا، کە وڵاتێکی کشتوکاڵیی نیمچە پیشەسازیی بوو، بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە جێبەجێکرد و ناوی لێنرا مارکسیزم لینینیزم.

مارکسیزم – لینینیزم ڕاڤەکردنی لینینە لەسەر تیۆرییەکانی مارکس بۆ جێبەجێکردنی لە زەمینەی ڕووسیادا..

ستالین تیۆرییەکانی مارکس ولینینی بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا جێبەجێکرد و کتێبی لەبارەی مەسەلەکانی لینینیزمەوە نووسیی وەکو ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمیی، پراکتیککردنی مارکسیزم – لینینیزم لەلایەن ستالینەوە بەسەر دەوڵەتی سۆڤیەتیدا بە ستالینیزم ناونرا.

مارکسیزم لینینیزم ئایۆلۆژیاری حیزبەکانی بلۆکی سۆسیالیستی بوو، ئێستاش هەر ئایدیۆلۆژیای زۆر لە حیزبەکانی چین و کوبا و ڤێتنام و

هەندێ حیزبیتریشە.

مارکسیزم – لینینیزم ئایدیۆلۆژیای سەرەکی حیزبەکانی وڵاتانی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، چین، ڤیتنام، کوبا، لاوس، ئەلبانیا، کۆریای باکوور، یەمەنی باشوور، ئەمە جگەلەوەی لە دەیان وڵاتیتر حیزب و ڕێکخراوی مارکسی لینینی دروستبووبوو.

سەرچاوەی ماکسیزم: فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ئابووری سیاسیی ئینگلیزیی، سۆسیالیستی کلاسیکی فەرەنسی، ئەمەش دەکاتە هەمان ماتریالیزمی دیالیکتیکی، ماتریالیزمی میژوویی، سۆسیالیزمی زانستیی.

مارکسیزم – لینینیزم تیۆرییەکی ئابووریی و سیاسییە لەسەر بیروباوەڕەکانی مارکس، لینین پەرەیپێداوە، بەگشتیی ئامانجی گەیشتنە بە سۆسیالیزم لە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتارییەوە بەمەبەستی دامەزراندنی سیستمی کۆمۆنیزمیی، کە چەوسانەوە و ستەمی چینایەتیی تیانییە!

حیزبە مارکسی – لینینییەکانی وڵاتان شێوازی مارکسی – لینینی ماوییان وەکو مۆدێلێک پێڕەودەکرد، مارکسیزم لینیزمی ماوی لە وڵاتی چین شێوازی تایبەتی بە خۆی گرت و جیا لە مارکسیزم – لینینیزمی ستالینی یان سۆڤیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا مارکسیزم – لینینیزمی ماوی سنووری چینی تێپەڕاند لە زۆر لە وڵاتانی وەکو: بەرازیل، هیند، فلیپین، ئیکوادۆر، کۆلۆمبیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتانی ناوەڕاستیش شوێنپێی خۆی کردەوە!

هەروەها لە ئەلبانیا ئەنوەر خۆچە هێڵی خۆی دروستکرد، هەروەکو تڕۆتسکییەکان کە دژایەتیی ستالینیان دەکرد هێڵی خۆیان جیاکردەوە، واتە مۆدێلی جیاواز پەیدابوو کە هەریەکە رووخساری ئەو وڵاتەی وەرگرت کە تیایا دەسەڵاتداربوو: لینینیزم، ستالینیزم، ماویزم، تیتۆییزم، کاسترۆییزم، خۆجەییزم.. هتد! هەروەها لە وڵاتانیتریش حیزبی کۆمۆنیزم دروستبوون.

بە کوردییەکەی زۆر لە حیزبە مارکسی – لینینییەکان گۆڕانکارییان لە بەرنامەی فیکری خۆیاندا کرد بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی دوای

ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی!

لە وڵاتانی عەرەبیشدا لبنان، عێراق، تونس، میسر، سودان، جەزائیر، یەمەن، سوریا، فەلەستین چەندین کەسایەتیی دیار شوێنکەوتوان و پێڕەوانی بیری مارکسیزم لینینیزم بوون.

بیروباوەڕی مارکسی لە عێراق و کوردستاندا بڵاوبوویەوە و شانەی ڕێکخستنیان دروستکرد و کەوتنە بەرگریکردن لە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی، کە خۆی بە بەرگریکاری گەلانی چەوساوە دادەنا بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

مارکسیزم لەبارەی سەرچاوەی نووسراوەوە بە زمانی کوردی درەنگ هاتەناو خەڵکەوە، بەزۆریی خوێنەواری کورد بە زمانی عەرەبی شتیان لەسەر دەخوێندەوە، کە بەشێک لەو سەرچاوانەش جێیمتمانە نەبوون، بۆ نیازی حیزبی و ئایدیۆلۆژی دەستکاریی دەکران!

لەکوردستاندا چەندین حیزب و ڕێکخراوی مارکسی - لینینی بە هەردوو ڕەوتی سۆڤیەتی و چینی دروستبوو.. حیزبی شیوعی عێراق لەژێر کاریگەرێتیی بیری مارکسیزم - لینینیزمی سۆڤیەتیدا بوو، کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەژێر کاریگەریی مارکسیزم - لینینیزم ماویزمی چینیدا بوو.

مام جەلال لە ئاماژە بە چینەکانی کۆمەڵگای کوردی: کرێکار، جووتیار، وردەبۆرژوازیی، بۆرژوازیی نیشتمانیی زۆر بەگرنگییەوە لە ڕۆڵی جووتیاری دەڕوانیی ئەمەش کاریگەرێیی بیری ماوتسیتۆنگ، جگە لەوە هەمیشە شۆڕشی کورد هەمیشە لە لادێیەکانی کوردستانەوە بەرپادەبوو نەک لەشارەوە هەروەکو ماویش شۆڕشی بردە دێهاتەکانەوە!

بەپێی پێڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو جۆر ناکۆکی هەیە: ناکۆکیی گەلی کورد و دەوڵەتە چەوسێنەرەکان، ناکۆکیی خەڵکی کورد و چینە کۆنەپەرستەکانی دەرەبەگایەتیی و بۆرژوازیی.

یەکێتیی هەمیشە جەختی لە خەباتی چینایەتی لەپاڵ خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی و نەتەوەییدا کردووەتەوە بە هاوئاهەنگیی کرێکاران

و جووتیاران.

لەڕاستیدا یەکێتیی و کۆمەڵە بە واتای ڕاستینە مارکسی یان مارکسیزم - لینینیزم نەبوون، مارکسیزم - لینینیزم وەکو ئایدیۆلۆژیایەک بۆ پشتیوانیی لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بەکارهێناوە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە مارکسی - لینینییەکانی کۆمەڵە لە هەستی نیشتمانیی و نەتەوەیی و کلتوری پێشکەوتوو دوورنەبوون، ئەگەرچی هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن مارکسی - لینینی لە هەستی نیشتمانیی و نەتەوەیی دوورە، ناوەڕۆکی مارکسیزم - لینینیزم چینایەتییە نەک نەتەوایەتیی! پێچەوانەی ئەم بۆچوونە راستە کە مارکسی - لینینی بڕوای بە مەسەلەی نیشتمانیی و نەتەوایەتیی هەیە.

مارکسیزم - لینینیزم لە ڕەخنە و تانە و تەشەرلێدان چ لەلایەن هەندێ لە لایەنگرانی مارکسیزمەوە یان دژ و نەیارانی مارکسیزم - لینینیوم بەدەرنەبووە، بەکارهێنانی هێز و توندیوتیژیی بۆ کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و نەبوونی دیموکراسیی و سەپاندنی تاکحیزبی و بڕیاری ناوەندێتی توند و ڕێگەنەدان بە نەیارانی سیاسیی و هەڵوێستی دژایەتی ئایین و بیروباوەڕ.. هتد.

هەر لەسەرەتاوە مارکسیزم - لینینیزم ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە لەگەڵ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆڵی مارکسیزم - لینینیزم لە زۆربەی وڵاتانی کز و لاوازبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە هەندێ وڵات وەکو ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی ماوەتەوە!

خەوشەکانی مارکسیزم - لینینیزم:

- سۆسیالیزمی لە وڵاتێکی نیمچە دەرەبەگیدا سەپاند.

- بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە جێبەجێکردنی بەرنامەی دەوڵەت و حیزبی کۆمۆنیستدا.

زۆر حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان گەیشتنە ئەو باوەڕە ئەزموونی مارکسیزم - لینینیزم کۆتاییهاتووە، لەئەنجامی ڕووداوەکانی وڵاتانی کەمپی سۆسیالیستیی و ڕووخانی دەوڵەتی سۆڤیەتی وازیان لە

مارکسیزم - لینینیزم هێنا، کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا توایەوە، حیزبی شیوعی عێراق وشەی لینینیزمیان لێکردەوە و گەڕانەوە بۆ مارکسیزم.

مارکسییەت لەڕووی پراکتیک و دەسەڵاتەوە تووشی کێشە و پاشەکشە هات بەتایبەتیی دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام بیر و فەلسەفەی مارکسیی وەکو تیۆریی هەر زیندووە.

مافی چارەی خۆنووسین

مافی چارەی خۆنووسین وا پێناسەکراوە: دیاریکردنی مافی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی کە لە شوێنێکی جوگرافیی نیشتەجێبن و بە زمانێکی تایبەتی قسەبکەن.. هتد، واتە ڕزگاربوونی گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو و گەیشتن بە ئازادیی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوەی دەسەڵاتی حوکمڕانیی خۆیەوە.

بڕیاری زۆر لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە دەرکراوە، هەروەکو لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلاندا بڕگەیەکی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەکو لە چەندین بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی پێدراوە کە هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، بەڵام هێشتاش نەتوانراوە مافی زۆر لە گەلانی دنیا بەپێی ئەو بڕگانە بسەلمێنرێ بە هۆکاری سیاسیی بەتایبەتی ئەو گەلانەی ژێردەستەی دەوڵەتەکانن وەکو: کورد، فەلەستینی، ئەمازیغ.. هتد.

مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسدا لەلایەن یاسا و پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا هاتووە، کە دەبێ هەموو دەوڵەتەکان پێوەی پابەندبن، بەڵام هێشتا ئەم مافە بۆ هەندێ لە میللەتان دەستەبەرنەکراوە.

تەنانەت مافی چارەی خۆنووسین مافی جیابوونەوەش لەخۆدەگرێ،

ئەمەش لە پەنا سیستمێکی دیموکراسیدا دێتەدی.. مافی چارەی خۆنووسین لەبنەڕەتدا پشت بە بوونی دیموکراسییەت و نەتەوە دەبەستێت، کورد هەموو ڕەگەزەکانی نەتەوەی تیایە، بەردەوام خەباتی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کردووە.. ڕژێمە تۆتالیتارییەکان هەرگیز باوەڕیان بە مافی نەتەوەکانیتر نییە و دەیانەوێ هەر لە بندەستی خۆیاندا بن، کە دیموکراسییەت نەبوو چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کوردیش نابێ!

لە مەسەلەی چارەنووسدا لەگفتوگۆکاندا چەندین گرفت بەرۆکی کورد دەگرێت: کێشەی کەرکوک، کێشەی شنگاڵ، کێشەی سنوور، کێشەی سەرچاوە ئابووریەکان بەتایبەتی نەوت، کێشەی بوونی نەتەوەکانیتر.. هتد.

هەرچەندە ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەسەندکرد: (هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە و بەپێی ئەو مافانەش دەتوانن بە ئازادیی پێوەندیی رامیاری و سیستمی سیاسیی خۆیان دیاریبکەن).

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین دەترسن، چونکە لە جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەت سڵدەکەنەوە! هەموو ڕێگەیەکی نارەوا دەگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەهەر سەرهەڵدان و جوواڵنەوەیەک بۆ داوای ماف و بەرجەستەکردنی دواڕۆژی سیاسیی.

بەعس مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسینی لە سەپاندنی کلتوری نەتەوەیی بەعسدا دەبینییەوە بە زمانی کوردی، بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لە ڕەگوڕیشەوە دۆزی کورد چارەسەربکات.

هەموو نەتەوەیەک کەڵکەڵەی سەربەخۆیی هەیە، دوژمنانی کورد ئەمە بە جیابوونەوە باسدەکەن، ڕەوایە خۆیان دەوڵەتیان بۆ دروستکراوە، ڕەوانییە کورد باسی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بکات! واتە نەتەوەیەک خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات نەک نەتەوەیەک یان دەوڵەتێک چارەنووسی دیاریبکات..

مافی چارەی خۆنووسین پێوەندیی بەو گەلانەوە هەیە کە دەوڵەتیان نییە بەردەوام خەون بە دروستبوونی دەوڵەت و سەربەخۆییەوە دەبینن، بۆیە بووە دروشمی هێزە ڕزگاریخوازەکان و چەپەکان دژی دەوڵەتانی داگیرکەر.

چەندین شێوە بۆ دیاریکردنی شێوەی حوکمڕانیی مافی چارەی خۆنووسین هەیە: ناناوەندیی کارگێڕیی، ئۆتۆنۆمیی، فیدراڵیی، کۆنفیدراڵیی.. هەموو داواکارییەک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان وەکو یەک نییە، هەیە داوای مافی جیابوونەوە دەکات، هەیە داوای ئۆتۆنۆمیی دەکات، هەیە داوای سیستمی فیدراڵی دەکات، هەشە داوای دروستکردنی دەوڵەت دەکات.

کورد چەندە هاواریدەکرد و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دنیای دیموکراسیی و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەکرد کار لە ڕژێمی بەعس بکەن چارەسەری مەسەلەی کورد بە شێوەی دیموکراسییانە بکرێ کەچی هیچ ولاتێکی زلهێز بەهاناییەوە نەهات.

هەرگیز ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وەکو مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە دانیان بە مافی چارەی خۆنووسینی کورددا نەناوە، ئەگەرچی لە زۆر لەو گفتوگۆیانەی ڕژێمەکاندا هەندێ قسە لەسەر ناناوەندێتی و ئۆتۆنۆمی کراوە، بەڵام نە عێراق ڕژدبوو لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان و نە کوردیش دەیتوانی لە پابەندبوونی بە دەستوەردانی دەوڵەتانی دەوروبەرەوە دەربازببێ.

لە سەردەمی سەدامدا بۆ فریودان ماوەماوە گفتوگۆدەکرا، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کە هەرگیز بۆ بنەبڕکردنی داگیرکردن و نەهێشتنی چەوسانەوە و دانان بە مافی کورددا نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق و ژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا بوایە.

زۆربەی حیزبە گەورە و بچووکە ئاشکرا و نهێنییەکانی کوردستان هەر لە بازنەی ئۆتۆنۆمیدا دەسووڕانەوە، ئەگەرچی هەندێجار خۆ لە باسکردنی مافی چارەی خۆنووسینیش دەدا!

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان باڵی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو هەر زوو لەئەدەبییاتەکانیدا ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنووسین کردووە، کە مافی چارەی خۆنووسین رێگەچارەی بناغەیی مەسەلەی کوردە.

لە ساڵی ١٩٨٣ بە تەواویی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستبەرداری دروشمی ئۆتۆنۆمیی بوو، بڕیاریدا مافی چارەی خۆنووسین بکرێتە دروشمی سەرەکی خەبات، کە میللەت دەتوانێ بڕیاربدات کام شێوازی حوکمڕانیی و شێوەی دەسەڵاتداریێتیی هەڵدەبژێرێ، ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگبوو لە سیاسەتی یەکێتیدا، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کاری لە لایەنەکانیتری ناو شۆڕش نەکرد، لایەنەکان دژی هەر هەنگاو و هەڵوێستێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، نەیاندەویست لاسایی یەکێتیی بکەنەوە ئەگەرچی دەیانزانی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین رێگا راستەکەیە.

کورد مافی خۆیەتی دواڕۆژی سیاسیی خۆی و شێوەی دەسەڵاتی خۆی دیاریبکات لە رێگەی ریفراندۆمێکەوە بە سەرپەرشتیی رێکخراوێکی رەسمی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا داوای مافی چارەی خۆنووسین زۆر ئەستەمە، چونکە دەسەڵات رێگە بەوەنادات کەس لە جەستەی ببێتەوە، بەڵام لە سیستمی دیموکراسیدا رێگەدەدرێ خەڵکیی بڕیاری کۆتایی لەبارەی چارەنووسەوە بدات، چونکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سیستمی دیموکراسیی نییە هەرگیز ئەو هەڵوێستە نابینرێ مافی کورد بچەسپێنرێ!

ماویزم

ماوتسیتۆنگ سەرکردەیەکی بەناوبانگی وڵاتی چین بوو، توانی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی چینی بکات و ڕێبازێکی سەربەخۆ و جیا لە سۆڤیەت دامەزرێنی، کە بۆ وڵاتە دواکەوتووەکانی بە کەڵکتر دەزانی، دواتر بە ماویزم ناویدەرکرد.

ماویزم نموونەیەکی بیری مارکسیزم - لینینیزم بوو جیا لە نموونەی سۆڤیەتیی، ماوتسیتۆنگ لە وڵاتی چین بەرەوپێدا، کە ماوتسیتۆنگ گۆڕانی بەسەر مارکسیزم – لینینیزمدا هێنا.

شۆڕشی چین گۆڕانکارییەکی گەورەبوو کە شێوازێکی نوێی دەسەڵاتداریتی لە دنیای مارکسیزم داهێنا، پێشتر تەنیا نموونەی سۆڤیەتی هەبوو کە پێڕەوی مارکسیزم - لینینیزمی دەکرد، نموونەی چینیش خۆی دەرخست و خەڵکیش هەبوو پێڕەویاندەکرد بەتایبەتی ئەو گرووپە چەپانەی ئێرانییەکانی وەکو سازمانی ئینقلابی ئێران.

جیاوازیی مارکسیزم - لینینیزمی ماوی لە مارکسیزم - لینینیزمی سۆڤیەتی: جێبەجێکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیدا، گواستنەوەی شۆڕش بۆ لادێ، پشتبەستن بە جووتیار و هاوکاریی کرێکاران و بورژوازی بچووک و بورژوازی نیشتمانیی، کە لینین خۆیشی ملی مارکسییەتی بادا لە وڵاتێکی نیمچە پیشەسازیی نیمچە کشتوکاڵیی جێبەجێبکرا.

شۆڕشی سۆسیالیستیی لە وڵاتێکی کشتوکاڵیی کە جووتیاران پێڕەویی شۆڕشن نەک کرێکاران، ئەمەش گونجاندنی مارکسیزم - لینینیزمە لەگەڵ بارودۆخی چیندا..

ماو لەسەرەتادا بە ڕێبازی ستالین سەرسامبوو، ستالینی بە پێشەنگ و پێشەوا دەزانی، ماوەیەکی زۆر پارتی کۆمۆنیستی چین لە سایەی سێبەری بیری ستالینییەتدا بوو، دواتر ماو لەسەر هەندێ تێزی جیاواز

لـه سـۆڤیەت کـه دەبوونـه مایـەی ناکۆکیـی و دژایەتـی سـۆڤیەت بەتایبەتـی ڕێبەرایەتیکردنـی دنیـای کۆمۆنیـزم خـۆی لـه هێڵـی سـتالین دابـڕی و خـۆی رابەرایەتـی شۆڕشـی چینـی کـرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕووبـەڕووی چەندیـن کۆسـپی ناوخۆیـی و دەرەکـی بـووەوە کـه کاریگەرێتیـی بەسـەر هەنگاوەکانیـەوە بەجێدەهێشـت.

مـاو بـاوەڕی بـه کۆمەڵێـک پرەنسـیپ بـوو: تێـزی سـێجیهان، ناسـینی سـۆڤیەت بـه سۆسـیال ئیمپریـال تـا ئـەو ڕادەیـه دژی پارتـه کۆمۆنیسـتەکان بوەسـتێت، کەچـی دواتـر خۆشـیان وەکـو کۆپییەکـی ڕژێمـی سـۆڤیەتی دەردەکەوتـن، بـاوەڕی بـه خەباتـی چەکداریـی و جەنگـی گـەل و بـەرەی یەکگرتـوو لـه شۆڕشـی ڕزگاریـی نیشـتمانیدا هەبـوو.

کاری شۆڕشگێڕیی ماو بـه پارتیزانیی و شـەڕی درێژخایـەن دەسـتپێکرد و پشـتی بـه هێزی جووتیـاران بەسـت کـه توانییـان سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنن و هەمـوو شـارەکان کۆنترۆڵبکـەن، دوای سـەرکەوتن کۆمەڵێـک هەنـگاوی لـه بـواری چاکسـازی زەوی و مولکداریـتی و کشـتوکاڵی بەکۆمـەڵ نـا.

ماویـزم هـەر لـه سـنووری چینـدا نەمایـەوە هەندێ لە پارتە کۆمۆنیسـتەکانی وڵاتانیتـر پێڕەوییـان لـەو قوتابخانەیـه دەکـرد، تەنانـەت یەکێکـی وەکـو گیڤـارا و چەپەکانـی ئەمەریـکای لاتینیـش لـه پێڕەوکارانـی بیـری ماویـی بـوون، لـه کوردسـتانیش کۆمەڵـەی مارکسـیزم – لینینیزمـی کوردسـتان یەکێـک لەوانـه بوو.

بوونـی هەنـدێ لـه کەسـایەتییه چـەپ و مارکسـییەکانی ئێـران بەتایبەتیـی سـازمانی ئینقیلابیـی ئێـران، کـه سـەربه ڕەوتـی ماویـزم بـوون و لـه ڕێگـەی مـام جەلالـەوە هاتبوونـه لای باڵـی مەکتەبـی سیاسـیی لـه بەکرەجـۆی سـلێمانی، مـام جـەلال خۆیشـی بـه بیـری ماویـزم کاریگەربـوو و کاتـی خۆیشـی چووبـووە وڵاتـی چین، شـارەزایی لـه ئەزمـوون و بەرنامـەی پارتـی کۆمۆنیسـتی چینیـی و سیاسـەتی حیزبایەتییەکـەی و حوکمڕانیـی وەرگرتبـوو، کاریگەرێتییـان لەسـەر کادیرەکانـی باڵـی مەکتەبـی سیاسـیی دروسـتکرد، هەروەهـا گۆڤـاری ڕزگاری کـه خاوەنـی ئیمتیازەکـەی نەوشـیروان مسـتەفا

و سەرنووسەرەکەی شازاد سائیب بوو وەکو سەکۆی تیۆری ماویزم بوو لای باڵی مەکتەبی سیاسیی.

جگە لەوە سروشتی شۆڕشی چین جۆرێک لە یەکچوونی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا هەبوو، دەتوانرا وەکو پشتیوانییەک سوودی لێببینرێ ئەگەرچی هەرگیز نە نوێنەری کۆمەڵە چووبوونە چین و نە مام جەلالیش ئەو پردەی کردەوە.

ئەم پەیوەستبوونە بە بیری ماو هەر لەئاستی سەرەوە و لەناو هەندێ لەکادیرەکاندا باوبوو، بگرە کۆمەڵە جگەلە نامیلکەی چەپکێک لە وتەکانی ماوتسیتۆنگ ئەوەندە ئەدەبییاتی ماو وەرنەدەگێڕدرا و بڵاونەدەکرایەوە، هەموو خوێندنەوەکانیش لە ڕێگەی کتێبە عەرەبییەکانەوە بوو، لە شاخیش لە ڕێگەی نووسینە فارسییەکان و بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ئێران بوو.

کۆمەڵە لەسەرەتاوە کەوتە خانەی ماویزم و پابەندبوون بە بیری ماوتسیتۆنگ و تێزی سێجیهان و بە ڕاستزانینی حیزبی کۆمۆنیستی چین و دژایەتیکردنی سۆڤیەت و ڕەخنە لە حیزبی شیوعی عێراق و بە کۆمۆنیست نەزانینیان، دژی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و بە سۆسیال ئیمپریالیزم ناوبردنیان، هەموو ئەمانە لەلای ئەندامان و زۆربەی کادیرانی کۆمەڵەی ڕەنگیدابووەوە،

شەهید ئارام گەرچی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی و کۆمەڵەدا بوو، کە ڕەوتی ماویزمیان پێڕەودەکرد، بەڵام دیدی جیاوازی هەبوو، دوای گیرانی سەرکردەکانی کۆمەڵە لە ئێران، شەهید ئارام وەکو سکرتێر ئەرکی سەرپەرشتیی کۆمەڵە و گرتنەوەی ڕێکخستنەکانی و دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان و پێوەندیی بە شانەکانی ناوەوەی گرتەئەستۆ، یەکێک لە هەنگاوەکانی لابردنی ماویزم بوو لە پێڕەوی کۆمەڵە، دەربازکردنی بوو لە کوت و پێوەندی ماویزم و تێزی سێجیهان و مەسەلەی سۆسیال ئیمپریال.. هتد، چونکە ماویزمی بە ئەزموونێکی ناوچەیی دەزانی، بۆیە گەڕایەوە بۆ مارکسیزم – لینینیزم وەکو سەرچاوەی یەکەمی بیروباوەڕەکە.

مامۆستای شۆڕش

هەر جارەی لەکوردستاندا شەڕ بەرپادەبوو ئەو دێهاتانەی قوتابخانەیان تێدابوو دەوامکردن تێیدا سەختدەبوو، رێگای هاتوچۆ دەگیرا، ئابڵۆقە دەخرایەسەریان، زۆرجاریش مامۆستا نەیدەتوانی هاتوچۆبکات و دەرگای قوتابخانە دادەخرا، بەمەش زیان بە قوتابیانی دێهاتەکان دەگەیشت یان حکومەت خۆی قوتابخانەکەی دادەخست.

لە شۆڕشی نوێشدا کە شۆڕش گەشەیکرد و ناوچەی ئازادی ژێر دەستی پێشمەرگە بەرفراوانبوو حکومەت گێچەڵی بە خەڵکی دێهات دەکرد، هەمان سیاسەتی ئابڵۆقەی بەسەر دێهاتەکاندا دەسەپاند و هەموو شتێک قەدەغەبوو، ئیتر زۆربەی قوتابخانەی دێهاتەکان بەو هۆیەوە دادەخرا.

بەڵام وەنەبێ شۆڕش لە حەنای ئەم کارەی حکومەت دەستەوەستان بێت و رێگەبدات ئەو هەزاران خوێندکارانە لە خوێندن و فێربوون دابڕێن، هەربۆیە یەکێتیی مامۆستایانی شاخ ئازایانە بڕیاریدا ئەو بۆشاییانەی دەوامی قوتابخانە سەرەتاییەکانی دێهاتەکان چارەسەربکرێ.

بڕیارێک دەرکرا ئەوانەی مامۆستان و هاتوونەتە دەرەوە یان دەرچووی پەیمانگاکانن یان ئامادەییەکان و توانای وانەوتنەوەیان هەیە بە مامۆستا دابمەزرێن..

یەکێتیی نیشتمانی لای خۆیەوە هەموو پێداویستییەکی خوێندنی بۆ قوتابخانەکان دابیندەکرد و لەهەمانکاتدا بەپێی توانا و پێویست موچەشی بۆ مامۆستاکان دابیندەکرد، ئەمە هەنگاوێکی باشبوو کە خوێندن لەسای شۆڕشدا سەرەڕای ئاستەنگەکان نەوەستێ.

مامۆستایانی شۆڕش ڕۆڵی گرنگیان لە بەردەوامبوونی خوێندن و فێربوون بینیی سەرەڕای ئەوەی بارودۆخەکە لەڕووی دەروونییەوە نالەباربوو، بەڵام بڕوا بە خۆبوون و پێویستیی وایکرد مامۆستایان بەگژ قوللەی قافدا بچن، وەکو پێشمەرگە لە بەرەکانی خوێندن و فێربوون

بـه ڕووی بڕیارەکانـی بەعسـدا بتەقنـەوە تـا چـرای زانیـن نەکوژێتـەوە، کـە بەعـس لـە کارەسـاتی ئەنفالـدا فـووی لـە قوتیلـەکان ئـەو هەوڵـە کـرد و هەمـوو قوتابخانـە و مرۆڤـەکان و دێهاتەکانیـش ئەنفالکـران و کوردسـتان رووبـەڕووی جینوسـاید کرایـەوە.

مامۆستایانی شـۆڕش مێژوویەکیان بـۆ کورد نووسییەوە کـە ڕۆژگارێک ئەوانیـش پێشـمەرگە بـوون و سـەنگەری بەردوامبوونـی زانسـتیان چۆڵنەکرد وەکـو شـانازییەک هەتایـە لـە تابلـۆی سـەروەریدا چـرای ئـەو هەڵوێسـتەیان دەگەشـێتەوە.

مزگەوت

مزگـەوت شـوێنی خواپەرسـتنی موسـڵمانانە، لـە سـەرەتای هاتنـی ئیسلامـەوە مزگـەوت دروسـتکراوە.. لەکوردسـتاندا لـە زۆربـەی دێهاتەکانـدا مزگەوت بنیاتنراوە مەگەر دێیـەک زۆر بچووکبێ و دانیشـتووانی کەمبووبێ مزگەوتـی تیانەبووبـێ ئەگینـا لـە دێهاتـە گەورەکانـدا مزگـەوت کراوەتـەوە تەنانـەت لـە دێیەکـی گـەورەی وەکـو دێـی وەرتـێ سـێ مزگەوتـی تیابـووە!

مزگـەوت بـە دیزاییـنی جۆراوجـۆر دروسـتکراوە، وەسـتای دەسـترەنگین و هونەرمەنـدی بیناسـازیی گـەورە نەخـش و نیـگاری جوانیـان تیابەکارهێنـاوە، کـە کـۆن لـە دێهاتەکانـی کوردسـتان بـە خشـتی قـوڕ بنیاتدەنـرا و سـەرەکەی بـە دار و نەیجـە و زەل دەگیـرا، لەشـارەکاندا بـە خشـتی سـوور و گومـەزی لەسـەر دروسـتدەکرا، لـە زۆر مزگەوتـی دێهاتەکانـدا حـەوش و دیـواری نەبـوو، حـەوز و ئـاو یـان لەناویـا یـان لەنزیکیـەوە بـوو، زۆر مزگـەوت مجێـور و بانگـدەری تیابـووە، مزگەوتیـش هەبـووە مـەلای نەبـووە و خەڵکەکـەی نوێژیـان تیادەکـرد.

ئـەوەی کاروبـاری ئایینیـی مزگەوتـی بەڕێوەدەبـات مەلایـە، مـەلای زۆر گـەورە لـە بـواره جیاجیاکانـی زانسـتە ئایینییـەکان هەڵگەوتـوون و ئەوانیـش خەڵکانێکـی زۆریـان پێگەیانـدووە، کـە لـە خەباتـی سیاسـیی و شۆڕشـدا

مەلاکان ڕۆڵی باشیان بینیوە و بەشدابوون و تەنانەت لە کاتی شۆڕشدا یەکێتیی زانایانی ئایینییان دامەزراندووە.

مزگەوت نەک تەنیا بۆ نوێژ و خواپەرستیی بووە، ئەو کاتەی هێشتا قوتابخانە نەکرابووەوە لە زۆر مزگەوتەکاندا حوجرە هەبوو بۆ خوێندنی وانەی ئایینی و پێگەیاندنی فەقێکان، کە لە زۆر شوێن و دێهاتیترەوە ڕوویاندەکردە ئەوێ، هەروەها زۆر بۆنەی ئایینیی وەکو مەولونامە و کۆمەڵایەتیی وەکو ئاشتەوایی و نانخواردنی ژنهێنان و پرسە لەوێدا جێبەجێکراوە.

لە سەردەمی شۆڕشدا مزگەوتەکان بوونەتە ماڵی پێشمەرگە کە دەچوونە دێهاتەکان پێش دابەشبوون لەوێ پشوویاندەدا و دەمانەوە یان شەوان دوای نانخواردن لە ماڵەکان لەوێ دەخەوتن.

کادیرەکانی شۆڕش بۆ کۆبوونەوە و قسەکردن بۆ خەڵکیی ڕوویاندەکردە مزگەوتەکان کە وەکو ڕێزێک بۆ پێگەی مزگەوت خەڵکەکە بە بێدەنگیی گوێیان لە کادیرەکان دەگرت و بیروڕایان لەسەر بابەت و کێشەکان دەگۆڕییەوە یان کۆمەک و هاوکارییان کۆدەکردەوە.

بۆیە مزگەوت لە ژیانی شۆڕش و پێشمەرگەدا مێژوویەکی جوانیی هەیە، پێشمەرگەکان حیکایەتی زۆری ئەو قۆناغەیان لایە لە قسەیخۆش و ڕووداوی سەرنجڕاکێش..

مەفرەزە

ئەم وشەیە لە زانستی سەربازیدا بەکاردەهێنرێ و لە شۆڕشی ئەیلولیشدا بۆ بچووکترین یەکە بەکارهاتووە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شۆڕشی نوێی ڕاگەیاند وشەی مەفرەزە وەکو یەکەی بچووکیی پێکهاتەی پێشمەرگایەتیی بەکارهات، چونکە شۆڕش لەسەرەتادا شێوازی پارتیزانی پێڕەودەکرد دەبوایە پشت بەو یەکە بچووکە ببەسترێ تا شوێنپێی خۆیان قایمدەکەن و دەتوانن لەبەرانبەر هێزەکانی دوژمندا

بوەستن.

ژمارەی پێشمەرگەی مەفرەزە لە هەموو سەردەمەکاندا ٧- ١٥ پێشمەرگە بووە، لەسەرەتادا لەهەر ناوچەیەک مەفرەزەیەک دروستدەکرا و دواتر کە خەڵکیی پێوەندییان بەشۆڕشەوە دەکرد و پێشمەرگە زۆردەبوو و بواری چالاکیی فراوانتردەبوو مەفرەزەیتر پێکەوەنراوە و دەستی باش لە هێزەکانی دوژمن وەشێنراوە و ناوبانگیی شۆڕش بڵاوبووەتەوە و توانای پێشمەرگە بۆ خەڵکیی و دوژمنیش دەرگەوتووە.

ژمارەی یەکەم مەفرەزەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٧ کەس بوو، لەشارەزوورەوە ئاڵای خەباتیان هەڵکرد و بە دوژمنیان وت کاروانی کوردایەتیی بەردەوامە و کورد نەمردووە، ئیتر لە ناوچەکانیتریش مەفرەزەیتر دروستبوو، کە سەرەتا بە کاری خۆناساندن و گەڕان بەدێهاتەکاندا و خەڵک ڕێکخستن و پەیداکردن دۆست بۆ شۆڕش دەستیانپێکرد، کەمتر خۆیان لە شەڕ دەدا مەگەر تووشبوونایە، چونکە هێشتا کەمبوون و چەکەکانیان زۆر سادەبوو بە بەراورد بە توانای سەربازیی دوژمن کە سااڵێک پێش دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ ئاشبەتاڵیی بە شۆڕشێکی زەبەلاحی (١٤) ساڵە کردبوو.

بەرپرسی یەکەمی مەفرەزە لە کەسە چابووک و شارەزا و بەدەستوبرد دانراوە و پێیوتراوە فەرماندەی مەفرەزە، جێگریشی هەبووە، بەرپرسی دارایی، هەروەها کەسێک وەکو کادیر ڕۆڵی رابەر سیاسیی بینیوە بۆ هۆشیارکردنەوەی پێشمەرگەکان و قسەکردن بۆ خەڵکی دێهاتەکان و ڕێکخستنەکانیش.

مەفرەزە سەرەتاییەکان چەکەکانی دەستیان زۆر سەرەتایی بووە تا وردەوردە چەکیان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکان و چالاکییەکانەوە دەستکەوتووە و پۆشتە بوونەتەوە و توانیویانە جموجووڵبکەن و بکەونە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بە شێوەی پارتیزانیی.

دوای ئەوەی کە پێکهاتەی پێشمەرگایەتی گۆڕا هەر ٣ مەفرەزە لە هەندێ باریشدا ٤ مەفرەزە کەرتێکیان پێکهێناوە.

مەڵبەند

دوای هەڵوەشانەوەی هەرێمەکان و قووەتەکان بە بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢دا لەجێی ئەوانەدا لەهەر ناوچەیەک مەڵبەندێک دروستکرا، کە کاروباری پێشمەرگایەتی، سیاسیی، دارایی.. هتد یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەبردبەڕێوە.

هەر مەڵبەندێک لە چەند بەشێک پێکهاتبوو، وەکو:

- بەشی سەربازیی
- بەشی سیاسیی
- بەشی دارایی
- بەشی کۆمەڵایەتیی و دادگا
- بەشی راگەیاندن
- بەشی بێتەل
- بەشی ڕێکخستنی کۆمەڵە
- بەشی ڕێکخستنی بزووتنەوی سۆسیالیستیی/ یەکێتیی شۆڕشگێڕان..

لە سنووری دەسەڵاتیدا سەرەتا یەکێتیی ٤ مەڵبەندی پێکەوەنا بە مشێوە یە :

- مەڵبەندی یەک لە دێی حاجیمامەند
- مەڵبەندی دوو لە دێی سەرگەڵوو
- مەڵبەندی سێ لە دێی وەرتێ
- مەڵبەندی چوار لە دێی سماقولی..

هەر مەڵبەندێک بەپێی جوگرافیای سنووردکەی لەڕووی پێشمەرگایەتییەوە چەند تیپێکی لەخۆگرتبوو، وەکو:

- مەڵبەندی یەک: ١٣ تیپ
- مەڵبەندی دوو: ١٢ تیپ
- مەڵبەندی سێ: ٧ تیپ

- مەڵبەندی چوار: ٩ تیپ..

بەڵام مەڵبەندەکان وەکو خۆیان نەدەمانەوە، بەڵکو گۆڕانیان بەسەردادەهات وەکو یەکخستنی هەردوو مەڵبەندی سێ و چوار یان مەڵبەندی تازە دروستدەبوو وەکو دروستکردنی مەڵبەندی بادینان.

لەبنەڕەتدا دروستکردنی مەڵبەندەکان بۆ ئەوەبوو دەسەڵات جێگەی خۆی بگرێ و کاروبارەکان لە ڕێگەی یاساوە بڕیاری لێبدرێ و هەر بەشە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێ دوور لە دەستێوەردانی بەرپرسەکانیتر.

ملازم محسن

ملازم محسنێک لە سلێمانیی پەیدابووبوو دەردێکی فرەی دەکردە دڵی دانیشتووانی شارەوە، وایکردبوو لە هەرکوێ دەربکەوتایە هەناسە دەوەستا، دڕندەیەک لە پێستی مرۆڤدا، هەمیشە ئارەزووی زەبروزەنگ و تۆقاندن بوو لەبەرانبەر خەڵکی بێدەرەتان.. ئەو هەر لەناوشاردا شێربوو، هەرگیز نەدەچووە دەرەوەی شار بۆ شەڕی پێشمەرگە، لە هەرکوێ دەنگی تەقەی پێشمەرگە بهاتایە نزیکنەدەبووەوە.

هەندێک دەڵێن ئەوەی ملازم محسن کردی خزمەتی شۆڕشی کرد بەوەی ئازاری خەڵکیی دەدا و خەڵک لەترسا دەڕۆیشتن دەبوونە پێشمەرگە، ئەمە ڕاستییەکی بچووکی تێدایە، بەڵام ئەو جەللادە بەرنامەی بەعسی جێبەجێدەکرد بۆ لەناوبردنی کورد بەتایبەتی گەنجان کە گیانێکی شۆڕشگێڕییان تیابوو.

ملازم محسن کابرایەکی فەلەستینیی بوو، لەعێراقدا بووبووە ئەفسەر.. ئەو فەلەستینییانە وڵاتە داگیرکراوەکەی خۆیان بەجێهێشتبوو لەعێراقدا بووبوونە دەسکەلای بەعس و بیری شۆفێنێتی عەرەبی، نەیاندەتوانی لە فەلەستین ڕووبەڕووی ئیسرائیل بوەستنەوە، کەچی لەعێراقدا دەبوونە کەواسووری بەر لەشکری بەعس و بە دڵوداو پەلاماری کوردیان دەدا، لە داموددەزگاکانی بەعسدا ئازاری تێکۆشەرانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی

دژی ڕژێمیان دەدا.

ملازم محسن تاوانی زۆری بەرانبەر خەڵکی کورد کرد بەتایبەتیی لە سلێمانیی، شەو و ڕۆژ هێزەکەی بەردەستی ئامادەبوو بۆ هەر ئەگەرێک، بە ڕۆژ لەناو بازاڕدا دەسووڕایەوە هەر کەسێکی بە دڵ نەبوایە دایدەگرتەوە، بە شەو بلاجیکتۆری ئۆتۆمبیلەکانی چاوی هاوواڵاتییانی کوێردەکرد، چەندین کەسی بێتاوانی لەناو بازاڕ و سەرجادە و کۆڵانەکاندا فەلاقەدەکرد یان تەقەی لێدەکردن یان دەیکوشتن، ستەمی لە کەسوکاری پێشمەرگە دەکرد، زیندانییەکانی ئازاردەدا.

کوشتنی ملازم محسن کارێکی قورس و زەحمەتنەبوو، شۆڕش زۆرجار لە ڕێگەی لیژنەکانی ناوشارەوە یان ئەو پێشمەرگانەی دەچوونە شارەوە لەوە دەگەڕان بە پیلانێکی تۆکمە ملازم محسن بخەنە بۆسە و داوە و بیکوژن، بە ئاسانیی بەرنەدەکەوت ئەگەریش تووشببوایە خۆی دەربازدەکرد، ئەو پیاوی شەڕی ڕووبەڕووبونەوە نەبوو، شەهید ئاسۆی دەلاک تەلەفونی بۆ دەکرد نەیدەوێرا خۆی بچێ هێزی دەنارد.

ملازم محسن سەرەڕای ئەوەی هێزێکی بەردەستی ئامادەی لەگەڵبوو، خەڵکی شۆفار و سیخوڕی کوردیش لەپشتەوە پشتیوانییبوون و هاوکارییاندەکرد لە گەیاندنی زانیاریی لەبارەی جموجوواڵی ڕێکخستنەکان و هاتنی پێشمەرگە بۆ ناوشار.

هەموو ئەو زەبر و زۆرییانەی ملازم محسن تۆزقاڵێک کاری لە وردەی خەڵکیی و ڕێکخستنەکان نەدەکرد بگرە سوورتر کاریاندەکرد و بەردەوامدەبوون لەسەر بەرنامەی خۆیان.

ئەوانەی بە دەستی ملازم محسن ڕۆیشتن لە دەفتەری سەروەری و شانازیدا وەکو ئەستیرەی تاریکەشەو ناویان لەبەرزییەوە دەدرەوشێتەوە و ملازم محسنیش کەس نازانێ لەکوێیە، تەنانەت میللەتەکەی لە گەورەترین میحنەتدایە و ئەو نموونەکانتری فەلەستینییە بەعسییەکان لە کون نایەنەدەر.

مەنعتەجەول

هـەر کاتێک چالاکییـەک لەلایـەن هێزی پێشـمەرگەوە لەناوشـاردا بکرایـە، زیـان بـە پیـاوەکان یـان دەزگاکانـی ڕژێـم بگەیەنرایـە، ئیتـر مەنعتەجـەول بـۆ دۆزینـەوەی ئەوانـەی بـەو چالاکییـە هەڵسـاون رادەگەیەنـرا.

مەنعتەجـەول واتـە قەدەغەکردنـی هاتوچـۆی هاوواڵاتییـان و مانەوەیـان لـە ماڵەکانـی خۆیانـدا تاکـو هێـزە ئەمنییـەکان کاری پشـکنینیان تەواودەکرد.. هێـزە ئەمنییـەکان هەمـوو شـوێنێک دەگـەڕان، کـون و قوژبنـی ماڵانیـان هەڵدەتـەکان تەنانـەت کەلوپەلـی ژنانیشـان پرشـوبڵاودەکردەوە، هەرچەنـدە پیاوانـی ڕژێـم خۆشـیان دەیانزانـی هیچیـان دەسـتناکەوێ، بـەڵام بـۆ هەراسـانکردن و تـرس و تۆقانـدن ئەوەیـان دەدەکـرد.

گەورەتریـن مەنعتەجەولێک لە سـلێمانی کرابێ لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ بوو، ڕژێـم چـواردەوری شـاری بـە هێـزە چەکدارەکانـی گرتبـوو، هەلیکۆپتەریـش بـە ئاسـمانی گەڕەکەکانـدا بـۆ چاودێریـی ماڵـەکان و جموجوولـی خەڵکیـی دەسـووڕایەوە، سـەرەنجام پێشـمەرگەیان دەسـتنەدەکەوت بەردەبوونـە گیانـی خەڵکـی بێتـاوان، کـە هیـچ پێوەندییـان بـە کاری پێشـمەرگانە و چالاکییـەوە نەبـوو، دەیانگرتـن.. ئـەوەی لەیادناچێتـەوە لـەو مەنعتەجەولـەدا خەڵکێکـی بێتـاوان لـە فلکـەی نالـی گوللەبارانکـران.

مەنعتەجـەول لـە زۆربـەی ئـەو شـارانەدا دەکـرا کـە پێشـمەرگە یـان ڕێکخسـتنەکان چالاکییـان تیادەکـرد و زیـان بـە ڕژێـم دەگەیشـت، جـاری وابـوو مەنعتەجـەول چەنـد ڕۆژێکـی دەخایانـد، خەڵکەکـە لەبەرانبـەر ئـەو تاوانانـەی ڕژێـم خۆڕاگربـوون و هەرگیـز لـە یارمەتیـدان پێشـمەرگە و هاوکاریکـردن و ڕێنماییکردنیـان دڕێغییاننەکـردووە.

مەکتەبی سیاسیی

ئۆرگانێکی حیزبییە، وەکو لەسەرچاوەکاندا هاتووە ئەم ئۆرگانە لە حیزبە کۆمۆنیستییەکانەوە داهاتووە و دواتر هاتووەتە کوردستانەوە و ئیتر بە گشتیی بەکارهێناوە، باڵاترین دەسەاڵتی بڕیاردانە لە کاروبارەکانی حیزبدا، لە لێیرسراوی یەکەم و جێگرەکەی و چەند ئەندامێکیتر لەکۆنگرەدا هەاڵدەبژێرێن، پێکدێت.

بەپێی سەرچاوەکان لە ساڵی ١٩٧٧ سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دۆاڵی گۆست یەکەم کۆبوونەوەی خۆی کرد و کۆمەاڵێک بە ئەندامی سەرکردایەتی هەاڵبژێردران، دواتر لە کۆبوونەوەکانیتر مەکتەبی سیاسییش دانرا.

وەکو دەوترێ یەکەم مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی بریتیبوولە: مام جەاڵل تاڵەبانی، شاسوار جەاڵل (ئارام)، عەلی عەسکەری، سااڵر عەزیز، رەسوڵ مامەند.. چەندینجاریش گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسییدا کراوە.

لەسەرەتاوە نوێنەری هەر سێ الیەنەکەی ناو یەکێتیی لە مەکتەبی سیاسییدا هەبن هەر الیەنە نوێنەری خۆی دەستنیشاندەکرد وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کاروباری یەکێتیی بەڕێوەبەرن، دواتر کە هێاڵی گشتیی نەما و لەگەاڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەکیانگرتەوە و بوونە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئیتر نوێنەری هەردوو الیەنی کۆمەاڵە و یەکێتیی شۆڕشگێڕان نوێنەریان لە مەکتەبی سیاسیی هەبوو.

ئەرکی مەکتەبی سیاسیی هەروەکو لەناوەکەیەوە دەردەکەوێ بە پلەی یەکەم سیاسەتکردن بوو، نوێنەرایەتیکردنی شۆڕش بوو بۆ قسەکردن و دانوستاندن و پێوەندیی بە الیەنە جیاجیاکانی کورد و عێراقی و ناوچەکەوە، هەروەها لەهەمانکاتدا ئەرکی راپەاندنی کاروباری پێشمەرگانە و ئۆرگانەکانیتری شۆڕشی بووە، کە هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرگانێکی لەئەستۆبووە وەکو: راگەیاندن،

عەسکەریی، دارایی، ڕێکخستن، کۆمەڵایەتیی.. هتد.

لێپرسراوی مەکتەبی سیاسییش پێیوتراوە سکرتێری گشتیی کە یەکەم سکرتێری گشتیی یەکێتیی مام جەلال تاڵەبانی بوو تا کۆچیدواییکردنی.. مام جەلال وەکو کەسێکی بێلایەن مامەڵەیدەکرد و بۆ هەردوو لا وەکو یەک تەماشایدەکردن، ئەگەرچی خۆی لەسەرەتاوە کۆمەڵە بوو، دواتر بە سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانیش دانرا، بەڵام لەبەر پارسەنگی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان وازی لە سکرتێریی شۆڕشگێڕان هێناو هەر ئیدارەی کاروبارەکانی یەکێتیی دەدا، هەوڵیدەدا کێشە و بگرەوبەردە ڕوونەدات ئەگەرچی زۆرجاریش گلەیی و ڕەخنە لە یەکتری هەبوو، هەندێجاریش ئەو گلەییانە ئاراستە ئەویش دەکرا.

مەکتەبی دارایی

دارایی بڕبڕەی پشتی شۆڕش بوو، بەبێ دارایی هیچ شتێک ناکرێ، دەست بۆ شتێک دەبرێ پێویستی بە پارەیە، هەر لە مانگانەی پێشمەرگە و کەلوپەل و پەیداکردنی تەقەمەنی لە قاچاخچی و پێویستییەکانی خواردن و هاوکاریکردنی مااڵ و کەسوکاری شەهید و زیندانییان و بریندارەکان، ئەمەش پێویستی بەوەبوو دەزگایەک سەروکاریی ئەم بابەتە بکات تا بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبچێ و فریای هەموو شوێنەکان و هێزەکان بکەوێ، بۆیە دەزگای دارایی دروستکرا، کە ئەندامێکی سەرکردایەتی یان موکتەبی سیاسیی سەرپەرشتیدەکرد و چەندین کادیریتر هاوکاربوون، جگەلەوە لەهەموو دەڤەرەکان لەناو هێزی پێشمەرگەدا لێپرسراوی دارایی هەبوو چ بۆ پارەکۆکردنەوە یان خەرجکردنی بەپێی ڕێنماییەکان.

سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش سەرچاوەی داهاتەکان لە کۆکردنەوەی پارەی گومرگ و باج و هاوکاری خەڵکی دێهاتەکان و کۆمەکی ڕێکخستنەکان و خەڵکی دۆستی یەکێتیی و پارەی سزادراوان پێکدەهات.

ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە داراییەکان بۆ

بەردەوامیی کاری شۆڕش و پەکنەکەوتنی، کە بەردەوام لەهەوڵدابوونایە و داهاتەکان کۆبکرایەتەوە و دواتر بەپێی پێویستیی بۆ هێز و دامودەزگاکان خەرجبکرایە.

کادیرەکانی دەزگای دارایی کە خەڵکانی شارەزای بواری دارایی بوونایە ئازایانە ڕۆژانە لە هەڵپەی پەیداکردنی سەرچاوەی داهاتە جۆراجۆرەکاندا بوونایە بەتایبەتی کە شۆڕش گەشەیکرد و هێزی پێشمەرگە زۆرتر و چالاکیی فراوانتربوو، ئەمەش ئەرکی دەزگای دارایی قورستردەکرد.

ئەگەرچی مەسەلەی پارەپەیداکردن بە زۆریی لە وەرگرتنی گومرگەوە لە خاڵە سنووروییەکانی نێوان ئێران و عێراقەوە دەهات، بەڵام هەر یەکێتیی بەتەنیا نەبوو گومرگی دەکرد، بەڵکو لایەنەکانی جودیش لەلای خۆیانەوە گومرگیان دەسەند، لەوانەیە ئەمە ناڕەزایی قاچاخچییەکانی بەدوادا هاتبێ، ئەوانیش لە ساخکردنەوەی کەلوپەلەکانیان هەقی ئەو گومرگکردنەیان دەکردەوە.

دەزگای راگەیاندن

راگەیاندن کۆڵەکەیەکی گرنگی شۆڕش بوو بۆ گەیاندنی پەیامەکانی لە ڕێگەی ئۆرگانە جیاجیاکانیەوە، بۆیە یەکێتیی بایەخی تەواوی بە راگەیاندن داوە کە لەسەرەتادا تەنیا بەیاننامە بڵاودەکرایەوە دواتر دەزگای راگەیاندن دامەزرا و بە یەکێک لە دەزگا گرنگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادەنرا.

ئەرکی ئەم دەزگایە بەڕێوەبردنی هۆیەکانی بیستن (رادیۆ)و خوێندنەوە (نامیلکە، گۆڤار، ڕۆژنامە) بوو بۆ گەیاندنی پەیامی شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەنگوباس هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەم دەزگایە لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یان سەرکردایەتیی سەرپەرشتیدەکرا و چەندین کادیر و نووسەر و شارەزای بواری

راگەیاندنی تیاکۆبووبووەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان.. چەندینجار ستافی ئەم دەزگایە بەپێی پێویست ئاڵوگۆڕ لەلێپرسراوەکانیدا کراوە، هەر لێپرسراوە بەرنامە و ئەجیندای خۆی لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی یەکێتیی دادەڕشت.

ئەم دەزگایە ئەم بەشانەی لەخۆدەگرت: رادیۆ (دەنگی شۆڕشی عێراق/ دەنگی گەلی کوردستان)، چاپخانە (شەهید برایم عەزۆ)، چاپەمەنی (شەڕارە، ڕێبازی نوێ، کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوە).

ئەم دەزگایە ڕۆڵی گەورەی لە جۆشدانیی خەڵکیی و هۆشیارکردنەوەیان دەبینی تەنانەت کاریگەریی تەواوی لەسەر دوژمن دروستکردبوو بەتایبەتی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان ڕۆژانە بە وتارە ئاگرینەکانی داموودەزگاکانی بەعس و سەدامی دیکتاتۆری نیگەراندەکرد، بۆیە زۆرجار بەر شاڵاوی پەلاماری ڕژێم کەوتووە چ بە تۆپباران یان بە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکان و زیانیان لە شەهید و بریندار دەگەیاند، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵیان نەداوە و لە کاری خۆیان بەردەوامبوون.

مەکتەبی عەسکەری

سەرەتا پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە سەرەتایی بوو بریتیبوولە چەندین دەستەی بچووکی گەڕۆک و پارتیزان، دواتر گەشەیکرد و کەرت و هەرێمەکان دروستبوو، پێویستیدەکرد دەزگایەکی تۆکمە بۆ بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنیان دروستبکرێ، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا مەکتەبی عەسکەری دابنرێ.

مەکتەبی عەسکەری یەکێک لە دەزگا گرنگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تەشکیلاتەکانی دەکرد لە وەرگرتن و دانانی لێپرسراوان و فەرماندەکانی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە و سزادانی سەرپێچیکاران، لە کاتی پێویستدا مافی کردنەوەی هێزی تازەی لەناوچەکاندا هەبوو، هەروەها سەرپەرشتیی

چالاکی و جموجوڵ و جوولانی هێزی پێشمەرگەی بۆ شەڕکردن هەبوو.

ئەم مەکتەبە لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە سەرپەرشتیدەکرا و چەندین کەس لە فەرماندە ئازا و شارەزاکانی بواری شەڕ و پێشمەرگایەتی تیایا ئەندامبوون..

هەندێجار خولی پێشمەرگانە بۆ کادیر و فەرماندە و پێشمەرگە چابووکەکان دەکرایەوە بۆ فێربوون و شارەزابوون لە پلانی شەڕ و بەکارهێنانی چەک، تەنانەت چەندین کەس لە لێپرسراو و پێشمەرگە دێرینەکان بۆ خول نێردرابوونە دەرەوە.

مەکتەبی عەسکەری پلانی شەڕە گەورەکانی دادەڕشت کە هێزی مەڵبەندەکان و تیپەکان بەشدارییاندەکرد و زەبری کوشندەیان لە هێزەکانی ڕژێم دەدا لە کوژراو و دیل و بریندار و دەستکەوتی زۆری چەک و تەقەمەنی و کەرەستەیتری سەربازیی.

تا دەهات ئەرکەکانی مەکتەبی عەسکەری فراوانتردەبوو بەهۆی زۆرلبوونی هێزی پێشمەرگە و کردنەوەی یەکەی تازە لە مەڵبەندەکان و ناوچە جیاجیاکان و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانی پێشمەرگایەتیی و خولکردنەوە بۆ رشتە سەربازییە جیاجیاکان لەلایەن ئەو ئەفسەر و پلەدارە سەربازییانەی پێوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە دەکرد.

تا ئەو ڕۆژەی مەکتەبی عەسکەری هەڵوەشایەوە نەخشێکی ڕەنگینی لە ژیانی پێشمەرگەدا هەبوو، کۆمەڵێک کادیر و فەرماندەی بەتوانا ڕۆڵی ئازایانەیان دەبینی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە پێشمەرگایەتییەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان.

موخابەرات

موخابەرات یەکێک لە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بوو، ساڵی ١٩٧٩ لە چەند دەزگایەکی ئەمنیتر پێکهێنرا، کاری هەواڵگریی دەرەوەی وڵاتی دەکرد بەتایبەتی سیخوڕی لەسەر وڵاتانی دەرەوە و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی

زانیارییەکان.

موخابەرات لە دوو ئاستدا کاریدەکرد: سیخوڕی لەسەر وڵاتانی دەرەوە، دژی پیلانی وڵاتانی دەرەوە و پووچەڵکردنەوەی کارە سیخوڕییەکانیان.

چاندنی چاوە سیخوڕەکان لەناو دامودەزگا گرنگ و ئەمنییەکانی وڵاتان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەبارەی کارە نهێنییەکان بەتایبەتی دەزگا سەربازی و ئەمنییەکان.

کۆن کاری موخابەراتیی نهێنیی بوو، کەچی لە سەردەمی سەدامدا کاری ئەم دەزگا بەئاشکرا دەکرا، شوێن و بارەگای تایبەتیی هەبوو، کارمەندی قەبەی خۆی هەبوو.

هەر وڵاتێک دەزگا موخابەراتی خۆی هەیە، بەهێزترین و ناودارترین موخابەرات لەجیهاندا موخابەراتی ئەمەریکایە.. ئیتر موخابەراتەکانیتری وڵاتانیتر دێت.. دەزگای موخابەراتی عێراقیش دەزگایەکی قەبە بوو، کارمەندێکی زۆری هەبوو چ لەناوەوەی عێراق و چ لە دەرەوەی عێراق، چونکە سەدام پشتی بە دەزگا ئەمنییەکان دەبەست بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکانی سەربە خۆی دەنارد وڵاتانی دەرەوە بۆ فێربوون و سوودوەرگرتن لە شارەزایی ئەو وڵاتانە لە بواری سەرکوتکردن و توندوتیژییدا، بۆ ئەم مەبەستەش توانایەکی دارایی زۆری دەخستە بەردەمی ئەم دەزگایە و دەزگا ئەمنییەکانیتریش.

زۆرجار سەرچاوەکانی دەزگای موخابەرات دووسەرە بوون بۆ هەردوو لا کاریاندەکرد، بەوریاییەوە زانیارییەکانیان وەردەگیرا.

موخابەراتی بەعسی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە کاریان لەسەر خەڵک و لایەنە بەرهەڵستکارەکان دەکرد بۆ ڕێگریکردن لە چالاکیی و هەوڵەکانیان لە دژایەتیی ڕژێم لە ڕێگەی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و تا رادەی ڕەشەکوژیی گوایە ئەوانە مەترسیی بوون لەسەر ڕژێم.

ئەم دەزگایە لەوە تێپەڕیی کە دەزگایەکی نیشتمانیی بێت، هەموو بەرهەمی دەزگای موخابەرات و ئەوانتریش بووە مەیدانێک بۆ پاڕێزگاریکردن لە دەسەڵاتی سەدام حسێن و ڕژێمی بەعس، بۆیە عێراق

لـه سـەردەمی سـەدامدا بووبـووە ولاتێکـی تـەواو پۆلیسـیی، هەمـوو شـتێک لەژێر چاودێریدا بـوو، هەرکەسـێک بەپێچەوانـەوە هەناسـەی بدایـە راودەکرا و سـەری هەڵدەکەنـرا.. لـەم بوارەشـدا خەڵکێکـی زۆر لەناوبـران کـە زۆریـان هیـچ تاوانێکیـان لەسـەر نەدەچەسـپا جگەلـەوەی کـە بـە دەسـەڵاتی سـەدام و بەعـس قایلنەبـوون.

موختار

سـەدام عێراقـی کردبـووە زیندانێکـی گـەورەی خنکێنـەر هیـچ جـۆرە ئازادییـەک نەبـوو، هیـچ نیشـانەیەکی شارسـتانییەت نەدەبینـرا جگەلـە هێـزی سـەربازیی و دەزگای ئەمنیـی و چەکوچۆڵـە.

هـەر لەکۆنـەوە دەسـەڵاتەکانی عێـراق بـۆ ئاگاداربـوون لـە کاروبـاری خەڵکیـی و کۆنترۆڵکردنیـان چ لـە شـار و چ لەلادێیەکانـدا کەسـێکیان دادەنـا پێیدەوتـرا موختـار، مـۆری تایبەتـی بـۆ دەکـرا، قسـەی لای دامودەزگاکانـی حکومـەت دەیخـوارد، لەبەرانبـەر کارەکانیدا بڕێک پارەی مانگانـەی دەدرایـە.

ئـەم دانانـی موختـارە لەسـەرەوە بـوو نـەک بـە دەنگدانـی خەڵکیـی، لـە پەنـا راییکردنـی کاروبارەکانـی خەڵکیـدا حکومـەت زۆرجـار کاری خەفیـە و شۆفاریشـی پێدەکـرد واتـە دەنگوباسـی نهێنیـی دەگەیانـد.

دوای ئاشـبەتاڵی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ بەعـس بـۆ ئاگابـوون لـە جموجووڵـی خەڵکەکـە و خەبەرلێدانیـان لـەلای دەزگاکانـی ئەمـن و مونەزەمـە موختـاری بـۆ دێهاتـەکان دانـا، ئەمجـارە کاری یەکەمـی موختارێتیـی بـە پلـەی یەکـەم بـوو بـە سـیخوڕیی بەسـەر خەڵـک و گەیاندنـی زانیاریـی لەسـەر هەڵسـوکەوت و جموجووڵەکانیـان بەتایبەتـی ئەوانـەی بچووکتریـن گومانیـان بەرانبـەری هەبوایـە.

موختـارەکان زۆربەیـان لەپێنـاوی بەرژەوەنـدی و مووچەکەیـان وەکـو دەسـکەلایەکی ڕژێـم بووبوونـە سـەرچاوەیەک بـۆ ئازاردانـی خەڵکیـی لـە ڕێگـەی بەگرتـدان و ڕادەسـتکردنیان بـە دەزگا ئەمنییـەکان.

هەندێ لە موختارەکان هەڵوێستیان زۆر خراپبوو بە تەواویی کەوتبوونە ژێر رکێفی دوژمنەوە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێدەکرد و خەڵکییان دەکردە تەڵەی دەزگا ئەمنییەکانەوە یان زۆرجار خەڵکیان دەترساند و لەژێرەوە پارەیان وەردەگرت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ موختاریتر خۆیان لە سیخوڕیی دەپاراست و ئەوەندە زانیارییان بە دوژمن نەدەگەیان و نەدەبوونە مایەی ترس و تۆقاندنی خەڵکیی، بگرە هەندێکیان پێوەندیشیان بەشۆڕشەوە هەبوو و کاری خراپە و لابەلایان نەدەکرد.

بەهۆی ڕۆڵی ئەو موختارانەی خزمەتی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمیان دەکرد زۆرجار کێشەیان بۆ خەڵکیی و ڕێکخستنەکانیش دەنایەوە، ڕژێم ئەشکەنجەی دەدان یان دەیکوشتن، مەرجیشنەبوو تۆمەتیان لەسەر چەسپابێت، گرنگ ئەوەبوو کوردن و بە زۆرییش بۆ چاوترساندن بوو.

بۆ لێدانی پێگەی دوژمن و نەهێشتنی مەترسی موختارەکان لەسەر شۆڕش و پێشمەرگە بڕیاری کوشتنی موختارە خراپەکان لەلایەن شۆڕشەوە دەرچوو، هەرچەندە کادیر و بەرپرسەکانی شۆڕش ئاگادارییان بڵاودەکردەوە بۆئەوەی ئەو موختارانە کاری دژ بە شۆڕش نەکەن و یارمەتی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان نەدەن، ئەمە کاریگەرێتیی لەسەر زۆر لە موختارەکان دانا و خۆیان لە هەڵە و کاری نادروست دەپاراست، بەڵام هەندێک لە موختارەکان کە لەخۆفڕۆشیدا ڕۆچووبوون و وازیاننەدەهێنا ناچار بە سزایان بگەیەنن وەکو چاوشکاندنێک بۆ دەسکەلاکانی دەزگا ئەمنییەکان.

ئەمە کارێکی ناچاریی بوو بەرانبەر یەو موختارە تاوانبارانەی نەدەگەڕانەوە و سووربوون لە ئازاردانی خەڵکیی و دەستڕاکێشانی پیاوەکانی دەزگا ئەمنییەکان بۆ ترس و تۆق بڵاوکردنەوە و گرتنی و ڕاوەدوونانی کەسوکاری پێشمەرگە.. جاری وەهاش بووە موختاری سەر بە شۆڕشیش بە هەڵە بەرکەوتووە.

زۆرجار دەزگا ئەمنییەکانیش خۆیان گومانیان لە هەندێ لە موختارەکان

بـوو یارمەتیـی پێشـمەرگە دەدەن یـان زمـان لـە خەڵکیـی نـادەن و زانیاریـی تـەواو ناگەیەننـە دەسـەڵات، بۆیـە چاودێریدەکـران یـان سـەرزەنشـتدەکران.

ناپاك/ خائین

بەدرێژایـی مێژووی بزووتنـەوە شۆڕشـگێڕییەکان خەڵکانێـک یـان تەنانـەت لایەنێـک لـە دژی تەوژمـی شۆڕشـگێڕیی وەسـتاونەتەوە و لـەو خانەیـە دەرچوونەتـە دەرەوە و ڕوویانکردووەتـە دوژمـن و خۆیـان فرۆشـتووە و بوونەتـە ئامرازێـک بـە دەسـتی دوژمنـەوە بـۆ سـەرکوتکردنی خەڵکـی و کوشـتنی گیانـی دڵسـۆزی بـۆ نیشـتمان و نەتـەوە.

هۆکار زۆرە بۆ ناپاکیی و خۆفرۆشـیی، هەیە لەڕووی بیر و ئایدیۆلۆژیاوە ناگونجـێ و ناتوانـێ لەنـاو ریزەکانـی شۆڕشـدا کاربـکات یـان ئەوکەسـە بـە هـۆکاری پلەوپایـە و پۆسـتەوە بەرگەناگرێ رادەکاتـە لای دوژمـن و کەسـێکی خراپـەکاری لێدەردەچـێ یـان بـە هـۆکاری خۆبەسـتنەوە بـە عەقڵییەتـی خێڵەکییـەوە ناتوانـێ لەگـەڵ هێڵـی شۆڕشـدا هەڵبـکات یـان بەهـۆی هەنـدێ هەڵسـوکەوتی ناپەسـەند و لـە دەرەوەی ئـاکاری شۆڕشـگێڕییەوە دەیـکات دەبێتـە هـۆی سـزادانی لەبـری ئـەوەی خـۆی چاکبکاتـەوە دەچـێ پێوەندیـی بەدوژمنـەوە دەکات و کـۆڕی خۆفرۆشـیی گەرمدەکاتـەوە یـان هەیـە دوژمـن دەیقۆزێتـەوە و دەیکرێ و دەینێرێتـە نـاو شـۆڕش وەکـو شـۆفارێک دەنگوباس و جموجوولـی شـۆڕش و پێشـمەرگە لـە کەناڵـی تایبەتییـەوە بـۆ دەزگا ئەمنییـەکان دەنێـرێ.

کەسـێک لـە میللەتەکـەی خـۆی هەڵبگەڕێتـەوە، خـۆی بفرۆشـێت و ببێتـە پیـاوی دوژمـن و هاوکاریبـکات، لەپێنـاوی پـارە یـان پلەوپایەیـەک بـە چـەک و کەرەسـتەی دوژمـن پەلامـاری خاکەکـەی خـۆی بدات و دەسـتی بچێتـە خوێنـی خەڵکەکـەی، ئـەوە کەسـێکی ناپـاک یـان خۆفـرۆش یـان خائینـە، کارەکـەی دەچێتـە خانـەی ناپاکیـی مەزنـەوە کـە وەکـو تاوانـی تایبەتـی تەماشـادەکری و لـە تاوانـە ئاساییەکان جیاوازە کـە لـە زۆربـەی وڵاتـان سـزای لەسـێدارەدان

یان زیندانی هەتاهەتایی هەبووە.

ناپاکیی بەشێوەی جیاجیا دەکرێت بە نهێنی و بە ئاشکرا، لەئاستی تاک و کۆمەڵ، تەنانەت لەئاستی حیزبیشدا.. واتە هەر ئەوەنییە بەئاشکرا چەک هەڵبگیرێ و شەڕ بۆ دوژمن بکرێ، بەڵکو شۆڤاریکردن و زانیاری ژێر بەژێر گەیاندن و چاوساغیی هێزەکانی دوژمنیشە بۆ دەستگەیشتنە شۆڕشگێڕان و تێکۆشەران و ئازاردانیان، چونکە ناپاکیی لە میللەت و نیشتمان خراپترین و ناشیرینترین جۆری ناپاکییە و بە ناپاکیی مەزن ناودەبرێ و سزای تونـدی لەدوایە کە زیندان و لەسێدارەدان و کوشتنە، بۆیە زۆر کەس لەوڕێگەیەدا بەخۆڕایی سەری خۆیان داناوە و ناویان چووەتە لاپەڕەکانی تاوانباریی و ناوزڕاندنەوە.

بەهۆی داگیرکارییەوە هەمیشە دوژمن هەوڵیداوە لە ناوخۆی کورددا داردەست پەیدابکات لە رێگەی کڕین و چەکدارکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لەناوبردن و کپکردنەوەی هەر جووڵە و سەرهەڵدانێک.. ناپاکیی هەر لەئاستی تاکەکەسدا نەکراوە، بەڵکو لەئاستی تیرە و هۆزکان و بگرە لەئاستی حیزبیشدا کراوە ئەوانەی پشتیانکردووەتە نیشتمان و خزمەتی بەرنامەی دوژمنیان کردووە و بوونەتە کۆسپ لەبەردەم ویستی خەڵکیی و شۆڕشدا.

لەهەندی وڵاتان ناپاکیدانەپاڵ کەسێک یان کەسانێک وەکو هۆکارێک بۆ پاکسازی و دوورخستنەوە و لەناوبردن بەکاردێت، بەڵام ئێستا پێوەرەکان گۆڕاوە و زۆرجار کەسێک یان لایەنێک تەنانەت دەوڵەتێک لە رێڕەوی خۆی لادەدات و دەست تێکەڵدەکات بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و گوێشناداتە ئەوەی کە ناپاکیی کردووە.

خراپترین سەردەمی ناپاکیی لای کورد سەدەی بیستەمە کە خەڵکی دەروون لاواز و هەلپەرست و بەرژەوەندخواز دوای شکستی شۆڕش یان لەکاتی بەرپابوونی شۆڕش ڕوویاندەکردە دوژمن و چەکیانهەڵدەگرت و بەرانبەر گەلەکەی خۆیان دەوەستانەوە، ئەگەرچی هەندێکیان بەناچاریی و بۆ خۆپاراستن و مانەوە ئەوکارەیان دەکرد.

خراپترین بارودۆخیش لەباشووردا سەردەمی سەدام حسێن بوو کە (٥١٠) هەزار کەس بەناوی جاشیسووکەوە تۆمارکراون و لە گەورەترین تاوانی سەردەمدا بەشداربوون کە شەڕی ئەنفالە.. ڕژێمی بەعس بە بەردێ دوو چۆلەکەی کوشت: هەم ئەو خەڵکەی کردە جاش و هەم دەستیانی کردە زاخدا و بەشداری پێکردن لە شەڕی پێشمەرگە و لەناوبردنی خەڵکی و وێرانکردنی دێهاتەکانیان.

ناپاکیی بووەتە بەشێک لە مێژووی کورد، هیچ جوولانەوەیەک نەبووە خەڵکیی نەبووبێتە دەسکەلا و یارمەتیدەری دوژمن بۆ دامرکاندنەوەی ئەو جوولانەوەیە و سوودگەیاندن بە دوژمن، بۆیە لە مێژووی کورددا ناپاکیی زۆر کراوە، لەهەموو شۆڕشەکاندا بەرانبەر پێشمەرگە و تێکۆشەران جاش و خەڵکە بەکرێگیراوەکە وەکو هێزی دژە شۆڕش قوتبوونەتەوە و چەکی ناپاکییان هەڵگرتووە و لە دوژمن توندتر جوولانەتەوە و لەهەموو خراپەیەک دەستیان نەپاراستووە، نزیکترین نموونە بەشداریکردنی ئەو سەدان هەزار جاشە کوردە لە تاوانی ئەنفالکردندا کە لە هێزەکانی سوپای عەرەبیی بەعس دڵگەرمانەتر پەلاماری پێشمەرگەیان دەدا و دێهاتەکانیان دەسووتاند و مااڵتیان تااڵنوبڕۆ دەکرد!

کەسی ناپاک هەمیشە خۆپەرست و لەهەموو ڕەوشتێک دامااڵراوە و لەهەمانکاتدا ترسنۆکیشە، تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆیشی دەسڵەمێتەوە و لەلای خەڵکیش نابووت و پەرپووتە، هەرگیز هەست بە تاوانباری و شەرمەزاری ناکات و نایەوێ پەشیمانبێتەوە و ئامادەنیە بەهەڵەکانیدا بچێتەوە و هەمیشە پاساوی ناڕاست بۆ کارە ناڕەوشتییەکانی دێنێتەوە.

نازناوی پێشمەرگە

لە ژیانی خەڵکیدا نازناو دوای ناوی کەسەکە دێت، زۆرتر بۆ ناسین یان ڕێزگرتن یان ناوناتۆرە بەرانبەر بە کەسەکە بەکاردێ.. لەناو کۆمەڵگادا جگەلەوەی کەسەکان ناوی تایبەتیی خۆیان هەیە، هەندێکیش نازناو بۆ خۆیان دادەنێن یان بۆیان دادەنرێ، کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە.. لەناو شۆڕشیشدا پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردەکانیش نازناویان بۆ خۆیان داناوە یان بۆیان دانراوە.

بەشێکیان هەر پێشتر ئەو نازناوەیان هەبووە، بەشێکیشیان کە بوونەتە پێشمەرگە نازناویان داناوە پێیانخۆشبووە بەوەوە بناسرێن.. ئەو نازناوە هەریەکە بەجۆرێکە:

بەشێکی بەناوی هۆزەکەیەوە: سیروان تاڵەبانی، دلێر جاف، سەمەد ئۆمەربلی، ئەکبەر یەناخی، جەمیل هەورامی.

بەشێکیش بەناوی شوێن: دێ، شار، ناوچەوە: نەجم بۆیسانەیی، مام سالّح گۆڕیئەسپی، ئەحمەد شاتوانیی، ڕووتە کەلاریی، سامان گەرمیانی.

هەندێک بەهۆی لێکچوونی شێوەی لەگەڵ کەسێکی ناودارداا: حەسەن لینین هەندێکیش بەهۆی ڕەنگی ڕووخسار و شێوەوە: حەمە ڕەش، ئەحمەد چاوشین، سالارە سوور، جومعە درێژ، حەمە قەڵەو.

بڕێک بەهۆی جۆری چەکەکەیەوە: مەجید بیکەیسی، حەسەن ئارپیجی، حسێن ژێسێ.

بڕێکیتر بەهۆی ئەو بوارەی کاری تیاکردووە: حەمەی مالیە، مەلا شکوری باج، سەرداری ڕابەرسیاسیی، حەمەڕەحیمی جیهاز.

هەندێجار ئەو نازناوە وەکو ناتۆرە بۆ کەسێک بەکارهاتووە: مچە تەلمل، مەجە لۆری، عومەر فاشیل، ساڵە قنگبەرز، خەلیفە تڕەگوێڕووت.

هەندێ کەس نازناو یان ناتۆرەیەکی لێدەنرا لەناو خەڵکدا نەدەوترا، بەڵام لەناو بەرپرس و پێشمەرگەکاندا دەوترایەوە!

مـام سـاڵح گۆڕیئەسـپی گەرچـی نەخوێنەواربـوو لـە هەڵبەسـتنی نازنـاو و ناتۆرەدا دەسـانێکی سـەیری هەبـوو، کـەم بەرپرس و کادیـر و پێشـمەرگە لـە داوی دەردەچـوون و نازناوێکیـان پێوەنەلکێنـێ، ئـەو نازنـاو و ناتۆرەیـە رێک پڕبـە پێسـتی ئـەو کەسـە بـوو لەگـەڵ ناوەکەشـیدا دەهاتـەوە و دەگونجـا، خۆیشـی لەلایـەن هاوڕێکانیـەوە نازنـاوی بـۆ دانرابـوو خۆیشـی دەیزانـی و هەندێجاریـش هـەر بـەو نازنـاوەوە بانگماندەکـرد.

لەهەمـووی گرنگتـر ئـەو نازنـاو و ناتۆرانـەی دەدرایەپـاڵ هەرکەسـێ کـەس زوێرنەدەبـوو یـان پێیناخۆشـنەبوو، بگـرە بـە ئاسـایی و گیانیـی لێبوورەییـەوە وەریدەگـرت!

ناسیۆنالیزم

ناسـیۆنالیزم پێچەوانـەی ئینتەرناسـیۆنالیزمە.. ناسـیۆنالیزم واتـە لایەنگرانـی نەتـەوە، نەتەوەپەرسـتیی، کوردایەتـی.. واتـە ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی باسـی نەتـەوە و هەسـتی نەتەوایەتـی بـۆ گەیشـتن بـە مافـی چـارەی خۆتووسـین دەکات.. ئەوانـەی داکۆکیـی لـە بوونـی دابونەریتیـی خۆیـان و بەرژەوەندیـی خۆیـان دەکـەن وەکـو: زمـان، ئاییـن، خـاک، دابونەریـت.. هتـد.

ناسـیۆنالیزم تیۆرییەکـی تازەیـە پرسـێکی گرنگـە مەبەسـتی دروسـتکردنی دەوڵەتـی نەتەوەییـە،

بۆچوونـی جیـاواز لەبـارەی پەیابوونـی ناسـیۆنالیزمەوە باسـدەکرێ: هەیـە دەڵێ زۆر کۆنـە، هەیـە بـۆ سـەردەمی رێنیسانسـی دەگەڕێنێتـەوە کـە چەندیـن دەوڵەتـی نـوێ دروسـتبوون دوای تێکشـکانی ئیمپراتۆرییەتەکانـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت لـە ئەوروپـا سـەریهەڵدا و گەیشـتە شـوێنەکانیتری دنیـا.

یەکێـک لـە کێشـەکان مەسـەلەی خۆبەپیـرۆز زانینـی هەنـدێ نەتەوەیـە رێگـە بـە خۆیـان دەدەن پەلامـاری نەتەوەکانیتـر بـدەن ئەمـەش لەژێـر پـەردەی رەگەزپەرسـتیی یـان رەگـەزی زاڵ یـان بەنـاوی ئاییـنەوە.. عـەرەب بەنـاوی ئاییـنی ئیسـلامـەوە بانگەشـە بـۆ ئوممەتـی ئیسـلامیی دەکات، سـنووری

نەتەوایەتیی غەیرە عەرەب دەسڕێتەوە، هەستی نەتەوایەتییان ناهێڵێ!

زۆرجار ناسیۆنالیزم بۆ مەبەستی داگیرکاریی و پەلاماردانی وڵاتان بەکارهاتووە، بەهۆی ناسیۆنالیزمەوە هەندێجار جۆرێک لە رەگەزپەرستیی و راسیزم دروستدەبێ، کە خۆیان لە نەتەوە و خەڵکانیتر بە پلەوپایە بەرزتر دادەنێن.. عەرەبیش وەکو جوولەکە خۆیان بە باشترین ئوممەتەکان دەزانن!

هەندێک رایانوایە بە نەبوونی دەوڵەت نەتەوە نییە، لەگەڵ ئەوەدا کورد بەبێ بوونی دەوڵەت ناسنامەی نەتەوەیی دروستکردووە! کورد هەموو رەگەزەکانی ناسیۆنالیزمی تیایە: مێژوو، خاک، رەگەز، زمان، ئابووری، ئیرادە.. کورد بەهۆی داگیر و دابەشکردنەوە دەوڵەتە ناسیۆنالیستە داگیرکارەکان هەوڵی تواندنەوەیان لەناو بۆتەی نەتەوەکانی خۆیاندا داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە باشووری کوردستان ناسیۆنالیزم هەم لایەنی شۆڤێنیی کە تەنیا خۆی دەبینێ و ئەویتر رەتدەکاتەوە و هەم لایەنی بتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی کوردە!

هەندێک ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ئەحمەدی خانی شاعیر دەگەڕێننەوە کە بیری ناسیۆنالیزم لە شاکاری مەم و زینەکەیدا رەنگیداوەتەوە، بەدوای ئەودا حاجی قادری کۆیی شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە بناغەیەکی تۆندوتۆڵی بۆ بیری ناسیۆنالیزمی کوردی داڕشتووە، ئەمانە باسی ناگوزووریی ژیانی کوردیان بە دەست دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانییەوە کردووە، ئەوان خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی کورد بوون، دوای ئەوان چەندین جووڵانەوە و سەرکردە چ لە ڕێگەی خەباتی چەکداریيەوە یان لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە کاریان بۆ دواڕۆژی کورد و دەوڵەتی کوردی کردووە.

ناسیۆنالیزمی کوردی یان کوردایەتی یان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد واتای ئەوەنییە کورد تەنیا خۆی دەبینێ و رقی لەنەتەوەکانیترە یان دۆستایەتییان رەتدەکاتەوە، کوردایەتی واتە خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی کورد لە دەست ڕژێمە ناسیۆنالیستە داگیرکەرەکان.

لەو ڕۆژەوە کوردایەتیی دروستبووە بەرنامەڕێژییەکی ریکوپێکیی بۆ نەکراوە هەر لایەنە بە پێودانگی خۆی کاریکردووە، گوتاری هاوبەش و ستراتیژی ڕوونی نەبووە، ڕۆژێک داوای ناناوەندێتیی کردووە، سەردەمێک ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە، ئینجا سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتیی کوردی.

گوتاری کوردی هەر لەکۆنەوە بە ئاراستەی عێراقیبوون ڕۆیشتووە، هەمیشە باسی خەباتی یەکگرتووی کورد – عەرەب و برایەتی گەلان کراوە، مامۆستا برایم ئەحمەد یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بانگەشەی برایەتی کورد – عەرەبی دەکرد، سەرەتای شۆڕشی نوێش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خولگەی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد سووڕاوەتەوە تەنانەت ڕێکخراو و حیزبە چەپەکانیش هەر لەسەر هەمان ریتم ڕۆیشتوون، دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروشمی خۆی بەرەو کوردستانیبوونی شۆڕش لەئۆتۆنۆمییەوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین گۆڕی.

دەشزانرا ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراقیی هەرگیز باوەڕی بە دیموکراسییەت نییە یان نایانەوێ دان بە مافی نەتەوەیەکی وەکو کورددا بنێن.. سەرکردە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بە زارەکی نکۆڵییان لە مافی کورد نەدەکرد، بەڵام لەناخەوە ڕاستیانەدەکرد! هەرچی دەسەڵاتی حوکمڕانیی عەرەبییە پێش گەیشتنە دەسەڵات پشتیوانیی مافی کوردی کردووە، کە هاتووەتەسەر تەختی فەرمانڕەوایی پاشگەزبووەتەوە و ڕەگە شۆڤێنییەکەی لاملی هەستاوە.

لەبەر نەبوونی ڕووبەری ئازادیی و دیموکراسیی ناچار ناسیۆنالیزمی کورد لە سەرەتای دروستبوونیەوە سەرکردایەتی خەباتی چەکداریی کردووە و ڕۆڵی خۆی لەڕابەرایەتیکردندا بینیوە! لە خەباتی چەکداریدا زۆرتر بوار بۆ هێز و لایەنە ناسیۆنالیستەکان ڕەخساوە لەبەرانبەر ڕژێمە داگیرکەرەکاندا بوەستنەوە، هێزە چەپ و کرێکارییەکان بە کەمیی

نەبێ وەکو پێویست لەگۆڕەپانی خەباتی چەکداریدا نەبوون بە بیانووی ئەوەی جڵەوەی شۆڕش بە دەست هێز و لایەنە ناسیۆناسیتەکانەوە بووە.

کە حیزبە چەپەکان لەکوردستاندا دروستبوون و بیری مارکسیزمیان بڵاوکردەوە ئەوان باوەڕیان بە مافی گەلان و مافی کرێکاران و نەمانی چینایەتیی هەیە، ناسیۆنالیزمیان بە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستیی ناوزەددەکرد، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هەستی خەڵکیی دادەنا، دواتر ئەم هەڵوێستە گۆڕانی بەسەردا هات لەکاتێکدا مارکسیزم باوەڕی بە مافی چارەنووسی گەلان و یەکسانیی نەتەوەیی هەیە، بەهەمانشێوە رەوتە ئیسلامییەکانیش کە باوەڕیان بە سەتاپاگیریی هزری پانئیسلامیزم و برایەتی موسڵمانان هەیە بەربەستبوون لەبەردەم مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا!

حیزبەکانی کوردستان کە شۆڕشدەکەن، خەباتدەکەن، قوربانییدەدەن، گەورەترین کێشەیان نەبوونی پڕۆژەی جیددیی ناسیۆنالیزمییە، بەهۆی ناکۆکییانەوە یەکێتیی نەتەوەییمان نییە، کاریان بۆ ستراتیژی ناسیۆنالیزم نەکردووە، هەمیشە کەوتوونەتەناو ململانێ و شەڕی بێهوودەوە بە ئاراستەی بەرنامەی داگیرکەران، ئەو یەکنەبوونە زیانی قورسی لە چارەنووسی کورد داوە.

ناوگۆڕینی کۆمەڵە

کۆمەڵە رێکخراوێکی چەپی مارکسیی بوو لە منالّدانی هەلومەرجێکی زۆر ناسکدا بە نهێنیی هاتەبوون، کۆمەڵە دووجار قاچاغبوو هەم لەلای حیزبی بەعس و هەم لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام کۆمەڵە نەترسانە هەنگاوی هەڵدەهێنا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی شکستی بەرنامەی حیزبی بورژوازی کوردی لە شۆڕش و خەباتدا تێیکەوتبوو!

کۆمەڵە وەکو داینەمۆی شۆڕشگێڕیی و بیری پێشکەوتووخوازیی

کەوتـە کۆکردنـەوەی ئـەو مرۆڤانـەی ئامادەیـی خۆبەختکردنیـان هەبـوو لەبـەر رۆشـنایی تیۆریی شۆڕشـگێڕانەدا کە ئـەو سـەردەمە باوییـوو و دنیـای داگیرکـەران و کۆنەپەرسـتان و ئیمپریالیزمـی جیهانـی دەهەژانـد!

لای خەڵکـە هۆشـیارە ئـاگادارەکان نـاوی مارکسـیزم – لینینیـزم سـەرچاوەی گۆڕانکاریی و هێزی نوێخوازیی و ڕزگاربـوون لـە چەوسـانەوە و کۆتوبەندی داگیرکاریی بـوو، کـە کـورد بـە دەسـت سیاسـەتی سـڕینەوە و داگیـر و دابەشـکردنەوە گیریخواردبـوو!

بیـری مارکسـیزم تەنیـا خوێنـەوار و شـارەزا ئاسـتبەرز و سیاسـییەکان ئاشـنای بـوون، خەڵکـی نەخوێنـەوار بەناوهێنانیشـی سـڵیاندەکردەوە بەتایبەتـی کـە خوێنـەواڕە کۆنەپەرسـتەکان بانگەشـەی خراپیـان لـە دژی دەکرد! بۆیـە خەڵکـە سـادەکە لـە سـەنگەری دژدا دەوەسـتان و مارکسـییەکان بـە دوژمـن دەبینـران، ئەمـەش کاریگەرێتیـی نەرێنیـی دروسـتکردبوو، جگەلـەوەی زۆر لـە خوێنـەواڕە مارکسـییەکانیش هەنـدێ دەربڕینـی لابەلایـان بەکاردەهێنـا ئەوەندەیتـر خەڵکـە ئاسـاییەکەی قوشـقیدەکرد!

تەنانـەت وشـەی شـیوعی لای خەڵکیـی قێزەوەن و بگـرە شـیوعییەکان بـە کافریـش دادەنـران، کەچـی زۆربـەی شـیوعییەکان لـە خەڵکـە سـادە چەوسـاوە و هـەژارەکان بـە حیزبـی شـیوعییەوە پەیوەسـتدەبوون.

کاتـێ کۆمەڵـەی مارکسـی – لینینـی کوردسـتان سـەریهەڵدا خەڵکـە پەرۆشـەکەی کوردسـتان ریزەکانیـان ئاوەداندەکـردەوە و ئومێدێکیـان لەسـەری هەڵچنی بتوانـێ کورد لـە تەنگژەکان دەربـاز بکات کە سـەرکردایەتی ئاسـایی نەیانتوانـی ئەرکـی ڕزگاریـی نیشـتمانیی بگەیەننـە دواقۆنـاغ!

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشـی نوێ لەلایەن یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە کـە کۆمەڵـە یەکـەم بـەردی بناغەکـەی بـوو، یەکـەم دەسـتە چەکدارەکانـی نـاردە دەرەوە و کادیـر و فەرماندە و پێشـمەرگە چاونەترسـەکانی دوژمنیـان هێنایـە لەرزیـن و ئەوپـەڕی گیانفیداییـان دەنوانـد، بـەڵام لـەڕووی فیکرییـەوە هێشـتا نەتوانرابـوو زەمینەیەکـی بتـەوی ڕۆشـنبیریی لەنـاو خەڵکیـدا خۆشـبکرێ، خەڵکیـی لـە ناوەڕۆکـی بیـری مارکسـیزم و هەڵوێسـتی لەسـەر

مەسەلە جیاجیاکانی وەکو ئایین تێبگەن!

لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن هەندێ کادیری کەمئەزموونەوە هەندێ قسە دەکرا لەبارەی ئایین و دابونەریتیی کوردەواریی خەڵکیی بێزاردەکرد تا ئەو رادەیە بیر لە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بکرێتەوە!

یەکەم گۆڕانکاریی شەهید ئارام کردی کە پاشکۆی (ماو)ی لە ناوی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کردەوە، دواتر لە کۆبوونەوەی شێنێ ساڵی ١٩٧٨ نەوشیروان مستەفا پێشنیازی گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کرد و بۆ ڕێکخستنەکان لەخوارەوە شۆڕکرایەوە، چەند ناوێک پێشنیارکرابوو لەدواجاردا لە زۆربەی شوێنەکانەوە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چەسپا.. مەلا بەختیاریش دەڵێ ئەو و سالار عەزیز کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لە مانگی ١٩٧٩/٥ کرد، ناوی کۆمەڵەیان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گۆڕی، ئەمە تەنیا ناوگۆڕین بوو، ناوەڕۆک لەپێڕەودا وەکو خۆی مایەوە، مارکسی - لینینی بەبێ پاشکۆی (ماو)، کە پێشتر لابرابوو!

ئەگەرچی ئەم ناوگۆڕینە بە دڵی بەشێک لە کادیر و ئەندامان نەبوو، بەڵام واقیعی کوردستان ئەوەی دەویست ناوێک بێت گرفت دروستنەکات بەتایبەتیی لەدێهاتەکاندا، ئەوی دەزانرێ کۆمەڵە ناوەکەی مارکسی - لینینی بووبێت یان ڕەنجدەران لەلای خەڵکیی بە گشتیی خۆشەویستبووە و باوەشی پەرۆشییان بۆ کردووەتەوە!

ناوی نهێنی پێشمەرگانە/ ناوی خوازراو

بەعس ڕژێمێکی درندە بوو هەمیشە چاودێریی جوولەی ئەوانەی دەکرد کە گومانی لێیانبوو سەربە لایەنێک یان ڕێکخستنێکی قەدەغە بن، کە هەموو حیزبە کوردییەکان جگەلە جاشئەمنەکانی خۆی یاساغبوون، بۆیە لە ڕێکخستنەکانی شاریشدا هەر لایەنگر و ئەندامێکی ئەو حیزبانە ناوی نهێنییان دادەنا تا کاتێ کەوتنە داوی گرتنەوە ئاشکرانەبن.

واتە ناوی نهێنی یان ناوی خوازراو لە کەسێک دەنرێ بۆ شاردنەوەی ناوە بنەڕەتییەکەی خۆی تاکو لەلایەن دەزگا ئاساییشییەکانی دوژمنەوە ئاشکرا نەبێت و نەناسرێتەوە.

هەر لەکۆنەوە ناوی نهێنیی بەکارهاتووە بەتایبەتی لە ڕێکخستنی نهێنیدا نەک هەر لەڕێکخستنی شاردا، بەڵکو لە شاخیش لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بەکاردەهێنرا بۆ خۆشاردنەوە لە چاوی دوژمن بۆ پاراستنی مالّ و کەسوکاریان، چونکە زۆرجار ڕژێم کە پێشمەرگەکانی دەناسینەوە بۆ گوشار خستنەسەریان کەسوکارەکەیانی دەگرت و دەیخستنە زیندانەوە، بۆیە زۆر کەس کە لەشارەوە دەهاتنە دەرەوە بۆئەوەی لەلایەن دوژمنەوە نەناسرێنەوە ناوی خۆیان دەگۆڕی و ناوێکیتریان وەکو ناوی نهێنیی هەڵدەبژارد.

هەندێک ناوە نهێنییەکەی ڕێکخستنی شاریان دادەنا، هەبوو هاوڕێ پێشمەرگەکان ناوێکیان بۆ دیاریدەکرد، بەشێکیان خۆیان ناوێکی شیاویان دەستنیشاندەکرد، هەندێکیش ناوەکەی عەرەبی بوو حەزیدەکرد ناوێکی کوردی جوان لە خۆی بنێ و بەوە ناوبانگی بڕوات، ئیتر ناوەکەی خۆی دەگۆڕی و ناوێکی کوردی بۆ خۆی دەدۆزییەوە تا لەناو هاوڕێیان و خەڵکیشدا بەوە بناسرێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم لە ڕێگەی سەرچاوە نهێنییەکانەوە لە خەڵکی خۆفرۆش ناوی ڕاستینەی ئەو پێشمەرگە و کادیرانەی دەدۆزییەوە و دەیناسینەوە و لەوێشەوە دەچووەسەر کەسوکاریان و دەیانگرتن و زیندانیدەکردن.

هەروەکو نووسەران و شاعیران و تەنانەت خەڵکی سیاسیش ناوی نهێنیی و خوازراویان بەکارهێناوە تا نووسین و پەیامەکانیان بە ئازادیی بگەیەنن..

نەک هەر لای کورد کە سانسۆریی زۆری لەسەربووە و ئازادیی نەبووە و ڕێگەنەدراوە شتەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، لای گەلانیتریش بەهەمانشێوە ناوی خوازراو لەلایەن نووسەرانەوە بەکارهێنراوە بەتایبەتی لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکان کە ئازادی ڕادەربڕین و نووسین قەدەغە بووە، لە ترسی

سـزادان و گرتـن و زیندانیکـردن ڕێگەنـەدراوە لـە دەرەوەی دەسـەڵات هیـچ بوتـرێ.

نازناوی مەلا

وشـەی مـەلا بـەو کەسـانە دەوتـرێ کـە لەحوجرەدا لـە دێیـەک یـان شـارێک زانسـتی ئایینییـان خوێندبـێ و ئامادەدەبـن بۆئـەوەی پێشـەوایەتیی خەڵکیـی بکـەن و لـە کاروبـاری ئایینەکەیـان ئاگاداریـان بکەنـەوە و شـارەزاییان پێببەخشـن و ڕێنماییانبکـەن، ئـەوەی زانسـتە ئایینییەکانـی تەواودەکـرد لەلایـەن مامۆسـتایەکی بەناوبانگـەوە ئیجـازەی مەلایەتیـی پێدەدرا و ئیتـر ئامادەدەبـوو لەمزگەوتێکـدا کارە ئایینییـەکان جێبەجێبـکات.

لەنـاو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆرجـار بـە کەسـێکیش کۆلکـە خوێنەوارییەکی هەبووبێـت هـەر وتـراوە مـەلا گەرچـی زانسـتە ئایینییەکانیشـی بـە تەواویـی نەخوێندبـێ، گرنـگ ئەوەیـە کاروبـاری خەڵکیـی ڕاییکردبـێ.

ئـەم وشـەی مەلایـە بـۆ نـاو شۆڕشـی کوردسـتانیش گواسـترایەوە کـە خەڵکـی لادێیـەکان کادیرەکانیـان دەبینـی جانتایـان بەدەسـتەوەیە و قەڵـەم و دەفتەریـان پێیـە ئیتـر وایانزانیـوە ئەمانـەش مـەلان.

مـەلا هەمیشـە کەسـێکی جیـاواز لـە خەڵکیـی بـوو، پـاک و خاوێـن، جلوبـەرگ و مێـزەر و جامانـە بەسـتنەوەی قـوت و دیاربـوو، بـە زۆرییـش کادیرەکانـی شـۆڕش لـەڕووی دیمەنـەوە دیـار و دەرکەوتووبـوون، ئەمـە سـەرنجی خەڵکیـی ڕادەکێشـا وشـەی مەلایـان بـۆ بەکاردەهێنـان.

بـە دەیـان پێشـمەرگە و کادیـر ئـەو نازناوەیـان دراوەتـێ و تەنانـەت دوای پێشـمەرگایەتیش هـەر لێیاننەبووەتـەوە، ئەگەرچـی بـە زۆریـی ئـەو کەسـانە زۆر بـە کاروبـاری ئایینییـەوە پەیوەسـتنەبوون و بگـرە حوجرەشـیان نەبینیبـوو و شـارەزایی ئەوتۆشـیان لـە ئاییـن نەبـووە، جـاری واشـبووە پێشـمەرگە نەخوێنەواربـووە وشـەی مەلایـان بـە بالایـا بڕیـوە و بـەو نازناوەوە

ناسـراوەتەوە، تەنانـەت کادیـری ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی مارکسـی – لینینی/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان و هەندێ حیزبیتریش ئـەم وشـەی مەلایەیـان بەکاردەهێنـا، کـە ئەوانیـش زۆر بەئاییـنـەوە پابەندنەبـوون.

نامەی چکلێتیی

لـە کوردسـتان کـە ژیانـی حیزبایەتیـی قەدەغەبـووە و کـەس نەیتوانیـوە بەئاشـکرا کاربـکات، ڕێکخسـتن بەدزییـەوە و بـە نهێنیـی دەکـرا، ئەندامانـی شـانەی ڕێکخسـتن لەماڵێکدا کۆدەبوونـەوە و گفتوگۆیـان لەسـەر مەسـەلەکان و کاروبارەکانـی ڕێکخسـتن دەکـرد و تاوتوێـی بارودۆخەکانـی سیاسـەت و جموجوولّی دوژمنیان دەکرد، دوای ئـەوە ڕاپۆرتی تایبەتی کۆبوونەوەکەیـان دەنووسـییەوە تـا دواتـر بـە تەتەرێکدا ڕەوانـەی سـەرەوەی بکـەن.

بۆیـە لـە قۆناغـی خەباتـی نهێنیـدا نامـە و نامەکاریـی زۆربـووە بەتایبەتـی کـە پێویستیکردووە زانیاریی یـان بابەتـی کۆبوونـەوەکان ئاراستەی سـەرەوە بکـرێ یـان لەسـەرەوە وەڵامـی نووسـراوەکانی خـوارەوە بدرێتـەوە، ئەگـەر وەکـو خـۆی لـە لاپـەڕە گەورەکاندا بنووسـرایەتەوە زەحمەتبـوو بـە ئاسـانیی بـگات، لەوانەشـە لـە خاڵەکانـی پشـکنیندا تەتەرەکـە ئیخباریبکرایـە یـان بگیرایـە.

لەئەنجامـی ئەمـەدا نامـەکان لـە کاغـەزی تەنکدا دەنووسـرانەوە و بـە بچووکیـی دەپێچرانـەوە تـا ئەگـەر شـتێکیش هاتـە پێشـەوە تەتەرەکـە بتوانـێ چارەسـەرییکات یـان فڕێیبدات یـان قووتـی بـدات.. بەمجـۆرە نامانـە وتـراوە نامـەی چوکلێتیـی.

جگەلەمـە ناردنـی نامـەی چوکلێتیـی لەزیندانەکانـەوە باوبـوو، کاتـێ کەسـوکار یـان ناسـراوێک یـان کەسـێکی سـەربە ڕێکخسـتن دەچوونـە سـەردانی گیـراوە زیندانییـەکان ئـەوان نامـەی چوکلێتییـان دەنـاردە دەرەوە تـا بگاتـە کەسـوکار یـان ڕێکخسـتنەکان سـەبارەت بـە زانیاریـی تایبەتیـی و دوا بڕیـاری دادگا قەرەقوشـییەکانی ڕژێـم.

جـاری وابـووه تەتەرەکـە گەیشـتووەتە خاڵـی پشـکنین و ئەمنـەکان بـە تونديـی خەڵەکەکانـی نـاو ئۆتۆمبیلەکەیـان دابەزانـدووە و هەمـوو گیانیـان گـەڕاون بزانـن نامـە و نووسـراویان پێیـە، لـەو کاتـەدا تەتەرەکـە بەپەلـە توانیویەتـی نامەکـە قووتبـدات بۆئـەوەی نەکەوێتـە دەسـت ئەمنەکـە، ئەگـەر ئـەوەی نەکردایـە و نامەکـە بگیرایـە تووشـی مالوێرانیـی دەبـوو، چونکـە بەعـس و دەزگا ئەمنییـەکان بـە بیانووبـوون و لەخواخواسـتەیان بـوو نێچیرێـک دەسـتگیربکەن وەکـو دەسـتکەوت.

ناوەندیی کۆمەڵە

ناوەندیـی کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتان پەیکەرەیەکـی رێکخراوەیـی بـوو، کـە بەپێـی پێـڕەوی ناوخـۆی کۆمەڵـە بینـای رێکخراوەیـی کۆمەڵـە پێکدەهـات لـە: شـانە، پـۆل، کـەرت، رێکخـراو، کۆمیتـەی رێبەرایەتـی، کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، ناوەندیـی، سـکرتێر، پلنیـۆم، کۆنفرانـس.. هتـد.

بـارەگای ناوەنـدی کۆمەڵـەی رەنجدەرانـی کوردسـتان، لـە خـڕی نێوزەنـگ لـە شـوێنێک زینوێـی سـووری پێدەوتـرا، بـوو.. لەونـاوەدا بـارەگا و مالـی چەنديـن سـەرکردەی کۆمەڵـەی لێبـوو، هەروەکـو بـارەگا و مـاڵ و سـکرتارییەتیی مـام جەلالیـش لەوێبـوون.

ناوەندیـی کۆمەڵـە سەرپەرشـتیی کاروبـاری رێکخراوەیـی و ڕێکخسـتنی کۆمەڵـە و دامودەزگاکانـی دەکـرد.

بەپێـی پێـڕەوی یەکەمیـن کۆنفرانسـی کۆمەڵـە ناوەندیـی هەمـوو دەسـەڵاتێکی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی لەنێوان دوو کۆبوونـەوەدا هەبوو هـەر وەکو بەرپرسیاربوو لـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتیی و ڕاپەڕاندنـی هەمـوو کاروبارەکانـی کۆمەڵـەو رابەرایەتیکردنـی خەباتـی کۆمەڵـە.

هەمیشـە ناوەندیـی کۆمەڵـە جموجوولـی تیابـوو، لـە کادیـر و پێشـمەرگە جمەیدەهـات، چالاکـی جۆراوجـۆری تیادەکـرا، گفتوگـۆ و مشـتومڕ لەسـەر

کێشـه فیکرییـەکان و ڕووداوه سیاسـییەکانی دنیـا دەکـرا بەتایبەتـی دنیـای سۆسیالیسـتیی.

زۆر پێشمەرگە و فەرماندە و کادیرەکانی کۆمەڵە کە دەچوونـە سـەرەوە لـە ناوەندیـی کۆمەڵە لایاندەدا و دەمانـەوە و خـواردن و خەوتنیـان لەوێبـوو، کـە ناوەندیـی کۆمەڵە دوو بـەش بـوو، سـەر و خـوارەوە، بەشـی سـەرەوەی شـوێنی دانیشـتن و پشـوودانی پێشـمەرگە و کادیـرەکان بـوو، بەشـی خواریشـەوە بـوو کاری چـاپ و بڵاوکردنـەوە تەرخانکرابـوو.

زۆربـەی ئەوانـەی دەبوونـە پێشـمەرگە بـە نووسـراوی رێکخـراو یـان لـە هێزەکانـی خـوارەوە بەتایبەتـی خوێندەوارەکان رەوانـەی ناوەندیـی کۆمەڵە دەکـران تـا لـە خولـی کادیـران بەشـداریبکەن و شـارەزای کاروبـاری رێکخراوەیـی و سیاسـیی و پێشـمەرگایەتیی ببـن و چاویـان بکرێتـەوە دواتـر بـۆ ناوچەکانـی خـوارەوە وەکـو کادیـری نـاو هێـزی پێشـمەرگە و خەڵکـی دێهاتـەکان بنێردرێنـەوە.

بەرپرسـی یەکەمـی ناوەندیـی کۆمەڵـە سـکرتێری کۆمەڵـە بـوو، چەنـد کادیرێکـی بـاڵاش ئەندامـی ناوەندیـی بـوون، چەندیـن کادیریتریـش خجڵـی ڕاپەڕاندنـی کارەکانـی ناوەندیـی بـوون، ماوەمـاوە گۆڤـاری کۆمەڵەشـیان دەردەکـرد و دەگەیەنرایـە خـوارەوە.

دوای گواسـتنەوەی بارەگاکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ دۆڵـی جافایەتـی بـارەگای ناوەندیـی کۆمەڵـەش برایـە بەرگەڵـوو و لەوێـوە کارەکانیـان ڕادەپەڕانـد، کـە زۆربـەی کات لەلایـەن ڕژێمـەوە تۆپبـاران و بۆردوومانـدەکـرا.

ناوچە

ناوچە پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی سیاسیی یەکێتیی بوو.. لە دوو باردا ناوچە بەکارهاتووە: - لە سەردەمی هەرێمەکاندا لە سنووری هەر قەزایەک ناوچەیەک هەبوو سەرپەرشتی کاروباری سیاسیی و حیزبایەتیی و پێوەندیی جەماوەریی و هۆشیارکردنەوەیانی لە ئەستۆ بوو، دێ بەدێ کادیرەکان دەسوورپانەوە و کۆبوونەوەیان دەکرد و خەڵکیان بۆ یەکێتیی رێکدەخست.

ناوچەکان لەڕووی پێوەندییەوە سەربە لقەکان بوون، هەر ناوچەیەک لێپرسراوی خۆی هەبوو بەپێی پێڕەوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە دوو باڵی سەرەکیی پێکهاتبوو: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان، ئەرکی لێپرسراوێتی بە یەکێک لە کادیرەکانی یەکێک لەو دوو باڵە دەسپێردرا.

لەگەڵ هەڵوەشانەوەی هەرێمەکان و دروستکردنی مەڵبەندەکان پێکهاتەی ناوچەش لەیەکێتیدا نەما.

- لەدوای جیابوونەوەی باڵێک لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێکهاتەی ناوچە لە سنووری قەزاکاندا بەکارهێنرا، هەر ناوچەیەک بەرپرسی خۆی هەبوو لەگەڵ چەند ئەندامێکی هاوکاریدا کاروبارەکانی رێکخستنی شۆڕشگێڕانیان چ لەناو خەڵکیی و چ لەناو پێشمەرگەدا رادەپەڕاند.

ئەم پێکهاتە رێکخراوەییە تا هەڵوەشانەوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مایەوە ئینجا نەما و کارەکانی کۆتاییهات.

نووسەرانی شاخ

دوژمن تەنیا پەلاماری هێزی پێشمەرگە و شۆڕشی نەداوە، هەموو چین و توێژەکانیتریش بەر هاشاوڵە درندانەکانی دەزگا ئەمنییەکان کەوتوون، هەرکەسێک جووڵەیەکی کردبێ، گومانی ئەوە کرابێ بەجۆرێک بۆنی دژایەتیی ڕژێمی لێوەهاتبێ یان کەسێک قسەیەک یان بۆچوونێکی دەربڕیبێ یەکسەر گیراوە و ڕاپێچی ژووڕە نووتەکەکانی ئەمن کراوە و ئاگری مەرگیان تێبەرداوە!

بەشێک لە نووسەران و شاعیران بەهۆی هەڵوێستە مەردانەکانیان و نووسینە بەپێزەکانیان تەنگیان بە دوژمن هەڵچنیبوو، بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان دەبوونەوە بە ناچاریی ڕوویاندەکردە شاخ، بەشێک لەوانە پێوەندیی ڕێکخستنیان هەبوو بەهۆی گوشاری ڕژێم نەیاندەتوانی بمێننەوە، خۆیان لە چنگی ئەو ڕژێمە ستەمکارە قوتاردەکرد، هەشیانبوو بەهۆی بەشدارینەکردن لە شەڕی قادسییە شاریان بەجێدەهێشت و دەگەیشتنە سنووری ڕزگارکراو.

بەشێک لەو نووسەرانە بە کردەیی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا یان لەناو دەزگاکانی شۆڕشدا کاریانکردووە، شۆڕشیش هاوکاریکردوون، بەشێکیشیان لە نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتی شوێنیان بۆ دابینکرابوو، چەکیشیان درابوویە.

نووسەرانیش وەکو حیزبەکان چۆن پەرتەوازە و یەکگرتوونەبوون ئەوانیش بەسەر ماڵەکانی ئەواندا دابەشبووبوون، هەریەکە لە کلاوڕۆژنەی بیری خۆیەوە دەیڕوانییە بەرنامەی خەبات و کۆڕی سیاسەت، لەڕووی ستراتیژەوە کۆکەرەوەی هەموو تێڕوانینە جیاوازەکان بن کە مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە هەر حیزبە لە چاویلکەی خۆیەوە بۆ ئایینده‌ی کورد دەڕوانێ.

پێگەی نووسەرانی شۆڕشگێڕ لەلای سەرکردایەتیی و لەلای خەڵکیش

لە ئاستێکی بەرزدا بوو، ڕێزی تایبەتییان لێدەگیرا، بە ئازادانە ڕای خۆیان دەردەبڕی، نووسینی خۆیان بڵاودەکردەوە، تەنانەت ڕێکخراوی یەکێتیی نووسەرانیان وەکو تەحەدایەک بۆ ڕژێم و جاشقەڵەمەکان دامەزراند، دوای ئەوەی ڕژێم یەکێتیی نووسەرانی کوردی هەڵوەشاندەوە.

یەکێتیی نووسەران هی هەموو ڕەنگە جیاوازەکان بوو هی تەنیا لایەنێک نەبوو، نووسەرانی یەکێتیی و حیزبی شیوعی و پارتی و سۆسیالیست لە سەنگەری ئەدەبیاتدا کۆبوونەوە، چالاکییان ئەنجامدەدا، کۆڕیان بۆ پێشمەرگە و خەڵکی دێهاتەکان دەبەست، شیعریان دەخوێندەوە، کتێبیان چاپدەکرد، تەنانەت پێوەندییان بە نووسەرانی ناوشاریشەوە کردبوو، کە ئەوانەی ناوشار زۆر دڵگەرمانە ئەو هەڵوێستەیان پێخۆشبوو.

لە قۆناغی یەکەمدا هەنگاوێکی ئازایانەیان هاویشت لەو هەلومەرجە ناسکەدا گۆڤاری پێرویان دەرکرد، لە قۆناغی دواتردا گۆڤاری نووسەری کوردیان دەردەکرد، بەشێک لە شاعیر و نووسەرەکانی شاریش بابەتەکانی خۆیان بۆ یەکێتیی نووسەران دەنارد تا لە گۆڤارەکەیاندا بڵاوبکرێتەوە.

بەو چالاکیی و جموجوولانەیان گوڕیان بە ئەدەبی بەرگریی دەدا و خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بووژانەوەی گیانی شۆڕشگێڕییان دەکرد.. ئەوانیش لەناو زرمەی تۆپباران و هاژەی بۆمباران و مەترسیی پەلاماری هێزەکانی ڕژێمدا دەژیان وەکو پێشمەرگە لە سەنگەری نەبەردییەکاندا بە قەڵەمەکانیان داهێنانە ئەدەبییەکانیان دەنووسییەوە و خزمەتی کاروانی ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییان دەکرد.

ئەگەر ئەو نووسەر و شاعیرانە لە مەتەرێزی ڕووبەڕووبوونەوە نەبوونایە لەوانەیە ئەدەبی بەرگریی کوردی نەیتوانیبایە لەگەڵ لرفەی خوێنی پێشمەرگە و هەناسەی هەڵکشان بەرەو لووتکەی سەروەریی هاوشانبێ و بەو ڕەنگڕێژییە تەکانێک بدات.

نووسەر و شاعیرەکان هەر بە وشە و وتە ئاگرینەکانیان لاشەی دوژمنی داگیرکەریان هەڵنەدەپڕووزاند، بەڵکو خوێنی گەشی چەندین شاعیر و نووسەر و ڕاگەیاندکار چ لە شاخ و چ لە زیندانەکانی ڕژێم

دەبووە چرای رۆشنکەرەوەی تاریکیی رێگا و تابلۆی دواڕۆژی خەباتیان رەنگینەکرد.

نهێنیی شەو

هەموو هێزێکی سەربازیی لەشەودا بۆ ئاگاداربوون لە خۆیان وشەیەکیان دادەنا پێیدەوترا نهێنیی شەو.. تەنانەت لە کاتی کودەتاکاندا کە بە زۆریی لەشەودا ئەنجامدەدرا نهێنیی شەو بەکاردەهات.

لەناو هێزی پێشمەرگەدا زۆر بایەخ بە نهێنیی شەو دەدرا، لە دوو کاتدا نهێنیی شەو دادەنرا:

- لە کاتی چوون بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک یان شەڕکردن لەگەڵ هێزی دوژمندا بۆئەوەی لەدوای چالاکییەکە یان شەڕەکە لەدوای گەڕانەوە پێشمەرگەکان بەو نهێنییە لەیەکتر ئاشکرادەبوون.
- لە کاتی پشوودان لە بارەگاکان یان لە دێهاتەکان.

کە ئێوارە دادەهات و پێش دابەشبوونی پێشمەرگەکان لەلایەن فەرماندەکەیانەوە نهێنیی شەو دادەنرا.. ئیتر پێشمەرگەکان لە شوێنی خەو کۆدەبوونەوە و ئێشکچی شەو یەک لەدوای یەک وەریاندەگرت.. ئەگەر زەلامێک دەربکەوتایە تێیاندەخوڕی ئەگەر نهێنیی شەوی نەزانیایە ئەوە بە دوژمن دەزانرا یان بەدەنگدا ئەو کەسە دەناسرایەوە وازیان لێنەدەهێنا.

نهێنیی شەو بە زۆریی وشەیەک یان دوو وشە بوو تا لەبیرنەچێتەوە، هەندێجار ناوی شەهیدێک یان شوێنێک دادەنرا تاکو لەبیرنەچێتەوە.

نهێنیی شەو لەگەڵ تاریک داهاتن تا ڕۆژبوونەوە بەکاردەهات، نەک تەنیا لە کاتی شەڕدا، بەڵکو لە کاتی ئاشتیشدا بەکارهاتووە، لەو کاتانەدا بۆ پاراستنی گیانی پێشمەرگەکان کە لەدەشتێکدا یان لەماڵێکدا دەخەوتن ئەو وشەیە دادەنرا تا ئەگەر دوژمن هات بەو نهێنیی شەوە کە دوژمن نایزانێ دەناسرێتەوە و دەستی لێدەکرێتەوە.

لەسەربازیدا درکاندنی نهێنی شەو سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێ، چونکە دوژمن سوودی لێدەبینێ و دەتوانێ بەوە دەستی خۆی بوەشێنێ، ئەمەش بە کەمتەرخەمیی و گوێنەدان بە ژیانی هێز و سەربازەکان دادەنرا و دەچووە خانەی ناپاکییەوە.

لەپێشمەرگایەتیشدا ئەگەر ئەو وشەیە گەیشتبێتە دەرەوەی دەستە پێشمەرگەکە بەئەنقەست یان بێئەنقەست ئەوە سزادەدرا: بە چەککردن یان بە دەرکردن یان بە زیندانیکردن ئەگەر بزانرایە ئەوە بەمەبەستبووە.. جاری واشبووە ئێشکچی شەو نهێنیی شەوی لەبیرچووەتەوە کێشە دروستبووە.

نەخۆشخانەی شۆڕش

لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێوە پزیشک بە کەمیی پێوەندییان بەشۆڕشەوە کردبوو، دواتر وردەوردە لەڕێکخستنەکانەوە کادیر و کارمەندی تەندروستیی پێوەندییان بە ریزەکانی شۆڕشەوە دەکردە تا وایلێهات نەک هەر لە سەرکردایەتی لە سنووری مەڵبەند و تیپەکانیش پزیشک پەیدابوون.

سەرەتا پزیشک یان پزیشکیار یان برینپێچ بە جانتای دەرمانەوە لەگەڵ یەکە پێشمەرگەکاندا دەسووڕانەوە و ئەرکەکانیان جێبەجێدەکرد، تاکو سەرهەڵدانی شەڕی ئێران – عێراق.

ئیتر زەمینە لەباربوو نەخۆشخانە لە سەرکردایەتی دروستبکرێ، یەکەم نەخۆشخانە ساڵی ١٩٧٩ لە سەرکردایەتی لە تووژەڵە لەچادرێکدا بوو، دواتر ساڵی ١٩٨٠ لە قوڵە هەرمێ نەخۆشخانەی شەهید بەختیار دروستکرا، ئینجا نەخۆشخانەی بەرگەڵوو.

ئەمە هەنگاوێکی گرنگبوو بۆئەوەی بیر لە دروستکردنی نەخۆشخانە لە شوێنەکانیتریش بکرێتەوە بۆ چارەسەر و تیمارکردن و نەشتەرگەری پێشمەرگە بریندارەکان و هەروەها نەخۆشەکانی خەڵکی دێهاتەکانیش.

ئەوەبوو لە بارەگای مەڵبەندەکان نەخۆشخانە دروستکرا، وەکو نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک و نەخۆشخانەی مێولّی و نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ.

هەموو نەخۆشخانەیەک کادیری پزیشکی لە پزیشک، پزیشکیار، برینپێچ، ژووری پزیشک، ژووری نەشتەرگەری، قاوشی خەوتنی نەخۆش، دەرمانخانە، تیشک و پێداویستیی نەشتەرگەریی دابینکرابوو.

بە ڕاستیی نەخۆشخانەکانی شۆڕش خزمەتی باش و بەرچاویان بە پێشمەرگە و خەڵکیی پێشکەشکرد، دەیان نەشتەرگەریی گەورەیان بۆ بریندارەکان کرد، گیانی زۆریان لە مردن ڕزگارکرد، شوێندەستیان دیارە.

هەلپەرستیی

هەلپەرستیی واتە سازشکردن لەگەڵ بارودۆخی گونجاودا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی تایبەتیی، ئەوەی دەیکات پێیدەوترێت هەلپەرست، کە کات دەقۆزێتەوە بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆی بێگوێدانە پرەنسیپەکانی ڕێکخستن و ئاکاری شۆڕشگێڕیی، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای بەرژەوەندییە گشتییەکانە.. لەکوردیدا وشەی ماستاوچی پڕبە پێستی وشەی هەڵپەرستە، چونکە جۆرەها جووڵە و هەڵسوکەوتی سووک و بێئاست دەکات تا خۆی لای بەرپرسەکان خۆشەویستبکات بۆ خۆبردنە پێشەوە.

هەلپەرستیی دیاردەیەکی جیهانیی و نەخۆشییەکی گشتییە لە بواری سیاسەت و بەڕێوەبردن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە مرۆڤ لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی پلە و پۆست و پێگە کۆ لە هیچ ناکاتەوە تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی مەبەستە.

کەسانی هەلپەرست ئەوانەن کە لەژیاندا ناتوانن پێگەیەکی بەهێزیان لەڕووی کەسێتیی و مەعریفی و بەرهەمدارەوە هەبێ، بۆیە ئەو بۆشاییەی ژیانیان بە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازیی و یاریکردن پردەکەنەوە.

هەلپەرستەکان وەنەبێ تەنیا زەبر لە کەسە شایستەکان دەدەن و

دەیانخەن، زەبر لە دەسەڵاتیش دەدەن کە ڕێڕەوەکەی بە ئاقاری خراپدا دەبەن، شوێنە گرنگەکان بە کەسانی ناشایستە دەدرێ، ڕێگەنادەن خەڵکانی دڵسۆز و کارامە و شارەزا بێنەپێشەوە، بۆیە ئاستی حوکمڕانیی و دەسەڵاتداریتیی و شۆڕشگێڕیی بەهۆی ئەو هەلپەرستانەوە لەنزمیدایە، دامودەزگاکان نوقمی گەندەڵیی دەبن.

لەشۆڕشدا هەلپەرستیی لە زۆر کەسدا دەبینرا هەر جارەی بە شێوازێک کەسێتیی خۆیان نیشاندەدا تا سەرەوە قایلبکەن شوێنکیان بدرێتێ و لەوێوە ئامانجەکانیان دەپێکا بەمەش دەگەیان لە کەسانیتری بەتواناتر دەدا.

وەکو چۆن هەلپەرستی ڕاستڕەو هەیە کە باوەڕی بە چاکسازییە، دژی ململانێی چینایەتی و شۆڕشی سۆسالیستیی و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریایە، ئاواش هەلپەرستی چەپڕەویش هەیە کە دژی دیموکراتییەتە، دژی یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکانە.

هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە

قسەی زۆر لەسەر پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست و کاریگەرێتیی لەسەر جیهان و ڕێکخراوە مارکسییەکان دەکرا، لەناو ریزەکانی کۆمەڵەشدا ئەمە بەزوویی ڕەنگیدایەوە..

وشەی پیرۆسترۆیکا لە ڕێگەی ئێزگەکانی جیهانەوە پێیئاشنابووین، دواتر کتێبی پێرۆسترۆیکای مامۆستا حیلمی عەلی شەریف بە قاچاخ گەیشت و دەستاودەستدەکرا، کە یەکەم سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی..

ئەمە وایکرد لای کادیر و سەرکردایەتی کۆمەڵە بیرۆکەی ئەوە دروستببێ کە ڕێبازی مارکسیزم لەڕووی پراکتیکەوە کەڵکی بۆ خەباتی سیاسیی نەماوە، کە لە مەڵبەندی سەرەکی خۆی هەڵبوەشێتەوەلای خۆمان. چ سوودێکی هەیە! بیر لەوە کرایەوە کۆمەڵە خۆی بگۆڕێ شێوازێکیتری کاری ڕێکخراوەیی کە لەگەڵ بارودۆی کورددا بگونجێ

بگرێتەبەر..

ساڵی ١٩٩٠ جیهان بەهۆی پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست کەوتە باڕێکی نوێوە کە بووە مایەی گۆڕانکاریی گەورە دەوڵەتی زلهێزی سۆڤیەتی و دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانتریش یەک لەدوای یەک دوای ئەو هەموو تەمەنە لە حوکمڕانیی هەرەسیانهێنا و لەبەریەکهەڵوەشانەوە.. ئەمە ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو، کاریگەرێتیی بۆ سەر ڕێکخراو و حیزبە چەپ و مارکسی و کۆمۆنیستەکانیش هەبوو.

لەکوردستاندا یەکەم لایەنێکی چەپ و مارکسی - لینینی کەوتەبەر کاریگەرێتیی ئەو گۆڕانکارییانە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، کە باڵێکی سەرەکیی پێکهێنەری نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.. کۆمەڵە لە ژیانی ڕێکخراوەییدا چەند جارێک گۆڕانی بەسەرداهاتووە، سەرەتا ڕێکخراوێکی چەپی مارکسیزم - لینینیزم - ماویزم بوو، دواتر پاشکۆی ماویزمی لێکرایەوە، ئینجا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە نوێیەی جیهاندا بیر لەوە کرایەوە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و شێوازێکیتری ڕێکخراوەیی دروستبکرێ.

سکرتێری کۆمەڵە کە هاتوچۆی دەرەوەی کوردستانی دەکرد و ئاگای لە ڕووداکان و ئاڵۆڕە خێراکان بوو گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە کۆمۆنیزم گەڕوگول بووە، ئەوە هیچ لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەشدا وتبووی باوەڕی بە مارکسیزم نەبووە، ئینجا وەکو فەرەیدوون عەبدولقادر باسیدەکات بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە لە دەمەتەقێیەکی نێوان ئەو و نەوشیرواندا بووە، هەردووکیان گەیشتبوونە ئەو ئەنجامە مارکسیزم - لینینیزم پێزی نەماوە و دەبێ لە هەردوو باڵەکەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان یەکێتییەکی نوێ دروستبکرێ و یەک ناوەندی بڕیاریش هەبێ.

ئینجا لە کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢ فەرەیدوون وتاری کۆمەڵە دەخوێنێتەوە و ئاماژە بە پێویستیی یەکخستنی هەردوو باڵەکەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و

دروستکردنی یەکێتیی نوێ دەکات، کە ئەم بیرۆکەیە لەلایەن سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە پشتگیریکرابوو.. ئیتر ئەمە دەبێتە هەوێنی کۆبوونەوەی مانگی ١٩٩٠/٢ی کادیرانی کۆمەڵە لە قاسمەڕەش.

هەر بەرنامەیەکی گۆڕانکاریی بێتەئاراوە و گفتوگۆی لەسەربکرێ بە زۆریی دوو ئاراستە دەردەکەوێ یەکێک پشتیوان و یەکێک دژە، بۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەش هەروەهابوو، بە زۆریی کادیرەکانی کۆمەڵە دژی ئەوەبوون رێکخراوەکەیان نەمێنێ کە سەروەرییەکانی ژیانیانی تیاتۆمارکراوە.. لەبەر رۆشنایی ئەو بارودۆخە مانگی ١٩٩٠/٦ تەشکیلاتی تازەی یەکێتیی کرا، پێکهاتەی مەڵبەندەکان هەڵوەشایەوە، بەتالیۆنەکان لە شوێنی مەڵبەندەکان دروستکران.

ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/٣٠ کۆبوونەوەیەکیتر کرا و قسەی زۆر وروژێنرا، زۆرینە لەگەڵ گۆڕانکاریدا بوون، لەگەڵ یەکگرتنەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بوون، لەگەڵ دروستکردنی حیزبێکی تۆکمە لەو دوو پێکهاتەیە بوون و خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی نوێی خەبات، کەمینەیەکی زۆر کەم دژوەستانەوە، وەکو د. فوئاد باسیدەکات ڕەوانشاد د. قاسملۆ رای لەسەر یەکگرتنەوەی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان هەبوو.

دوای ئەوە بڕیاردرا کۆنفرانسی ناوچەیی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری کۆنگرەی یەکێتیی و دەستنیشانکردنی لێپرسراوی ڕێکخستنی بەتالیۆنەکان بکرێ، یەکەم کۆنفرانسی ناوچەییش لە شاری پاوەی ئێران بە ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و لیژنەی سەرپەرشتیی ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/١٠ کرا.

هونەرمەندانی شۆڕش

هونەرمەندانیش وەکو هەموو توێژەکانیتر ڕۆڵی ئازایانەیان لە خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتیدا هەبووە، لەناوشاردا لە ڕێکخستنە جیاوازەکاندا کاریانکردووە، کە پێویستیکردووە و دوژمن زۆر و گوشاری خستووەتەسەریان وەکو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە ڕوویانکردووەتە شاخ

و سەنگەری بەرەنگارییان هەڵبژاردووە.

بەعس بواری هونەریشی قەتیسکردبوو، دەنگی قوڕگی هونەرمەندانی بۆ خۆی قورخکرد یان بۆ بەعس و سەدام سۆز و ئاوازیان هەڵبێننەوە یان دەبێ خەفەبن! بەشێکی کەمی ئەوانەی بەناوی هونەرمەندی کورد بوونە لۆتی سەدامی و کاولی بەعسیی، بەڵام هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکان هەرگیز سەری بڵندیان بۆ بەعس نەوینەکرد، گۆرانی و سروودیان بۆ سەدام و قادسییە نەچڕی! لەناو شۆڕشیشدا کە دەبوونە پێشمەرگە بە ئامرازە مۆزیکییەکانیان مۆزیکیان ژەنیوە، بە ئاوازە ناخەژێنەکانیان گۆرانی و سروودیان بۆ پێشمەرگە و خەڵکیی چڕیوە، گیانی شۆڕشگێڕییان هەژاندووە، هەستی خەڵکییان پڕ لە دەنگی سەرکەوتن و وەرەبەرزیی کردووە.

هەمیشە هونەرمەندان بەشێکبوون لە دەنگی خەڵکی چەوساوەی کورد، بە دەنگ و ئاواز و مۆزیک و وشەی رەسەن و بەرهەمی شێوەکاریی بەگژ دوژمنی داگیرکەردا چوونەتەوە و لە رێگەی ئێزگەی شۆڕشەوە بەرهەمەکانیان لەناو دڵی خەڵکیدا جێبیووەتەوە!

لە شۆڕشی نوێدا کۆمەڵێک لە هونەرمەندەکانی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر لە بارەگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبووبوونەوە و لە چەندین بواری وەکو شانۆ، شێوەکاریی، مۆزیک و گۆرانیی کاری هونەرییان بەرهەمدەهێنا و لە ئێزگەی شۆڕشی عێراق و دواتر لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پەخشیاندەکردەوە، هەست و هۆشی پێشمەرگەیان مشتومااڵدەکرد، گیانی خەڵکی تینوویان بۆ ئازادیی پاراودەکرد.

چەند خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە بوونە پێشمەرگە تیپێکی مۆزیکییان دامەزراند، هەروەها تیپی هونەریی چەوساوەکانیش دامەزرا و چەندین شانۆگەرییان پێشکەشکرا.. ئەو بەرهەمانە بە کامیرای ڤیدیۆ تۆمارکراوە، لە بواری دراماى ڤیدیۆییشدا کاری باش کرا، جگەلەوە بەشی سینەمای شۆڕشیش لە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان دامەزرا.

تیپی مۆسیقای شەهید کارزان کە سەربە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی بوو کۆمەلێک هونەرمەندی مۆزیک و گۆرانیبیژی لەخۆگرتبوو، بەرهەمی هونەریی ئاست بەپێزیان لە بۆنەکاندا پێشکەشدەکرد.. ئەو ئاوازە مۆزییکیانەی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە پەخشدەکران خەڵکیی دەیانزانی ئەوە ئاوازی جۆشوخرۆشییە، پێشمەرگە دەستی زەبریان لە دوژمن وەشاندووە و سەرکەوتنیان تۆمارکردووە، هونەرمەندانی بواری شێوەکاریش لە دێی ناوزەنگ و دواتر لە دێی هەڵەدن هەبوون، هەروەها هونەرمەندانی شانۆکاریش جموجووڵ و چالاکیی هونەرییان هەبوو.

هەموو ئەو هونەرمەندانە پێشمەرگە بوون، لەپێناوی نەتەوەکەیاندا تفەنگی بەرەنگاربوونەوەیان هەڵگرتبوو، هەروەکو بە هونەرەکەشیان خەباتیاندەکرد و بەگژ دوژمندا دەچوونەوە، ئەوانە نموونەی مرۆڤی خۆبەختکەر بوون بۆ گەلەکەیان دەژیان، لەگەڵ خەمەژانی چین و توێژە چەوساوەکاندا بوون، بۆیە رۆڵی گەورەیان هەبووە و بە هەڵوێستەکانیان میژوویان رازاندووەتەوە.

هەماهەنگیی لەگەڵ ئێران

پێوەندی شۆڕشی کورد و ئێران کۆنە، شۆڕشی ئەیلول هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی پێوەندیی سیاسیی و سەربازیی و تەنانەت ئابووریشی لەگەڵ ئێراندا پتەوبوو، لەدواجاریشدا لە نیوەی ڕێگا ئێران بەجێدەهێشتن.

لە ساڵی ١٩٧٦ شۆڕشی نوێ بەرپابوو، هەندێک لایەنی کورد لە سەردەمی شادا پێوەندییان هەبوو، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو پێوەندییەی نەبوو، بەڵام دوای ڕووخانی شا هەموو لایەنەکان ئازادانە هاتوچۆیاندەکرد بەتایبەتی بۆ شارە کوردەکان، هەروەها لە هەندێ کەناڵەوە جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ ئێرانییەکاندا دەکرا بۆ چارەسەرکردنی پێوەندیی نێوان کوردی ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتی تازە.

دوای ئەوەی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵگیرسا ئیتر لایەنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات شارەکانیان بەجێهێشت و هاتنە شاخ و دواتریش بە زۆر هۆکار ئاودیوی باشوور بوون، یەکێتیی نیشتمانیی بۆ بەرگریی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هێزی پشتیوانیی نارد و شەڕی گەورەش کرا و شەهید و بریندار درا، ئەمە ئێرانییەکانی نیگەرانکرد.

لە ساڵی ١٩٨٣ پارتی و سۆسیالیست لە قۆڵی حاجی هۆمەرانەوە بەشداریی شەڕی ئەو بەرەیەیان لەگەڵ ئێراندا کرد، لەو کاتەدا یەکێتیی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا لەگفتوگۆدا بوودا، لەدواییدا ڕێکنەکەوتن و هۆکارەکەیشی تورکیا بوو، ئێران ئەوەی قۆستەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیدا باشبکات لەهەمانکاتیشدا بەرەیەکی جەنگیی لەکوردستاندا بکاتەوە.

لایەنەکانی شۆڕشیش گەیشتبوونە ئەوەی تای تەرازووی ئێران لەو شەڕەی ئێران لەگەڵ عێراقدا سەنگینە، لەدواجاریشدا سەردەکەوێ، ئیتر لەو ڕوانگەیەوە هەنگاو بۆ هەماهەنگیی تووندوتوڵکرا.

ئێرانیش لەوە گەیشت کردنەوەی دەرگای پێوەندیی لەگەڵ یەکێتیی پێویستە و ئەو زانیارییانەی لەبارەی یەکێتییەوە لەلایەنەکانیترەوە دەدرایە ئێران ڕاستیی تێدانەبوو، سەدان کیلۆمەتریش لە سنووری کوردستان پریشکی شەڕی پێنەگەیشتبوو.

لەهەمانکاتدا ئێران پێویستی بەوەبوو کونێکیتر بۆ بەرژەوەندیی سەربازی و شەڕ بکاتەوە کە کوردستان بوو هەم بۆ خەریککردنی هێزەکانی عێراق و پرشوبڵاوکردنەوەیان لە بەرەیەکی تازەدا، هەم بەرتەسکردنەوەی ڕووبەری دەسەڵاتی شۆڕش و یەکێتیی و تەنگەڵچنین بە نەیارەکانی لە حیزبە چەکدارەکانی کوردی ڕۆهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ عێراقدا پەیوەستبووبوون.

کە شەڕەکانی نێوان عێراق و ئێران گەرمبوو، دۆستایەتیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێرانیش گۆڕوتینی تێکەوت، تا ئەو ڕادەی هاتوچۆ دەستپێکرد و نوێنەرایەتیی دانرا، ئەو چەکانەی کاتی

خۆی لیبیا بۆ یەکێتیی ناردبوو و ئێران دەستی بەسەرداگرتبوو لەو بڕە زۆرەی نێردرابوو بڕێکی کەمی لە دۆشکا و بیکەیسی و هاوەن درایەوە، جگەلەوەی چەکەکان ئێرانی بوون شتی قورسیشی تیانەبوو.

لەولاشەوە حیزبەکانی بەرەی جود، کە هەماهەنگییان لەگەڵ ئێراندا بە باشیی هەبوو، کە لەسەرەتاوە وێنەی خراپیان لەسەر یەکێتیی دەدایە ئێران بە مەبەستی شکاندن و دژایەتیکردن، دوای هەندێ هەوڵ کە پێدەچێ کاریگەرێتیی ئێرانیشی تیابێ لەگەڵ یەکێتیی ئاشتبوونەوە.

ئەو هەماهەنگییە و هاتوچۆی هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی قەرارگا و هەندێ لە خەڵکە پسپۆڕەکانی سوپای پاسداران عێراقی وریاکردەوە و ئەو جوولەیەی ئێرانی لەکوردستاندا بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایش خۆی دادەنا بەتایبەتیی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک و داستانی ڕزگاریی کە دەنگیدایەوە و یەکێتیی بەتەنیا سەرکەوتنی تۆمارکرد و ئێران لە هاتن و پێشڕەویکردن دواکەوت و نەهات.

ئێران بەپێی پلانی تایبەتی خۆی بەرنامەی کاری دادەڕشت و یاریدەکرد، ئەوەی لەکۆبوونەوەکاندا دەیوت و لەسەری ڕێکدەکەوتن لەدواییدا بەخوێنساردییەوە بەبێ ئەوەی تەریقبنەوە بە ببەخشە و بزەیەکی سارد و سەرلەقاندنێکەوە بەرانبەریان ناچاری بێدەنگیی دەکرد، یەکێتیش پێویستیی بەو هەماهەنگییە هەبوو بۆ کۆمەک و هاتوچۆ و دابینکردنی پێداویستییەکانی.

ئەو ڕێککەوتن و هەماهەنگییە لەگەڵ ئێران کۆمەڵێ خاڵی لە خۆی گرتبوو لەبارەی یارمەتیدانی یەکێتیی بە چەک و دەرمان و ناردنی نەخۆش و بریندار و ئاسانکاریی هاتوچۆ بۆ وڵاتانیی دەرەوە، هەروەها هاوکاریی سەربازیی و سیاسیی و ڕاگەیاندن لەنێوانیاندا.

ئیتر بەرپرسەکانی پاسداران کەوتنە هاتوچۆ بۆ کنەکردنی پەیداکردنی زانیاریی لەسەر شوێنی سەربازیی و هێزی عێراقی، کە ئەمە ترسی خستە دڵی بەعسەوە و لەدواییدا ئەو هەڕەشەیەی عەلی کیمیاوی جێی خۆی گرت و ئەنفال وەکو تۆڵەسەندنەوەیەک لە کورد و شۆڕش کرا.

ئێران پێویستیی بەوەبوو هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەکانی شۆڕشدا بکات، لایەنەکانیش ئەوەیان پێویستبوو بەتایبەتی یەکێتیی کە لەگفتوگۆدا لەگەڵ ڕژێمی بەعس نەگەیشتنە ئەنجام.. ئیتر بارودۆخی شۆڕش ئەوەی گەرەکبوو ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە لەو تەنگژەی ئابلۆقەدانە دەربازبێ و نەشدەکرا لە دوو قۆڵەوە شەڕ لەگەڵ دوو دەوڵەتدا بکرێ کە هەردووکیان با لەشەڕیشدا بن بۆ کورد هەموو شتێکیان پێدەکرا.

هێڵی گشتیی

هێڵی گشتیی یان خەتی پان لە کۆمەڵێک تێکۆشەری کوردپەروەری دڵسۆز و خەمخۆری چارەنووس پێکهاتبوون، کە ئامانجیان ڕزگاریی کوردستان و پاککردنەوەی بوو لە داگیرکەران.

ئەمانە کەسانی دیموکراتخواز و نەتەوەخواز بوون، خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبوون و هیچ دەزگایەکی ڕێکخستن و حیزبایەتیی و هێزی پێشمەرگەیان نەبوو مەگەر تاکوتەرایەک پێشمەرگەیان لەناو هێزەکاندا هەبووایە.

هەرکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا هێڵی گشتیی بۆ ڕاگرتنی بەڵانس وەکو باڵی سێیەمی ناو یەکێتیی دروستبوو، کە باوەڕیان بە سیاسەت و بەرنامەی یەکێتیی هەبوو.

بەشێکی ئەو تێکۆشەرانە کە پێنج کەس بوون لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی بوون، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٢ هەردوو باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان و هێڵی گشتیی یەکیانگرتەوە و بوونە باڵی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەشێک لە سەرکردەکانیان بوونە کۆمەڵە، بەشێکیشیان بوونە یەکێتیی شۆڕشگێڕان، ئیتر هێڵی گشتیی وەکو باڵی سێیەم نەما و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بە دوو باڵ کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان.

هێزی پشتیوان

ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران ڕووخا و ژینگەیەکی نوێ بۆ گەلانی ئێران هاتە پێشەوە بەتایبەتی بۆ کورد، کە هەموو شارەکان هەناسەی ئازادییان هەڵمژی و ئاسۆی دواڕۆژیان بە ڕووناکیی دەبینی، حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان گۆڕەپانی کاری سیاسیی و پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەییان بە جموجووڵ و چالاکییەکانیان قەرەباڵغکردبوو.. ئەمە دەرفەتێکی باشبوو کورد بتوانێ پێگەی خۆی بەهێزبکات و مافەکانی دەستەبەربکات، بەڵام دیارە دۆخەکە بەپێچەوانەی ویستی کوردەوە بوو.

هەرکە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی گرتەوە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی قایمکرد ئەو خەونەی کوردی لەباربرد و جارێکیتر بە هێز هاتەوە بۆ کوردستان بۆ پاککردنەوەی شارەکان لە هێزی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، کە لەناوخۆیاندا ناکۆکی و ململانێیان هەبوو، هەموو ڕۆژێ تەنگ بەو هێزانەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و ئەوانیتریش هەڵدەچنرا و بە شەڕ ناچاردەکران لە شارەکان دەرچن و تەنانەت لەدێهاتەکانیشدا ڕووبەڕوویاندەبوویەوە.

ئەو دۆخە تازەیە پاڵی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نا کە بە هاواری ئەو هێزە کوردییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بچێ و دوو هەزار پێشمەرگەی خۆی کۆبکاتەوە و وەکو هێزی پشتیوان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوکارەکانی لە دژی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستابوونەوە.

لەو کاتەدا مقۆمقۆی ناو پێشمەرگە دوو بۆچوونی لێبووەوە: لایەک دەیوت وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی دەبێ بەر بە هێزەکانی ئێران بگیرێ، لایەنێکیتریش دەیوت ئێمە ناتوانین لە ڕووی هێزەکانی ئێراندا بوەستین، لەکاتێکدا هێزەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شارەکانیان بەجێهێشتبوو

گەیشتبوونەسەر سنووردکان.

ئەو هێزەی یەکێتیی وەکو باسدەکرێ لەسەر پێشنیاری عەبدوڵڵای حەسەنزادە ناوی هێزی پشتیوانیی لێنرا.. ماوەی دوو مانگ ئەو هێزی پشتیوانییە لە بەردکانی شەڕی هەموو قۆڵەکانی سەردەشتدا مانەوە.. شەڕەکان زۆر دژواربوو، بەردەوام هێرشیان لەسەربوو، زۆرجار پێشمەرگە و پاسدار لەسەنگەردکاندا تێکەڵ دەبوون و شەڕی دەستەویەخەیان دەکرد، چەندین شەهید و بریندارییش درا.

لەپاڵ هێزی سنووردکانیتری یەکێتیدا هێزێکی گەرمیانیش لەم شەڕانەدا بەشداریی بەرچاویان کردبوو، شەهید و بریندارییشیان دابوو.

یەکێتیی ئەم بەشداریی و شەڕی پاڵپشتییەی بە شانازییەکی گەورە و ئەرکێکی نیشتمانیی و پێویستییەکی مێژوویی دەزانی، کە یەکێتیی خۆی وەکو هێزێکی پارتیزانیی لە باشووری کوردستان دژی ڕژێمی فاشیستی بەعس دەجەنگا.. هەروەکو دەوترێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باجی ئەم هەڵوێستەشی وەرگرت.

هەرێم

یەکەیەکی پێشمەرگایەتییە، کە دوای چەند مانگێکی کەم لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زۆربوونی پێشمەرگە لەناوچەکاندا پێویستی بەوە کرد کە پێکهاتەی پێشمەرگایەتی بگۆڕێ، ئیتر هەرێمەکان دروستکرا، کە دەسەڵاتی لەڕووی پێشمەرگایەتیی و سیاسیی و ئیدارییەوە فراوانتربوو.. دوای ئەوەی بەشێکی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی کوردستان جیابوونەوە و حیزبی سۆسیالیستیان دروستکرد ئەوانیش پێکهاتەی هەرێمیان هەبوو.

هەر ناوچەیەک هەرێمێکی بۆ دانرا، کە چەندین بەشی لەخۆدەگرت وەکو: بەشی عەسکەریی، بەشی سیاسیی، بەشی ڕێکخستن، بەشی دارایی.. هتد، هەریەکە لەو بەشانە کاروبار و ئەرکەکانی خۆیان

جێبه جێده کـرد..

– بەشی عەسکەری خجڵی چالاکی و لێدانی پێگەکانی دوژمن بوو.

– بەشـی سیاسـیی کاری پەروەردەکـردن و هۆشـیارکردنەوەی پێشـمەرگەکان بـوو.

– بەشـی ڕێکخسـتن پەیوەندیـی بـە باڵەکانـی نـاو یەکێتییـەوە هەبـوو، کـە پێشـمەرگەیان بـە پەیـڕەو و پرۆگـرام ئاشـنادەکرد و بـە بیروبـاوەڕی نیشـتمانپەروەریی و کوردایەتیـی گۆشـدەکران.

– بەشـی داراییش پیتـاک و هـاوکاری و کۆمەکی لەناوچەکـەدا لـە ڕێگـەی کادیرەکانـی داراییـەوە کۆدەکردەوە.

لێپرسـراوی یەکەمـی هەرێـم پێیدەوتـرا فەرمانـدەی هەرێـم، جێگـر و لێپرسـراوی بەشـەکانیشـی هەبـوو، هـەر هەرێمێـک لـە چەنـد کەرتێـک پێکدەهـات.. لەبـەر بارودۆخـی سـەربازیی و پەلامـارە بەردەوامەکانـی ڕژێـم بـۆ سـەر هێزیـی پێشـمەرگە نەدەتوانـرا بـارەگای ئاشـکرا بـۆ هەرێـم دابنـرێ، بەڵکـو هێـزی پێشـمەرگە بـەردەوام لەگەڕانـدا بـوون و بـۆ کاری پێویسـت یەکیاندەگرتـەوە.

سـەرەتا سنووری دەسـەڵاتی یەکێتیی کرا بەم هەرێمانەی لای خوارەوە:

هەرێمـی بادینـان، هەرێمـی دەشـتی هەولێـر، هەرێمـی خۆشـناوەتی، هەرێمـی شـارباژێڕ، هەرێمـی کەرکـوک، هەرێمـی قـەرەداغ، هەرێمـی هەورامـان.. دواتـر بەپێـی پێویسـتیی و گەشـەی هێـزی پێشـمەرگە هەرێمێتـر لـە ناوچەکانیتـر دروسـتکرا و ژمـارەی هەرێمـەکان گەیشـتە (١٠) هەرێـم.. لەپـاڵ بوونـی هەرێمـدا لـە هەنـدێ ناوچـەدا پێکهاتـەی قووەتیـش دروسـتکرا، بـەڵام سـاڵی ١٩٨٢ بـە بڕیارێکـی سـەرکردایەتیی پێکهاتـەی هەرێمـەکان هەڵوەشـایەوە و لەجێگەیـدا پێکهاتـەی مەڵبەنـد و تیپـەکان دروسـتکرا.

هەڵۆی سوور

ڕێکخراوێکی چەکداریی نهێنیی بوو لە کۆمەڵێک گەنجی شۆڕشگێڕی شاری بەغدا و خانەقین پێکهاتبوو، پێوەندییان بە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەبوو لەلایەن ملازم جوامێر سایەمیرەوە سەرپەرشتیدەکرا.

ئامانجی ئەم ڕێکخراوە گەیاندنی دەنگی کورد و شۆڕشەکەی بوو بە بەغدا و جیهان لەناو جەرگەی بەغدای پایتەختەوە بە دەستوەشاندن لە پیاوەکانی ڕژێمی بەعس کە لووتبەرزییەکەی بەرانبەر بە کورد گەیشتبووە کەشکەشان.

دروستکردنی ڕێکخراوێکی وەها لەناو جەرگەی بەغداد کە بە دەیان تۆڕی دزگا سیخوڕیی و سەربازییەکان تەنرابوو ئەوپەڕی سەرکەشیی و چاوقاییمی و بوێریی بوو.

یەکەم و گەورەترین چالاکیی و دەستوەشاندنی ئەم دەستە گەنجە کوشتنی عوسمان محەممەد فایەقی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی و کوردێکی بەعسیی نابووت بوو.. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بەچکە بەعسییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە عوسمان ڕۆڵێکی خراپی دەبینی لەبری ئەوەی وەکو کوردێک هەوڵی پێشخستنی ئەو دەزگایەی بۆ خزمەتی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیرانی کورد بدایە کەچی سانسۆری دەخستەسەر بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان و دژایەتی ڕۆشنبیرانی کوردی دەکرد.

ئەم کارە قارەمانەتییەکی بێئەندازە بوو ئەو گەنجانە گیانی خۆیان خستە بازنەی مەترسییەوە تا بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس بڵێن کورد ماوە نەمردووە.. ئەمە تەحەدایەکی گەورەی ڕژێمی بەعس بوو لەناو جەرگەی بەغدادی پایتەختەوە ڕێکخراوێکی چەند کەسیی بە چەکی سووکەوە چالاکیی دەستوەشاندن بکەن.

وەکو زۆر هەوڵیتر ڕژێم توانی لە ڕێگەی چاندنی سیخوڕێکەوە

چاودێریی جموجوولّی ئەم دەستەیە بکات و زانیارییان لەسەر کۆبکرێتەوە، دواتر لە هەولّی دووەمیاندا کە کوشتنی تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق بوو توانرا ئاشکرابکرێن و هەر هەموویان دەستگیربکرێن.

دوای گرتن و ئاشکرابوونیان کۆمەلّێکیتریان دەستگیردەکرێن و دادگاییدەکرێن و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بڕیاری لەسێدارەدانی ئەمانەیان دەدرێت: ملازم جوامێر سایەمیر، سەلام عەبدولڕەزاق، سەلمان داود حسێن، شێرۆ عەبدولقادر، کازم جاسم، لەبەرئەوەی کازم پێوەندیی بەئەمنەوە کردبوو ئازادکرا، ئەوانیتریش: کوردۆ قاسم، سەلاح جان مۆراد، عەدنان شێرزاد، رەعد بەشیر ئەسکەندەر، مۆراد عەلی وەلی بە حوکمی هەتاهەتایی و عامر عەبدولکەریم، برایم عەبد عەلی، محەممەد سالّح سەمین، عەدنان ئەحمەد عەزیز، شەهاب وەهاب بە دە سالّ زیندانیی.

بە دانپیانانی پیاوانی ڕژێم ئەم دەستەیەی هەلّووی سوور نموونەی خۆڕاگریی و نەبەزین بوون، بەرگەی تۆندوتیژیی و ئازارە زۆرەکانی دەزگا سیخوڕییەکانیان گرتبوو.

دوای گرتنیان هەولّێکی قارەمانانەیان دا بۆ دەربازبوون لە زیندان، توانیشیان دەربچن، بەلّام زوو دەزگای ئەمن پێیزانین و جارێکیتر دەستگیرکرانەوە و ئەمجارە ئەوانە حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردادرا.. دوای ئەو قارەمانانە ئیتر کار و چالاکیی پێشمەرگانە لە بەغدادی پایتەخت وەستا.

هەلیکۆپتەر

هەلیکۆپتەر وشەیەکی فەرەنسییە، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەرکەوت و لە زۆر کاروباردا بۆ گواستنەوە و ئاگرکوژاندنەوە و کاری سەربازیی بەتایبەتی لەشەڕەکاندا بەکاردەهات.

هەلیکۆپتەر جۆری زۆری هەیە ئەوانەی عێراق بۆ شەڕی پێشمەرگە بەکاریدەهێنا: هەنتەر، ئەپاچی، کۆبرا، سەمتی، پیلاتۆس.. هتد، بوو.

لـه شۆڕشـی ئەیلولـدا هەلیکۆپتـەر بـه کەمیـی لـه شـەڕی پێشـمەرگەدا بەکاردەهـات، زۆرتـر فڕۆکـەی جەنگیـی گـەورە لـه جـۆری: سـۆخۆی، مێـک، باجـەر.. هتـد، بـۆ لێدانـی پێشـمەرگە و بۆردومانـی دێهاتـەکان بەکاردەهێنـرا، کـه تێچوویـان زۆربـوو، بـەڵام لـه شۆڕشـی نوێـدا بـۆ شـەڕی مەیدانیـی چ لـه دەشـت و چ لەدێهاتەکانـدا هەلیکۆپتـەر بەکاردەهێنـرا، چونکـه سووکوسـوڵتر و تێچـووی کەمتـر و لەهەمـوو شـوێنێکدا دەتوانـێ هەڵفـڕێ و بنیشـێتەوە، ماوەیەکـی زۆریـش لەئاسـماندا بمێنێتـەوە، کـه فڕۆکـەی جەنگیـی ئـەو توانایـەی نییـه.

کۆپتـەر لەسـەرەتاوە سـامی زۆری هەبـوو، مـام سـاڵح گۆڕیئەسـپی نەیدەویسـت ناویبهێنـێ و پێیـدەوت ڕۆحـه، ئیتـر ئەمـه بووبـه نازنـاوی هەلیکۆپتـەر.. پێشـمەرگە ئەوەنـدە حیسـابی بـۆ هەلیکۆپتـەر دەکـرد ئەوەنـدە لـه هێـزە زەبەلاحەکـەی سـڵیاننەدەکردەوە، بۆیـه گەورەتریـن کێشـەی پێشـمەرگە لەشـەڕەکاندا هاتنـی هەلیکۆپتـەر بـوو، لەبەرئـەوەی چەکـی دژە هەلیکۆپتـەر نەبـوو بـه چەکـی سـووکیش نەدەتوانـرا ڕووبـەڕووی ببنـەوە بەتایبەتـی شـەڕەکان بـه زۆریـی لـه دەشـتایی یـان لەشـاخدا دەکـرا و زیانـی زۆری بـه پێشـمەرگە دەگەیانـد، بـەڵام کـه چەکـی ئارپیجـی و بیکەیسـی و دۆشـکای یەکلوولـه و دوولوولـه و چوارلوولـه پەیدابـوون بەتایبەتـی لەبارەگاکانـدا دەتوانـرا بـه ئاسـانیی تەقـەی لێبکـرێ و دووربخرێتـەوە، کـه شـەڕی نـاودێ پەیدابـوو کاریگەرێتیـی کۆپتـەر کەمتربـووەوە و نەیدەتوانـی زۆر نزیکبێتـەوە و ئامانجەکانـی بەباشـیی بپێکـێ.

لـه سـاڵانی پێـش ئەنفـال هێـزی پێشـمەرگە دژە هەلیکۆپتـەری پەیداکـرد و لـه بەرەکانـی شـەڕدا بەکاریدەهێنـا بەتایبەتـی لـه شـەڕی دارەڕەش ئـەو چەکـه بـه دەسـتی سـوهاد خانەقینییـەوە بـوو هەلیکۆپتەرێکـی پێخسـتە خـوارەوە.

هێزی پشتگیریی

لە شۆڕشی نوێدا هێزێک بە زۆریی لە خەڵکی دێهاتەکان و لە هەندێ سەربازی هەڵاتوو دروستکرا پێیدەوترا هێزی پشتگیریی، واتە ئەو هێزەی پشتیوانیی و پشتگیریی لە پێشمەرگە دەکات و لە شەڕ و چالاکیی و بەرگریکردنەکاندا بەشداردەبوون.

هێزی پشتگیریی هێزێکی خۆبەخش و سەربەخۆبوون و بەشێک نەبوون لە هێزی پێشمەرگە لەڕووی پابەندبوون و ڕێکخستنەوە، بۆ کاتی پێویست هاوکار و تەواوکەری هێزی پێشمەرگە بوون.

لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە سەرەوە خەڵکی سەر بە ڕێکخستنەکان وەکو پشتگیریی هاوکاریی پێشمەرگەکانیان دەکرد، بەڵام ئەو خەڵکانە ڕێکخراونەبوون، لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەرمیاندا یەکەم دەستەی پشتگیریی لە سنووری کەرتی ٣ی تیپی ٥١ی گەرمیان دروستکرا، دواتر لە سنووری ناوچەی داودەی خورماتوو چەندین دەستەی چابووکی خۆبەخش پەیدابوون بە چەک و تاقم و تەقەمەنیی خۆیانەوە هەم بەشداری شەڕ و چالاکییان دەکرد و هەم زۆرجار لە کاتی ڕۆیشتنی پێشمەرگە بۆ سنووڕەکانیتر ئەوان لەبری پێشمەرگە ڕۆڵی بەرچاویان دەبینیی.

دواتر لە کاتی گفتوگۆی ١٩٨٤ لەلایەن یەکێتییەوە بایەخ بە هێزی پشتگیریی لەگەرمیاندا درا و ڕێکخران و یەکێتیی چەک و تەقەمنی بۆ دابینەکردن، بەرپرسیی یەکەمیان کادیرێکی پێشمەرگە بوو، هێزی پشتگیریی تا کۆتایی ئەنفال سێ بەردەوامبوون.

هێزی پشتگیریی بە چەکی سادە کە کلاشینکۆف یان ئارپیجی یان دواتر بیکەیسییان پەیداکرد شەڕیاندەکرد لەو پانتایی و تەختایی گەرمیانەدا، خۆیان لەگەڵ سروشتی ناوچەکەدا گونجاندبوو، لە دەرەوەی دێهات لەدەشتاییدا شوێنی خۆشاردنەوەیان دروستکردبوو.

لە کاتی رۆیشتنی پێشمەرگە بۆ سەرەوە هێزی پشتگیریی بەدێهاتەکاندا دەسووڕانەوە، دەستیان لە دوژمن دەوەشاند.. هەر دێیەک دەستەی پشتگیریی خۆی هەبوو، کە شەڕ ببوایە لەهەموو لایەکەوە بە ماتۆڕ یان بە ئۆتۆمبیل و تراکتۆر دەگەیشتنە گۆڕەپانی شەڕەکە و ڕۆڵی چالاکانەیان دەبینیی، لە شەڕی زینانە و شەڕەکانی هۆمەربل و دێهاتەکانیتری گەرمیاندا ئازایانە بەرگرییان کردووە و لووتی دوژمنیان شکاندووە، لە گەرمیان و ناوچەکانیتریش هێزی پشتگیریی چەندین شەهیدی قارەمانی لە چالاکیی و نەبەردییەکاندا داوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لەئەنجامی بۆشایی گۆڕەپانی خەباتی چەکداریی لەدوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، دەستەیەک تێکۆشەر لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە جموجووڵ و خەڵکیان ڕێکخست.. ئەوکاتە زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی لە وڵاتی سوریا لە دژی ڕژێمی عێراق

کۆبووبوونەوە، کە عێراق و سوریا هەردووکیان بەعسی بوون و لەگەڵ یەکتردا ناکۆکبوون، بۆیە سوریا داڵدەی دژەکانی بەعسی عێراقی دابوو، لەوانەش لایەن و کەسایەتییە کوردکانیش.

ئەو دەستە تێکۆشەرە لە مانگی ١٩٧٥/٥ لە چایخانەی تولەیتەلەی شاری دیمەشقی سوریا بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی کورد و هەڵسانەوە و زەمینەسازکردن بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی خەبات دانیشتن.

مام جەلال داینەمۆی ئەم کارە بوو، کە پەیوەندیی بە کەسایەتییە پەرۆشەکانی کوردایەتییەوە لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان کرد.. دوای هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی چڕوپڕ بەپێویستزانرا هاوپەیمانەتییەک بەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دابمەزرێ کە خۆی لە نیمچە بەرەیەکدا ببینێتەوە، سەرەتا لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، دواتریش لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی

کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان)و هێڵی گشتیی وەکو سێ باڵ سەرەکیی پێکهات و لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ بەیاننامەی دامەزراندنەکەی بڵاوکرایەوە.

ئەمە وەڵامدانەوەیەکی کەمەرشکێنی دوژمنان بوو، کە کورد هەمیشە ئامادەی خۆبەختکردن و قوربانیدانە لەپێناوی چارەنووسدا، هەرگیز گۆڕەپانی بەرخۆدان چۆڵناکات، هەروەها پەیامێکیش بوو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خۆیان بۆ وەرزێکیتری ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن ئامادەبکەن تا مافەکانی کورد بسەلمێنرێ.

ئەمە ئەزموونێکی نوێ بوو، کە سێ لایەنی جیاواز لە بیر و جیهانبینیی، هاوبەش لە هەڵوێست و ئامانجی کوردایەتیی بۆ خەبات دژی دوژمنێکی داگیرکەر و ڕژێمێکی دیکتاتۆر کۆببنەوە، لەهەمانکاتدا ڕەتکردنەوەی بیری تاکحیزبیی بوو، کە باڵی بەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کێشابوو، تا هەموو لایەکی نیشتمانپەروەر لە کۆڕی کارکردندا پشکیان هەبێ و ڕۆڵی کارا بگێڕن و هیچ لایەک ئەفەرۆزنەکرێ.

یەکێتیی هەڵگری بیری پێشکەوتووخوازیی بوو، باوەڕی بە دیموکراسیی و ئازادی بوو، هەر باڵێ لە باڵەکانی خاوەنی جیهانبینی خۆیان بوون، کۆمەڵە مارکسیی، بزووتنەوە سۆسیالیستیی، هێڵی گشتیی نیشتمانیی و نەتەوەییخواز بوون.

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس شۆکهاوەر بوو، کە تازە شەڕی چواردەی ساڵەی شۆڕشی ئەیلولیان لەکۆڵبووبووەوە و دەیانوت: دارخورما لەسەر سەری کورد دەربچێ جارێکیتر شۆڕشیان پێناکرێتەوە.. بەعس درکی بە ویستی کورد نەکرد بێدەنگ دانانیشێ و لە کاتوساتی خۆیدا هەڵدەستێتەوە و لە قوربانیدان ناترسێ، ئەوەبوو دوای ساڵێک لە دامەزراندنی یەکێتیی بڕیاری شۆڕشکردنی درا و کورد پێینایە قۆناغێکی سەختی ڕووبەڕوونەوە کە تا دەهات بەعس بەرنامەی ترسناکی بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکیش دادەهێنا، کە کاریگەرترینیان ئەنفال بوو.

نالەبارترین شتێک رووبەڕووی یەکێتیی بووەوە ناکۆکی و دژایەتیکردنی قیادە مووەقەتە بوو بەتایبەتی لە شەڕی هەکاریدا کە هێزێکی زۆری یەکێتیی لەناو جەرگەی کوردستانی باکووردا بە گەلەکۆمەکی ئێران و عێراق و تورکیا و خێڵە کوردەکان تیاچوون، هەروەها شەڕی بەرەی جود کە چەند ساڵێکی خایاند بەتایبەتی دوو شەڕی گەورەی قەندیل.

یەکێتیی جگەلە شەڕی ناوخۆی شاخ دووجار تووشی لێکترازان بوو، جاری یەکەم بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەشێکیان بە هۆکاری جیاجیا جیابوونەوە و حسیک و دواجار حسکیان دروستکرد و چوونەناو بەرەی جودەوە، جاری دووەمیش بەشێکی کۆمەڵە بەناوی ئاڵای شۆڕشەوە جیابوونەوە.. ئەمە گەورەترین زیان بوو لە یەکێتیی کەوت، بەڵام یەکێتیی لەوە بەهێزتربوو هەرمایەوە و نەکەوت.

یەکێتیی لە گۆڕەپانی خەباتدا سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەکانی دەکەوتنە شەڕەوە و جیاوازیی نەدەکرا لەنێوان فەرماندە و کادیر و پێشمەرگەدا، بە هەزاران پێشمەرگە، سەدان فەرماندە، دەیان سەرکردەی یەکێتیی شەهیدبوون، ئەمەش بەڵگەی بەهێزیی یەکێتیی و توانای گەورەی بەشداریکردنیەتی لە شەڕ و پێکدادانەکانی لەگەڵ دوژمندا.

یەکێتیی هەروەکو چۆن لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشدا داهێنانیکرد، لەبواری جیاجیاشدا بە قارەمانێتیی پێشمەرگە و فەرماندەکانی داهێنانیکردووە وەکو شەڕی ناودێ، ئەنجومەنی دێ، گرتنی رەبایە و سەربازگەی گەورە، مەفرەزەی ناوشار، ڕزگارکردنی ناوچەی فراوان لە دوژمن، چەندینجار دەستپێشکەری بۆ ئاشتبوونەوە و دروستکردنی بەرەی کوردستانیی، هەروەها دروستکردنی هێزی پارتیزانی دوای ئەنفال..

هەروەها یەکێتیی رووبەرێکی فراوانی بۆ ئازادی بیروڕا فەراهەمکردبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان بە ئازادیی بابەتی خۆیان دەنووسی و سانسۆریان لەسەرنەبوو.

یەکێتیی تا لە شاخ بوو هیچ کۆنگرەیەکی نەبەست، لەدوای یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی

کوردستان لە ساڵی ١٩٩٠ کۆنفرانسی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە کرا، هاتنە پێشەوەی راپەڕین کۆنگرەی دواخست، بەڵام هەردوو باڵەکە هەریەکە چەندین کۆنفراس و پلینۆمی تایبەت بە خۆیان کردووە.

یەکێتیی ژنانی کوردستان

ڕۆڵی ژن لە ڕۆڵی پیاو کەمترنەبووە، هەمیشە ژن لەگەڵ پیاودا تەواوکەری یەکتریی بوون.. ئەو کاتەی پیاو سیاسەتیکردووە و لە ڕێکخراوێکی نهێنیی لە قۆناغە دژوارەکاندا کاریکردووە ژن یارمەتیدەرێکی گەورەبووە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، شتە نهێنییەکانی ڕێکخستنی شاردووەتەوە وەکو نووسین و بڵاوکراوە یان گەیاندنیان بۆ شوێنە مەترسیدارەکان.

زۆرجاریش زەحمەتیکیشاوە و لە لێواری مەترسیی ئاشکرابوون گەڕاوەتەوە، هەموو ئەوە لە پێشتیوانکردنی هاوسەرەکەی هاتووە جگەلەوە لە بڕوابوونی بەو کارە، بۆیە بەشداریکردنی بە ئەرک زانیوە، هەر لێرەشەوەیە ژنان چوونەتەناو ڕێکخستنەکانەوە چ لە ڕێگەی هاوسەرەکانیانەوە یان برا و باوکیانەوە.

ژن هەر بەوەوە نەوەستاون خۆشیان لە خەباتی سەختی پێشمەرگایەتدا بەشداریانکردووە و ئەرکەکانیان بەجێگەیاندووە و هەرگیز دوانەکەوتوون، خەبات و تێکۆشان بەتەنیا ئەرکی پیاو نەبووە ژنیش شانبەشان تەقەلایکردووە و شوێندەستی بە جوانیی دیارە.

کاتێک حیزبی بەعس دەکەوتە سزادانی کەسوکاری پێشمەرگە تەنیا نیرینەکانی نەدەگرت ژنەکانیشی دەپێچایەوە و بەرەو زیندانە تاریکەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق ڕەوانەیدەکردن و لەناو مەینەتییەکاندا دەژیان و شانازییان بەوەوە دەکرد کە لەپاڵ کەسە پێشمەرگەکانیاندا ئەوانیش ئەرکی شۆڕشگێڕیی دەبینن.. زۆر ژن لەزیندانـدا بەدەم ئازارەوە منالّیان دەبوو یان نەخۆشدەکەوتن.

ئەم هەموو مەینەتییەی ژن دەیچەشت رێکخراوێکی خۆیان نەبوو کۆیانبکاتەوە و دەنگی خۆیان بگەیەننە دنیا کە ئەوان دوو جۆر چەوسانەوەیان لەسەرە چەوسانەوەی دوژمن و چەوسانەوەی کۆمەڵگا.

دوای کردەڕەهاتی ئەنفال کە ماڵە پێشمەرگەکان چوونەناو ئێرانەوە لە شارەکان یان لە ئۆردووگا و هەندێ دێهاتدا نیشتەجێبوون.. پێشمەرگەکان بە کاروباری پێشمەرگایەتییەوە خجڵبوون، ژنانیش پرشوبڵاوبوون.

لەو کاتانەدا هێزۆخان مەسەلەی بوونی رێکخراوێکی دیموکراتی بۆ ژنان بەپێویست و گرنگزانی، کە دوای دەستپێکردنی شۆڕش نەتوانرا بکرێ، لەناو شاریشدا نەکرا، ئیتر ئەو بیرۆکەیەی هێزۆخان دوای پێوەندیکردن بە کۆمەڵێک ژنیتری تێکۆشەرەوە سەریگرت و ئامادەییان دەربڕی لەو رێکخراوەدا کاربکەن. بە شێنەیی کەوتنە ئامادەکردنی پێڕەو و پرۆگرام.

ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٤ رێکخراوی یەکێتیی ژنانی کوردستان لە شاری سەقز دروستبوو، کە ئاواتێکی دێرینەی ژنانی شۆڕشگێڕی شۆڕشی نوێ بوو لەڕێکخراوێکدا تێبکۆشن هەم بۆ ڕزگاریی نیشتمان و هەم ئازادیی خۆیان لەو کۆتوبەندە کۆنەپەرستییەی کۆمەڵگا.

لەو هەلومەرجە سەختەی ئاوارەیی و دووری نیشتمانە چاویان لە دواڕۆژی ئازادیی بوو، کەوتنە جموجووڵ و کارکردن، بۆ ئەو مەبەستە چەندین لیژنەیان دانا و ئەرکەکانیان دابەشکرد.

لەو ڕۆژگارەدا ئەمە هەنگاوێکی بوێرانە بوو بۆ کۆکردنەوەی ژنان و کارکردن لەرێکخراوێکدا لەپێناوی ئامانجە بەدینەهاتووەکانی کورد و ژنان.. خەباتی ژنان یارمەتیدەرێکی باشبوو بۆ هاندانی پیاوان و بەردەوامبوونی ئەوانیش لەپێشمەرگایەتیدا.

کاری یەکێتیی ژنان هەر بە کۆبوونەوەی هۆشیارکردنەوە نەوەستا، بەڵکۆ هەنگاوێکی گرنگیان هاویشت لە بواری راگەیاندنا کە دەرکردنی گۆڤاری تەوار بوو، کە بۆ ئەو دەمە کارێکی سەرکەوتووانە بوو ژن بتوانێ بیر و قەڵەمی بخاتەگەڕ، هەروەها بڵاوکردنەوەی چەندین بەیاننامە و پەیام لە بۆنە جیاجیاکاندا.

یەکێتیی ژنان بارەگای سەرەکیی و دیاریان نەبوو، هەموو جوولە و کۆبوونەوە و دیدارەکانیان لە ماڵەکانی ئەندامەکان خۆیاندا دەکرد، سەردانی ئۆردووگاکانیان دەکرد، ژنانیان بۆ هۆشیارکردنەوەیان بەسەردەکردەوە، کۆبوونەوەیان لەگەڵدا دەکردن، بیروڕایان لەبارەی مەسەلە گرنگەکانەوە دەگۆڕییەوە.

یەکێتیی ژنانی کوردستان بە گورجوگۆڵی قۆڵی لێهەڵماڵی و بێوچان هەوڵیدەدا و رووبەری جووڵەکانی بەرفراوانتر دەکرد، هەر بەوەوە نەوەستا لەگەڵ ژنانی پێشمەرگە یان ئەوانەی لەئۆردووگاکاندا بوون پێوەندییان هەبێ، بەڵکو پێوەندیشیان لەگەڵ هەندێ لە ژنانی ئەوروپاشدا کرد تا ئەوانیش لەوێوە دەنگ و رەنگی ژنی کورد بگەیەنن، باسی ئەنفال و کاولکردنی کوردستان و ئاوارەبوونی خەڵکیی بەتایبەتیی ژنان.. بەمەش یەکێتیی ژنان چووە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە و ئەرکەکانی زۆرتربوو.

یەکێتیی و ناکۆکیی دیموکرات - کۆمەڵە

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران و کەوتنی دەسەڵاتی دەوڵەت زەمینە خۆشبوو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربکەون و لە شارەکان و لادێیەکاندا پێگەی خۆیان دامەزرێنن و کۆمەڵانی ڕێکخستنەکانیان بخەنە چالاکیی و جموجوولەوە بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

هەریەک لەم لایەنانە جیهانبینی تایبەتی و بەرنامەی سەربەخۆیان هەبوو، جگەلەوەی هەردوو لایان کورد بوون، بەڵام لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە و کارنامەی سیاسییەوە جیاواز و ناکۆکبوون..

خاڵەکانی ناکۆکییان نەک لەنێوانی خۆیاندا بەڵکو لەناو خەڵکیشدا زەقدەکردەوە تا دەگەیشتە ئەوەی شیر و تیر لە ملی یەکتر بسوون و بەهۆی یەکنەگەیشتن و پێکنەهاتن شەڕی خوێناویی لەنێوانیاندا ڕوویدەدا و لە هەردوولا پێشمەرگە شەهیددەبوون، ناکۆکییەکانی ئەم دوو لایەنە

هـی ئەوەنەبـوون چارەسـەرنەکرێن، بەڵکـو نیازپاکیـی هەبوایـە زۆر بـە سـانایی رێکدەکەوتـن و دڵۆپێکیـش خوێـن نەدەڕێـژرا!

کۆمەڵـە رێکخراوێکـی چەپـی تونـدڕەو بـوو، خۆیـان لـە مارکـس بـە مارکسـتر دەزانـی، شـەڕی ئـەوان چینایەتـی بـوو دژی سـەرمایەداریی و ناسیۆنالیسـتیی شـەرمەزاریی و کۆنەپەرسـتیی بـوو.. لەوەدەچـێ ئـەو جـۆرە بیرکردنەوەیـان کاریگەریـی باڵـی مەنسـوور حیکمـەت بووبێـت هەلومەرجـی کـورد بخوێننـەوە!

ئـەو کێشـانە پەیوەسـتبوون بـە دەسـەڵاتداریی و سـەپاندنی هێـزەوە، دیموکرات خـۆی بـە خودانـی رابردووی سیاسـیی و خەبـات دەزانـی، کۆمەڵـە تازەتـر هاتبوونەنـاو کایـەی کارکردنـەوە، دیموکرات حیزبێکـی ناسیۆنالیسـتیی بـوو، بەپێچەوانـەوە کۆمەڵـە رێکخراوێکـی چەپخوازانـەی تونـدڕەو بـوو دژی بیـری ناسیۆنالیسـتیی بـوو، لـەم رووەوە سـەنگەریان لـە یەکتـری دەگـرت و لوولـەی تفەنگەکانیـان لـە لاشـەی یەکتریـدا گەرمدەکـردەوە! کـە لەڕاسـتیدا ئـەو شـەڕ و دژایەتییـە هیـچ پاسـاوێکی لۆژیکـی نەبـوو، دەتوانـرا ژیرانـە پێکبێـن و پێکیشـەوە بژیـن و بـە یـەک دەسـت و هەڵوێسـت لەبەرانبـەر دوژمنـدا بوەسـتنەوە.

ئـەو شـەڕ و تەقاندنـەوەی ناکۆکییـەکان لەنێـوان لایەنەکانـی گۆڕەپانـی خەبـات نـەک تەنیـا لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەبـووە، بەڵکـو لـە باشـووری کوردسـتان کۆنتـرە، لـە شۆڕشـی ئەیلـول سـەریهەڵدا و لـە شۆڕشـی نوێـش بەردەوامیـی هەبـوو! ئەمـە نەخۆشـییەکی سیاسـییە کـە لایەنـەکان پێبزانـن یـان نەزانـن دەکەونەنـاو زەلکاوێکـەوە شـەڕەکەیان بـە قازانجـی دوژمـن تەواوبـێ!

شـەڕی نیـوان ئـەم دوو هێـزە کاریگەرێتیـی لەسـەر باشـووریش دادەنـا، بۆیـە یەکێتیـی هەمیشـە هەوڵیـدەدا بکەوێتـە نێوانیانـەوە تـا کۆتایـی بـە ناکۆکییەکانیـان بهێنـن، بیـر لـە ناکۆکیـی سـەرەکیی بکەنـەوە کـە دوژمنـی داگیرکـەرە، خۆیـان بـە ناکۆکیـی لاوەکییـەوە خجڵنەکـەن..

کـە ڕژێمـی شـا رووخـا پێشـمەرگەکانی یەکێتیـی بۆ هاوکاریـی ڕۆژهـەڵات

چوونە هەندێ لەشارەکانەوە، ڕۆڵی خۆیان بینی و چەندین شەهیدیشیان دا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار نێوانی یەکێتیی و دیموکرات ئاڵۆزدەبوو، چونکە گومانیاندەکرد یەکێتیی دەست لە کاروباری ناوخۆی دیوی ڕۆژهەڵات وەردەدات و لەژێریشەوە هاوسۆزیی کۆمەڵە دەکات، بۆیە زۆرجار پێشمەرگەی یەکێتییان دەگرت و چەکیاندەکردن، کێشەیان بۆ هاتووچۆ و خاڵە گومرگییەکانی یەکێتیی دروستدەکرد، بەپێچەوانەوە وەکو باسدەکرێ کارئاسانییان بۆ قیادە مووەقەتە دەکرد، کەچی لە هێرشی سێ مانگەدا لەگەل سوپای پاسداراندا قیادە مووەقەتە پەلاماری هێزەکانی دیموکراتیان دا، شەهید د. قاسملۆ هانای بۆ یەکێتیی و حیزبی شیوعی عێراق و حیزبەکانیتر هێنا، حیزبی شیوعی و لایەنەکان نەچوونەژێر باری هیچ جۆرە هاوکاری و هێزناردنەوە، یەکێتیی ئامادەیی نواند و هێزێکی باشی لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی وەکو هێزی پشتیوان نارده بەرەکانی شەڕ لەگەڵ سوپای پاسداران.

ئەم هاوکاریکردنەی دیموکرات، ئێرانی لە یەکێتیی تووڕەکرد، لەمەشدا هەندێ لە لایەنەکانی باشوور لای ئێران بە زانیاریی ناڕاست زمانیان لە یەکێتیی دەدا و شتەکانیان لای ئێرانییەکان قەبەدەکرد تا ئێران هەڵوێست لە یەکێتیی وەربگرن!

ناکۆکییەکانی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە لە دوو ئاستدا خۆی دەنواند: ئاستی ڕاگەیاندنی توند و ئاستی سەربازیی خوێناویی تا ڕادەی لەسێدارەدانی دیلیش.

جیاوازی بیروبۆچوون لەبارەی شۆڕشکردن و ڕێبازی خەبات و مەسەلەی دەسەڵاتداریێتیی و ئایینیی پەرەیدەسەند و هەتا دەهات لەیەکتر دوورەدەکەوتنەوە، لەبری ئەوەی بیر لە ناکۆکیی سەرەکیی بکەنەوە، کە ناکۆکی بوو لەگەڵ دوژمنی داگیرکەردا، کۆمەڵە خۆی بە دەمڕاستی کرێکاران و چەوساوەکان دەزانی، دژی بیری نەتەوەیی و ئایینیش بوو، کە حیزبی دیموکرات ئاراستەی نەتەوایەتیی هەبوو لەگەڵ ئایینیشدا ناتەبانەبوو.. کۆمەڵی کوردەواریش تەنیا کرێکاران و چەوساوەکان

نییە، چین و تۆژێتریشی تیایە کە دەبێ ئەوانیش هەبن بە ململانێی شۆڕشگێڕانە ناکۆکییەکان یەکلابکرێتەوە..

لەهەمووی خراپتر لە رێگەی راگەیاندنەوە هەرچی ناتۆرەی ناپەسەندبوو دەیاندایە پاڵ یەکتریی! تا دەهات چاڵی ململانێیەکانیان قوواڵتر دەبوویەوە، خۆیان بە مەسەلەی لاوەکییەوە خجڵدەکرد، کە هیچ سوودێکی بۆ خۆیان و بۆ کوردیش نەبوو، لە ئامانجیش دووریدەخستنەوە.. هیچ لایەکیان هەوڵیاننەدا تێگەیشتنی هاوبەشیان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان هەبێ! خۆیان لەبەرەیەکدا بۆ بەرەنگاربووونەوەی دوژمن یەکبخەن، بە گیانی هاوخەباتیی و سیاسەتی نەرم کێشە و بگرەوبەردەکانیان لابەلابکەنەوە، ئەمەش کاردانەوەی نێگەتیڤی لەلای خەڵکیی دروستدەکرد، سەرەڕای ئەوەی جارجارە هەردوولایان دادەنیشتن و بەیاننامەشیان دەردەکرد، بەڵام چونکە تێڕوانینی هاوبەشیان نەبوو کێشەکان هەر بەردەوامدەبوون! شەڕەکانی نێوانیان چەندین ساڵی خایاند، کاریگەریی نەک تەنیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، بەڵکو شوێنەوای لەسەر باشووری کوردستانیش دادەنا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە ئەرکی ئەخلاقیی و نەتەوەییان دەزانی بکەونە نێوان ئەم دوو هێزە کوردەوە هێوریانبکەنەوە و ببنە بەربەست لەبەردەم ئەو شەڕەدا، ئەو ناوبژیوانییە درککردن بە لێپرسراوێتیی بوو.

هەندێجار دیموکراتەکان گومانی ئەوەیان لابوو یەکێتیی یارمەتیدەری کۆمەڵە بێ ئەمە هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نەبوو، ئەگەر کادیرێک یان پێشمەرگەیەک جۆرە سۆزێکی بۆ لایەکیان هەبووبێ ئەوە هەڵوێستی تاکەکەسیی بووە نەک سیاسەتی یەکێتیی و کۆمەڵە.

تەنانەت ساڵی ١٩٧٩ مام جەلال وەکو پەرۆشییەک کەوتە لێکنزیککردنەوەی ئێران – دیموکرات و کۆمەڵە، چەند کۆبوونەیەکیش کرا، ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، نەک هەر کورد یەکگرتوونەبوو، ئێرانیش پلانێکی ئەوتۆی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد نەبوو، دوای ئەوە ئێران

لەشکرکێشیی دەستپێکرد بۆ ڕزگارکردنی شارەکان و وەدەرنانی هێزە کوردەکان!

دوای ئاودیوکردنیان هێزی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویانکردە سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی، جێگایان کرایەوە و بنکە و بارەگایان دانا.. هەر لێرەوە پێوەندیی لەنێوان یەکێتیی و دیموکراتدا بتەوبوو تا ئەو ڕادەیە شەهید د. قاسملۆ کەوتە نێوان یەکێتیی و حیزبی بەعس، گفتوگۆکرا و سااڵێکی خایاند، کەچی سەرینەگرت!

یەکێتیی مامۆستایان

یەکێتیی مامۆستایان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕبوو لە مامۆستایانی شار و شاخ پێکهاتبوو ئەوانەی پێوەندییان بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو.

کە شۆڕشی نوێ بەرپابوو مامۆستایانیش وەکو توێژێکی شۆڕشگێڕ پێوەندییان بە ریزەکانی شۆڕشەوە دەکرد چ وەکو پێشمەرگە و کادیر چ وەکو مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانەی دێهاتەکاندا وانەیان بە منااڵن دەوتەوە.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەشاردا بایەخی تەواوی بە ڕێکخستنی مامۆستایان لەڕیزەکانیدا دابوو، لیژنەیەکی ئامادەکاریان بۆ پێکهێنرا و لەگەڵ مامۆستایانی شاخدا هەماهەنگییانکرد، لە ساڵی ١٩٨٠ لە ناوزەنگ کۆنفرانسیان کرد و کۆمیتەی بەڕێوەبردن و مەکتەبی سکرتاریەتیان هەڵبژارد، لە ساڵی ١٩٨٢ هەر دوولای شار و شاخ یەکخران.

لە کۆنفرانسی باڵیساندا گۆڕانکاریی لە کۆمیتەی بەڕێوەبردن و مەکتەبی سکرتاریەت کرا و بڕیاردرا گۆڤاری خەباتی مامۆستا وەکو ئۆرگانی ڕەسمی یەکێتیی مامۆستایان دەربکرێ، لە کۆنفرانسی سێیەمدا سکرتاریەتی نوێ هەڵبژێردرا.

مامۆستایانی سەربە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستنتان لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانیشدا بەشداربیاندەکرد و ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە هاندانی خەڵکیی و وروژاندنیان بۆ داواکردنی مافەکانی گەلەکەمان و قوربانیشیانداوە.

یەکێتیی مامۆستایان ئەرکە پیشەییەکانی لەدێهاتەکاندا بە کارامەیی ئەنجامدەدا نەیاندەهێشت دەوامی قوتابخانەکان بوەستێ لەکاتێکدا لە زۆر دێهات ڕژێم مامۆستایانی کشاندبووەوە تا خوێندن پەکیبکەوێ.

نەک هەر ئەوە بەڵکو مامۆستایان زۆرجار هاوشانی پێشمەرگەکان لەشەڕەکانیشدا هاوکار و بەشداردەبوون.. مامۆستایان تەنیا وانەیان بە قوتابیان نەدەوتەوە بگرە ڕۆڵی باڵایان دەبینی لە هۆشیاری و وریاکردنەوەی خەڵکیی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتیی لەڕووی هەستی نەتەوەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، هەروەها لەبارەی تەبایی کۆمەڵایەتیی و دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی و بایەخدان بە تەندروستیی و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان.

یەکێتیی مامۆستایان مێژوویەکی پرشنگداری لە بزاڤی شۆڕشگێڕیدا نووسییەوە و ئەرکەکانی خۆی بە جوانیی جێبەجێدەکرد تا کاتی ئەنفالەکان و نەمانی دێهات و ڕووخاندنی قوتابخانەکان و سووتاندنی کتێبەکان.

یەکێتیی و حیزبە کوردەکانی ئێران

سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ ئافاقەیەک بوو هەموو خەڵکی کوردی لەهەموو پارچەکانیتر خستە دۆخێکی نوێوە بەتایبەتیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەزار و یەک خایلە کەوتە مێشکیانەوە بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی ئەو ئاگرەی ڕێی ڕێبوارانی ئازادیی ڕووناکدەکردەوە.

کە ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران ڕووخا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەرووبەکی لێکرایەوە هەناسەی ئازادیی هەڵبمژێ، چاوەنواڕبوو دەسەڵاتێکی نوێ بێتەکایەوە دان بە ماف و سەربەستییەکاندا بنێ،

حیزبەکانی ئەوێ بەتایبەتیی دیموکرات و کۆمەڵە سەریاندەرهێنا و هێزی چەکداریان لەناوچەکاندا پێکەوەنا، کە دەبوا لە مەتەرێزی بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا بوەستانایە، نەکەوتنایەتە زەلکاوی ململانێی ناپێویست بەناوی بیروڕای جیاواز و تێڕوانینی چینایەتیی کە تەنیا لای هەندێ سەرکردە و کادیر رەنگیدابووە و خەڵکیی بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی تێوریيەکان زاخاونەدرابوون.

ئەوەی مایەی نیگەرانیی بوو ئەو دوو لایەنە بەیەکەوە نەدەسازان، لەسەر هەندێ مەبەستی لاوەکیی پێکنەدەهاتن و زۆرجاریش شەڕ دەکەوتە نێوانیانەوە، ئەو ململانێیانە باری ئاساییان تێدەپەڕاند، بە گفتوگۆ نەدەگەیشتنە ئاکام دەقونیەوە بۆ میلهێنانەوە و فیشەکتەقاندن لەبری ئەوەی لوولەی تفەنگەکان بۆ ڕزگاریی کوردستان ئاراستەبکرێ یەکترییان پێپاکسازیی دەکرد! ئەوان نەیانتوانیی سوود لەو دۆخی ناکۆکییەی نێوان یەکێتیی و پارتیی وەرگرن کە پێش ئەوان شەڕی لاوەکییان تووشبووبوو!

جیاوازیی نێوان هێزە سیاسییەکان لە دید و بۆچوونیان بۆ مەسەلەکان ئاساییە ئەگەر نەیخەنە خانەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، کورد تەنیا یەک مەسەلەی هەیە ئەویش ڕزگاریی نیشتمانییە، کام ڕێگا راستە دەبێ ئەوە بگیرێتەبەر، نەک خۆخەریککردن بە تێۆریی دەرەوەی واقیعی کورد، دەبێ وریایانە هەڵسەنگاندن بارودۆخی کوردستان و دوژمنیش بکرێ، تەنیا دروشم و قسەی بریقەداری سیاسییەکان نەکاتە بەرنامەی تۆکمە بۆ ڕووبەڕوونەوەی دوژمن.. کۆمەڵە و دیموکرات دوور لە یەکتری نەوەستانایە، هەموو ناکۆکییە لاوەکییەکان بۆ سەرکەوتن هەڵبگرتایە و خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان کە ڕزگاریی نیشتمانە یەکبخستایە.

ئەوان چاویان بە بارودۆخی باشوورەوە بوایە، کە لایەنەکان کەوتنەناو ژاوەژاوی شەڕی لەپشتەوە دەستێوەردانی دوژمنە ناوچەییەکان، ئاخر کورد بە شەڕی خۆکوژییە تەنیا ڕاژەی بەرەی دوژمنەکان دەکەن.

ئەوەی لە ئێران هاتەپێشەوە کرانەوەی دەرگایەک بوو بۆ کورد بتوانێ

بچێتـه ژووره ئەستەمەکانەوە کـه دوژمنـان هەرگیـز نەیاندەکـردەوە.. یەکێتیـی ئـەو گۆڕانکارییـەی ئێرانـی بـه گرنـگ دەهاتـه پێشـچاو، چاوەنـواڕی سـەردەمێکی نـوێ بـوو کـورد تیایـا هۆشـیارانه هەلـەکان بقۆزێتـەوە و لایەنـەکان نەکەونـه قـوڕاوی هەڵخلیسـکان و ململانێـوە، کەچـی ئـەوە هـەر دروستبوو، کـه دۆخێکی نەخوازراوبوو، بـەلای یەکێتییـەوە مایـەی نیگەرانیی بـوو.

یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتاوە لەگـەڵ هەمـوو لایەنـه کوردەکانـی ئێـران دۆسـتایەتیی هەبـوو، لەگەڵیانـدا تێکەڵیـی و هاتوچـۆ و دانیشـتن هەبـوو، کـه کێشـه و بگرەوبـەردە دەکەوتـه نێـوان ئـەو لایەنانـەوە، نوێنـەری خـۆی بـۆ ناوبژیوانیـی دەنـارد تاکو کۆتایی بـه کێشـەکانیان بهێنن، گەرچـی رێکدەکەوتـن زووش تێهەڵدەچوونـەوە.

دوای پەلامارەکانـی ئێـران بـۆ سـەر کوردسـتان و دووركەوتنەوەیـان لـه ناوەنـدی شـارەکان و توندبوونـی شـەڕەکان، یەکێتیـی نیشـتمانیی هێزەکانـی خـۆی بـۆ هاوکاریـی ئـەو هێـز و لایەنـه کوردانـه نـارد، کـه دواتـر بـه هێـزی پشـتیوان ناویدەرکـرد، لـەو هاوکاریکردنـەدا کۆمەڵێـک پێشـمەرگه و فەرماندەی یەکێتیـی شـەهید و بریندارببـوون، لـه تۆڵـەی ئـەو یارمەتییـەدا حکومەتـی ئێـران بـه تونديـی بارەگاکانـی یەکێتیـی تۆپبارانەکـرد، دوای ئـەوەش ئـەو لایەنانـه بـه شـەڕ ئاودیـوی باشـوور کـران، لـه نزیـک بارەگاکانـی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان گیرسـانەوە، حیزبـی دیموکـرات بـارەگای لـه دێـی گـەورەدێ دانـا، کۆمەڵـەش بـارەگای لـه دێـی چۆخمـاخ و مالومـه دانـا.

کۆمەڵـه و دیموکـرات کـه هاتنـه دیـوی باشـوور ئیتـر بـواری پێکادانیـان نەمـا، ململانێ و کێبەرکێکانیـان خاوتربـووەوە، ئـەو هەمـوو ئـازارەی خەڵکیی و خۆشـیان چەشـتیان لەسـەر مەسـەله چارەنووسسـازەکان نەبـوو.

کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـان ڕێکخسـتنێکی مارکسـی بـوو، ئاراسـته ئێرانیـی بـوو، هەمیشـه لەنـاو خۆیانـدا قڕەوبڕەیـان لەسـەر مەسـەلەی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم بـوو، مشـتومڕیان لەسـەر چین و سـۆقیەت بـوو، لەهەمانکاتـدا لەگـەڵ حیزبـی دیموکـرات شـیروتیریان لـه یەکتریـی

دەسـوی، کۆمەڵـە دیموکراتیـان بـە ناسیۆنالیسـت و دواکەوتـوو و نوێنـەری سـەرمایەداریی دادەنـا، بەنـاوی شـەڕی چینایەتییـەوە دژایەتییاندەکـرد، کـە دواتریـش بـووە بەشـێک لـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران. کۆمەڵـە لەسـەر هەندێک هەڵوێستی لەبەرامبـەر ڕژێمـی بەعس بـەر هێرشـی کیمیـاوی عێراق کەوتـن کـە زیاتـر لـە (٥٠) سـەرکردەو کادرو پ.م شـەهید بـوو.

حیزبـی دیموکراتیـش بەهەمانشـێوەی کۆمەڵـە بەرپەرچـی کۆمەڵـەی دەدایـەوە، بەجۆرێـک ڕووبـەری کێشـەکان فراوانـدەبوویـەوە و بواریـان بـە خۆیـان نـەدەدا تـا لەسـەر خاکـی نیشـتمان بـوون سـاتێک بـۆ ڕێککەوتـن بهێڵنـەوە، ڕاگەیاندنـی هـەر دوولایـان لـە ڕێگـەی ئیزگەکانیانـەوە ڕۆڵـی نەرێنییـان دەگێڕا و زۆرتـر زەمینـەی تونـدوتیژیی خۆشـدەبوو بۆ میلهێنانەوەی تفەنگـەکان، شـەڕەکان قوربانیـی زۆری لێکەوتـەوە، بـە سـەدان پێشـمەرگە لـە هـەر دوولا تیاچـوون و بریندارببـوون، ئەمـەش زەبـری کوشـندەی لـە توانـای بەرەنگاربوونـەوەی هـەر دوولا دا، ئەوەنـدەی خەریکـی شـەڕی لابـەلا بـوون ئەوەنـدە نەیاندەپەرژایـە شـەڕکردن لەگـەڵ هێزەکانـی ئێـران، ئێرانیـش بـە باشـیی سـوودی لـەو دۆخـە وەرگـرت، کـە بـووە مایـەی سـاردبوونەوەی خەڵکیـی لـەوەی هێوایەکیـان لەسـەر هەڵچنیبـوون.

تێبینی/
سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوە بینراوە..

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری بۆ ساڵانی (٢٠٢٤- ٢٠٢٦)

ت	ناوی بڵاوکراوەکان	نووسەر - وەرگێڕ	ژ. لاپەڕە	زمان	ساڵی چاپ
١-	الدولة الفاشلة	عدنان منصور	١٧٦	عەرەبی	٢٠٢٤
٢ -	پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا	محمد فاتح	٤٢٠	کوردی	٢٠٢٤
٣ -	مواقف و آراء	جلال طالبانی	٣١٢	عەرەبی	٢٠٢٤
٤ -	شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا	جەلال تاڵەبانی	٢٩٤		٢٠٢٤
٥ -	الهم الوطني - دوو بەرگ	اعداد: محمد شیخ عثمان	٩٦٩	عەرەبی	٢٠٢٤
٦ -	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر-ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	فەرید ئەسەسەرد	٩٤	کوردی	٢٠٢٤
٧ -	پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - ژ. (٢) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	ڕێکەوت اسماعیل	٦٤	کوردی	٢٠٢٤
٨ -	بیرەوەرییەکانم	نەجمەدین گلی	٢٢٤	کوردی	٢٠٢٤
٩ -	دەرکەوتن لە میدیا - ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید	بەهێز حسێن	٣٦	کوردی	٢٠٢٤
١٠ -	سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان	د. ئەکرەم میهرداد	٦٢	کوردی	٢٠٢٤
١١ -	بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان – بەرگی یەکەم	سامی قادر	٢٩٤	کوردی	٢٠٢٤
١٢ -	تۆماری سەروەری (٨ بەرگ)	ئازاد سەراوی	٥٢٣٠	کوردی	٢٠٢٤
١٣ -	جەنگی سارد	ڕێکەوت ئیسماعیل	٥١٠	کوردی	٢٠٢٤
١٤ -	رەهەندی تەندروستی ـ بەرگی دووەم	گۆران سەلام محمد	٥٥٢	کوردی	٢٠٢٥
١٥ -	رەهەندی تەندروستی ـ بەرگی سێیەم	گۆران سەلام	٥٤٠	کوردی	٢٠٢٥
١٦ -	الشرارة – دوو بەرگ	پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین	١٥٢٧	عەرەبی	٢٠٢٥

١٧-	راگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا	عەباس عەبدولڕەزاق	٢٠٩	کوردی	٢٠٢٥
١٨ -	شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێڕان	ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عەبدولڕەحمان	١٢٨	کوردی	٢٠٢٥
١٩ -	پارتیزانەکانی دوای ئەنفال	محمد تەقی	٤٥١	کوردی	٢٠٢٥
٢٠ -	فەرهەنگی سیاسی	برایم جەلال	٢٣٦	کوردی	٢٠٢٥
٢١ -	سەروەرانی زیندانیانی موسڵ	ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد	٢٥٧	کوردی	٢٠٢٥
٢٢ -	شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ	محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی	٥٧٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٣ -	في ادبيات حركة الكردايتي	ن: ستران عبدالله ت: علي شمدين	٥٣	عەرەبی	٢٠٢٥
٢٤ -	کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد	جەلال تاڵەبانی	٤٥٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٥ -	یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا	دەقی عەرەبی: جەلال تاڵەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال	٩٢	کوردی	٢٠٢٥
٢٦ -	سەنگەر و خوێن	ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد	٤٤٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٧ -	بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر	ئەمیرە محەمەد	٤٣٨	کوردی	٢٠٢٥
٢٨ -	گەشتێک بەناو فیکر و فەلسەفەی جیهاندا	ئەردەڵان عەندوڵڵا	٥٧٦	کوردی	٢٠٢٥
٢٩ -	كركوك الهدف الخفي و هوية المكان	لطيف فاتح فرج	١٥٨	عەرەبی	٢٠٢٥
٣٠ -	نامیلکەی مام جەلال - لەپەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە- ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری	ستران عەبدوڵڵا	٣٤	کوردی	٢٠٢٥
٣١ -	شەوێک لە شازدە مانگەی ئینفرادی ئەمنی هەولێر	محەمەد مەنگوڕی	٩٤	کوردی	٢٠٢٥
٣٢ -	چراکانی شاخ - چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ	محەمەد حەمە تەقی	٢٣٨	کوردی	٢٠٢٥
٣٣ -	نەفرەتا زێڕێ ڕەش - ئەزمونا حوکڵرانی یا کوردی	د. هاشم زێباری	٢٣٤	کوردی	٢٠٢٥
٣٤ -	مؤتمرات المعارضة العراقية و خطاب مام جلال الوحدوي - مؤتمر لندن نموذجا	عەدالەت عەبدوڵڵا	٨٤	عەرەبی	٢٠٢٥

٣٥-	مقالات فكرية صحفية	جلال طالباني اعداد و كتابة هوامش: سامى قادر	٣٦٦	عەرەبى	٢٠٢٥
٣٦ -	ئەدەبیاتی مام جەلال – کلیلێک بۆ مام ناسی	ستران عەبدوڵڵا	١٧٦	کوردی	٢٠٢٥
٣٧ -	شکاندنی زیندانیانی سێدارەی موسڵ(١٩٨٠- ١٩٨١)	دەرسیم پێشەوا	٢٤٠	کوردی	٢٠٢٥
٣٨ -	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - مانیفێستی شۆڕش لەبرادۆست	نەوزاد عەلی ئەحمەد	١٧٤	کوردی	٢٠٢٥
٣٩ -	خەرمانی خزمەت – بیرەوەری و دیدارەکانی شێخ بایز تاڵەبانی	ئامادەکردن و پێداچونەوە هێمن کامل – بارام سوبحی	٢٠٠	کوردی	٢٠٢٥
٤٠ -	هونەری ژیانێکی باش	وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محمد کریم عارف	٣٨٠	کوردی	٢٠٢٥
٤١ -	وهج التاريخ	عماد احمد ترجمة: د. بندر علي اكبر شاكه	٣٠٨	عربی	٢٠٢٦
٤٢ -	کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان	ئاوات محمد امین	١٦٨	کوردی	٢٠٢٦
٤٣ -	طريق الحرير	عدنان منصور	٢٠٢	عربی	٢٠٢٦
٤٤-	منداڵ لەجینۆسایدی ئەرمەندا	وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمە ساڵح	٢٠٢	کوردی	٢٠٢٦
٤٥-	میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا- هەرێم و بەغداد وەک نموونە	ڕێژنە ابوبکر	٢٧٢	کوردی	٢٠٢٦
٤٦-	ڤێدانا ڕۆژێن ئەز ژبیرکریم - بێدەرا تەمەنەکی	سەلام لیناڤایی	٠٠٤	کوردی (کرمانجی)	٢٠٢٦
٤٧-	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - تاراوگە (٥٧٩١ - ٥٠٠٢)	نەوزاد عەلی ئەحمەد	٦٧١	کوردی	٢٠٢٦